تیشک

تیشک | گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ۶۸-۶۷| ساڵی بیست‌وپێنجەم | بەهار و هاوینی ۲۷۲۳



۱۷۶
شۆڕشی ژینا و دژە شۆڕشی مەهسا

تەوەری ئەم ژمارەیە:
بزووتنەوەی ژینا: دەستکەوت و ئاڵنگارییەکانی

۳۶۸
دەنگە دژە کۆڵۆنیزە کردنەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە

۳۴۸
ئێران وەکوو نەتەوەیەکی خەیاڵی

۸۸
شۆڕشی ژینا و بەرخۆدانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات

۶۶
ژن، ژیان، ئازادی: لە بەستێنەوە بۆ شۆڕش

تابلۆی بەرگ: لوقمان ئەحمەد
'Pride'
2003 ,cm, Oil on Wood 55 x 100

هەوالنامەی کتێب

”

پێشکەشە بە:
شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا

“

”

نا، بۆ کوردێک کفره ئێســـتا کوردستان وتن،
چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لێ ئەبنە دوژمن!
گۆران

“



گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە
ژمارە ۶۸-۶۷ • ساڵی بیست و پێنجەم • بەهار و هاوینی ۲۷۲۳

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

هاوکاری سەرنووسەر
ڕێبوار ڕۆژهەلات

دەستەی نووسەران:
ڕەحیم سورخی، شەهلا دەباغی،
کەماڵ حەسەن پوور، ئیدریس ئەحمەدی،
ڕزگار ئەمین‌نژاد، داوود عوسمان‌زادە،
سیاوەش محەمەدی، سارۆ ئەردەلان،
هیوا تاسە، ئاگری ئیسماعیل‌نژاد

دەستەی ڕاوێژکاری:
ئالان حەسەنیان، ئازاد محەمەدیانی، قادر وریا،
ئیسماعیل بازیار، بابان ئەلیاسی، بیریار ژاوەڕۆیی،
مانشت زاگرۆس

بەڕێوەبەریی وەرگێڕان:
ژینۆ ڕۆژبەیان، ڕێبوار ڕۆژهەلات، ئاسۆ ئەردەلان

بەشی پێداچوونەوە:
کامیل نەجاری، ڕێبوار ڕۆژهەلات،
کەماڵ حەسەنپوور، تالب قەیسەری

دیزاین:
ئاران

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە

https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk
https://govartishk.com/podcast/

پێرست

۶ **سەروتار** • ڕێبوار ڕۆژهەڵات

سەکۆ

۱۰ **بزووتنەوەی ژینا و قۆناغی مەدەنیی کوردایەتی** • چیا کاویان

تیۆری

۲۸ **کاخ سراسر آینه** • پدرام بالداری
۴۴ **شەڕی دەروونی؛ دەوڵەت و کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان** • ئالان حەسەنیان
۶۶ **ژن، ژیان، ئازادی : لە بەستێنەوە بۆ شۆڕش** • دیلان هەردی
۷۴ **جنبش محیط زیستی روژهلات...** • جمیل رحمانی
۸۸ **شۆڕشی ژینا و بەرخۆدانی مەدەنی لە ڕۆژهەلات** • ئالان حەسەنیان
۹۶ **سەروەریی کۆلۆنیال و نێکرۆپۆلیتیک ...** • سارۆ ئەردەلان - داود عوسمانزاده

شیکاری

۱۱۰ **ململانێی دوو کولتووری سیاسیی ...** • کاروان موکریانی
۱۱۶ **چل ساڵ پاش کورتەباس ...** • سارۆ ئەردەلان
۱۲۴ **پێشتریتیی دێموکراسی یان سۆسیالیزم؟** • بیریار ژاوەڕۆیی
۱۳۰ **نقد روشنفکری و روشنگری ایرانی** • خانی گالبات
۱۵۲ **سروشت بێزاره له بۆشایی ...** • محەممەد محەممەد مورادی
۱۶۰ **شۆڕشی ژینا، هەنگاوێک بەرەو پیشەوە** • ئاکام ڕۆژهەلات
۱۶۶ **کاریگەری پاکتاویی(جێنوسایدی)زمانی ...** • عومەر عادل عەبدوڵلا

ڕوانگە

۱۷۶ **شۆڕشی ژینا و دژە شۆڕشی مەهسا** • کەماڵ سولەیمانی

وتوێژ

۱۸۲ سعید شمس
۱۹۴ عباس ولی
۲۰۰ سۆران عەلیپوور
۲۰۸ هیوا عەلیدووست
۲۱۴ عەدنان حەسەنپوور
۲۲۲ سمکو ابراهیمی
۲۲۸ آزاد محمدیانی
۲۳۴ آرشو روژهلات
۲۴۰ احمد بابان
۲۴۴ دیاکو مرادی
۲۵۴ هەورامان ڕۆژهەلات
۲۶۰ پێدارم باڵداری
۲۶۶ دیاکو سنه
۲۷۴ ژیار جهانفرد
۲۷۸ هاورێ کرماشانی
۲۸۶ ئاڵا ڕەیانی
۲۹۴ ئەنوەر سوڵتانی

وەرگێران

۳۱۴ **خاموش کردن گذشته ...**
۳۴۸ **ئێران وەکوو نەتەوەیەکی خەیاڵی ...**
۳۶۸ **دەنگە دژەکۆلۆنیزەکردنەکان لە ڕۆژهەلاتەوە ...**
۳۹۸ **کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و بواری ئەدەبی ...**
۴۲۶ **اقتصاد سیاسی یک ملت بی دولت ...**
۴۳۰ **بەرەو کوردستانی یەکگرتوو ...**
۴۳۸ **وێنای دژە کۆلۆنیالیزم و ئینترناسیۆنالیزم ...**
۴۴۲ **لیبرالیزمی نوێ ...**
۴۴۸ **قتل مهسا امینی ...**
۴۶۰ **وا مەزانە دیکتاتۆرەکان کۆتاییان هاتووە ...**
۴۷۰ **پیاوان؛ هاوڕێیانی خەبات**
۴۸۴ **عامل بسیج مردمی اوکراینی‌ها ...**

هەڵسەنگاندن

۴۹۴ **نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ**
۵۰۰ **مێشک-زەین ...**
۵۰۴ **ناساندنێک بۆ کتێبی: وردەسەرنج ...**
۵۰۸ **ڕانانی کتێبی «ئیسلام و ناسیۆنالیزمە ڕکەبەرەکان» ...**
۵۱۴ **ئەریک فرۆم، بیرمەند و دەروونشیکار**

ڕێنمایی نووسین

۵۲۴ **ڕێنووسی کوردی**

هەواڵنامەی کتێب

ســـەروتار

ڕێبوار ڕۆژهەلات

سـاڵێک زیاتر بەسـەر بزووتنەوەی ژینادا تێپەڕی و پاش ئەم ماوەیە زۆر شـتمان بۆ ڕوون بووەوە. کورد و نەتەوە بندەسـتەکان هاوکێشـەی سـەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بـوون و جارێکـی دیکەش جەمسـەر و هێڵی سیاسـیی خۆیـان یەکلایی کردەوە، لە لایەک بە گژ فاشـیزم و سـەرەڕۆییی ناوەنـددا چوونـەوە و، لـە لایەکـی دیکەشـەوە سـەروەری، مافی دیاریکردنی چارەنـووس، دادپەروەریـی کۆمەڵایەتی، یەکسـانیی جێنـدەری و نەهێشـتنی هـەر چەشـنە چەوسـاندنەوەیەکیان بـە مافـی بەرحەقـی خۆیـان زانی. بزووتنـەوەی ژینـا، بزووتنەوەیەکـی بەرینـی کۆمەڵایەتـی و ناڕەزایەتییەکـی بەربـڵاو بـوو بـۆ تێپەڕبـوون لـە ئایدیۆلۆژیـی ئیسـلامی سیاسـی و پێکهێنانـی کۆمەڵگەیەکـی ئـازاد و دێموکراتیـک و فرەچەشـن کـە فرەنەتەوەیـی، فرەزمانـی، فرەکولتـووری و فرەئاینـی تێیـدا ڕەنـگ بداتـەوە. ئـەم بزووتنەوەیـە لـە مەیدانـی کـردەوەدا پێویسـتی بـە هاوپشـتی و هاوخەباتـی لەنێـوان هەمـوو نەتەوەکانـدا بـوو و پێویسـت بـوو سـتراتێژی و تاکتیکـی خۆیـان بـۆ داهاتـوو دیـاری بکـەن، کەچـی لـە دریـژەی بزووتنەوەکـەدا ئـەم پرسـە هەسـتیارە بەلاڕێـدا بـرا. لـە لایـەک هەڕێمـە نەتەوەییـەکان لەسـەر کۆمەڵێـک چەمـک و بەهـای سیاسـی و نیشـتمانی کـۆک بـوون و لـە بنەڕەتـدا خوازیـاری هەڵوەشـانەوەی ماهییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە هەمـوو ڕەهەندەکانییـەوە بـوون. حیزبەکانـی ڕۆژهـەڵات لەبـەر سـەرکوتی خوێنـاوی و درندانـەی هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردسـتان چەنـد جـاران داوایـان لـە خەڵکـی کوردسـتان و باقیـی هەڕێمەکانـی دیکـە کـرد، مـان بگـرن، ئـەم داوایـەش دەنگدانەوەیەکـی زۆری هەبـوو و بـۆ جارێکـی دیکـە خەڵکـی کوردسـتان ئەکتـی مەدەنییـان هاوتەریـب لەگـەڵ ڕادیکاڵیزەبوونـی شـەقام پێشـانی ئازادیخـوازان دایـەوە، کەچـی بەداخـەوە لـە میدیاکانـی ئۆپۆزسـیۆنی فارسـدا دەنگـی ڕزگاری و ئازادیخوازیـی نەتـەوە بندەسـتەکان وەکـوو پێویسـت بـە هەنـد وەرنەگیـرا و زۆر جاریـش دەنـگ، هێمـا و دروشـمی شـەقامەکانی کوردسـتان و تەنانـەت بەلووچسـتانیش قڵـت و بـڕ کـرا. لـە لایەکـی دیکەشـەوە، ناوەنـد و لایەنگرانـی بزووتنـەوەی مەهسـا لەسـەر هێندێـک وردەپرسـی وەک حیجـاب و کۆمەڵێـک ئازادیـی سـنووداری مەدەنـی سـوور بـوون و واوەتـر نەڕۆیشـتن، چونکـە مەزنیخـوازی و سـەرەڕۆیی ئێرانییـەکان بـۆ یەکپارچەییـی جوغرافییـای سیاسـی، بـە بنەمانەگرتنـی مافـی نەتـەوەکان، هێشـتنەوەی سـپای پاسـداران و هێـزە سـەرکوتکەرەکان یەکێـک لـە کۆڵەکـە و پاشـخانە فکرییەکانـی نەتـەوەی باڵادەسـت و بیـری ئێرانشـاری بـوو، هەربۆیـە نەکـرا دوو ئایدیۆلۆژیـای دژ بـە یـەک لـە بەرەیەکـدا کـۆ ببنـەوە. بـە دریژاییی مێژووی خەباتی سیاسـیی کورد لـە هەر دوو دەسـەڵاتی پاشـایەتی و کۆماری ئیسـلامیدا، کورد لە چـاو زۆربەی نەتەوەکانی دیکە ڕەچەشـکێن، پێشـکەوتنخواز و مۆدێرن بـووە. بۆ ئێمـەی کورد زۆر گرینگـە ئەزموون لـە ڕووداوەکانـی بزووتنـەوەی ژینـا و هەموو بـەرە و هاوپەیمانەتییـەکان وەربگرین. هێنانە بەرباسـی پلاتفۆرمـی تایبەتیـی خۆمـان و ستراتیژیی دیاریکراو بۆ بنەبڕکردن و یەکلایی کردنـەوەی کێشـەی نەتەوە بندەسـتەکان لە هـەر بەرەیەکدا دەتوانێ سـەنگ و قورسـاییی ئێمـە لـە جـاران زیاتـر پێشـان بـدات.

هەواڵنامەی کتێب

“سەکۆ”

بزووتنەوەی ژینا و قۆناغی مەدەنیی کوردایەتی

چیا کاویان

”سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ. ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە”.

پێشەکی

ڕووداوە سیاسییەکان ئەگەر تەنیا وەکوو ڕووداوێک ببینرێن و خوێندنەوەکان لە ئاستی شیکارییەکی سیاسیی ڕۆژنامەوانی یان بەڵگاندنێکی ئایدۆلۆژیی ڕووتدا قەتیس بمێننەوە، هەر زۆر زوو لە بەستێنی سەرهەڵدانەکەی دادەبڕێن و دەبن بە بۆنەیەکی مێژوویی و چی دی توانای گۆڕان و خوڵقاندنی ڕووداوەکانی دوای خۆی نامێنێ. سووژە کاتێک دەتوانێ کەیلی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕووداو بە مانا بەدیۆیە کەی بێ کە لە حەقیقەتی ڕووداوەکە گەیشتبێ. دەرک بەوە بکات کە داینامیزمەکەی لە چییەوە وەرگرتووە و دەیهەوێت کام کەمایەسییانە لە جەستەی هەلاهەلا کراوی خەباتی کورددا پڕ بکاتەوە و بانگی چی بە گوێماندا بچرپێنێ و دەیهەوێ بەرەو کوێ بمانبا؟ بزووتنەوەی ژینا خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەیە لە مێژووی خەباتی سیاسیی کورد لەم سەد ساڵی مودێرنەدا کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قوواڵی فرەلایەنەیە و دەبێ تەواوی لایەنە مێژوویی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی بخرێتە ڕوو. ئەوەی لەم نووسراوە کورتەدا بەخێرایی هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدرێ، لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەستنیشان کردنی شوێنێکە بۆ بزووتنەوەی ژینا لە ڕەوتی گەشەی مێژوویی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگای کوردیدا. لە ڕاستیدا بەبێ خوێندنەوەیەکی چڕی مێژوویی و بە بینینی گۆڕانی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا ناتوانین لە بزووتنەوەی ژینا، هۆکار و ئامانجەکانی بگەین. هەربۆیە دەبێ سەرەتا لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە بگەین. بەبێ خوێندنەوەی ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزمی کوردی و گۆڕانی پێکهاتەیی کۆمەڵگای کوردی ناتوانین پەردە لەسەر شوناس، سیاسەت، کەلتوور و ئایدۆلۆژیای ئەم بزووتنەوەیە لا بدەین. کۆچەرا خەباتی کورد لە چوارچێوەی سێ قۆناغدا پۆلێنبەندی دەکات کە بریتین لە قۆناغی دەرەبەگایەتی، ئایینی و سیاسی (کۆچێرا، ۱۹۹۱۱۱۹۹۸). هەرچەند ئەم قۆناغبەندییە تا حەفتاکانی زایینییە و ڕەنگە هەڵگری هەندێک کێشەی میتۆدۆلۆژیکیش ببێ، بەڵام ئەگەر ئەم پۆلێنبەندییە بە بنەما بگرین، ئێستاکە کورداییەتی لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا داخڵی قۆناغێکی نوێ بووە، ئەویش قۆناغی مەدەنییە و لە دوای شکستی خەباتی چەکداریی کورد لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکا و لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەتەواوەتی بە بەراوەرد لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی دابڕانی دروست کردووە کە بزووتنەوەی ژینا لووتکەی دەرکەوتنی ئەم قۆناغەیە و چی دی کەس ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات. لەم نووسراوەدا بزووتنەوەی ژینا لە دوو ڕوانگەی سەد ساڵەی مودێرنی کورد پێناسە دەکرێ، بەڵام بەرهەمی قۆناغێکی نوێیە کە هەم لە فۆرم، مێکانیزم و گوتاردا دابڕانە لە قۆناغەکانی پێش خۆی. گەر بمانەوێ لەمپەرەکانی پێش گەشەی ئەم بزووتنەوەیە لا بەرین و هەڵیسەنگێنین، دەبێ سەرەتا لە ئامانج، خەسڵەت، شوناس و تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بگەین و لێرەدایە ئەرکی تێۆری وەکوو شیکردنەوەی کۆنکرێتی دۆخی هەنووکە، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێ. تێۆری دەبێ ڕوانینێکی گشتخوازانە لە هەمبەر دیاردەکە ڕەچاو بکا و ڕەگەزەکانی ئەم دیاردەیە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ پێناسە بکا و فەکتەکان وەکوو هەندێک خاڵی دابڕاو لە یەکتر پێکەوە گرێ بدا و لەناو یەکەیەکی واتادار ڕێکیان بخات. هەربۆیە هەوڵ

دەدرێ داینامیزم و گۆڕانی پرۆسەی کەلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕوون بکرێتەوە و کاریگەرییەکانی دەستنیشان بکرێت. ئەم نووسراوەیە بە شێوەیەکی ڕەچەڵەکناسانە هەوڵی شیکردنەوەی قۆناغەکانی گەشەی ناسیونالیزمی کوردی دەدا و خاڵی دابڕان و هاوبەشی نێوانیان باس دەکا و، لە کۆتاییدا جەخت لەسەر قۆناغی بزووتنەوەی ژینا، تایبەتمەندییەکانی قۆناغی نوێ، لەمپەرەکانی بەردەم ئەم بزووتنەوەیە و هەروەها ماتەوزە و پتانسیەلەکانی دەخاتە ڕوو.

ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزمی کوردی:

پرسی کورد لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆکە بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و هەرجارە و بە شێوە و ڕوخسارێکی جیاوازەوە دەرکەوتووەتەوە، ئامراز و کەرەستەی جۆراوجۆری بەکار هێناوە و مەیدان و گۆڕەپانی جۆراجۆری تاقی کردووەتەوە. گەر ئەو تێزەی ئەندێرسۆن بە بنەما بگرین کە ناسیونالیزم لە هەناوی کۆمەڵگای ئایینی و مەڵبەندی خانەدانییەوە سەر هەڵدەدا، ئەوا زۆرێک لە ناسیونالیزمەکانی دەوروبەر و ناسیونالیزمی کوردیش هەمان ڕەوتی پێواوە. دەربەگ بوون و ئایینی بوونی یەکەم ڕێبەرانی کورد بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەم تێزەی ئەندێرسۆن. هەربۆیە سەرەتا سیمایەکی خێڵەکی و دواتر ئایینی گرتووەتە خۆی و خێڵ و تەریقەت وەکوو دوو پێکهاتەی گرینگی ئەم کۆمەڵگایە لە دوو دەیە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی‌یەکانی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە ئالاهەڵگری ئەم خەباتە بوون. مزگەوت و حوجرە بەرهەمهێنەری سووژە بوون، گوتارێکی نەریتی و ئایینی جڵەوی بانگەوازەکەیانی دەکرد و خێڵ و تەریقەت کەرەستە و ئامرازی جێبەجێکاری ئامانجەکانی بوون. بەڵام لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، ئەم خەباتە لە دەرەوەی بازنەی نفووزی ئەم دوو پێکهاتەیە، ئامانجە ستراتیژیکەکانی خۆی دەستنیشان کرد و لە چوارچێوەی فۆرمێکی نوێی سیاسی و نیزامیدا بە ناوی حزب خۆی ڕێک خستەوە، هەرچەند نەیتوانی بەتەواوەتی خۆی لە کاریگەرییە دوور و نزیکەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە دابڕێت. لەگەڵ لەدایکبوونی حزبدا، هاوڕایین لەگەڵ سەرەتای گۆڕان لە جێگە و پێگەی سووژەدا، لەگەڵ گەشەی شارنشینی و سیستەمی پەروەردە، گەشەی چینی مامناوەندی شاری، گەشەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و هاتنی ئایدیۆلۆژیی چەپ بۆ نێو خەباتی کوردی. ئەمانە سەرەتاکانی هەڵکردنی شەپۆلی مودێرنە بوون لە کوردستان کە لەگەڵ خۆی ناسیۆنالیزم و کەلتووری مودێرنی هێنا و دەبوو لە ڕێگەی چینی دەستەبژێرەوە ئامرازی گۆڕانی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و لابەلا کردنەوەی پرسی سیاسیی کورد جێبەجێ بکرێ، بەڵام بە هۆی دەرەکی بوونی ئەم پرۆسەیە، باری سەختی ژێئۆپۆلتیکی و پارچەبوونی کوردستان، دواکەتوویی پێکهاتەی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕوانینی ڕووکەشییانە بە مودێرنە لە لایەن چینی دەستەبژێرەوە، وەرگرتنی لایەنی تەکنەلۆژی و ئامرازی مودێرنە و ڕەتکردنەوەی ناوەرۆکە ئەقلانی و ڕەخنەگرانەکەی و هەروها کزی و لاوازیی چینی ڕۆشنبیر، کە وەکوو دوو ڕگەیەکی بچووک لەناو دەریایەک لە دواکەوتوویی و نەخوێندەواریدا بوون، ئەم پرۆسەیە هەر لە سەرەتاوە بە ئیفلیجی لەدایک بوو. ناسیونالیزمیش کە لە هەناوی ئەم

هەوڵنامەی کتێب

پڕۆسەدا بوو، لەژێر کاریگەریی ئەم ڕەوتە بەلاڕێدا ڕۆیشتووەدا سەقەت و بێ کاریگەر لەدایک دەبێ. ناسیونالیزم لە کوردستان بە تایبەت و لە ڕۆژهەڵات بە گشتی بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا کە لانکەی سەرهەڵدانیەتی، بزوێنەرەکەی نێوخۆیی نییە، بەرهەمی گەشەونەشەی سروشتی کۆمەڵگا و خواست و ویستی ئەو کۆمەڵگایەیە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی سەروتر لە دەرکەوتن و، فۆرمێکی نوێ بۆ ئیدارەدان و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا و بەخشینی شوناسێکی نوێ نییە، بەڵکوو بزوێنەرەکەی دەرەکییە و بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خۆرئاوا کە بە هاتنی کۆلۆنیالیزم دەست پێدەکات و لە ڕێگەی چینی دەستەبژێری خوێندەوارەوە گەشە دەکات. ناسیونالیزم لە ڕۆژئاوا لە هەناوی کۆمەڵگای مەدەنییەوە لەدایک دەبێ و لە لایەن چینی مامناوەندی شارییەوە کە هێزێکی پێشەنگی گۆڕانی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتییە، پشتیوانی دەکرێت و تەواوی ئەو فۆرمە پێش مودێرنانە لە ڕێکخستن و ئیدارەدان لە باری ئابووری و سیاسییەوە لەنێو دەبا و یەکەیەکی یەکگرتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێک دێنێ کە سنوورەکانی تەنیا سنووری زمانی و ئەتنیکی نییە، بەڵکوو سنووری بایەخ، بەرژەوەندی و جیهانبینیی هاوبەشیشە. هەر ئەم جیاوازییە بەرچاوە لەنێو ناسیونالیزمی جیهانی سێیەمی و ڕۆژئاواییە کە وا دەکا خدووری ناسیونالیزمی جیهانی سێیەمی بە گشتی بە بەرهەمی کلۆنیالیزم و ئەو دەستەبژێرانەی لە ڕۆژئاوا دەرسیان خوێندووە، بزانێ (Kedourie ۱۹۶۰، ۱۹۱). کەواتە ناسیونالیزمی جیهانی سێیەم، هەم بزوێنەرەکەی دەرەکییە و هەم سروشتێکی پەرچەکردارانەی هەیە. بۆ ولاتانی دەوروبەر پەرچەکردار لە هەمبەر هێزە کۆلۆنیالیستییەکان و بۆ کوردیش پەرچەکردار لە بەرانبەر پڕۆسەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی ولاتانی سەردەست. ناسیونالیزمی کوردی هەر جۆرێک لێی بڕوانین وەکوو ناسیونالیزمیکی جیهانی سێیەمی، دوو تایبەتمەندیی دیاری هەن کە ئەوانیش بزوێنەرەکانیان دەرەکییە و سروشت و خەسڵەتی پەرچەکردارانەیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئەم ناسیونالیزمە جیا دەکاتەوە لە هاوتا جیهانی سێیەمییەکانی خۆی، پارچەبوونی جوغرافیاکەیەتی لە کاتی لەدایکبوونیدا. ئەمە وا دەکا ئەم ناسیونالیزمە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە لە باری کەلتووری، سیاسی، ئابووری و شوناسییەوە، وەکوو جەستەیەکی دابڕاو لە یەکتر و هەلاهەلا کراو دەرکەوێ و هێز و توانای خۆی لە هەمبەر باری سەختی ژێئۆپۆلتیکیدا و گەشەنەسەندوویی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوخۆییدا بۆ سەرخستنی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستیی تەندروست و سەرانسەری لە دەست بدا. ناسیونالیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی کاتێک سەر دەکەوێ کە بتوانێ دەست لە ساحەی شوناس (Domain of Identity) وەربدات کە بریتییە لە زمان، کەلتوور، دابونەریت و میژوو، ... هتد و، لەم ڕێگەیەوە کۆدەنگییەک لەسەر سروشتی کۆمەڵگا، سنووەکانی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، بەها و بەرژەوەندی و سەمبۆلەکانی لەنێو بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا دروست بکا و جڤاتێکی خەیاڵکراو بەرهەم بێنێت کە خاوەن جیهانبینی و گۆشەنیگای هاوبەشە (Anderson, ۲۰۰۶). ئەوەی لێردەدا دەمهەوێ ڕوونی بکەمەوە ئەو بارودۆخەیە

که تێیدا ناسیۆنالیزمی کوردی لەدایک دەبێ و حیزب لە جێگەی خێڵ و تەریقەت دەبێ بە ئالاهەڵگری، بەڵام بێتوانایە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی. یەک لەو گرینگترین ئامانجانە، بەخشینی شوناسێکی یەکگرتووی هاوبەشە کە بێگومان ناسیونالیزم بەبێ ئەم تایبەتمەندییە دەکرێ وەکوو بزوتنەوەیەکی سیاسیی ناسەرکەوتوو پێناسە بکەین. بەبێ شوناسێکی هاوبەشی هەژمۆن، باس کردن لە هەر جۆرە بیر و هەستێکی ناسیونالیستی لەناو گرووپێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا مومکین نییە. ئەمە پێشمەرجی بوونی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستییە و ناسیونالیزمی کوردی ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە دەستەبەر کردنی ئەم شوناسەدا شکستی هێناوە. بە گشتی ناسیونالیزمی کوردی لە دۆخێکدا لەدایک دەبێ کە جوغرافیاکەی پارچە کراوە، کەلتوورەکەی لەژێر هەژمۆنی چوار کەلتووری سەردەستدایە، شوناسەکەی لە بەرانبەر شوناسی تورکی، ئێرانی و عەربیدا لە کاڵبوونەوەدایە و لەناو بەستێنێکی پڕ لە دواکەوتوویی وگەشەنەسەندوویدا دەیهەوێ هەوێنێک بێ بۆ ئازادی و نوێبوونەوە. کەواتە ناسیونالیزمی کوردی هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە لە ناسیونالیزم بوون دەکەوێ، بۆیە دادەبەزێتە ئاستی هەندێک بزوتنەوەی ناوچەیی و پارچەیی و بە دەستی خۆی ئەو پارچەبوونە سەرەتاییە مۆر دەکات. بەڵگە بۆ ئەم پارچەبوونەش بە پلەی یەکەم پارچەبوونی سیاسەتەکەیەتی نەک لە ئاستی تەواوی کوردستان، بەڵکوو تەنانەت لە ئاستی پارچەیەک لە کوردستاندا. لە بزووتنەوەی ژینادا ئەم پارچەبوونە بە ڕوونی دیار بوو و کورد لە ئاستی ڕۆژهەڵاتدا سیاسەتێکی یەکگرتووی نەبوو و ئەمە هێز و کاریگەریی کوردی تا دواپلە چووک کردەوە. بۆ ئەوەی بەباشی لەم بێڕێساییەی ناسیونالیزمی کوردی بگەین، دەبێ بە شێوەیەکی وردتر بپەرژێینە سەر ئەم ساتەوەختە هەستیارە، ئەویش چرکەساتی لە دایکبوونیەتی بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ لە کوێدا ئەم ناسیونالیزمە بەلاڕێدا چووە و دواتر پەیوەندی دەدەین بەو وەرچەرخانە گرینگەی کە زیاتر لە دوو دەیەیە دەستی پێکردوە و لە بزووتنەوەی ژینادا گەیشتە لووتکە. ئەم بزووتنەوەیە ئەم جارەیان بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێش خۆی، لە هەناوی کۆمەڵگای مەدەنییەوە سەری هەڵدا و لە ئێستادا خەریکی ڕاستکردنەوەی ئەم لادانە مێژوویی‌یەیە لە ڕەوتی گەشەی کوردایەتی و خەباتی ناسیونالیستیی کورددا.

حیزب لەجیات نەتەوە:

ناسیونالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو ویرانەکانی ئیمپراتووریەتی عوسمانییەوە سەری هەڵدا و بە پلەی یەکەم شەڕ، ڕیفۆرم، تەجارەت و هاتنی ئەوروپاییەکان و بە تایبەت میسیۆنەرە مەسیحییەکان هۆکارە پێکهاتەیی‌یەکانی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم لەناو کورد، عەرەب، تورک، ئەرمەنی،...هتد بوون. ئەم هۆکارانە جۆرێک لە دژوازیی بەرژەوەندی لەنێو ئەم گرووپە ئەتنیکییانەدا دروست کرد کە پێشتر هەموویان پێکەوە بەبێ جیاوازییەکی ئەوتۆ ئەم ئیمپراتووریەتەیان بەڕێوە دەبرد و بارودۆخێکی دروست کرد کە ئیتر ئەم گرووپانە هەموویان بە جیا شەڕ بۆ پلەوپایە و جێگەی باشتر بۆخۆیان بکەن و خەریکی جیاکردنەوەی خۆیان لە یەکتر بوون. لە دوای دروستبوونی دژوازیی بەرژەوەندی، قۆناغێکی دیکە دەست پێدەکا کە قۆناغی بەرهەمهێنانی مانایە و هەموو ئەم نەتەوانە هەوڵی

هەواڵنامەی کۆمەڵ

دروستکردنی ئارمان و ئاسۆگەی نوێ، بە کەڵک وەرگرتن لە مێژوو، وێژە (شێعر و پەخشان، ڕۆمان و گێڕانەوە) دەدەن. بەرهەمهێنانی مانا بۆ ئەم قۆناغە نوێیە دەکەوێتە ئەستۆی چینێکی ڕۆشنبیر کە زۆربەیان خوێندەواری زانکۆکانی ڕۆژئاوان و بە کەڵک وەرگرتن لە پیشەسازیی چاپ (ڕۆژنامە، گۆڤار) و ڕادیۆ مانا و بایەخی نوێی بەرهەمهاتوو بە ناو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە. هەر کام لەم نەتەوانە لەم قۆناغەدا لە ١٨٤٠ بە دواوە خاوەن سەدان ڕۆشنبیر و ئاکادیمیسیەن بوون کە خەریکی نووسینەوەی مێژوو و دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان لە ڕێگەی شێعر و پەخشانەوە بوون و توانییان تا شەڕی یەکەمی جیهانی و ساڵە چارەنووسسازەکانی دوای ئەم شەڕە شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش ببەخشن بە نەتەوەی خۆیان و خۆیان لەوانی تر جیا بکەنەوە. لە دوای بەرهەمهێنانی مانا و ئارمانی نوێ، قۆناغی ڕێکخراوەی سیاسی دەست پێدەکا کە حیزب، ئەنجومەن و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێناوی ئارمان و مانای نوێدا خەڵک ڕێک دەخەن و شەڕی بەها، بەرژەوەندی و شوناسی نوێ بەرهەم دێنن. بە گشتی ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزم لە خۆرهەڵات سێ قۆناغی پێکهاتەیی (دروستبوونی دژوازیی بەرژەوەندی)، بەرهەمهێنانی مانا(چینی ڕۆشنبیر) و ڕێکخراوی سیاسی (حیزب) ی بریوە. کاتێک لە ناو نەتەوەکانی دەوروبەردا سەیری ئەم پرۆسەیە دەکەین، دوای گۆڕانی پەیوەندیی هێزەکان لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕێگەی شۆڕشێکی فکری و کەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە مانا و ئارمانی نوێیان بەرهەم هێنا، لەم قۆناغەدایە نەتەوە وەکوو شوناسێکی سیاسی و هاوبەشی نوێ لەدایک دەبێ و دواتر ڕێکخراوە سیاسییەکان دروست بوون و توانییان سنووری سیاسییەکانی نەتەوەش جیا بکەنەوە. حیزب لەم ڕەوتەدا دواهەمین قۆناغە، لە دوای لەدایکبوونی نەتەوە دروست دەبێ. نەتەوە بەرهەمی شۆڕشێکی فکری، کەلتوری و ڕۆشنبیرییە و سەرەتا سنووری بایەخ، شوناس و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی جیا دەکاتەوە و دواتر حیزبە کە سنووری سیاسییەکەشی بۆ دروست دەکات. کاتێک سەیری ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزمی کوردی بە بەراوەرد لەگەڵ ناسیونالیزمەکانی دەوروبەر دەکەین، دەبینین ئەم ڕەوتە لەناو کورددا زۆر درەنگتر دەست پێ دەکات. شەڕ، بازرگانی و هاتنی میسیۆنەرە مەسیحییەکان دژوازیی بەرژەوەندی بۆ کورد لە هەمبەر دەوروبەرییەکانی دروست کرد، بەڵام لە قۆناغی بەرهەمهێنانی مانادا بە هۆی نەبوونی چینێکی ڕۆشنبیری بەهێز، کورد نەیتوانی مانا و ئارمانی نوێ بۆ ئەم قۆناغە نوێیە لە ململانێ بەرهەم بێنێ. ڕۆشنبیرانی ئەوان هەم لە باری ڕێژەوە زۆرتر بوون، هەم میراتگری سیستەمێکی دیوانسالار بوون، هەم لە ڕۆژئاوا نزیکتر بوون و پەیوەندییەکەیان ڕاستەوخۆ بوو و لە کۆنیشەوە توانیبوویان خۆیان جیا بکەنەوە. بەڵام ڕۆشنبیرانی کورد هەم کەم بوون و هەم لەو بەستێنە سیاسی و مەعریفییە بێبەری بوون، بۆیە نەیانتوانی لەم قۆناغە هەستیارەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. ئەوەی لێرەدا بۆ باسەکەمان گرینگە، بێبەری بوونی کوردە لە دەسکەوتەکانی ئەم قۆناغە و نەتەوە وەکوو بەها، بەرژەوەندی، مانا و شێوەی ڕوانینی هاوبەش لەم قۆناغەدا، بە هۆی بزربوونی ئەو شۆڕشە فکری، کەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە، لەدایک نابێ و لە دوای

دابەشبوونی سنووورەکانی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە حزب لەدایک دەبێ. قۆناغی ڕێکخراوی سیاسی دەکەوێتە پێش قۆناغی بەرهەمهێنانی مانا و لەدایکبوونی نەتەوەوە. حیزب لە دۆخێکدا لەدایک دەبێ کە مانا و ئارمانی نوێ، شوناسێکی گشتی و گۆشەنیگا و بەرژەوەندیی هاوبەش دروست نەبووە و ئەم ئەرکە مەزنانە دەکەونە سەر شانی حیزب کە لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەو نییە. حیزب لە نەبوونی کەلتووڕێکی فکری و ڕوشنبیریدا، بە هۆی هەژاریی تیۆریکی هانا بۆ ئایدیۆلۆژیی چەپ دەبا، کە ئێستاکەش نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکا و ئەم ئایدیۆلۆژییە هەم دڕووشمەکانی لە ناوەڕۆک بەتاڵ کرد و هەمیش چارەسەری پرسی کوردی بەستووەتەوە بە چارەسەری کێشەکانی چەپ لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا، کە لە توانای حیزب بەدەرە. لە ئاستی ناوخۆشدا و لە غیابی نەتەوەدا، حیزب جێگەی نەتەوە دەگرێتەوە و متمانە، بەها و بەرژەوەندیی حیزبی لەگەڵ متمانە، بەها و بەرژەوەندیی نەتەوەیی یەکانگیر دەبێ و بە هۆی بوونی حیزبی تر لەجیات دروستبوونی یەکانگیری و یەکگرتوویی ناوخۆیی، پارچەبوون و پەرتەوازیی دروست دەبێ. ئەمە ئەو بێڕێسایی‌یە سەیروسەمەرەیە کە عەباس وەلی پێی دەڵێ ناسیونالیستی بێ ناسیونالیزم و بەختیار عەلی ناوی دەنێ غیابی نەتەوە. ناسیونالیزمی کوردی لە غیابی نەتەوەدا لەدایک دەبێ و بێبەرییە لە بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستیی جەماوەری کە خاوەن کەلتوور، شوناس و سیاسەتێکی یەکپارچە بێ. ناسیونالیزمی کوردی وەکوو ناسیونالیزمێکی بێ کاریگەر، هەژار لە باری تیۆری، بێتوانا لە ڕێکخستنی خەڵک، بێتوانا لە دروستکردنی گۆڕانی کەلتووری-کۆمەڵایەتی، بێبەری لە ئەقڵ کە هەست و سۆز و حەماسە جڵەوی ڕەفتاری دەکا و خاوەن شوناس، کەلتوور و سیاسەتێکی پارچە بووە، هەربۆیە لەوە دەکەوێ کە ناسیونالیزم بێ، بەڵکوو زیاتر خیتابێکی ناسیونالیستیی بێ ناوەرۆک، بێبەری لە ئیمکانی ماددی و ڕۆحی و بێ ستراتیژە، کە تەنیا لە مەیدانی سیاسەتدا چاوەڕوانی ئێعجازێکی سیاسییە. ئامانج لەم شیکردنەوە خێرایەی ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزم لە ناوچەکە و لە کوردستان بە پلەی یەکەم ناسینێکی سەرەتایی ئەم ڕەوتە، دواتر خەسارناسیی ناسیونالیزمی کوردی و دەستنیشان کردنی ئەڵقەی ونبووی ئەم ناسیونالیزمە بەلاڕێدا چووە بوو. دۆزینەوە و ناسینی ئەم لادانە مێژوویی‌یەی ناسیونالیزمی کوردی بۆ باسەکەمان گرینگە، چونکە ئێستا ئەم ناسیونالیزمە چووەتە ناو قۆناغێکی نوێ لە ڕەوتی گەشەی خۆی، کە دەتوانێ ئەم ناسیونالیزمە بخاتە سەر ڕێڕەوە ڕاستەقینەکەی خۆی، هەربۆیە لە دریژەی باسەکەماندا دەپەرژێینە سەر ئەم قۆناغە نوێیە و ئەگەرەکانی ئەم قۆناغە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بێڕێسایی‌یە.

مودێرنە و قۆناغی مەدەنیی ناسیۆنالیزمی کوردی:

لەدایکبوونی قۆناغی مەدەنی لە ناسیونالیزمی کوردیدا جیا نییە لەو ڕەوتە گشتییەی گەشەی مودێرنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گەر بەخێرایی چاوێک بەم ڕەوتەدا بخشێنین، دەبینین سەرەتا بە قۆناغێک لە شەیدایی و مەفتوون بوون بە مودێرنەوە دەست پێدەکا کە نموونەی لە شۆڕشی مەشرووتییەت لە ئێران و ڕێفۆرمەکانی میسر و عوسمانیدا دەبینرێ. دواتر قۆناغێک لە پەرچەکرداری کۆنەپارێزانە و کانزێرواتیڤ دەبڕێت کە چینی دەستەبژێری ئەم ولاتانە بۆ بەرەنگاری

مەهاباد قەرەداغی

لە هەمبەر کۆلۆنیالیزم لە ناسیونالیزمێکی سەرەتایی، ئیسلامی سیاسی و مارکسیزم کەڵکیان وەرگرت. لەم قۆناغەدا تەنیا لایەنە ئامرازییەکەی مودێرنە وەرگیرا و لایەنە بەهایی و ڕەخنەگرانەکەی وەلا نرا. مودێرنە تەنیا لە شێعر و هونەردا بە لووتکە گەیشت. ئەم قۆناغە لەنێو کورددا هاوتەریبی قۆناغی حیزبی/سیاسییە کە بە عام مارکسیزم و ناسیونالیزمێکی سەرەتایی جڵەوی هەوڵەکانی کورد بۆ ڕزگاری و نوێبوونەوە دەکات، کە لەگەڵ شکستی مارکسیزم و ناسیونالیزمی سەرەتایی، هەموو ئەم هەوڵانەش شکست دێنن. لەنێو کوردیش تەنیا لە شێعردایە کە ئایدیای مودێرنە و ناسیونالیزم دەگاتە لووتکە، بەڵام زمانی شێعر توانای خوێندنەوەی واقیع و دروستکرنی گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی بە کردەوەی نییە، هەر وەکوو دەریدا دەڵێ، زمانی ئەدەبی گوزارشت لە واقیع ناکا بەڵکوو هەڵچوون بە نیسبەتی واقیعەوە دەوروژێنێ (Derrida, ۲۰۱۰). ئەوە زانست و ئەقڵە کە دەتوانێ هەم تەفسیر لە دۆخی هەنووکە بکا و هەم ئامرازێک بێ بۆ گۆڕان. شکستی مودێرنە لە خۆرهەڵات بە گشتی بەرهەمی زاڵبوونی چینی نەریتی و کۆنەپارێزە بەسەر کەلتووردا، هاوکات ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان لەم ناوچەیە و بوونی کۆلۆنیالیزم و شەڕ و ئاڵۆزی، دەرفەتێکی بۆ بنبەست بوونی مودێرنە نەهێشتەوە و لە نموونەی کورددا لە پەروازبوونی ئیداری-سیاسی کورد، بە شێوەی مێژوویی لەو هۆکارە هاوبەشانەی سەرەوە کاریگەریی نەرێنیی زیاتری داناوە لەسەر وەلانانی مودێرنە. شەرابی گەشەی مودێرنە دەبەستێتەوە بە گەشەی کەلتور و لەدایکبوونی چینێکی نوێی ڕۆشنبیر و فەیلەسووفەوە، ئەویش لەو باوەڕدایە کە مودێرنە تەنیا لە شێعر و هونەردا گەیشتووەتە لووتکە، بەڵام ناوەرۆکی ئەقڵانی و ڕەخنەگرانەی مودێرنە بە هەند نەگیراوە و دەڵێ ئەبێ ڕۆشنبیران و فەیلەسووفانی مودێرن لەدایک ببن (Sharabi, ۲۰۰۷). لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، قۆناغی سێیەمی گەشەی مودێرنە لە خۆرهەڵات دەست پێ دەکات کە بەرهەمی شکستی ناسیونالیزمی سەرەتایی، ئیسلامی سیاسی و مارکسیزمە لە دروستکردنی گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی. تەشەنەسەندنی پرۆسەی بەجیهانیبوون لە نەوەدەکان بە دواوە، گۆڕانی بەهاکان، شێوەی ژیان، گەشەسەندنی تاکگەرایی و کەلتووری مودێرن، گەشەی شارنشینی و چینی مامناوەندی شاری، بووە هۆی لەدایکبوونی چینێکی ڕۆشنبیری مودێرن لە خۆرهەڵات (ئارگۆن، تەرابیشی، شەرابی، ئەبووزەید، جەهانبەگلوو،....) کە ئەم جارە لە زانست و ئەقڵ کەڵک وەردەگرن بۆ دروستکردنی گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی. بە گشتی ڕەوتی گەشەی مودێرنە، سەرەتا هاوڕا بوو لەگەڵ سەرسام بوون و لاساییکردنەوە، دواتر پەرچەکردار و ڕووبەڕووبوونەوە و لە ئاکامدا ناسینی ڕەخنەگرانەی ڕۆژئاوا و میتۆدە مەعریفییەکانی و بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی گۆڕانی سیاسی کۆمەڵایەتی. ئەم قۆناغی سێیەمە، لەنێو کۆمەڵگای کوردیش دەستی پێ کردووە و بووەتە هەوێنی دابڕان لە قۆناغی پێش خۆی و هۆی لەدایکبوونی قۆناغی مەدەنی و ناسیونالیزمی مەدەنی لە کوردستان. قۆناغی مەدەنیی ناسیونالیزمی کوردی قۆناغی دابڕانە، دابڕانێکی ئیستمۆلۆژیکە (زانستناسییە) بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی پێش خۆی کە قۆناغی حیزبی/سیاسییە. چرکەساتی دابڕانی ئێپیستمۆلۆژی بە مانا باشلاردییەکەی ساتەوەختێکە کە تێیدا زۆرێک لە لەمپەرەکانی

پێش ناسیونالیزمی کوردی کە سالانێکی زۆر بە شێوەیەکی ناهۆشیار وەکوو کاکڵەی کوردایەتی دەبینرا لەپڕ کاڵ دەبنەوە و پەیوەست دەبن بە ڕابردوویەکی لێوانلێو لە ناهۆشیاریيەوە. بە پیرۆزکردنی سەرکردە، بە بنەماگرتنی متمانەی حیزبی، بە ڕۆمانتیزە کردنی مێژوو، دژایەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕەخنەگرانەی مودێرنە، پێشترییەتیدان بە سیاسەت، هانا بردن بۆ ئایدیۆلۆژییە بان نەتەوەییەکانەوە و ... هتد. لەم چرکەساتەدا ئیتر دەبن بە بەشێک لە ڕابردوویەکی خۆرافی، ناهۆشیار، زانست و عەقڵی کوردی وەکوو بەربەستێک بەسەریاندا باز دەدا. ئەمانە کۆمەڵێک لەمپەری ئێپیستمۆلۆژی بوون کە کورد سەردەمانێک پێی وابوو بە بەهێزکردنی دەتوانێ دەروازەی ئازادی و ڕزگاری بەڕووی خۆیدا بکاتەوە. ئەم دابڕانە هێزی خۆی لە چەندین پرۆسەی گۆڕانی گرینگی کەلتووری، ڕۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەگرێ کە بە گشتی جیا نییە لە ڕەوتی گەشەی مودێرنە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە لە سەرەوە بەخێرایی باسمان کرد. شکستی ناسیونالیزمی کوردی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، گەشەسەندنی کەلتووری والا(گشتگیر بوونەوی خوێندن و پەروەردە) و شکستی چەپ هەم لە باری ئایدیۆلۆژیکی و هەم لە باری سیاسییەوە، ئەو هۆکارانەن کە ئەم دابڕانەیان دروست کرد کە بەرهەمەکەی لەدایکبوونی چینێکی ڕۆشنبیر و ئەڵقەیەکی فکری و ڕۆشنبیریی نوێ بوو(کەسانێک وەکوو ئەمیر حەسەن پوور، بەختیار عەلی، حەمیدی بووزئەرسەلان، عەباس وەلی،...) کە ئیتر نەک بە شێوەی ئایدۆلۆژیک، بەڵکوو بە شیوەی تیۆری و زانستی پرسی کوردیان دەخوێندەوە، ڕەخنەی ڕادیکاڵیان لە ڕابردوو دەگرت و پرسی کوردیان وەکوو پرسێکی سیاسیی ڕووت سەیر نەدەکرد. ئەم گۆڕانە مەزنە لە چەند دەیەی ڕابردوودا کاریگەریی قوواڵی لەسەر پرسی کورد داناوە و کوردایەتی لە شۆڕشێکی سیاسی-نیزامی ڕووەتەوە گواستووەتەوە بەرەو شۆڕشێکی فرەڕەهەندی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری. گەشەی شارنشینی و کەلتووری مودێرن لەم سالانەی دواییدا شارەکانی کوردستان و کۆمەڵگای مەدەنی کردووە بە چەقی خەباتی مودێرنی کورد. هێڵەکانی ئەم دابڕانە لە قۆناغی پێش خۆی کە قۆناغی حیزبی/سیاسی بوو بە ڕوونی هەم لە ئاستی ئایدۆلۆژیک و هەمیش لە ئاستی ستراتیژیکدا ڕوون و بەرچاون. لە باری ئایدیۆلۆژیکەوە هەڵگری گوتارێکی فرەجەمسەرن کە لە هەوڵی جومگەبەندیی پرسی نەتەوە لەگەڵ ژن، ژینگە، چینایەتی و پرسە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندان و بە شێوەیەکی بەرچاو لە گوتاری ئایدیۆلۆژیکی و بە گشتی چەپی ماوە بەسەرچووی حیزبەکان دابڕاون. لە باری ستراتیژیکیشەوە دالی سەرەکی نەتەوەیە و بەرژەوەندی، بەهاکان و متمانەی نەتەوەیی لە پێشەوەی بەرژەوەندی، بەهاکان و متمانەی حیزبی، ناوچەیی و پارچەییە. ئەم دابڕانە موژدەی لەدایکبوونی ناسیونالیزمی مەدەنی لەگەڵ خۆیدا بڵاو کردەوە، ناسیونالیزمێک کە چی دیکە بێتوانا نییە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی و نابینا نییە لە ئاست ئەرکەکانی. ئەم دابڕانە بە پلەی یەکەم ئەو بێڕێسایی‌یە سەیرەی کە سەردەمانێکە ناسیونالیزمی کوردی گیرۆدەی خۆی کردووە، لەنێو دەبا. ئەو بێڕێسایی‌یەی کە لە سەرەوە بەوردی باسمان کرد، بریتییە لە غیابی نەتەوە، تێکەڵبوونەوەی حیزب لەگەڵ نەتەوە یان ئایدیای ناسیونالیستی بەبێ ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزم. هەربۆیە ئەم قۆناغە گرینگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە لە ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزمی کوردیدا، کە پێویستە بەباشی بناسرێت و دەرکی پێ بکرێ. ناسیونالیزم بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە هەوڵی

دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێی خاوەن سەروەری دەدا و سنووری ئەتنیکی، بەهایی، سەمبۆلیک و واتاییەکانی خۆی لە جیهانی دەوروبەری جیا دەکاتەوە. هەر پێناسەیەک بۆ ناسیونالیزم دەستنیشان بکەین، هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ناسیونالیزم بەرهەمی مودێرنەیە و لە هەناوی بەها جیهانییەکانی مودێرنەوە سەر هەڵدەداتەوە. ناسیونالیزم بەبێ کۆمەڵگای مەدەنی و دێمۆکراسی هیچ واتایەکی نییە و هەر ناسیونالیزمێک، لایەنە ئەتنیکییەکەی بەسەر لایەنە مەدەنییەکەیدا زاڵ بێ، ناسیونالیزمێکی نا دێمۆکراتیک و لە ڕێگە دەرچووە. ناسیونالیزم ئەگەر بە دیوێکدا دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی بێ، ئەوە بێگومان بە دیوێکی دیکەدا گۆڕان و دەستکاری کردنی بێبەزیی‌یانەی پێکهاتەی کەلتووری، کۆمەلایەتی و ئابووریی کۆمەڵگایە. ئەم گۆڕانەی دووهەم بێگومان گرینگییەکەی هاوشانی گۆڕانی یەکەمە و تەواوکەری یەکترن و، بەبێ کەڵک وەرگرتن لە کەلتوور و بەها جیهانییە مودێرنەکان، باوەڕ بە ئازادیی تاکەکەسی، ئازادیی بیروڕا، ڕەخنەی ڕادیکاڵی ئەقڵانییەتی ئایینی و نەریتی، گرینگیدان بە ژینگە و مافی گرووپە پەراوێزخراوەکان و عەدالەتی کۆمەلایەتی نایەتە دی. ئەگەریش بە هەر هۆکارێک سەروەریی سیاسی بکەوێتە پێش گۆڕانی کەلتووری -کۆمەلایەتییەوە، ئەوا دەستکەوتەکان بچووک و شایانی لەنێو چوونن، لانیکەم ئێمە نموونەی باشوورمان وەکوو ڕاستییەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بەڵگاندنە لەبەر چاوە. دەرکەوتەی کەلتووری، کۆمەلایەتی و سیاسیی ئەم دابڕانە، لە ئێستادا بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕوون و بەرچاوە و ئاکامەکەی وەرچەرخانێکی مەدەنییە. ئەم وەرچەرخانە مەدەنییە کە هاوشان بووە لەگەڵ گەشەی شارنشینی، گەشەی چینی مامناوەندی شاری، کاڵبوونەوەی لایەنی نەریتی و ئایینیی کۆمەڵگا و گەشەی ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و، هەروەها گۆڕانی دیمۆگرافیکی و لاوازبوونی کەلتووری خێڵەکی، ناوچەیی و پیاوسالاری، جیلێکی نوێی خوێندەواری شاری بەرهەم هێناوە کە بە گشتی بەرهەمی زانکۆکان و سووژەی ناسیونالیزمی مەدەنین. ئەم جیلە نوێیە بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی پێش خۆیانەوە، بە شێوەی ناوچەیی و پارچەیی سەیری کێشەی کورد ناکەن، ڕەخنەی ڕادیکاڵیان لە ڕابردوو و مێژووی خەباتی کورد هەیە، لەژێر کاریگەریی ڕووداو و گوتاری حزبیدا نین و لە دەلاقەی ئایدیۆلۆژییەوە سەیری پرسی کورد ناکەن، بەڵکوو لە ڕێگەی زانستەکانەوە بۆ نموونە فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەروونشیکاری، زمانناسی،... هتد بە شێوەی ئەقڵانی، ڕەخنەگرانە و تیۆریک هەوڵی خوێندنەوەی پرسی کورد دەدەن. گۆڕەپانی خەباتی ئەم جیلە نوێیە کۆمەڵگای مەدەنییە، فەزای گشتیی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و تەواوی ئەو ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییانەن کە بە بیانووی جۆراوجۆر و بە شێوەی ئاشکرا و شاراوە دامەزراون و خەریکی کار و چالاکین. پانتاییی خەباتی ئەم جیلە نوێیە تەنیا سیاسەت نییە، بەڵکوو ژینگە، ژن، پرسی چینایەتی و تۆڕیکی بەربڵاو لە پرسە کەلتووری و کۆمەلایەتییەکان دەگرێتەوە. ئەوەی ئەم جیلە نوێیە هەوڵی بۆ دەدەن نە دابەزاندنی پرسی کورد بۆ پرسێکی سیاسیی ڕووت و، نە داماڵینی کەلتوورە لە سیاسەت. ئەم فۆرمە نوێیە لە ناسیونالیزم چی دی گرۆتینی خۆی لە مینبەری مزگەوتەکان،

میدیـــا و راگەیەنەکانـــی حیزبەکانـــەوە وەرناگـــرێ، بەڵکوو ناســـیۆنالیزمێکی مەدەنی هەر ڕۆژەیە کە پشـــت ئەســـتوورە بە تیۆری و لەگـــەڵ ژیانـــی ڕۆژانـــەی ئـــەم جیلەدا تێکـــەڵاو بـــووە، دەمامکەکانـــی شـــەرم لە کوردبوونی لا داوە و کوردبـــوون و کوردایەتی بەســـتووەتەوە بە ژیانی مودێرنـــەوە و خەونی ئازادیـــی گـــرێ داوە بە خەونـــی نوێبوونەوە.

کۆمەڵگای مەدەنی و بزووتنەوەی ژینا:

کاتێـــک لـــە بـــاری تیۆرییـــەوە دەڕوانینە پەیوەندیـــی نێـــوان دەوڵـــەت و کۆمەڵگای مەدەنـــی، دوو شـــێوە ڕوانینی بـــاو دەبینین کـــە بە دوو شـــێوەی تەواو جیـــاواز لە یەکتر ســـەیری کۆمەڵـــگای مەدەنـــی دەکـــەن. لـــە لایـــەک مارکسیســـتەکان کۆمەڵـــگای مەدەنـــی وەکـــوو گۆڕەپانێکـــی پاســـیف و بێکاریگـــەر دەبینـــن کـــە بەتەواوەتـــی لەژێـــر هەیمەنـــەی ئایدیۆلـــۆژی و بەهاکانی چینـــی بورژوازیدایـــە. مارکس بـــاوەڕی وایە کۆمەڵـــگای مەدەنـــی لەژێـــر هەیمەنـــەی پەیوەندییـــە کالایی‌یـــەکان و کەلتـــووری ســـەرمایەداریدایە و بـــۆ دەربازبـــوون لـــەم دۆخە پێویســـتیمان بە شۆڕشـــە لـــە ڕێگەی داموەدزگایەکـــی بەهێزی سیاســـییەوە (Cited by Cohen and Arato, ١٩٩٢). چەپەکان بە گشـــتی، هەڵبـــەت دەبێ چەپە نوێیەکانـــی لـــێ دەر بکەیـــن، کۆمەڵـــگای مەدەنـــی وەکـــوو ســـەرخانی سیاســـیی بـــورژوازی دەبینن کە بـــەتاڵ لە ماتەوزەی ڕزگاریی و بـــاوەڕیان بە هێـــزێکی سیاســـیی چینایەتییـــە کە دەســـەلات دەگـــرێتـــە دەســـت و دەست بـــەســـەر دەوڵەتـــدا دەگـــرێ کـــە ئەرکـــی بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکـــانی بـــەرهـــەم هێنانە. لـــە بەرانبـــەردا ڕوانینێکی دیکـــە هەیە کە کۆمەڵـــگای مەدەنی بە چارەســـەری تەواوی کێشـــەکان دەزانێ و هەوڵـــی ئەوەیە دەوڵەت لەنـــاو کۆمەڵـــگای مەدەنیـــدا بتوێنێتـــەوە و لەنێـــوی بـــەرێ. ئانارشیســـتەکان و چەپە ڕادیکاڵەکان و هەروەهـــا لیبراڵە نوێیەکان بەم شـــێوەیە دەڕوانن پەیوەندیی نێـــوان دەوڵەت و کۆمەڵـــگای مەدەنی. ئـــەو بڕوایەی کە پێی وایە کۆمەڵـــگای مەدەنی گۆڕەپانـــی ئازادیی ڕەهـــا و چارەســـەریی تەواوی کێشـــەکانی تێدایـــە، جۆرێـــک بـــاوەڕی مەســـیحایی و میتافیزیکییـــە کـــە وەختی خـــۆی هەمان شـــێوە ڕوانینەش بە نیســـبەتی مەسیحییەت و مارکســـیزمەوە هەبووە و هەڵەیـــە. ئەم دوو ڕوانگەیـــە تا ڕادەیەک باڵی کێشـــاوە بەســـەر بـــاس و بابەتەکانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنی لە کوردســـتاندا و هێزە سیاســـییەکانی کوردیش لەژێـــر کاریگەریـــی ئـــەم دوو ڕوانگەیەدان. لـــە لایـــەک کۆمەڵـــگای مەدەنـــی وەکوو گۆڕەپانێکـــی پاســـیف دەبینرێت کـــە لەژێر هەیمەنەی کۆمـــاری ئیســـلامیدایە و ئەگەر بوونێکـــی سەربەخۆشـــی هەبـــێ، دەبـــێ لەژێـــر هەیمەنـــەی حیزبـــدا بـــێ و حیزب و کۆمەڵـــگای مەدەنـــی دووانەیەکـــی لـــە یەک دانەبـــڕاون و، حیزب دەبـــێ لە ڕێگەی شۆڕشـــەوە دەســـت بەســـەر جۆمگەکانـــی دەســـەڵاتدا بگـــرێ و کۆمەڵـــگای مەدەنیش ڕزگار بـــکا. لـــە لایەکـــی دیکـــەوە جۆرێک فوبیـــای دەوڵـــەت (State Phobia) هەیە کـــە پێی وایـــە لـــە دەرەوەی ڕێکخســـتنی دەوڵەتـــەوە و لـــە گۆڕەپانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنیـــدا هەڵبەت بە پێشـــەنگیی حیزبێکی پێشـــەنگ، دەبـــێ بیـــر لـــە چارەســـەری کێشـــەکان بکەینـــەوە و بـــە لەنێوچوونـــی دەوڵـــەت، کێشـــەکانمان چارەســـەر دەبن. ئێمـــە لێرەدا پێویســـتیمان بـــە ڕوانگەیەکی ســـێهەم هەیـــە کە خـــۆی لـــە زاتگەرایی دەپاڕێـــزێ، واتـــە نـــە کۆمەڵـــگای مەدەنی بـــە گۆڕەپانێکـــی ناکاریگـــەر دەزانـــێ و نە لەو باوەڕشـــدایە کە شـــاکلیلی چارەســـەریی تـــەواوی کێشـــەکانە و لـــەم پەیوەندییـــەدا فۆکۆ دەتوانێ لـــەم دوئالیزمـــە ڕزگارمان بکا.

فۆکـــۆ بـــاوەڕی وایە کـــە نـــە بەتەواوەتی دەتوانیـــن دەوڵـــەت لەنێـــو بەریـــن و نە دەشـــتوانین دەســـتی بەســـەردا بگرین، بۆیە دەوڵەتێکی بچـــووک لەگـــەڵ کۆمەڵگایەکی مەدەنیـــی بەهێـــز، دەتوانـــێ ڕێگاچـــارەی کێشـــەکان بـــێ. کۆمەڵـــگای مەدەنـــی گۆڕەپانێکـــی بایەخی و ئەخلاقیـــی نوێیە کە هەڵگـــری کۆمەڵێک شـــوناس و جیاوازییە کە لە دژی چەوســـاندنەوەی ئابووری و سیاســـی دەجەنگـــێ و شـــێوە ڕوانینـــی دەســـەڵات بـــە نیســـبەتی حەقیقەتـــی شـــتەکان و کۆمەڵـــگاوە ڕەت دەکاتـــەوە و دەلاقەیەکـــی نوێ بـــۆ ڕوانیـــن لـــە ئینســـان و کۆمەڵگا دەکاتـــەوە، هەربۆیـــە کۆمەڵـــگای مەدەنی گۆڕەپانـــی بەرهەمهێنانـــی حەقیقەتـــە (Cited by Burchell, ۱۹۹۱). هـــاوکات نە دەتوانیـــن کۆمەڵـــگای مەدەنـــی وەکوو بوونێکـــی لەمێژینە (Primordial) ســـەیر بکەین و نە دەشـــتوانین وەکـــوو گۆڕەپانێکی ســـەربەخۆ، کە لە بۆشـــاییدا دروست دەبێ، بەڵکـــوو بەرهەمـــی ســـەردەمی لیبراڵیزمە و لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ دەســـەڵاتدا لەدایک دەبێ، شـــوناس، هێز و سنوورەکانی گرێ دراوە بە هیـــز، شـــوناس و تواناکانی دەســـەڵاتەوە. لێـــرەدا نامەـــوێ زیاتـــر لەمە بچمـــە ناو ئاڵۆزیـــی تێئۆریـــی پەیوەندیـــدار بە باســـی کۆمەڵـــگای مەدەنییـــەوە، بەڵکـــوو لەژێـــر ڕووناکاییـــی ئەم شـــێوە ڕوانینـــەدا، باس لە چـــوار تایبەتمەندیـــی گرینگـــی کۆمەڵگای مەدەنـــی دەکەم کە ناســـین و تێگەیشـــتنی و لـــە ئاکامـــدا بەهێزکردنـــی دەتوانـــێ لە قۆناغـــی مەدەنیـــی ناســـیونالیزمی کوردیدا، ئێمـــە بـــەرەو ئاســـۆیەکی نوێ بـــەرێ و، لەمپەرەکانی پێـــش بزووتنـــەوەی ژینا لەنێو بـــەرێ و هاندەرێـــک بـــێ بۆ یەکخســـتنی تـــەواوی تواناکانمـــان لـــە پێنـــاو ڕاهێنان و بەهێزکردنـــی کۆمەڵـــگای مەدەنیـــدا.

یەکـــەم: کۆمەڵـــگای مەدەنـــی لە هەر بەســـتێنێکدا بـــێ (چ بەســـتێنی لیبراڵـــی ڕۆژئـــاوا یان بەســـتێنی ئێســـتبدادی خۆرئاوایـــی) گۆڕەپانـــی لەدایکبوونـــی بەهـــا، بەرژەوەندی، خواســـت و ویســـتی هاوبەشـــە. لـــە بەرانبـــەر ســـووژەی بەرژەوەندیخـــوازدا (Subject of Interest) کـــە دەســـت بـــە بەرژەوەندییـــە تاکەکەســـییەکانی خۆیـــەوە دەگـــرێ و ئینســـانێکی بـــێ بەهرەیـــە ، ســـووژەی ئەخلاقیـــی مافـــەکان (Subject of Rights) لەدایـــک دەبـــێ کـــە بـــە شـــێوەی ئەکتیـــف و چـــالاک بەهـــا و بەرژەوەندیـــی گشـــتی بـــە بنەمـــا دەگـــرێ. لەدایکبوونـــی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی ئـــەو چرکەســـاتەیە کـــە ســـووژەی مافـــەکان لەدایـــک دەبـــێ و کۆمەڵـــگای کـــوردی لـــە ڕۆژهـــەڵات ئـــەم چرکەســـاتەی تێپەڕانـــدوە و بـــە تایبـــەت لـــەم دوو دەیـــەی ڕابـــردوودا لـــە بەرانبـــەر ســـووژەی حیزبـــی کـــە کەلتـــووری حیزبـــی بەرهـــەم دێنێتـــەوە و دەســـتی بـــە گوتـــاری مانـــەوە گرتـــووە، ســـووژەی ئابووری کە ئینســـانێکی ئابوورییە و تەنیا بە دوای بەرژەوەندیـــی ئابـــووری و تاکەکەســـیی خۆیـــدا دەگـــەڕێ، ســـووژەی ماف و بەهـــاکان لەدایک بووە کـــە بەرژەوەنـــدی و بەهـــای گشـــتی دەخاتە پێش هەمـــوو بەرژەوەندییەکانییـــەوە. هەربۆیـــە دەتوانین بڵێیـــن پێشـــمەرجەکانی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی ئەوەیـــە کـــە نابـــێ دڕێژکـــراوەی ئابـــووری، حیـــزب و هەروەهـــا دڕێژکـــراوەی دەســـەڵاتی سەردەســـت بـــێ. ئـــەو شـــتەی ئەندامانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی پێکـــەوە دەبەســـتێتەوە، بەرژەوەندیـــی ئابـــووری، تاکەکەســـی و حیزبـــی نییـــە، بەڵکـــوو بەرژەوەندیی گشـــتی و بـــەرژەوەنـــدییە نابەرژەوەندییەکانـــە.

دووهەم: کۆمەڵـــگای مەدەنـــی بوونەوەرێکی لـــۆکاڵ و ســـنووردارە و ناکـــرێ لەگـــەڵ کـــۆی مرۆڤایەتیـــدا هاوجووتـــی بکەینەوە، بـــە واتـــایەکی تر خواســـت، ویســـت و بەرژەوەندییـــەکـــانی پـــەیوەست بـــە کۆمەڵگایەکـــی دیاریکـــراوە و هیـــچ کات هەوڵـــی ئەوە نییـــە لە بری تـــەواوی جیهان شـــەڕی ئازادی و ڕزگاری بکات، بوونەوەرێکی کۆمەڵگاخـــوازە نـــەک مرۆڤخـــواز . نەتەوە

یەکێک لە فۆرمەکانی خۆدەرخستنی کۆمەڵگای مەدەنییە. نەتەوە و دواتر ناسیونالیزم لە هەناوی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دێتە دەرەوە. نەتەوە بەرهەمی بە سیاسی بوونەوەی خواست، ویست، بەرژەوەندی و بەهاکانی سووژەی مافەکانە لە گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنیدا و ناسیونالیزم ئەو بزووتنەوە سیاسییە جەماوەرییەیە کە لە هەناوی ئەم ڕووداوە دێتە دەرەوە و خەڵک لە پێناوی ئامانجەکانیدا ڕێک دەخا. ئەمە ئەو ڕووداوە چارەنووسسازەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا بەرەوڕووی بووەتەوە و خەریکی ڕاستکردنەوەی ئەو بێڕیسایی‌یەی ناسیونالیزمی کوردییە کە هەم ئایدیۆلۆژی دروست دەکا، هەم بزوێنەرەکەشی لە دەرەکییەوە دەکاتە ناوخۆیی و بزووتنەوەیەکی جەماوریشی بۆ بەرهەم دێنێ، هەربۆیە خاڵێکی زۆر گرینگ و جێگای سەرنجە. کۆمەڵگای مەدەنی لە پەیوەندییەکی پێچەوانەدایە، لەگەڵ کالبوونەوەی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، حیزبی، ناوچەیی، ئەقڵانییەتی نەریتی، ئایینی و پیاوسالارانەدا و لەبەر کالبوونەوەی ئەمانەدایە کە کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز دەبێ، نەتەوە لەدایک دەبێ و بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستیی تەندروست و سەرتاسەری گەشە دەستێنێ.

سێیەم: کۆمەڵگای مەدەنی بە پێچەوانەی باوەری باو، خاوەن هێز و دەسەڵاتە، بەڵام هێزی خۆی دەشارێتەوە و لە ساتەوەختە چارەنووسسازەکاندا وەکوو ئەوەی لە بزووتنەوەی ژینادا بینیمان، هێزی خۆی ئاشکرا دەکا و ئەگەر ئەم گۆڕەپانە بەهێزتر بێ، دەتوانێ کێشەکان لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا یەکلایی بکاتەوە. پانتاییی سیاسەت لە کوردستان بەرین دەکاتەوە. سیاسەت لە گۆڕەپانێکی بەرتەسک و سنووردار کە لە قۆرغی حیزبدایە، ڕزگار دەکا و بەشێکی گەورەی دەبەستێتەوە بە گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە. ئەگەر ئەو تێزەی گرامشی بە بنەما بگرین کە بنەماکانی هەژمۆنی لە کۆمەڵگای مەدەنیدایە، ئەوا بە هەمان شێوەش ئەگەر بمانهەوێ شکست بە هەژمۆنی دەسەڵاتی سەردەست بهێنین، دەبێ بیر لە بچڕاندنی ئەو خاڵی پەیوەندییانە بکەینەوە کە دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروستی کردووە و توانیویەتی بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ خۆی هاوبەرژەوەندی و هاوچارەنووس بکات. هەربۆیە دەبێ کۆمەڵگای مەدەنی بکرێتە چەقی سیاسەتی کوردی و سیاسەت لەم بارودۆخەی ئێستادا جیا ناکرێتەوە لە بیرکردنەوە لە لێدان لە بنەماکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەهێزکردنی ئەم گۆڕەپانە هێزی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەش لە بەرانبەر خواستە ناوەندخواز و نادێمۆکراتیکەکانی دەسەڵاتی سەردەست دروست دەکا و پاشەکشە بە ئایدیۆلۆژییەکەی و هەژمۆنی سیاسی، کەلتووری و ئابووریی دەسەڵات دێنێ و سیاسەتی کوردیش لە سیاسەتی چاوەڕوانی و سیاسەتی مێتافیزیکییەوە، دەگۆڕێ بۆ سیاسەتی ڕاستەقینە و سیاسەت لە ئێرە و ئێستادا.

چوارەم: کۆمەڵگای مەدەنی بزوێنەری مێژوویە. ئەم گۆڕەپانە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دروست بووە و لە بەرپەریزم و دواکەتوویی‌یەوە بەرەو شارستانییەت و پێشکەوتن دەمانبا، لە دۆخی بێمافییەوە بەرەو شارومەندی و دروستکردنی چەتێریکی یاسایی-سیاسی هەنگاو هەڵدێنێ، لە کەلتووری ناوچەگەریی، پیاوسالاری، خێڵەکی، حیزبی، نەریتی و

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئایینییەوە بەرەو کەلتووریکی نەتەوەیی-دێموکراتیکی مودێرن و سێکولار دەمانبا. باسکردن لەم تایبەتمەندییانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی خاوەن خەسڵەت، شوناس، ئامانج و وەزیفەی چارەنووسسازە و ئەم تایبەتمەندییانە لەم دوایی‌یانەدا بە ڕوونی لە بزووتنەوەی ژینادا بەرچاو بوون و بزوێنەری سەرەکیی بزووتنەوەی ژینایە لە کوردستان. ئەم بزووتنەوەیە هێزی خۆی لەو وەرچەرخانە مەدەنییەوە وەردەگرێت کە ناسیونالیزمی کوردی لە دوو دەیەی ڕابردووەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە. ئەم وەرچەرخانە بەرهەمی گۆڕانی جەوهەرییە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتووری و ئایدۆلۆژیکی کۆمەڵگای کوردی کە مۆرکی خۆی لە سروشت و خەسڵەت و ئامانجەکانی خەباتی کوردی داوە. مەیدانی ستراتیژیی خەباتی لە شاخەوە گواستووەتەوە بۆ شار، ئایدۆلۆژیی کوردایەتی لە ئایدۆلۆژییەکی چەپی لاساییکەرەوە گۆڕیوە بۆ ئایدۆلۆژییەکی ناسیونالیستی فرەلایەن-دێموکراتیک و سووژەی ناسیونالیزمی کوردی لە سووژەی ئایدیۆلۆژیکی حیزبییەوە کردووە بە سووژەی ئەقلانی-زانستی کە بەرهەمی زانکۆیە. ئەم وەرچەرخانە ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی‌یە کە ناسیونالیزمی کوردی لە ڕەوتی مێژووییی خۆیدا دەخاتە سەر ڕێڕەوە ڕاستەقینەکەی کە هاوشان دەبێ لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی، مودێرنبوونەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگای کوردی و دێموکراتیک-پلۆرالْ بوونی شوناسی نەتەوەیی کورد.

دەرئەنجام:

بناخەی تیۆریکی ئەم باسە لەسەر ڕوانگەیەک لە هەمبەر ناسیونالیزم دامەزراوە کە ناسیونالیزم بە بەرهەمی مودێرنە دەزانێ، بە تایبەت ناوەڕۆکە ئەقلانی و ڕەخنەگرانەکەی، هەربۆیە بەبێ بنبەست بوونی ئارمان و بەهاجیهانییەکانی مودێرنە و لەدایکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی کە هەم گۆڕەپانی لەدایکبوونی ئەو ئارمان و بەها نوێیانەیە و هەم گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانە لەم سەردەمەدا، ناسیونالیزم تەنیا وەکوو بابەتێکی سیاسیی ڕووت دێتە بەرچاو کە توانای گۆڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی نییە و دەستکەوتەکانی سنووردار و قابیلی لەنێو چوون. دەستپێکردنی قۆناغی ناسیونالیزمی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ دروستیی ئەم بناخە تیۆریکە کە هەم هێزە سیاسییەکان و هەم دەستەبژێر و ڕۆشنبیرانی کورد دەبێ بەباشی دەرک بە گرینگیی ئەم قۆناغە بکەن و تەواوی هێزی خۆیان یەک بخەن بۆ بەهێزکردنی ئەم پرۆسەیە. ئەوەی لێرەدا گرینگییەکی لەڕادەبەدەری بۆ ئەم باسەمان هەیە، ئەوەیە کە تاقە هێزێک کە لەم دۆخەی ئێستادا دەتوانێ بەسەر ئەو بەربەستە کەلتووری و کۆمەڵایەتییانەدا سەر کەوێ، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەرانسەریی ناسیونالیستی بخولقێنێ و شوناسێکی نەتەوەیی دێموکراتیک-پلۆرال بەرهەم بێنێ و یەکپارچەیی بە شوناس، کەلتوور و سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردی ببەخشێ، کۆمەڵگای مەدەنییە. لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی مەدەنی کە نەتەوە لە هەناویدا لەدایک دەبێ، لەم پەیوەندییەدا نەتەوە هیچ نییە جگە لە بە سیاسی بوونەوەی خواست و ویستی بەکۆمەڵی تاکەکانی کۆمەڵگا، کە بەهاکان و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگا بە بنەما دەگرن و لە ئاکامدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری

دەخولقێنێ کە جڵەوی ئەم خواستانە دەکات و خۆی بەختی بەدیهێنانی ئامانجەکانی مسۆگەر دەکا و چیدی خولانەوە لەناو بازنەی بەتاڵی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی ناسیونالیزمی کوردی دووپات ناکاتەوە. ڕێگای سەرکەوتنی بزووتنەوەی ژینا لە بەهێزکردن و ڕاهێنانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە تێپەڕ دەبێ. کۆمەڵگای مەدەنی ئەو مەڵبەندەیە کە تێیدا بزووتنەوەی ژینا لەدایک دەبێ و بەرهەمی ئەو دابڕانە گەورەیە لە ڕەوتی خەباتی کوردیدا، کە ئەم خەباتەی لە قۆناغی حیزبییەوە گواستووەتەوە بۆ قۆناغی مەدەنی. بزووتنەوەی ژینا لووتکەی لەدایکبوونی نەتەوەیە، و پەیدا بوونی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستییە بۆ ناسیونالیزمی کوردی و سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیی ناسیونالیستی. ئەوەی لەم نووسراوە کورتەدا باس کرا، تەنیا دەرخستنی سیمای ئەم قۆناغە بوو لە ڕەوتی گەشەی ناسیونالیزمی کوردیدا کە قۆناغێکی چارەنووسسازە و دەتوانێ ناسیونالیزمی کوردی لەو بێڕێسایی‌یە مێژوویی‌یەی خۆی ڕزگار بکا، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ دەتوانێ هەوێنی ڕزگاری و نوێبوونەوە بێ، تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ئاستی تێگەیشتن و دەرک پێکردنی ئێمە لەم قۆناغە و کردار و گوتاری ئێمە لێرە و ئێستادا. هەرچەند کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دوو لەمپەری گەورەی لە پێشدایە، یەکەمیان پاشماوەی کەلتووری خێڵەکی، ناوچەیی و پیاوسالاری و بە گشتی گەشەنەسەندوویی پێکهاتەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییە کە هاوشان لەگەڵ زەخت و سەرکوتی دەسەڵاتی سەردەست و ستراتێژییەکانی سەردەست بۆ هێشتنەوەی ئەم گەشەنەسەندوویی‌یە لە ڕێگەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتییەوە کە هەوڵی بە خێڵەکی کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی و بەهێزکردنی سەلەفییەت و بە کەلتووری کردنی پرسی کورد دەدا، گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵات بەرتەسک دەکەنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە حیزبی کوردیش لەم گەشەنەسەندوویی‌یەی کۆمەڵگای کوردی گوڕوتین وەردەگرت و لەسەر مانەوە و هەمیشەیی کردنەوەی کەلتووری ناوچەگەری، پیاوسالاری و ئەقڵانییەتی نەریتی و ئایینی دەژی و بە هۆی ئەوەی ستراتێژیی سەرەکیی حیزبی کوردی کۆکردنەوەی جەماوەرە، هیچ کات بە شێوەی بنەڕەتی هەوڵی پەلامارادانی ئەم بەربەستە کەلتووری و کۆمەڵایەتییانە لە پێش ناسیونالیزمی کوردی نادات. لەم بارودۆخەدا بە پلەی یەکەم ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی حیزبی کوردی بۆ ئەوەی بتوانێ نوێنەرایەتیی سیاسیی ئەم گۆڕانە گەورەیە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا بکا و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێ. نوێکردنەوەی خۆیەتی لە سێ ئاستی ئامانج، ئامراز و گوتاردا. حیزبی کوردی ئێستا لەم سێ ئاستەدا لە قۆناغی حیزبی سیاسیدا دەژی و پێویستە بە پێی بارودۆخی نوێی قۆناغی مەدەنیی ناسیونالیزمی کوردی، لە هەر سێ ئاستی ناوبراودا خۆی نوێ بکاتەوە. حیزبی کوردی لە قۆناغی مەدەنیی ناسیونالیزمی کوردیدا ڕۆڵی پێشەنگی خۆی لە دەست داوە و وەکوو قۆناغی حیزبی/سیاسی چی دیکە بزوێنەری پشتی ڕووداوەکان نییە و هەروەها تێگەیشتنێکی دروستی لەم گۆڕانە گەورە کەلتووری-کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای کوردی نییە. حیزب بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێ، دەبێ سەرەتا خۆی نوێ بکاتەوە و دواتر کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو مەڵبەندی ئەم وەرچەرخانە بە فەرمی بناسێ و تواناکانی خۆی بۆ بەهێزکردنی خەباتی شار و

هەڵبژاردەی کێبڕکێ

کۆمەڵـــگای مەدەنـــی بخاتـــە گـــەڕ، ئەگینا تـــــووشی لەتبوون و لـــەنـــــاوچوون دەبێت.

سەرچاوەکان:

کـۆچێرا، کـریس(١٩٩٨) بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێـــــــــڕ: ئیبـــــــــراهیم یوونســـی

Anderson, B. (٢٠٠٦). Imagined Communities. London: Verso.

Burchell G (١٩٩١) Peculiar interests: Civil society and governing 'the system of natural liberty'. In: Burchell G, Gordon C, Miller P (eds) The Foucault Effect: Studies in Governmentality, Chicago: University of Chicago Press.

Cohen, J. and Arato, A. (١٩٩٢) Civil Society and Political Theory. Cambridge, Massachusetts: MIT Press

Gramsci, G. (١٩٧١) Prison Notebooks. New York: International Publishers, and Anderson, P. (November ١٩٧٦–January ١٩٧٧) 'The Antinomies of Antonio Gramsci', New Left Review

Gaston Bachelard, The Formation of the Scientific Mind: A Contribution to a Psychoanalysis of Objective Knowledge, Beacon Press, ١٩٨٦

Jacques Derrida, Copy, Archive, Signature: A Conversation on Photography, edited with an introduction by Gerhard Richter, translated by Jeff Fort (Stanford: Stanford University Press, ٢٠١٠)

Kedourie, Elie (١٩٦٠), Nationalism, Edition, ٢, revised; Publisher, Hutchinson.

sharabi, hisham (٢٠٠٧), Embers and ashes: memories of an Arab intellectual, publisher: Interlink Books.

Vali, abbas(١٩٩٨), The Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and Fragmented Politics, Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East.

هەواڵنامەی کتێب



“ تیۆری ”

«کاخ سراسر آینه»

پدرام بالداری

استاد و عضو هیئت علمی دانشکده هنر و دیزاین دانشگاه میشیگان ان آربر

حوزه کاری: هنر، دیزاین و عدالت اجتماعی در بستر استعمارزدایی

همه‌ی کتاب

اما آنچه برای این نوشته اهمیت دارد این مساله اساسی است که از سرآغاز برساخت ناسیونالیسم ایرانی بخش بزرگی از ملت های این جغرافیا را از شاکله خود طرد و از اساس دیگری پنداشته است. ناسیونالیسم ایرانی پایه های های خود را بر اساس یک دولت، یک ملت و یک زبان ساخت و حول سیاستی مشخص برپا کرد. این سیاست با پرژینیزاسیون یا فارسیزه سازی تمامی شناسه‌های هویت تاریخی، سیاسی، اقتصادی، اجتماعی، آموزشی و فرهنگی برساختی به نام ایران صورت بندی شده است. درواقع با خود اورینتالیسم پارسی، سیستم اپیستمیک خود را بر پایه منزه و سره سازی برای ساختن نوعی فارسیزم آرمانی پایه نهاد.

پدرام بالداری، متولد شهر سنه (سنندج)،استاد و هیئت علمی دانشگاه میشیگان، امریکا، دانشکده هنر و دیزاین است. او در زمینه تقاطع هنر-دیزاین با حوزه عدالت اجتماعی و استعمار تدریس و فعالیت می کند. فعالیت حرفه ای و آکادمیک او بر تداخل پراکسیس هنری با گفتمانهای استعمارستیز استوار است که در قالب پروژه‌های مشارکتی با متخصصین حوزه هایی از قبیل علوم داده، الکترونیک، زمین شناسی، محیط زیست، انسان شناسی و علوم سیاسی تعریف و اجرا می شوند.

۱ شرح یک انقلاب

یوو امپراطور سرزمین شیا به کمک ساحر اعظم کاخی خارق العاده ساخت که تماما از جنس آینه‌هایی جادویی بود. تمامی بیرون و درون، همه دیوارها و سطوح کاخ از آینه‌های درخشان جادویی بودند که با تمام توان تنها در خدمت خواست امپراطور و پس از او جانشینانش باشند. بجز امپراطور تمامی افراد، بندگان و رعایا به محض خیره شدن به آینه‌ها تصویرشان رخت برمی بست و جایش را به آن ایماژی که امپراطور برایشان مقرر کرده بود می داد. به زودی عماراتی چنین در تمامی دهات و شهرها و دورافتاده ترین نقاط ساخته شد و به دستور امپراطور حتی اطفال را نیز برای بازدید از این ساختمانهای چشمنواز و حیرت انگیز می بردند. دیگر کسی در کل امپراطوری نمانده بود که از ظواهر، وجنات و هویت واقعی خودش آگاهی داشته باشد. ماهیت، ذات و خواست تمامی ساکنین این امپراطوری با آنچه که خواست این سلسله بود به تمامی درهم تنیده شد. بدین سان امپراطوری شیا فرمانروایی خود را حتی در حیطه امید، خیال و آرزوی مردمانش کاملا گسترانده و قدرتش را در تاروپود وجود تک تکشان دواند.

ســـەرەڕای ئەمەش، لە ماوەی ســـەدەی ڕابـــردووداو، دەســـەلاتدارانی ئێـــران، سیاســـەتی جۆراوجۆریـــان بەکار هێنـــاوە بۆ ئاســـمیلەکردن و تەســـلیم بوونی کـــورد بە ناســـنامەی نەتـــەوەی زاڵ. گەلـــی کورد لـــە ئێـــران، هەروەکوو کورد لـــە تورکیـــا، عێراق و ســـوریا، بە هۆی سیاســـەتەکانی دەوڵەت–نەتەوە و بۆ یەکدەســـتکردن و ئینکاری و لەناوبردنی شـــوناس و دابونەریـــت و زمانی کوردییـــەوە، زیانێکی بێئەندازەی بەرکەوتـــووە. بەدرێژاییی مێژووی نـــوێ، ڕۆژهەلاتی کوردســـتان بە تەناهیترین ناوچە لـــە ئێراندا ئاماژەی پێ دەکرێت و ناســـنامەی سیاســـی و نەتەوەیی کورد لەلایـــەن دەســـەلاتەوە لە ئێران وەک هەڕەشـــەیەک بـــۆ ســـەر یەکپارچەییـــی عـــەرز لە ولات ســـەیر دەکرێت. ئـــەم ڕوانگەیە لەلایـــەن ڕێژیمە جیاجیاکانی ئێرانـــەوە، وەکـــوو پاســـاو بـــۆ میلیتاریزەکردنـــی کوردســـتان، گرتن و گۆشـــەگیرکردن، لەسێدارەدانی چالاکانـــی سیاســـی و مەدەنیـــی کـــورد بـــەکار هێناوە. میلیتاریزەکردنی سیســـتماتیکی کوردســـتان و بەتەناهیکردنـــی شـــوناس و دابونەریـــت و زمانی کوردی، لـــە ســـەردەمی دەســـەلاتی دوو پەهلەویدا (١٩٢٥-١٩٧٩) دەســـتی پـــێ کـــردووە و لەلایەن کۆماری ئیســـلامیی ئێرانـــەوە درێژەی پێـــدراوە [٧]. لـــە مەزنترین بەرخۆدانی کوردان لـــە ڕۆژهەلات دژی بەفارســـیکردنی ناسنامەیان لە ســـەرەتاکانی سەدەی بیســـتەمدا دەکرێ ئامـــاژە بدرێت بـــە ڕاپەڕینەکانی ئیســـماعیل ئاغای شکاک /ســـمکۆ (١٩١٨-١٩٣٠) [٨] و، دواتـــر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردســـتان بە ڕێبەریی قازی محەممەد، لە ســـاڵی ١٩٤٦دا، کـــە ناوەندەکەی شـــاری مەهاباد بوو. بەڵام کۆماری کوردســـتان دوای یـــازدە مانگ و لـــە دەرئەنجامی هێرشـــی درندانەی ســـوپای ئێران بۆ ســـەر کوردستان و، لەســـێدارەدانی قازی محەممـــەد و دەیان ســـەرکردەی دیکەی کورد کۆتایی پێ هات. ســـەرەڕای تەمەنـــی کورتی کۆمار، ئەم دامـــەزراوە کوردییە جێ پەنجەی لـــە پێکهاتنی شوناســـی نەتەوەیی کورد لـــە ڕۆژهەلاتدا زۆر ڕەنگین بـــووە [٩] و بووەتە بەشـــێکی دانەبڕاو لـــە یادەوەری و گێڕانەوەی بەکۆمەڵـــی (collective memory and popular narrative) کـــورد بـــۆ ڕزگاریی نەتەوەیـــی، هەروەکوو دەیڤید ڕۆمانـــۆ دەڵێت: "کۆمار لە ناخی کـــوردا ئیـــرادە و توانـــای خۆبەڕێوەبردنی بـــە زەقـــی و زیندوویـــی هێشـــتووەتەوە" [١٠]. کورد لـــە ڕۆژهـــەلات بەشـــداریی چالاکانـــەی لە شۆڕشـــی گەلانی ئێران لە ســـاڵی ١٩٧٩ دا هەبوو و،

ڕووخانی ڕێژیمـــی پەهلەوی لەلایەن کـــوردەوە وەک دەرفەتێکـــی ئومێدبەخـــش و زێڕین بۆ دەســـتپێکی پەیوەندییەکی ئاشـــتییانە لەگـــەڵ حکومەتی ناوەندی و دابینکردنی ســـەربەخۆیی سیاســـی و کولتووری بۆ کورد ســـەیر دەکرا. بـــەڵام بەداخەوە بـــۆ کوردەکان، لەلایەکەوە کاردانەوەی تووندوتیژیی ڕێژیمی ئیســـلامی بەرانبەر بە خواســـتەکانیان بـــۆ ئۆتۆنۆمی و لەلایەکی دیکـــەوە دژایەتیی کـــورد بەرانبەر بە دەســـەڵات و بەهاکانی ڕێژیمی تـــازە دامەزراوی ئیســـلامی، بوون بـــە هـــۆکاری پیکـــدادان و زیاتـــر میلیتاریزەکردن و بەتەناهیکردنـــی خـــاک و ژیـــان لـــە ڕۆژهەڵاتدا. بـــۆ وێنە لـــە کاتێکـــدا کـــوردەکان لە ئێـــران لە ســـەدا ١٢ بۆ ١٥ی دانیشـــتووانی ئـــەو وڵاتە پێک دەهێنـــن [١١]، لە دەیەکانی ڕابـــردوودا، بەپێی ڕاپۆرتە جیاوازەکانـــی "ڕاپۆرتـــەری تایبەتیـــی ڕێکخراوی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بۆ ڕەوشـــی مافـــی مرۆڤ لە ئێرانـــدا"، نزیکەی لـــە نیوە زیاتـــری زیندانییانی سیاســـی و ئێعدامـــەکان لـــە ئێراندا پێـــک هاتووە لـــە چالاکانـــی سیاســـی، کولتـــووری، ژینگەپارێزی و ئایینیـــی کـــورد. گۆشـــەگیری و لەســـێدارەدانی چالاکانی سیاســـی و مەدەنیی کورد، میلیتاریزەکردنی بەرفراوانی کوردستان، بەئەنقەســـت گەشە پێنەکردنی کوردســـتان و تێکدانی ژینگەی مرۆیی و سروشـــتی و تالانکردنی ســـامانە سروشـــتییەکانی، لەو ڕێوشوێنانەن کە ڕێژیمی ئیســـلامی لە شـــەڕی دژی کورد بەکاری هێنـــاوە [١٢]. بەڵام لایەنێکی دیکەی شـــەڕی کۆماری ئیســـلامی دژی کـــورد لـــە ڕۆژهەڵات هێرشـــێکی بێدەنگە بـــۆ بەئامانـــج گرتنی ناســـنامەی نەتەوەیی و دابونەریتـــی کـــورد و تێکدانـــی یەکگرتوویـــی کۆمەڵایەتـــی لە کوردســـتاندا. لە کاتێکـــدا نموونەی یەکـــەم کـــە ئامـــاژەی پێکـــراوە، بە جۆرێـــک، بە بەرچاوی جیهانی دەوروبـــەردا ڕووی داوە، نموونەگەلی دووهـــەم کە دەتوانرێت وەک شـــەڕی دەروونی و نەرم ئاماژەیان پـــێ بکرێت، کە لـــە چوارچێوەیەکی جیاواز و شـــاراوە لە ســـەرنجی ڕەخنەگراندا بەڕێوە دەچێت. لـــە کاتێکدا مللانێی ئێســـتای دەوڵـــەت و کورد لە ئێـــران مێژوویەکی دوورودرێژی هەیـــە و، دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم، ســـەرنجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ســـنووردارە بە چوار دەیـــەی ڕابردوو و ســـەردەمی پەیوەندییەکانی کورد و دەوڵەت لە ئێرانی دوای ســـەردەمی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەســـتی کەمکردنـــەوەی کاریگەریی وێرانکەرەکانـــی هێرشـــە ســـەربازییەکانی ڕێژیمـــی کۆماری ئیســـلامیی ئێران بۆ ســـەر ڕۆژهـــەڵات نییە کـــە بووەتە هـــۆی کوژرانـــی دەیان هـــەزار کەس و وێرانکاری و زیانـــی ماددیی بەرفـــراوان، بەڵکو هەوڵ دەدات تیشـــک بخاتـــە ســـەر لایەنگەلێـــک کە لەم لێکۆڵینەوەیـــەدا وەکـــوو "لێدانی بێدەنـــگ" ئاماژەی پێ دەکرێـــت. هەروەک لـــە خوارەوە ئامـــاژەی پێ دەکـــەم، ئەمە دەکـــرێ وەک شـــەڕێکی دەروونی و نەرم کە بەســـەر کـــوردا ســـەپێنراوە و ئامانج لێی تێکدانـــی ناســـنامە و یەکگرتووییـــی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کـــوردە، هەوڵ بۆ ناوزرانـــدن و لەناوبردنی وەرە و مۆراڵی کـــورد لە ڕۆژهـــەڵات دەدات. بەو پێیە پاراســـتن، بەرەوپێشـــبردنی شـــوناس و دابونەریت و زمانـــی نەتەوەییـــی کـــورد ســـەرەکیترین ئەرکی بزووتنـــەوەی نەتەوەییـــی کورد بـــووە، ڕێژیم هەوڵی داوە لـــە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کولتـــووری جەماوەری (popular culture)، وەشـــاندن و بەرنامـــەی تەلەڤزیۆنـــی، ســـینەما و ... هتد، ناســـنامەی کوردی بچـــووک، ناشـــیرین و دواکەوتـــوو وێنا بـــکات. بۆ نموونـــە فیلمە ئێرانییـــەکان ســـاڵانێکی زۆرە هەوڵی ئەوە دەدەن کە وێنەیەکی ناشـــیرین و دێوەزمەئاســـا (بەتایبەتـــی لە پیاوی کورد) پیشـــان بـــدەن و کورد وەک نەتەوەیەکـــی تووندئاژۆ، دواکەوتوو و ناشارســـتانی بە نەتەوەکانـــی تری ئێران بناســـێنێت. جگە لەوەش، لە ڕێگەی بەکرێگرتن و بەکارهینانی جاشـــەوە، ڕێژیم هەوڵی نانـــەوەی دووبەرەکی لەنێـــو کوردەکاندا داوە. بەدرێژاییـــی مێـــژوو، ئامێرەکانی وەشـــاندن، چاپ و فۆرمـــە نوێیەکانی تۆرەکانی میدیایـــی (کۆمەڵایەتی)، ڕۆڵێکی گرنگیـــان لە بڵاوکردنەوەی زانســـت، زانیاری و کولتـــووری باودا هەبـــووە. بەڵام ئـــەم پلاتفۆرمانە هەروەهـــا لەلایـــەن دامەزراوەکانـــی دەوڵـــەت – نەتەوەکانـــەوە (بـــۆ نموونە سیســـتەمی پـــەروەردە، ســـەربازی و دەزگا هەواڵگرییـــەکان) بە مەبەســـتی پڕوپاگەندە و بەهێزکردن و/یان ســـەپاندنی هەســـتی نەتەوایەتیـــی یەکدەســـت لەنێو دانیشـــتووانەکەیاندا بـــەکار هێنـــراوە. هەروەها ئـــەم میدیایانـــە ڕۆڵێکی گرنگیـــان لـــە مللانـــێ و کێبرکێیـــە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانـــدا بینیوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ڕێکخراوە نادەوڵەتییـــەکان (non-state organisations) توانیویانە ســـوود لە شـــیوازی وەشـــاندن و میدیای نـــوێ وەربگرن لـــە بەرەوپێشـــبردنی دۆخ و ئامانجی خۆیانـــدا [١٣]. ڕێکخـــراوە پێشـــەنگەکانی بزووتنەوەی کوردی بەشـــێوەیەکی سیســـتماتیک ئەو میدیایانەیان بەکار هێنـــاوە، پارتی کرێکارانی کوردســـتان(پ.ک.ک)

نموونەیەکی سەرکەوتوو بووە لەو بارەدا. مێد-تیڤی (MED-TV)، یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنیی مانگی دەستکردی بە زمانی کوردی (و لەوانەیە یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنیی مانگی دەستکردی بەرچاو بێت کە گەلێکی بێدەوڵەت و چەوساوە بووبێت بە خاوەنی)، لە ساڵی ١٩٩٤ لە ئەورووپا دامەزراوە و لەلایەن کۆمیسیۆنی سەربەخۆی تەلەفزیۆنی بەریتانیاوە (Britain's Independent Television Commission) مۆڵەتی وەشانی پێدراوە، ئامرازێکی بەهێز بوو لە پێشخستنی شوناسی نەتەوەیی و دابونەریتی کورددا، و تەحەدایەک بوو لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان [١٤]. بە وتەی حەسەنپوور، ''رۆژانە مێد-تیڤی لەسەر نزیکەی دوو ملیۆن مااڵدا ئااڵی کورد بەرز دەکاتەوە. ئاشکرایە تورکیا لەگەڵ هەر سێلێکی مانگی دەستکرد وەک ئااڵیەکی کوردستان کە لەسەربانی هەموو بینایەک لە [باکووری کوردستان] هەڵکراوە، مامەڵە دەکات'' [١٥].

کۆماری ئیسلامی و لێدانی بێدەنگ (inaudible assault)

بەدرێژاییی میژووی ٤٤ ساڵەی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات زیندووترین و تواناترین هێزی دژبەر و بەرەنگاربووی ئەم رێژیمە بووە. لەبەرانبەردا، رێژیم بۆ لێدانی کورددا دەیان جۆر رێوشوێنی بەکار هێناوە. من لێرەدا دەستەواژەی ''دەستدرێژی/لێدانی بێدەنگ (inaudible assault)''م بەکار هێناوە بۆ ئەوەی کە ئاماژە بەوە بکەم کە رێژیم شەڕێکی دەروونیی سیستماتیک و بێبەزەییانە دژ بە کوردی رۆژهەڵات بەڕێوە دەبات بەبێ ئەوەی سەرنجی لێکۆڵەرەوان و رەخنەگران بۆلای خۆی رابکێشێت. یەکەم دژواری لە ئەنجامدانی ئەم تویژینەوەیەدا پەیوەندی بە دۆزینەوەی داتای رەسەن و شێکاریی لاوەکییەوە هەیە، جا چ بە زمانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکەی ئەورووپی بێت. هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا، ئەم کەماسییە پێوەندیی زۆری بە دژواریی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و کاری زانستی لەسەر کورد لە رۆژهەڵات هەیە. سەرەڕای ئەم دژواری و بەربەستانەش، کۆمەڵێک سەرچاوەی بەسوود لەبەردەستدان. لەم ساڵانەی دواییدا ژورنااڵی دوو زمانەی کوردی-فارسیی گۆڤاری تیشک بووەتە سەکۆیەکی فیکریی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانە و زانستی لەسەر کۆمەڵێک بابەت و تەوەر وەکوو؛ ژینگە، میدیا، پەیوەندییەکانی کورد و دەوڵەت لە رواڵەتی کۆلۆنیالیزمەوە، بەتەناهیکردنی کۆمەڵگای کوردی و، ئابووری سیاسیی کوردستان و ... هتد. گۆڤاری تیشک گۆڤارێکی قازانجنەویستە (non-profit journal) کە لە لایەن کوردانی رۆژهەڵات، لە تاراوگە و کوردستانی باشوورەوە بەرهەم دەهێنرێت و بااڵو دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوشدا، زۆرێک لە بابەتەکان لەلایەن نووسەران بە ناوی خوازراوەوە لە ناوخۆی رۆژهەڵات نووسراون. گۆڤارەکە هەنگاوێکی پڕ دەستکەوت بووە لە پڕکردنەوەی کەلێن و کەمیی بااڵوکراوە لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو سەرچاوانەی دیکە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، بریتین لە بااڤۆک و بااڵوکراوەی ئۆنااین، ناوەرۆکی سۆشیال میدیا (بۆ وێنە پۆستی فەیسبووک)، کورتە وتار و ... هتد. دەزگا و وەشاندنی دەوڵەتی لە ئێران ناسراو بە ''رێکخراوی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران'' (سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران) لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک بۆ هێرشکردنە سەر ناسنامە، کولتوور و زمانی نەتەوە غەیرەفارسەکان بەکار دەهێنرێت. بۆ وێنە، لە سەرەتای قۆناغی دوای شۆڕش، هاوکات لەگەڵ هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان، رێکخراوی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران و رۆژنامە و بااڵوکراوە حکومەتییەکان هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ سەر گەلی کورد و بزووتنەوەکەیان لە رۆژهەڵات دەستی پێ کرد کە لە ئەنجامدا نارەزایەتی و ئیدانەکردنی کوردانی لێ کەوتەوە. سەرچاوەیەکی دیکەی داتا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو ماتریااڵنەن کە لەلایەن پلاتفۆرم و میدیایەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە بەرهەم هێنراون و بااڵو کراونەتەوە کە پێوەندیان بە کورد (دابونەریت، ناسنامە و کۆمەڵگای کوردی)یەوە هەیە و دەرخەری رواڵەتی دەوڵەت و نەتەوەی بااڵدەستە لەسەر کورد. ئەمانە بریتین لە بەڵگەفیلم، دراما، زنجیرە تەلەفزیۆنی، فیلم و جۆرەکانی تری وەشاندن کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی کولتووریی باودا ئاماژەی پێ بدرێت. ئەم بەشە پێوەندی بە چەمکسازیی دەستدرێژی و لێدانی بێدەنگیی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردی رۆژهەڵات بە چاویلکەی شەڕی دەروونییەوە هەیە. بە سوودوەرگرتن لە بیرۆکەی چارترز (Charters)

هەواڵنامەی تیشک

[۱۶] دەکرێ بڵێین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی بەردەوامی تووندوتیژیی دەروونی دژی کوردی ڕۆژهەڵات پەیڕەو دەکات، بە ئامانجی هەڕەشەلێکردن، تۆقاندن، ستووکایەتیکردن، داماڵین و داڕماندنی مۆراڵ و گۆشەگیرکردنی کۆمەڵگای کوردی. شەڕی دەروونی (Psychological warfare)، وەک چوارچێوەیەکی چەمکی و تیۆریک، ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆر سەبارەت بەمە دەدات کە بۆچی و چۆن دەوڵەتان پشت بە بەکارهێنانی ڕێوشوێنی دەروونی دەبەستن لە شەڕ و بەربەرەکانێی خۆیان دژی دەوڵەتانی دیکە یان لە چوارچێوەی کێشە ناوخۆییەکاندا. پۆڵ لاینبارگەر (Paul Linebarger)، زانایەکی پێشەنگ لە تیۆریزەکردنی شەڕی دەروونیدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ''نە شەڕ و نە دەروونناسی بابەتێکی نوێ نییە [۱۷]. هەر یەکەیان بەقەد مێژووی مرۆڤایەتی تەمەنیان هەیە''. بەپێی ئەم ستراتیژییە، ''باشترین سەرکەوتن لە شەڕدا بە لەناوبردنی ئیرادەی دوژمنە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەدەست دێت و، بە لەدەستدانی کەمترین توانای شەڕکردنی لایەنی هێرشبەر'' [۱۸]. شەڕی دەروونی بە شەڕێکی نابا (unconventional war) پۆلێنبەندی دەکرێت، کە بەکارهێنانی زانستی دەروونناسی وەک سەرەکیترین ئامرازی ئەم شەڕە سەیر دەکرێت. ئەم جۆرە شەڕانە لە پڕۆسەیەکی تونند و ئاڵۆز و بەردەوام پێک هاتووە، بۆ بێهێزکردنی دوژمن. ئەم جۆرە شەڕانە هەروەها بە شەڕی ''دڵ و دەروون'' یان ''شەڕی بیر و ڕۆح'' ناوزەد کراوە [۱۹]. لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە لە شەڕی دەروونی بواڕێکی تووێژینەوەی هاوچەرخە، مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە نموونەی بێژماری ئەم جۆرە شەڕە، کە بە مەبەستی شکاندنی هێڵی دوژمن و سەرکەوتن لە شەڕەکاندا بەکار هێنراوە. ستراتیژیی سەربازیی زۆر کاریگەر کە پێکهاتەی دەروونیی سەرەکییان هەیە لەلایەن ئیمپراتۆرییە زلهێزەکانەوە وەک ڕۆمای کۆن و مەغۆلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئیمپراتۆرییەتەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپیی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە چڕوپڕی بەکار هێنراون. لە مێژووی هاوچەرخدا، لە کاتی جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی و جەنگی ڤێتنامدا، شەڕی دەروونی بە چڕی لەلایەن بەشداربووانی ئەم شەڕانەوە بەکار هێنراون [۲۰]. بۆ نموونە، وەک لاینبارگەر ئاماژەی پێ دەدات ''لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، شەڕی دەروونی لە کەرەستەیەکی کەمبایەخەوە گۆزرایەوە بۆ ئامرازێکی سەربازیی گرنگ و کارتێکەر و، دواتر تەنانەت وەک ئەو چەکەی ئاماژەی پێدرا کە لە شەڕەکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا'' [۲۱]. شەڕی دەروونیی مۆدێرن بەشێوەیەکی سیستەماتیک و پلاندارێژراو زانستی دەروونناسیی مۆدێرن و تەکنەلۆژیا و میدیای جەماوەری و سۆشیال میدیای وەک شێوازی گرنگی جێبەجێکردن و بەئامانج گەیاندنی ئەم شەڕە بەکار هێناوە. شەڕی دەروونی، بەپێچەوانەی شەڕی سەربازی، جۆرێکە لە هێزی نەرم کە لە زۆر حاڵەتدا تووندوتیژی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و نادیار بۆ ترساندن و دروستکردنی دووڵی و سەرلێشێواوی بەکار دەهێنێت. چالاکیی پلان بۆدارێژراوی دەروونی وەک پڕوپاگەندە و چەواشەکردن و بێڕێزی بە دابونەریت و هەست و ڕەفتاری بینەری ئامانجدار بەکار دەهێنرێن، یان بە ئامانجی گۆڕینی هەڵوێست و ڕەفتاری دوژمن. ئەم جۆرە شەڕە بۆ بەئامانج گرتنی عەقڵییەت و ڕەفتاری ئامانجەکەی هەوڵی بەدەستهێنانی سێ شتی هەیە: ئا) لاوازکردنی ئیرادەی نەیار بە دابەزاندنی وڕەو و کەمکردنەوەی کارایی بە دروستکردنی گومان و ناتەبایی و نارەزایی؛ ب) خۆ بەدۆست وێناکردن لەلای ئامانجەکەی؛ و س) بەدەستهێنانی پشتگیریی کەسانی دووڵ لە ڕیزی کۆمەڵگەی بەئامانجگیراودا. پڕوپاگەندە سەرەکیترین ئامرازی شەڕی دەروونییە و وەکوو ئامرازی ''قەناعەت پێکردن بە ڕێگەی ناتووندوتیژ'' وەسف دەکرێت [۲۲]. ئامانج لە پڕوپاگەندە گۆڕین و چەواشەکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەیەکی بەئامانجکراوی دیاری کراوە. بەپێچەوانەی تووندوتیژیی ڕاستەوخۆ کە دەرئەنجامە تێکدەرانەکانی لەبەرچاودان و ئامانجی گۆڕینی زۆرەملێی هەڵسوکەوتەکانە، پڕوپاگەندە ئامانجی هەمان شتە، بەڵام لە ڕێگەی باوەڕ پێهێنان و قایلکردنەوە. پڕوپاگەندە پێک دێت لە بەکارهێنانی پلان بۆدارێژراوی هەر جۆرە ئامراز و ڕێکارێک بۆ دانانی کاریگەری لەسەر دەروون و هەست و کردەی گرووپێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و گوفتار و کرداری گرووپی بەئامانج کراوەوە [۲۳]. پڕوپاگەندەی سیستماتیک، لەلایەن دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە بۆ شکۆمەندکردنی سەرکردەکانیان

و ناشیرین نیشـــاندانی(بەدیۆمەکردنی) دوژمنەکانیان بـــەکار دێـــن [۲۴]. بە وتـــەی جۆویـــت و ئۆدۆنێل (Jowett and O'Donnell) ''شـــەرتی ناسین و دەستنیشـــانکردنی پەیامێـــک وەک پڕوپاگەنـــدە ئەوەیە کـــە ئەم پەیامـــە ئامانجی شـــتێکی نەرێنی و ناشـــیرینە. ئـــەو وشـــانەی کـــە زۆرجـــار وەک هاوواتای پڕوپاگەنـــدە بەکار دەهێنرێـــن، بریتین لە درۆ، چەواشـــەکاری و شێواندنی ڕاســـتییەکان، فێڵ، شـــەڕی دەروونی، مێشک شـــوردنەوە و ... هتد'' [۲۵].

بەکارهێنانـــی پڕوپاگەنـــدە بەشـــێکی دانەبـــڕاو بووە لـــە مێـــژووی مرۆڤایەتی و ســـەرچاوە فەلســـەفی و تیۆرییەکانـــی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ یۆنانـــی کـــۆن. لـــە کۆتاییـــی ســـەدەی نۆزدەهەمدا، پێشـــکەوتن لـــە تەکنەلۆژیـــا، میدیـــا و تەکنەلۆژیاکانـــی تری پەیوەندیکردنـــدا، کاریگەریی پڕوپاگەنـــدەی زۆر زیاد کـــردووە. لـــە دوای ســـاڵی ۱۹۴۵وە پڕوپاگەندە بوو بە چەکێکی ســـەرەکی لـــە ململانێـــی ئایدیۆلۆژیی نێوان ڕۆژهـــەلات و ڕۆژئاوادا. لەگـــەڵ کۆتایی هاتنی شـــەڕی ســـاردا، چالاکییـــە تەبلیغییەکان لەســـەر گۆڕەپانـــی نێودەوڵەتـــی بەردەوام بوون، بەڵام ئێســـتا تێکەڵەیەکـــی زۆر ئاڵۆزترن لە ئایدۆلۆژیا ی سیاســـی و ئایینی و ئابووری [۲۶]. گەشـــەی ئینتەرنێت وای کردووە کـــە پلاتفۆرمە نوێیەکانـــی سۆشـــیال میدیای وەک فەیسبووک، تویتەر، ئینســـتاگرام و یوتیوب و گووگڵ، بتوانن ببنە ســـەرچاوەیەکی بەرچاو و کۆنترۆڵنەکراوی بڵاوکردنـــەوەی زانســـت و زانیاری لە سەرانســـەری جیهانـــدا [۲۷]. هەروەهـــا تەلەفزیۆن بە شـــێوەیەکی بەرفـــراوان بۆ گەیاندنـــی پەیامی مەبەســـتدار بەکار هێنـــراوە. ئەم ئامـــرازە میدیاییانە لەلایـــەن ڕێژیمە خۆســـەپێنەکانەوە بـــۆ بەهێزکردنـــی شـــەرعییەتی خۆیان، بۆ بانگەشـــە و بڵاوکردنـــەوەی گوتاری خۆیان و بڵاوکردنـــەوەی زانیاریـــی درۆ بـــەکار دەهێنرێن. ئەمڕۆ بەکارهێنانی بەربـــڵاوی ئینتەرنێت بووەتە هۆی ئـــەوەی پەیوەندیی زۆر فراوانتر و بەربڵاوتر لە پێشـــوو ڕوو بـــدات، بەڵام لـــە هەمان کاتدا، بـــووە بە ئامرازی زیادبوونـــی بەرچـــاوی بڵاوبوونـــەوەی پڕوپاگەنـــدە، چەواشـــەکاری و هەواڵـــی درۆ (fake news) [۲۸].

لەلایەکی دیکـــەوە پلاتفۆرمەکانی سۆشـــیال میدیاش ڕۆڵێکی ســـەرەکی لە ڕێکخســـتنی نارەزایەتییەکان، دروســـتکردن پەیوەندییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا دەگێڕن. کۆماری ئیســـلامیی ئیران لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵاتدا، شـــەڕی دەروونی و نەرم، و پڕوپاگەنـــدە بـــەکار دەهێنێت. بۆ ئەم مەبەســـتەش میدیا ڕۆڵێکـــی گرنگی بینیوە. ئەم بەشـــەی خوارەوە تیشـــک دەخاتە ســـەر ســـینەما و فیلم و جۆرەکانی تری وەشـــاندنی کولتووری جەماوەری لـــە ئێراندا کە لەم لێکۆڵینەوەیـــەدا وەک ئامرازی گرینگی شـــەڕی دەروونـــی لـــە دژی ناســـنامە و بزووتنـــەوەی کورد لـــە ڕۆژهەڵاتدا ئاماژەیـــان پێ دەکرێـــت. لە ڕێگەی دروســـتکردنی هەزاران پەیـــج و ئەکاونتی ئینتەرنێتی و فەیســـبووک و ئینســـتاگرام و چاودێریکردنی هەموو پلاتفۆرمەکانی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و چەواشـــەکارانە و پڕوپاگەندەوە، دەوڵەتی ئێران شـــەڕێکی دەروونی و نەرمی بەردەوام و چڕوپڕی دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهـــەڵات بەڕێوە دەبات [۲۹].

میدیای ئێـــران وەک ناوەنـــدی پڕوپاگەندە

لە هەر شـــوێنێک ئامـــرازی پەیوەندیکـــردن هەبێت، ئەو ئامـــرازە پۆتانســـیەلی هەیە کە بـــۆ پڕوپاگەندە بەکار بێت. هەڵمەتـــە پڕوپاگەندەییەی هاوچەرخەکان هەموو ئەو ئامرازە ســـەردەمییانە بـــەکار دەهێنن کە لەبەردەستدان: فەیســـبووک و تویتەر و پلاتفۆرمەکانی تری سۆشـــیال میدیـــا بوونەتـــە ئامـــرازی گرنگی پەیوەندیکردن بۆ گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکان لە سەرانســـەری جیهاندا. بێگومان دەستڕاگەیشـــتن بـــە ئامرازە میدیاییـــەکان ئامرازێکی دەســـەڵاتە کە دەتوانرێـــت لە خزمەتی شـــەڕی دەروونیـــدا وەگەڕ بخرێـــت [۳۰]. بزووتنەوە، زمان، کولتوور و ناســـنامەی کـــورد ئامانجـــی ســـەرەکیی هێرشـــی میدیایی لە تورکیـــا، عێـــراق، ســـوریا و هەروەها ئێـــران بووە. نەبوونی میدیایەکی نیشـــتمانی بۆ بەرەوپێشـــبردن و بەرگریکردن لە کورد، وای کـــردووە ئەم میللەتە ببێتە ئامانجێکـــی ئاســـان و بەردەوامی شـــەڕی دەروونی و پڕوپاگەندەیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردســـتان [۳۱]. میدیـــا لـــە ئێرانـــدا، وەک ئامێرێکـــی ئایدیۆلۆژی لەبەردەســـتی دەســـەڵاتدا، خزمەت بە بەرهەمهێنان و ســـەپاندنی دەســـەڵات و بەهاکانـــی پێکهاتـــەی بالادەســـت دەکات. ئـــەم پلاتفۆرمانە بـــە گەیاندنی پەیامـــی خوازراو، پێگەی "ســـووژەکە/ قوربانی" دیاری دەکـــەن. لـــە چوارچێـــوەی دەســـەڵاتی پاوانخواز و ئاوتۆریتـــەی وەک کۆماری ئیســـلامیی ئێراندا، میدیا وەک ئامرازەکانـــی دیکـــە خزمەت بـــە پەرەپێدان و بڵاوکردنـــەوەی بەهـــاکان و هەژموونـــی کولتووریی پێکهاتەی بالادەســـت و چەســـپاندنی ئاسمیلەکردن دەکات [۳۲]. خامنەیـــی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیســـلامیی ئێـــران بە ڕوونـــی ئاماژە بـــەوە دەدات کـــە؛ میدیا

ئامرازێکی گرنگی دەسەڵاتە، کە ئەگەر لە دەستی دوژمندا بێت، دەبێتە ئامرازێکی مەترسیدار، چونکە کاریگەرییەکەی دەتوانێ هاوشێوەی چەکی بایۆلۆژی لە مەیدانی شەڕدا بێت [۳۳]. بە هەمان شێوە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوورییەکانی دیکەی ئێران و سینەما ناتوانرێت بەشێوەیەکی جیاواز و دوور لە ئایدۆلۆژیای دەسەڵات لێک بدرێتەوە. ڕێژیم سەرەڕای کۆنەپەرست بوون، گرنگییەکی زۆری بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سینەما داوە. خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و یەکەمین ڕێبەری باڵای ئەو ڕێژیمە ڕایگەیاند کە پێویستە سینەما وەک ئامرازێک بۆ "پەروەردەکردنی خەڵک بەکار بهێنرێت [۳۴] و هەموو هونەرێک، دەبێ بۆ خزمەتی ئیسلام بەکار بهێنرێت". جا بەم هۆکارەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ئەم دەسەڵاتە ڕوانینێکی تایبەتیی بەرانبەر بە سینەمای ئێرانی هەبوو و گرنگییەکی زۆری پێدا. ئەوەی ڕاستی بێ، فیلمەکان وەک ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندەی دەوڵەت بەکار هاتوون و، ئامانجیان بەدیهێنانی کۆمەڵێک مەبەستی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە؛ بەڕپرسانی ئێران، لەناویاندا وەزیری ئیتلاعاتی پێشووی دەوڵەت، مەحموود عەلەوی، نایشارنەوە کە "ئامانج لە بەکارهێنانی میدیای کاتبەسەر، "پەروەردەکردنی خەڵک" و "پاراستنی کۆمەڵگایە لە سیخوڕی" [دەستێوەردانی کولتووری]" [۳۵]. لێکۆڵینەوە لە سینەمای ئێران ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەمە ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایدیۆلۆژی و پڕوپاگەندەیی، نەک تەنیا سەرچاوەی کاتی خۆش بەسەربردن [۳۶]. لەبەر ئەم هۆکارە زۆرێک لە فیلمەو دراما تەلەفزیۆنییەکانلە ژانێری [۳۷] ئەمنییەتی و سیاسیدا لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە بەرهەمهێنەران و دەرهێنەرانەوە بە سپۆنسەری و تێوەگلانی سپای پاسدارانەوە بەرهەم هێنراون [۳۸]. ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاکە دابینکەری فەرمیی وەشاندنی هەواڵ و فیلم لە ئێرانداو بە چەندین زمانی فارسی، کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی کار دەکات. ئەم ڕێکخراوەیە و لقەکانی سەربەخۆ نین، بەڵکو بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتەوە کونترۆڵ کراون. ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە وەک میدیایەکی بەهێز بۆ بە دەرخوارددانی مێژووی چەواشەکراو و هەواڵی ناڕاست بەکار هێنراوە [۳۹]. دژایەتیی جەماوەری ئێران بەرانبەر بەم ڕێکخراوەیە گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز و بەشێک لە ئێرانییەکان وەک ڕێکخراوی "شەرمەزاریی خەڵک" سەیری دەکەن [۴۰]. بەپێی زانیارییەکان، لە دەیەی ڕابردوودا ئەم ڕێکخراوەیە دانپێدانانی زۆرەملێی لە لانیکەم ۳۵۵ کەس بڵاو کردووەتەوە و، وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی نارەزاییەتییەکان و ترساندنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بەکار هاتووە [۴۱]. ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری وەک ئۆرگانێکی سەرکوتکردنی دەوڵەت، بەکار دەهێنێت. ئەم ڕێکخراوەیە "وەک ناوەندێکی میدیایی کار دەکات کە تۆڕێکی فراوانی ڕێکخراوە ئەمنییەکان، هەواڵگری، سەربازی و دادوەرییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە". هاوکاریی نزیکی ئەم ڕێکخراوەیە لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران بووەتە هۆی بەشداریکردنی لە شەڕی نەرم دژی نەیارانی ڕێژیم. ڕاپۆرتێک کە لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ (FIDH) و ڕێکخراوی دادپەروەری بۆ ئێران (JFI) ئامادە و بڵاو کراوەتەوە، ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک "ئامرازێک بۆ بێدەنگکردن، شەرمەزارکردن، وەکوو دێوەزمە نیشاندان، سووکایەتیکردن، ترساندن، سزادان و تەنانەت ئەشکەنجەدانی دەستگیرکراوان، هاوکاریی پۆلیس و هەواڵگری و، وەکوو چەکی سەربازیی دەوڵەت ناوزەد دەکات" [۴۲]. هاوکات لەگەڵ دژبەرانی دیکەی سیاستەکانی ڕێژیم، پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەیە غەیرەفارس و غەیرەشیعەکان لە ئێراندا، قوربانیی سەرەکیی دانپێدانانی زۆرەملێ و تۆمەتە چەواشەکارییەکانی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. چالاکانی ئەم پێکهاتانە بەزۆری بە جودابیخواز، تووندڕەو و تیرۆریست ناوزەد دەکرێن. بۆ نموونە کورد بە درندە، دواکەوتوو، کۆمۆنیست و تیرۆریست ناوزەد دەکرێ؛ عەرەب وەک تیرۆریست، تەوزل و تووندوتیژیکەر و ئیسلامیی تووندڕەو وێنا دەکرێ؛ و ئازەرییەکان بە هەمان شێوە وەک گەمژە، خۆپەرست و شۆڤێنیست نیشان دەدرێن [۴۳]. چالاکانی سیاسیی کورد، ژینگەپارێزان و ئەندامانی ئاساییی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لە قوربانییەکانی ئەم ڕێکخراوەیەن. دۆسیەی زانیار

و لۆقمان مـــورادی دوو ئامۆزای کورد کـــه له مانگی ئاوگۆســـتی ســـاڵی ٢٠٠٩دا دەستبەســـەر کرابوون و ڕامین حســـێن پەناهـــی (چالاکی سیاســـیی کورد) کە لە ٨ی ســـێپتەمبەری ٢٠١٨ لەسێدارە دراون، دوو نموونـــە لە دەیان نموونـــەن بۆ کەڵـــک وەرگرتن لە دانپێدانانی زۆرەملێ بە بەشـــداریی ڕۆژنامەنووســـانی ڕێکخـــراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیســـلامیی ئێران و وەشـــاندنی ئەمە لەلایەن هەمان ڕێکخـــراوەوە. دوا ئامانجی ئـــەم دانپێدانانە زۆرەملێیانە و نیشـــاندانیان لەلایـــەن ڕێکخـــراوی دەنـــگ و ڕەنگـــی کۆماری ئیســـلامیی ئێرانـــەوە ، پەیوەســـتە بـــە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی چەواشـــەکاری، ناوزڕانـــدن و زیانگەیاندن بـــە ناوبانگـــی قوربانییـــان و هەوڵدان بـــۆ داماڵینی وەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە نیشـــاندانی کەســـایەتییە دیارەکانـــی ئـــەو کۆمەڵگایە کە لەژێر لێپرســـینەوەدا شـــکاون و، ئامـــادەن دان بە شـــتەکاندا بنێـــن [٤٤]. لە دەیان ســـاڵی ڕابردوودا، ڕێژیـــم کۆمەڵێک کەناڵی تەلەفزیۆنیی مانگی دەســـتکردیان بـــۆ بینەرانی فارس و غەیرەفـــارس دامەزرانـــدووە، لەوانەش بـــۆ بینەرانی کورد و عەرەبزمـــان. ئەلعالەم، تەلەفزیۆنی ســـەحەر و تەلەفزیۆنـــی پرێس-تیڤـــی (Press-TV) چەند نموونەیەکـــن لـــەو تەلەفزیۆنانە. بۆ نموونـــە بینەری ســـەرەکیی تەلەفزیۆنی ســـەحەر، کوردانی باشوورن. هەروەهـــا پلاتفۆرمـــی میدیـــای ئۆنلایـــن لەوانـــە کوردپرێـــس، دیاروناديـــار، بۆڵتن‌نیوز، کوردســـتانی ئێمـــروز، ئاکمانیـــوز، کوردتـــوودەی و چەندانـــی تر لەلایـــەن ســـپای پاســـداران و ئیتلاعاتی ســـپاوە دامەزراون و پشـــتیوانی کـــراون، بـــۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و هەواڵی هەڵبەســـتراو بـــە ئامانجی لێدان و ناوزڕاندنـــی پارتە سیاســـییەکانی ڕۆژهـــەڵات. ئەم ماڵپەڕانـــە دوو زمانـــەن و، ناوەرۆکێکی گشـــتگیریان لەســـەر پرســـە پەیوەندیدارەکانی کوردســـتان هەیە. هەوڵێکـــی چەواشـــەکارانە لەبابـــەت دامەزراندنی ئەم جـــۆرە پلاتفۆرمـــە میدیاییانـــە بە زمانـــی کوردی ئەویە کە کۆماری ئیســـلامی لای هێندێک کەســـان تێگەیشـــتنێکی وای دروســـت کردووە کە ئەم جۆرە میدیـــا و ناوەندانـــە پەرە بـــە زمـــان و دابونەریتی کـــوردی دەدەن. بەڵام ڕاســـتییەکەی، ئـــەم هەوڵانە بۆ زیاتر بڵاوکردنـــەوەی زانیاریی هەڵـــە و ناوزڕاندنی کـــوردە بـــە زمانـــی خۆیـــان. ڕێژیم لـــە ڕێگەی ئەنجامدانـــی ئەم شـــەڕە نـــەرم و دەروونییەوە هەوڵ دەدات بەهاکانـــی کۆمەڵگـــەی بە ئامانجگـــراو دیاری بـــکات؛ هەر بەهـــا و گوتارێکـــی دیکە کـــە ڕێژیم دوژمنایەتیـــی لەگەڵـــدا بـــکات و بـــە هیچ خۆی نەزانیـــت، دەکەوێتە بەر هێرش و ســـووکایەتیکردنەوە. بەکارهێنانـــی دەســـەڵاتی ڕەهـــا و تاکڕەوانەی ڕێژیم لە ڕێگـــەی میدیـــاوە بـــە مەبەســـتی دامەزراندن و ســـەپاندنی هەژموونیـــی خۆی ئەنجـــام دەدرێت و، جۆرێکـــە لـــە تووندوتیژیی ســـپی کە لـــە ڕێگەی بەکارهێنانـــی هێـــزی نەرمەوە ئەنجـــام دەدرێت [٤٥].

کورد لە سینەمای ئێراندا

کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێـــران لـــە ســـەرەتای دامەزراندنییەوە، بۆ هێرشـــکردنە ســـەر کورد کەڵکی لـــە ســـینەما و تەلەفزیـــۆن وەرگرتووە. ســـینەمای سپۆنســـەرکراوی دەســـەڵاتی ئێران بابەتێکی باشـــە بۆ ســـەرنج و تێگەیشـــتن لـــەو شـــەڕە دەروونییە کە کۆمـــاری ئیســـلامی دژی کورد لـــە ڕۆژهەڵات بەڕێوەی دەبـــات [٤٦]. لە ســـینەمای ئێرانـــدا، کورد وەک کۆمەڵگەیەکـــی تووندڕەو، دواکەوتوو، عەشـــایەر و تاوانـــکار دەردەکەوێـــت، تاوانبـــار بە ســـەربڕینی کەســـانی بێگانـــە و کوشـــتن و خواردنی گۆشـــتی پاســـدار. ڕێژیـــم بـــەردەوام هەوڵی داوە لـــە ڕێگای دروستکردن و نیشـــاندانی وێنەگەلێکی وەها نامرۆڤانە، کورد بـــە گەلانی ئێـــران دیکەی ئێران بناســـێنێت. دابونەریـــت، جلوبەرگ و زمانی کـــوردی هەمووی لە فیلم و بەرنامـــە تەلەفزیۆنییە بـــاوەکان و ڕۆژنامەکاندا گاڵتەبـــان پێ دەکرێت. فیلمـــە ئێرانییەکان کارەکتەرە کـــوردەکان لـــە کاتێکـــدا جلوبەرگـــی کوردییـــان لەبەردایە و هەڵســـوکەوت و جووڵانـــی نامۆیان هەیە، بە شـــێوەیەکی ناشیرین و دێوانەئاســـا نیشان دەدەن. وەک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەردەلاندا، لەســـەر سینەمای ئێران ئاماژەیان پـــێ دراوە، ئەم فیلمانە مەبەســـتیان ئەویە کە نیشـــان بدەن تەنیا کوردی ئاســـمیلەبووی بەفارسیکراو دەتوانرێت شایســـتە و جێگای پەسەندی ئـــەو سیســـتەمە بێـــت [٤٧]. بـــەڵام ئـــەم جـــۆرە ســـووکایەتیکردن و هەوڵـــی بەدێوەزمەکردنـــی کورد و، بڵاوکردنـــەوەی وێنـــەی چەواشـــەکارانە دەربارەی کوردســـتان و ڕووداوەکانی، شـــتێکی نوێ نییە. ڕووداو و هەوڵگەلێکی هاوشـــێوەی هێرشـــی میدیاییی ڕێژیم بۆ ســـەر کوردان لـــە ڕۆژهەڵات کە لەلایـــەن مێدیا جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمەوە لە ســـەرەتای هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابـــردوودا ئەنجـــام دران کـــە بوونە هۆی تووڕەیی گشـــتی لە شـــارەکانی کوردســـتان [٤٨]. بۆ نموونـــە گۆڤـــاری "تهران مصـــور"، کـــە گۆڤاریکی مانگانەی فارســـیزمان بوو، لەو ســـەردەمەدا تیشکی

دەخستە سەر ئەو هێرشانەی دەکرانە سەر کوردستان و، دەڵێت: "ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆڵێکی وێرانکەر دەگێڕن و، ڕاستیی ڕووداوەکانی کوردستان چەواشە دەکەن"[۴۹]. بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان ئامانجی سەرەکیی هێرشەکانی سینەمای ئێران بووە. بە بڕوای کۆمەڵێک لێکۆڵەری ڕۆژهەڵات، سینەمای ئێران ئامانجی ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە بێبنەما و ناشەرعی نیشان بدات، کە خەباتکار و ڕێکخراوەکانی تەنیا بە فەرمانی ڕۆژئاوا و زلهێزەکانی دیکەی ناوچەکە هەنگاو هەڵدێنن. لە دوای ساڵی ۱۹۷۹وە بە دەیان فیلم و بەناو بەڵگەفیلمی ڕێژیم تیشکیان خستووەتە سەر ڕووداو و پێکدادانەکانی کوردستان. زۆرێک لەو فیلمانە دەکەونە ژانری "دفاعی مقدس"ەوە، کە تیشکیان خستووەتە سەر شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵانی ۱۹۸۰-۱۹۸۸ دا. ئەم فیلمانە هەوڵێکن بۆ شەرعییەتدان و پاساوهێنانەوە بۆ درندەییی ڕێژیم لە کوردستاندا، شکۆمەند و پیرۆز وێناکردنی کەسایەتی و سەرکردە سەربازی و میلیشیاکانی ڕێژیم بۆ وێنە؛ مستەفا چەمران، سەیادی شیرازی، محەممەد بوروجێردی، سادقی خەڵخاڵی و ناساندنی بزووتنەوەی کورد بە تووندوتیژی و گەندەڵی. لەناو ئەم فیلمانەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەکی وەکوو "زندان دولتو، کانی مانگا، حماسە دڕە شەلر، چ، اشک سرما، شور شیرین، حکایت یک عشق، ایستاده در غبار، کویسنجق و روزهای ابدی" بکرێت. ئەمانە چەند نموونە لەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییانەن کە لەلایەن دامەزراوەکانی سەر بە سپای پاسدارانەوە بۆ ناشیرین وێناکردنی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵات لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا بەرهەم هێنراون و بڵاو کراونەتەوە. لەو فیلمانەدا کە لە دەیەی هەشتاکان بەرهەم هێنراون، بەشێوەیەکی سەرەکی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئامانجی هێرشەکان بوون. "کانی مانگا و حماسە دڕە شەلر"، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە سینەماکانی ئێران بڵاو کرانەوە، وێنەیەکی چەواشەکارانەیان لە تێکۆشەرانی کوردستان بڵاو کردەوە؛ کە لەوێدا کورد شۆڕشگێڕەکان تەنانەت بەرانبەر بە گەلەکەی خۆیان وەک درندە، بێعەقڵ، گەندەڵیی ئەخلاقی، بێڕەحم و تێکدەر وێنا دەکران. هەروەها فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییە نوێیەکانیش دریژەدەری ئەو هێرشانەن، بەڵام ئەمانە هێندێک بڕگەی پەیوەست بە کولتووری جەماوەریشیان ئاوێتە کردووە و هێندێکیان ئەکتەر و/ یان بەرهەمهێنەرانی کورد تێیاندا بەشدارن [۵۰]. فیلمگەلێکی وەک "شور شیرین و حکایت عاشقی" کە لەم دوایانەدا بەرهەم هێنراون و بڵاو کراونەتەوە، شۆخی و پێکەنین و، هەندێک جاریش بڕگەی ڕۆمانسییان ئاوێتە کراوە و کەمتر بەشێوەی ڕاستەوخۆ گرنگی بە شەڕ و ململانێ دەدەن، هەربۆیە بینەران و ڕەخنەگران بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ دەکەن و لە سەرنجدانی ورد بە فاکتەری پڕوپاگەندەییی ئەم فیلمانە بەلاڕێیانەدا دەبەن. زۆرێک لەو فیلمانە پیاوانی کورد بە ناپاک و نابەرپرس بەرانبەر بە کۆمەڵگا، بنەماڵە و هاوژینەکەیان وێنا دەکەن و لەوێدا ژنێکی کورد ئاشقی پاسدارێک دەبێت و پشت لە هاوسەرە کوردەکەی و بزووتنەوەی کوردستان دەکات و دەست دەکات بە هاوکاریکردنی سپای پاسداران لە کوردستاندا. فیلمی "حکایت یک عشق"یش لە بەرهەمهێنانی رمضانزداده (۲۰۱۵)، ئەو تایبەتمەندییانە لەخۆ دەگرێت. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم فیلمانە ئەوەیە کە ئەرتەشی ئێران و سپای پاسداران وەک فریادڕەسی کۆمەڵگەی کوردی وێنا دەکەن و کورد لە دەست درندەییی پێشمەرگە ڕزگار دەکەن و کوردستان لە مین پاک دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا، کورد وا پەروەردە دەکەن کە گرنگی بە خۆشەویستی و پێکەوەژیان بدات. بە بڕوای ئەردەلان، پەیامی بچووککەرەوەی پەیوەندیی سۆزداریی ژنێکی کورد و پاسدارێکی فارس و ناپاکی و هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی پیاوێکی کورد بەرانبەر بە بنەماڵەکەی، بۆ هاندانی بینەری ئێرانی و، هەروەها ئەو کوردانەیە کە ئەمانە ئامانجی ئەم جۆرە فیلمانەن کە ئەو باوەڕیان لا دروست بکات کە "ڕێژیم بەبێ بەکارهێنانی چەک سەرکەوتوو بووە لە شکستهێنان بە کورد و بزووتنەوەکەیان و، سەرکەوتوو بووە لە دروستکردنی کوردی ئاسمیلەکراو کە بەتەواوی دڵسۆز و خەمخۆری کۆماری ئیسلامییە" [۵۱]. لە ساڵی ۲۰۱۵ بە دواوە ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی کورتەفیلم و بەڵگەفیلم شەڕی سینەمایی خۆی چڕوپڕ کردووەتەوە. لێرەدا، دەتوانین ئاماژە بدەین بە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکەی "نون خ"، و فیلمە بەناو دۆکیۆمێنتارییەکانی "کویسنجق و لبه دوم تیغ"، و... هتد [۵۲] . "نون خ" ئەڵقەیەکی کۆمیدیاییە کە لەلایەن زۆرێک لە

زانایان، رۆژنامەنووسان و رەخنەگرانی کوردەوە وەک یەکێکی دیکە لە هەڵمەتەکانی شەڕی دەروونیی رێژیم لە کوردستان و هەوڵێک بۆ بچووککردنی دابونەریت و ناسنامەی کوردی ئاماژەی پێ دەکرێت. ژمارەیەک لە ئەکتەرەکانی فیلمی "نون خ" کوردن، کە رەخنەگران ئەمە بە هەوڵی رێژیم دەزانن و بۆ سەلماندنی ئەوەی کە سەرکەوتوو بووە لە ئاسمیلەکردنی کورد لەگەڵ بەها و ڕوانگەکانیدا (value system) . "نون خ" ئیدانە و نارەزایی چەندین رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکانی مەدەنی لە کوردستانی لێ کەوتەوە. ئەمە و زنجیرە فیلمە هاوشێوەکانی کاردانەوەی رێژیمە بەرانبەر بە هەڵکشانی رۆژ لە دوای رۆژی ئاستی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵات و گرنگیدانی کوردان بە بەها و دابونەریت و ناسنامەی خۆیان. ئەم جۆرە پەرەسەندنەی هەست و خەباتی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات لەلایەن رێژیمەوە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر هەژموونی کولتووری و سیاسیی فارسەکان لە ئێراندا سەیر دەکرێت. ڕای رەخنەگران سەبارەت بەم جۆرە بەرنامانە ئەوەیە کە "کاتێک کۆلۆنیالیزمی ئێرانی ڕووبەڕووی هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتەوە، پێش ئەوەی ئەم ڕابوونە بگاتە ئاماج و لوتکە، ئەو هەڵ دەدات کە بە هێرشێکی تەواو میدیایی بیخنکێنێت و پێش بەم پەرەسەندنە بگرێت" [۵۳]. مەبەستی رێژیم لە بەرهەمهێنان و سپۆنسەرکردنی کولتووری جەماوەری، ئاسمیلەکردنی کورد، بۆ نموونە ئەمە هەوڵدانێکە بۆ لەناوبردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردان و بۆ ئەوەی کە کوردەکان بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە شوناسەکەیان بەشێکی بچووکە لە شوناسی فارسەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە ئاماژە بدەین کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی رێژیم سنووردار نییە بە کوردەوە. بەڵکو کۆماری ئیسلامی هەمان ڕێبازی سووکایەتیکردنی دژی نەتەوە غەیرەفارسەکانی دیکەی گرتووەتە بەر. بۆ نموونە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکەی "فلیلە" بۆ بینەرێکی ئازەری‌زمان هەمان مەبەستی هەیە وەک ئەوەی کە "نون خ" بۆ کورد هەیەتی. "فلیلە"ش بە هەمان شێوە هێرشکردنە سەر دابونەریت و ناسنامەی ئازەرییەکانە و، ئەمەش بوو بە هۆی ئیدانەکردنی ئازەرییەکان و ڕاگرتنی وەشانی ئەم فیلمە لەلایەن رێژیمەوە. نارەزایەتیی هاوشێوە لە پارێزگای گیلان وەک کاردانەوە بەرانبەر بە زنجیرەیەکی دیکە بەناوی واریش ڕووی دا [۵۴].

لقی رێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پارێزگای کوردستان (دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان)، بۆ یادی ۴۲ ساڵەی شۆڕشی ۱۹۷۹، بەڵگەفیلمی "لبە دوم تیغ"ی بڵاو کردەوە. ئەمە وەکوو هەوڵێکی دیکەی رێژیم بوو بۆ شێواندن و چەواشەکردنی میژووی بزووتنەوەی کوردستان و ناشیرین وێناکردنی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات لە سەردەمی شۆڕشی ۱۹۷۹ دا، کە لەوێدا مۆرکی خایین بوون و، خزمەتکردنی بەرژەوەندی و ئەجێندای دەسەڵاتە دەرەکییەکان لێ بدات. لبە دوم تیغ لکاندنی ناشیانەی کۆمەڵێک رەخنەی کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان دەخاتە ڕوو کە لە میدیا جیاجیاکاندا باسیان لە خۆیان و سەرکردە سیاسی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕاستەوخۆ بڵاو کراونەتەوە. ئەم وتە و رەخنانە بە جۆرێک مۆنتاژ کراون کە خزمەت بە کارنامەی چەواشەکارانەی رێژیم بکەن. ئەم جۆرە بە قەول بەڵگەفیلم و سرپالە تەلەفزیۆنیانە، بە بڕوای ناسری، "ئامانجیان گێرانەوەی ئەو ڕووداوانەی کوردستانە لە ڕوانگەی رێژیمەوە، بە مەبەستی ناشیرین کردن و ناوزڕاندنی بزووتنەوەی کوردستان و وێناکردنیان بە تووندوتیژی" [۵۵]. ڕاستییەکەی، ئەم بەرهەمانە تەنیا مەبەستیان خزمەت بە ماشێنێکی پڕوپاگەندەی بەرفراوانە کە ئەرکی ئەو تەنیا سووکایەتیکردن بە گەلی کورد، نەک هەوڵێکی وریاکەرەوە و ئاگادارکردنەوە و دڵخۆشکەر. "لبە دوم تیغ" وەک زۆرێک لە بەرنامەکانی دیکەی "دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان"، بووە هۆی تووڕەیی چالاکانی مەدەنی و سیاسی کورد. بەهۆی خراپیی کوالێتیی بەرنامەکان و ناپەسەندبوونی "دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان"، بەشێوەیەکی باو لە کوردستان بەو رێکخراوەیە دەوترێت "جاش تیڤی" [۵۶]. هەرچەندە رژیم هەوڵ دەدات هەموو ئامرازەکانی فیلکردن بەکار بهێنێت بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی بینەری بەرنامەکانی "دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان" کە بینەرێکی کەمیان هەیە. بۆ نموونە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە پێش بڵاوبوونەوەی "لبە دوم تیغ" کورتەنامەی بۆ دانیشتووانی پارێزگاکە دەنارد و هانی دەدان لە کاتی وەشانی بەرنامەکەدا سەیری کانالەکە بکەن. [۵۷]

شەڕی داماڵین و تێکشکانی وەرە

لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکیی شەڕ دژی کورد لە ئێران، تورکیا، عێراق و سووریادا، ژێردەستەکردن و لەناوبردنی شوناس، زمان و دابونەریتی کورد، ئەو ئامراز و ڕێکارانەی کە ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دژە کوردانەیان بەکاریان هێناوە، جیاواز بوون. بۆ نموونە کۆماری تورکیا هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢٣، حاشای لە بوونی نەتەوەی کورد کردووە و، چەندین کۆمەڵکوژی وەک کۆمەڵکوژیی دێرسیمی لە ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٧ ئەنجام داوە. هەڵمەتەکانی جینۆسایدیی دەوڵەتی عێراق، ناسراو بە ئەنفال لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە هۆی گیانلەدەستدانی نزیکەی ٢٠٠٠٠ هەزار کورد. ئەم جۆرە بەکۆمەڵ کوشتنەی کورد لە تورکیا و عێراقدا، بووەتە هۆی ئەوەی جیهانی دەرەوە (سەرەڕای نەبوونی کاردانەوە و یارمەتییان بۆ کوردان) زیاتر ئاشنا بووبێت بە هەلومەرجیان. بەڵام لە ئێران، بەتایبەتی لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا، سەرەڕای ئازارەکانی کورد لە دەرئەنجامی سیاسەتی داپڵۆسێنەری دەوڵەتەوە، ئازار و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لە ڕۆژهەڵات تاڕادەیەکی زۆر بۆ جیهانی دەرەوەی ئێران و کوردستان نەناسراوە و پشتگوێ خراوە. ئەم پشتگوێخستنە بەرهەمی ستراتیژیی دەوڵەتە لە شەڕی خۆی دژی کورد. لە ئێراندا ئامرازەکانی لەناوبردنی گەلی کورد، زمان و دابونەریتی فرەجۆرن. لە کاتێکدا، میلیتاریزەکردنی چڕوپڕی کوردستان و بەتەناهیکردنی هەموو لایەنەکانی ژیان، کولتوور و کۆمەڵگا لەم ناوچەیەدا بەرهەمی سیاسەتی دژە کورد لە ئێران، ڕێژیم بەپشتبەستن بە شەڕی نەرم و دەروونی و کەمی لە ژمارە، بەڵام بە بەردەوام لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی، ئایینی و مەدەنیی کورد، ئەو ڕاستییەی گووتەکەی ئاندرسۆن (Anderson) مان وەبیر دێنێتەوە کە ئەوەی دەگوزەرێت جینۆسایدێکی سارد یان هێواشە[٥٨]. ئێران توانیویەتی زیرەکانە ئەو جۆرە جێنۆسایدە لە کۆمەڵگەی جیهانی بشارێتەوە و هەلومەرجەکە چەواشە بکات، تا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت بەشێک لە کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پێیان وایە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ داگیرکەرانی دیکەی کوردستاندا دەوڵەتی ئێران لەبەرانبەر کوردان لەو وڵاتەدا سیاسەتێکی ئاشتییانەتر پەیڕەو دەکات.

ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە بووەتە هۆی کەم بوون و هێندێک جار نەبوونی هاوەدەنگی و هاوسۆزیی خەڵک و بزووتنەوە کوردییەکان لە بەشە جیاجیاکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ کورد لە ڕۆژهەڵات. هەروەک کلۆە(Clow) ئاماژەی پێ دەدات، ئامانجی سەرەکیی شەڕی دەروونی و بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندە، بێهێزکردن و دارمانی وەرەی لایەنی ئامانجە، هەروەها ئەو جەختە لەوە دەکاتەوە کە ئەم جۆرە شەڕە پڕۆسەیەکی وێرانکەر، ئاڵۆز و بەردەوامە، کە دەتوانرێت بە شەڕی بەئامانج کردن و لێدانی "بیر و دەروون" ناو ببرێت [٥٩]. بەدرێژاییی مێژووی خەباتی کورد، داگیرکەران سەرچاوەیەکی بێنەهایەت زۆری مادەی و مرۆیی یان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شەڕە تەرخان کردووە. لە کاتێکدا، لەناوبردن و ئاسمیلەکردنی کورد سەرەکیترین مەبەستی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە شەڕانە بووە، لێدان لە یەکگرتوویی و دارمانی وەرەی تاک و کۆمەڵگای کوردی تا ئاستی وازهێنان لە بزووتنەوەی کوردستان یەکێکی تر لە ئارمانجەکانی ئەم جۆرە شەڕانەیە. لێدان لە وەرەی کۆمەڵگای کوردی، ئامانجێکی سەرەکیی شەڕی دەروونیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات بووە، بۆ بە ئامانج گەیاندنی ئەم مەبەستەش، ڕێژیم لە بڵاوکردنەوەی درۆ، پڕوپاگەندە و زانیاریی ناڕاست و گێڕانەوەی چەواشەکارانە سەبارەت بە بزووتنەوە، پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانی کوردستان بە چڕوپڕی کەڵکی وەرگرتووە. چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەناو بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەتی دروستکردنی دووبەرەکی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگای کوردیدا ئامانجێکی سەرەکییە بۆ بڵاوکردنەوەی گێڕانەوەی چەواشەکارانە سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردستان. ڕێژیم بەڵگەفیلمی چەواشەکارانە و پڕ لە درۆ و تۆمەت لەسەر ڕووداو و ساتەوەختە گرنگەکانی بزووتنەوەی کوردستان وەک ئەو ڕووداوانەی کە لە حەوتوو و مانگەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و پێکدادانەکانی ئەم دواییەی کەمپەینی ڕاسان (وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدرێت) بەرهەم هێناوە و بڵاویان دەکاتەوە ، بە مەبەستی لێدان لە هەستی کورد و چاندنی تۆی نائومێدی لەناو بزووتنەوەکەدا [٦٠]. بەڵام نووسراوە و سەرچاوە سنوورداەکانی سەبارەت بە ململانێی دەوڵەت و کورد لە ئێراندا، ئاماژە

به بوونی ڕوانگەیەکی دیکەش دەکات. بەپێی ئەم سەرچاوانە، سیاسەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتدا بەرهەم و درێژەی ڕێڕەوێکی مێژوویی‌یە کە ڕەگ و ڕیشەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەیە و، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەوە لە ئێران، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەردەوام لەلایەن ناوەندەوە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە سەیر کراوە. نوخبە دەسەڵاتدارە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بە بەردەوامی بە دڵەڕاوکێ و ترسەوە لە بەرزبوونەوەی بێ‌پسانەوەی ئاستی ڕامیاری و نەتەوەیی کوردیان لە ڕۆژهەڵات ڕوانیوە. بە بڕوای ئەکبەرزادە و هاوکارانی "تا چەند کورد – یان هەڵکشانی وریاییی نەتەوەیی کورد – مەترسی دروست دەکات لەسەر یەکپارچەیی ئێران، بابەتێکی کراوەیە بۆ مشتومڕ. ڕەنگە مڕۆڤ وا گریمانە بکات کە ڕووداوە مێژوویی‌یەکان لە تێڕوانینی تاراندا بوونەتە هۆی ئەوە کە ناوەند بە چاوی ترسەوە سەیری کورد بکات و، لە ئاکامدا ئەمەش وەک پاسا بۆ بەتەناهیکردنی خواستی کوردان بەکار بهێنێت" [۶۱]. ئەو هێرش و لێدانە بێدەنگ و شاراوەیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کورد و بەرپەرچدانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بەرانبەر بەمە، بووەتە هۆی گەشەسەندنی بەرچاوی وریایی و گرنگیدانی کوردان بە ناسنامەی کوردیی خۆیان و نامۆبوون و دوورکەوتنەوەیان لە ناسنامەی ئێرانی. بە وتەی ئەکبەرزادە و هاوکارانی، ئەم پێشهاتانە "لە کۆتاییدا ئاسایشی کۆماری ئیسلامی تێک دەدەن" [۶۲]. بەهۆی سروشتی میلیتاریزەبوونی ڕۆژهەڵات، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە ناوچەکەدا، بۆ وردتر ئاماژەکردن بە کاریگەرییەکانی شەڕی دەروونیی ڕێژیم ئەرکەکە لەڕادەبەدەر قورسە. بەڵام سەرەڕای ئەو باجە بێئەندازەیەی کورد لە ڕووی گیانلەدەستدانی مرۆڤەکان، مەینەتی و سەرکوتکردنییەوە بەسەری هاتووە، ئەو ڕۆڵە ئایدیۆلۆژی، ڕێکخراوەیی و سیاسییەی کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەم دوایی‌یەی ئێراندا بینیویەتی، پشتیوانی لەو گریمانە و ئارگیومێنتانە دەکات کە هێرشی دڕندانە و هەمەلایەنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هەوڵەکانی بۆ ئاسمیلەکردن و دێوەزمە وێناکردنی گەلی کورد تا ئاستێکی بەرز شکستی هێناوە [۶۳]. بە وتەی ئەکبەرزادە و هاوکارانی، "ڕاستییەکەی، هیچ ئاماژەیەک بە بوونی هاوسۆزی و هاودڵی لەنێوان کوردانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نییە. لە ڕووی مێژوویی‌یەوە، نەبوونی هاوسۆزییەکی وەها، لە گرنگترین فاکتەرەکانی بزووتنەوە دژبەرییەکەی کوردستان بووە، جا بۆیە ئەمە سەرچاوەیەکی گرنگی نیگەرانیی حکومەتی ناوەندی بووە لە ئێراندا" [۶۴].

چالاکیی ئۆنلاین و سایبرئەکتیڤیزمی کوردی

لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ڕابردووەوە، ڕادەی چالاکیی ئۆنلاین و بەکارهێنانی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا بۆ مەبەستی سیاسی لەنێو کورداندا بەشێوەیەکی ڕیزبەندی و خێرا هەڵکشاوە. سۆشیال میدیا و ئامرازەکانی تری پەیوەندیی ئۆنلاین و دیجیتاڵی، دەرفەتی زۆریان بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ خزمەت بە بزووتنەوەکەیان ڕەخساندووە. بۆ وێنە ئەم ئامرازانە لەلایەن کوردەکانەوە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی زمانی کوردی، پەرەپێدانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەمانە شێوازگەلێکن کە کورد لە جیهانی شەڕی ناهاوسەنگدا بۆ خزمەت و بەرەوپێشبردنی دۆخی خۆیان بەکاری دەهێنن. لە سایەی دەرکەوتنی زۆرێک لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و ئامرازە دیجیتاڵییەکانی تری پەیوەندیی نێوان لایەنە دژبەرەکانی جوواڵانەوەی کوردستان، تاکەکان و کۆمەڵگا بەرەوپێشچوونیان بەخۆیەوە بینیوە. چالاکیی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی (online and cyber activism) بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو ڕەوەندی کوردانی ڕۆژهەڵاتی لە تاراوگە بۆ وێنە ئەوانەی نیشتەجێی ئەوروپا و ئەمریکای باکوورن، بۆ ئیدانەکردن و لەقاودانی سیاسەتە ستەمکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەکار دەهێنرێت. لە ساڵانی ۲۰۱۵-۲۰۲۳ دا کۆمەڵێک هەڵمەتی هاشتاگی بەرفراوان کراوە بۆ ئیدانەکردنی لەسێدارەدان، گۆشەگیرکردنی چالاکانی سیاسی، ژینگەپارێزی و مەدەنی لەلایەن ڕێژیمەوە، لەنێویاندا کۆشتنی ژینا ئەمینی. دامەزراندنی گۆڤار و ڕۆژنامەی دوو زمانەی (فارسی و کوردی)ی ئۆنلاین، بەشێکی دیکەی گرنگی چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکانە لە ڕۆژهەڵات و لە سەردەمی دیجیتاڵیدا. ئەم ڕەوتی گەشەسەندنە لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی نەوەدەوە دەستی پێ کردووە و سەرەڕای

بەتەناهیبوونی چڕوپڕی هەمەلایەنەی بواری جیاوازەکانی ژیان، ئەم پڕۆسەیە هەتاکوو ئێستاش بەردەوامە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزگاکانی دەوڵەت و لە ناویاندا سپای پاسداران بە چڕوپڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست سەبارەت بە کوردستان بەکار دێنن، بە ئامانجی ئەنجامدانی شێوە جیاوازەکانی شەڕی دەروونی، لە ناویاندا پەلاماردانی دابونەریت و ناسنامەی کورد. ئەمەش لە کاتێکدا ڕووی داوە کە پارتە سیاسییە کوردییەکان، دوای نزیکەی دوو دەیە لە دابەزینی ئاستی چالاکییەکان (١٩٩٦-٢٠١٥)، دەستیان کردەوە بە وەرزێکی نوێ لە بەربەرەکانێ دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتدا [٦٥]. بۆ وێنە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەکیترین ڕێکخراوی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پاش ڕاگەیاندنی هەڵمەتی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" ڕۆحێکی نوێی خستە ناو جەستەی خەباتی سیاسی و فەرهەنگیی کورد لە ئێران. ڕێژیم تووشی ئاستەنگیی سیاسی و ئابووریی بەرچاو بووە و، دڵەڕاوکێی هەیە لە سەرهەڵدانی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی سیستماتیک و جەماوەری، وەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان کە لە سەردەمی دوای ١٩٧٩وە ئالێنگاریی گەورەی بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دروست کردووە. بە وتەی بەهاری، بزووتنەوەی کورد "ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە دەروازەی دێموکراسی و هێمای ئازادی. بەم شێوەیە وای لە حاکمەکانی تاران کردووە کە هێزێکی زۆر بۆ دژایەتیی پێگەی سیاسیی کورد تەرخان بکەن" [٦٦]. کوردانی تاراوگە وەک ڕەوەندێکی بێدەوڵەت-نەتەوە [٦٧]، کەڵکیان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی مۆدێرن وەک چاپ و وەشاندن، ئینتەرنێت و جۆرەکانی تری تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی دیجیتاڵی وەرگرتووە بۆ بەرەوپێشبردنی جیهانبینییەکی تایبەت بە کورد [٦٨]. سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی دیکە، کۆمەڵگەی مەجازییان بۆ دابین کردووە کە کورد بەشێوەیەکی چالاکانە بۆ چرکردنەوەی خەباتی سیاسیی خۆی بەکاری بێنێت. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و سایبر ئەکتیڤیزم لەلایەن ڕێکخراو و کەسانی سیاسیی کورد لە تاراوگە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئامرازەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان بە چەندین شێوە بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری، هەڵمەتەکانی هۆشیاری و گفتوگۆی نێوان ئایدۆلۆژی و ڕوانگە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنرێن. بۆ وێنە گۆڤاری تیشک، کە لە ئێستادا لەنێو چین و تۆژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا جێگە و پێگەی خۆی هەیە، تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بۆ بەرهەمهێنان، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی زانیاری بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە بۆ بەرهەمهێنانی پۆدکاستی پەیوەست بە کوردستان و بزووتنەوەی کوردی و، بەڕێوەبردنی سیمینار و جڤاکی بەردەوامی ئۆنلاین کە پسپۆڕان و سیاسەتمەدارانی تێیدا بەشدار دەبن. سەرەڕای دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، دەکرێ لە ناوخۆی ئێراندا کەسانی تامەزرۆ بە تێچوویەکی ئابووریی زۆر کەمەوە دەستیان بەم زانیارییانە ڕابگات کە تیشک بەرهەمیان دێنێت و بڵاویان دەکاتەوە. لەسەر ئاستی ڕۆژانە، پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا لەوانەش فەیسبووک و تویتەر بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتە سیاسییەکان لە چوارچێوەی سایبر ئەکتیڤیزم و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر بزووتنەوەکە لە ناوخۆ و تاراوگە بەکار دەهێنرێن. هەروەها، ئەم جۆرە فۆرمانەی ڕاگەیاندن سەکۆیەکن بۆ ململانێی نێوان گوتار، ئایدۆلۆژیا و ڕوانگە سیاسییە جیاوازەکان. وەک پێشهاتێکی ئەم دواییانە، دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی ئێران، سایبر ئەکتیڤیزمی کوردی چرتر بووەتەوە (بەتایبەت لە تویتەر)، کە ئەکادیمیسیەن و چالاکانی سیاسیی کوردی دژبەری خۆیان بۆ گوتار و ڕوانگە نادیمۆکراتیکەکان (بۆ نموونە ئەو گوتارانەی کە لەلایەن گرووپی سەڵتەنەتەڵبە ئێرانییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە) بۆ ئێرانی دوای گۆڕینی ڕێژیم، لە هەمان کاتدا، زانیاری دەربارەی ڕووداوەکانی ناو ئێران و کوردستان بە زمانە جیاجیاکان، لەوانەش ئینگلیزی، بۆ کۆمەڵگەی جیهانی بڵاو دەکرێتەوە. لایەنێکی تری چالاکیی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی، بەکارهێنانی لایڤستریمی سۆشیال میدیایە بۆ ئاسانکاریی گفتوگۆی گشتی لەنێوان (کۆنە) ئەندامانی پارتە سیاسییە کوردییەکانی لە ناویاندا حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە، پژاک و خەبات، بۆ باسکردنی ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان. ئەم گفتوگۆیانە هەندێک جار ڕا و ڕوانگەی ڕەخنەگرانەیە لە ئەدای سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی و پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوەکان، کە

هەندێک جار پێکدادانی چەکداری و جۆرەکانی دیکەی ناتەباییی لە نێو و دەرەوەی رێکخراوەکانی لێ کەوتووەتەوە. بەتایبەتی شەڕی براکوژیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بابەتی مشتومڕی چڕوپڕی ئۆنلاین و لایڤستریمی فەیسبووک بووە، کە تێیدا ڕۆڵ و ئەرکی سەرکردایەتیی حیزبە سیاسییە کوردییەکان بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دێتە بەرباس. بەڵام هەرگیز بزووتنەوەی کورد و ئامانجە گشتییەکانی لە ڕێگەی ئەو جۆرە وتوێژە ئۆنلاینانەوە نەخراوەتە ژێر پرسیارەوە؛ ڕەخنەکان سنووردارن بە لایەنە سیاسییەکان و ڕۆڵی سەرکردایەتییەکانیان. سەرەڕای ئەوەش، بەڵگەفیلمی "لبە دوم تیغ"، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، ئاشکرای دەکات کە ڕێژیم لە نزیکەوە و بەوردی چاودێریی چالاکیی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنیی کوردان دەکات. لە کاتێکدا، "لبە دوم تیغ" چەواشەکاریی میژوویی‌یە، بەڵام ڕێژیم سوودی لە گفتوگۆی ئۆنلاینی چالاکانی کورد وەرگرتووە بۆ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات کە حیزبەکانیان وەک دۆڕاو وێنا بکات و پێیان بڵێت هەر بزووتنەوەیەک دژایەتیی ئەو دەسەڵاتە بکات، ئەوە مەحکومە بە شکان و دۆڕان. جگە لەوەش، سەرەڕای سنووردارییونی سەرچاوەی ئابووریی کوردان، بەکارهێنانی تەلەفزیۆنی مانگی دەستکرد و تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی وەشان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر دۆز و ناسنامەی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامییەوە، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە ئەم ڕەوتە گەشەی سەندووە. بۆ وێنە، زۆرێک لە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، ئێستا کەناڵی تەلەفزیۆنیی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەکو کورد-کانااڵی حیزبی دێموکرات، تەلەفزیۆنی ستێرکی پەژاک و تەلەفزیۆنی کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە نووسینگە سەرەکییەکانیان لە پایتەختە ئەوروپاییەکانە. جگە لەوەش سینەمای کوردی پلاتفۆرمێکی دیکە بووە، کە وەک ئامرازی گرنگ بۆ ناساندنی لایەنە جیاوازەکانی ژیان و سیاسەت لە کوردستاندا بەشێوەیەکی ڕیزبەندی گەشەی کردووە [۶۹]. ڕۆڵی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی فیلمی کوردی لەم سااڵنەی دواییدا چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی کوردستان جێگەی سەرنجە. بە وتەی سونجەم کۆچەر، "دواتر و هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکان بۆ یەکخستنی بەرهەمی کولتووری کوردی لە ڕەوەندا، ڕۆشنبیرانی کورد هەوڵیان داوە کە سینەمای کوردی وەک چوارچێوەیەکی گرنگ بۆ پێناسەکردنی کورد بەکار بهێنن" [۷۰].

لەنێو چالاکییە سینەمایی‌یەکانی دیکەی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، دەکرێت ئاماژە بدرێت بە فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن کە لە ساڵی ۲۰۰۱ەوە وەک مۆدێلێکی دیکەی سەرکەوتووی چالاکیی ڕەوەندی تاراوگەی کوردی لە شارەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و ئوستڕالیا هەنگاوی هەڵ هێناوە.

جاش: ئامرازێکی دیکەی شەڕی دەروونی

هاوتەریب لەگەڵ ئەو شەڕە دەروونییەی سەرەوە کە لە ڕێگەی وەشان، سینەما و تەلەفزیۆنەوە ئەنجام دەدرێت، ڕێژیم جاش لە شەڕی سەربازی دژی بزووتنەوەی کوردستان بەکار دێنێت بۆ سیخوڕیکردن لەسەر چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕۆژهەاڵت [۷۱]. جاش، "هاوکار و ئامرازە خۆجێی‌یەکانی دەسەاڵتی داگیرکەر لە سەردەمی ململانێی کورد و ڕێژیم لە ئێراندا و هێزێکی کاریگەربوون بۆ سەپاندنی دەسەاڵتی ناوەند دوای داگیرکرانی کوردستان" [۷۲۱]. جاش وەکوو ئامرازی داگیر نەک تەنیا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەڵکو لەلایەن ڕێژیمەکانی دیکەی داگیرکەری کوردستانەوە بەکار هێنراون. بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق جاش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە جێبەجێ کردنی هەڵمەتی جینۆسایدی ئەنفالی سەدام حوسێن کە لە ئەنجامدا زیاتر لە ۲۰۰۰۰۰ کوردی بێتاوان لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گیانیان لەدەستدا. جاش، یان قۆرۆچی لە کوردستانی تورکیا، ئەرکێکی وێرانکەری هاوشێوەیان هەبووە، کە بەتەواوی لە کورەە هاوکارەکانی داگیرکەرانی کوردستان پێک هاتووە و بەشێوەیەکی سەرەکی خەڵکی گوندەکانن. لە ئێران، جاشەکان لەلایەن ڕێژیمەوە بە پێشمەرگەی موسۆلمان ناو دەبرێن و کەڵک لە شارەزاییی خۆجێی‌یان وەرگیراوە لە شەڕ دژی بزووتنەوەی کورد و، پرش و بڵاوکردنەوەی وزەی سیاسی و کۆمەاڵیەتیی کورد. ئەم سیاستە بۆ یەکەم جار لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ڕێگەی سپۆنسەرکردن و پرچەککردنی عەشیرەتەکان و کۆنە فیۆداڵە خاوەن زەوییەکانەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەاڵتی پارتە سیاسییە

هەوارنامەی کێبڕکێ

کوردییەکان لە ڕۆژهەلات جێبەجێ کرا. لە ڕوانگەی سەربازییەوە، جاش لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٦دا خزمەتێکی گرنگی بە ڕێژیم کرد لە داگیرکردنی کوردستاندا؛ بەڵام ئەم هێزە هەرگیز سەرکەوتوو نەبوو لە شەرعییەتدان بە بوونی سەربازیی ڕێژیم لە کوردستان و لەنێو خەڵکدا [٧٣].

دیاردەی جاشایەتی بووەتە هۆی دواکەوتنی پڕۆسەی ڕزگاریی کورد و کوردستان، زۆرێک لە جاشەکان بەشداربیان لە تێکدان و جینۆسایدی ناسنامەی کورد و، ڕاستەوخۆش پارێزگارییان لە هەژموونی و بەهێزکردن و سەروەریی داگیرکەر لە کوردستان کردووە. چالاکێک بە نازناوی ن. ح پرسیاری ئەوەی کردووە کە ئایا "بەبێ ئەو چەکدارە کوردانەی کە لەژێر ڕێنماییی کەسانێکی وەکوو خەڵخاڵی و چەمڕان و بێرۆجەردیدا کاریان دەکرد، هێرش و کۆمەڵکوژییەکانی سپای پاسداران لە هەشتاکاندا ئەوەندە بەئاسانی و بەخێرایی سەرکەوتوو دەبوون، ئایا پاسدارانی ئیمام زەمان ئەیانتوانی ئەوەندە بەئاسانی خاکی کوردستان داگیر بکەن؟ وە ئایا ڕێژیم ئەیتوانی ئەوەندە بەئاسانی بنکە و بارەگا سەربازییەکانی خۆی لە کوردستانا دابمەزرێنێت؟" [٧٤]

جگە لەلایەنی سەربازی، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە بۆ خواستی شەڕی دەروونی کەڵکیان لێ وەربگرێت بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی کولتووری بێمتمانەیی و کردنی بەشێک لە کوردەکان بە خزمەتکاری خۆی. بەو پێیەی جاشایەتی بۆ هەندێک بووەتە سەرچاوەی داهات، جاشەکان بە قوولی وابەستە دەبن بە دوژمنی گەلەکەیانەوە و بژێوی ژیانی ئەوان و خێزانەکانیان بەندە بە چەوساندنەوەی هاونیشتمانە کوردەکانیانەوە. بە بڕوای خەلیقی، "دروستکردن و دابینکردنی بودجە و پرچەککردنی جاش و تێکەڵکردنیان بە سپای پاسدارانەوە، کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی زۆری بۆ کوردستان لێ کەوتووەتەوە" [٧٥]. بوونی جاش درزێکی قوواڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا دروست کردووە، جاش و بنەماڵەکانیان سووکایەتییان پێ کراوە و، دابڕاون لە کۆمەڵگەی کوردی. بەو پێیەی زۆرێک لە جاشەکان لە کۆمەڵگا عەشیرەییەکان وەرگیراون، ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بووەتە هۆی دووبارە بەخێڵەکیکردنی کۆمەڵگا لە کوردستاندا [٧٦]. پەرەپێدان و خزاندنی جاشایەتی بۆ ناو زۆربەی بەشەکانی ژیان و کۆمەڵگای کوردی بەو مانایەیە کە ئەو دیاردەیە سنووردار نییە بە چالاکیی چەکداریی‌یەوە، بەڵکو ئەمە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو ئەکادیمیستەکان، بیرۆکراتەکان، کارمەندانی خۆجێیی ڕاگەیاندن وەک سینەماکاران و ... هتد. چاندنی تۆوی دووبەرەکی و بێمتمانەیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ڕێژیمە لە بەرەوپێدانی جاشایەتی. ئەم ڕەوتە لە دوای کەمبوونەوەی بەرخۆدانی چەکداریی کورد و چەسپاندنی کۆنترۆڵی سەربازی و ئیداریی ڕێژیم بەسەر کوردستاندا لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ڕادەی تێگەیشتنی ڕێژیم لە کاریگەریی شەڕی دەروونی و نەرم، بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەڵکشاندایە. دامەزراندنی کۆنەجاشەکان لە پۆست و پلەی ئیداری و مەدەنی، ڕۆژنامەگەری و پۆستە ئەکادیمییەکان، دەرخەری لایەنێکی دیکەی سیاستی گشتیی ڕێژیمە بۆ بەردەوامبوونی لە سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستاندا لە ڕێگەی جاشەکانەوە [٧٧]. بوونی زۆری جاش لە ئیدارەی پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێیی‌یەکاندا و، کۆنترۆڵکردنی بەربڵاوی ئەوان بەسەر ئەنجومەنی شارەوانییەکاندا، ژووری بازرگانی و ڕێکخراوە پیشەیی‌یەکانی دیکە لە پارێزگا، شار و گوندەکانی کوردستاندا نەک تەنیا کاریگەریی سیاسیی ئەوان نیشان دەدات، تەنانەت دەرخەری بەرزبوونەوەی بەختی ئابووریان لە ناو و دەروەوەی کۆمەڵگاکەیانە. لە درێژەی پەیوەندیی بەکرێگیراوانەی جاش لەگەڵ دەوڵەتدا، ئەو دەسەڵاتی دەرەوەی دادوەری ڕەهای پێدراوە بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو کۆمەڵکای کوردیدا [٧٨]. قەوارە و سیستمی جاشایەتی بەپێی خواست و پێداویستییەکانی ڕێژیمەوە چەندین جار گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە کە لە هێندێک حاڵەتدا ڕێژیم ئەوان بەبێ کەڵک دەبینێت و ئیمتیازە ئابووری و سیاسییەکانیان لێ وەردەگرێتەوە، بۆیەش ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەبوون و جۆرێک زەلیلکردنیان، کە هیندێک جار نارەزایەتیی جاشەکانی لێ کەوتووەتەوە. کەمبوونەوەی ڕادەی بەرخۆدانی چەکداریی پارتە سیاسییە کوردییەکان لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە نەبووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی جاشایەتی لەلایەن ڕێژیمەوە، بەڵکو ڕێکخستنەوەی جاشەکان پێداچوونەوەی پێدا کراوە و بەکارهێنانیان بە شێوازی جیاواز، جگە لە چوارچێوەی سەربازی و هەواڵگری خراوەتە بەر تاقیکردنەوە [٧٩]. سەرەڕای ئەوەش، درندانەترین و

کاریگەرترین جاشەکان لەناو هێزە ئەمنییەکاندا هێڵراونەتەوە. بۆ نموونە ژمارەیەکیان و ئاستیان لە دەزگای ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمدا بەرز کراوەتەوە و ئازادیی ڕەهایان لە ئازاردانی کۆمەڵگا لە ڕۆژهەڵات پێدراوە. ڕەفتاری درندانە و تاوانکارانەی هێندێک جاش بووەتە هۆی دروستبوونی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. هێندێک جاش بەتایبەتی دیاری کراون و بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگای کوردی و بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بەکار دەهێنرێن. نموونەی زۆر هەیە کە ژنانی چالاکی سیاسیی کورد، بەتایبەت ئەوانەی وەک پێشمەرگە نەچوونەتە ناو ڕیزی پارتە سیاسییەکانەوە، بوونەتە قوربانیی درندەییی جاشەکان. زۆرێک لەو ژنانە وەکوو سزا لەگەڵ جاش، یان سەرکردە ئایینی و کۆنەپەرەستی عەشیرەتەکان هاوسەرگیریی زۆرەملێیان پێ کراوە. بە وتەی کوردستانی "ئەم جۆرە سزایانە بوونە هۆی سەرکوتکردنی ژنانی چالاکی سیاسیی کورد و ترساندنی زۆر کەسی دیکە بۆ ئەوەی کە نەچن بەقەرەی سیاستدا" [٨٠]. هەوڵەکانی سپای پاسداران و جاش بۆ ترساندنی کۆمەڵگا بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان گەیشتووەتە لووتکە. ئەمەش بریتی بووە لە ئازاردانی سێکسی و چەندین حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی و دزیکردن لە گوندنشینەکان و زۆرکردن لە خەڵکی ناوچەکان بۆ کاری زۆرەملێ. هەر کاتێک دانیشتووانی ناوچە گوندنشینەکان هەوڵیان دابێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی جاشەکان، ئەوە ئەوان ڕووبەڕووی سزای تونند بوونەتەوە و، هەراسانکردن و زیندانیکردنی زیاتریان بەسەردا سەپاوە. بەشێکی زۆر لە گوندنشینان بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە گوندەکانیان بەجێ هێشتووە و ئاوارە بوون، تەنانەت هەوڵی دووبارە نیشتەجێبوونیان لە شارە کوردییەکان یان لە ناوچەکانی دیکە وەک ناوەڕاستی ئێران داوە. ئەم ئاستە بەرزەی ئاوارەبوونی دانیشتووانی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان، کاریگەریی زۆری لەسەر دیموگرافی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و، بەرهەمهێنانی خۆراک و کشتوکاڵ و شتی دیکە هەبووە، هەروەها ئەمە بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و گەشەنەکردنی ئابووری لە کوردستاندا [٨١].

"هیوا تاب" نموونەی جاشێکی ئاساییی خەڵکی شاری مەریوانە، کە دوای دەیان ساڵ هاوکاری لەگەڵ سپای پاسداران پۆستێکی بەرزی پێ درا و وەک بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی ناوخۆیی سپای پاسداران لە مەریوان دەستنیشان کرا. تاب لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا وەک جاش پەیوەندی بە سپای پاسدارانەوە کرد. هاوکارییەکانی ئەو بە سیخوڕیکردن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەی دەستی پێ کرد، تا ئەو کاتەی کە پلەی لەناو ئەم ڕێکخراوە ترسێنەرەدا بۆ ئاستێکی باڵا بەرز کرایەوە. تاب دەسەڵاتی ڕێکخراوەییی خۆی بۆ دامەزراندنی باندێکی تایبەت بەخۆی بەکار هێنا [٨٢]. بۆ ماوەی دە ساڵ لە ساڵانی ٢٠٠٠وە ، باندەکەی تاب خۆیان بەسەر مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەریدا سەپاند و کاری تاوانکاریی بەرفراوانیان ئەنجام دا، لەوانەش کوشتن و هەراسانکردنی خەڵکی ناوچەکە. پەسەندکردنی ئەم دۆخە لەلایەن ڕێژیم و سپای پاسدارانەوە بۆ چەندین ساڵ دەرخەر و ڕوونکەرەوەی هەڵوێستی دوژمنکارانەی ڕێژیمە بەرانبەر بە کوردستان؛ چیرۆکی تاب نموونەیەکە لە بەکارهێنانی جاش لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ تێکدانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو دانیشتووانیدا. سەرەڕای ئەوەش، تاب و ئەندامانی باندەکەی لە دوای بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی ڕێژیم، هاوشێوەی زۆرێک لە جاشەکانی دیکە، لە کۆتاییدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە دەستگیر کران و بەپەلە دادگایی و، سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرا و لەسێدارە دران. باندەکەی تاب، هەرەک قوربانیی تاوانەکان، خۆیان بوونە قوربانیی سیاستە درندانەکەی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد. هەم پاڵپشتی بێدەنگیی ڕێژیم لە تاب و باندەکەی ئەو، هەم دواتریش بوون بە دژبەریان، تاکتیک گەلێک بوون لە هەڵمەتی شەڕی سایکۆلۆجیی ڕێژیم لە دژی کورد: سەرەتا بە بەکارهێنانی تاب، ڕێژم هەوڵی ترساندن و سەرکوتکردنی گەلی کوردی دا، دواتر خۆی وەک پارێزەری یاسا و ڕێساگەلێک دەرخست کە دەبێت کوردەکان لە ئێران ملکەچی بن [٨٣]. لە کاتێکدا، ئامانجی سەربازیی دروستکردنی یەکەکانی جاش ئاشکرایە، بەڵام لایەنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانی بەکارهێنانیان تارادەیەکی کەم لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. وەک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێداوە، دروستکردن و پەرەپێدانی نەریتی جاشایەتی، خزمەتێکی زۆری بە ستراتیژیەتی بەکۆلونیزەکردنی کوردستان لە ڕیگەی "پرش و بڵاوکردن و

دەســـەڵات کـــردن" (divide and rule) کردووە. هەمـــوو کات ئامانجـــی ئـــەم سیاســـەتانە چاندنی تـــۆوی دژبەیـــەک بـــوون و بێمتمانەیـــی و دووبارە بەخێڵەکیکردنـــی کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــووە، کە کێشـــەگەلێکی بێئەنـــدازەی بۆ بزووتنـــەوەی کورد و پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی کوردســـتان دروست کردووە [۸۴]. پەرەپێدانـــی نەریتی جاشـــایەتی بەشـــێوەیەکی کاریگـــەر خزمەتێکـــی زۆری بـــە ئامانجەکانی رێژیم بـــۆ داگیرکردنی کوردســـتان لە ڕووی ســـەربازییەوە کـــردووە؛ بـــەڵام جاشـــەکان ســـەرکەوتوو نەبوون لە شـــەرعییەتدان بە بوونی سیاسی و ســـەربازیی رێژیم لـــە کوردســـتاندا. هـــەروەک وەلی جەختی لەســـەر کردووەتـــەوە، جێگیرکردنـــی ئـــەم هێـــزە خێڵەکییە نیمچە ســـەربازییە وەک بەشـــێک لە سیاســـەتی دژە ناســـیۆنالیزمی کوردیـــی رێژیم، بەشـــێوەیەکی زیاتر شـــەرعییەتی رێژیمـــی بردووەتە ژێر پرســـیارەوە [۸۵].

ئەنجام

ئەم توێژینەوەیـــە لێکۆڵینەوەی لەو شـــەڕە دەروونییە فرەلایەنـــە کـــردووە کە لەلایـــەن رێژیمـــی کۆماری ئیســـلامییەوە دژی کورد لە رۆژهـــەڵات ئەنجام دراوە، کە کۆمەڵێـــک ئامـــراز و تەکنیکی بەرفـــراوان لەخۆ دەگرێـــت. لە ڕوانگەی رۆژهەڵاتـــی ناڤینییەوە دەتوانین بڵێین، زیادبوونی دەستڕاگەیشـــتن بـــە تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندیکردن لەلایـــەن حکومەتـــە ئاوتۆکراتەکانەوە، خزمەتێکی زۆری بە شـــەڕی دەروونیـــی دەوڵەت دژی کۆمەڵگا کـــردووە و، کۆمەڵگەی مەدەنیـــی لە وڵاتانی ئـــەم ناوچەیە لـــە دۆخێکی شـــڕدا هێشـــتووەتەوە. کۆمـــاری ئیســـلامی و رێژیمـــە پاوانخوازەکانی دیکە لـــە رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا هاتوون کە پشـــت بە تەکنەلۆژیـــای چاودێری و پەیوەندیـــی مۆدێرن، وەک ئینتەرنێت و وەشـــان ببەســـتن، کە رێگە بەو رێژیمانە دەدەن سیاســـەتی پاوانخوازیی خۆیان بسەپێنن، ترس و دوودڵـــی و دڵەڕاوکێ لەناو دڵـــی هاوڵاتییانی خۆیاندا دروســـت بکەن. نەبوونـــی توێژینـــەوەی ئەکادیمیی پێشـــوو لەســـەر ئەم بابەتە ئەوە دەردەخات کە ئەمانە تارادەیەکـــی زۆر دوور لـــە چاوی ڕەخنەگـــران ئەنجام دراون. جگـــە لە فرەییـــی ئامرازەکان و شـــێوازەکانی شـــەڕی دەروونیی کۆمەڵایەتی، بـــە میلیتاریزەکردنی کوردســـتان و ڕاگرتنی کوردســـتان لە گۆشـــەگیری و گەشەنەســـەندنا لەلایەن رێژیمەوە، کاریگەریی زۆریان لە زیاتر چەوســـانەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵات هەبوو. پەیوەندیی ناهاوســـەنگی هێز، کـــە تایبەتمەندییەکی پەیوەندیـــی دەوڵەت و کـــوردە لە ئێـــران و، هەوڵ بۆ چووکە وێناکردن و چەواشـــەکردنی ناســـنامەی کورد لەلایەن کۆمـــاری ئیســـلامییەوە و ئاماژەپێدانیان وەک لقێـــک لە گەلی ئاریایـــی، کوردەکانی بـــۆ تێپەڕاندنی ئەو شـــەڕە تـــەواو دەروونـــی و نەرمەی بەســـەریدا ســـەپێنراوە، لە دۆخێکی ســـەختدا هێشـــتووەتەوە. بەڵام کـــورد و بزووتنەوە سیاســـییەکەی لە رۆژهەڵات ڕووبەڕووی پرســـی مێژوویـــی دیکـــەش بوونەتەوە. پرش و بڵاویـــی رێکخراوەیی و ئایدۆلۆژیای سیاســـی، کـــە ڕەنگدانەوەیەکـــی ڕوونـــی لەنێـــو چالاکیـــی حیزبـــە سیاســـییەکانی رۆژهەڵاتدا هەیـــە، لایەنێکی گـــەورەی بەربەســـت و ئالێنگاریـــیە لەبـــەردەم خەباتی کـــورد لە رۆژهەڵاتـــدا، کە دەکرێـــت وەکوو بەربەســـتی خۆدروســـتکراو ســـەیری بکرێـــت [۸۶].

گردبوونـــەوەی پێکهاتەکانـــی دیاســـپۆرا بـــە فارس و غەیرەفارســـەوە، بۆ پشـــتیوانی لـــە نارەزایەتییەکانی ئەم دوایی‌یانـــەی ئێـــران، فۆرمێکـــی ناســـیۆنالیزمی ئێرانی هێنایـــە ئاراوە کـــە تا پێش ئێســـتا بـــە ڕوونی خۆی دەرنەدەخســـت [۸۷]. بەو پێیەی نارەزایەتییەکانی ناوخۆی ئێران لە باری شـــوێنەوە لە جوگرافییایەکی پرشـــوبڵاودا ڕوویان دا، کە تارادەیەکی زۆر بەشـــێوەیەکی یەکســـان لـــە گرووپە ئێتنۆ-ئایینییـــە جیاوازەکان پێـــک هاتبوون، ئـــەم جـــۆرە مەلمەلانێیە لە ناوخـــۆی ئێـــران ڕووی نەدا. بەڵام لـــە دەرەوەی ئێـــران، بۆ نموونە لە سەرانســـەری شـــارەکانی ئەورووپـــا و ئەمریـــکای باکـــوور، پێکهاتە فارســـی و غەیرەفارســـییەکان زۆر جاران لە هەمان کات و لە هەمـــان شـــوێندا نارەزایەتییان دەربـــڕی. گرووپی سەڵتەنەتەڵەبەکان و مەشـــرووتەخوازەکان بەشێوەیەکی ڕوون هێرشـــیان کردە ســـەر کورد و پارتە سیاســـییە کوردییـــەکان و بـــە تێکـــەڕی یەکپارچەییـــی خاکی ئێران تۆمەتباریـــان کردن. چەنـــد نموونەیەک هەیە کە خۆپیشـــاندەرانی کورد لەلایەن گرووپە سەڵتەنەتەڵەب و ئۆڵترا ناسیۆنالیســـتە ئێرانییەکانەوە بـــەر هێرش کەوتوون و بریـــندار کـــراون، چونکە خۆپیشـــاندەرانی کورد ئاڵای کوردســـتانیان پێ بـــووە. هەروەها نموونەی فارســـەکانی تاراوگەنشـــینی بەرواڵەت دژە کۆماری ئیســـلامی هەن کە لە شارە گەورە فارسنشـــینەکانی وەک تاران و ئیسفەهان داوا لـــە ئێرانییـــەکان دەکەن کە بەشـــداری کردنیان لە نارەزایەتییـــەکان ڕابگـــرن و وریا بن لـــە گۆڕینی رێژیم، لەبەر ئەوەی ئەم گرووپە فارســـە تاراوگەنشـــینە لەســـەر ئـــەو بڕوایەن کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیســـتەمی دەســـەڵاتداری لـــە ئێراندا تەنیا ســـوودی بـــۆ نەتەوە غەیرەفارســـەکان دەبێـــت، و لە ئەنجامـــدا دەبێتە هۆی

هەڵوەشـــاندنەوەی جوغرافییـــای ئێـــران. ئەکبەر گەنجی کە پێشـــتر ئەندامی ســـپای پاســـداران بووە و ئێستاش خـــۆی بە دژبەری کۆماری ئیســـلامی دەناســـێنێت و بە خواســـتی خۆی ژیانی تاراوگەی هەڵبـــژاردوە ، لە مانگی نۆڤەمبری ســـاڵی ٢٠٢٢ دا لە گرتەیەکـــی ڤیدیۆییدا کە لە تـــۆڕ و میدیاکان و بەتایبەتی لەســـەر فەیســـبووکدا بڵاو ببووەوە، بەشـــیوەیەکی توند هێرشـــی کردە ســـەر کوردەکان، لەو گرتـــە ڤیدیۆیەدا هۆشـــداری بە خەڵکی ناوچە فارسنشـــینەکانی ئێـــران دا بۆ بەشـــداریکردنیان لـــەو نارەزایەتییانـــەی کـــە ئـــەو وەک "ئەجێندایەکی کوردی" ناماژەی پێدان، جەختی لەســـەر ئەوە کردەوە کە "پەرەســـەندنی ئـــەم نارەزایەتییانـــە یەکپارچەیی خاکـــی ئێـــران دەخاتـــە مەترســـییەوە و، دەرئەنجامی ئـــەم ڕاپەڕینانـــە لـــە بەرژەوەندیی خەڵک لـــە ناوچە ســـنوورییەکانی وەک کوردستان، خوزســـتان و سیستان و بەلووچســـتانە" [٨٨]. ئەمە و لێدوانی هاوشـــێوە نوخبەی فارســـەکان، دەرخـــەری بوونـــی بێمتمانەییەکی زۆرە لەنێوان فارســـەکان و نەتەوە غەیرەفارســـەکان لە ئێراندا. هێرشـــێکی سیســـتماتیکی بۆ ســـەر کورد لە ئێران، بە کەڵکوەرگرتن لـــە ڕێوشـــوێن و ئامرازگەلێکی قرەوەهند لە سەرەتای ســـەدەی بیستەمەوە تا ئێســـتا بە چڕوپڕی بەرچاو دەچێت کە بووە هۆی پەراوێزخســـتنی بەردەوامی کورد و داوا دیموکراســـییانەکەیان بـــۆ دیاریکردنی مافی چارەنووســـی خۆیان. هـــەر هەوڵێک بۆ دیموکراســـی لە ئێراندا کـــە مـــاف و داوا ڕەواکانی پێکهاتـــە مەزهەبی، نەتەوەیی، غەیرەفارس و غەیرەشـــیعەکان پشتگوێ بخات، وێناچێـــت بۆ ماوەیەکی زۆر دەوام بێنێـــت و تەنیا دەبێتە هۆی دروســـتبوونی شۆڕشێکی شکســـتخواردووی دیکە وەک شۆڕشـــی گەلانی ئێـــران لە ســـاڵی ١٩٧٩دا کە ڕاســـتییەکەی نەیتوانی ببێتە هۆی وەدەستهێنانی خواستە جەماوەرییەکان بۆ گۆڕانکاریی دیموکراســـییانە لە ئێراندا.

سەرچاوەکان

1.Loqman Radpey, "Jina Amini: The woman whose death sparked protests in Eastern Kurdistan", The National, October 5, 2022.
2.Rasmus C. Elling, Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini (London: Palgrave MacMillan, 2013).
3.Allan Hassaniyan, "Iran: Popular uprising or 'armed revolt'?", LSE Middle East Centre Blog, October 27, 2022.
Christopher King, Kurdistan: The Largest 'Nation' in the World Without its Own Independent State, Munich: GRIN Verlag, 2013.
4.Alam Saleh, Ethnic Identity and the State in Iran, New York: Palgrave Macmillan, 2013; Elling, Minorities in Iran.
6.ڕزگار بەهاری، 'کورد، میدیا، ڕاگەیاندن''، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی سیاسییە، ژمارە 55 ساڵی بیست و دووەم، بەهاری , 2720 ل. 294
7.Kamal Soleimani, and Ahmad Mohammadpour, "Life and Labor on the Internal Colonial Edge: Political economy of kolberi in Rojhelat", British Journal of Sociology 71, no. 4 (2020): 741–760;
Allan Hassaniyan, "Environmentalism in Iranian Kurdistan: Causes and conditions for its securitisation", Conflict, Security & Development 20, no. 3 (2020): 355–378.
8.Kamal Soleimani, "The Kurdish Image in Statist Historiography: The Case of Simko", Middle Eastern Studies 53, no. 6 (2017): 949-965.
9.Farida Koohi-Kamali, "The Development of Nationalism in Iranian Kurdistan", in The Kurds: A Contemporary Overview, ed. G. Kreyenbroek, P. Gregory, S. Sperl, London, Routledge, 2010; Abbas Vali, Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity, London: I.B. Tauris, 2011; Marouf Cabi, "The Duality of 'Official' and 'Local' in Modern Iran: Historical and Intellectual Foundations", Middle Eastern Studies, 2021.
10.David Romano, The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization, and Identity (Cambridge: Cambridge University Press, 2006), p. 245.
11.Allan Hassaniyan, Kurdish Politics in Iran: Crossborder interactions and mobilisation since 1947 (Cambridge: Cambridge University Press, 2021).
12.Article 19, "The Organised Suppression of Kurdish Journalists in Iran", August 16, 2015; Allan Hassaniyan, "The Gains and Risks of Kurdish Civic Activism in Iran", MERIP, no. 295 (2020).

(2005): 137–146; Garth Jowett and Victoria O'Donnell, Propaganda and Persuasion (London: Sage Publications, 2015); Stefan Buchen, "Iranian Propaganda Cinema: Reversed symbolism", Qantara, 2012.

25.Jowett and O'Donnell, Propaganda and Persuasion, 2.

26.Jowett and O'Donnell, Propaganda and Persuasion, 231.

27.Edward Kaufman, "A Broadcasting Strategy to Win Media Wars", Washington Quarterly 25, no. 2 (2002): 115–127; Jowett and O'Donnell, Propaganda and Persuasion, 54–58.

28.Jowett and O'Donnell, Propaganda and Persuasion.

29. حشمەت خوسرەوی, ''میدیا و دەسڵات: میدیایی جموری ئسلامی، چەکێگ کۆنۆنیاڵیستی دژ وە ڕووژهەڵات کوردسان،'' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە ، ژمارە 58 ساڵی بیست و دووەم زستانی 2720 ؛ ماردین ڕەحیم نژاد، ''کورد لە میدیای کۆنۆنیالیزمدا،'' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە، ژمارە 58 ساڵی بیست و دووەم زستانی 2720، ل. 261.

30. Kenneth Payne, "The Media as an Instrument of War", The US Army War College Quarterly: Parameters 35, no. 1 (2005): 81–93.

31. ڕزگار بەهاری, ''کورد، میدیا، ڕاگەیاندن''؛ برایم فەرشی، '' مێدیا، '' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە ژمارە 58 ساڵی بیست و دووەم زستانی 2720 .

32. هیوا ڕۆژهە ڵات، '' زوال ابدیت؛ نقد و بررسی سریال روزهای ابدی،'' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە ژمارە 58 ساڵی بیست و دووەم زستانی 2720 .

33. حشمەت خوسرەوی, ''میدیا و دەسڵات'', ل، 30.

34. Saeed Zeydabadi-Nejad, The Politics of Iranian Cinema: Film and Society in the Islamic Republic (New York: Routledge, 2010), 6.

35. Center for Human Rights in Iran, "Iran's Intelligence Establishment is Spreading Propaganda through Films and TV", March 31, 2021.

36. کاوە قبادی، ''اهریمنی جلوه دادن مردان کُرد در سینمای ولایی،'' رادیو زمانه ، October 2, 2019

37. Zeydabadi-Nejad, The Politics of Iranian

13.Jafar Sheyholislami, Kurdish Identity, Discourse and New Media (New York: Palgrave Macmillan, 2011); Kirstian N. Smith, "Social Media and Political Campaigns", TRACE: Tennessee Research and Creative Exchange, May 2011.

14Amir Hassanpour, "Satellite Footprints as National Borders: Med-tv and the extraterritoriality of state sovereignty", Journal of Muslim Minority Affairs 18, no. 1 (1998): 53–72; Christian Sinclair and Kevin Smets, "Media Freedoms and Covert Diplomacy: Turkey challenges Europe over Kurdish broadcasts", Global Media and Communication 10, no. 3 (2014): 319–331, 324.

15.Hassanpour, "Satellite footprints": 66.

16.David A. Charters, "Intelligence and Psychological Warfare Operations in Northern Ireland", The RUSI Journal 122, no. 3 (1977): 22–27.

17.Paul A. Linebarger, Psychological Warfare (Washington: Indiana University, 1948): 25.

18.Harold D. Lasswell, "Political and Psychological Warfare", in Daniel Lerner ed., Propaganda in War and Crisis (New York: G. W. Stewart, 1951): 261.

19.Ryan Clow, "Psychological Operations: The need to understand the psychological plane of warfare", Canadian Military Journal Issue 9, no. 1 (2009): 21–29.

20.Linebarger, Psychological Warfare; Frank R. Barnet, Political Warfare and Psychological Operations: Rethinking the US approach (Washington, D.C.: National Defense University Press, 1989).

21.Linebarger, Psychological Warfare, 62.

22.Linebarger, Psychological Warfare; Vladislav Saran "Media Manipulation and Psychological War in Ukraine and the Republic of Moldova", Centre for European Studies 8, no. 4 (2016): 738–752.

23.Linebarger, Psychological Warfare, 25.

24.Alex Schmid, "Terrorism as Psychological Warfare", Democracy and Security 1, no. 2

Cinema; Narges Bajoghli, “The Outcasts: The start of ‘new entertainment’ in pro-regime filmmaking in the Islamic Republic of Iran”, Middle East Critique 26, no.1 (2017): 61–77; Najmeh Bozorgmehr, “Lights, Camera, Revolution: Iran’s military makes films”, Financial Times, February 13, 2020.

۳۸. ساڕۆ ئەردەڵان، ''سینەما و کۆڵۆنیالیزم: پیشاندانەوەی کورد لە سینەمای ئێراندا،'' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیییە، ژمارە ۵۸ ساڵی بیست و دووەم ،زستانی ۲۷۲۰

39. Kristin Dross, “Iran’s Propaganda Purveyors”, CBS News, July 27, 2007.

40.Azadeh Moaveni, “State Television Becomes a Focus for Iranian Anger”, Time, June 22, 2009.

42.Jon Gambrell, “Report: Iran TV airs 355 coerced confessions over decade”, AP News, June 25, 2020.

International Federation of Human Rights and Justice for Iran, Orwellian State: Islamic Republic of Iran’s state media as a weapon of mass suppression (Paris: International Federation of Human Rights, 2020), 14.

43. Alam Saleh, Ethnic Identity and the State in Iran (New York: Palgrave Macmillan, 2013), 127; International Federation of Human Rights and Justice for Iran, Orwellian State.

44. International Federation of Human Rights and Justice for Iran, Orwellian State, 29–30.

۴۵. هیوا ڕۆژهەڵات، '' زوال ابدیت''، ۱۶۱.

۴۶. هێرش ناسری'' ، ڕەنگدانەوەی کورد لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی ''نون خ''دا''، '' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیییە، ژمارە ۵۸ ساڵی بیست و دووەم، زستانی ۲۷۲۰ ، ۲۳۵.

۴۷. ساڕۆ ئەردەڵان ''سینەما و کۆڵۆنیالیزم: پیشاندانەوەی کورد لە سینەمای ئێراندا،'' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیییە، ژمارە ۵۸ ساڵی بیست و دووەم، زستانی ۲۷۲۰ .

۴۸. ڕزگار بەهاری، ''کورد، میدیا، ڕاگەیاندن''

49. Tehran Musavvar 22 (1979), 22.

Nashriyah: Digital Iranian history archive, University

۵۰. ناسری'' ، ڕەنگدانەوەی کورد''، ۲۳۵.

۵۱. ئەردەڵان ''سینەما و کۆڵۆنیالیزم''، ۱۳۰.

۵۲. ناسری'' ، ڕەنگدانەوەی کورد''؛ ڕۆژهەڵات، '' زوال ابدیت''.

۵۳. ڕەحیم نژاد، ''کورد لە میدیای کۆڵۆنیالیزمدا''. ۲۶۴،

۵۴. بەهاری، ''کورد، میدیا، ڕاگەیاندن''، ۲۹۴.

۵۵. ناسری'' ، ڕەنگدانەوەی کورد''، ۲۳۵.

۵۶. ڕامان ڕۆژهەڵات، ''کردُ شبکه مصداق بارز صنعت فرهنگ حکومت اشغالگر بر علیه کوردستان و سوژههای وابسته کورد به اشغالگر،'' گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی، ژمارە ۵۸ ساڵی بیست و دووەم، زستانی ۲۷۲۰، ۳۵۰.

57. Rezgar Behari, “A Reflection on the Television Series Lebey- dovom-e tigh”, Facebook, February 4, 2021.

58. Kjell Anderson, “Colonialism and Cold Genocide: The case of West Papua”, Genocide Studies and Prevention: An International Journal 9, no. 2 (2015): 9–25.

59. Clow, “Psychological Operations”, 15.

60. Gareth Stansfield and Allan Hassaniyan, “Kurdish Insurgency in Rojhelat: From Rasan to the Oslo negotiations”, Middle Eastern Studies 58, no. 1 (2021): 153–166.

61. Shahram Akbarzadeh, Zahid Shahab Ahmed, Costas Laoutides and William Gourlay, “The Kurds in Iran: Balancing national and ethnic identity in a securitised environment”, Third World Quarterly 40, no. 6 (2019): 1145–1162; Walter Posch, “Fellow Aryans and Muslim Brothers: Iranian narratives on the Kurds”, in Gareth Stansfield and Mohammed Shareef eds., The Kurdish Question Revisited (London: Hurst, 2017): 331–352.

62.Akbarzadeh et al., “The Kurds in Iran”, 1148.

63. Allan Hassaniyan, “Iran’s Transformative Moment: Kurdistan on the frontline”, Kurdish Peace Institute, October 3, 2022.

64. Akbarzadeh et al., “The Kurds in Iran”, 1158.

65, Stansfield and Hassaniyan, “Kurdish Insurgency in Rojhelat”.

66. Behari, “A Reflection”.

67. Barzoo Eliassi, Narrative of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences (Cham: Palgrave Macmillan, 2021).

68. Jiyar Hossein Aghapouri, “Towards Pluralistic and Grassroots National Identity: A

Insurgency in Rojhelat”.
87. Barzoo Eliassi, “Privilege, Difference and Inequality in the World of Unequal Nation-States”, Culture Project, July 11, 2022.
88. Allan Hassaniyan, “Iran’s Protest and Intercommunal Interaction: A Kurdish perspective”, Culture Project, November 17, 2022.


study of national identity representation by the Kurdish diaspora on social media”, National Identities 22, no. 2 (2020): 173–192.
69. Posch, “Fellow Aryans”, 345.
70. Suncem Koçer, “Kurdish Cinema as a Transnational Discourse Genre: Cinematic visibility, cultural resilience, and political agency”, International Journal of Middle East Studies 46, no. 3 (2014): 473–488.
٧١. ڕۆژهەڵات، ‘’ زوال ابدیت‘‘، ١٦٥.
72. Abbas Vali, “Reflection on Kurdish Society and Politics in Rojhelat: A review”, in Michael M. Gunter ed., Kurdish Issues: Essays in Honor of Robert W. Olson (Costa Mesa: Mazda Publishers, 2016): 283–314, 298.
73. Abbas Vali, “Sekot-e Rojhelat”, Pecritique no. 6 (2018): 300.
74. N.H., Jash Namey Hiwa Tab (Hawler; Kurdipedi, 2010), 11 .
75. Hossain Khlikgi, Jan u Jiyan. (Stockholm: Rabûn, 1999), 13.
76. Martin van Bruinessen, “Kurdish Society, Ethnicity, Nationalism and Refugee Problems”, in The Kurds: a Contemporary Overview (London: Routledge, 1992): 26–52.
77. Allan Hassaniyan, Kurdish Politics in Iran: Crossborder Interactions and Mobilisation Since 1947 (Cambridge: Cambridge University Press, 2021), 147.
79. Vali, “Reflection on Kurdish Society”, 300–301.
Ibid., 299.
80. Zhiwan Kurdistani, “Reflection on Women’s Marginalisation in Kurdish Society”, Tishk, 22, no. 57 (2020): 216.
81. N.H., Jash Namey Hiwa Tab.
82. Parvane Maasumi, “The Victims of Kurdistan Serial Killings”, Rojhelat.info, October 21, 2013,
83. N.H., Jash Namey Hiwa Tab, 6–11.
84. Hassaniyan, “Kurdish Politics in Iran”, 147.
85. Vali, “Sekot-e Rojhelat”.
86. Stansfield and Hassaniyan, “Kurdish

ژن، ژیان، ئازادی : لە بەستێنەوە بۆ شۆڕش

دیلان هەردی

ئەندامی بەشی توێژینەوە ئەمریکییەکان لە زانکۆی ڕێنی فەڕانسە

کاتێک دژایەتی پێکهاتەیی بەهێز دەبێ، ڕووداوێک بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی تووڕەبوونی جەماوەری پێکهاتەیەک. ئەگەر دژایەتی پێکهاتەیی بوونی نەبێ، هاتنە ئارای ڕووداوێکی وەکوو کوژرانی ژینا ئەمینی، نارەزایەتییەکی بەرین بەرهەم ناهێنێ. کاتێک دژایەتی پێکهاتەیی پێشترهەبووبێ، گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ڕووداوەکە وەکوو دەرئەنجامی ئەو دژایەتییە دەناسێنن و هەوڵ دەدەن هەموو کۆمەڵگا بەرەو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورە ئاراستە بکەن. لێرەدا دوو ئاراستە هەیە: یەکێکیان هەوڵدانە بۆ چارەسەری لە ڕێگەی سیستەمی سیاسییەوە کە پێی دەگوترێ "پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان". دووهەمیشیان هەوڵدانە لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی کە پێی دەگوترێ "سەرچاوەکانی تەیار کردنی جەماوەر".



کچێکی کورد بە ناوی ژینا، لە کوردستانەوە دەچێتە تاران. وەک هەر کچێکی دیکە بە هۆی گونجاو نەبوونی سەرپۆشەوە (بە پێی یاساکانی ئێران) لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ. بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو کچانەی تا ئەو کاتە بە هەمان هۆکارەوە دەستگیر کرابوون، ژینا بە شێوەیەکی جیاوازتر لێی دەدرێ و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی. بە دوای ئەوەدا خێرا لە کوردستان خەڵک لە دژی حکوومەتی ئێران ڕادەپەڕن و لە ئەنجامدا ئەو ڕاپەڕینە هەموو ئێران و جیهان دەگرێتەوە. ئەو ڕووداوە تەنیا گێرانەوەیەکی ساده نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک پرسیاری لە خۆیدا هەڵگرتووە. بۆچی کچێکی کورد لە تاران بە شێوەی جیاوازتر توندوتیژی لەگەڵ دەکرێت؟ ئەگەر ژینا کورد نەبوایە، ئایا هەمان ڕاپەڕین ڕووی دەدا؟ هەڵبەت ئەو پرسیارانە پێشتر ولامیان دراوەتەوە و بە پێویستی نازانم بچمە سەریان، بەڵام دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم کە ڕووداوێکی وەکوو کۆژرانی ژینا ئەمینی ئەگەر بەستێنێکی مێژوویی لە پشتەوە نەبێ، نابێتە هۆی ڕاپەڕینێکی گەورەی بەو شێوە، بەڵکوو تەنیا لەوانەیە لە ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی کورتماوە زیاتر تێنەپەڕێ. خاڵی دووهەم ئەوەیە کە لە بەستێنی سیاسییەوە هەتا بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش، پرۆسەیەک هەیە کە لە چەند قۆناخ پێکهاتووە و هەر قۆناخێک گرینگیی خۆی هەیە کە ناسینی هەر کام لەو قۆناخانە گرینگە. بە واتایەکی دیکە، شۆڕشە سیاسییەکان ڕووداوی لەناکاو نین، بەڵکوو خاڵی کۆتایی پرۆسەیەکن کە هەڵقوڵاوی بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریین و پێویستییان بە لێدانی چەخماخە هەیە. کە چەخماخە لێدرا، ڕاپەڕین ڕوو دەدات. دوای ئەوەش چەند قۆناخی دیکە دەبێ تێپەڕ بکرێن تا ڕاپەڕین تەنیا بە تووڕەبوونێکی کورتماوە کۆتایی پێ نەیەت و خۆی لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا ڕێک بخات و بەرەو شۆڕشی کۆتایی هەنگاو بنێت. لەم وتارەدا ئەو قۆناخانە دەخرێنە بەر شی کردنەوە کە کۆمەڵگایەک لە بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریيەوە دەگوازنەوە بۆ ڕاپەڕین و خۆ ڕێکخستن و لە کۆتاییدا سەرکەوتنی شۆڕش. وڵامی پرسیاری ئەوەیکە، " تا سەرکەوتنی شۆڕش کام قۆناخگەل دەبێ تێپەڕ بکرێن؟ "، لە چوار بەش پێک دێت کە لە هەر کامیان قۆناخێکی شۆڕش دەخرێتە بەر باس و هەر بەشێک لەگەڵ قۆناخێکی شۆڕشی ژینا بەراورد دەکرێ. لە بەشی یەکەمدا، بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە چوارچێوەی پرسی پێکهاتەیی دەخرێتە بەر باس. بەشی دووهەم باسی قۆناخی تووڕەیی جەماوەر دەکات کە لە ئەنجامی پرسی پێکهاتەیی دێتە ئاراوە و ڕووداوێک دەبێتە هۆی تووڕەبوونی جەماوەر و دوو ئاراستە بە خۆوە دەگرێت. بەشی

سێهەم که هەمان قۆناخی چوارەمی پرۆسەکەیە، باسی چوارچێوەبەندیی ڕاپەڕین و بە بزووتنەوە کردنی ڕاپەڕین دەکات، واتە دابەش کرنی ئەرکەکان و ڕێکخستنی ڕاپەڕین. بەشی کۆتایی بە جەماوەریبوونی ڕاپەڕینە کە قۆناخی شۆڕش و ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتە تا بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش.

دژایەتی پێکهاتەیی : نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی، ئایینی

قۆناخی یەکەمی پرۆسەی شۆڕش تایبەتە بە دژایەتی پێکهاتەیی. دۆخێکی بنەڕەتیی گرژییە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا یان وڵات کە بەرهەمی نایەکسانی، نادادپەروەری، ئایدیۆلۆژی یان نەتەوەییە. ئەوەش دەبێتە هۆی نارازی بوونی پێکهاتە یان چەند پێکهاتەیەک و خستنە ژێر پرسیاری دۆخی ئێستا. دژایەتی پێکهاتەیی، چەمکێکی کۆمەڵناسی و سیاسییە کە ورد دەبێتەوە سەر دژایەتی و ناکۆکی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگایەک. ئەو دژایەتیە کاتێک خۆی دەردەخات کە پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتە دەخرێنە پەراوێزەوە و لە لایەن پێکهاتەی دیکەوە تووشی هەڵاواردن دەبن. ئەو دژایەتیە لەوانەیە نەتەوەیی بێ کە نەتەوە یان نەتەوەیەکی ژێردەست لە وڵاتێکدا لە لایەن نەتەوەیەکی سەردەستەوە بەرەوڕووی نادادپەروەری و هەڵاوردن و سەرکوت دەبنەوە و دژایەتی پێکهاتەیی دروست دەبێ. لەوانەیە دژایەتی پێکهاتەیی دژایەتیەکی چینایەتی بێ کە چینێکی دەسترۆیشتوو چینەکانی دیکە دەچەوسێنێتەوە و جیاوازیی چینایەتی لە ئاستێکی بەرزدا بەرهەم دێنێ. لێرەدا چینی دەسترۆیشتوو لەگەڵ دەوڵەت هاودەستن. لە چوارچێوەی تیۆری مارکسیستیدا، زۆرجار دژایەتی پێکهاتەیی وەک بزوێنەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و تەنانەت شۆڕشیش سەیر دەکرێت. مارکسیستەکان دەڵێن، دژایەتی پێکهاتەیی نێوان چینی کرێکار و سەرمایەداری لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا کە کرێکاران هێزی بەرهەمهێنەرن بەڵام سەرمایەدارەکان بەرهەمەکە دەچنن، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ململانێی چینایەتی و دژایەتی پێکهاتەیی. لەوانەیە دژایەتی پێکهاتەیی ڕەگەزی بێ، واتە ڕەگەزێکی کۆمەڵگا وەکوو ژنان لە لایەن ڕەگەزی زاڵ کە پیاوانن لە دژایەتیدا بن و بە شێوەی کولتووریی بچەوسێنەوە. هەروەها لەوانەیە دژایەتی پێکهاتەیی ئایینێ بێ. واتە ئایینەکان لە دژایەتیی یەکتردا بن، یان ئایینێک لە ڕێگای دەوڵەتەوە دژایەتی ئەوانی دیکە بکات. لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی ئەو دژایەتیە پێکهاتەییانە بە تایبەت لە کوردستان هەن. لە هەمووشیاندا دەوڵەت ڕۆڵی پشتگیریی لە پێکهاتەیک بە دژی ئەوانیتر دەگێڕێ. لە شۆڕشی ژینادا، دوو دژایەتی پێکهاتەیی ڕۆڵی سەرەکیان لە هێنانە ئارای ئەو شۆڕشەدا هەیە، یەکێکیان نەتەوەییە و یەکێکیان ڕەگەزی. پرسی نەتەوەیی کورد و پرسی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستێنێکی مێژوویان هەیە. پرسی کورد جگە لە مێژووی کۆن و هاوچەرخ، لە ماوەی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی لە سەدەی بیستەمدا، زیاتر بەرچاوە، کە ئەویش هەوڵی جیدی دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر ئێران بۆ سڕینەوە و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ناو نەتەوەیەک بە ناوی ئێرانییە کە ئەویش نوێنەرایەتیی فارس دەکات، لە هەمان کاتدا، هەوڵی جیدی نەتەوەی کورد بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی. پرسی ژن جگە لە لایەنە کولتوورییەکەی لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار، لەگەڵ دەوڵەتێکی ئایینیش لە ململانێ دایە. واتە ژنان جگە لە ڕێسا باوەکانی بنەماڵە، لە دەرەوەی ماڵەوەش لەگەڵ باتوومی دەوڵەت ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەم دژایەتیە پێکهاتەییانە دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بە شاراوەیی بمێننەوە، بەڵام کاتێک قەیران یان کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان توندتر دەبنەوە، دەتوانن ببنە بزوێنەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت شۆڕشیشی لێ بکەوێتەوە. ژینا لەبەر ئەوەی ژن بوو، لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا، لەو کاتەوە کە دەزانرێ کوردە، لەوانەیە پۆلیسەکان زیاتر لە ژنانی فارس لەگەڵی بە توندوتیژی ڕەفتاریان کردبێ و سەریان کردبێتە ئامانج. هۆکارەکەشی ئەو دژایەتیە پێکهاتەییەیە کە ڕیشەی مێژوویی هەیە. واتە دژایەتی پێکهاتەی نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێردەست. وێڕای ئەوە، دژایەتی ڕەگەزیش دێتە نێو بابەتەکەوە، واتە ژنێک لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا. ئەوجار دژایەتی ئایینی و ئایدیۆلۆژیش دێنە نێو بابەتەکەوە. ژنێکی نەتەوەی ژێردەست بە ڕەچاو نەکردنی سەرپۆشی ئایینی لە پێتەختی نەتەوەی سەردەست کە دەوڵەتێکی ئایینی بەڕێوەی دەبات. هەمووی ئەوانە بوونە هۆی کوژرانی ژینا. هەر ئەوەش وایکرد لە کورستانەوە ڕاپەڕین دروست بێت. دژایەتی پێکهاتەیی لە دروشمەکانی ڕاپەڕیندا بە ڕوونی دیار بوون. نەتەوەی سەردەست لە ڕووی دروشمیشەوە کە بە ڕواڵەت لە دژی یەک دوژمنی هاوبەش بوون، نەیدەتوانی بکەوێتە دوای

دروشمی کوردی وەکوو نەتەوەی ژێردەست، بۆیە هەوڵی دەدا دروشمەکان بە جۆرێکی دیکە بەرهەم بهێنێتەوە کە هەم پیاوسالاری و هەم سەردەستیی خۆی بە پتەوێ بهێڵێتەوە. دروشمی " مرد، میهن، آبادی " لە دژایەتی " ژن، ژیان، آزادی " خۆی دەرخەری هەبوونی ئەو دژایەتیە پێکهاتەییەیە، واتە " مرد " لە جیاتی " ژن "، " میهن " لە جیاتی " ژیان " و " آبادی " لە جیاتی " ئازادی ". تەنانەت دژایەتی پێکهاتەیی لە ناوی ژیناشدا بە ڕوونی دیار بوو. واتە " مهسا " لە دژایەتی " ژینا ".

تووڕەیی : بابەتێک کە دەبێتە هۆی تووڕەیی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا

کاتێک دژایەتی پێکهاتەیی بەهێز دەبێ، ڕووداوێک بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی تووڕەبوونی جەماوەری پێکهاتەیەک. ئەگەر دژایەتی پێکهاتەیی بوونی نەبێ، هاتنە ئارای ڕووداوێکی وەکوو کوژرانی ژینا ئەمینی، نارەزایەتییەکی بەرین بەرهەم ناهێنێ. کاتێک دژایەتی پێکهاتەیی پێشترهەبووبێ، گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ڕووداوەکە وەکوو دەرئەنجامی ئەو دژایەتییە دەناسێنن و هەوڵ دەدەن هەموو کۆمەڵگا بەرەو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورە ئاراستە بکەن. لێرەدا دوو ئاراستە هەیە: یەکێکیان هەوڵدانە بۆ چارەسەری لە ڕێگەی سیستەمی سیاسییەوە کە پێی دەگوترێ "پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان". دووهەمیشیان هەوڵدانە لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی کە پێی دەگوترێ "سەرچاوەکانی تەیار کردنی جەماوەر". ئاراستەی دووهەم لە نەبوون یان لاواز بوونی ئاراستەی یەکەم دێتە ئاراوە. یەکەم) لە ڕێگەی سیستەمی سیاسییەوە یان "پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان" : چەمکی پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان چەمکێکی زانستییە کە بە مەبەستی تێگەیشتن لە دۆخی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکان هاتۆتە ئاراوە. ئەو چەمکە هەوڵ دەدا شییکاری بۆ ئاستی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەکان و سیستەمی سیاسی وڵات بکات. پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان بریتییە لە هەموو پێکهێنەرەکانی ژینگەی سیاسی یان بەستێنی سیاسی کە کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنیان لەسەر بزووتنەوەیەکی جەماوەری هەیە. ئەم چەمکە سەرنج دەخاتە سەر ئەم بابەتانە: توانایی حکوومەت لە گەشەپێدانی سیاسەتە گشتییەکاندا، بەهێزیی یان لاوازیی سیستەمی سیاسی، شێوە و ئاستی کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییەکان لە لایەن پۆلیسەوە، یەکدەستی و نایەکدەستیی دەسەڵاتداران، ڕادەی گوێگرتنی دەوڵەت لە دواکارییەکان. لێرەدا ڕادەی کراوەیی و داخراویی سیستەمی سیاسیی زۆر گرینگە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک کاریگەریی لەسەر دەسەڵات دابنێ. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون، ڕادەی توندوتیژیی و هێمنانە بوونی ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕادەی کراوەیی و داخراویی سیستەمی سیاسییەوە هەیە. لە سیستەمێکی کراوەدا کە بتوانرێ بە دواداچوون بۆ بابەتەکان بکرێ، خۆپێشاندانەکان کەمتر ڕۆڵ دەگێڕن. لێرەدا چوار فاکتەر هەن بۆ کراوە بوون و داخراو بوونی سیستەم: ژمارەی لایەنە سیاسییەکان لە سیستەمدا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانەر لە دەسەڵاتی جێبەجێکار، ڕادەی پەیوەندی نێوان بزووتنەوەکان و لایەنە سیاسییەکان، توانای بزووتنەوەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی و دۆزینەوەی هاوپەیمان. لە سیستەمێکی کراوەدا، بزووتنەوەکان دەتوانن سێ جۆر کاریگەریی لەسەر سیستەم دابنێن: یەکەمیان، " کاریگەریی بنەڕەتی " کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ناوەڕۆکی سیاسەتەکانی دەوڵەت بە پێی خواستی بزووتنەوەکە. دووهەمیان، " کاریگەریی ڕێکاری " کە دەبێتە هۆی بە فەرمی ناسینی بزووتنەوەکە و کرانەوەی دەرگا بۆ بەشداریی سیاسیی نوێنەرانی بزووتنەوەکە. سێیەمیان " کاریگەریی پێکهاتەیی "، کە پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان خۆی بە پێی چالاکییەکانی بزووتنەوەکە دەگۆڕێ. لە ڕووی زانستییەوە، ئەگەر ڕێژیمێکی سیاسی سێ تایبەتمەندی کە بریتین لە ڕێبەرێکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو، گرووپێکی سیاسی یان حیزبێکی خاوەن دەسەڵاتێکی تەواو و ئایدیۆلۆژیی حکوومی پێکەوە تێیدا هەبن، ڕێژیمێکی تۆتالیتەرە. لە ڕێژیمێکی تۆتالیتەریش هەموو دەرگاکان داخراون. ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکی پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکانەوە سەیری شۆڕشی ژینا بکرێ بۆ ئەوەی دەرکەوێ تا چەند دەتوانرێ لە ڕێگەی دەرفەتە سیاسییەکانەوە کاریگەریی بخرێتە سەر دەسەڵات، دەردەکەوێ کە ئەوە کارێکی ئەستەمە، چونکە سیستەمی سیاسیی ئێران سیستەمێکی بە تەواوی داخراوە کە تێیدا نارەزایەتی و داواکارییەکان بە توندی سەرکوت دەکرێن. لەو سیستەمەدا دەسەڵاتداران ئەگەر هەرچەندی لە ناوخۆیان نایەکدەست بن، لە بەرامبەر هەر داواکارییەک بە تایبەت ئەگەر داواکاری و نارەزایەتییەکە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بێ، یەکدەست دەبن. دەسەڵات لەبەرامبەر نارەزایەتییەکان بە تەواوی هێزەوە وەستاوە. لە ئێراندا حیزبی سیاسی کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمدا نەجووڵێتەوە بوونی نییە. لایەنێک نییە کە لە ڕێگەی ئەوەوە

کاریگەریی بخرێتە سەردەســـەڵات. لـــە ئێران هیچ رێگەیەک بـــۆ گۆڕگرتن لە دەنگـــی نارازیبوون بوونی نییە. هەر بۆیەشـــە هـــەر کات ڕووادوێـــک ببێتە هـــۆی نارەزایەتیـــی خەڵک، تووڕەیـــی جەماوەر لە ئاســـتێکی بەرز دایـــە و خۆپێشـــاندانی خۆبناوی لـــێ دەکەوێتـــەوە. لـــە ڕووداوی کوژرانـــی ژینا ئەمینی، دەســـەڵات لـــە جیاتی بـــەدوا داچوون بۆ داواکاریی خەڵـــک و دۆســـیەی کوژرانەکە، کەوتە دژایەتـــی خەڵـــک و بەرگریی لـــە دامودەزگاکانی خـــۆی. ئـــەوەش وایکرد کە خەڵک خـــۆی لە دژی دەســـەڵات تەیار بکات و پێکهاتـــە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵـــگا لـــە دژی دەســـەڵات یـــەک بگـــرن. دووهـــەم) " ســـەرچاوەکانی خـــۆ تەیـــار کردن" لە دەرەوەی سیستـــەمی سیاسی : لە کـــاتی ڕووداوێک کە دەســـەڵات لە پشـــتەوەیەتی، خەڵکی پێکهاتـــە پەراوێز خـــراوەکان هەوڵ دەدەن لە دەرەوەی دەســـەڵات کۆمەڵگا لـــە دەوری خۆیان تەیـــار بکەن، بـــە تایبـــەت ئەگەر سیســـتەمەکە داخـــراو بێت. لێـــرەدا خـــۆ تەیار کـــردن لە دوو کۆمەڵـــگای نەریتـــی و مۆدێرندا جیـــاوازە. ئەگەر کۆمەڵگاکـــە نەریتـــی بـــێ، جەماوەری نـــارازی پێویســـتیان بە پشـــتیوانی و هاوکاریـــی خەڵکی ئاســـایی، کەسانی ناودار، کەســـانی ئایینی، سەرۆک هۆز و کەســـانێکن کە بە شـــێوەی نەریتی دەتوانن هەســـتی خەڵک بجووڵێنن یـــان کاریگەریی بخەنە ســـەر جەماوەر. لەو جـــۆرە کۆمەڵگایەدا، کەســـانی ئایینی و ســـەرۆک هـــۆزەکان ڕۆڵی ســـەرەکی لە ئاراســـتە کردن و هاندانـــی جەمـــاوەردا دەگێڕن. لـــە بەرامبەریشـــدا، حکوومـــەت هـــەوڵ دەدا بۆ دامرکاندنەوەی خۆپێشـــاندانەکان، کەڵک لە هەمان ئـــەو کەســـانە وەرگـــرێ. چونکە لـــە کۆمەڵگای نەریتیـــدا تاکەکان لـــە ژێر کاریگەریی هەســـتی ئایینـــی و بنەماڵەیـــی دان و لـــە ڕووی هزرییەوە گرێـــدراوی ئـــەو دوو بابەتـــەن. بـــە پێچەوانەوە، ئەگـــەر کۆمەڵگاکـــە کۆمەڵگایەکـــی مۆدێرن بێ، واتە زۆرینـــەی تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیـــان ئازادانە لە چوارچێـــوەی حیزبی سیاســـی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵـــگای مەدەنیدا ڕێک خســـتبێ، یـــان خۆیان ڕێک نەخســـتبێ، بەڵام لە ژێر کاریگەریی هەســـتی ئایینـــی و هۆز و بنەماڵەدا نەبـــن، حیزب و ڕێکخراو و دامەزراوەکانـــی کۆمەڵگای مەدەنـــی، واتە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بە مەبەســـتی مەدەنی، پیشـــەیی، ئابـــووری و ئایینی دامەزراون وەکوو ســـەندیکاکان، ڕۆڵی ســـەرەکیی لـــە تەیـــار کردنـــی کۆمەڵگادا دەگێـــڕن، بە تایبـــەت ئەگەر بابەتەکـــە نەتەوەیی بـــێ، هەموو چین و تۆیـــژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا خۆیان لـــە تۆڕەکانـــی ڕێکخســـتنی بزووتنەوەکە دەبەســـتنەوە. لـــەو کۆمەڵگایـــەدا، کۆنترۆڵـــی بزووتنەوەیەکـــی جەمـــاوەری کە هەمـــوو چین و تۆیژەکانـــی لە خۆی گـــرێ دابێ، بـــۆ حکوومەت قورســـە. هەر بۆیـــەش حکوومەتێکـــی تۆتالیتەر، نەک هـــەر ڕێگە بە دروســـتبوونی حیـــزب نادات، بەڵکـــوو تەنانەت هەســـتیاریەکی زۆری بەرامبەر بە ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگای مەدەنـــی هەیە و هەوڵ دەدا، یـــان ســـنووردارین بکات یـــان ڕێکخراوی هاوشـــێوە و هاوتەریبیان لە دژی دروســـت بکات. چونکە خاڵی لاوازی ڕێژیمێکـــی تۆتالیتەرلە ناوخۆدا تەنیا ڕێکخســـتنە، نەک هێزی تـــر، تەنانەت ئەگەر ڕێکخســـتنەکە گرووپێکـــی زۆر بچووکیـــش بێ. بابەتێکـــی دیکـــەی جێی ئامـــاژە ئەوەیـــە کە، لە کاتـــی ئاســـاییدا، ســـنووریک لە نێـــوان چین و تۆیژەکانـــی کۆمەڵـــگادا بوونـــی هەیە کـــە ڕیگرە لـــە یـــەک گرتنیان، چونکـــە چیـــن و تۆیژەکانی کۆمەڵگا بە هۆی پیشـــەکانیانەوە ســـنووریکی نادیار لـــە نێوان خۆیـــان دروســـت دەکەن، بـــۆ نموونە ســـنووریکی نادیار لە نێوان کرێکاران و مامۆستایان و بازاڕییەکانـــدا هەیـــە. کرێـــکاران نارەزایەتیی و داواکاری مامۆســـتایانیان لە دەســـەڵات بۆ گرینگ نییە و ناچنـــە پاڵیەوە، یان مامۆســـتایان داواکاریی بازاڕیانیـــان بـــۆ گرینگ نییە و بە هەمان شـــێوە بۆ چیـــن و تۆیژەکانی دیکەش. لەبەر ئەوەی ســـنووری پیشـــەکانیان چوارچێوەی بۆ داناون کە ســـەرنجیان تەنیـــا لەســـەر بەرژەوەندیی خۆیان بـــێ. کاتێک ئەو ســـنووڕانە کەمڕەنـــگ بوونـــەوە و هەموویان هەســـتیان کرد کە کێشـــەی هاوبەشـــیان هەیە، نیشـــانەی ســـەرهەڵدانی شۆڕشـــە. تەنیا لە کاتی ڕاپەڕیـــن و شۆڕشـــە کە ئـــەو ســـنووڕانە نامێنن. دوای ســـەرکەوتن و بە ئەنجام گەیشـــتنی شۆڕش، ئەو ســـنووڕانە دیسان دگەڕێنەوە شـــوێنی خۆیان. کۆمەڵگای کوردســـتان و ئێران، نە کۆمەڵگایەکی تەواو نەریتییـــە کە تاکەکان بـــە تەواوی لە ژێر هەســـتی ئایینـــی و بنەماڵەیی دابـــن، نـــە کۆمەڵگایەکی تەواو مۆدێرنـــە کـــە حیـــزب و دامەزراوەکانـــی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵی ســـەرەکییان لە ڕێکخســـتنی جەماوەردا هەبـــێ. لـــە بزووتنـــەوەی " ژن، ژیان، ئـــازادی"دا، هـــەم تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵـــگای نەریتی، وەکوو مامۆســـتایانی ئایینی و کەســـانی خۆشـــناو ڕۆڵیان لە هاندانـــی جەمـــاوەردا هەیە، هـــەم تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵـــگای مۆدێـــرن وەکـــوو حیزبـــی سیاســـی و ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی. دەبینین کە لە کاتـــی ڕاپەڕیندا، ســـنووری نێوان چیـــن و تۆیژەکانی کۆمەڵگا دیـــار نامێنێت و لە منداڵانـــی قوتابخانەکان و کرێکار و مامۆســـتا و کەســـانی ئایینی هەتا حیزبی سیاســـی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵـــگای مەدەنی، یەک

هەواڵنامەی کۆمەڵ

دەنگ بەرز دەکەنەوە و هەست بە یەک کێشەی هاوبەش دەکەن و هەموویان لە دژایەتی کردنی دەسەلاتدا بەشدارن. بەلام لە هەموو ئێران ئەو بابەتە هێشتا ڕووی نەداوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە لە کوردستان شۆڕش لە ئارا دایە، بەلام لە ئێران بە تایبەت لە ناوەند هێشتا ئەوە ڕووی نەداوە. هەڵبەت کوردستان پێشینەی شۆڕش و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕێکخستنی سیاسی و هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، بزوێنەر و یارمەتیدەری سەرەکیی ئەو شۆڕشەیە. دوای تێپەڕ بوون لە یەکێک یان هەردوو ئەو ئاراستانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، قۆناخی دواتر، قۆناخی چوارچێوەبەندی و دیاریکردنی چوارچێوەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینە.

چوارچێوەبەندی: ڕێکخستن، دروست کردنی هاوپەیمانێتی، ستراتێژیی بەرەنگاربوونەوە

لەو قۆناخەدا، هەر بزووتنەوەیەک بۆ بەردەوامبوون پێویستی بە دیاری کردنی چوارچێوە و هێڵە گشتییەکانییەتی. چوارچێوەبەندی بە پڕۆسەیەک دەگوترێ کە ئەکتەر یان لایەنە سیاسییەکان ڕووداوێکی سیاسی هەڵدەسەنگێنن و داهاتووی سیاسیی لەسەر بنیات دەنێن. ئەو پڕۆسەیە بۆ تەیار کردن، ڕاکێشانی جەماوەر و هەروەها میدیاکان و ڕای گشتی پێویستە، ئەگینا ڕاپەڕین تەنیا لە تووڕەبوونێکی کاتیدا قەتیس دەمێنێتەوە و دادەمرکێتەوە. چوارچێوەبەندی نەک هەر دەبێتە هۆی تەیار کردنی جەماوەر لە ڕووی هزری و فیزیکییەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پاشەکشە و لاوزیی هزریی لایەنی دژبەر. لە ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەر ڕاپەڕینێک ڕووی دابێت، لەبەر ئەوەی چوارچێوەبەندی دروستی بۆ نەکراوە، لەو قۆناخەدا ڕاوەستاوە و بووەتە هۆی پاشەکشە و دامرکانەوەی ڕاپەڕین. لە بەستێنی هەر بزووتنەوەیەکدا، چوارچێوەبەندی بە لێکدانەوە و جیهانبینیەکی تایبەتەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. چوارچێوەبەندی بریتییە لە هەڵسەنگاندن و پێناسەی کێشەکان، دەستنیشان کردنی بەرپرسیارەکان، پێشنیار کردنی ڕێگە چارەکان و هاندان و جووڵاندنی ئەندام و لایەنگر و جەماوەر و ئاراستە کردنی ڕای گشتی. چوارچێوەبەندی، بیر و باوەڕ و هزر و هەست و وزە و تواناییەکان پێکەوە دەخاتە چوارچێوەی کردەوەی بە کۆمەڵ بەرەوە هەنگاوی کۆتایی و دەبێتە هۆی ڕەوایی بەخشین بە کردەوەکە. چواچێوەبەندی سێ ئاستی سەرەکی لە خۆ دەگرێت : یەکەم) چوارچێوەبەندیی هەڵسەنگێنەر : ئەو قۆناخە لە چوارچێوەبەندی بریتییە لە دۆزینەوەی کێشە و دەستنیشانکردنی هۆکار. بە زمانێکی دیکە، ئەو قۆناخە هەوڵ دەدا وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە " کێشە چییە و بۆچی هاتۆتە ئاراوە ؟" بە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەکان هەوڵ دەدەن گۆڕانکاری دروست بکەن و چارەسەر بۆ دۆخە ئاڵۆزەکان یان کێشەکان بدۆزنەوە، ئامانجی کار و چالاکیی سەرەکییان دۆزینەوەی هۆکار و هەروەها بەرپرسیار یان تاوانباری هۆکارەکەیە. بەو حاڵەش، ڕێککەوتنی سەرەتایی لە سەر سروشتی کێشەکە، بە شێوەی ئۆتۆماتیک نابێتە هۆی کۆدەنگیی لەسەر هۆکاری کێشەکە. بەڵکوو زۆر جار ناکۆکی و مشتومڕ لەسەر دەستنیشان کردنی هۆکارەکان لە نێوان لایەنەکان ڕوو دەدات. لە ئەنجامدا، بەشێکی زۆر لە وزە و چالاکیی بزووتنەوەکە لە ناکۆکیی نێوان لایەنەکاندا بە فیڕۆ دەڕوات. بۆ نموونە لە بزووتنەوەی " ژن، ژیان، ئازادی " دا، قۆناخی هەڵسەنگاندن دەتوانێ هەڵاوردنی سیستەماتیکی ڕەگەزی و نەتەوەیی وەکوو کێشە دەستنیشان بکات و ئیسلامی سیاسی و کۆڵۆنیاڵیزم وەکوو هۆکاری کێشەکە. هەر وەک بینرا چەندین لایەن لەسەر ئەوەی کە هەڵاوردن لە کوردستان کێشەیە، کۆک بوون، بەڵام کۆدەنگ نەبوون لەسەر ئەوەی کۆڵۆنیاڵیزم هۆکاری کێشەی هەڵاوردن بێ، بەڵکوو تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان بە هۆکار دەزانی. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە وزەی لایەنەکان لە دژایەتی یەکتردا سەرف بکرێت. دووهەم) چوارچێوەبەندیی پێشبینیکەر: ئەو قۆناغە دووهەم هەنگاوی پێویستە لە چوارچێوەبەندیدا. ئەو قۆناخەیە کە پێشنیاری چارەسەریی بۆ ئەو کێشانە دەکات کە لە قۆناخی پێشوودا دەستنیشان کران، کە بریتییە لە ڕێگەچارە یان دەستنیشان کردنی پلانی ڕووبەڕوو بوونەوە و هەروەها ستراتێژییەکانی باش بەڕێوەچوونی ئەو پلانە. لەو قۆناخە دایە کە دەبێ وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە "چی بکرێ ؟" هەروەها دەبێ ڕێگاچارە بۆ کێشەی نێوان لایەنەکانیش بدۆزرێتەوە تا کۆدەنگی دروست بێ. ئەو قۆناخەی چوارچێوەبەندیی گرێدراوی قۆناخی پێشوو یان چوارچێوەبەندیی هەڵسەنگێنەرە، واتە، دەستنیشان کردنی کێشەکان و هۆکارە تایبەتەکانیان سنووری ڕێگا چارەکان و ستراتێژییەکان دیاری دەکات. چوارچێوەبەندیی پێشبینیکەر لە پانتاییەکی فرەڕێکخراوەییدا دێتە ئاراوە کە بواری ئابووریی بزووتنەوەکە، دژبەران، ئامانجەکان، ڕاگەیەنەکان و بەردەنگەکان دەهێندرێنە بەر باس. گرینگیی چوارچێوەبەندیی پێشبینیکەر لەوە دایە کە

زۆر جار ڕێکارێکی لۆژیکی و کاریگەر ڕەت دەکاتەوە، چونکە دەزانێ کە حکوومەت پێشتر پیلانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڕێکارە دارشتووە و خۆی بۆ ئامادە کردووە. بۆیە لایەنەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە، بەڵام ئەو ڕێکارە ناگرنە بەر کە ڕێژیم پێشتر مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوەی بۆ ئامادە کردووە. هەندێک جار لایەنەکان هەر کامەیان لە چوارچێوەی ستراتیژیی خۆیدا ڕێکار و تاکتیکی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆی پێشنیار دەکات، کە زۆر جار دەبێتە هۆی دابەشبوونی بزووتنەوەکە بەسەر دوو جەمسەری سەرەکیدا. لە چوارچێوەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دا ڕێکاری ڕێفۆرمخوازانە بۆ لابردنی هەڵاواردن ئەستەم بوو، بۆیە بزووتنەوەکە ڕێگای ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵات بە شێوازی دیکەی گرتە بەر. هەروەها، لایەنە کوردییەکان دەیانزانی کە ڕێژیم پێشتر پیلانی هەبوو بۆ ڕاکێشانی هەندێک ناوچەی کوردستان بۆ نێو شەڕی چەکداریی ئامادە کردووە تا بتوانێ بزووتنەوەکە بە لاڕێدا ببات و ڕەوایی سەرکووتی بزووتنەوەکە لە ناوچە غەیرە کوردەکان بە بیانووی ڕووبەڕوو بوونەوە دژی جیاییخوازی وەربگرێ. هەر بۆیە لایەنە کوردییەکان بە کۆی دەنگ بژاردەی ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداریان وەلا نا تا ئەو پیلانە سەر بکەن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە بابەت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا، لایەنەکانی کوردستان، بەسەر دوو جەمسەردا دابەش ببوون. سێیەم) چوارچێوەبەندیی پاڵنەرانە: لە دواین قۆناخی چوارچێوەبەندیدا، بانگەواز بۆ کاری کردەیی یان بەرەنگار بوونەوەی بە کۆمەڵ دەکرێ، کە تاکەکان هان دەدا تەقلی بزووتنەوەکە بن و بە شێوەی چالاکانە بەشدار بن. لەو قۆناخەدا هەوڵ دەدرێ نارەزایەتیی بگوازرێتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی بە کۆمەڵ. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو قۆناخە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی چەمک و دەستەواژەی پاڵنەرانەی گونجاو. ئەو دەستەواژانە، دەبنە هۆی قەناعەت کردن بە تاکەکان تا تەقلی کاری کردەیی بە کۆمەڵ بن و تێیدا بەردەوام بن. لێرەدا مەبەست لە چەمک و دەستەواژەی پاڵنەرانە، دروشم و ئەدەبیاتی حەماسی نییە، بەڵکوو دەستەواژە و چەمکگەلێکن کە چوارچێوەی گوتاری بزووتنەوەکە پێک دێنن. هەر چەندە دەکرێ وەکوو دروشمیش کەڵکیان لێ وەرگیرێت، وەکوو چەمکی یەکسانی، دادپەروەری، ئەرک، رزگاری، نەتەوە و هتد. بە گشتی چوارچێوەبەندیی بزووتنەوەیەک پرۆسەیەکی ستراتژیکە کە ڕێبەرانی بزووتنەوەکە هەوڵ دەدەن بە شێوەی ڕێکخستن و تەیار کردن و پشتیوانیی جەماوەریی واتا بە دۆزکە ببەخشن و ڕێگای گەیشتن بە ئامانج کورتتر بکەنەوە. قۆناخی دوای چوارچێوەبەندی، قۆناخی شۆڕشە لە بەرەنگار بوونەوە تا بە ئەنجام گەیشتنی.

شۆڕش: لە بەرەنگاربوونەوە تا بە ئەنجام گەیشتن

چەمکی شۆڕش بە واتای گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دابڕان لە نەزم و سیستەمی پێشوو، جگە لە سیاسەت بۆ بۆارەکانی دیکەش هەمان گرینگیی هەیە، وەکوو شۆڕشی کۆمەڵایەتی، کولتووری، فەلسەفی، زانستی و هتد. چەمکی شۆڕش (شۆڕشی سیاسی) لە زمانی کوردیدا هەم بە واتای ڕاپەڕین و بەرەنگار بوونەوە دێ هەم بە واتای کۆتایی ڕاپەڕین و بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش. ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە، شۆڕشی سیاسی و بە تایبەتی ڕاپەڕینە کە دواین قۆناخی پرۆسەیەکە کە لە بەستێنەوە دەست پێ دەکات و بە گۆڕینی حکوومەت و دامەزراندنی حکوومەتێکی سیاسیی نوێ کۆتایی پێ دێت. لە ڕووی زانستییەوە، شۆڕش بە واتای گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتێک ئەژمار دەکرێت. لە شۆڕشدا، بە پێچەوانەی کوودەتا، جەماوەر بەشدارن، واتە گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە لایەن خەڵکەوە ئەنجام دەدرێ. بابەتێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە هەموو گۆڕانی سیستەمێک ئەگەر لە لایەن خەڵکیشەوە بێ نابێتە شۆڕش، ئەگەر ئەو گۆڕانە دابڕان لە دۆخی پێشوو نەبێ. بۆ نموونە گەڕانەوە بۆ سیستەمەکانی پێشوو لە ڕووی زانستییەوە بە شۆڕش ئەژمار ناکرێت. تەنیا ئەو کاتەش دەتوانرێ ناوی بندرێ شۆڕش کە بە ئەنجام گەیشتبێ و سیستەمی نوێ دامەزرابێ. ئەگەر شۆڕشی سیاسی هاوتەریب یان لە ئەنجامی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێ، گەڕانەوە بۆ دواوە و بۆ سیستەمێکی کۆن ئەستەمە. بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵگادا شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕووی نەدابێ و گۆڕان تەنیا لە سیستەمی سیاسیدا بووبێ، ئەگەری گەڕانەوە بۆ دواوە و بۆ سیستەمەکانی پێشووتر هەیە. بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگا لە ڕووی پرسی ژن و پرسی ئازادییەکانی تاک هێشتا لە ناو سیستەمی باوکسالاری و کولتوور و داب و نەریتە کۆنەکاندا مابێتەوە، تەنانەت ئەگەر سیستەمی سیاسیش بگۆڕدرێ، ئەگەری ئەوە هەیە سیستەمێکی هاوشێوە جێگەی بگرێتەوە. هەر وەک ئەوەی لە شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹ی زایینی لە ئێران دوای ڕووخانی پاشایەتی و لە میسر دوای ڕووخانی حوسنی

موبارەک و لە ئەفغانستان دوای بیست ساڵ لە ڕووخانی تاڵیبان ڕووی دا. بەڵام مێکانیزمگەلێک هەن کە دەتوانن ڕێ لەو گەڕانەوە بۆ دواوە بگرن. یەکێک لەوان کە گرینگترینیانە ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی بە واتا ڕاستەقینەکەی دروست بووبێ. کاریگەرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە پێداویستیی دنیای مۆدێرنە، لە دریژماوەدا دەردەکەون. بەڵام بە مەرجێک کە حکوومەتەکان ڕێگر نەبن یان ئەوەی کۆمەڵگای بە ناو مەدەنی بە شێوەی هاوتەریب لە بەرژەوەندیی حکوومەت دروست نەکرێ، چونکە لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگای مەدەنیی ڕاستەقینە دەخرێتە پەراوێزەوە و کۆمەڵگای مەدەنی نزیک لە دەوڵەت لە جیاتی بڵندگۆی خەڵک بێ، دەبێتە بڵندگۆی پڕوپاگەندە بۆ دەوڵەت کە نموونەکەی ئێستا لە ئێران و لە زۆرێک لە وڵاتانی نادێموکراتیک دەبیندرێ. بە پێی بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویی هەر وڵاتێک، شۆڕشەکان شێوەی جۆراوجۆریان هەیە. لە توندوتیژەوە تا مەدەنیانە، لە سەرکەوتووەوە تا ناسەرکەوتوو. ئەنجامەکانیشیان جیاوازە، لە دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکرات تا سیستەمێکی نادێموکرات. چەمکی شۆڕش چەمکێکی زۆر بەرفراوانە و ئێمە لێرەدا نامانەوێ شیکاری بۆ بکەین تەنیا بە کورتی وەکوو دوا قۆناخی پڕۆسەیەک هێنامانە بەر باس. لەو وتارەدا سەرنجەکە زیاتر لە سەر قۆناخەکانی گەیشتن بە شۆڕش بوو، نەک خودی شۆڕش.

ئەنجام

" بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی "کە بە "شۆڕشی ژینا"ش ناسراوە، لە بەستێنێکی سیاسیی تایبەت بە کوردستاندا واتای هەیە و وەک زۆر بزووتنەوە لە جیهاندا، ناتوانرێ بۆ شوێنێکی دیکە کۆپی بکرێ. بەرهەمی مێژووی نەتەوەی ژێر دەستە و بۆ نەتەوەی سەردەست ولامدەر نییە. ژن و ژیان و ئازادی لە کوردستان هەرکامیان جۆرە پێناسەیەکیان هەیە کە تەنیا لە کوردستان واتا دەبەخشن و فەلسەفە و جیهانبینی تایبەت بە خۆیانیان هەیە کە تەنیا لە گۆشەنیگای ژێردەستییەوە دەکرێ لێیان تێبگەی. بە هۆی ئەو بەستێنەشەوەیە کە کولتووری شۆڕش و شێوەی شۆڕش لە کوردستان جیاوازە. هەر بۆیەشە ڕاپەڕین لە کوردستانەوە دەستی پێکرد. بە پێچەوانەی نەتەوەی سەردەست کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست دایە و لە کاتی وادا زۆر جار کەڵک لە ئامرازەکانی نێو دەسەڵات و سیستەمی سیاسی وەردەگرێ، لە کوردستان ئەو بژاردەیە داخراوە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە جەماوەر لایەنی دووهەمیان هەڵبژارد، کە خۆ تەیار کردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆی دەسەڵات بوو. پێشینەی شۆڕش و کاری ڕێکخستن و کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان سەرمایەیەکی بەهێز بوو لە ڕێکخستنی ڕاپەڕین و لەسەر پێ ڕاگرتنی. ئیتر لێرە بە دواوە ڕاپەڕین فۆرمی بزووتنەوەیەکی سەرانسەری بە خۆیەوە گرتووە کە تا ئێستاش بەردەوامە

سەرچاوەکان :

Alcaud David (dir.), Dictionnaire de sciences politiques, Paris : SIREY, 2ème édition, 2010, 520 pages.

Benford, Robert D, et David A. Snow. « Processus de cadrage et mouvements sociaux : présentation et bilan », Politix, vol. 99, no. 3, 2012, pp. 217-255.

Dyalan, Hardy, Régime politique iranien : entre autoritarisme et totalitarisme, Lille, 2019.

McAdam (D.), McCarthy (J. D.), Zald (M. N.), eds, Comparative Perspectives on Social Movements Opportunities, Mobilizing Structures, and Framing, Cambridge, Cambridge University Press, 1996 ; Morris (A. D.), Mueller (C. M.), eds, Frontiers in Social Movement Theory, New Haven, Yale University Press, 1992.

Olivier Fillieule, Lilian Mathieu et Cécile Péchu, Dictionnaire des mouvements sociaux, Presses de la Fondation nationale des sciences politiques, 2009

هەموو لایەنەکانی ژیان لە چاویلکەی تەناهییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەم بارودۆخە بووە هۆی زیاتر خراپبوونی بارودۆخی کوردستان. ئاگر کەوتنەوەی چەندین حەوتوویی دارستانەکان لە مانگی جوولای ٢٠٢٣دا، بە دەستی سوپای پاسداران و سووتانی دیمەنە جوانەکانی دەوروبەری مەریوان و کرماشان، دەرخەری ویست و بریاری ڕێژیمە بۆ وێرانکردنی کوردستان و سزادانی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهۆی کردەوە شۆڕشگێرانەکەیەوە، لەهەمان کاتدا ڕێژیم دەیهەوێ کوردستان وەک مۆدێلێکی سزادان بەکاربێنێ بۆ ترساندنی خەڵکانی نارازی لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا. ئەمە لە کاتێکدایە کە گرنگیدان و جەختی میدیای نێودەوڵەتی و میدیا و تەلەفزیۆنی ڕەوەندی فارس، بەردەوام لەسەر نارەزایەتییە پچڕپچڕەکانی پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێران و لە ناویاندا تارانداید. میدیای ڕەوەندی فارس و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ساتەلایتییەکان (بۆ نموونە ئێران ئینتەرناشنال) ڕووماڵی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان و سیستان و بەلوچستان تەنیا بۆ لێپرسینەوە و دڵنیابوون لەوە بووە ئاخۆ سەرکردە سیاسییەکان و چالاکانی نەتەوە غەیرە فارسەکان جوداخوازن یان نا. ئەگەر خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی نارەزایەتی لە شوێنەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات بەردەوام و درێژخایەن بان، پۆتانسیەلی گەورەیان هەبوو کە لە ئەنجامدا گۆڕانی ڕژێمی لێ بکەوێتەوە. بەڵام سەرەڕای لەدەستدانی گیانی ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ، خۆپیشاندانەکان لەناکاو دابەزینیان بەخۆوە بینی و خواست و داوای خەڵکی شارە گەورەکانی وەک تاران دابەزی بۆ ئاستی 'ئازادکردنی سەرپۆشی زۆرە ملی' و چالاکییەکانیش کەم بوونەوە بۆ هەنگاوگەلێکی وەکوو 'دروشمدان لە پشتی پەنجەرەکانەوە لە کاتژمێرەکانی شەودا' و 'باوەشی بەخۆرایی' و دابەشکردنی نوقڵ و شیرینی'، لە کاتێکدا لە ناوچە پەراوێز خراوەکانی وەک کوردستان و سیستان و بەلوچستان بە سەدان کەس لەوماوەیەدا کوژران. دوای دوو مانگی یەکەمی ڕاپەڕینەکان پۆلیس و سوپای پاسداران و میلیشیاکانی بەشداربوو لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکان هەموویان ماندوو بوون، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نارەزایەتییەکان لە ناکاو لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران لە کەفوکوڵ کەوتن. بۆ ئەمەش هۆکاری جیاواز هەیە. ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠٢٢ جیاوازییەکی گەورەی لە نێوان ڕوانگەی نەتەوە غەیرە فارسەکان و فارسەکان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد، ئاستی ئامادەیی بۆ هەڵگرتنی ریسک و چالاکی ڕادیکاڵ بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاری و توانای ڕێکخراوەیی بۆ چالاکیی نارەزایەتی بەکۆمەڵ هێنایە ئاراوە. دامرکانی لە ناکاوی نارەزایەتی لە پایتەخت و شارە فارسەکاندا دەری خست کە ویستی گۆڕانکاری، ئاستی ڕێکخراوی جەماوەری نارازی و خواستی چالاکیی نارەزایەتی بەکۆمەڵ لەم شوێنانە لاواز و لەخوارەوەن. جگە لە هێندێک لە زانکۆکانی تاران نەبێ، دژوارە بتوانێت نمونەی زۆر لە نارەزایەتی لە شەقامەکان بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی کە توانبێتیان زیاتر لە هەزار کەس لە شارە فارسنیشینەکان کۆ بکەنەوە. لە کاتێکدا بەپێی سەرچاوە نافەرمییەکان زیاتر لە ٨٠٠٠٠ کەس بە گشتی خەڵکی سەقز و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەشداریان لە چلەی ژینادا کردووە. ئەمە لە کاتیکدابووە کە ڕێژیم ڕێگا سەرەکییەکانی هاتووچوو بۆ سەقزی داخستبوو، بۆیە زۆرێک لە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر و بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، بە ڕێگای شاخ و داخدا خۆیان گەیاندە سەقز. ڕۆژهەڵات خاوەنی چەندین حیزبی سیاسیی چالاک وەکوو حدکا (١٩۴۵)،کۆمەڵە (١٩٧٩)، خەبات (١٩٨٠)، پەژاک (٢٠٠۴) کە، بەشێک لەو حیزبانەی، بۆ نموونە حدکا، خاوەنی زیاتر لە حەوت دەیە ڕۆڵی دیارە لە پێشەنگایەتی و ڕێکخستنی جوواڵانەی رزگاریخوازیی ڕۆژهەڵات. ئەم حیزبانە بە شێوەی جیاواز لە سەردەمی ڕاپەڕینەکانی ٢٠٢٢دا ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە. بۆ

نموونه، مانگرتنی گشتیی ئەم دواییە کە لە هەموو شارەکانی رۆژهەلات، لەوانەش ئیلام، کرماشان، مەهاباد، سەقز و ورمێ لە ١۶ی سێپتەمبری ٢٠٢٣، لە یەکەمین سالڕۆژی شۆڕشی ژینادا ئەنجامدرا، دوای ڕاگەیاندنێکی هاوبەشی شەش لایەنی سیاسی رۆژهەلات ڕوویدا. بەڵام پارێزگا فارسنشینەکانی ئێران خاوەنی وەها سەرچاوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ هاندان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندانی بە کۆمەڵ نین و بەو هۆیەشەوە ئە زموونێکی جیاوازی خەباتی مەدەنی لەوێ بوونی هەیە. سەرەڕای ئاستی بەرزی گەشبینی، ناڕەزایەتییەکانی سالی ٢٠٢٢ داکشانی لە ناکاوی بەخۆوە بینی، هۆکاری ئەمەش دەگڕێتەوە بۆ فاکتەرگەلێکی وەکوو دەستێوەردانی کەسانی وەک ڕەزا پەهلەوی، کوری محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی. زۆرێک لە گرووپە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران تووڕە بوون لەو دەسەڵاتە زۆرەی کە لە کاتی ئەم ڕاپەڕینەدا درابوو بە ناوبراو، بەشێوەیەک کە بێباکانە بە ناوی گەلانی جیاواز کە لە جۆغرافیای ئێراندا دەژین قسەی دەکرد و خۆی بە نوێنەری ئەوان دەناساند. بۆ پێشگرتن بە ئەگەری هەر ڕاپەڕینێک لە رۆژهەلات لە یەکەم سالیادی قەتڵی-دەوڵەتیی ژینادا، ڕژێم هێزێکی سەربازی و سیخوریی زۆری لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە، لەوانەش قەزوێن، تەورێز و هەمەدان گواستەوە بۆ رۆژهەلات، کە ئەمەش بوو بە هۆی زیاتر میلیتاریزە و بەئەمنی کردنی کوردستان. ڕێگای چوونە ژوورەوە بۆ گۆڕستانی ئایچی بەدانانی تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازیەوە داخراو و ناوچەکە وەکوو شوێنێکی 'قەدەغە کراو' ڕاگەیاندرا ، هەر بۆیە کاتێک گەنجێک بە ناوی فەردین جەعفەری خەڵکی سەقز نزیکی گۆڕستانەکە بووەوە، لەلایەن سوپای پاسداران تەقەی لێکرا. لە یەکەم هەواڵەکاندا وا ئاماژە درا کە ئەو گەنجە شەهید بووە، بەڵام دواتر ڕاگەیەندرا کە ناوبراو بە سەختی بریندار بووە و لە نەخۆشخانە خەوێندراوە. چەند ڕۆژێک پێش یادەکردنەوەی شۆڕشی ژینا، سەفا عایلی، خاڵی ژینا، لەلایەن هێزەکانی ئیتڵاعاتەوە کە جل و بەرگی ئاساییان (لیناس شەخسی) لەبەردابوو ڕفێنراوە و تا ئێستا شوێن و جێی نادیارە. بەپێی هەواڵەکان لە ڕۆژی سالیادی قەتڵی ژینادا مال و بنەماڵەی ئەمینی لە لایان ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە گەمارۆ دراوە، باوکی ژینا سەرەتا لە ماڵەوە دەستبەسەر کرابوو، دواتر ناوبراو دەستبەسەرکرا و گوازتراوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و هەرەشەی لێکرا کە بۆیان نییە سەردانی مەزارگەی ژینا بکەن. هەروەها ڕێژیم بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنی خەڵک بۆ ئەو گۆڕستانەی کە ژینای تێیدا نێژراوە، ئاوی بەنداوی چراغوەیسی بەرداوە تا لە ڕێگای دروست کردنی لافاوەوە ڕێگا لاوەکییەکان بگرێ. بە وتەی کامەران مەتین "بە ئیلهام وەرگرتن لە تاکتیکەکانی ئەمریکا لە ڤیتنام، دەوڵەتی ئێران بەنداوێکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی بە دروستکردنی لافاو ڕێگایەکی لاوەکی کە دەچێتە ئەو گۆڕستانەی ژینا ئەمینی تێیدا نێژراوە بگرێ بۆ ئەوەی خەڵک نەتوانن بچن بۆ یادکردنەوەی سالیادی ئەو قەتڵە-دەوڵەتییە. بێجگە لەوە سەرەڕێژەی هێزی سەربازیی، چەکی قورس و زرێپۆش بۆ کوردستانە. وەک هەمیشە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وەک هێزێکی داگیرکەری کۆلۆنیالیست مامەڵە دەکات".

ئەنجام

وێنەی بەکارهێنانی بێ جیاوازیی و لە ڕادە بەدەری درندەیی و تووندوتیژیی لە لایان ڕێژیمەوە بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان (مازەندەران و سیستان و بەلوچستان) لە شوێنەکانی دیکەی ئێراندا بەدیناکرێت. میلیتاریزەکردنی بەرفراوانی کوردستان، و دانانی خاڵی پشکنینی زۆر و سەپاندنی یاسای سەربازیی، جارێکی دیکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە پەیوەندیی کورد و دەوڵەت لە ئێراندا جگە لە پەیوەندییەکی

کۆلۆنیالیزەکراو-داگیرکـــەر هیچـــی تر نییە. لـــە ڕاســـتیدا کوردســـتان و سیســـتان و بەلوچســـتان هێشـــتا لە دوای ڕاپەڕینەکانن، کە ســـاڵێک لەمەوبـــەر (ئەیلوولـــی ٢٠٢٢) دەســـتی پێکردووە، بارگرانییەکی زۆری ئەم شۆڕشـــەیان هەڵگرتووە، ئەمە لـــە کاتێکدایە کە بەشـــەکانی دیکەی ئێران لـــە دووڕەوە ســـەیری ڕووداوەکانی کوردستان و سیستان و بەلوچستان و دەستدرێژیەکانی ڕێژیم دەکەن. خەڵکی ناوچەکانـــی ناوەڕاســـتی ئێران، لە یەکەمین ســـاڵیادی شۆڕشـــدا لەبری ئەوەی هەندێـــک کـــردەوەی هاودەنگی پیشـــان بدەن، بە مەبەســـتی پشـــوو و ڕابواردن بەڕەو باکـــووری ئێران وەڕێکەوتن. ئـــەم دۆخە ئەم پرســـیارە دەوروژێنـــێ کە؛ ئایـــا باقی ئێران و بەتایبەتی فارســـەکان بە ڕاســـتی ئامادەی دانی هیچ جـــۆرە باجێک بـــۆ گۆڕینی ڕژێم هەن، یـــان ڕەنگـــە دۆخی ئێســـتایان پێ باشـــتر بێ، چونکە بە بێ گوێـــدان بە ئەوەی کێ حوکمڕانیـــی ئێرانی کـــردووە، ئیمتیازە کولتـــووری و ئابـــووری و سیاســـییەکانیان بە پارێـــزراوی و باشـــی ماوەتـــەوە، و ئەوە بۆ ئـــەوان لـــە هەمـــوو شـــتێک گرنگتر بـــووە، نە بەهـــا سیاســـی و مرۆیەکانی ئەو دەســـەڵاتەی حوکمڕانی وڵاتەکەیان دەکات. لە ڕاســـتیدا ئـــەوەی دەتوانـــێ ڕزگارییەکی درێژخایـــەن بۆ کـــورد لە ڕۆژهـــەڵات دابین بـــکات، تەنیـــا گۆڕینـــی ڕژێم لـــە ئێراندا نییە، بەڵکـــو وەدەســـتهێنانی مافی چارەی خۆنووســـین و ســـەربەخۆییە. کـــورد لە ڕۆژهەڵات هەنـــگاوی ناوەتە ســـەردەمێکی نـــوێ، کـــە دەوێـــرێ بـــە ئاشـــکرا و بە دەنگی بەرز باســـی مافەکانـــی خۆی بکات. ســـەبارەت بە درندەیی کۆماری ئیســـلامیی ئێران، شـــاعیری ئەفســـانەیی کورد شێرکۆ بێکـــەس ئەڵێ، "تـــاران بە دەم کەســـەوە پێناکەنێ بـــە دەم مەرگەوە نەبـــێ "، بەڵام لـــە هەمانکاتـــدا کوردانـــی ڕۆژهەڵاتیـــش هەرگیـــز چەپڵـــە و ســـەمایان بـــۆ تاران نەکـــردووە، بەڵکـــو بەڕەنگاریـــان بوونەوە.

سەرچاوەکان

O'Shea, M. T., 2004. Trapped between the Map and Reality: Geography and Perceptions of .Kurdistan. Routledge, London

Eliassi, B., 2016. "Statelessness in a world of nation-states: the cases of Kurdish diasporas in Sweden and the UK", Journal of Ethnic and Migration Studies, 42 (9); 1403-1419

Soleimani, K. and Mohammadpour, A., 2019. 'Can Non-Persians speak? The Sovereign's Narration of "Iranian Identity"', Ethnicities, 19)5(; .925–47

محمـــودی، ج.، ٢٠٢٢ژینا: شـــبح تاریخ پیرامـــون، https:// shorturl.at/iCES9

Mohammadpour, A., 2023. "Decolonizing Voices From Rojhelat: Gender-Othering, Ethnic Erasure, and the Politics of Intersectionality in Iran", Critical Sociology, https://doi.org/10.1177/08969205231176051

Hassaniyan, A., 2021. Kurdish Politics in Iran, Crossborder Interactions and Mobilisation since 1947. London, Cambridge University .Press

ایران انترناشـــنال، مســـتند ژینا، https://www.youtube. com/watch?v=zGC4qkU-AiE

هەمان سەرچاوە

هەمان سەرچاوە

Omrani, Z., 2023. BINKE (The Base) Documentary, https://www.youtube.com/watch?v=nHVHqxkOVPk&t=38s

Cabi, M., 2020. "The roots and the consequences of the 1979 Iranian revolution: A Kurdish perspective, Middle Eastern Studies", 56(3); 339-358

Hassaniyan, A., 2022. "Iran's Protest and intercommunal interaction; a Kurdish perspective", Cultural Project, https://cultureproject.org.uk/irans-protest-and-intercommunal-interaction-/a-kurdish-perspective

VOA Farsi, 2022. "جمعیت انبوهی که پیاده به مراســـم چهلم مهســـا امینی در ســـقز می‌روند"، https://www.youtube. com/watch?app=desktop&v=Expp8cLe8yg

Matin, K., 2023. https://www.facebook. /com/620817446/videos/654850243087260

همشـــهری آنلایـــن، ٢٠٢٣. تصاویر عجیب صـــف ۵ کیلومتری ترافیک در آزاد راه قزوین – رشـــت، hamshahrionline.ir/ x8Jr2

سەروەریی کۆڵۆنیال و نیٚکرۆپۆلیتیک:

بەقوربانیکردنی پیرۆزی کوردانی کافر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سارۆ ئەردەڵان – داود عوسمانزادە

هەوالنامەی کتێب

زیاتر لە سەد ساڵە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد هەوڵی بەدیهێنانی سەروەریی نەتەوەییان هەبووە و لە ڕێگەی داواکاری مافی چارەی خۆنووسین، پاراستنی کولتووری و دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی سیاسیی ویستوویانە کورد بەشێوەی ئازاد وەکوو نەتەوەکانی دیکە بژی. بۆ شرۆڤەی دۆخی کوردستان و کورد لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، زانایانی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی هەوڵیانداوە کۆردستان وەکوو کیانێکی بەکۆلۆنیکراو دەستنیشان بکەن.

پێشەکی

ئەو کاتانەی لە کۆتایی دەیەی شەست و سەرەتای حەفتاکاندا دەچوونە بۆ قوتابخانە و بە بەردەم دیوارە دوور و درێژەکانی ئیدارە و ماڵە سازمانییەکاندا تێدەپەڕین، خوێندنەوەی دروشمی سەر دیوارەکان وەک خوویەکی هەمیشەیی لێ هاتبوو. جاروبار گاڵتەمان بە وشە سەیروسەمەرە فارسی و عەرەبییەکان دەکرد و ئەگەر بشمانوێرابا لاسایی بێژەری کانااڵی یەکێ ئێرانمان دەکردەوە و بە دەنگێکی بۆڕ و بە لەحنێکی نیوەحەماسی و گاڵتەوە دروشمەکانمان دەخوێندنەوە. بەاڵم یەک لەو دروشمانە کە دوو وشەی بەرجەستە کرابوون هەم بەاڵمانەوە سەیر بوون و هەم لەبەر ئەوەی خومەینی، رێبەری پێشووی ڕژێم، وتبوونی زۆر بۆ گاڵتە نەدەبوون. خومەینی وتبووی: ئێمە لە کوردستان لەگەڵ کوفر شەڕ دەکەین، نەک لەگەڵ کورد. وشەی کورد و کوفر بە ڕەنگی جیاواز نووسرابوون و بۆ ئێمە پرسیار بوو کە ئەی هەموو عەجەم و پاسدارەی کە دەمانبینی و لێیان دەترسین لە کوردستان لەگەڵ کێدا بە شەڕ دەهاتن؟ خۆ ئێمەی کورد خۆمان بە موسڵمان دەزانی و کەسیشمان نەدەناسی کافر بێ، ئەی ئەو ناوچاو گرژانە بۆ کوردیان دەکوشت؟ کاتێک ئەم پرسیارانەمان بەرەوڕووی گەورەترەکانمان دەکردەوە یا سەرێکیان دەلەقاند و جنێوێکیان حەواڵەی ڕژیم دەکرد یا بەتووڕییەوە دەیانگووت ئێوە نابێ کارتان بەم شتانە بێ و کاتێک گەورە بوون خۆتان تێدەگەن! ئێمە لە قوتابخانە ناچار دەکرایین ئەو دروشمانە وەک تووتی دووپات بکەینەوە کە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران نووسرابوون و زۆرجار پێش لە دەستپێکی وانەکان لە حەوشەی قوتابخانە و لە ڕێوڕەسمێکی سەربازیدا بە دەنگی بەرز بە ئێمەی منداڵیان دەوتەوە. ئێستا ئێمە گەورە بووین و کاتی ئەوە هاتووە خۆمان لە وردەکاریی ئەو پرسە ئاڵۆزە تێبگەین. هەر بۆیە ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ولاّمی پرسیارەکانی قۆناغی منداڵیمان بدەینەوە کە بۆچی کوردەکان وەک کافر دەستنیشان دەکران؟ هەروەها بیر لەو مێکانیزمانە بکەینەوە کە لەڕێگەی بەکافرکردنمانەوە بوونە هۆی کوشتن، ئاوارەیی و بێسەروشوێنبوونی سەدان هەزار کورد. لەم وتارەدا پێمان وایە کە نووسینی دروشم لە لایەن هێزە ئینقلابییەکانی ناو ڕژیمی ئیسلامیی ئێران لەسەر دیوارەکانی ڕۆژهەاڵتی کوردستان ناتوانرێ تەنیا وەک پڕۆپاگەندە بۆ ڕژیمێکی نوێ تەماشا بکرێت. بەڵکوو ئەم دیاردەیە ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە چوارچێوەیەکی مێژوویی بەرفراوانتردا دەبینێتەوە و بەتایبەت، لە ماوەی نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، بەکافرکردنی خەڵکی کورد لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لە سەرانسەری ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا زیاتر دەردەکەوێ. هەروەها لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی سیاسیدا، بە مەبەستی سەرکوت، نەتەوەی کورد دەکرێنە کافر و بە شێوەیەکی سیستماتیک دەخرێنە ناو ئەو گێرانەوە تایبەتانەی کە ناسیۆنالیزمەکانی ئێرانی، تورکی و عەرەبی بانگەشەی سڕینەوەی کوردی تێدا دەکەن. حکومەتەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران، ئاک پارتی لە تورکیا، ڕژیمی بەعس لە عێراق و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) بە بەردەوامی کوردیان وەک کافر وێنا کردووە. لە ڕێگەی ئەم بەکافرکردنەوە هاوکات ویستوویانە دوو ئامانجی سەرەکی بپێکن: بەهێزکردنی هێژموونیی کۆلۆنیال بەسەر کوردستان و شەرعیەتدان بە ژینۆسایدی نەتەوەی کورد. جگە لەوانەش، دیاریکردنی

ئەوەی کە کام کورد شیاوی ئەوەیە لە کۆلۆنیدا نیشتەجێ بێ، بەشێک لە ئەجێندای رۆژانەی ئەم رژێمانە لە کوردستان بووە. ئەوان هەوڵیان داوە لە رێگەی مەنشوورێکی پیرۆزیی ئایینییەوە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کورد هەڵبوەشێننەوە. نێکرۆپۆلیتیکی (سیاسەتی مەرگ) ئەم رژیمانە لە ریتۆریکی ئیسلامیدا چڕ بووەتەوە و دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی زۆرەملێیان خێراتر کردووە و زیانێکی زۆریان بەسەر سەدان هەزار کورددا سەپاندووە.

کوردستانی بەکۆلۆنیکراو و سیاسەتی مەرگ

کورد زۆرجار بە یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکان دادەنرێ کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆیان نییە. کورد بە پلەی یەکەم لە ناوچەیەکدا نیشتەجێیە کە بە کوردستان ناسراوە و بەشێک لە چەند دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، لەوانە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریان و زۆرینەی دانیشتووەکانیان موسڵمانن. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لە ناوچەکەدا نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بووەتەوە. بەداخەوە سیاسەتی دژەکورد بووەتە هۆی ئاوارەبوونی زۆرەملێ، ئاسمیلەبوونی کولتووری، هەڵاواردن و لە هەندێک حاڵەتدا تووندوتیژییەکان کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی کوردی بەدواوە بووە. زیاتر لە سەد ساڵە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کورد هەوڵی بەدیهێنانی سەرەوەریی نەتەوەییان هەبووە و لە رێگەی داواکاری مافی چارەی خۆنووسین، پاراستنی کولتووری و دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی سیاسیی ویستوویانە کورد بەشێوەی ئازاد وەکوو نەتەوەکانی دیکە بژی. بۆ شرۆڤەی دۆخی کوردستان و کورد لەم چەند دەیەی ڕابردووەدا، زانایانی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی هەوڵیانداوە کوردستان وەکوو کیانێکی بەکۆلۆنیکراو دەستنیشان بکەن. ئەنجامی توێژینەوەکان پەیوەندییەکی هۆکارانەی لە نێوان بەڕێوەبەریی کۆلۆنیالیستی دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا لەگەڵ زنجیرەیەک درندەیی نامرۆڤانەی وەکوو ژینۆساید، تووندوتیژی بەربڵاو، سیاسەتی هەڵاواردن و ئینکاری سیستماتیکی مافەکانی نەتەوەی کورد نیشان داوە. قاسملوو باس لەوە دەکا کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە کە لە پەراوێزی ناوەندی ئابووری جیهانیدا هەڵکەوتووە و دەیخاتە ژێر قورسایی کۆلۆنیالیزمی ئیمپریالیزمەوە و هەر بۆیەش ئابووریەکی سەربەخۆی نییە (قاسملوو ۱۹۷۳). شیکاریی سەرنجراکێشی بێشیکچی بۆ کوردستان وەک کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی (بێشیکچی ۲۰۰۴) کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵێک لە توێژەران هەبووە کە تا دێت زیاتر بەرەو تیۆرییەکانی دژەکۆلۆنیالیستی و پاش کۆلۆنیالیزم ڕادەکێشرێن (فان بروینسێن ۲۰۰۵؛ دورویز ۲۰۲۰). توێژەران بە پلەی یەکەم سەرنجیان بۆ بەکارهێنانی چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بۆ وێناکردنی دۆخی دژواری کۆلۆنیالیزمی کورد لە ناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵات ڕاکێشراوە. ئەوان لە شێوازە جیاوازی کۆلۆنیالیزم وەکوو ڕەهەندی مێژوویی، سیاسی، کولتووری، ئابووری، ژینگەیی، زمانەوانی، و جێندەری قووڵ دەبنەوە تا کاریگەرییەکانیان لەسەر نکۆڵی، ئاسمیلەکردن و قەڵاچۆکردنی نەتەوەی کورد نیشان بدەن. زۆرجار ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە لەسەر ئیسلامی سیاسی قووڵ دەبنەوە باس لەوە دەکەن کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان و پارتە سیاسییەکانیان وەک هێزی دژە کۆلۆنیالیزم و ئۆپۆزسیۆن چالاکییان

هەواڵنامەی کتێب

هەیە. بەڵام مەهمەت کورت جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاکەپە (پارتی داد و گەشەپێدان) ئایدۆلۆژیای ئیسلامیی وەک ئامرازێکی حکومەتداری بە مەبەستی پاراستن و شەرعیەتدان بە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە باکووری کوردستان بەکار هێناوە (کورت ٢٠٢١). ئێمەش لەم وتارەدا، ئامانجمان ئەوەیە نیشانی بدەین کە بەئامرازکردنی ئیسلام بە مەبەستی سەرکوتکردن و ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، بۆ دەرەوەی دەسەڵاتی ئیسلامییە تورکەکانیش درێژ دەبێتەوە. لەراستیدا بەرووتی بەکارهێنانی ئیسلام لەناو حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دژ بە کورد دەردەکەوێ. جگە لەوەش، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، پرۆسەی بەکافرکردنی کورد، بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لەو گوتارەی کە ئەکتەرە توندڕەوە نادەوڵەتییەکانی وەک داعش و تەحریر ئەلشام بانگەشەی بۆ دەکەن. هەروەها ئێمە لەم تۆژینەوەدا جەخت لەوە دەکەین کە بەکارهێنانی ڕیتۆریکی ئیسلامی بۆ پشتگیری لە کردەوەکانی ژینۆسایدو کوشتنی کورد تەنیا لە کۆتلە و ڕژێمە سیاسییە ئیسلامییەکاندا قەتیس نامێنێتەوە. جێگای سەرنجە، ئایدۆلۆژیای بەعسیزم لە عێراق سەرەڕای بنەما سێکۆلار و سۆسیالیستییەکانی، پەنای بۆ گێڕانەوەیەکی ئیسلامی بردووە وەک ئامرازێک بۆ عەقڵانیکردنی دوژمنایەتییەکانیان بەرامبەر بە کۆمەڵگای کورد، زۆرجار بانگەوازی تۆمەتەکانی هاوئاهەنگی لەگەڵ زایۆنیزم دەکات. لە ئایدۆلۆژیای کۆلۆنیالیزمی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران و پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیادا، دووانەی کوردی موسڵمان و کوردی کافر ساز دەکرێ. لەناو ئایدۆلۆژیای بەعسیدا، دووانەیەکی هاوشێوە بۆ خەڵک وێنا دەکرێ کە تێیدا لە نێوان کوردە زایۆنیستییە دژەئیسلامەکان و کوردە بڕا موسڵمانەکانماندا هێڵێکی جیاکاری ڕوون دەکێشرێتەوە. سازکردنی ئەم دووانە دژبەیەکانە دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لەو میکانیزمانەی کە وەکوو سیاسەتی مەرگ دەستنیشانی دەکەن کە دەتوانێ زیندوو و بێ و کێ دەبێ بمرێ. ئەم چوارچێوەیە ئامرازی دارشتنی ئەو گێڕانەوەیە کە نەک هەر پاساو بۆ سەرکوتکردنی تونددوتیژانە و کوشتنی بەکۆمەڵی تاکەکانی کورد کە بەشدارن لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستی و ڕزگاریخوازەکاندا دەهێننەوە، بەڵکوو چالاکانە بەرەوپێشی دەبەن. جگە لەوەش، حوکمڕانیی نەکرۆپۆلیتیک کاریگەری زیانبەخشی خۆی بۆ هاندانی کردەوەی ژینۆسایدو دژی خەڵکی ئاسایی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا درێژ دەکاتەوە کە هیچ داواکارییەکی سیاسی کۆمەڵایەتییان نەبووە. نموونەی بەرچاو بریتین لە کۆمەڵکوژیی قارنا و قەرەگوڵ لە ڕۆژهەڵات، کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکی لە باکوور، ژینۆسایدی ئەنفال و بۆردومانی کیمیایی وێرانکەری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان. هەروەها جێی ئاماژەیە کردەوە درندەکانی ئەکتەرە تووندئاژۆ نادەوڵەتییەکانی وەک داعش و تەحریر ئەلشام چیتر پێویستیان بە شەرعیەت وەرگرتن لە ئایینەوە نەبووە و بێ پێچ و پەنا هەڵوێستێکی ڕوونتریان گرتووە بەر. ئەوان بێ جیاوازی هەموو کورد بە کافر ناو دەبەن و لە ئاکامدا درندانە ژینۆسایدی شەنگال لە باشوور بەرانبەر کوردانی ئێزدی ئەنجام دەدەن و شاری عەفرین لە ڕۆژاوا داگیر دەکەن. بەم شێوەیە، کوردستان بووەتە کۆلۆنییەکی هاوبەش بۆ هەر ئایدیۆلۆژییەک کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی دەکا. واتە بەکۆلۆنیبوونی کوردستان تەنیا لە فۆرمی دەوڵەتییدا خۆی نابینێتەوە و

ئەکتـــەرە نادەوڵەتییەکانـــی وەکوو داعش بە هەمان مەبەســـت دەیانهەوێ دەســـت بەسەر کوردســـتاندا بگرن. ئەوان سنووریک لە نێوان موســـڵمان و کوردی کافردا ســـاز دەکەن کە مەشـــروعیەت بۆ کوشتنی هەر کوردێک ســـاز بکەن کە ویســـتی ڕزگاری و دەرچوون لـــە دۆخـــی کۆلۆنیالی هەیە. ئەم ســـنووڕە تۆخـــە نەک هـــەر دەبێتە جێی بـــاوەڕی خەڵکانی عەجـــەم، بەڵکوو لە لایـــەن ئەو کوردانەشـــەوە پەســـەند دەکرێ کـــە لـــە چوارچێـــوەی دەزگای مەعریفـــی کۆلۆنیالیزمدا بیـــر دەکەنەوە. بە گوتەی ئاشـــیل مبێمبـــێ، "کۆلۆنییەکان هاوشـــێوەی ســـنووڕەکانن. "درنـــدەکان" تێیانـــدا نیشـــتەجێن. کۆلۆنییـــەکان لە فۆرمێکی دەوڵـــەتیدا ڕێک نـــاخرێن و جیهانێکـــی مرۆیی ســـاز ناکـــەن... بەم گوێرەیـــە، کۆلۆنییەکان ئەو شـــوێنەن کە دەتوانرێـــت کۆنترۆڵ و نەزمـــی دادوەری تێیـــدا ڕابگیرێـــن- ناوچەیـــەک کە ئەو تونددوتیژییانەیـــان تێـــدا جێبەجێ دەکرێن کـــە لە دۆخـــی ئاوارتەدا دەوڵەتـــەکان بە مەبەســـتی خزمـــەت بە "شارســـتانیەت" بەکاریـــان دێنن." (مبێمبـــێ ۲۰۰۳، ۲۴) لـــە ڕوانگـــەی مبێمبێـــوە، نێکرۆپۆلیتیـــک (سیاســـەتی مـــەرگ) بریتییـــە لـــە چۆنیەتـــی بەکارهێنانـــی فۆرمێـــک لـــە دەســـەڵات بـــۆ کۆنترۆڵکـــردن و بەڕێوەبردنـــی دانیشـــتووان لـــە ڕێگـــەی دەســـتکاریکردنی نرخـــی مردنـــەوە. بـــەم واتایـــە ســـەرەوەری بریتییـــە لـــە دەســـەڵاتی داســـەپاندنی ئـــەوەی کـــێ ئەگـــەری زیندوومانـــەوە و ژیانـــی هەیـــە. لێـــرەوە کوشـــتن یـــان ڕێگـــەدان بـــە ژیـــان ســـنووری ســـەرەوەری پێـــک دەهێنێـــت و دەوڵـــەت یـــان ئەکتـــەرە بەهێزەکانـــی دیکـــە نـــەک هـــەر ژیـــان بەڕێـــوە دەبـــەن و دەیپارێـــزن بەڵکـــوو دەســـەڵاتیش بەکاردەهێنـــن بـــۆ بڕیـــاردان لەســـەر ئـــەوەی کـــێ دەبـــێ بـــژی و کـــێ دەبـــێ بمرێـــت. میشـــێل فوکـــۆ لـــە ڕێگـــەی بەکارهێنانـــی چەمکـــی بایۆدەســـەڵاتەوە بـــاس لـــەوە دەکات کـــە چـــۆن دەوڵەتـــەکان لـــە ڕێگـــەی دامـــەزراوە و تەکنیکـــە جیاوازەکانـــەوە کۆنترۆڵـــی دانیشـــتووان دەکـــەن. لـــە چوارچێـــوەی نەکرۆپۆلیتیکـــدا ئـــەم کۆنترۆڵـــە لـــە ڕێگـــەی تونددوتیـــژی دەوڵەتـــەوە چرتـــر دەبێتـــەوە و حکومەتـــەکان بێبەزییانـــە ژینۆســـاید، کۆمەڵکـــوژی و جۆرەکانـــی تـــری تونددوتیـــژی بـــەکار دەبـــەن تـــا سیاســـەتی کۆلۆنیاڵـــی خۆیـــان لـــە وڵاتـــی ژێردەســـتەدا جێبەجـــێ بکـــەن. ئـــەم کـــردەوە درندەییانـــە وەک ئامـــرازی کۆنترۆڵـــی سیاســـی بـــەکار دێـــن و لەنـــاو کۆلۆنیـــدا تـــۆوی تـــرس و ملکەچبـــوون دەچێنـــن. زۆرجـــار ڕژێمـــە سیاســـییە نەکرۆپۆلیتیکییـــەکان تونددوتیـــژی و مـــردن وەک نمایـــش کردنێکـــی گشـــتی بەکاردەهێنـــن. بـــە ســـازکردنی چاویلکەیەکـــی تونددوتیـــژی بـــۆ دانیشـــتووانی کۆلۆنـــی هـــەم خەڵـــک دەترسـێنن و هـــەم بێهەســـتیان دەکـــەن تـــا درندەیـــی و مـــردن لـــە لایـــان ئاســـایی بێتـــەوە (مبێمبـــێ ۲۰۰۳).

فەتـــوای خومەینـــی بـــۆ کۆمەڵکوژیـــی کـــوردلـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان

ئـــەو گۆڕانکارییـــەی کـــە ڕووداوەکانـــی ســـاڵانی ۱۹۷۸-۱۳۷۹ هێنایـــە ئـــاراوە و بـــە ڕووخانـــی دەســـەڵاتی پاشـــایەتی و دواتـــر دامەزرانـــی کۆمـــاری ئیســـلامی گەیشـــتە لووتکـــە، کاریگەرییەکـــی قـــووڵ و دوور مـــەودای لەســـەر دیمەنـــی سیاســـی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و ئێـــران هەبـــوو. هـــەر لـــە ســـەرەتاوە پەیوەندیـــی نێـــوان ناســـیۆنالیزمی کـــورد و خومەینیـــزم بەتایبەتـــی ئاســـتێکی دیاریکـــراو لـــە گـــرژی و ناتەبایـــی پێـــوە دیـــار بـــوو. جیاوازییەکـــی بنەڕەتـــی لـــە نێـــوان پەرەنســـیپی دیمۆکراتیـــک و ئاراســـتەی ســـێکۆلار کـــە ناسیۆنالیســـتە کـــوردەکان پاڵپشـــتییان دەکـــرد و پابەندبـــوون بـــە بناژۆخوازیـــی ئیســـلامی کـــە شـــوێنکەوتوانی خومەینـــی لایەنگرانـــی بـــوون، لەئـــاردا بـــوو

(شەمسەدینی ۲۰۰۷، ۱۹۴). کوردەکان زیاتر لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە (حدکا) داوای دانپێنان بە مافی نەتەوەیی خۆیان لە دەستووری بنچینەیی نوێی ئێراندا دەکرد. حدکا لە ڕێگەی دڕووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەیویست سەروەریی نەتەوەیی کورد لە ئێران بەڕەسمی بناسێنێت. بەڵام لە هەمان سەرەتاوە دەرکەوت کە لایەنی ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک نایەوێ پەسەندی داواکاریی نەتەوەیی کورد بکا. هەر بۆیە خومەینی بەتوندی دژ بەم حیزبە کە نوێنەرایەتی دەنگی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد وەستایەوە وەک شەیتان وەسفی کردن و بە فەرمی ڕایگەیاند: "ئەوان [حدکا] بەکرێگیراوی بیانییەکانن. ئەوان یان بەکرێگیراوی ئامریکان یان هی وڵاتێکی دیکە. ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، ناتوانن بڵێن ئێوە ئازادی سەرکوت دەکەن. ئێمە ئازادیمان پێدان بەڵام ئەوان خراپ بەکاریان هێنا. ئەو ئازادییەی کە مانای ئەوە بێ دەتوانن کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن، ئێمە ئازادییەکی وایان پێ نابەخشین. حیزبی دیموکراتی کوردستان [حدکا] گرووپێکی گەندەڵکار و تێکدەرە. ناتوانین ئەو ئازادییەیان پێ بدەین کە هەرچی بیانەوێت بیکەن" (IranKnowledge، ۲۰۰۹). کاتێک گرژییەکان لە ڕۆژهەڵات زیاتر تەشەنەی کرد و حکومەتی کاتی لە تاران نەیدەویست بە هیچ شێوەیەک دەنگی کورد ببیستێ، کوردەکان لە سەرەتای ساڵی ۱۳۵۸ ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامییان بایکۆت کرد. بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان لە پاوەوە تاکوو مەهاباد کەوتە بەر دەستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە ناویاندا حدکا و کۆمەڵە دەوری سەرەکییان دەگێڕا. هەر بۆیە خومەینی لە ڕێکەوتی ۲۷ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ فتوای جەهادی دژ بە کورد دەرکرد. ئەم فەتوایە ڕێگەی بە توندوتیژییەکی بەربڵاو هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە ڕۆژهەڵات خۆش کرد کە تاکوو ئێستا دڕێژەی هەیە. خومەینی لەم فتوایەدا و لە یەکەم فەرمانی خۆی وەکوو سەرۆکی هەموو هێزەکانی ڕژیم فتوای بەکارهێنانی هەموو چەک و تەقەمەنییەک لە ڕۆژهەڵات دەردەکا و فەرمان بە سەرۆکی ئەرتش دەکا کە بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە ماوەی ۲۴ کاتژمێردا بە توپ و تانکەوە بەرەو پاوە بڕۆن (خومەینی ۲۰۱۸C). فەتواکە ڕۆژی ۲۸ گەلاوێژ کاتژمێر حەوتی بەیانی لە ڕادیۆ خوێندرایەوە و بووە هۆی هاندانی خەڵکی عەجەم کە وەک سپایی بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێکەون. ڕەحیم سەفەوی کە لەو کاتەدا سەرۆکی سپای پاریزگای کوردستان بووە لە کتێبێکی بیرەوەری سەبارەت بە شەڕی ئێران و عێراق باس لەوە دەکا کە ئیمام خومەینی پێی وتین ئێوە دەبێ لە نێوان خەڵکی کورد و دژەشۆڕش جیاوازی دابنێن، ئێوە لەگەڵ کوفر شەڕ دەکەن نەک لەگەڵ کورد (امام و دفاع مقدس: خاطراتی از رزمندگان و فرماندهان سپاه اسلام ۱۳۷۷، ۳۴). ئەم ڕێنوێنییە کە تێیدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و هەموو ئەو چالاکە کوردانەی کە بۆ ئازادی و وەدیهێنانی ژیانێکی باشتر لە کوردستان تێدەکۆشان وەک کافر پێناسە دەکران و سەرەڕای ئەوەی ڕێگای دووبەرەکی لە کوردستان و سازبوونی هێزی ڕێکخراوی جاشی دروست کرد، بەڵکوو لەوەش گرنگتر مەشروعیەتی بۆ کوشتنی هەر دەنگێکی نارازی هێنایەوە. ئەم مەشروعیەتە ئایینییە هەزران پاسداری ڕاکێشی کوردستان کرد کە هیچیان نەک لە پرسی کورد نەدەزانی، بەڵکوو

ئامادە بوون بێ بیرکردنەوە و تەنیا لە پێناوی قسەکەی خومەینیدا کوردستان کاول بکەن و لە کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردا بەشدار بن. بۆ نموونە قوربانەلی خەیبڵی (١٣٤٧-١٣٦٢)، خەڵکی گوندی تەخشی لە گورگان، وەک منداڵێکی بەسیجی دەچێتە سپا هەتا لە کوردستان دژ بە کوفر شەڕ بکات و لە ئاکامدا کاتێک لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بە قەناسە و دژ بە کورد لە شاری مەریوان پڕ چەک کراوە دەکوژرێ. قوربانەلی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا و تەنیا چەند رۆژێک پێش لە کوژرانی، لە دواییین نامەیدا بۆ دایکی دەنووسێ کە ئەم نامەیەت لە چیاکانی کوردستانەوە بۆ مازەندەران بۆ ڕەوانە دەکەم و ئێمە لێرە لەگەڵ کورد شەڕ ناکەین بەڵکوو لەگەڵ کوفر شەڕ دەکەین. قوربانەلی نامەکەی بەم ڕستانە کۆتایی پێ دێنێ: خودایە خودایە هەتا شۆڕشی مەهدی، خومەینی بپارێزی (خیبلی ٢٠١٩). قوربانەلی یەکێک لەو هەزاران پاسدار و بەسیجییەن کە تاکوو ئیستا بۆ سەرکوت و کوشتنی کورد دێنە ڕۆژهەڵات بێ ئەوەی بیر لە ئەنجامی کردەوە دڕندەکانی خۆیان بکەنەوە، چونکە خومەینی فەتوای ئیسلامی بۆ کوشتنی ئەو کوردانە دەرکردووە کە داوای مافی خۆیان دەکەن. خومەینی سەرەڕای ئەوەی کوردی ئازادیخواز وەکوو کافر ناوەزە دەکا هەوڵ دەدا بە هەندێک چەمکی ئایینی دیکەش دیسان ئەوان بخاتە پاڵ شەیتان. لە ڕێکەوتی ٢ خەرمانانی ١٣٥٨، چەند ڕۆژ دوای فەرمان بۆ هێرش کردنە سەر پاوە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دانیشتنێکدا بە پشتبەستن بە ئایەتی: ئەی ئیمانداران گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر و کاربەدەستانی خۆتان بن (نیسا، ٥٩) خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد دەکاتە بەردەنگ کە بۆچی ملکەچی کاربەدەستانی خۆتان نەبوون؟ هەر لەوێدا دیسان بە پشت بەستن بە ئایەتێکی قورئان پاسدارەکان دەکاتە بەردەنگ کە دەبێ ڕەحم بە حیزبەکان لە کوردستان نەکەن و دەڵێ کە بەتوندترین شێوە لەگەڵ کافرەکان تووندوتیژی بنوێنن و لەناو خۆتاندا دڵۆقان بن (فەتح، ٢٩). ئەم کۆبوونەوەیە کە بە بۆنەی جێژنی مانگی ڕەمەزانەوە گیراوە دەبێتە بیانوویەک کە خومەینی مامۆستا ئایینییەکانی کوردستان بکاتە بەردەنگی خۆی و پێیان دەڵێ کە ئێوە دەبێ دژ بە خەیانتکارەکان هەڵوێستتان هەبێ. بە باوەڕی خومەینی ئیسلام لە ڕێگەی خوێنڕشتنەوە پەرەی سەندووە و سەقامگیر بووە. هەر بۆیە دەڵێ ئێمە هیچ ترسێکمان لە خوێنڕشتن نییە و بێباکین (خومەینی ٢٠١٨b). هەر کات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزە سەرکوتکەرەکان نەیاندەتوانی تەنانەت بە هەموو تووندوتیژییەک کە بێبەزەییانە بەکاریان دەهێنا دەنگی ئازادیخوازی کورد بێدەنگ بکەن پەنایان بۆ فێڵێک دەبرد کە لە ڕێگەی فەتوایەکی خومەینییەوە دیاری دەکرد کێ لە کوردستان مافی ژیان و مردنی هەیە. لە نموونەیەکی گرنگدا خومەینی فەتوای بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم لە کوردستان دەدا. لە سەرەتای زستانی ١٣٥٨ ئەبولحسەنی بەنیسەدر (سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران) تەلیفۆن بۆ دەفتەری خومەینی دەکا و دەڵێ کە "لە گەردەنەیەکی کوردستان گوردانێکی نزیک بە سێسەد کەسیمان گیری کردووە و شەست و پێنجیان بریندار بوون. تەنیا دوو ڕێگەچارەمان لەبەر دەمە، یا ئەوەیکە بۆمبی ناپاڵم بەکار بهێنین کە لە ڕووی ڕێکلامەوە لێکەوتەی نەرێنی بەدواوەیە، یا ئەوەیکە لە ژێر گەمارۆدا

بمێننەوە و ئەگەری ئەوەی هەیە هەموو گوردانەکە لەناو بچن. ئیستا ئێمە دەبێ چ بکەین؟" خومەینی بەکورتی یەکەم بڕارەدە پەسەند دەکا و ولاّمیان دەداتەوە: "دەبێ گەمارۆدراوەکان ڕزگار بکرێن، گرنگ نییە لێکەوتەیکانی چی بن" (خومەینی ۲۰۱۸a).

سازکردنی هێزی پێشمەرگە موسڵمان

یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە توانیویەتی سازی بکا و بەشێوەی پراکتیک بیهێنێتە ناو گوتاری کوردایەتییەوە چەمکی پێشمەرگەیە. لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە بۆ سەرەوەریی نەتەوەیی لە بەرەی یەکەمی شەڕ لەگەڵ ناسیۆنالیزمی دوژمنانی کوردستاندا خەباتی کردووە. ڕێک لە دوای فەتواکانی خومەینی سەبارەت بە سەرکوتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەکافرکردنیان، دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیم لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە هێزێکی خۆجێیی چەکدار دروست دەکەن کە لە فۆرمدا ڕێک وەک هێزی پێشمەرگە وابێ. واتە جلوبەرگ، چەک و ناوی ئەم هێزە بەشێوەیەک هەڵدەبژێرن کە بۆ خەڵکی ئاسایی جیاکردنەوەیان لە هێزی پێشمەرگە زەحمەت بێ. لە هەمان کاتیشدا ئەم هێزە چەکدارە وەک چاوساخ بەکار دەهاتن تا پێش پاسدارە کەمئەزموون و درەندەکان بکەون. ناوی ئەم هێزە چەکدارە سەرکوتکەرە نوێیە زۆر بەوردی هەڵدەبژێردرێ و وەک پێشمەرگەی موسڵمان ناوی لێ دەبرێ کە دەلالەتە شاراوەکەی ئەوەیە پێشمەرگەی لەو مانایەدا کە خەڵک دەیناسن موسڵمان نییە و کافرە. دووانەیەک کە خومەینی لە نێوان کورد سازی کرد و ئەنجامێکی خراپی درێژخایەنی بەدواوە هات. هێزی پێشمەرگە موسڵمان کە لە لایەن سپاوە ساز کرا تەنیا بە هەندێک فێرکاریی سەرەتایی بەرەو بەرەی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ڕەوانە کران. چونکە پاسدارەکان نەیاندەتوانی لە ڕۆژهەڵات بەرەوڕووی هێزی پێشمەرگە ببنەوە و شارەزایی ناوچەکە نەبوون، زمانیان نەدەزانی و نەیاندەتوانی ڕێگەوبانی گوندەکان و ناوچە شاخاوییەکان بدۆزنەوە. دووانەی پێشمەرگە/پێشمەرگە موسڵمان لە بەهاری ۱۳۵۸ لە کرماشان ساز دەبێ و ناوە فەرمییەکەی بریتییە لە پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد. ئەم لقەی سپا لە هەمان سەرەتاوە بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی "فریاد آزادی مسلمان کرد" دەر دەکرد و لە ژمارەی یەکەمدا فەلسەفەی بوونی خۆیان ڕوون دەکەنەوە: ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد بە مەبەستی سڕینەوەی ناوچەی کوردستان لە کوففار و مونافقینی دژەشۆڕش و بانگەشەی ئیسلام و سەلماندنی ڕاستییەتی کۆماری ئیسلامی و پاڕێزگاری لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی و پێشێلنەبوونی خوێنی شەهیدان ڕادەگەیەنین (موفیدی ۲۰۱۹، ۱۳۱). ئەم هێزە لەسەر هەمان پێناسەی بە کافرکردنی ئەو کوردانەی کە داوکارییەکی سیاسییان هەیە یا تەنانەت دەیانهەوێ وەک چالاکێک باس لە مافی نەتەوەیی خۆیان بکەن دامەزراوە. ئەگەرچی ئەندامانی ڕێکخراوی پێشمەرگەی موسڵمان لەڕووی جلوبەرگ و تەنانەت چەکی سازمانییەوە وەک هێزی پێشمەرگە ڕێکخراوون، بەڵام بەخێرایی لەناو خەڵکدا وەک جاش ناویان دەرکرد. لە ۲۱ پووشپەڕی ۱۳۵۹ خومەینی لە کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی پێشمەرگەی موسڵماندا سپاسیان لێ دەکا و ئەوان وەکوو سەربازەکانی ئیسلام و لەشکەری پێغەمبەری ئیسلام وەسف دەکا (خومەینی ۲۰۱۸) هەر بۆیە لە بڵاوکراوەی پێشمەرگەی موسڵماندا بەڕوونی باس لە جیهادی ئەوان دژ بە کوردە کافرەکان دەکەن: "بۆ دەرهێنانی کوردستان لە چنگی

کوففار کە پلانیان بۆی هەیە تەنیا دەبێ شەڕی چەکدارانەمان هەبێ. یەکەمین کاری شۆڕشگێڕانە کۆکردنەوە و ڕاهێنانی هەموو هێزە موسڵمانەکانە لە ناوچە بۆ جیهاد لەگەڵ کوففارە تا بتوانین پاش ڕزگاری خۆمان کوردستان بەڕێوە ببەین" (موفیدی ٢٠١٩، ١٣٢).

هەر وەک دەبینرێ فەتوای خومەینی بۆ بەکافرکردنی کورد دەستپێشخەر بوو بۆ سازکردنی گرووپێکی چەکدار و هێزی پێشمەرگەی موسڵمان وەک ئۆرگانێکی ڕەسمی سپای پاسدارانی ڕژیمی ئیسلامی لە سەرکوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوری سەرەکی هەبووە. سازبوونی ئەم جۆرە گرووپانە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆلۆنیالیزمە کە بۆ ماننەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کۆلۆنیدا هەوڵ دەدا لە کەس و گرووپە خۆجێییەکانی نەتەوەی ژێردەست و ناوچەی کۆلۆنی کەسانێکی وەکوو بەکرێگیراو دابمەزرێنێ تا بتوانێ سیاسەتی مەرگ لە کۆلۆنیدا جێبەجێ بکا. لە نموونەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوەی پێشمەرگە موسڵمان نەک هەر تاکوو ئیستا لە کوشتن و ئاوارەیی هەزران کورددا بەشداریی ڕاستەوخۆیان هەبووە بەڵکوو هەر لە خۆیان و تەنیا لە پارێزگای سنە هەزار کەسیان لێ کوژراوە. ئەم ڕاستییە تاڵانە دەبێ بەم خاڵە گرنگە زیاد بکەین کە ئەو ڕێکخراوەیە وەک لقی خۆجێیی سپای پاسداران ڕێگەی بۆ تاڵانکردنی سەرچاوەکانی کوردستان و تواندنەوەی کورد لە لایەن مافیای سپاوە خۆش کردووە. بە وتەی محەمەد موکری، باڵوێزی ئەو کاتی ئێران لە یەکێتی سۆڤییەت کە خۆشی کورد بوو: "کێشەی سەرەکی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران [ڕۆژهەڵاتی کوردستان] ئەوەیە چونکە لەو شوێنانە ئەرتەش و سوپای لێ نەبووە دەوڵەت نەیدەتوانی بەرنامە کولتووری و ئابووریییەکانی خۆی جێبەجێ بکات" (مکری ١٣٥٨، ١٢).

کۆمەڵکوژیی لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوابەدوای فەتوای خومەینی دەیان کۆمەڵکوژی و ئێعدامی بەکۆمەڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دا. لە شێوازی هەڵسووکەوتی پاسدار و بکوژەکانی ئەم کۆمەڵکوژییانە بۆمان دەردەکەوێ ئەوان باوەڕیکی تەواویان بە فەتواکەی خومەینی بۆ بەکافرکردنی کورد هەبووە. واتە ئەگەرچی زۆربەی پاسدارەکان گەنج بوون و هەموویان خۆیان وەک کەسانی پابەند بە ئیسلامی ڕاستەقینە پێناسە دەکرد بەڵام تەنانەت لەو کاتانەیدا کە خەڵکی ئاسایی ڕۆژهەڵات ئەوانیان وەک موسڵمان چاو لێ دەکرد و داوایان لێ دەکردن لەبەر موسڵمانبوونیان نەیانکوژن زیاتر لە کاتەکانی دیکە بێبەزەییانە ڕەفتاریان دەکرد. کۆمەڵکوژییەکانی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، وسووکەند، سۆفیان، ساروقامیش، بایزاوێ، قەرەگۆل، سەوزێ، و ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی خەڵک لە مەهاباد، نەغەدە، سەقز، سنە و هەورامان هەموو بە پاساوی شەڕ لەگەڵ کوفر و دەرکردنی مونافقەکان لە کوردستان بوون. ئەم کۆمەڵکوژییانەی ساڵەکانی ١٣٥٨ و ١٣٥٩ بەشێوەیەکی بێبەزەییانە بە مەبەستی بێدەنگکردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دران. شایەتحاڵەکان باس لەوە دەکەن کە چۆن پاسدارەکان پارانەوەی مەلا و کەسایەتییە ئایینییەکانی لەبەر چاو نەدەگرت و تەنانەت هەر ئەوانیشیان درندانە دەکوشت. لە کۆمەڵکوژیی قارنێدا کە لە یازدەی خەرمانانی ١٣٥٨ و پاش دوو هەفتە لە فەتواکەی خومەینی بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ٦٠ کەسی ئەو گوندە، دەبینین کە مەلای گوندەکە بەپێی نەریتێکی

ئیسلامی کە زیاتر لە سەردەمی هێرشی مۆغۆلەکانەوە باو بووە، قورئان دەکاتە تەکاکاری نێوان خەڵکی ئاسایی و پاسدارەکان، بە ئۆمێدی ئەوەی کە پاسدارە موسڵمانەکان لەبەر ئایەتی قورئان کە کوشتنی خەڵکی موسڵمان و باوەڕداری بە گوناهی گەورە مەزەندە کردووە، واز لە کوشتنیان بهێنن. بەڵام ڕەنگە ئەو مەلایانە و زۆرینەی خەڵکیش بەوردی لە ئەنجامە مەترسیدارەکانی فەتوای خومەینی لە کافرکردنی خۆیان ئاگادار نەبن. لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە باس لەم ڕووداوە کراوە: مەلا مەحمود بێهتەرزادە پێشنوێژی گوندی قارنا بەرەو لای هێرشبەرەکان دەڕوا و بەپارانەوە داوایان لێ دەکا کە واز لەم کردەوە درندانە و نامرۆییانە بهێنن و کوشتی خەڵک بوەستێنن، بەڵام پاسدارەکان ئاوڕی لێ نادەنەوە. مەلا مەحمود بەرگەی ئەو کارەساتە ناگرێ و چەندین جار بەرەو لایان دەڕوا و قورئانێک بە دەستەوە دەگرێ و دەڵێ بە خاتری ئەم قورئانە ڕەحم بە خەڵکە موسڵمانە بکەن. یەکێک لە پاسدارەکان قورئانەکەی لە دەست دەردێنێ و بۆ سووچێک فڕێی دەدا. دواتر پاسدارەکان مەلامەحمود پەلکێشی دەرەوەی گوند دەکەن و بەشێوەیەکی زۆر خراپ شەهیدی دەکەن و سەری لە جەستەی جیا دەکەنەوە. جەنازەی بیسەری ئەم شەهیدە پاش چوار ڕۆژ لە دوای کارەساتەکە لە دەرەوەی گوند دەدۆزرێتەوە (حزب دموکرات کوردستان ایران ۱۳۶۹، ۳). دووپاتبوونەوەی ئەم هەڵسووکەوتە لە کۆمەڵکوژیی گوندی قەرەگوڵ نیشانی دەدا کە بکەرانی سیاسەتی مەرگی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی باوەڕیان بە کافربوونی کورد هەبووە، ئەگەرنا نەیاندەوانی لە کاتێکدا خۆیان بە موسڵمان دەزانی و تەنانەت داخوازیی ئەوەیان دەکرد کە دەیانهەوێ بەپێی شەریعەتی ئیسلام ڕەفتار بکەن نەیاندەتوانی بەم شێوە ڕەگەزپەرەستانە دەستیان بە خوێنی موسڵمانان سوور بکەن. یەکێک لە شایەتحاڵەکانی کۆمەڵکوژیی قەرەگوڵ خاتوو ئەفسەر سالک کارەساتی کوشتنی هەژدە پیاوی ئەم گوندە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: مامۆستا مەلا عەلی فەرموویِ ئێمە ئەو جەماعەتە دەچینە دەرکی مزگەوت و قورعانەکە بە دەستەوە دەگرم و بەرەوپیری نیروەکەی جمهوری ئیسلامی دەچین بەڵکم بەو قورعانە بمانبەخشن. ئەوان بە قانون دەڵێن ئێمە ئیسلامین و بە قورعان موسڵمانین و بەڵکم ئێمەش بەر بەخشینی ئەو قورعانە کەوین و هیچمان لێ نەکەن. وەڵا کە هاتن ڕووبەڕووی نێو مااڵن بوون و دەوری دێیەکەیان گرت مامۆستا مەلا عەلی کە بەرەوپیریان چوو لەگەڵ خاڵم کە هەرکیان مەلا بوون، ڕێک قورعانەکەیان لە دەست مامۆستا مەلا عەلی وەرگرت و قورعانەکەیان لەت کرد و هەڵیاندایە سەر بەفرەکە؛ کە قورعانەکەیان ئاوا لێ کرد ژن و منداڵ دەستیان کرد بە پارانەوە و بە شین و گریان. بەڵام ئەوان لە جوابی ئەوەیدا کە بڵێن گوناح نییە و هەر شتێکە، بۆ جوابگۆی عالەمەکە بەر بوونە سەر و گوێە ئەو حەقدە هەژدە نەفەرەی کە لەو مزگەوتەدا بوون و بە قۆنداغە تفەنگ و بە پێلاقە و زۆر بە ڕەزاڵەت و بێڕەحمانە. لە دوای هەفتەیەک جەنازەکانیان دایناوە (هەنگاو ۲۰۲۳). لە ڕەوایەتی خاتوو ئەفسەردا بەڕوونی دەردەکەوێ خەڵکی کورد بە تەمای هەڵسووکەوتێکی ئایینی و بەپێی شەرعی ئیسلام هیوادار بوون نەکەونە بەر شاڵاوی کوشتاری پاسدارەکان. لە کاتێکدا چیتر لە گوندەکە پیاوی تێدا نامێنێ و هەموویان کۆمەڵکوژ دەکرێن، خاتوو ئەفسەر بە هاوکاری کێژێک کە هەندێک لێخورینی تراکتۆر دەزانێ، جەنازەی باوک، برا و هاوسەرەکانیان دەگوازنەوە مزگەوتی گوندی قەرەگوڵ. لەبەر ئەوەی یەک هەفتە بە سەر

کۆمەڵکوژییەکدا تێپەڕ بووە، جەنازەکان شێواون و لەبەر سەرما لار و گێڕ بوون. هەر بۆیە هەر مانگێک چرایەک دێنێ بۆ مزگەوت و بە دەم شیوەن و گریانەوە هەر کەسە و لای شەهیدی خۆی دادەنیشێ. ئەم گێڕانەوە دڵتەزێنانە بەشێک لە کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک دێنن. ئەگەرچی ئاستی توندوتیژی لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ڕژیم و دەیەی شەستدا لەوپەڕی خۆیدا بوو. بەڵام دەبێندرێ کە بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم دووپاتکردنەوەی ئەم جەنایەتانە لەهەمبەر خەڵکی کوردستان زۆر بەئاسانی دووپات دەبێتەوە.

هەندێک تێبینی کۆتایی

داسەپاندنی ئەوەی کێ لە کوردستان مافی ژیانی هەیە، مەرجەکانی کارکردن و ژیانی ڕۆژانە چین و ئەوەی کە کێ دەبێ بمرێ یا زیندی خۆی بەجێ بهێڵێ لە دەستی سەرەوەریی کۆڵۆنیالی ڕژیمی ئێراندایە. لە چوارچێوەی سیاسەتی مەرگدا، دەوڵەت یان دەسەڵاتی حوکمڕان نەک هەر زیندووەکان بەڕێوە دەبات بەڵکوو دەسەڵاتیش بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی هەندێک گرووپی کۆمەڵایەتی یا سیاسی بخاتە ژێر توندوتیژی و مردنی سیستەماتیکەوە. لە چوارچێوەی سەرەوەریی کۆڵۆنیالیزمدا، بە پراکتیزە کردنی سیاسەتی مەرگ چارەنووسی خەڵک لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەرەوە دیاری دەکرێ. دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی زۆرجار بۆ پاراستنی نەزمی کۆڵۆنی، کۆنترۆڵ و سەرکوتکردنی بەرخۆدان لە نێوان نەتەوەی بندەستدا ئامرازی توندوتیژ بەکار دەهێنێت. ئەمەش دەتوانێت وەک کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی و جۆرەکانی تری توندوتیژی دەربکەوێت کە لە ئەنجامدا مردن یان هەڕەشەی مردنی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی کوردستان وەکوو کۆڵۆنییەک لە نێوان چوار دەوڵەت لە هەندێک کۆڵۆنییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ڕۆڵی ئایین لە شەرعیەتپێدان بە سیاسەتەکانی مەرگی حکومەتەکانەوەیە کە بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە بوونەتە هۆی گیان لەدەستدانی سەدان هەزار کورد لە چوار پارچەی کوردستان و چەند قات لەوە زیاتر مرۆڤی کورد ناچار بوون زێد و ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، ئاوارە ببن، لە غوربەتدا بژین و یا لە ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا بتوێننەوە. ڕژیمە کۆڵۆنیالیستەکانی کوردستان دەزانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکارهێنانی بەمەبەستی ئیسلام دەتوانێ پاساوێکی ئایینی بۆ قەلاچۆکردنی کورد دەستەبەر بکا.

سەرچاوەکان

امام و دفاع مقدس: خاطراتی از رزمندگان و فرماندهان سپاه اسلام. ۱۳۷۷. تهران: موسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی، موسسه چاپ و نشر عروج.
https://tinyurl.com/3c9uj6w9

حزب دموکرات کوردستان ایران. ۱۳۶۹. بخشی از جنایات رژیم در کوردستان. کمیسیون امور اجتماعی حزب دموکرات کوردستان ایران.

خومەینی، ئیمام. ۲۰۱۸a. فرمان به ابو الحسن بنی صدر (شکستن محاصره گردان ارتش در کوردستان).
www.emam.com.https://tinyurl.com/mr376v9r

خومەینی، ئیمام. ۲۰۱۸. سخنرانی در جمع اقشار مختلف مردم (مخالفت اسلام با آزادی به شیوه غربی).
www.emam.com.
https://tinyurl.com/mvf9kczx.

خومەینی، ئیمام. ۲۰۱۸. پیام به نیروهای ارتشی و مردم (پایان دادن به غائله پاوه).
www.emam.com.

https://tinyurl.com/293hvr4n.
خومەینی، ئیمام. ۲۰۱۸. سخنرانی در جمع نمایندگان سازمان پیشمرگان مسلمان کورد (پیروزی اسلام).
www.emam.com.
https://tinyurl.com/yckbt۸b۳
خومەینی، ئیمان. ۲۱۰۸. پیام به اهالی کوردستان (غیرقانونی بودن حزب دمکرات).
www.emam.com
https://tinyurl.com/۴ye۶۹mcw
خیبلی، قربانعلی. ۲۰۱۹. نامه ای از کوه های کوردستان به طرف مازندران: با کورد نمی جنگیم با کفر می جنگیم.
http://navideshahed.com/fa/news/۴۵۶۴۱۴.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ۱۹۷۳. کوردستان و کورد. وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە.
کەریمی، عومەر کارەساتی کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان لە زمانی عومەر .کەریمی، شایەتحاڵی جنایەتەکە
https://www.youtube.com/watch?v=۸IffgyqpAvg
موفیدی، سەباح. ۲۰۱۹. ئایین و سیاسەت لە کوردستان: لە سیاسەتی مەعنەوییەوە بۆ سێکیولاریزم.زاراووکس
مکری، محمد. ۱۳۵۸. سفیر ایران در شوروی ماجراهای پشت پرده کوردستان را فاش کرد. روزنامه اطلاعات بیست و هفتم شهریور.
https://tinyurl.com/3468pj46
Beşikçi, İsmail. 2004. International Colony Kurdistan. Parvana.
Duruiz, Deniz. 2020. “Tracing the Conceptual Genealogy of Kurdistan as International Colony.” Middle East Report 295.
Hengaw Organization for Human Rights [@Hengaw_English]. 2023. “‘Narrative of an Eyewitness to the Massacre in Kurdistan Following the Issuance of Ayatollah Khomeini’s Jihad Fatwa’ Mrs Afsar Salek” Https://T.Co/xQ0ekUg7pr.
IranKnowledge, dir. 2009. Ayatollah Khomeini on Kurdish Separatist Movements. https://www.youtube.com/watch?v=96so1BLVxWs.
- Kurt, Mehmet. 2021. “‘My Muslim Kurdish Brother’: Colonial Rule and Islamist Governmentality in the Kurdish Region of Turkey 1.” In The Kurds in Erdogan’s” New” Turkey, 128–44. Routledge.
Mbembe, Achille. 2003. “Necropolitics.” Public Culture 15 (1): 11–40.
Shamsaddini, Said. 2007. “Nationalism, Political Islam and the Kurdish Question in Iran in the Late Twentieth Century.” PhD Thesis, Royal Holloway, University of London.

هەواڵنامەی کتێب

شیکاری

ململانێی دوو کولتووری سیاسیی ئاسۆیی و ئەستوونی لە بزووتنەوەی ژینادا

کاروان موکریانی

لە بزووتنەوەی ژینادا، ململانێی نێوان دوو کولتووری سیاسیی سەرەکی زەق بوویەوە: کولتووری سیاسیی ئەستوونی و کولتووری سیاسیی ئاسۆیی. کولتووری سیاسیی ئەستوونی، دوو کولتووری سیاسیی ناوەندگەرای داخراو و کولتووری سیاسیی نیمچەناوەندگەرای داخراو لە خۆ دەگرێ. کولتووری سیاسیی ئاسۆییش لە دوو کولتووری سیاسیی پەراوێزی کراوە و کولتووری سیاسیی پەراوێزی داخراو پێک دێت. لە خوارەوە بە کورتی باسی ئەم کولتوورانە دەکەین. کولتووری سیاسیی ناوەندگەرای داخراو، لە سەر دوو توخمی شیعە و ناسیۆنالیسمی پارس تەوەر دامەزراوە. هەروەها، دوو توخمی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایینزای شیعە نیشانە سەرەکییەکانی کولتووری سیاسیی نیمچەناوەندگەرای داخراو پێک دێنن.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێران، بزووتنەوەی ژینا بـــوو کە وەکوو کردارێکی بە کۆمەڵی گۆڕانخواز لە پاش کوژرانی ژینا سەری هەڵدا. بزووتنەوەی ژینا وەکوو کردەیەکی بەکۆمەڵ، لە سەرەتاکاندا تا ڕادەیـــەک هـــاوکاری و هاوپەیوەندیی چین و توێـــژە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵـــگای ئێرانی پێوە دیار بوو کە دواتر بەرەو لاوازی ڕۆیشـــت. ســـەبارەت بە ســـارد بوونـــەوەی بزووتنەوەی ژینـــا، گەلێک هۆکار باس کـــراون؛ یەکێک لە هۆکارە ســـەرەکییەکان کە کەمتر باســـی لێ کـــراوە، ململانێـــی نێوان کولتووری سیاســـیی جۆراوجۆرەکانـــی ئێرانـــە. هیـــچ ڕووداوێک بە ئەندازەی بزووتنـــەوەی ژینا، ئەنتاگۆنیزمی ئەم کولتوورانـــەی وەدەر نەخســـت. لە بزووتنەوەی ژینادا، ململانێی نێوان دوو کولتووری سیاسی ســـەرەکی زەق بوویەوە: کولتووری سیاســـیی ئەســـتوونی و کولتووری سیاســـیی ئاســـۆیی. کولتووری سیاســـیی ئەستوونی، دوو کولتووری سیاســـیی ناوەندگـــەرای داخـــراو و کولتووری سیاســـیی نیمچەناوەندگەرای داخـــراو لە خۆ دەگرێ. کولتووری سیاســـیی ئاسۆییش لە دوو کولتووری سیاسیی پەڕاوێزی کراوە و کولتووری سیاســـیی پەڕاوێـــزی داخراو پێـــک دێت. لە خوارەوە بە کورتی باسی ئەم کولتوورانە دەکەین.

کولتووری سیاسیی ناوەندگەرای داخراو، لە سەر دوو توخمی شیعە و ناسیۆنالیسمی پارس تەوەر دامەزراوە. هەروەها، دوو توخمی ناســـیۆنالیزمی تورکی و ئایینزای شیعە نیشانە سەرەکییەکانی کولتووری سیاسیی نیمچەناوەندگەرای داخراو پێک دێنن. لـــەم دوو کولتـــوورەدا، بەرابەریی نێـــوان نەتـــەوەکان، بەرابەریـــی نێـــوان ژن و پیـــاو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتـــی، تۆڵێرانس و وشیاریی سیاســـی، جێگەیەکی ئەوتۆیان نییە. ئـــەم دوو کولتـــوورە، پیاوانە، نەژادپەرەســـتانە و فەرماندەرانـــەن کە دەتوانین بـــە کولتووری سیاسیی ئەستوونی پێناسەیان کەین. کولتووری سیاســـیی نیمچەناوەندگەرا وەک ناوەندگەرا، لە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی پێکهاتەی دەســـەڵات لە ئێران دەترسێ و تەنانەت خۆی یەکێک لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندگەرا لە ئێران بووە و هەر بۆیەش لە هیچ شۆڕشێکدا بەشداری ناکا کە بیهەوێ ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئایینزای شیعە لە پێکهاتەی دەسەڵات دامالێ. بەشێکی بەرچاوی دوو نەتەوەی فارس و تورک بە هـــۆی ئەو کولتـــوورە سیاســـییەی هەیانە، ئەگەریش خوازیاری گۆڕینی دەسەڵاتداران بن، بەڵام هیچ کات ڕازی بە گۆڕانێکی ڕیشـــەیی و ڕادیکاڵ نین کە بیهەوێ ژن لەگەڵ پیاو بەرابەر بێت و مرۆڤەکان لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە یەکسان بن. هەر بۆیەش لە بزووتنەوەی ژیناوە کـــە بە تەواوی ئاســـۆیی و ڕادیکاڵ بوو، زۆر بە کەمی بەشـــداریان کرد. جەماوەری ســـەر بە کولتـــووری سیاســـیی ناوەندگەرا، بـــە تایبەت نوێ پەهلەوییەکان، وێڕای کۆماری ئیســـلامی لە ژێـــر چەتری فەزایەکـــی گوتاریی هاوبەش، بە تۆندی لەگـــەڵ بزووتنەوەی ژینا دژایەتییان کرد و بوونە لەمپەرێکی گەورە و نەیانهێشـــت بزووتنـــەوەی ژینا بگاتە ئاســـتی شۆڕشـــێکی بەرینـــی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی لـــە ئێران. کولتـــووری سیاســـیی پەڕاوێز لە نێـــو نەتەوە بندەســـتەکانی وەک کورد، عـــەرەب و بەلووچ وەبەرچـــاو دەکـــەوێ کە لـــە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تـــر جیاوازیی هەیە. ئەم کولتووری سیاســـییە لە کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردســـتاندا بیچمی گـــرت و بنەماکانی خۆی لە دوو ئەندێشـــەی کوردایەتی و بیری مۆدێرن وەرگرتـــووە. کولتـــووری سیاســـیی پەڕاوێز لە نێو گەلی کـــورد، تایبەتمەندیی نیمچەکراوە و دێموکراتیکی بە خۆیەوە گرتووە و بووەتە هۆی ئەوەی هێندێک لە ئوســـوولە دێموکراتیکەکان وەک پلۆڕالیزمی سیاسی، ڕەواییی دێموکراتیک و بەرابەریی ژن و پیاو تا ڕادەیەک لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری بـــوروژێ و وەکوو بەهایەک چاوی لێ بکرێ. جگە لەوە لەم کولتووردا، ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵک بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی زۆر

لاوازە و بەرخۆدان و خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی ڕەوا وەکوو بەهایەکی پیرۆز نرخی بۆ دەدرێت. کولتووری سیاسیی پەراوێز، لە نێو دوو نەتەوەی عەرەب و بەلووچ بە پێچەوانەی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بە داخراوی ماوەتەوە. ڕاستە دوو گەلی عەرەب و بەلووچ لەگەڵ ناوەند ناتەبان، بەڵام هیچیان خاوەنی تایبەتمەندیگەلێک نین کە هەوێنی بزووتنەوەی ژینایان پێک هێنا. هەر وەک باسمان کرد تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆیی بوونە. بەرابەریی نێوان ژن و پیاو، بەرابەریی نێوان نەتەوەکان، پلۆڕالیزم و تۆڵێرانس، تایبەتمەندیی سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا بوون کە لەگەڵ کولتووری سیاسیی ئەو نەتەوانە تا ڕادەیەکی زۆر ناتەبان. بۆ نموونە، هاتنە سەر شەقامی خەڵکی سیستان و بەلووچستان بە فەرمانی مەولەوی عەبدولحەمید زیاتر فەرماندەرانە، گوێڕایەڵانە و پیاوانەیە و کەمتر لەگەڵ بنەماکانی بزووتنەوەی ژینا کە سەرکەشانە، وشیارانە و ژنانەیە، تەبایی هەیە و لە دریژخایەندا وێناچێ بتوانێ لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ژینادا بمێنێتەوە و سەیر نییە دژیشی بوەستێتەوە.

جۆرەکانی کولتووری سیاسیی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا

جۆرەکانی کولتووری سیاسی		تایبەتمەندی	بنەما	هێژمونیک لەناو بەشێک لە نەتەوەی
ئەستوونی	کولتووری سیاسیی ناوەندگەرای داخراو	پیاوانە، نەژادپەرەستانە، فەرماندەرانە، گوێڕایەڵانە	ئایینزای شیعە و ناسیۆنالیسمی فارس	فارس
	کولتووری سیاسیی نیمچەناوەندگەرای داخراو	بەرتەسک، پیاوانە، فەرماندەرانە، گوێڕایەڵانە	ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایینزای شیعە	تورک
ئاسۆیی	کولتووری سیاسیی پەراوێزی داخراو	پیاوانە، فەرماندەرانە، بەرتەسک و گوێ ڕایەڵانە	ئایین و نەریت	عەرەب، بەلووچ
	کولتووری سیاسیی پەراوێزی نیمچەکراوە	تا ڕادەیەک پلۆڕاڵ، بەرابەریخواز، ئازادیخواز و زۆر سەربزێو	کوردایەتی و ئەندێشەی مۆدێرن	کورد

بزووتنەوەی ژینا پێشاندەری ململانێی نێوان دوو کولتووری سیاسی بوو: کولتووری سیاسیی ئەستوونیی ناوەندگەرای داخراو و کولتووری سیاسیی ئاسۆیی پەراوێزی نیمچەکراوە. لە لایەک کولتووریکی سیاسیی فەرماندەرانە، پیاوانە، پیرانە، کۆنەپەرەستانە و ملکەچانە بوو، لە لایەکی دیکەوە، کولتووریکی سیاسیی ئاسۆیی کە خەڵکییانە، مرۆڤ تەوەرانە، گەنجانە، بەرابەریخوازانە و سەرکەشانە بوو کە پتر لە نێو نەتەوەی کوردا دەبینرا. بە گشتی بزووتنەوەی ژینا دژی جۆرەکانی سوڵتە بەرپا بوو؛ دژی سوڵتەی نەتەوەی فارس بەسەر نەتەوەکانی تردا، دژی سوڵتەی پیاوان بەسەر ژناندا، دژی سوڵتەی سەرمایەداران بەسەر نەداران و دژی سوڵتەی دەسەلاتدارانی سیاسی بەسەر بێ دەسەلاتانداا؛ کەوابوو خەبات دژی سوڵتە بنەمای سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا بوو. ئەگەرچی چەوساندنەوە و ستەم لە هەمووی ئێران هەیە، بەڵام بە هۆی هەبوونی کولتووری سیاسیی جیاواز، ئاستی جەماوەری و قەبارەی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران جیاواز بوو. بۆ نموونە، چوونکە کورد خاوەنی کولتووریکی سیاسیی کراوەترە، بزووتنەوەیی ژینا لە کوردستان لەوپەڕی خۆیدا بوو. هەر وەک باسمان کرد، دژایەتی و ململانێی دوو جۆری کولتووری سیاسی لە بزووتنەوەی ژینادا زیاتر لە هەر کاتێک وەدەرکەوت. بەشێکی حەشیمەتی ئێران کە سەر بە دوو نەتەوەی فارس و تورکن و خاوەنی کولتووری سیاسیی ناوەندگەرا و نیمچەناوەندگەرای داخراون، بە چەشنێکی بەرچاو بەشداریی بزووتنەوەی ژینایان نەکرد. پرسیار ئەوەیە بۆچی؟ لە حاڵێکدا لە ئێرانی ژێردەستی

کۆماری ئیسلامی، هەموو ئازادییەک بەرتەسک کراوەتەوە، دەسەڵات و سامانی وڵات لە لایەن تاقمێکی دواکەوتوو دەستی بەسەردا گیراوە، بەشی زۆری کۆمەڵگا لە هەژاری و برسێتدا دەناڵێنێ، گەندەڵی سەرتاپای کۆمەڵگای داگرتووە، هەڵاوسان لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە، گەشە و پێشکەوتن بە تەواوی ڕاگیراوە؛ بۆ دەبێ بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ئاوا کەمتەرخەم بێت و هیچ جوواڵەیەک بە دژی دەسەڵات لە خۆی نیشان نەدا؟ وەڵامی پرسیارەکە ڕوونە، چوونکە بەشی زۆری کۆمەڵگای ئێران خاوەنی کولتووریکی سیاسیی داخراو و گوێڕایەڵن. لە ئاوا کولتووریکدا، وێدەچێ بەشێکی کۆمەڵگا خەبەرێکی ئەوتۆیان لە سیاسەت و سیستەمی سیاسی لە ئێران نەبێ یان بۆیان گرینگ نەبێت و و خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بن؛ واتا تێگەیشتنی سیاسییان نەبێ و مرۆڤگەلێکی ناسیاسی بن. بەشێکیشی هەرچەند ڕەنگە لە شێوازی دەسەڵاتداری و سیستەمی سیاسی ئاگادار بن، بەڵام دەرهەق بە چارەنووسی سیاسیی خۆیان زۆر کەمتەرخەمن و ئامادە نین بۆ باشتر بوونی ژیانی خۆیان و بەرەکانی داهاتوو نرخێکی ئەوتۆ بدەن؛ هەر بۆیەش دژی زوڵم و ستەمی تاقمی دەسەڵاتدار هیچ دژکردەوەیەکی بنیاتنەر لە خۆیان نانوێنن. بەشێکی زۆری کۆمەڵگای فارس و تورک، ئەگەر چالاکییش لە خۆیان بنوێنن، دژ بە دەوڵەت یان بۆ بەرگری لە دەوڵەت، لە هەر دوو حاڵەتدا گوێڕایەڵن؛ هەر بۆیە ناتوانن چالاکیی شۆڕشگێڕانە و پێکهاتەشکێن ئەنجام بدەن. تەنانەت لەم کولتوورەدا گرووپە دژبەرەکان، بۆ پاراستنی نەزمی مەوجوود زۆر جار ناڕاستەوخۆ هاوکاریی یەکتر دەکەن. هەر وەک دیتمان، لایەنگرانی ڕەزا پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بە بەرجەستە کردنەوەی مەترسیی لێک هەڵوەشانەوەی ئێران، لانیکەم لە ڕووی گوتارییەوە دژی بزووتنەوەی ژینا هاوکارییان کرد. چونکە هەر دوو ڕەوتەکە خاوەنی کولتووریکی سیاسیی سەرەوخوار و ئەستوونی بوون و هیچ وێکچوونێکیان لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا کە ئاکامی سەرهەڵدانی کولتووریکی سیاسیی هاوتەراز و ئاسۆیی بوو، نەبوو. ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بە واتای سیفر و سەد نییە. مەبەست ئەوەیە کە کەسانێک سەر بە نەتەوەکانی تورک و فارس هەن و خاوەنی کولتووری سیاسیی ئاسۆیین. هەر وەک دیتمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا لە شارە فارس و تورک نشینەکانیش چالاکیی شۆڕشگێڕانە کرا، بەڵام هێژمۆنیک نەبوو. بۆیە کاریگەریکی ئەوتۆیان نەبوو و هەر بەشی ئەوەندەی کرد تاقم و کەسانی هەلپەرەست لە ڕاستای بەرژەوەندیی خۆیاندا بیقۆزنەوە و بیکەنە خواردەمەنیی میدیاکانیان. بە گشتی ئەشێ بێژین لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵێک هۆکاری جنسییەتی، نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینی، خەریک بوو لە ژێر چەتری کۆمەڵێک چەمکی هاوبەش کە گرینگترینیان "ژن، ژیان، ئازادی" بوو، زۆرینەی خەڵکی ئێران پێکەوە ببەستنەوە و هاوپەیوەندییەکی بێ وینە بخوڵقێنن، بەڵام کولتووری سیاسیی ئەستوونی کە زۆر بەرتەسک، گوێڕایەڵ و گوێ لە مستە، نەیهێشت ناسنامەکی هاوبەش ساز بێ. بە وتەیەکی تر، ئەگەرچی بزووتنەوەی ژینا خەریک بوو "ئێمە"یەکی گەورە و بان چینایەتی، بان نەتەوەیی و بان جنسییەتی لە بەرابەر "ئەوان"یکدا کە تاقمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بوون، پێک بێنێ، بەڵام کولتووری سیاسیی ئەستوونی ڕێگریی لێ کرد و بە جێی ئەو "ئێمە" گەورەیە، کۆمەڵێک ئێمە و ئەوان دروست بوون. ئەم هەمووە ئێمە و ئەوانە بوو بە هۆکاری دابڕان و نەیهێشت ئەم هێزە سەراسەرییەی بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێویست بوو، ساز بێت. تاوانباری سەرەکیش کولتووری سیاسیی ناوەندگەرا و نیمچەناوەندگەرای داخراو بوو. لە بەستێنی ئەم کولتوورەدا، بزووتنەوەی ژینا لە ناوەند

پێکهاتەکەی تێک شکێندرا و کرا بە بزووتنەوەی "مەهسا" و بوو بە "ئەویتری" بزووتنەوەی ژینا. جیاوازییەکی تری بزووتنەوەی ژینا و بزووتنەوەی "مەهسا" ئەوە بوو کە بزووتنەوەی ژینا، تەنیا بە گۆڕانی سیستەمی سیاسی ڕازی نەبوو، بەڵکوو خوازیاری پێداچوونەوە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کۆجێ، لە سەر بنەمای پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران بوو. ویستێک کە بە هیچ شێوەیەک بۆ جەماوەری خاوەن کولتووری سیاسیی ناوەندگەرا جێگەی ڕەزامەندی نەبوو و هەر بۆیەش دوای ماوەیەک بە تۆندی دژی بزووتنەوەی ژینا هەڵوێستیان گرت و دەستیان کرد بە پێکهاتەشکێنی لە نیشانەی ناوەندیی بزووتنەوەی ژینا کە ژن، ژیان ، ئازادی بوو. کولتووری سیاسیی ناوەندگەرا، بە چەواشەکاری دروشمی "مرد، میهن، آبادی"ی بەرز کردەوە و بە دانی واتایەکی نەتەوەپەرەستانە، پیاوانە، فەرماندەرانە و گوێرایەڵانە بە بزووتنەوەی ژینا، زەروورەتی گۆڕانێکی ئەستوونی لە کۆمەڵگای ئێرانی خستە ڕوو و لە ڕێگەی میدیا زەبەلاحەکانیانەوە وایان بڵاو کردەوە کە ئاوا گۆڕانکارییەک تەنیا بە سیستەمێکی سیاسی جێبەجێ دەرکرێ کە ناوەندی و سەرقافڵەکەشی پاشایەکی نێر لە بەرەی پەهلەوی بێت. بەم چەشنە، ئامانجەکانی بزووتنەوەی ژینا کە ساز کردنی گۆڕانێکی ئاسۆیی، ڕادیکاڵ و دێموکراتیک بوو، چەواشە کرا و بزووتنەوەی مەهسا وەکوو ئاڵترناتیڤی بزووتنەوەی ژینا جومگەبەندی کرا. ئامانجی بزووتنەوەی ژینا لە ڕاستیدا، هاتنە دەری پەراوێزخراوەکان (ژنان، نەتەوە نافارسەکان، هەژاران و گەنجان) لە جێگەی قەراغی خۆیان و گەیشتن بە ناوەندی دەسەڵات بوو. لە حاڵێکدا، ئامانجی بزووتنەوەی مەهسا، پاراستنی نەزمی مەوجوود بوو؛ واتا ئامانجیان گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵات بوو، نەک گۆڕانێکی بەرینی کۆمەڵایەتی – سیاسی کە ویستی بزووتنەوەی ژینا بوو. بەم شەرحە، بەرجەستەترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆیی بوون بوو کە تایبەتە بە سەردەمی "پاش گەشە". ویستی بزووتنەوەی ژینا، گەشەیەکی بەرینی ڕادیکاڵ و لە خوارەوە بوو کە لەگەڵ جۆرەکانی گەشە چ لە جۆری سەرمایەدارانە و لیبرالیستییانە و چ لە جۆری سۆسیالیستییەکەی جیاواز بوو. بزووتنەوەی ژینا ژنانە و بە کۆمەڵ بوو و لە هەناوی چینی هەژار و بێ دەرەتانداا سەری هەڵدا؛ بۆیە بەرنامەی بزووتنەوەی ژینا زۆر لەگەڵ گەشەی تاکخوازانە و بەرژەوەندیخوازانەی گەشەخوازانی سەر بە پارادایمی سەرمایەداری جیاواز بوو. لە لایەکیتەرەوە، دروشم، نیشانە و چالاکییەکانی بزووتنەوەی ژینا دەری خست کە بە پێچەوانەی گەشەخوازانی سۆسیالیست، دەوڵەتێکی گەورە و هەمەکارە ناتوانێ لە ڕێگای پلانی ئابووریی دیاریکراو، کۆمەڵگا بگەیێنێتە دۆخی گەشەسەندوویی. بە پێچەوانەوە، دروشم و هێماکانی بزووتنەوەی ژینا وایان نیشان دا کە پێشکەوتن دەبێ بە دەستی کۆمەڵانی خەڵک بکرێ؛ هەر بۆیە، پێویستە کۆمەڵگا لە ڕێی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و ئاسۆیی هەم بەرێوە چێت، هەم بەرەو پێش بچێت. بە گشتی، ئەگەرچی یەکێک لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ژینا دەستەبەرکردنی مافی تاکەکەسی بوو، بەڵام زۆری جیاوازی لەگەڵ لیبرالیسمی تاکگەرا و سودجوو هەبوو؛ ئەگەرچی

دادپەروەریخـواز و بەرابەریخـواز بـوو، بـەڵام بزووتنەوەیەکـی سۆسیالیسـت نەبـوو؛ ئەگەرچـی هەوڵێـک بـوو بـۆ دیاریکردنـی مافـی چارەنووسـی نەتـەوە بندەسـتەکان، بـەڵام لـە ناسیۆنالیسـمی بەرچاوتەنـگ دوور بـوو؛ ئەگەرچـی لـە قووڵاییـی کۆمەڵـگادا جێـی هەبـوو، بـەڵام مۆڵگـەی پۆپۆلیسـتەکان نەبـوو. هـەر بۆیـە لیبرالـەکان، نـوێ لیبرالـەکان، چەپـی کلاسـیک، ناسیۆنالیسـتە بەرچاوتەنگـەکان و ڕاسـتە پاوانخـوازەکان جێگەیەکـی ئەوتۆیـان لـەم بزووتنەوەیـەدا نەبـوو. "ژن، ژیـان، ئـازادی"، نیشـانەی ناوەندیـی بزووتنـەوەی ژینـا بـوو کـە لـە ڕێگـەی کـرداری جومگەبەندییـەوە کۆمەڵێـک نیشـانەی لـە دەوری خـۆی کـۆ کـردەوە و بـە سـاز کردنـی کۆدەنگـی، ناسـنامەیەکی هاوبەشـی بـە ژنـان، نەتـەوە بندەسـتەکان، ژینگەدۆسـتان، هـەژاران، کرێـکاران، گەنجـان، قوتابییـان، خوێندکاران و بـە گشـتی پەراوێزخـراوان بەخشـی، بـۆ ئـەوەی لانـی کـەم بـۆ ماوەیەکـی کورتیـش بـێ جیاوازییەکانیـان وەلا نێـن و لـە ڕاسـتای ڕووخانـی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیدا هـاوکاری بکـەن. لـە کۆتاییـدا حەوجێـی گوتنێیـە کـە ناوەندگەرایانـی دژبـەری کۆمـاری ئیسـلامی و لـە سـەرووی هەمووپانـەوە سـەڵتەنەتخوازەکان، خوێندنەوەیەکـی گشـتگر و ئێرانگریـان لـە بزووتنـەوەی ژینـا هەبـوو و بـە خوێندیەوەیەکـی لیبرالییانـە، خوازیـاری ئـازادی و دێموکراسـی لەسـەر بنەمـای ژۆرینـە- کەمینـە و مافـی شـارۆمەندی بـوون. گەورەتریـن کارلێکـی ئـەم جـۆرە بیـر کردنەوەیـە یەکدەسـتکردن و یەکڕەنـگ کردنـی کۆمەڵـگای ئێرانـی فرەڕەنگـە. ئـەم خوێندنەوەیـە دژی بزووتنـەوەی ژینایـە؛ چونکـە بزووتنـەوەی ژینـا لەسـەر بنەمـای دانپێدانـان بـە ناسـنامەگەلی جۆراوجـۆری ئێتنیکـی، جنسـییەتی، چینایەتـی و ئایینـی بیچمـی گـرت. بزووتنـەوەی ژینـا، بزووتنەوەیەکـی خەڵکیانـە و ڕادیـکاڵ بـوو کـە خوازیـاری دامەزراندنـی دێموکراسـی لەسـەر بنەمـای جیاوازییـەکان بـوو نـەک لەسـەر ئەسـڵی ژۆرینـە و کەمینـە و یەکدەسـت کـردن. لـە کولتـووری سیاسـیی سـازگار لەگـەڵ بزووتنـەوەی ژینـادا، بـە پێچەوانـەی کولتـووری سیاسـیی ناوەندگـەراکان، جیاوازییـەکان بـە مەترسـی بـۆ سـەر دێموکراسـی نەزانـرا. بزووتنـەوەی ژینـا ئـەم پەیامـەی بـە کۆمەڵـگای ئێـران دا کـە تەنیـا لـە ئەگـەری دانپێدانـان بـە ناسـنامەگەلی جۆراوجـۆر و بـە فەرمـی ناسـینی "ئەوانـی دیکـە" (نافارسـەکان، ژنـان، هـەژاران، گەنجـان و بـە گشـتی بەشـخوراوان و پەراوێزخـراوان)، دەتوانـرێ فەزایەکـی دێموکراتیـک سـاز بکـرێ و هەمـووان ئارەزوومەندانـە پێکـەوە بژیـن. ئـەم تایبەتمەندییـە بـە تـەواوی لەگـەڵ بنەمـا فکرییەکانـی جەمـاوەری خـاوەن کولتـووری ناوەندگـەرا و داخـراو ناتەبایـە؛ بۆیـە ئـەم گرووپانـە وێـڕای کۆمـاری ئیسـلامی و لـە ژێـر باڵـی کەشـێکی گوتاریـی هاوبـەش، دژایەتییـان لەگـەڵ بزووتنـەوەی ژینـا کـرد. دوا وتـە: کولتـووری سیاسـیی ناوەندگـەرا لـە ڕاسـتەوە تـا چـەپ، ناسـنامەی خـۆی لەسـەر سـڕینەوەی نافارسـەکان و داگیرکردنـی خـاک، کولتـوور و مێژوویـان وەدەسـت هێنـاوە؛ کەوابوو قـەت ئامـادە نیـن وەک خۆیـان بیانناسـن، مافیـان بـدەن و دەسـت لـە داگیرکاریـی خۆیان هەڵگـرن. هـەر بۆیـە، بیرۆکـەی هـاوکاری و هاوپەیوەنـدی لەگـەڵ ئەمانـە خـەون و خەیاڵـە.

چل ساڵ پاش کورتەباس: بۆچی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە؟

سارۆ ئەردەڵان

هەواڵنامەی کتێب

من لە دریژەی ئەم وتارەدا باس لەوە دەکەم هێشتا بیرۆکەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کارامەیی ماوە و، بە بەراورد لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی دەتوانێ چەوساندنەوەی مرۆڤ کەمتر بکا. لەم وتارەدا من ناچمە سەر مێژووی سازبوونی ئەم ئایدیۆلۆژییانە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ هەر دوو جۆری بیرکردنەوەکە تاوتوێ دەکەم. هەروەها باس لە کۆمەڵناسیی سیاسیی حیزبەکانی دیکە لە ڕۆژئاوا یا ئامریکای باشوور ناکەم کە گوایە تیایاندا سۆسیالیزم باوی نەماوە و هەموویان کەوتوونەتە باوەشی سەرمایەداریییەوە. ئەم تێگەیشتنە باوە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکانێک پێیانوابێ پێویست دەکا حدکا خۆی لەگەڵ سەرمایەداری ڕێک بخا. ئەمە لە کاتێکدا قەیرانەکانی سەرمایەداری بوونەتە هۆی ئەوەیکە کە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستەمی سەرمایەدارین بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو بنێن.

پێشەکی

ڕێک چل ساڵ لەمەوبەر لە مانگی گەلاوێژی ١٩٨٣ نامیلکەیەکی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بە ناوی کورتەباس (کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم) لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کورتەباس، قاسملوو لە پلینۆمی پازدەهەمی کومیتەی ناوەندیی حدکا کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٨/١٥ بەڕێوە چوو، وتارێک بە ناوی شیکردنەوەی کورتەباس پێشکەش دەکا. کورتەباس لە هەمان ساڵدا وەک بەرنامەی کۆنگرەی شەشەمی حدکا پەسەند کرا و تاکوو ئیستا ماوەتەوە. ئەم کتێبە هەر لە هەمان سەرەتاوە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتیشدا بەرەوڕووی بەرەنگاری بۆوە، لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتیشدا دژایەتیی کراوە. جێی ئاماژەیە د. قاسملوو هەر لە کۆنگرەکانی سێیەم (١٩٧٣)، چوارەم (١٩٨٠)، و پێنجەمدا (١٩٨١) هەوڵی داوە ئەو سۆسیالیزمەی وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب لە بەرنامەدا گونجێندراوە پاشگری دێموکراتیکی بەدواوە بێ، بەڵام سەرکەوتوو نابێ؛ چونکە بەشێک لە ئەندامانی حدکا پێیان وابووە کە ئەمە لادانە لە سۆسیالیزم. (حەسەنزادە، ٤٢-٤٤) لە دەرەوەی حدکاشدا، جەعفەر شەفیعی لە ڕۆژنامەی "پێشڕەو"دا (ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) باس لەوە دەکا بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا، کەواتە حدکا وەفاداریی خۆی بۆ سیستەمی سەرمایەداری دووپات کردووەتەوە (شەفیعی، ١٣٦٣). هەروەها لە ڕۆژنامەی "ڕاه کارگر" (ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران) ئەم جۆرە ڕەخنەیە دووپات بووەتەوە و سارا مەحمود پێی وایە بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک تا قامی قیامەت بەدی نایەت، چونکە دیکتاتۆری پرۆلتاریای ڕەت کردووەتەوە. (بازیار ١٣٩٩، ١٣٦) ئەگەر لەم ڕەتکردنەوە و دژایەتییانە تێپەڕین، لە ساڵانی ڕابردوودا هەندێک نووسەری جیددیتر هەوڵیان داوە سەرەڕای گرنگیدان بە نامیلکەی کورتەباس، باس لەوە بکەن کاتی ئەوە هاتووە حدکا لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک تێپەڕێ و بەرەو سۆسیال دێموکراسی بڕوا، یا ڕەنگە ئەگەر دوکتور قاسملووش زیندوو با، بۆخۆی ئەم گۆڕانکارییەی ساز کردبا. ئیسماعیل بازیار پێی وایە کە "ئەگەر مەرگ مەجالی قاسملووی دابا بەرەو سۆسیال دێموکراسی دەڕۆیشت" و حدکاش بەکردەوە هەر بەم ڕێڕەوەدا ڕۆشتووە. (بازیار ١٣٩٩، ١٤٥) ئیدریس ئەحمەدی باس لەوە دەکا لە کاتی گرتنی کۆنگرەی چواردەی حدکادا یەکێک لەو بابەتانەی کۆدەنگی لەسەر بووە پێداچوونەوە بە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا بوو. (ئەحمەدی، ١) ئەویش وەک بازیار پێیوایە حدکا بەکردەوە سۆسیال دێموکرات بووە (هەمان، ١٨) و هەر بۆیەش خوێندنەوەیەکی ڕیفۆرمیستییانە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەدەستەوە دەدا و دەنووسێ "سۆسیالیزمی دێموکراتیک سەرمایەداری ڕەد ناکاتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دابین بکا." (هەمان، ٣٢) بیریار ژاوەڕوێیش دەنووسێ "باشتر وایە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک سۆسیال دێموکراسی ڕاڤە بکرێت یا بگۆڕدرێت بە سۆسیال دێموکراسی." (ژاوەڕوێی، ٣٥) جێی سەرنجە ئاڵۆزی و تەنانەت تێکەڵکاریی نێوان ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

و سۆسیال دێموکراسی تەنیا تایبەت بە حدکا یا بیرمەندانی کورد نییە. زۆر جار ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە لە جیاتی یەک بەکار هاتوون و لە مانیفێستی حیزبە ڕۆژئاواییەکاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە. تەنانەت لە کتێبە بەناوبانگەکاندا جاروبار بەوردییەوە لە نێوان ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە جیاوازەدا جیاکاری نەکراوە. بۆ نموونە لە بژاری پێنجەمی کتێبە بەناوبانگەکەی ئەندرو هەیوود، ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکاندا هاتووە: "سۆسیالیستە دێموکراتەکان یا دێموکراتە سۆسیالیستەکان بەرەبەرە دەیانەوێ گۆڕانکاری لە سەرمایەداریدا بکەن و مەبەستیان ڕێفۆرم یا بەئینسانیکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نایەکسانیی ماددی و نەهێشتنی هەژاریە." (Heywood ٢٠١٢, ٩٧) بەڵام لە پێداچوونەوەی حەوتەمی ئەم کتێبەدا چەمکی سۆسیالیستە دێموکراتەکان دەرهاوێژراوە و تەنیا نووسراوە دێموکراتە سۆسیالیستەکان. (Heywood ٢٠٢١, ٧٥) هەندێکجار ئەزموونی سەرنجڕاکێشی وڵاتانی سکاندیناڤیا یا نۆردیک (دانمارک، فەنلاند، ئایسلەند، نۆرویژ و سوید) لە بەڕێوەبردنی سیستەمی دەوڵەتی خۆشبژێو بووەتە هۆی ئەوەیکە سیستەمی بەکردەیی ئەوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک ناوزەد بکرێ و پێویست بە جیاکاری نییە (Bruenig ٢٠١٨) بەڵام ئەم تێگەیشتنە ڕەخنەی لێ گیراوە و باس لەوە کراوە کە سیستەمی ئەو وڵاتانە سۆسیال دێموکراسییە. (McCarthy ٢٠١٨) بە باوەڕی مەککارتی تایبەتمەندیی سۆسیال دێموکراسییەکان بریتییە لە دیمۆکراسییەکی نوێنەرایەتی و دەستووری، یارمەتییەکانی خۆشبژێوی، پێکهاتنی بەکۆمەڵ و خاوەندارێتییەکی سنووردار دەوڵەتی. لە کاتێکدا ئەم دامەزراوانە لە مۆدێلی نیولیبڕاڵ باشترن، بەڵام سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە ڕێگەی داکۆکیکردن لە خاوەندارێتیی گشتی لە زۆرینەی سەروەت و سامانی بەرهەمدار، نەهێشتنی کاری زۆرەملی لەژێر دەستی کۆمپانیاکانی سەرمایەداری و، دامەزراوەی دێموکراتیکی بەهێزتر لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا لە سۆسیال دێموکراسی تێدەپەڕێ. جێی سەرنجە کە قاسملوو بەڕوونی لە کورتەباسدا باس لە جیاوازیی نێوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی دەکا و دەنووسێ: "سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی فەرقی هەیە. سۆسیال دێموکراسی ڕێبازێکی ڕێفۆرمیستییە کە بە ناوی سۆسیالیزم سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵیدەسووڕێنێ... لە حاڵێکدا سۆسیالیزم بە مانای هەڵوەشانی سەرمایەداری بەتەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێیە." (کورتەباس، ٤٠) لە دریژەدا قاسملوو ئاماژە بەوە دەکا سۆسیالیزمی دێموکراتیک سیستەمێکی فیکرییە و سۆسیال دێموکراسی ڕێبازی حیزبێکی سیاسییە. لە ڕاستیدا ئەم جیاوازیدانانەی قاسملوو زۆر ژیرانە دێتە بەر چاو. قاسملوو وا بیری کردووەتەوە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەتوانێ ڕێسا گشتییەکان لە ڕووی زانستییەوە دەستنیشان بکا، بەڵام کاتێک حیزب یا دەوڵەتێک دەیەوێ بەکردەوە ئەم ڕێسایانە ڕەچاو بکا پێویستی بە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریە و ئەوسا وەک سۆسیال دێموکراسی ناوزەد دەکرێ. ڕەنگە هەر ئەم تێگەیشتنە بووبێتە هۆی ئەوەی کاتێک حدکا ویستوویەتی بەرنامەیەک بەکردەوە دابڕێژێ، بەرەو سیاسەتێکی سۆسیال دێموکراسییانە هەنگاوی ناوە. دەستپێشخەری قاسملوو بۆ تێهەڵکێشکردنی بەرنامەیەکی پێشڕەوانەی سۆسیالیستی

لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی/کوردایەتی هەتاکوو ئیستاش لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە. لە سەرەتایەکی بەهێزدا بۆ کورتەباس، قاسملوو بەڕوونی باس لە گرنگترین پرسی کوردستان دەکا و بەشێوەیەکی شارەزایانە دەنووسێ ئەگەرچی حدکا حیزبێکی دێموکراتی میلليیە بەڵام چونکە حیزبێکی پێشڕەوە و دەیهەوێ هاوکات لەگەڵ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، پرسی کۆمەڵایەتیش چارەسەر بکا. (کورتەباس، ۷) بە باوەڕی قاسملوو بۆ پرسی نەتەوەیی باس لە مافی دانانی چارەنووس دەکا کە لە ڕێگەیەوە سێ شێوەی سەروەریی نەتەوەیی (سەربەخۆیی، فیدرالیزم و خودموختاری) شی دەکاتەوە. بۆ چارەسەرکردنی پرسی کۆمەڵایەتی، قاسملوو باس لە سۆسیالیزم دەکا کە ڕێگەی بنەڕەتی بۆ لەنێوبردنی چەوسانەوەی مرۆڤە و وەک بەرنامەی دواڕۆژی حدکا ناوی لێ دەبا. (هەمان، ۹) ئەو چەوساندنەوانە لە ڕوانگەی قاسملووەوە بریتین لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاسی. (هەمان، ۶۶) من لە دڕێژەی ئەم وتارەدا باس لەوە دەکەم هێشتا بیرۆکەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کارامەیی ماوە و، بە بەراورد لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی دەتوانێ چەوساندنەوەی مرۆڤ کەمتر بکا. لەم وتارەدا من ناچمە سەر مێژووی سازبوونی ئەم ئایدیۆلۆژییانە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ هەر دوو جۆری بیرکردنەوەکە تاوتوێ دەکەم. هەروەها باس لە کۆمەڵناسیی سیاسیی حیزبەکانی دیکە لە ڕۆژئاوا یا ئامریکای باشوور ناکەم کە گوایە تیایاندا سۆسیالیزم باوی نەماوە و هەموویان کەوتوونەتە باوەشی سەرمایەداریەوە. ئەم تێگەیشتنە باوە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکانێک پێیان‌وابێ پێویستە دەکا حدکا خۆی لەگەڵ سەرمایەداری ڕێک بخا. ئەمە لە کاتێکدا قەیرانەکانی سەرمایەداری بوونەتە هۆی ئەوەیکە کە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستەمی سەرمایەدارین بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو بنێن. لە دواییندا دەکرێ باس لەوە بکرێ تەنانەت لە ئامریکا کە وەکوو مەکۆی سەرەکی سەرمایەداری دەناسرێ، ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەن کەسانێک وەکوو بێرنی سەندێرزەوە پەرەی پێ دەدرێ. (Gautney ۲۰۲۰) هەروەها، کێنوۆرسی پێیوایە سیستەمی سەرمایەداریی ئامریکا بەربەرە بەرەو سەرمایەداریی‌یەکی سۆسیال دێموکرات هەنگاو دەنێ، ئەگەرچی ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە سۆسیال دێموکراسی لە کردەوەدا دەتوانێ باشتر لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بێ و تەنانەت وڵاتە هەژارەکانیش بەرەو ئەم جۆرە لە سەرمایەداری دەڕۆن. (Kenworthy, ۲۰۲۲)

سۆسیالیزمی دێموکراتیک

سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەکرێ بە فەلسەفەیەکی سیاسی پێناسە بکرێ کە لە ڕێگەی دێموکراسییەوە هەوڵی دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری سۆسیالیستی دەدات. دەیهەوێ بە داکۆکیکردن لە خاوەندارێتی بەکۆمەڵ، دووبارە کۆمەڵگە دابڕێژێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی دێموکراتیک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن کۆنترۆڵ دەکا. لەم تیۆرییەدا دەسەڵاتی ئابووری لامەرکەزییە و لەنێوان کرێکاراندا هاوبەشە یان دەوڵەت بەناوی خەڵکەوە ئەو دەسەڵاتەی بەدەستەوەیە. ناوەندی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، بەدواداچوون بۆ دابەروەریی ئابووری و یەکسانییە. سۆسیالیستە دێموکراتەکان دەڵێن کە لە سەردەمی سەرمایەداریدا سامان و دەسەڵات لە دەستی چەند

کەسێکدا چڕ دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەوان مۆدێلی بەدیل پێشنیار دەکەن کە خۆشبژێویی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە پێشینەدا بن و، ئامانجیان کەمکردنەوەی نایەکسانی و نەهێشتنی هەژاریە. سۆسیالیستە دێموکراتەکان بە داکۆکیکردن لە باجدانی پێشکەوتنخوازانە و تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتیی بەهێز و دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان، هەوڵ دەدەن کۆمەڵگەیەکی یەکسانتر دروست بکەن کە هەموان دەستیان بە پێداویستییە سەرەتاییەکان بگات. سۆسیالیستە دێموکراتەکان ڕۆڵی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی نایەکسانیی سیستەمی و دەستەبەرکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان دەناسن. ئەوان بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی چالاک و دەستێوەردەر دەکەن کە نەک هەر بازاڕ ڕێک بخات بەڵکوو چالاکانە بەشداریی لە پلاندانانی ئابووریش بکات. بۆ ڕێگریکردن لەوەی دامەزراوە تایبەتییەکان نەتوانن سەرچاوەکان یان هێزی کار بە مەبەستی قازانج و بە ناوی خێری هەمووانەوە قۆرغ بکەن، زۆرجار سۆسیالیستە دێموکراتەکان باس لەوە دەکەن کە پیشەسازی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەک ئامرازێک بۆ بەدێموکراسیکردنی ئابوور بەکار دێنن. هەروەها ئەوان پشتگیری لە بەنیشتمانیکردنی پیشەسازییە سەرەکییەکان دەکەن. لایەنێکی دیکەی سەرەکیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، پابەندبوونیەتی بە خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ. سۆسیالیستە دێموکراتەکان باوەڕیان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان هەیە، وەکوو چاودێریی تەندروستی، پەروەردە، نیشتەجێبوون و چاودێری منداڵان.

هەر کام لەمانە وەک مافێکی گشتگیر کە هەمووان دەبێ دەستیان پێ بگات سەیر دەکرێن. بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان و بەرەوپێشبردنی جووڵەی کۆمەڵایەتی، ئەوان دەڵێن کە ئەم خزمەتگوزارییانە دەبێ بەخۆڕایی بن یان پاڵپشتییەکی زۆریان بۆ بکرێ. سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە گرنگیدان بە خۆشبژێوی تاکەکان و جڤاتەکان، هەوڵ دەدا کۆمەڵگەیەک دروست بکا کە هەموو کەسێک بتوانێ تیایدا گەشە بکات. سۆسیالیزمی دێموکراتیک، هەر وەک لە ناوەکییەوە دەردەکەوێ، جەخت لەسەر دێموکراسی و بەشداریکردنی هاوواڵتیان لە پرۆسەکانی بڕیاردان دەکات. سۆسیالیستە دێموکراتەکان بانگەشە بۆ دێموکراسییەکی بەشدارتر دەکەن کە کاریگەریی پارە و بەرژەوەندی کۆمپانیاکان لە سیاستدا کەم ببێتەوە. ئەوان پێیانوایە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە دەبێ بڕیاری بەکۆمەڵ و بەهێزکردنی گروپ و کرێکارانی پەراوێزخراو لەخۆبگرێت. لەم ڕوانگەدا دەستەڵات لامەرکەزییە و تاکەکان لە دارشتنی سیاست و دامەزراوەکاندا قسەیان بەهەند وەردەگیرێت.

ڕەخنە لە سۆسیال دێموکراسی

سۆسیالیستە دێموکراتەکان سۆسیالیزم وەک ئامانجی کۆتایی دەروانن و بروایان بە گەیشتن بەو ئامانجە لە ڕێگەی گۆڕانێکی بنچینەیی سیستەمی ئابووری و سیاسی هەیە. ئەوان پێشبینی کۆمەڵگەیەک دەکەن کە کرێکاران کۆنترۆڵی دێموکراسییان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا هەبێت. لە بەرامبەردا سۆسیال دێموکراتەکان ئامانجیان گواستنەوەی تەواو بۆ سۆسیالیزم نییە. ئەوان هەوڵی چاکسازی و مرۆڤکردنی سەرمایەداری دەدەن نەک

هەڵبژاردەی کتێب

بە تـــەواوی جێگـــەی بگرنەوە. سۆســـیال دێموکراتـــەکان ســـەرنجیان لەســـەر گەیشـــتن بـــە دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی و یەکســـانی لـــە چوارچێـــوەی ئابـــووری تێکـــەڵاو و دامـــەزراوە دێموکراتییەکاندایە.

سۆسیال دێموکراسی، وەک ئایدۆلۆژیایەک کـــە هەوڵـــدەدا توخمەکانی سۆســـیالیزم لەگـــەڵ ئابووریی بـــازاڕی ســـەرمایەداریدا تێکـــەڵ بـــکات، لـــە لایـــەن لایەنگرانی ئابووریەکی سیاســـی سۆسیالیســـتییەوە ڕەخنـــەی لـــێ گیـــراوە. لە کاتێکـــدا کە سۆسیال دێموکراســـی ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتـــی و کەمکردنەوەی نایەکســـانی لە ڕێگەی بەرنامەی خۆشـــبژێو و ڕێکخســـتنەوەیە، ڕەخنەی سۆسیالیستی بـــاس لەوە دەکا کـــە لە چارەســـەرکردنی کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی ســـەرمایەداریدا لەبـــەر ئەم هۆیانـــەی خـــوارەوە ناکارامەیە:

پاراستنی سەرمایەداری

سۆسیال دێموکراســـی، بە پەسەندی ئابووری بازاڕی ســـەرمایەداری، تەنیا مەبەســـتێکی ڕێفۆرمیســـتی هەیـــە. هەر بۆیە سۆســـیال دێموکراســـی لە کۆتاییدا لەبـــەر دژوازییە جەوهەرییەکان و سروشـــتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری شکەســـت دەهێنێ. سۆسیال دێموکراســـی بە پاراســـتنی خاوەنداریەتی تایبەتـــی ئامرازەکانـــی بەرهەمهێنـــان، بـــەڕەووی ئـــەو پێکهاتـــە بنەڕەتیانەی دەســـەڵات ناکات کـــە دەبنـــە بەردەوامی نایەکســـانی و دابەشـــبوونی چینایەتـــی.

سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت

لە کاتێکدا سۆســـیالیزمی دێموکراتیک بانگەشـــە بـــۆ دەســـتێوەردانی دەوڵەت و ڕێکخســـتنی ئابـــووری دەکات، ڕەخنـــە سۆسیالیســـتییەکان ســـنووردارکردنی ئەم جۆرە دەســـتێوەردانانە لـــە چوارچێوەیەکی ســـەرمایەداریدا دەردەخەن. ئەوان دەڵێن کە سیاسەتەکانی سۆســـیال دێموکراسی، وەک سیســـتەمی باج و بەرنامەکانی خۆشبژێوی، دەتوانـــرێ بەهۆی کاریگـــەری بەرژەوەندییە بەهێزەکانـــی کۆمپانیاکانـــەوە تێکبچـــن.

دابەشکردنەوەی سامـــان بـــە شێوەیەکی ناتەواو

زۆرجـــار سۆســـیال دێموکراســـی ناتوانێ دووبارە دابەشـــکردنەوەی سامان و دەسەڵاتدا ســـەرکەوتوو بن. دەبیندرێ کـــە تەنانەت لە وڵاتەکانی سکاندیناڤیاشـــدا سیســـتەمی باج ناتوانێ بەڕەووی چڕبوونەوەی ســـامان لە دەســـتی چەنـــد کۆمپانیایەکـــدا بگرێ. ئـــەوان دەڵێن، هـــەر لەبەر ئەوە پێویســـتە لە ڕێگەی گرنگیدان بـــە خاوەنداریەتییەکی دێموکراتیک و کۆنترۆڵکردنی ســـەرچاوەکان بـــواری ئابـــووری بەشـــێوەیەکی ڕادیکاڵتر دابڕێژترێتـــەوە تـــا دابەشکردنەوەیەکـــی ئابووریـــی ڕاســـتەقینە بـــەدی بێـــت.

نەبوونی کۆنترۆڵی کرێکاران

یەکێک لـــە بنەما ســـەرەکییەکانی ئابووری سیاسەتی سۆسیالیستی، بیرۆکەی کۆنترۆڵی کرێکارانە بەســـەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. بیرۆکەی سۆســـیال دێموکراســـی بەگشتی پێشـــتریەتی و بانگەشـــە بۆ خاوەنداریەتی و کۆنترۆڵکردنـــی ڕاســـتەوخۆی کرێکاران ناکـــەن. هەر بۆیـــە بێئەوەی کرێـــکاران و بەشـــداریکردنیان لە پرۆســـەکانی بڕیاردان بەهێز بکرێ، ڕەنگە سۆســـیال دێموکراســـی چاوپۆشـــی لە پۆتانســـێلی ڕێکخســـتنی ئابـــووری دێموکراســـی بـــکات و نەتوانێت بـــەڕەووی پێکهاتـــە پلەبەندییەکانـــی دەســـەڵات لەنـــاو شـــوێنی کاردا بـــکات.

دەرەنجام

قاســـملوو لـــە کورتەباســـدا هـــەر وەکوو

پۆلانـــزاس (Poulantzas ۱۹۷۸) پێیوایە کە سۆســـیالیزمی دیموکراتیـــک جێگرەوەی دوو مۆدێلی سۆسیالیزمی دەوڵەتی بیرۆکراتی یەکیەتی ســـۆڤیەت و ڕیفۆرمیزمی سۆسیال دیموکراســـییە کە لـــە ئوروپـــای ڕۆژئاوا باو بوو. سۆســـیالیزمی دیموکراتیک لە ڕوانگەی ئەوانەوە دیموکراســـیی ڕاســـتەقینە لەگەڵ بەکۆمەڵایەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تێکەڵ دەکات. بۆ گەیشـــتن بەم مەبەســـتە دەبێ دێموکراســـیی نوێنەرایەتی تێپەڕێندرێ و بەرەو دێموکراســـییەکی قوول (قاســـملوو ۲۰۱۴)، ڕادیـــکاڵ و ڕاســـتەوخۆ (Pou-lantzas ۱۹۷۸, ۷۹) بڕوێـــن. بـــۆ ئەوەی هاوواڵتیان و کرێکاران لە پڕۆســـەی بڕیاردانی بەشـــدار بـــن و پێکهاتەکانی دەســـەڵاتی پلەبەندی (هیرارشـــی) هەڵبوەشـــێندرێتەوە، دەوڵەت دەوری ســـەرەکی دەگێـــڕێ. بەڵام دەستبەســـەرداگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەبێ گۆڕانـــکاری بنەڕەتی لە پێکهاتە و ئەرکەکانیدا ناتوانـــێ لە خزمەتی چینـــی کرێکار و گروپە پەراوێزخراوەکانـــدا بێ. بۆ ئـــەم گۆڕانکارییە پێویســـت دەکا کە دەیان ســـاڵ چاڵاکی بۆ وەدیهاتنی بەرنامەیەکی سۆسیالیســـتی بکرێ. لە ئیســـتادا کە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە دۆخێکی کۆلۆنیالیســـتیدا سەرچاوەکانی قۆرغ کراون و هێزی کارەکەی دەچەوســـێندرێتەوە، لـــە قۆناغی یەکەمـــدا پێویســـت دەکا کە خەباتێکـــی ڕزیگاریخـــوازی کوردســـتان دەســـەڵاتی دەوڵـــەت بەدەســـتەوە بگرێ. نموونـــەی وڵاتانـــی ناوچەکە نیشـــانی داوە کاتێـــک حکومەتە تۆتالیتەر و ســـەرەڕۆکان دەڕووخێـــن یـــان بەڕواڵەت دەیانـــەوێ لە خۆیاندا گۆڕانکارییەک ســـاز بکـــەن، بەرەو ئابووریەکی نیولیبراڵ هەنـــگاو دەنێن و لەم ڕێگەوە ســـەرمایەداریەکی هاوڕێیانە ســـاز دەبـــێ. (Ishac et al. ۲۰۱۹) لەم شـــێوە مەترسیدارەی ســـەرمایەداریی هاوڕێیانە کە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت پەرەی سەندووە، بە بیانـــووی کەرتی تایبەتەوە ســـەرچاوەکان و ئامـــرازی بەرهەمهێنان دەکەوێتە دەســـتی تاقمێـــک ئۆلیگارشـــیی گەندەڵـــەوە و بە پاســـاوی بەرژەوەندی خەڵکەوە و پەرەپێدان بە کەرتی تایبەت، ســـەرچاوە گشـــتییەکان لـــە دەســـتی دەوڵـــەت دەردەهێنـــدرێ و دەکەوێتە خزمەتـــی تاقمێکی کەمەوە. کەواتە ئابووریەکی سۆسیالیســـتی بـــۆ نەتەوەیەک کە لە ژێردەســـتی ڕزگاری بووەوە دەتوانێ لە لایەکەوە گارانتی دابەشـــبوونی سەرچاوەکان بەشـــێوەیەکی دێموکراتیک بکا و، لە لایەکی دیکـــەوە نەهێڵێ کە لۆمپـــەن بورژوازییەک کە لە ســـایە ســـەری ڕانتی جاشـــیەتییەوە ساز بوون دیســـان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قۆرغ بکەنـــەوە یا خۆیان بـــۆ بۆرژوازییەکی کۆمپـــرادۆر بگۆڕن کـــە تەنیـــا ئامانجیان گواســـتنەوەی ســـەرچاوەکانی کوردستان و خزمـــەت بـــە ســـەرمایەداریی هاوڕێیانەیە.

سەرچاوەکان:

ئەحمـــەدی، ئیدریس. لـــە هێگڵـــەوە هەتا قاســـملوو: بەرەو کۆنگرەی ۱۴ و تازەکردنەوەی سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک. ۲۰۰۸. ماڵپەڕی کوردپیدیا.

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20101222144057185 93&lng=1

بازیـــار، ئیســـماعیل. "خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆســـیالیزمی دێموکراتیک." تیشکی نوێ، ژ. ۴ (۱۳۹۷): ۶۱-۹۰.

بازیار، ئیسماعیل. "سۆســـیالیزمی دێموکراتیک و هەنگاوەکانـــی حیزبـــی دێموکـــرات بەرەو سۆسیال دێموکراســـی." لە حیزبی دێموکراتی کوردســـتان: قـــەڵای خۆڕاگری ناســـنامەی نەتەوەیـــی، کۆیـــە: کۆمیســـیۆنی چاپەمەنیی حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتان، ۱۳۹۹.

حەســـەنزادە، عەبدوڵڵا. نیوســـەدە تێکۆشان: ئاوڕێک لـــە خەبـــات و تێکۆشـــانی حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی دووەم (کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا، ١٩٩٧).
ژاوەڕۆیی، بیریار. "لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە بەرەو سۆسیال دێموکراسی." گۆڤاری تیشک ٢١، ژ. ٥١ (٢٠١٩): ٢٦-٣٥.
شەفیعی، جەعفەر. "حیزبی دێموکرات: سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟" پێشڕەو ١٠ (سەرماوەزی ١٣٦٣).
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. کورتەباس. ئامادەکردن: سەلاح شەشە. ستۆکهۆڵم: کتێبی ئەرزان، ٢٠٠٣.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. "برنامە به عبارت دیگر: گفتگو با عنایت فانی." بی‌بی‌سی فارسی (٢٠١٤).
https://www.youtube.com/watch?v=SGsfvkcMn8U
Bruenig, Matt. "Are State Officials in Nordic Countries Unaccountable?" People's Policy Project (2018). https://www.peoplespolicyproject.org/2018/08/01/are-state-officials-in-nordic-countries-unaccountable/
Diwan, Ishac, Adeel Malik, and Izak Atiyas, eds. Crony capitalism in the Middle East: Business and politics from liberalization to the Arab Spring. Oxford: Oxford University Press, 2019.
Gautney, Heather. "Defining Bernie's Democratic Socialism." Jacobin (2020). https://jacobin.com/2020/03/bernie-sanders-democratic-socialism-heather-gautney
Heywood, Andrew. Political Ideologies: An Introduction. 5th ed. London: Palgrave Macmillan, 2012.
Heywood, Andrew. Political Ideologies: An Introduction. 7th ed. London: Palgrave Macmillan, 2021.
Kenworthy, Lane. Would Democratic Socialism Be Better? Oxford: Oxford University Press, 2022.
McCarthy, Michael A. "Democratic Socialism Isn't Social Democracy." Jacobin (2018). https://jacobin.com/2018/08/democratic-socialism-social-democracy-nordic-countries.
Poulantzas, Nicos. "Towards a Democratic Socialism." New Left Review 109 (1978): 75-87.

پێشتریێتیی دێموکراسی یان سۆسیالیزم؟

بیریار ژاوەرۆیی

هەواڵنامەی کێتێب

بەپێـی وتارەکانـی لـە ڕۆژنامەی کوردسـتاندا، قـازی محەمەد زەینییەتێکـی دێموکراتیکی هەبـوو و دێموکراسـی بـۆی بنەمـا بـوو. لـە سەرەتاشـدا وێـڕای زاڵبەتـی و کاریگەریـی سـۆڤییەت، چالاکانـی کـورد، حیزبـی دێموکرات پێـک دێنن نەک حیزبی سۆسیالیسـت. بـەڵام ئەگـەر لـەم قۆناخە تێپەڕین و باسـی سـەردەمی پاش هێنانە ئارای سۆسـیالیزم لەم حیزبـەدا بکەیـن، ئـەدی ئـەو پرسـیارەی سـەرەوە دێتـە گـۆڕێ. لـەو پەیوەندییـەدا ڕەنگە بگوترێـت هـەروەک دێموکراسـی لیبراڵ و سۆسـیالی هەیە، سۆسـیالیزمیش دێموکراتیک و نادێموکراتیکـی هەیـە. بـەڵام لێـرەدا جیاوازییەکە ئەو پێشـتریێتییەیە کە لـە یەکەمدا بە خـودی دێموکراسـی دەدرێـت و بـە هـۆی ئازادییـەوە ڕێـگای گـۆڕان کراوەتر و هاسـانتر و دەکـرێ لـە ئازادیـدا و بـە هەبوونـی سـەروەریی یاسـا بـۆ مافەکانـی تـر تێبکۆشـرێت.

ماوەیەک لەمەوبەر وتارێکی بەڕێز سارۆ ئەردەڵان لە ژێر ناوی "چل ساڵ پاش کورتەباس: بۆچی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە؟" لە پەرتووکی "لە ژێر ساباتی قاسملوو" بڵاو بووەوە. وێرای دەسخۆشی بۆ وروژاندنەوەی ئەو باسە، لە ئاراستەی باس و ڕوونکردنەوەی زیاتر و هەروەها پێشنیاری خوێندنەوەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی لە ڕوانگەیەکی جیاواز لە سۆنگەی دژایەتیی سۆسیالیزم-کاپیتالیزم، لێرەدا بە کورتی تێشکێک دەخرێتە سەر ئەو وتارە و هەندێ پرسیار کە دەکرێ لەو بوارەدا بهێنرێنە ئاراوە، لەکاتێکدا کە ئەم بابەتانە، بیرورای جیاوازیان لەسەرە و کراوەن بۆ باس کردن.

دیارە ئەو وتارە باسی ئەزموونی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە وڵاتێکدا ناکات کە بە کردەوە دابەزێنراوە تاکوو بمانەوێت کارامە یان ناکارامەبوونی شی بکەینەوە. بۆیە سەردێڕی وتارەکە لە خۆیدا خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە کە ئاخۆ "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کاری پێ کراوە تاکوو باسی کارامە یان ناکارامە بوونی بکرێت؟ ئەگەر وایە، بێجگە لە بەرنامە و ئامانجێک بۆ داهاتوو، ئاخۆ لە کردەوەدا چەندە زاڵ بووە، گرنگایەتیی پێ دراوە و ڕەنگدانەوەی هەبووە؟ وەکوو ئایدۆلۆژیا فانکسیۆن/کردە سیاسییەکانی چی بوون، چەندە بووەتە هۆی وەجوولەخستن و تۆکمەیی خەڵک و لایەنگرانی حیزب؟ بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزم، ئەوەی مێژووی حیزبی دێموکرات دەریدەخات، پێشاندەری زاڵبوونی سۆسیالیزم لەو حیزبەدا و کردەی سیاسیی ئەو لە نێو جەماوەردا نییە. لە کۆمەڵگادا ئەو حیزبە بێجگە ماوەگەلێکی کورت لەسەر دەسەڵات نەبووە تاکوو هەلی دابەزاندنی سۆسیالیزم، چ سۆسیالیزمی هەبوو و چ سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکی هەبێت، بێجگە لە هەبوونی شۆڕاکان کە ئەوەش زیاتر پەیوەندیی بە دیمۆکراسییەوە هەبووە. بێ ڕەچاوکردنی جۆرەکەی، سۆسیالیزم زیاتر باسێک بووە لە ناو هەندێ لە سەرکردایەتیی حیزبی دیمۆکراتدا. تەنانەت باسی سۆسیالیزم چ لە سەردەمی چوون بەرەو سۆسیالیزمی هەبوو و چ لە سەردەمی چوون بەرەو سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا، نەک هەر تۆکمەییی ناوخۆیی حیزبی بەدواوە نەبووە و بۆ جوولەخستنی ئاپۆرەی خەڵکیش بەکار نەهێنراوە، بەڵکوو کێشە و دووبەرەکییشی لێ کەوتووەتەوە؛ واتە کردەی نەرێنییشی هەبووە. هەروەها بە هۆی کاریگەریی بیر و پێکهاتەی حیزبە سۆسیالیستەکان، حیزبی دێموکرات بە کردەوە لە بواری دێموکراسییشدا تووشی کێشە بوو و نەتەنیا پێکهاتەی سێنترالیزەی هەبووە، بەڵکوو لە هەندێ قۆناخدا بە وێناکردنی خۆی وەک حیزبی "حاکم" لە کوردستاندا، ئازادیی حیزبیی بەرتەسک کردووە، بۆ وێنە بەشداری لە چەک کردنی سوپای ڕزگاری و هەروەها لە شەڕ و ناکۆکی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سۆسیالیستییەکان کە یەکتریان بە شیاوی لەنێوبردن دەزانی. بۆیە دێموکراتیک بوونیشی چووە ژێر پرسیارەوە. کە ئەمەش بۆخۆی، بێ ڕەچاوکردنی کاریگەریی ناسیۆنالیزم، نموونەیەکی تری لە دواهات یان کردەی نەرێنیی زاڵیەتیی سۆسیالیزم بە سەر دێموکراسی لە بیروهۆزردا، کە دواتر باس دەکرێت. هەر لەو پەیوەندییەدا، هەروەک هەندێ جار لایەنگرانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک باسیان کردووە، ڕەنگە مەبەست کارامەبوونی لە قۆناخی خەبات و شۆڕشدا بێت و ئەوەی کە نابێ سنووری سۆسیالیزم وەکوو ئایدۆلۆژیای شۆڕش تێپەڕێ و سۆسیالیزم بۆ ئەو قۆناخە، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت، گرنگترە لە ئایدۆلۆژییەکانی تر. لە پۆستی ناساندنی ئەو وتارەشدا لە فەیسبووک سارۆ ئەردەڵان بۆخۆیشی دەڵێ: "پێموابووە ئەو باسە بۆ خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان گرنگە." کەچی حیزبی دیمۆکرات ئەوەی

وەک بەرنامەی داهاتوو واتە دوای سەرکەوتنی خەبات و کاتێک بە دەسەڵات دەگات دیاریی کردووە. لێرەدا ناکۆکییەک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر سۆسیالیزم پێویستی سەردەمی خەبات و شۆڕشە بۆچی "حدکا" لە کردەوەدا وەک ئاماژە کرا سۆسیالیست نەبووە و زیاتر لە ٧٠ ساڵە کە لە قۆناخی خەباتدایە، بە کردەوە ناسیۆنالیست بووە و سۆسیالیزمی وەکوو "ئامانجی دوارۆژ" حەوالەی داهاتوو کردووە. ئەوەی خەڵکی وەجوولە خستووە و بووەتە هۆی تۆکمەیی، کوردایەتی بووە؛ تەنانەت زۆربەی ئەندامانی بە هۆی هەستی نەتەوایەتی ڕوویان لەو حیزبە کردووە و نە وەک سۆسیالیست بەڵکوو وەک دێموکرات خۆیان ناساندووە. کاتێک ئەو ئایدۆلۆژیایە ڕەنگدانەوەیەکی لە کردەوەدا نەبووە، دیار نییە بێ کردەوە چۆن کارامەبوونی دەسەلمێندرێت. لەلایەکی ترەوە، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئاخۆ ئەمە پێشاندەری کارامەییی سۆسیالیزمی دێموکراتیکە کە حدکا بە کردەوە "بەرەو سیاسەتێکی سۆسیال دیمۆکراتیانە هەنگاوی ناوە"؟ چۆن دەکرێ سۆسیال دێموکراسی ڕەد بکەینەوە بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ سەرمایەداری کە دەبێ بروخێت (کورتەباس، ل. ٤٠-٤١)، و هاوکات لە کردەکانی کەڵک وەرگرین یان ئایدۆلۆژیاکەی خۆشمان، کردەی هاوشێوەی هەبێت. ئاخۆ نابێ بە ڕوانگەیەک سەیری ئەو ئایدۆلۆژییە نزیکانە بکرێ کە ڕێگایەکی پاساودار بۆ هاوکاری بهێڵرێتەوە؟ (هەربەو جۆرەی لە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا ڕووی داوە) لەکاتێکدا هەردووکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی وەک ئایدۆلۆژیا، سیستەمی هزرییان لە پشتە بەوجۆرەی لە ئەوروپا سەریان هەڵداوە و گەشەیان سەندووە و تەنانەت ڕیشەی هاوبەشیان هەیە، لە کورتەباسدا یەکیان وەک ڕێبازێکی سادە و ئەوی تریان وەک سیستەم و ئایدۆلۆژیایەکی گرنگ سەیر دەکرێت. وتارەکەی سارۆ ئەردەڵانیش وێرای ئەوەی کە بە پشت بەستن بە پەرتووکە زانستییەکان، سۆسیال دێموکراسی بە ئایدۆلۆژیا ناو دەبات، هەر ئەو ڕوانگەیە دووپات دەکاتەوە. دیارە د. قاسملوو بە پێی هەلومەرجی ئەو دەم هەڵوێستی سۆسیالیستیی هەبووە و زیاتر لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە دڵنیایی بدات کە بازنەی سۆسیالیزمی تێنەپەڕاندووە، بۆیە لە سۆنگەی دژایەتیی سۆسیالیزم-کاپیتالیزمەوە ئاماژە بە ڕێبازی ڕیفۆرمیستیی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان دەکات. بەڵام ئاخۆ دەکرێ لە ئێستاشدا هەر بەو سۆنگەیەوە لەسەر سۆسیال دێموکراسی باس بکرێت؟ لێرەدا بەپێچەوانەی دەقی کورتەباس کە بە دابەزاندنی بۆ ڕێبازێکی حیزبی خۆی دەرباز دەکات، وتارەکە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە چۆن دەکرێ سۆسیال دێموکراسی ئایدۆلۆژیایەکی کاریگەر بێت، بەڵام خاوەن سیستەمێکی هزری نەبێت و هاوکاتیش بە بەرتەسکردنەوەی بۆ ڕێباز و پالیسی حیزب یان دەوڵەتێک (هەڵبەت ئەمەش خۆی هەر بەرهەمی هزرییە) بمانەوێت لە کردەکانیشی کەڵک وەرگرین. هەروەها، ئەگەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەو جۆرەی لە "حدکا"دا هەبووە

> ولاتانی سۆسیال دێموکرات لانیکەم تاکوو ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ولاتە سۆسیالیستەکان لە بەدیهێنانی سەروەریی خەڵک، ئازادی و دادپەروەریدا سەرکەوتووتر بوون. ڕۆڵی دەوڵەت لە "چارەسەریی نایەکسانیی سیستەمیک" تایبەت بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک نییە، گەرچی ناکرێ ڕۆڵی خودی دەوڵەتیش لەو نایەکسانییەدا ڕەچاو نەکرێت.

کـه کردەیەکـی ئەوتـۆی نەبـووە، نە بـۆ ڕابردوو و ئێسـتای حیـزب و نـە لـە پێنـاو ڕووخاندنـی سـەرمایەداری وەک لـە "کورتەبـاس"دا هاتـووە و تەنیـا بـۆ داهاتـوو ڕەچـاو کـراوە، ئاخـۆ ئـەوە دانەبەزێنـراوە بۆ ئاسـتی ڕێباز/پالیسـی سـادەی حیزبـی بەوجـۆرەی لـە کورتەباسـدا لەسـەر سۆسـیال دێموکراسـی باس کراوە؟ هەرچۆنێک بێـت، ئـەم شـێوە ڕوانینـە بـۆ ئـەم سـەردەمە نـە تەنیـا ڕێئالیسـتی نییـە، بەڵکـوو دیسـانەوە لـە دەلاقـەی سۆسـیالیزمی داخراوەوە سـەیری پەیوەندییـەکان دەکات و بە جـۆرێ لە زاڵبوونی سۆسـیالیزم بـە سـەر دێموکراسـیدا سـەرچاوە دەگرێـت. کەواتـە، وێڕای گرنگیـی "کورتەباس" و هەوڵەکانی د. قاسـملوو لـە باری تیۆریکەوە بۆ گەڕاندنەوەی باسـی دێموکراسـی پاش زاڵبوونی سۆسـیالیزمی هەبـوو لە ناو حیزبـی دیمۆکراتدا و هەوڵـی بـۆ دێموکراتیـک کردنی سۆسـیالیزم و گـۆڕان بـەرەو سۆسـیالیزمی دیمۆکراتیـک وەکـوو ئامانجـی دواڕۆژ، واتـە بـۆ بەدیهێنانـی سۆسـیالیزمێک لە کوردستاندا کە دێموکراتیک بێـت، بـە هـۆی بارودۆخـی ئـەوەدم و ڕوانینـی بـە چاوێلکەی ئابـووری و سۆسیالیسـتییەوە، وا دەردەکەوێـت کـە ئەوەنـدەی پەرۆشـی مانـەوە لـە چوارچێـوەی سۆسـیالیزم لـە بەرانبـەر کاپیتالیزمـی هەبووە، سـەرنجی پێشـتڕێتیی لە نێـوان سۆسـیالیزم و دێموکراسـی نـەداوە تاکوو لـەم ڕێگایەوە هـەوڵ و پەیوەندییەکانـی داهاتوو پاسـاویان هەبێـت. بۆیـە، هـەر وەک لـە وتاری چەنـد سـاڵ پێشـی نووسـەردا لـە ڕوانگـەی گرنگایەتیـی دێموکراسـییەوە باس کـراوە، بەپێـی سـەردەم و گۆڕانکاریـیە جیهانییەکان و هەروەهـا خودی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان وەک حزبێکـی دێموکرات، پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیـە کـە لـەو حیزبـەدا دەبـێ پێشـتڕێتی بە دێموکراسـی بدرێـت یـان بـە سۆسـیالیزم؟ دیـارە لـە سـەرەتادا تـا هێنانـە ئـارای باسـی سۆسـیالیزم وەکوو بەرنامەی دواڕۆژ و کاریگەری حیزبـی تـووەە، دێموکراسـی و بەدیهاتنی مافی نەتەوەیـی لـە حیزبـی دێموکراتـدا بنەمـای سـەرەکی بـووە. بەپێـی وتارەکانی لـە ڕۆژنامەی کوردسـتاندا، قـازی محەمـەد زەمینییەتێکـی دێموکراتیکـی هەبـوو و دێموکراسـی بۆی بنەما بوو. لە سەرەتاشـدا وێـڕای زاڵبەتی و کاریگەریی سـۆڤییەت، چالاکانی کورد، حیزبـی دێموکرات پێـک دێنـن نـەک حیزبـی سۆسیالیسـت. بـەڵام ئەگـەر لـەم قۆناخـە تێپەڕیـن و باسـی سـەردەمی پـاش هێنانـە ئـارای سۆسـیالیزم لـەم حیزبـەدا بکەیـن، ئـەدی ئـەو پرسـیارەی سـەرەوە دێتە گـۆڕێ. لـەو پەیوەندییـەدا ڕەنگە بگوترێـت هـەروەک دێموکراسـی لیبـراڵ و سۆسـیالی هەیە، سۆسیالیزمیش دێموکراتیک و نادێموکراتیکـی هەیە. بەڵام لێـرەدا جیاوازییەکە ئـەو پێشـتڕێتییەیە کە لـە یەکەمدا بـە خودی دێموکراسـی دەدرێـت و بـە هـۆی ئازادییـەوە ڕێـگای گـۆڕان کراوەتـر و هاسـانتر و دەکـرێ لـە ئازادیـدا و بـە هەبوونـی سـەروەریی یاسـا بـۆ مافەکانـی تـر تێبکۆشـرێت. لەکاتێکـدا کـە لـە دووەمـدا پێشـتڕێتییەکە بـە سۆسـیالیزمە کـە ئـەو ڕادە ئازادییـەی تێـدا بـەدی ناکـرێ و لـە ناخـدا هەڵگـری لایەنـی نادێموکراتیـک و سـەرووی یاسـایە و بـە کـردەوەش وێـڕای ئیدیعـای دێموکراتیـک بـوون، ئەزموونـی وڵاتە سۆسیالیسـتەکان ئـەوەی سـەلماندووە. بـە واتایەکـی تـر ناکۆکییەک لە نێوان سۆسـیالیزم و دێموکراسـیدا پێکدێت کە بـە هۆی زاڵبەتیی یەکەمـەوە جێبەجێکردنـی بنەماکانـی دووەمی بەرتەسـک دەکرێنـەوە. بنەماکانی دێموکراسـی واتـە ئـازادی، ئاشـتی و دادپـەروەری، لە وڵاتانی سۆسیالیسـتدا زیاتـر تووشـی قەیران بـوون، بە جـۆرێ کـە سۆسـیالیزم بـۆ بێدەنـگ کردنـی پرسـەکانی تـر بـەکار هێنـرا. بـۆ وێنە نـە تەنیا دادپـەروەری و بەرابـەری بـۆ لایەنـی ئابـووری و سـەروەریی چینێکـی تایبـەت، بەڵکـوو ئازادیـی سیاسـییش بـۆ ئازادیـی تاکـە حیـزب یـان لایەنێک بـــــەرتـــــەسک کـــرانەوە. لـەو پەیوەندییـەدا پێویسـتە ئامـاژە بکرێـت

کە ڕاستە سەرمایەداریی تووشی کێشە و قەیران بووە، بەڵام سۆسیالیزم زۆر زووتر تووشی قەیران بوو و هەروەها کە وڵاتانی سەرمایەداری بەرەو سەرنجدان بە هەندێ لایەنی سۆسیالیستی ڕۆشتوون، زۆرێک لە وڵاتانی سۆسیالیستیش بەرەو سەرمایەداری ڕاکێشراون. هەروەها، ناکرێ یەکلایەنە تەنیا سەیری گەندەڵیی کەرتی تایبەت بکرێت، بەڵکوو پێویستە سەرنجی گەندەڵی لە ناو و بە ناو دەوڵەت و خەڵکیشەوە بدرێت کە ڕەنگە لە ناو دەوڵەتدا زیاتر "بە پاساوی بەرژەوەندیی خەڵکەوە" گەندەڵی بکرێت. لە مێژە باس لەوە کراوە کە جیهان بەرەو هاوسەنگییەک لەو دوو ئایدۆلۆژیا سەرەکییە ڕۆشتووە و سەردەمی ئەوە نەماوە کە وەک دوو جەمسەری ڕەش و سپی سەیر کرێن کە دەبێ یەکیان ئەوی تر لە نێو ببات. هەروەک لە وتارەکەشدا ئاماژە بە هەندێ بیرورا وەک ئەوەی کینۆرسی کراوە، بە بڕوای نووسەر قەیرانەکانی سەرمایەداری ڕەنگە ببنە هۆی ڕۆشتن بەرەو سۆسیال دیمۆکراسی کە پێشتریتیی دیموکراسییش ئەو ئازادییەی ڕەخساندووە، بەڵام نەک بەرەو ئەو سۆسیالیزمەی کە ڕووخاندنی سەرمایەداری ئامانجیەتی و لە کورتەباسدا پێداگریی لەسەر دەکرێت، ئەویش لە سەردەمی پاشەکشێ یان سەرنەکەوتنی سۆسیالیزمدا. بۆ وێنە لە فەرەنسەدا کە د. قاسملوو وەک نموونە باسی دەکات، بینرا کە بەرەو سۆسیال دیموکراسی چوو نەک سۆسیالیزمی دیموکراتیک. دیارە هەموو سیستەمەکان بریتی لە سیستەمی وڵاتانی سۆسیال دیموکرات کێشەی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا هەبووە و هەیە. ئەوەی گرنگە ئاستی کێشەکانە. لەم بوارەدا لە جێی پشت بەستن بە "ئەگەری" ڕەخنەگران، شێوازی بەراوردکارانە لەگەڵ یەکتر بەپێی پێوەرەکان لە بوارە جیاوازەکاندا زیاتر کارامەیی سیستەمەکان دەردەخات. بۆ وێنە نەتەنیا هەموو سیستەمە سۆسیالیستییەکان، بەڵکوو زۆرێک لە سیستەمەکانی تریش بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیشەوە، بە باوەڕی خۆیان، خۆیان بە دیموکراتیک دەزانن. بەڵام ئاخۆ بەپێی پێوەرەکانی دیموکراسی و دیموکراتیک بوون دەکرێ ئەوانە بە دیموکراتیک دانرێن؟ دیارە زۆریان ناکەونە ئەو بازنەیەوە. هەر لەو پەیوەندییەدا وڵاتانی سۆسیال دیموکرات لانیکەم تاکوو ئێستا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکان لە بەدیهێنانی سەروەریی خەڵک، ئازادی و دادپەروەریدا سەرکەوتووتر بوون. ڕۆڵی دەوڵەت لە "چارەسەریی نایەکسانیی سیستەمیک" تایبەت بە سۆسیالیزمی دیموکراتیک نییە، گەرچی ناکرێ ڕۆڵی خودی دەوڵەتیش لەو نایەکسانییەدا ڕەچاو نەکرێت. ڕەنگە قەبارەی دەوڵەت و ڕادەی دەستێوەردانی جیاواز بێت، بەڵام لە زۆربەی سیستەم و ئایدۆلۆژیاکان لەوانە سۆسیال دیموکراسییش ڕۆڵی دەوڵەت لە چارەسەریی نایەکسانی یان ڕێگای کۆنترۆڵ و چاوەدێری و وەڵامدەربوون ناسراوە. ئەوەی پێویستی سەرنجە ئەوەیە کە چ دەستێوەردانی ڕەهای دەوڵەت و پاوانکردنی هەموو شت لە دەستیدا، چ بەرەڵاکردنی ڕەهای بازار بۆ کۆمەڵگا کێشەسازن. هەرچۆنێک بێت لێرەدا باسی بەرگری لە دیموکراسییە، نەک پێشتریتیی سەرمایەداری لە دووانەی سۆسیالیزم-کاپیتالیزمدا. حیزبی دیموکراتیش بێجگە لە هەندێ کاریگەریی بیری سۆسیالیستی بەتایبەت لە باری پێکهاتەی حیزبییەوە، بە کردەوە ئەوەندە سۆسیالیست بوونی زەق نەبووە و هەموو ئەو باسانەش لە کەشوهەوایەکی سیاسی-ئایدۆلۆژیکی جیاوازدا تەگبیر بۆ داهاتوو بووە کە دەکرێ پێداچوونەوەیان بە سەردا بکرێت. بۆیە لە ئاراستەی گۆڕانکاریی جیهانیی باسکراو لە سەرەوە کە سەردەمی ڕەش و سپی دیتن و سنووردارکردنی ویژەی خۆ لە ناو بەرەیەکدا باوی نەماوە، نووسەر

به باشـــتری دەزانـــێ لە جێی خـــۆ قەتیس کردنـــەوە لە بازنـــەی ئـــەو دژایەتییە تۆخەی ئایدۆلۆژیا ســـــەرەکییەکانی سەردەمی شـــەڕی ســـــارد، بەرەو ڕوانگەیەکی ماناوەند لەسەر بنەمای خودی دێموکراســـی هەنگاو هەڵێنرێت. بۆ وێنـــە، ناکرێ حـــدکا لەگەڵ ئـــەو هەموو حیزبە سۆســـیال دێموکراتانە کە بەشـــداری سەرەکیی ئینترناســـیۆنالێ سۆسیالیستن لە ژێر چەترێک کۆ ببێتەوە و هـــاوکات بە زمانی چل ســـاڵ پێش لە ســـۆنگەی ڕێفۆرمیست بوون و خزمەت بە ســـەرمایەداری ســـەیریان بکات، ئەگەر هێشـــتا دەقی کورتەباس بنەما بێت کە سۆسیال دێموکراسی ڕەت دەکاتەوە و دەیەوێت بە تەواوی سیســـتەمی ئابووریی کاپیتالیستی بگـــۆڕێ بە سۆسیالیســـتی. بۆیە پێویســـتیی بـــە گۆڕانێک هەســـت پـــێ دەکرێـــت؛ یان بەدواداچوونی لۆژیکێکی جیاواز و ڕاڤەیەکی نوێ و ڕاهاتوو لەگەڵ سۆســـیالیزمی دیمۆکراتیکی کۆنگـــرەی ئینتەرناســـیۆنالێ سۆسیالیســـت یان چـــوون بەرەو سۆســـیال دێموکراســـی. لـــە سۆســـیالیزمی دێموکراتیکـــی کۆنگرەی ئینترناســـیۆنالێ سۆسیالیســـتدا کە لەڕاستیدا لە سۆســـیال دێموکراســـی نزیکـــە و زیاتر حیزبە سۆســـیال دێموکراتەکان ڕێبەرایەتییان کردووە، بنەما دێموکراســـییە. واتە سۆسیالیزم بە دێموکراســـی ســـنووردار دەکرێتەوە، نەک پێچەوانەکـــەی. لە ڕوانگەی ئـــەم کۆنگرەیەوە سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک "بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییـــە بـــۆ ئـــازادی، دادپـــەروەری و تۆکمەیی کۆمەڵایەتی. ئامانجەکەی گەیشـــتن بە جیهانێکی پڕ لە ئاشـــتییە کـــە تێیدا ئەم بەها بنەڕەتییانە دەکـــرێ پەرەیان پێ بدرێت و هەر تاکێک دەتوانێ ژیانێکـــی واتاداری لەگەڵ گەشەی تەواوی کەســـایەتی و بەهرەی خۆی و لەگەڵ گەرەنتیـــی مافەکانی مرۆڤ و مەدەنی لـــە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکـــی دێموکراتیکدا هەبێت." لـــەلایـــەکی تـــریشەوە وێدەچێت "سۆســـیال دێموکراســـی" کە وەکوو فۆرمێکی گەشەسەندووی سۆســـیالیزمی دێموکراتیکیش ڕەچاو کـــراوە، لەناخدا هەڵگـــری ئەوە بێت کە ئەو هەنگاوەی بەرەڕوو هەڵێنرێت؛ ئایدۆلۆژیایەکی ماماناوەنـــد لەســـەر بنەمای دێموکراســـی کە لە بـــاری ئابوورییشـــەوە گرنگیی بـــە لایەنی کۆمەڵایەتی/سۆســـیال داوە و هاوسەنگییەکی پێکهێناوە و وەکوو پاڵپشـــت بۆ سیستەمێکی سیاســـیی جیـــاواز و دەوڵەتـــی خۆشـــبژیو بەتایبەت لـــە ئەوروپای ڕۆژئـــاوا دەرکەوتووە. هەرچەنـــد ئەو ئایدۆلۆژیایە بە هۆی سروشـــتی ماماناوەنـــدی بوونی لە شـــەبەنگی نێوان چەپ و ڕاســـتدا، بە هەر دوو لاوە پەیوەنـــد دراوە و وێڕای بوونـــی لە بەرەی چەپـــدا لە چوارچێوە و ئابووریی کاپیتالیســـتیدا یـــان کاپیتالیزمی دێموکراتیکـــدا ڕەچـــاو کـــراوە، دەکـــرێ بە ڕاڤـــە و تێبینییەکـــی جیاواز و لـــە ڕوانگەی پێشـــترێتی و گرنگایەتیـــی دێموکراســـی بە سەر هەردووکی ســـەرمایەداری و سۆسیالیزمدا ســـەیر بکرێت نەک بە چاویلکەی سۆسیالیزم یـــان دژایـــەتیی سۆسیالیزم-کاپیتالیزمەوە کـــە زیاتر پەیوەنـــدی لەگەڵ ســـەرمایەداری و ڕێفۆرمیســـتیی بوونەکـــەی دەبینێـــت. بـــە گشـــتی، ڕەنگـــە ئـــەم تێڕوانینـــە، زیاتـــر بـــواری دێموکراســـییەکی قـــووڵ و هەمەلایەنـــە بڕەخسـێنێت. لـــە هەبوونـــی وەهـــا ڕوانگەیەکـــدا، تەنانـــەت بـــە لـــە پێـــش گرتنـــی ڕێـــگای یەکـــەم و نەچـــوون بـــەرەو سۆســـیال دێموکراســـییش، پەیوەندیـــی سۆسیالیســـتە دێموکراتـــەکان لەگەڵ سۆســـیال دێموکراتـــەکان پاســـاودار دەبێـــت و دێموکراســـی وەک خاڵـــی هاوبـــەش، هـــەردوولا لـــە ژێـــر چەترێک کـــۆ دەکاتـــەوە. لـــەم ڕوانگەیەوە دێموکراســـی (کە خۆیشی دەکرێ وەک ئایدۆلۆژیا ســـەیر بکرێـــت) پاشـــکۆ نییە بـــۆ ئایدۆلۆژیـــاکان و پرســـەکان تەنیا لە ســـۆنگەی ئابووریییەوە نابینرێن. هەروەهـــا وەکـــوو دێموکراســـیی سۆسیالیســـتی یـــان سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک و کاپیتالیزمـــی دێموکراتیـــک، بـــە ســـەریاندا دابـــەش ناکرێـــت، بەڵکـــوو پێگەیەکـــی ســـەربەخۆ و بانتـــری هەیـــە.

هم‌وال‌نامه‌ی کتاب

نقد روشنفکری و روشنگریِ ایرانی

خانی گالبات

روشن‌اندیشی و دگراندیشیِ ایرانی، هنوز نتواسته است گرد و غبارهای تاریخی را، از جزم و عبادت بزداید، و اعتقادات ناسازگارِ بنیادگرایی با یافته‌های علوم طبیعی را کنار بگذارد. حتی کسانی که مدعیِ روشنفکری دینی هستند، نتوانسته‌اند هسته‌ی پایدار و اصلیِ دین را مشخص کنند و به اختلافاتِ فراوانی که در تفکر دین وجود دارد، درکی درست از خود ارائه دهند. تفکراتشان در حول و حوش نگرش خاصی از بنیادگرایی دینی (شیعی و سنی) دور می‌زند. در میان ناهم‌آواییِ اعتقاداتِ متضاد، هسته‌ی فکریِ مشترکی ندارند و نتواسته‌اند به نقصان در اندیشه‌های خود واقف شوند. تنها با روشنگری است که می‌توانیم به رستگاری از وضع موجود برسیم.

از روشنفکری و روشنگری ایرانی، خصوصاً کسانی که به ناسیونالیسم افراطی فارس و یا مذهب شیعی بنیادگرای حاکم وابستگی دارند، چنین استنباط می‌شود که روشنفکری و روشن‌اندیشی ایرانی در مورد سایر ملل ایران، یا دارای نگرش مبهم و ناروشن هستند، یا دیدگاه‌های بسیار ارتجاعی در این خصوص دارند و نتوانسته‌اند در تحلیل این موضوع، از دایره‌ی ناسیونالیسم شوونیستی و مذهب‌گرایی افراطی فراتر روند. به این خاطر است برای فلسطینی‌ها، لبنانی‌ها، سوری‌ها و به قول خود برای تمام بشریت سینه چاک می‌کنند و اشک تمساح می‌ریزند، اما در برابر ستمگری، بی‌عدالتی و حق‌کشی هم‌میهنان خود، کوردها، عرب‌ها، بلوچ‌ها، تُرک‌ها و... ککشان هم نمی‌گزد. ناگفته نماند که سرزمین ایران، تاکنون سرداران فکوری را در خود پرورانده است، اما با کمال تأسف، بهترین چنین سردارانی به دست ارتجاع اجتماعی، سیاسی و مذهبی قتل‌عام شده‌اند. اگر به جهان باستان برنگردیم و از یادآوری مزدک‌ها، مانی‌ها، بابک‌ها و امثالهم صرف‌نظر کنیم، تنها از اواخر دوره‌ی قاجار، سرداران اندیشمند بزرگی از امیرکبیر گرفته تا روشنفکران و رهبران انقلاب مشروطه، مانند گلسرخی‌ها، سلطانپورها، اعدام‌های دسته‌جمعی جوانان (دختران و پسران) در سال‌های ۱۳۵۹، ۶۰، ۸۸، ۹۶، ۹۸، تا جنبش «زن زندگی آزادی»، به اتهام عضویت در سازمان‌های سیاسی نظیر مجاهدین خلق، فداییان خلق و احزاب کورد، مانند قاسملوها و شرفکندی‌ها، شهدای قتل‌عام ۶۷ و ترور بی‌شرمانه‌ی دگراندیشان در قتل‌های زنجیره‌ای در خیابان‌های تهران و غیره، از بین برده شده‌اند. دیالوگ اصیل، صادقانه و بر اساس واقعیت‌های عینی و حقوق برابر، بین اقوام و ملل ایرانی، تنها راه عبور از بحران فعلی است. اگر قرار است که ملل ایران با هم در صلح و صفا زندگی کنند، گریزی از آن نیست؛ این مهم‌ترین مسئولیتی است در برابر روشن‌اندیشی ایرانی. میان زندگی انتزاعی و زندگی در پرتو غنا و جامعیت عینی جهان، تفاوت وجود دارد. نتیجه‌ی انقلاب عظیم ملل ایران، درغلتاندن زمان حال ملل ایران در گذشته‌ی تاریک و مبهم، و عقب‌تر و عقب‌تر بردن آن بوده و هست. حتی تلقی تازه‌ای هم از آداب و رسوم گذشته و قرون وسطایی را ارائه ندادند. دین و معادشناسی و گسترش بنیادگرایی را، به یگانه مسئله‌ی ضروری عصر معاصر تبدیل کردند. ناهمسانی ملل ایران از لحاظ حقوقی و سیاسی و اقتصادی، برای کسانی که رهبری انقلاب را در دست گرفته بودند، اهمیت نداشت. بنیادگرایی بجز ثمراتی که تاکنون شاهد بوده و تجربه کرده‌ایم، دستاوردی در بر نداشته است. روشن‌اندیشی و دگراندیشی ایرانی، هنوز نتوانسته است گرد و غبارهای تاریخی را، از جزم و عبادت بزداید، و اعتقادات ناسازگار بنیادگرایی با یافته‌های علوم طبیعی را کنار بگذارد. حتی کسانی که مدعی روشنفکری دینی هستند، نتوانسته‌اند هسته‌ی پایدار و اصلی دین را مشخص کنند و به اختلافات فراوانی که در تفکر دین وجود دارد، درکی درست از خود ارائه دهند. تفکراتشان در حول و حوش نگرش خاصی از بنیادگرایی دینی (شیعی و سنی) دور می‌زند. در میان ناهم‌آوایی اعتقادات متضاد، هسته‌ی فکری مشترکی ندارند و نتوانسته‌اند به نقصان در اندیشه‌های خود واقف شوند. تنها با روشنگری است که می‌توانیم به رستگاری از وضع موجود برسیم. فقدان روشنگری واقعی، به راستی زیان بزرگی است. تقیّه (دروغ)، چاپلوسی، تحریف، نفاق و فقر، بر همه چیز سایه انداخته است. دین جزء اصلی زندگی سیاسی ملل ایران شده است،

و کاری را انجام می‌دهد که هیچ ابزارِ دیگری از عهده‌ی توجیه وضع نامطلوب و مصیبت‌بارِ موجود به نفعِ نظام سلطه‌ی بنیادگرایی برنمی‌آید. از همین طریق، ملل ایران را سالیان سال به عقب رانده‌اند. ذهن مقدس‌مآب به علت فقدانِ تعادل، قربانی تعصب، عدم مدارا، و شکنجه و آزار است. همین مقدس‌مآبان، چه جنایاتی را در حق ملل ایران روا دشته‌اند و آن را فرایض و تکالیف دینی خود تلقی کرده‌اند!! اگر افراط‌های مقدس‌مآبان در اوج شکوفایی باشد، هیچ چیز با آن برابری نمی‌کند. همه‌ی این جنایات، به منظور آرمان‌های دین صورت گرفته است. تسلیم مطلق در برابر قدرتی برتر، فقط همینَ نتایج را می‌تواند در پی داشته باشد که از هیچ راه دیگری به دست نمی‌آید. فکر می‌کنند که با همین اقدامات جنایتکارانه، به رویارویی با کژی و کاستی جهان برخاسته‌اند! بنیادگرایی را در پیشگاه قضاوتِ عمل‌گرایانه در باب حقیقت، باید برَ مبنای سودمندیِ آن، و تغییری که در وجود هر روزه‌یَ فرد، به نفع سلطه‌گری پدید می‌آورد، مورد داوری قرار داد. روشن‌اندیش ایرانی، هنوز از این موضوع نگران است که اقرار کند بسیاری از عقاید جزمی که زمانی مقدس بوده اند، قابل دفاع نیستند. عدم رشد انتقاد عالمانه و روشنگرانه از کُتب مقدس- نظیر آنچه که در گذشته، معتزله به عمل آورد و تعالیم حوزوی- مانع از آن شد که ضربه‌ی جدی بر مرجعیتِ مطلق و بی چون و چرا وارد شود. تفکر و اندیشه‌ی انتقادیِ روشنگریِ ایرانی، هنوز نتوانسته است از دایره‌یَ ایمان مذهبی بنیادگرایی شیعی و شوونیستی، فراتر رود. نگرشَ ایمان نمی‌تواند به وجود آید، مگر اینکه مرجعی وجود داشته باشد که ایمان به سوی آن معطوف شود. ایمان‌آوردن پیش از هر چیز، گشودن و عریان‌ساختنِ خود در برابر مرجع ایمانِ خویشتنَ است. در ثانی، وانهادن و سپردن بی چون و چرای خویش به آن مرجع است، و اطمینانِ کامل از اینکه آن مرجع خواه خدا، یا َخدا- انسان، در قالب «ولایت فقیه» اهل تشیع، یا امیرالمؤمنین اهل سنتَ باشد، درست عمل می‌کند. چنین جامعه‌ی مقلدی نمی‌تواند استقلال فکر و اندیشه داشته باشد؛ در نتیجه بَا قبول بردگیِ فکری، به انواع دیگر بردگی‌ها تن َمی‌دهد. مقلد در همان سطحی باقی می‌ماند که همواره هست. برای اینکه بدانیم چه چیزی در ما به راستی فردی است، تفکر عمیقی لازم است؛ و ناگهان درمی‌یابیم که کشف فردیت تا چه حد دشوار است. توده‌های مردم نه از روی تعقل، بلکه از سرِ ترس، ترسی که ریشه در خرافات دارد وَ بنیادگرایی مذهبی به آن دامن زده است، از برَوز دگرگونی در حیات اجتماعی ممانعت به عمل می‌آورند. هاله‌ی تقدسی که هم اکنون نهادهای جامعه را فرا گرفته است، آنها را به تحجری دچار ساخته، که مانع بازنگری یا تفسیر مجدد است. اطاعتَ مذهبی، مبتنی بر جزم‌هایی استَ که برای توجیه ممنوعیت فرهنگی به کار می‌رود. بنا بر این به همان اندازه که برای جامعه خطرآفرین است، برای افراد و به ویژه برای روشنفکران و دگراندیشان ما هم خطرناک بوده است. خلاصه‌کردن نظام آموزش ملی در«معادشناسی»، باعث شده است که آموختنِ جزم‌های مذهبی به کودکان، پیشَ از آنکه خود به آنها علاقه‌مند شوند یا بتوانند معنای آنها را درک کنند، و سپس تضعیف تفکر انتقادی درباره‌ی آنها، تنها نتیجَه‌ای که از آن حاصل شده است؛ استقرار دین از طریق منع تفکر از راه سرکوب بوده است. تنهَا دگرگونیِ چنین نظام آموزشی، از طریق روش‌هایَ علمیِ نوین درباب حقیقتِ

هەولێری کتێب

جامعه، افـــراد را آزاد می‌گـــذارد تا از این مرحله‌ی نارس رشـــد درگذرنـــد. افرادی که به نحـــوی معقول رشـــد کـــرده و با واقعیات آشـــنا شـــده‌اند، خانـــه‌ی گرم و نرم کودکی را پشـــت ســـر می‌نهنـــد و با درماندگـــی و بی‌معنایی‌ای کـــه نصیب آنان اســـت، آرام و دلیرانـــه مواجه می‌شـــوند. در ایـــران تجربه شـــد، وقتی کـــه رابطه‌ی انســـانِ مقلـــد و مرجـــع دینی توســـعه می‌یابـــد، انســـان دســـتخوش تحـــول می‌شـــود. هـــر قدر پیونـــد انســـانِ مقلد با موضـــوع و مرجـــعِ مذهبـــی کامل‌تر و صریح‌تـــر باشـــد، بـــه نحوی که انســـان هر چه بیشـــتر تحت ســـلطه و رهبری آن قرار گیرد، احساســـی عمیق‌تـــر و قوی‌تر و گســـترده‌تر خواهـــد داشـــت. عجیـــب اینکه ســـرانجام انســـان ممکن اســـت به جایی برســـد کـــه به اصطـــلاح معروف در ادبیات بنیادگرای شـــیعی‌گریِ ایران، ذوبِ در ولایت شـــود و یـــا طبقِ ســـنی‌گری با محـــو خـــود و نابـــودیِ انســـان‌های دیگـــر، به حوریانِ بهشـــتی ملحق شـــود! دین یـــک پدیـــده‌ی اجتماعی اســـت و بایـــد کارکردهـــای اجتماعـــی آن را، در رابطـــه با قـــدرت و سیاســـت تحلیل کرد. کـــودکان برای دیـــن آمادگـــی دارند. به این خاطر اســـت که نظام آموزشـــی را در دین و معادشناســـی خلاصـــه کرده‌اند. آنان نه تنهـــا اســـتعدادِ خاصی بـــرای پذیرش اصول دیـــن دارند، بلکه بـــدون هیچ اصرار و ابرامـــی خودبه‌خود مایلنـــد درباره‌ی آنها بیندیشـــند. اما به رغم همـــه‌ی تلاش‌ها، نشـــانه‌هایِ شـــکاکیت در میان نوجوانان و جوانان کاملاً مشـــهود اســـت. هرچند این نمود در سراســـر جامعه هنوز به یکســـان گســـترش نیافته اســـت؛ زیرا وابستگی به عوامل محیطـــی از مشـــخصات دینداریِ کودکانه اســـت کـــه تمایز زیـــادی میانَ کـــودکان و بزرگســـالان ایجـــاد نمی‌کند، زیـــرا در بزرگســـالان هم آرمـــان ایمانی مســـتقل بـــه نـــدرت تحقـــق می‌یابد. تأثیـــرِ محیط در تفاوت‌ها آشـــکار اســـت.

روشنفکرمآبانِ ما را تکان دهد. باید به سیستمَهای مطلق‌اندیش یورش برد. روشنگری و روشنفکریِ ایرانی، هنوز به نحوی مهم، مؤثر و برجسته از مباحث سابق نگسلیده و مقولاتی متفاوت یا رویکردی تازه عرضه نداشته است. روشنگری و روشنفکریِ ایرانی، مسئولیت‌گریز و دست به عصای ایدئولوژیکی که هم اینک خود بهَ ایدئولوژی تنزل یافته، پای در گل دارد. ایدئولوژی معاصر ایرانی نیز با رد علوم انسانی از نظام آموزشیِ کشور، از اعلام آموزه‌های محسوسَ و قابل‌فهمی چون آموزه‌های لیبرال و سکولار خود را برحذر می‌دارد. ایدئولوژی بنیادگرای امروز ایران، در زبان و قلم روشنفکرانِ ایرانی فروَلغزیده است. دگرگونی‌های اجتماعی و منافع اقتصادی و سیاسی به این لغزش دامن زده‌اند به نحوی که از افشای چهره‌ی ایدئولوژیِ بنیادگرایی ناتوان مانده است. این زبانَ قبل از آنکه درونمایه‌ی ویژه‌ای فرادید داشته باشد، اندیشه را قالب‌ریزی می‌کند. در نتیجه این اندیشه حتی آنجا که در آن، آهنگ ایستادگی در برابر هرگونه انقیاد و تعبدی مراد شده است، خود را در دام هدف انقیاد می‌افکند. آن‌گاه این زبان به آموزش و پرورش، مدارس ملی، سازمان‌ها، نهادها و دیوانسالاریَ کشور هم سرایت کرده است. بدین‌سان ریا به امرِ ماتقدم تبدیل شده است. از این طریقَ روشنفکران ایرانی به ضد روشنفکری تبدیل شده‌اند. اندیشه‌ی انتقادی در میان روشنفکران ایرانی نتوانسته پایه و شالوده‌ی عینی داشته باشد، بلکه صرفاً نوعی کژپنداری و انحراف ذهنی است. روشن‌اندیشی ایرانی در مقابله با تاریک‌اندیشانی که محَکومش می‌کنند، نتوانسته گوی پیروزی را ازآنِ خود کند. معتاد به مرجعیت قدرت‌اندَ، به بهای تبدیل‌شدن انسان‌ها به مهره‌های بی‌هویت. آن‌گاه افکار منسوخ به چشم آنان علمی و مدرن می‌آید و کاری جز سردادن نغمه‌های ستایش عرفانی بنیادگرایی مذهبی و اعمال و اقداماتَش از دستَشان برنمی‌آید. این روشنفکرمآبان بودند که در سال ۱۳۵۸ از فرمان جهاد خمینی علیه کردستان حمایت کردند؛ دیده‌شدن عکس او را در ماه به چالش نکشیدند تا به امر واقع و قابل قبول در ذهن توده های مردم تبدیل شد؛ توان رویارویی با دهشت بنیادگرایی از خود بروز ندادند؛ قلم و زبانشان به جای تشخیص و نقد این دهشت، به دفاع و پایداری از آن نیز کمک کرد. این اهانتی بود به فکر و اندیشه‌ی روشنفکریِ ایران‌زمین. زیرا خودشان را به عنوانِ کاسه‌لیس شر و فتنه‌ی روزگار قرار دادَند. از همان ابتدا نتواستند بدون خشونت کشور را اداره کنند، روش دیگری بلد نبودند، یا در راستای منافعشان نمی‌دیدند. چه کسانی مسئول اسیدپاشی جوانان کشور به روی خواهران خود هستند؟ سانسور باید باشد، زیرا روشنگری نباید باشد! اگر روشنگری بود، کسی به فتوا و فرمان آنها (بنیادگرایان) پدران و برادران اندیشمند خود را شکنجه و یا در قتل‌های زنجیره‌ای قتل‌عام نمی‌کرد و اسید به روی خواهرش نمی‌پاشید. روشنفکرانِ ما تیزقلم نبودند و هنوز هم نیستندَ. همه باید بدانند که تجارب عراق، افغانستان، لیبی، سوریه و... نشان داد که آثار و تبعات دیکتاتوری و فاشیسم پس از فروپاشیشان، بسیار مخرب‌تر، ویرانگرتر، گسترده‌تر از دوران حاکمیت و سلطه‌ی آنهاست. این موضوع ناشی از تخریب فکر و اندیشه‌ی جماعت است. وقتَی جامعه‌ای از اقوام، مذاهب، فرهنگ‌ها، نژادها و طبقات شکل گرفته باشد، به محض رهایی از فاشیسم، به جان هم می‌افتند. چرا؟ انسان‌هایی که تحت سلطه‌ی فاشیسم به مدت زیادی فکر و اندیشه‌شان تباه گشته، همچون

پوسته‌های تهی‌شده از مغز و هسته، بیش از رمز و راز خود عمر می‌کنند. زبان و قلم روشنفکری ایرانی ما، به جای آنکه این صورت‌ها را تمیز دهد، به دفاع از آنان کمک هم می‌کند. دستاورد ارتجاع و فاشیسم برای هر کشور گرفتار در تور آن، جز این نخواهد بود. چرا روشنفکران دانشگاهی ما، وقتی از حقوق ملل ایران حرفی به میان می‌آید، گرد و خاک به پا می‌کنند؟ پرسش بنیادین به بهای هر پاسخ ممکن، به چیزی تبدیل می‌شود که برای خودش گوهرین محسوب می‌گردد. وقتی کلام آخوند با کلام خدا یکی دانسته شود و به هیچ وجه نباید در آن تردید و چون و چرا کرد، باید شاهد چنین روزگاری بود. روشنگری ایرانی، هنوز شهامت کاربرد عقلش را از خود نشان نداده است. هیوم و اوگوست کنت و بسیاری دیگر از جویندگان ریشه‌ی دین، هراس در برابر قدرت نامتعین و ناشناخته را، سرچشمه‌ی آئین پرستش چیزی که مظهر قدرت است می‌دانند، اما آنها می‌پندارند که روشنگری با جرئتی که برای کاربرد عقل و تجربه به آدمی بخشیده، همراه با زدودن اسطوره، جادو و رمز و رازهای گذشته، انسان را هم از قدرت ناشناخته و هم از نمایندگان و سخنگویان آنها رها ساخته است... در گذشته نیروی نامتعین و رنگارنگ مانا، که قبلاً در زندگی چادرنشینی کمابیش هر کس می‌توانست از آن بهره ببرد، به انحصار کسانی درآمد که مظاهر آن را در مناسک و معابد متجسم و به‌سامان کردند و خود نیز سخنگوی آن شدند. بدین‌سان قلمرو قدرت در مقام امر قدسی، از ساخت نامقدس جدا شد. قدرت در یک سو، و فرمانبرداری و بندگی در سوی دیگر قرار گرفت. زمانی که مظاهر طبیعت محل ظهور مانا بودند، ضرب‌آهنگ چماق و تازیانه‌ی نمایندگان قدرت، با ضرب‌آهنگ فرآیندهای همواره همانند و مکرر طبیعت، هم‌گام بود و نمادهایی که به صورت بت، نشانه‌ای از پدیدارهای طبیعی محسوب می‌شدند، همواره با دوام و فشاری اجتماعی هم‌سو بودند. در انقلاب ملل ایران در سال ۱۳۵۷، ضمن اینکه قدرت مطلقه‌ی سلطنتی به اراده‌ی مردم بازگردانیده نشد، بلکه آن را در هاله‌ی تقدس «ولایت فقیه» قرار دادند. بر این اساس، در ایران فعلی آن وحشتی که در تصویری ثابت تعیّن یافته است، نشان تثبیت‌شده‌ی سلطه‌ی ممتازان است. تجربه‌ی بیش از چهار دهه‌ی ملل ایران تحت سلطه‌ی بنیادگرایی مذهبی، با توجه به غارت‌هایی که صورت داده‌اند، و سرکوب‌های که انجام گرفته است، و مشروعیت ایدئولوژیکی که به این جنایات داده‌اند، بیانگر آن است که قدرت، ایدئولوژی و اقتصاد درهم آمیخته‌اند. به هر حال اگر پژوهش تاریخی و غیر ایدئولوژیک مد نظر باشد، شرط اول آن است که هر جدلی را از چشم‌انداز زمینه و زمانه‌ی ویژه‌ی آن، فرادید آورد. جدل‌ها از حال و هوای زمانه جدا نیستند.

«سروشت بێزارە لە بۆشایی»

بزووتنەوەی ژینا، پرسی نەتەوەیی و ڕەخنەی ئیمانێنت

محەممەد محەممەد مورادی

هەواڵنامەی کێبڕ

”سروشت بێزارە لە بۆشایی“ ئەمە وتەیەکی ئەرەستووە کە ئەمڕۆ ڕەنگی داوەتەوە ناو زانست و فەلسەفە و هونەر. ڕەنگدانەوەی لە زانستدا بەم شێوەیەیە کە سروشت بەردەوام لەحاڵی پرکردنەوەی بۆشاییدایە بۆ نموونە زەوییەکی بۆش زۆر زوو گیای لێ سەوز دەبێت، لە فەلسەفەدا وەهایە کە مرۆڤ بێزارە لە نادڵنیایی و لە پرس و پرسیاری بێ جواب و بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی جوابی پرسیارەکاندایە؛ لە هونەریشدا بووە بە شێوازێک لە کاری هونەری کە ئەبێ هەموو پانتاییی بەرهەمی هونەری پڕ بکرێتەوە. لەم وتارەدا کارمان بە ڕەنگدانەوەی ئەم وتەیەی ئەرەستووە لە زانست و فەلسەفەدا، لە زانستدا چونکە بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆشاییەکی هێز دەخوڵقێت کە هەمووان هەوڵ ئەدەن پڕی بکەنەوە و لە فەلسەفەدا بۆ ئەوەی ئەم وتارە هەوڵێکی بچووک بێت پشتبەستوو بە ڕەخنەی ئیمانێنت (نقد درونماندگار) بۆ وڵامی ئەو پرسیارە کۆنەی کە بۆچی کورد ناتوانێ یەکگرتوو بێت؟

ساڵێک بەسەر بزووتنەوەی ژینادا تێپەڕی و ئەمڕۆ ئێمە لە خاڵێکداین کە پێویستە ئەم یەکساڵە بەچاوی ڕەخنەییەوە هەڵسەنگێنین بۆ ئەوەی بتوانین پلان بۆ داهاتوو دانێین؛ بەڵام ئەم وتارە بەنیازی ئەم هەڵسەنگاندنە نییە، بەڵکوو پێشفەرزەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی، عەقڵانییەتی مێژوویی خۆی لەدەست داوە و ئەمساڵ بێ، پێنج ساڵی تر یاخود دە ساڵی تر، ئەبێ بڕوات و بە دڵنیاییەوە شەڕە گەورە و چارەنووسسازەکەی کورد لەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێ دەکات. ئەم وتارە هەوڵی ئەوە دەدات ئەو ساتەی کە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێت وێنا بکات و ئەوەی کە کورد ئەتوانێ چیی دەست بکەوێت و چۆن؟ "سروشت بێزارە لە بۆشایی"! ئەمە وتەیەکی ئەرەستووە کە ئەمڕۆ ڕەنگی داوەتەوە ناو زانست و فەلسەفە و هونەر. ڕەنگدانەوەی لە زانستدا بەم شێوەیەیە کە سروشت بەردەوام لەحاڵی پرکردنەوەی بۆشاییدایە بۆ نموونە زەوییەکی بۆش زۆر زوو گیای لێ سەوز دەبێت، لە فەلسەفەدا وەهایە کە مرۆڤ بێزارە لە نادڵنیایی و لە پرس و پرسیاری بێ جواب و بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی جوابی پرسیارەکاندایە؛ لە هونەریشدا بووە بە شێوازێک لە کاری هونەری کە ئەبێ هەموو پانتاییی بەرهەمی هونەری پڕ بکرێتەوە. لەم وتارەدا کارمان بە ڕەنگدانەوەی ئەم وتەیەی ئەرەستووە لە زانست و فەلسەفەدا، لە زانستدا چونکە بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆشاییەکی هێز دەخولقێت کە هەمووان هەوڵ ئەدەن پڕی بکەنەوە و لە فەلسەفەدا بۆ ئەوەی ئەم وتارە هەوڵێکی بچووک بێت پشتبەستوو بە ڕەخنەی ئیمانێنت (نقد درونماندگار) بۆ وڵامی ئەو پرسیارە کۆنەی کە بۆچی کورد ناتوانێ یەکگرتوو بێت؟ ڕۆحی زەمانە، ناسیونالیزمی مەیلەو فاشیزمە. ترامپیزم، بریگزیت، لۆمپێنیزم، ئیتاڵئێگزیت، نیونازیزم و زۆری تر کە هەموو ئەمانە تەنها لە مێترۆپۆل و جیهانی یەکەمدا لەگەڕدان جگە لە شەڕێ ئۆکراین و .... حکومەتی داهاتووی ئێران بێگومان حکومەتێکی ڕاستی توندڕەو ئەبێت کە تەنها زمانی هێز حاڵی ئەبێت و ئەمەش جگە لەو کێشە و ناکۆکییە ڕیشەییەی کوردە کە لەگەڵ تورکی دراوسێدا هەیەتی. ئەگەر بێت و لە دوای کۆماری ئیسلامی، بەبێ ڕاپەڕاندنی پرسی نەتەوەیی، لەڕە دێموکراسییەکی چەپوچێپریش بێتە سەر کار، ئەوا ئیتر هەرجۆرە خەباتێکی کورد بۆ پرسی نەتەوەیی زۆر بەئاسانی ئەخرێتە ژێر تایتڵی تێرۆریزم و بە هەموو شێوەیەک و بە پاڵپشتیی زلهێزەکان سەرکوت ئەکرێت. بۆیە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئەتوانێ دواییەن دەرفەتی کورد بێت لە ڕۆژهەڵات، بۆئەوەی پرسی نەتەوەیی، بە فێدرالیزم یاخود سەربەخۆیی بباتە قۆناغێکی ترەوە. وای دانێین بە هەوڵ و خەباتی خەڵک یان هێرشی دەرەکی یاخود بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە ئێران دەشێوێت. ئەزموون نیشانی داوە لە وەها دۆخێکدا حکوومەتە ناوەندییەکان یەکەم کاریان ئەوەیە کوردستان چۆڵ دەکەن، ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە کوردستان هێزی چەکداری ئامادەی هەیە و خەڵکانێکی زۆریش لە ناوخۆ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەتوانن بەو هێزانە زیاد بن. نموونەکەشی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئەم دواییەش سەرەتای بەهاری عەرەبی لە سووریادا. ئەمە ئەو بۆشاییە ئەرەستووییەیە کە ئەکەوێتە بەردەستی کورد. دیسان با وای دانێین کورد بەبێ شەڕ یاخود بە خۆڕاگرییەکی کەمی هێزی حکوومەتی ناوەندی یان ئەوپەڕەکەی بە سەختی، کوردستان دەگرێتەوە. لە گرتنەوەی ڕۆژهەڵاتەوە تاکوو بەهێزبوونەوە و سەقامگرتنی حکوومەتی ناوەندی، کاتێکی ئێجگار کەم و چارەنووسسازمان لەبەردەستدایە. ئەو بڕگە هەستیارە کاتییە، ڕێک ئەو خاڵەیە کە وەک هێگڵ دەڵێ خاڵی لەدایکبوونی مێژووە. ئەم بڕگە کاتییە لەڕادەبەدەر گرنگە؛ چونکە دوا دەرفەتی ڕۆژهەڵاتە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی. لەم بڕگە کاتییەدا لەناو ئێراندا یان بە جیابوونەوە هەر شتێکمان چەسپاند و

گەرەنتیی نێونەتەوەییمان بۆ وەرگرت ئەتوانین بڵێین ئیتر ئەوە دەسکەوتی تاهەتاییی ڕۆژهەڵات ئەبێت. با نموونەیەک بێنمەوە: لە ٢٠٠٣وە دەیان جار لەنێوان هەولێر و بەغدا کێشە و ناکۆکی هاتووەتە پێش بەڵام بەغدا وێرای ئەوەی ئەیتوانی بە هێرشی ئاسمانی هەرێم تەسلیمی خۆی بکات، نەیکردووە چونکە مەشرووعییەت و گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو ڕەوشەی هەرێم هەیە. دیارە لە هەرێم ئەم گەرەنتییە یەکەم بە جینوساید (ئەنفال و کیمیاباران) بەدەست هات کە هیوادارم ئەو شتانە هیچ کات لە کوردستان و لە هیچ کوێی ئەم جیهانە دووپات نەبێتەوە و دوو هەم بە دوو فاکتەری ئابووری و ئەمنییەت بەدەست هات. دوو فاکتەری ئابووری و ئەمنییەت ئەگەر کاری بۆ بکرێت و پلانیان بۆ دابنرێت ئەتوانن داهاتووی کوردستان لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا گەرەنتی بکەن. ئەمنییەت و گەشەی ئابووری (لانیکەم تا پێش هاتنی داعش) وای کرد کورد لە عێراق ببێت بە هاوڵاتیی پلە یەک. هەتا ئێستەش هاوڵاتیی کورد بەبێ قیزە و کەفالەت ئەچێ بۆ بەشەکانی تری عێراق بەڵام ئەوان بۆ هاتن بۆ کوردستان پێویستیان بە کەفالەتە. هەرچەند لە هەرێم ئەم شتە بەهۆی هەبوونی نەوتەوە کرا بەڵام لە ڕۆژهەڵاتیش بە مەرجێک پلانی بۆ دانرێت ئەتوانرێت جێبەجێ بکرێت. پێشمەرگە ئەتوانێ بە جوانی ئەمنییەت دەستەبەر بکات بەڵام گەشەی ئابووری و ئاوەدانی ئەویش لە برگەیەکی کاتیی کەمی بۆشاییی هێزدا کارێکی ئیجگار گرنگ و هەستیارە کە ئەبێ زۆر لەوە پێشەوە پلانی بۆ دانرابێت. پێم باشە تا ئێرە کۆبەندییەک بکەین: گۆڕانکاری بەرێگاوەیە و دەرفەتێکی زێڕین لە چەشنی برگەیەکی کاتیی بۆشایی هێز ئەکەوێتە بەردەست کورد کە ئەتوانێ تاکوو بەهێزبوونەوەی حکوومەتی ناوەندی وەها ئەزموونێکی دێموکراتیک و دەوڵەمەند لە کوردستانێکی ئاوەدان بەدەستەوە بدات کە بتوانێ گەرەنتییەکی نێودەوڵەتیی بۆ وەرگرێت. بەڵام ئەمە تەواوەتییەکی یەکپارچەی لە کورد پێویستە، تەواوەتییەکی کۆنکرێت کە کورد خۆی و دنیای دەرەوە بتوانێ بڵێ ئەمە کوردە ئەمەش نوێنەرەکانیەتی. بەداخەوە ئێستە کە ئەڵێین کورد، ئەم کوردە لە ئنتزاعیترین حاڵەتی خۆیدایە! کورد کێیە؟ دێموکراتە؟ کۆمەڵەیە؟ پەژاکە؟ پاکە؟ خەباتە؟ کورد کێیە؟ هەموو ئەم هێزانە کوردن بەڵام هیچیان هەموو کورد نین. ئەی کە ئەڵێین کورد مەگەر ئەم کوردە بە کۆنکرێتی دەلالەت لە کۆی هەموو ئەمانە ناکات؟ مەگەر لای ئەوی تری کورد هیچ جیاوازە تۆ کۆمەڵەی یان پەژاک؟ مەگەر بێتوو شەڕ ڕوو بدات هەموومان بە یەک دار ڕاو نانێن؟ فرەچەشنی و فرەحیزبی بەدڵنیاییەوە دیاردەیەکی باش و پێشکەوتوو و دێموکراتیکە بەڵام ئایا عەقڵانییەتێک لەمەدا بەدی دەکرێت کە لەم بارودۆخەی ئێستەدا کە کوردستان داگیر کراوە و ئێمە ئەساسەن جوگرافیایەکمان بەدەستەوە نییە، کۆی هێز و پوتەنشێڵی موبارزاتی کورد لەنێوان زیاتر لە دە حیزبی گەورە و بچووکدا دابەش بووە کە سەرەڕای ئەوەی لە پێڕەو و پڕۆگرامی هەموو ئەم حیزبانەدا سێ جیاوازیی جەوهەری و چارەهەڵنەگر بۆ کار و پڕۆژەی هاوبەش بەدی ناکرێت، بەڵام لە کردەوە و سیاسەتدا پڕۆژەکانیان نەک هاوتەریب نییە بەڵکوو یەکبڕ و هەریەکەو ڕووی لە لایەکی جیاوازە. هەر هەموو ئەو لایەن و گرووپە ئینسانییانەی سەر بە ڕۆژهەڵاتن و ناویان حیزبە بە گەورە و بچووک و کۆن و تازەوە، لەسەر پرسە سەرەکییەکان بریتی لە پرسی ژنان، ئازادیی ڕادەربڕین، پرسی نەتەوەیی و جیایی دین لە سیاسەت لەگەڵ یەک کۆکن، ئەی کەوایە هۆکاری هەبوونی ئەم هەموو حیزبە هاوشێوەیە کە هەوڵ ئەدەن هەرچۆنێک بووبێت بڵێن ئێمە جیاوازین چییە؟ سەرەکیترین هۆکاری جیاکەرەوەی ئەم حیزبانە نەک پرس و پرەنسیپە سەرەکییەکان بەڵکوو فۆرم و شێوازی ئابووریی ئیحتماڵییە

هەوڵێکی کتێب

بۆ حوکمرانی لە داهاتووی ئیحتمالی لە کوردستاندا. سۆسیالیزمی دێموکراتیک، سۆسیال دێموکراسی، حکوومەتی کرێکاری و کۆدار ئەو چوار چەمکە سەرەکییەن کە هۆکاری جیاوازیی حیزبەکانی کوردستانن کە هیچکام لەم چەمکانە پێیان لەسەر عەرزی واقیع نییە و هەموویان لە وەهمدا دەژین کە دواتر دێمەوە سەر باسی ئەم چەمکانە کە بۆچی پێیان لەسەر عەرز نییە بەڵام ئێستە ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو پرسیارە کۆنە بێ وڵامە کە بۆچی کورد ناتوانێت وەکوو تەواوەتییەکی تەواوبوو، گشتییەتێکی یەکگرتوو، نەتەوە بێت؟ چەمکی دەوڵەت-نەتەوە چەمکێکی مۆدێرنە و جگە لە نەتەوەی هۆڵەند و بریتانیا، کۆی هەموو دەوڵەت-نەتەوە مۆدێرنەکانی دنیا لەدوای شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە (١٧٨٩) بەدی هاتوون. بە شکڵگرتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەکردنی بەرەبەرەی سەرمایەداری و بازرگانی لە هەناوی فیئۆدالیزمدا چیتر ئەو سیستەمە کۆتوبەند بوو لە ملی ئابووری و ژیانی خەڵکدا، کابرای بازرگان بۆ ئەوی کاڵاکانی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، ئەبوو لە چەند شوێنی جیاواز باج بدات بە چەندین دەسەڵاتی خۆجێیی و ئەمەش جگە لە کڵێسە بوو. خەڵک هەستیان بە پێویستیی هەبوونی بازارێکی تاقانە، زمانێکی تاقانە و دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز و سوپا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵک و بازرگانی کردبووە. بەڵام کۆمەڵگا ئاسیاییەکان بەم پرۆسەیەدا تێنەپەڕیون. مشتوومرێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی ئەساسەن لە ئاسیادا فیئۆدالیزم ئەزموون نەکراوە و بەڵکوو شێوەیەکی تایبەت لە بەرهەمهێنان هەبووە ناسراو بە شێوە بەرهەمهێنانی ئاسیایی. هێگل فەلسەفەی مێژووی خۆی بە «جیهانی ڕۆژهەڵات»ەوە دەست پێ دەکات، کە مەبەستی ئەو لە جیهانی ڕۆژهەڵات، چین و هێند و پاشایەتیی دێرینی ئێرانە. ئەم بەشە بە شارستانییەتی وەستاو [sta-tionary] دەزانێ، واتە کۆمەڵگاگەلێک کە گەیشتوونەتە پنتێکی دیاریکراو لە کاملبوون و لەوەدوا جووڵەیان نەکردووە. هێگل ئەم جیهانە «بەدەر لە مێژووی جیهان» وەسف دەکات و کەمترین بایەخیان پێ دەدات و لای وایە لە ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی جیهاندا پشکێکی ئەوتۆیان بەر نەکەوتووە و، لەبەرانبەریشدا لەو ڕەوتەدا هیچ دەورێک ناگێڕن. دواتر مارکس و ئینگێلس گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە لە ئاسیا و باکووری ئەفریقا، شێوەیەکی بەرهەمهێنان لە ئارادا بووە، جیاواز لە فیۆدالیزم و ناویان نا شێوەبەرهەمهێنانی ئاسیایی. بەپێی تیۆریی مارکس و ئینگێلس، سێ تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم کۆمەڵگایانە بوون لە:

١ بەهۆی تایبەتمەندیی سروشتی و پرسی ئاو و ئاویاریی ئەم ناوچانەوە پێش ئەوەی کۆمەڵگا چینایەتی ببێتەوە و دابەش بێت بەسەر چینەکاندا، دەوڵەتی بەهێزی موتەمەرکز و ناوەندی شکڵی گرتووە.

٢ خاوەندارێتیی تایبەت وەکوو کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بوونی نەبووە و خودی دەوڵەتی ناوەندی خاوەنی هەموو زەوی و زار بوو و خودی ئەم دەوڵەتە ڕێگر بوو لە گەشەکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت خۆی ببوو بە جێگرەوەی چینی حوکمڕان.

٣ سەقامگیرییەکی نەگۆڕ لە گوندەکاندا بوونی هەبووە، ئەگەر حکوومەتی ناوەندی لە درێژەی هەزاران ساڵدا سەدان جار دەستاودەست کرابێت، شەڕی ناوخۆ بووبێت، وڵاتانی دراوسێ هێرشیان هێنابێت، گوندەکان کە پێکهاتەی سەرەکیی ئینسانی و ئابووریی ئەم وڵاتانە بوون هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکیان بەخۆیانەوە نەدیوە. ئەوەتا گوندەکانی ئەم ناوچانە لە چینەوە بگرە تا ڕووسیا و سەرانسەر ئیمپراتۆرییەتی ئێران و عوسمانی تا چەند دەیە پێش ئێستە ڕێک وەکوو هەزاران ساڵ پێشتر ژیان و بەرهەمهێنانیان دەکرد. هەربۆیە ئەم کۆمەڵگایانە، چ وەکوو تاک یاخود بەشێوەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ دێمۆکراسی و پێویستیی دەوڵەتی مۆدێرن نامۆ بوون.

دیاره ئێستا ئیتر موناسباتی کالایی و سەرمایەداری باڵی کێشاوە بەسەر هەموو جیهاندا و ئەم شێوە بەرهەمهێنانی ئاسیاییە کۆتاییی هاتووە، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە کە بۆ ناسینی واقیعی مادی و تەنانەت سایکۆلۆژیکی ئەم کۆمەڵگایانە، پێویستە بزانین بە چ ڕەوگەیەکدا تێپەڕیون و بوونەتە سەرمایەداری. ئەم بەشە لە جیهان بووەتە سەرمایەداری، بەڵام ئەوەی کە بە فیۆدالیزمدا تێنەپەڕیوە و ڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانی ئاسیاییەوە پێی ناوەتە ناو سەرمایەداری بووەتە هۆی ئەوە کە سەرمایەداریەکی تایبەت و جیاواز ئەزموون بکەن. چین خەریکە ئەبێت بە گەورەترین ئابووریی جیهان، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە دێمۆکراسیی بورژوایی نەهادینە بکاتەوە و دیسپۆتیزم یان ئیستبداد لە ڕەگ و خوێنیاندایە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (CPJ) چین گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەوانانە، هەر لەم ڕاپۆرتەدا پلەی دووهەم هی تورکیایە، پلەی سێیەم سعوودییە و میسر و پاشان ئێران و قییەتنام و ئیریترەیە. تەنانەت یەکێتیی سۆڤیەت کە گەورەترین شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانی بەخۆیەوە بینی دواجار ستالینیزم و دیاردەی گولاک و قەتڵوعامی خەڵکی لێ کەوتەوە و هەتا ئێستاش نەیتوانیوە ئیستبدادی شەرقی تێپەڕێنێت. هەروا کە ئەبینن ئەم کێشەیە گەورەتر لەوەیە بەس بۆ کوردستان و ئینسانی کورد دابەزێندرێت، بەڵام خودی ئەم تیۆرییە دەتوانێ کێشەی تێنەگەیشتنی کورد لە گرنگیی چەمکی کورد و هەڵسوکەوت وەکوو ئەندامی نەتەوەیەک و پابەندبوون بە شوناسی نەتەوەیی پێش شوناسی حیزبی ڕوون بکاتەوە. کوردستان بەشێک بووە لە ئێرانێک کە هەتا ئێستاش دێمۆکراسیی بورژوایی بەخۆیەوە نەدیوە. لەڕاستیدا ئێران و عوسمانی باشترین نموونەن بۆ تێگەیشتن لە تیۆریی بەرهەمهێنانی ئاسیایی. ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتە ڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانی ئاسیاییەوە لەژێر کاریگەریی گوتاری ڕۆژاوادا و بە خواست و هێزی ئەوان هەوڵیان دا بۆ بونیادنانی دەوڵەت—نەتەوەی مۆدێرن، بەڵام بەبێ ئەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان شکڵیان گرتبێت و بە هەمان پڕۆسەی مێژوویی ڕۆژاوادا تێپەڕیبێتن و لە سەرەوە و لەغیابی دێمۆکراسی و لەڕێگەی زەبروزەنگ و سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە کێشەی کورد هەر لە ئەساسدا، لە لایەکەوە بەرهەمی ڕاستەوخۆی شێوەبەرهەمهێنانی ئاسیاییە و لەلایەکی تریشەوە دەستێوەردانی ئیمپریالیزم بۆ بەسەرمایەداریکردنی ئەم وڵاتانە لە سەرەوە. گومان لەوەدا نییە ئەگەر بەدەوڵەتبوونی ئێران و تورکیا و دەوڵەتانی تری ناوچەکە لە بەرژەوەندیی سەرمایەی جیهانیدا نەبووایە، هەتا ئێستاش هەر میرنشینی و ئیمپراتۆرییەت لەم ناوچانەدا بەردەوام بوو. ئەم وڵاتانە بە خواست و زەبری ئیمپریالیزم و لەپێناو بەرژەوەندیی ئەواندا بوون بە دەوڵەتنەتەوە بەڵام کورد نا. جێی ئاماژەیە ئەگەر تەنانەت سەرەتای وشیاریی نەتەوەیی کورد بە کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان دانین، وشیاریی نەتەوەیی کورد وەکوو خواست بۆ دەوڵەتی مۆدێرن ماوەیەکی زۆر کورت دوای فارسەکان ڕووی داوە. ئەگەر تەنانەت لەوەشدا کورد خۆی بە تاوانبار نەزانین کە بۆچی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و سەردەمی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەکان نەبووە خاوەن دەوڵەت، سەردەمێک کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ بە شێوەی دەوڵەت نەتەوە ئێمە لەسەر نەخشەی ئەوروپا دەیانبینین، بریتی لە ئەرمەنییەکان، گورجییەکان، لیتوانییەکان و خەڵکانی دیکەی کەنارەی باڵتیک، بزووتنەوەی یەهوودییەکان، بزووتنەوەی مەکدوونییەکان و ئاڵبانییەکان لە ناوچەکانی باڵکان، ڕوتنیەکان و کۆڕۆواتەکان لە ئیمپراتۆریای هابزبورگ، بزووتنەوەی باسک، کاتالان، وەڵش و تەنانەت یەکەم هێماکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، زۆربەیان تا ساڵی ١٩١۴ تەنها لە فۆرمی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیدا بوون کە لەڕێگای ناسیۆنالیزمی زمانییەوە هەوڵیان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت یان لانیکەم چەسپاندنی فەرمیەتی دەوڵەتێک بۆ ئەو زمانە بوو. هێشتا

لام وایـه بەشـێوەی ئیمانێنـت (درونمانـدگار) هـۆکار و ڕێگا چـارەی ئەوەی پاش سـەدەیەک کـورد نـەک نەیتوانیـوە لـە هیـچ پارچەیەکـدا ببێتـە دەوڵـەت بەڵکـوو ئەساسـەن ئینسـانی کورد هەمان ئینسـانی سەردەمی میرنیشینییە هـەر لەنـاو سـایکۆلۆژیای خـودی کورددایـە. ڕەوشـی ئەمـڕۆی حیزبایەتـی، دریـژەی هەمان سەردەمی میرنشینییە؛ ئەو سەردەمە میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سـۆران، بۆتان و هتدمان هەبوو ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە، کۆمۆنیسـت، پـژاک، پـاک و هتدمـان هەیە. ئەمڕۆ شوناسـی حیزبـی و بەرژەوەندیـی حیزبـی لەپێـش شـوناس و بـــەرژەوەندیی نەتەوەییەوەیـە. بـەڵام سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، ئـەم حیزبانـە هـەن و هەریەکـەو کـەم تـا زۆر پێگـەی کۆمەڵایەتیـی خۆیـان هەیـە و لـە ئەساسـدا ئێمەش وەکوو خەڵکی ئاسـایی هەمانە و نیمانە هەر ئـەم حیزبانـەن. لێرەدایە کـە ئەگەڕێینەوە بـۆ دیـاردەی فرەچەشـنی و فرەحیزبـی کـە ئەساسەن من بەباشی ئەزانم بەڵام بە مەرجێک ئەڵقەیەکـی پێوەندیـدەر لەنێوانیانـدا هەبێـت و هەمـوو پێکەوە گشـتییەتێک پێـک بهێنن کە کـورد خۆی و دنیـای دەرەوە بڵێ ئەمەیە کورد. وەک لەســـەرەوە وتـــم سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک، سۆســـیال دێموکراســـی، حکوومەتـــی کرێـــکاری و کۆدار ئـــەو چوار چەمکە ســـەرەکییەن کە هۆکاری جیاوازیی حیزبەکانی کوردســـتانن بەڵام با بزانین بۆچی هیچکام لەم چەمکانە پێیان لەســـەر عەرزی واقیـــع نییە و هەموویان لـــە وەهمدا دەژین. ئەگـەر بمـەوێ هـەر لـە سـەرەتادا کۆتایی بەم بەڵگاندنـە بێنـم و لـە کۆتاییـەوە دەسـت پـێ بکـەم پێویسـتە هەموولایەک بزانـن ئەگەر ئەم حیزبانە قایل بە دێموکراسـی بـن دواجار ئەگەر کـورد لـە ئێران دەسـتکەوتێکی هەبێـت، چ بە شـێوەی فێدراڵی چ بە شێوەی سەربەخۆیی، بە بـێ هیچ چەندوچوونێـک ئەبێ هەموویان بچنە نـاو پەرلەمانـەوە و دەوڵەتی ئێتلافی پێک بێنن. واتـە ئەمـڕۆ فلانە حیزب خۆی بە هەر شـتێک پێناسـە ئەکات دواجار ئەبێ لەناو گشتییەتێکدا ڕۆڵ بگێڕێـت. پرسـیارە گەورەکـە ئەوەیـە ئەی مـادام ئێمـە ئەبـێ دواجـار هەر ئەو گشـتییەتە پێـک بهێنیـن ئەمـڕۆ بـۆ پێکی نەهێنیـن؟ کە ئەگەر ئەمە نەکەین ئەساسەن ئیحتمالی ئەوەی کـورد دەسـکەتێکی هەبێـت لـە تەمومژدایـە. ئێسـتە بـۆ ئـەوەی بیانوویـەک بـۆ پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو، تەواوەتییەکـی تەواوبـوو، گشـتییەتێکی یەکپارچـە نەمێنێـت بڕێـک تـەزادەکان و ناکۆکییەکانـی نێـوان ئـەو چـوار چەمکـە لێـک دەدەمـەوە.

کـۆمـــەڵەی کۆمۆنیســـت حکوومەتـــی کرێـــکاری:

لەسـەر ئـەم بابەتـە سـاڵی ٢٠٢٠ وتارێکـی تێـر وتەسـەلم لـە دوو بەشـدا نووسـیوە کـە لە ماڵپـەڕی قەڵەمـدا بەردەسـتە، بـەڵام لێـرەدا بەکورتـی ئەگـەر ئەمـڕۆ تاکـە حیزبێـک لـە کوردسـتاندا هەبووایـە، حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران و کوردسـتانیان لەوپـەڕی ئاشـتی و ئارامیدا تەسـلیمی بکردایە، هێشـتا نەیدەتوانی حکوومەتـی کرێکاری دامەزرێنێت. یەکەم لەبەر ئـەوەی سۆسـیالیزم لـە یـەک وڵاتـدا ئەزموون کـراوە و لاشـم وانییـە کۆمەڵـەی کۆمۆنیسـت بەنیازی ئەمە بێت، پاشـان لە ئاسـتی جیهانیدا سـەرمایەداری پاشەکشـێی تـەواوی بـە بەرەی کار کـردووە و لـە سەرانسـەری مێتڕۆپۆڵـدا شـتێک بەنـاوی بزووتنـەوەی کرێـکاری نەماوە. سـەرمایەداریی جیهانـی بەرەەمهێنانی دابەش کـردووە، بەشـێ تێکنۆلۆژیکی بەرەەمهێنان کە کەمتریـن هێزی کاری پێویسـتە لە مێتڕۆپۆڵدا هێشـتۆتەوە و ئەو بەشـەی زیاترین پێویسـتیی بـە هێـزی کار هەیـە، بردووەتە ئەو شـوێنانەی کەمتریـن ڕێکخسـتن و نەریتی کرێکاریی لێیە وەکـوو چیـن و هینـد. سـەرمایەداری ئەمـڕۆ ئیمکانـی مانگرتنیشـی لـە بـەرەی کار گرتووە واتـە وای کـردووە کـە تەنانـەت کالایەکـی سـادەی مەسـرەفی لـە چەنـد وڵاتی جیـاوازدا بەرەـەم دێـت بـە شـێوەیەک کـە مانگرتـن لە وڵاتێکـدا ناتوانێـت کـۆی بەرەەمهێنانـی ئـەو کالایە بوەسـتێنێت یاخود ئەساسـەن ئەتوانێت کـۆی هێڵـی بەرەەمهێنانـی کالایەک سـواری کەشـتی یـان تەیـارە بکات و لەمسـەری دنیاوە

بیبات بۆ ئەوسەری دنیا. ئەمەش جگە لە فەراهەمبوونی ئیمکانی رۆبۆتیزاسیۆنی کۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتییە. بەداخەوە لە ئێستادا بەرەی کار لە ئێران و هەموو جیهاندا لە لاوازترین ڕەوشی خۆیدایە و ئاسۆی سۆسیالیسم هیچ ڕوون نییە. کەواتە کۆمەڵەی کۆمۆنیست دواجار هەر ئەبێ بچێتە پەرلەمان. بەڵام وەکوو خۆم لەسەر ئەو باوەڕەم کە لایەنێکی کۆمۆنیست و پێشڕەو لە ئۆکسیجن زەروورترە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات و ئەتوانێ دەوری سوپاپ ئیتمینانێک بگێڕێت کە ڕۆژهەڵاتیش بە دەردی باشوور نەچێت و ئەرکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەی کۆمۆنیست ئەوەیە کە جەخت و تەئکید بکاتەوە لەسەر خاڵە پێشکەوتووەکانی هێزەکانی تر و زۆر چالاکانە بەشداریی پێکهێنانی گشتییەتێکی یەکپارچەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بکات.

حیزبی دێموکرات – کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان سۆسیالیزمی دێموکراتیک – سۆسیال دێموکراسی

سۆسیالیزمی دێموکراتیک و بە گشتی نامیلکەی کورتەباس لەلایەن بەڕێز قاسملووەوە لە کۆنگرەی شەشی دێمۆکراتدا پێشکەش و پەسند کرا و بوو بە "بەشێکی گرنگ لە ڕێبازی" ئەو حیزبە، بەڵام حیزبی دێمۆکرات هەرگیز پراوپڕ بەشێوەی عەینی و مێژوویی ئەو چەمکەی پێ هەزم و قبووڵ نەکرا. تەنانەت لە ئەساسنامەی "کۆنگرەی شانزە"ی دێموکراتیشدا ئاماژە بە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک دراوە، بەڵام تەنها لە دوو پاراگرافدا و زۆر زوو تێپەڕ و هاکەزایی. سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک و سۆسیال دێموکراسی هەردووکیان یەک بەرنامە و پێڕەوپڕۆگرامی یەکسانیان لێ دەکەوێتەوە. هەرچەند بەپێی ئەزموونی عەینی و مێژوویی، حیزبە سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئەوروپا و باس و مشتوومڕێک کە لەم دواییەدا لەسەر ئەم دوو چەمکە ساز بووە، باس لەوە دەکرێت سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک چەند پلە لە سۆسیال دێموکراسی چەپتر و ڕادیکاڵتر. واتە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک دواجار وەکوو بەرنامەی دریژخایەن باوەڕی بە عبوور و تێپەڕین لە سەرمایەداری هەیە، بەڵام سۆسیال دێموکراسی نا. ئەوەی پەیوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە بێت ئەوەیە کە لەوانەیە بە ڕواڵەت سۆسیالیزمی دێمۆکراتیکی دێمۆکرات (تەنانەت ئەگەر پێیشی پابەند بن!) بڕێک ڕادیکاڵتر بێت لە سۆسیال دێموکراسیی کۆمەڵەکان، بەڵام مێژوو نیشانی داوین کە ئەم بەرنامانە ناتوانن سەرمایەداری تێپەڕێنن و هیچکام لەم سێ حیزبەش وەها ئیدعایەکیان نەکردووە.

پژاک -کۆدار:

کۆدار یان کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیک سیستەمێکی گشتگیرە کە پێویستی بە بۆشاییەکی ڕەهایە تاکوو تێیدا دامەزرێت. ئەگەر قەزاوەت لەسەر نەتیجەکەی نەکەین وەکوو نموونە ئەتوانین ڕۆژاوا ببینین کە هیچ حیزبێکی تری لێ نەبوو و پەیدە بە ئاسانی دەستی بالای هەبوو و توانی یاخود خەریکە هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمە بەڵام لە جوگرافیایەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتدا کە حیزبەکانی تر بە حەفتا و پەنجا ساڵ مێژوو و هەزاران شەهید و نەریتێکی دوورودرێژەوە بوونیان هەیە ئەم شێوە لە پێشکەشکردنی سیستەم ئەتوانێ ناکۆکی و شەڕی ماڵوێرانکەری بەدواوە بێت. ئەڵبەت بە خۆشحاڵییەوە پژاک لەم دواییانەدا کۆمەڵێ سیگناڵی باش و پۆزەتیڤی نیشان داوە کە ئیرادەی مەیلەو یەکگرتوویی و کار و پرۆژەی هاوبەشە. وەکوو خۆم ئاواتەخوازم پژاک ڕۆڵی ئەکتیڤ و ئەرێنی لەناو گشتییەتی کوردستاندا بگێڕێت. پژاک هەڵگری چەندین خاڵی زۆر پێشکەوتنخوازانە لەبواری ژینگە، پرسی ژنان و کۆمەڵگەی کۆڵکەزێڕینەیە کە ئەتوانن لەناو گشتییەتی کوردستاندا زۆر بەسوود بن. پژاک ئەگەر قایل بە دێمۆکراسی بێت و خۆی لەناو گشتییەتی کوردستاندا ببینێت

هەواڵنامەی گزنگ

دواجار ئەبێ هەر بچێتە ناو پەرلەمان. سەبارەت بە هەر چوار چەمک و شێوازەکە هەمووان ئەبێ بزانن، وای دانێین هەر ئێستا کورد کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵات بگرێتە دەست و بە زۆرینەی دەنگی هەموو حیزبەکان سۆسیال دێمۆکراسیی پارلمانی پەسەند بکەن، بێگومان ئاستی چەپ و ڕادیکاڵبوونی سۆسیال دێمۆکراسییەکە نەک بە حەز و مەرامی ئەم لایەنانە بەڵکوو ئیمکانات و واقعییەتە مادی و ئابووریەکانی ڕۆژهەڵاتە کە ئەم بابەتە دەستنیشان ئەکات. واتە ڕێژەی داهات و تێچووەکانی دەوڵەتی ئێحتماڵیی کوردستانە ئەڵێ چەندە ماڵیات لە خەڵک بستێنن. بۆنموونە هەبوونی نەوت لە نۆرویژدا ڕێگەی داوە بە سۆسیال دێمۆکراسیی نۆرویژ تەنانەت زۆر ڕادیکاڵتر بێت لە سۆسیال دێمۆکراسیی وڵاتانی دیکەی باکووری ئەورووپا. داخوازیی پێکهێنانی بەرەیەکی یەگرتوو لەلایەن خەڵک و ڕۆشنبیرانەوە شتێکی تازە نییە و لەمەدا تێگەیشتنی خەڵک زۆر پێشکەوتووترە لە حیزبەکان. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم وتارە چرکەساتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بۆشایی هێز ئێمە وەکوو کورد پێویستمان بە کۆی پۆتەنشێلی موبارزاتیی کوردستانە، لە پێشمەرگەیەکی هەژدەسالّی بە ورەی پاکەوە بگرە تاکوو پیرێکی بەئەزموونی شەڕی چریکیی کۆمەڵە و دێموکرات، لە لێهاتوویی دیپلۆماتیکی عەبدوڵڵا موهتەدییەوە تاکوو دیسیپلینی حیزبی دێموکرات و لێهاتوویی و پشتی جەبهەی پەژاک. ئەم حیزبانە لەگەڵ ئەوەی وەک وتم هیچکامیان سێ جیاوازیی جەوهەری و چارەهەڵنەگریان پێکەوە نییە بەڵام بوون و مەوجوودییەتێکی جیاوازی میژوویی هەیە و بڕێک خۆشبینانەیە کە بمانەوێ هەموویان پێکەوە لەیەک فۆرمدا کۆ ببنەوە بەڵام پێشنیارم بۆ نوخبەی سیاسییەکان ئەوەیە بیر لە ئەڵقەیەکی پێوەندیدەر بکەنەوە کە هەموویان پێکەوە گرێ بدات. ڕەنگە وەکوو مێتۆد ئەوەی بیسمارک (یەکگرتنی نەرێنی) لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەدا کردی بۆ کورد کارساز بێت. ئەویش بەم شێوەیە کە با پێکەوە کۆببینەوە و یەک بگرین نەک لەبەر ئەوەی وەکوو یەکین بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە سبەی ڕۆژ هەموومان بەدارێک ڕاو دەنێن. من وەکوو خۆم لام وایە ئەگەر حیزبەکان جەسارەتی دوو هەنگاو بۆ پێشەوەیان هەبێت و لەم قۆناغەدا پەرلەمانی کوردستانی فێدرال لە تەبعید ڕابگەیەنن، ئەتوانێ خاڵێکی دەستپێکی زۆر باش بێت کە تەنانەت تەکلیفی خەڵکی ئێرانیش بەرانبەر بە کوردستان ڕۆشن ئەبێتەوە. ئەگەر ئەمەش نەکەن حەتمەن ئەبێ لە زووترین کاتدا مەجلیسی موئەسسانی کوردستان، پێکهاتوو لە هەموو حیزبەکان بەبێ جیاوازی و کەسایەتییە سەربەخۆکان و ڕۆشنبیران، دابمەزرێنن. ئەمە حاڵەتە ئارمانییەکەیەتی بەڵام بەداخەوە ئەگەر هەر ئەمڕۆ لەو پێناوەدا هەنگاوی جددی و ڕاستەقینە هەڵنەگیرێت، نەک کورد هیچی دەست ناکەوێت بەڵکوو لەو بڕگە هەستیارە کاتییەدا کوردستان ئەبێتەوە بە گۆڕەپانی شەڕ و ناکۆکیی حیزبەکان و دوور نییە گۆمی خوێن دروست بێت. ئەگەر ئەم تەزادە مێژووییانەی نێوان حیزبەکان پێش ئەوەی بچنەوە سەر خاکی کوردستان بە ئەڵقەیەک پێکەوە گرێ نەدرێن، لە کێبرکێ و ناکۆکیی نێوانیاندا ئەو دەرفەتە زێڕینە بەفیڕۆ ئەچێت. بەو پێناسە باوە پۆزیتیڤیستییە لە نەتەوە، کورد نەتەوەیە بەڵام ئەمە کارکردی سیاسی و مێژووییی بۆ کورد نییە. کورد کاتێک ئەتوانێ بەشێوەی بیلفیعل یان دیفاکتۆ نەتەوە بێت کە وشیاریی نەتەوەیی بگاتە ئەو ڕادەیەی هەموو کورد بەپێی ئەو وشیارییە بجووڵێتەوە نەک بەپێی شوناسی حیزبی. کورد ئەگەر نەتوانێ بەهەموو تەزادەکانەوە گشتییەتێکی یەکپارچە پێک بێنێت، نابێ چاوەڕێی ئەوە بکات ئەوی تر پێی بڵێ نەتەوە چونکە نەتەوە نییە. تەنانەت مەسەلەی دیپلۆماسی کە بۆ داهاتووی کوردستان چارەنووسسازە هەر بە پێکهاتنی ئەو گشتییەتە یەکپارچەیە ئەکرێت.

شۆڕشی ژینا، هەنگاوێک بەرەو پێشەوە

ئاکام ڕۆژهەلات

هەواڵنامەی کێبڕ

نەتەوەخـوازی و ڕزگار بـوون لـە کۆلۆنالیسـم لـە سـەرجەم شـەقامەکانی کوردسـتاندا وەک یـەک ڕەنگـی نـەداوە و لـە زۆربـەی شـارەکانی پارێزگاکانـی ئیـلام و کرماشـان و لوڕسـتان، داخـوازی نەتەوەیـی بـە بـەراورد لـە گـەل دوو پارێـزگای سـنە و ئورمیـە کەمتـر بەرچـاو بـوو یـان وەک کوردێـک کە مافی پێشـێل کراوە، چاویان لـــەم شـــۆڕشـــە نـــەکـــرد. پرسـیارێک کـە لێـرەدا دێتـە ئـاراوە ئەوەیـە کـە ئەگـەر شۆڕشـی ژینـا وەکـوو خاڵێکـی لێکگرێدەر چـاو لـێ بکەیـن، کـە بـوو بە هـۆی یەکگرتوویـی زیاتری نەتـەوەی کورد، بـۆ لە ناوچەی کرماشـان و ئیـلام و لوڕسـتان، ئـەو شۆڕشـە لـە بـەراود لەگـەڵ ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان کەمتـر جەماوەریـی بـوو و بـە چ هۆکارێـک ڕەنگدانـەوەی خواسـتی نەتەوەیـی لـەم ناوچانـە لاواز بـوو؟

ڕەخنە گرتن *لە* چەشنێک گەشبینییەوە سەرچاوە دەگرێت، *کاتێک* *لەمەڕ* کەموو کوڕییەکانی *کۆمەڵگای* خۆتان بیدەنگی هەڵدەبژێرن، دووارۆژی ئەو *کۆمەڵگا* زۆر *تاریک* وێنا دەکەن و تەنیا *کاتێک* *ڕاشکاوانە* و *ڕووراستانە* *باسی* *لێوە* دەکەن، *باوەڕی* خۆتان بەو *کۆمەڵگا* و *داهاتووەکەی* *پیشان* ئەدەن. "*شینوا ئاکبە*"

کچێکی سەقزی بە ناوی ژینا ئەمینی لە تاران بەهۆکاری ئەوەی کە سەرکردەکانی ڕێژیم " بدحجابی"یان ناو ناوە دەسبەسەر ئەکرێت و دەبرێ بۆ شوێنێک بە ناوی گەشتی ئێرشاد بۆ لێ پرسینەوە و بەڵێنی لێ سەندن بۆ دووپات نەبوونەوەی بەناو "بدحجابی". بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە دوایی دا دەر ئەکەوێ، دیارە سەری ناوبراو لە لایەن مەئمورانی گەشتی ئیرشادەوە لەو ڕۆژەدا زەبرێکی زۆر توندی لێ کەوتووە و هەر ئەم زەبرەیش ئەبێتە هۆی خوێنڕێژیی لە سەری و پاشان ژینا ئەچێتە کۆما. ڕۆژی بیست و پێنجی مانگی خەرمانان گیانی لە دەس ئەدات و ڕۆژی بیست و شەشەم بە ئامادە بوونی هەزاران کەس لە گۆرستانی ئایچی سەقز بە خاک دەسپێردرێ. ڕێژیم هەر دانی بەوەدا نەنا کە هۆی مردنی ژینا ئەو لێدان و زەبرە بووە کە لە سەری دراوە و زۆر بە بێ شەرمانە پاساویشی بۆ ئەو ڕووداوە دەهێناوە. بابەتی هۆکاری کوژرانی ژینا و کەسانی بکەری ئەم جینایەتە مەبەستی ئەم نووسینە نییە و دێڕەکانی پاشتر دەپرژێتە سەر ڕووداوەکانی پاش شەهید بوونی ئەم کچە کوردە. دوای ئەم ڕووداوە، شۆڕشێکی گشتی لە ئێرانداً لەبەرانبەر ڕێژیم دەستی پێ کرد. زۆربەی شارەکانی ئێران بەتایبەت کوردستان بە ڕژانە سەر شەقامەکان و بە مانگرتن، نارەزایەتی خۆیان لە هەمبەر ئەم درندەییەی دەسەڵاتی تاران دەر بڕی. هەر لە ڕۆژی بە خاک سپاردنی ژینا لە ئایچی سەقزەوە، ئەو شۆڕشە دەستی پێ کرد و بە پێی ئامارەکان بۆ ماوەی حەوت مانگ بە شێوازێکی بەرچاو لە هەندێ شارو بە تایبەت شارەکانی کوردستان بەردەوام بوو، لە هەمانکاتدا بە پێی وتەی شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم شۆڕشەی کە بە هۆی کوژرانی ژینا وە چەخماخەکەی لێدرا، تا هەنووکەیش دریژەی هەیە. لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم ڕاپەڕینە مەزنترین و بەربڵاوترین شۆڕشی شەقام بووە دژی دەسەڵاتی تاران، بەڵام بە پێی ناوچە و شارەکان گروتینی ڕاپەڕینەکەش جیاواز بوو و بە پێی ئامارەکان دانیشتوانی زاگرۆس و خەڵکی بەلووچستان ڕێژەی بەشداریان لە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی وڵاتی ئێران زۆر بەربڵاوتر بوو. لەم ناوچانەشدا ڕێژەی بەشدار بوون وەک یەک نەبووە و بە پێی شار و ناوچەکان ڕێژەی بەشداری خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا جیاواز بووە.

وەک ئاماژەی پێدرا بۆ نەتەوەی کوردیش ئەم ڕاپەڕینە بەربڵاوترین ڕاپەڕینی شەقام بووە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و زیاترین هەستی یەکگرتوویی لە ناو خەڵکی کورددا دروست کرد. لەم پەیوەندییەدا بابەتێک کە سەرنج ڕاکێشە، ئەو ڕاستییەیە کە کوردەکان بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکانیان کەڵکیان لەم خرۆشانەی خەڵک و نارەزایەتییەکان بەرانبەر ڕێژیمی ئێران وەرگرت و زۆر خێرا لە بەشێک لە کوردستاندا دروشمی شەقامەکان باسیان لە مافەکانی نەتەوەیەکی کۆلۆنی کراو دەکرد. وەکوو دروشمەکانی؛ "داگیرکەری ئێرانی تۆ قاتڵی ژینامانی، کوردستان،کوردستان گۆڕستانی فاشیستان، هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش دەمێنێ، بەڵام نەتەوەخوازی و ڕزگار بوون لە کۆلۆنالیسم لە سەرجەم شەقامەکانی کوردستاندا وەک یەک ڕەنگی

نەداوە و لە زۆربەی شارەکانی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لورستان، داخوازی نەتەوەیی بە بەراورد لە گەل دوو پارێزگای سنە و ئورمیە کەمتر بەرچاو بوو یان وەک کوردێک کە مافی پێشێل کراوە، چاویان لەم شۆڕشە نەکرد. پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەگەر شۆڕشی ژینا وەکوو خاڵێکی لێکگرێدەر چاو لێ بکەین، کە بوو بە هۆی یەکگرتوویی زیاتری نەتەوەی کورد، بۆ لە ناوچەی کرماشان و ئیلام و لورستان، ئەو شۆڕشە لە بەراود لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان کەمتر جەماوەریی بوو و بە چ هۆکارێک رەنگدانەوەی خواستی نەتەوەیی لەم ناوچانە لاواز بوو؟ یان بە واتایەکی دروستتر، هۆکاری کەمتر خۆ نواندنی پرسی نەتەوەیی و ڕزگاریی لە دەسەلاتی داگیرکەر لەم ناوچانە چی بوو؟ بۆ ئەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، یەکەم چاوێک لە شێوازی شۆڕشەکە ئەکەین و بە هێنانەوە و ئاماژە پێ کردن بە ئاماڕەکان، دەری دەخەین کە ئەم ناوچانە لەچاو پارێزگاکانی سنە و ئورمیە، کەمتر بەشداریان لەم شۆڕشەدا کرد. بەدوای ئەوەشدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر هۆکاری ئەم مەسەلە ئەبێت. ئێستا چاوێک لە ئاماڕەکان بکەین. پاشان دێینەوە سەر باسەکە. بە پێی ئامار و بەو شوێنانەی ئاماژەمان پێ کرد، لە پارێزگای کرماشان ٢٥ کەس شەهید بوون. لە پارێزگای سنە ٥٩ کەس، لە پارێزگای ئورمییە ٥٥ کەس، لە پارێزگای ئیلام ٣ کەس و لە خورەماوا ١ کەس لە ڕێی ئازادیدا شەهیدبوون. بە دەرخستنی ئاماڕەکان و بە چاوخشاندن بەسەر ڕۆژ ژمێرەکانی ماوەی شۆڕشدا و ئەو گرتەقیدیویانەی لە شۆڕشەکە ماونەتەوە، ڕوون ئەبێتەوە کە لە پارێزگای سنە و ئورمیە ڕێژەی خۆ پیشاندان و لە هەمان کات دا هەڵدانی ئالای کوردستان لە خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام و هێنانە ئارای خواستی ڕزگاریی نەتەوەیی، لە پارێزگاکانی ئاماژە پێ کراو دا بە بەراورد لەگەڵ سێ پارێزگای کرماشان و ئیلام و لۆرستان بەرچاوتر بووە. خاڵی لێکگرێدەری ئەم پێنج پارێزگایە، کورد بوونە. خاڵی جیاوازیشیان ئایینزای دانیشتووانی ئەم پارێزگایانەیە. بەڵام بە چ هۆکارێک کورد بە گشتی وەک یەک نەتەوەی ژێر دەس نەهاتە سەر شەقامەکان و بە یەک دەنگ خوازیاری ڕزگاری لە کۆلۆنالیسم نەبوو؟ ئێمەی کورد دەتوانین بە دوو شێواز خوێندنەوە لەسەر ڕووداوی ژینا بکەین. یەکەم ئەوەی کە کوشتنی ژینا دەریخست نەتەوەی کورد ڕێکخراوترین و دژبەرترین نەتەوەی چوارچێوەی ئێرانن لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیدا، و هەر کات دەرفەتێک هەبێت زیاترین کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ لە نێو بردنی دەسەلاتی تاران و هێنانەدی ئاواتە نەتەوەییەکانیان. دووهەم؛ ڕێکخستنی زیاتر و پەرەگرتنی هەستی نەتەوەیی و ڕزگار بوون لە دەسەلاتی کۆلۆنالیستی تاران تا هەنووکەیش ڕەگی لە بەشێکی گەورەی کوردستانا دانەکوتاوە و ئێمە بۆ زاڵ بوون بە سەر داگیرکاریدا، پێویستمان بە گوتاری نەتەوەیی هەیە لە سەرجەم پارێزگا کوردستانییەکان. ئەگەر لە دەلاقەی یەکەمەوە چاو لەم ڕووداوە بکەین، دەتوانین بڵێین هەرچەند ئەوە ڕاستییەکەی حاشا لێ نەکراوە کە خەڵکی کورد دژبەرترین نەتەوەی دژی دەسەلاتی تارانن، بەڵام جیاوازیی بەشداربوون و هاتنە ئارای خواستی نەتەوەیی لە کوردستاندا دەکرێ بە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

هێڵێکی ئایینزایی دیاری بکەین، بەو واتایە کە ئاماده نەبوونی زۆربەی ناوچە شیعە نشینەکانی کوردستان لەگەڵ ئەم شۆڕشە بە دروشم و گوتاری نەتەوایەتی کوردییەوە، ئاماژەیە بەو ڕاستیە کە جیاوازیی ئایینزایی بەرچاوترین هۆکاری جیاوازی ئەم ناوچانەیە لەگەڵ یەکتردا. بەڵام ڕوانگەی دووهەم و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە دەتوانێ بەشێکی مەزن بێت لە هەنگاوەکانی گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوایەتی.

لە باری مێژوویییەوە

بەر لەوەی بێینەوە سەر پرسیاری سەرەکی بابەتەکە ئاماژە کردن بە چەند خاڵ لێرەدا پێویستە. دیارە گیان لە دەستدانی ژینا، شۆڕشێکی مەزنی لە کوردستانا دروست کرد، بەچەشنێک کە هاوکات لە گەڵ سەرجەم وڵاتی بەناو ئێران زۆربەی وڵاتانی دنیاشی گرتەوە و دروشمەکانی ئەم ڕاپەڕینە لە زۆر وڵاتی دنیادا و لەسەر شەقامەکان بۆ پشتیوانی لە داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران دووپات کرانەوە. فرەن ئەو شۆڕشانەی لە کوردستان لەهەڤبەر دەسەڵاتی ناوەندی سەریان هەڵداوە و هەرکامەیان خاوەن دەستکەوت و کەموکوڕیی تایبەت بە خۆیانن. ئەگەر زۆر بە کورتی چاو لە سێ شۆڕشی دیارتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین کە لە ماوەی نزیک بەسەد ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە:

ئەلف: شۆڕشی سمکۆی مەزن

ب: کۆماری کوردستان

ج: خەباتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران

یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانیان ئەوەیە کە هەر سێ سەرهەڵدانە مەزنەکە سەرەڕای هەوڵی ڕێبەرایەتی ئەم بزوتنەوانە نەیتوانیوە لە ناوچەی سوننەنشینی کوردستان دەرباز بن، بەو جیاوازیەوە کە قۆناغ لە دوای قۆناغ شۆڕشەکە زیاتر پەرەی گرتووە و پانتایەکی بەربڵاوتری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتوەتەوە بەڵام نەیتوانیوە وەک جەماوەر و خەڵکی ئاسایی ئەم ناوچانە تا هەنووکەیش تەقڵی گوتاری نەتەوەیی بکات. ئەم کەمایەسیە هەرچەند هێچکات لە بەرچاوی هەزری سەرکردایەتی کورددا ون نەبووە بەڵام هۆکاریش بووە بۆ لاوازیی و بێ هێزیی بزووتنەوەیی کورد لە هەمبەر دەسەڵاتی تاراندا. لێرەدا پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستانییەکان کە هیچ کات بانگەشەی ئایینییان نەکردووە و باسی ئایین و ئایینزایان وەک کێشەیەکی کەسیی پێناسە کردووە، بە چ هۆکارێک لە ناوچە زۆرینە شیعەکاندا نەیانتوانیوە هەستی یەک چارەنووس و یەک نەتەوە بوون زەق بکەنەوە؟ لە سەرەتادا، ئاماژە بەم باسە گرینگە کە لە پاش بەدەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی سەفەوی لە ئێران، چەندین پارێزگا کە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، سوننی بوون، بوونە شیعە و ئاڵ و گۆڕێکی ئایینی بەسەر کۆمەڵگا کەدا هات. زۆر بەکورتی ئەوەش بڵێین کە هانری کوربەن، بیرمەندێکی فەرانسی، پێی وایە ئایینزای شیعە، ئایینزایەکی ئێرانییە و خەڵکی ئەم وڵاتە باوەڕ و چوارچێوەی ئیسلامیان بە شێوازێک کە خۆیان پێیان خۆشە گۆڕیوە و لە ڕاستی دا ئیسلامیان ئێرانیزە کردووە. ئەم ئاڵوگۆڕە خۆی وەکوو ئایینزای شیعە لە ئێران دا دەر خستووە. بە باوەڕی نووسەری ئەم وتارە، کوربەن هەموو ناوچەکان و نەتەوەکانی ئێرانی نەخوێندوەتەوە و ئەمەشی لە بەر چاو نەگرتووە کە حکوومەتی سەفەوی بە زۆری

شمشێر، خەڵکی کردووە بە شیعە، بۆیە تووشی ئەم هەڵەیە بووە و هەر بۆ نموونە بە پێی سەرچاوە میژوویییەکان، لە شاری تەبرێز لە ڕۆژێکی جومعە دا سی هەزار کەس ئەکوژێ بۆ ئەوەی نابنە شیعە. ئەم وتەیەی کوربەن ئەکرێت لە شوێنێکی دیکە بە وردی باس بکرێت، لێرەدا بە پێویستمان زانی باسی بکەین بۆ ئەوەی بڵێین بەستێنی فکری بۆ دروست بوونی مەزهەبی شیعە لە کوردستانیشدا بووە و هۆکاری سەرەکی ئەم دروست بوونە، هەم فکری بووە و هەم سیاسی. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر دوو بنەمای شیعە بوون و نەتەوەی فارس دامەزراوە و تا هەنووکەش بە پەرە پێدانی ئەم دوو ڕەوتە لە هەوڵی دڕێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەی دایە، کەلێنی لە نێوان نەتەوەی کورددا دروست کردووە و پێشی بە دروست بوونی هەستی یەک نەتەوە بوون یان یەک چارەنووس بوون لە ناو نەتەوەی کورددا گرتووە. لە بواری ئاینییەوە، جگە لە زوڵم و زۆرێک کە لە کورد کراوە، نەک هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەیەکی دیکە، ئەگەری گۆڕانی دین هەیە و شتێکی ئاساییە هەرچەند لە دڕێژماوە ڕوو ئەدات و بۆ ماوەی کاتی، ئەمرێکی نەکردەیە. لە بواری نەتەوەییشەوە هەوڵ ئەدات کورد وەک پاشکۆ یان برا چکۆلەی فارس پێناسە بکات. دەسەڵاتی تاران ئەمەش وەک پلانی ستراتێژیکی خۆی چاو لێ ئەکات و هەوڵی بەرگرتن بە یەکگرتوویی کورد ئەدات. بە بۆنەی ئەم جیاوازییە ئایینییەوە جۆرێک سەر لێشێواوی لە ناوچەکانی کوردستاندا دروست بووە. کورد شیعەیە یان سوننییە؟ کوردە یان ئێرانییە؟ دەی بەم کێشانەوە کە دەسەڵات سەپاندوویە بە سەر کورددا، ئایا هۆکاری یەکگرتوویی کورد، زمان یان ناوچەیە یان دینە؟ ئەوەی داگیرکەر هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و بەرگرتن بە هاتنە ئارای گوتاری نەتەوەیی لە ناو گەلی کورددا ئەدات، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و لەڕاستی دا بەشێکە لە چییەتی دەسەڵاتی داگیرکەر. لە پاش بەتاڵان بردنی شۆڕشی پەنجاوحەوت لەلایەن مەلاکانەوە، گەلی کورد بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی خەبات هەوڵی وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی داوە. پاش سەرکردنی خەباتی چەکداری لە دەیەی حەفتای هەتاویدا چەند ڕاپەڕینی جەماوەریی لە کوردستان ڕوویداوە کە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو نموونەی دەکەین.

۱ ڕاپەڕینی پاش کوژرانی لاوێکی مەهابادی بەناوی شوانە سەید قادری

۲ مانگرتنی جەماوەریی بۆ مەحکووم کردنی تێرۆری نێودەوڵەتیی دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو لە سالیادی ئەم تیرۆرەدا.

سەرنج دان بەم دوو دژ کردەوە لەهەڤبەر دەسەڵاتی تاران، دەری دەخەن شەقامی کوردی هەنگاو بە هەنگاو پانتایی بەجەماوەریتر کردنی هەستی نەتەوەیی بەربڵاوتر کردووە. بەو واتایەی کە مانگرتنەکانی سالیادی تێرۆری دوکتور عەبدورەحمان قاسملو بە بەراورد لەگەڵ خرۆشانی پاش کوژرانی شوانەی سەید قادری، بەربڵاوتر بووە، بەڵام دیسانیش شار و ناوچە شیعەنشینەکانی کوردستانی وەک پێویست نەگرتوونەتەوە، کەوابوو کێشەکە لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ کوردەوە هەبووە و تا پێش سەرهەڵدانی پاش کوژرانی ژیناش بەچارەسەر نەکراوی مابووەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنجی ئەندامان و پێکهاتەی ڕێبەرایەتی حیزبەکانی کوردستان بدەین هەرچەند جیاوازیی لە ڕادەی بەشدار بوونی کوردەکانی ئەم

ناوچانەدا لە ناو لایەنەکاندا بەدی ئەکرێت، بەڵام بە گشتی ڕێژەی بەشداریی کوردانی ئەم ناوچانە لە ناو لایەنە کوردیەکاندا ڕێژەیەکی یەکجار کەمە، بە بەراورد لە گەڵ حەشیمەتەکەیان. هەروەها ڕاگەیاندنی کوردی و سەرجەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕوونی دەریدەخەن کە ڕێژەی کەڵک وەرگرتن لە زاراواکانی ئەو ناوچانە ڕێژە یەکی یەکجار کەم و لاوازە و ژمارەی ئەو کتێب وبابەتانەیش کە بە زاراوەکانی ناوچەکانی لۆرستان و ئیلام و کرماشان بڵاو دەبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانیان ڕێژەیەکی یەکجار کەمە. ئەگەر بۆ نموونە لە ناو لایەنە کوردیەکاندا، ئاماژە بە حیزبی دێموکرات وەک کۆنترین حیزبی ڕۆژهەڵات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دروشمی ڕزگاریی نەتەوەیی وەک دیارترین داخوازیی ئەم حیزبە خۆی نواندووە لەم بوارەدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ هەرچەند سەرەکیترین خاڵ بۆ ئەم حیزبە کورد بوون بووە و لانیکەم لە پەیڕەو و پڕۆگرامەکەی دا کوردی بێ جیاوازیی چاو لێکردووە، بەڵام نەیتوانیووە وەک پێویست بەسەر ئەم قەیرانەدا زاڵ بێت. نەتەوەی کوردیش وەک زۆربەی گەلانی دیکە پڕە لە زاراوەی جیاواز و ئایینی جیاواز، بیری جیاواز و ... بەڵام ئایا حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان، توانیویەتی ئەم جیاوازییانە و یەک لەوان و بە تایبەت جیاوازییە مەزهەبییەکانی کورد، بە جۆرێک ئاراستە بکات کە دەسەڵات نەتوانێ وەکوو ئامرازێک دژ بە بزووتنەوەی کورد بە کاری بهێنیت؟ ئایا توانیویەتی ئەو جۆرەی لە ناوچە سوننییەکانی ڕۆژهەڵات پەرە بگرێ، هەر بەو چەشنەیش لە ناوچە شیعەکان دا پەرە بستێنێ و خەڵک و شەقامەکەی بەرەو داخوازییە نەتەوەییەکان هان بدا؟ بە دڵنیاییەوە وڵامی ئەم پرسیارە، نا یە و هەر بۆیە سەرهەڵدانی پاش کۆژرانی ژینا هەرچەند هەنگاوێکی بەرەو پێشی دیکە بوو لەم ڕێڕەوەدا، بەڵام وەک باسمان کرد هەنگاوی پێویست نەبوو و سەر لە نوێ کەمایەسی شۆڕشەکەمان لەو بوارەدا بە زەقی خۆی نواندەوە، هەر بۆیە پێویستی بە خۆدا چوونەوە و دارشتنی پلانی کورت ماوە و درێژماوە بۆ هەنگاوەکانی دیکەی شۆڕشی ژینا وەک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر لەم بوارەدا ئەرکی سەرشانی لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکانی کوردستانە. بۆ ڕزگاری لە کۆلۆنالیسم و بەرزبوونەوەی زیاتری هێزی کورد بۆ هەرچەشنە دانووستانێک لە داهاتوو دا، پاش کۆماری ئیسلامی جا لەڕێڕەوی پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆی کوردانەدا بێ یا خود مانەوە لە وڵاتێک بەناوی ئێراندا و بە هاتنە دی مافەکانمان، ئەگەر نەتوانین ئەم یەکگرتوویە لە گشت ناوچەکانەدا پەرە پێ بدەین، ناتوانین وەک پێویست بە مافەکانمان بگەین و جیاواز لەوەی کە دەسەڵاتی تاران پلانی چییە یان لە داهاتوودا چی دەبێ، ئەبێ ئێمە وەک نەتەوەی کورد هەوڵ بۆ بە هێز بوونی گوتاری نەتەوەی لە سەرجەم پانتایی زاگرۆسدا بدەین و لە هەمان کاتدا کەڵک لە جیاوازییەکانمان لە ڕێڕەوی بەهێزتر کردنی گوتاری نەتەوەییدا بگرین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا قورساییمان وەک شایانی نەتەوەکەمانە بێ و چەند قاتی هەنووکە بێت.

کاریگەری پاکتاویی(جێنوسایدی)زمانی و کاریگەرییان لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی (دەڤەری خانەقین بە نموونە)

عومەر عادل عەبدوڵلا

دیارە مرۆڤ بە زمان بیر دەکاتەوە، واتا بیرکردنەوەکانمان دەرهاویشتەی زمانن، لە ئانوساتی پەککەوتنی بیرکردنەوەنماندا، ئەو ڕاستەوخۆ زمان پەککی دەکەوێت، واتا بیرکردنەوە و نووسین کۆڵەکەی زیندوو ڕاگرتنی زمانە. مەرج نییە، هەموو کات جینۆسایدلە ئاستە مرۆییەکاندا خۆی بنوێنێت، وەک: کۆمەڵکوژی وکیمیا بارانکردن و ئەنفالکردن و هتد، بەڵکو هەندێکجار جێنوسایدلە ئاستی کلتووری و کۆمەڵایەتییدا ڕووەدات و پاکتاوکەران هەوڵی سڕینەوەی میژوو و شارستانیەت دەدەن. ئەگەر لە ڕووی خەساری نەتەوەییەوە لێکیبدەینەوە، ئەو پاکتاوە کلتوورییەکان، لە پاکتاوە مرۆییەکان ترسناکترن.

ناونیشانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەدا باسی کاریگەری پاکتاوی زمانی لەسەر زمانی کوردی و دانە فەرهەنگیەکانی زمانی کوردی لە ناوچەی خانەقین دەکەین

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجان لەم توێژینەوەیە، دەرخستنی کایگەرییە خراپ و نێگەتیڤەکانی جینوسایدی زمانی لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیە لە ناوچەی خانەقین.

هۆکاری توێژینەوەکە:

هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ هۆشیارکردنەوە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە دەڤەری خانەقین و خستنەڕووی مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی لەو دەڤەرەدا.

توێژینەوەکانی تر:

لە بواری توێژینەوەی زمانی کوردیدا، چەند توێژینەوەیەک لە مەڕ پاکتاویی زمانییەوە ئەنجامدراوە، هەریەک لەو توێژینەوانە، بە بابەتێک یان لایەنێکی تر زمانەوە پەیوەستی کردووە. ئێمەش لێرەدا بۆ خواست و مەبەستی خۆمان بەکارمانهێناوە.

پێشەکی:

زمانی کوردی چەندین شێوەزار لە خۆ دەگرێت، کە بەسەر زارەکانی زمانی کوردی دابەشبوون، ئەم دابەشبوونە بەهۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی شوێنکەوتە و کۆمەڵایەتییەوە هاتۆتە کایەوە. هەندێک لەوە شێوەزارانە، بەهۆی نزیکییان لە ناوچە سنووریەکانی زمانەکانی ترەوە، ڕووبەڕووی جۆرێک لە مەترسی توانەوە دەبنەوە. دیارە زمانی کوردی لە ناوچە جێناکۆکەکان بە گشتی و دەڤەری خانەقین بە تایبەتی ڕووبەڕووی جۆرێک کزکردن و سەرکەوتکردن بۆتەوە، لێرەدا ئاستی هۆشیاری ئاخێوەر و هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵیکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی زمانی کوردی، ئەگەر ئاخێوەرانی هەست بە مەترسی بکەن. یەکێک لەو هۆکارانە کە شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی تاک تووشی قەیران دەکات نەمان و لە نێو چوونی زمانەکەیەتی. زۆرن ئەو نەتەوانەی کە سەرەڕای مانەوەیان، بەڵام بە هۆی لەنێوچوونی زمانەکەیان، بەو نەتەوەیە هەژمار دەکرێن کە بە زمانەکەی دەدوێن. بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش لە داهاتوودا بەشێک لە نەتەوانە نەبێت، پێویستە هەوڵەکانمان بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی چڕ بکەینەوە. نەمانی زمان و لەناوچوونی، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دۆسیەی نەتەوەیی و نیشتمانی تاک دەخاتە بەردەم پرسیار و گومانەوە، چونکە لە ڕابردوو زمانە گەلێک لەناووچوون، بەڵام وەکو نەتەوە ماوەنەتەوە، کەچی بەهۆی نەمانی زمانەکەیانەوە، بەو نەتەوە هەژمار دەکرێن کە بە زمانەکەی دەدوێن. بۆ ئەوەی ئێمەش بەشێک نەبین لەو نەتەوانە لە داهاتوودا، پێویستە مشووڕێکی زمانەکەمان بخۆین لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانەوە.

زاراوە و دەستەواژەی پاکتاوی زمانی:

جینۆساید، زاراوەیەکی دیار و بینراوی نێو کۆمەڵگەی کوردییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە تاڵ وخراپانەی کە کۆمەڵگەیە کوردی لەگەڵ ئەم زاراوەیەیدا هەیبووە. لە بەرانبەر ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردییدا: چەند زاراوەیەک داتاشراوە، کە بەشێوەیەکەی گشتی هەمان مەبەست دەپێکن، وەک: پاکتاوکردن، کۆمەڵکوژی، ڕەشەکوژی، گەلەکوژی، هتد، ڕەگی "زاراوەی جێنۆساید(Genocide) لە دوو بڕگە پێکهاتووە، یەکەمیان(Genos)ی یۆنانی بە مانای ڕەگەز و ئەوتریان (CIDE) ی یۆنانی یان(ceadere) لاتینی مانای کوشتن دەگەیەنێت و بەسەر یەکەوە مانای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە مەفهووماا مەبەست کوشتنی بە کۆمەڵ یان قڕکردن یان کۆکوژییە"(هەژار عەزیز سوورمێ،۲۰۰۶:۲۰).جێنۆسایدی زمانی لە ڕووی زاراوەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا پێدەوترێت(linguicide)، ئێمەش بە پێ تایبەتمەندی زمانی کوردی دەتوانین زاراوەی (زمانکوژی) یان بە دەستەواژەکانی(پاکتاوی

زمانی) یان(قڕکردنی زمانی) ناوی ببەین. زمان، هەمان تایبەتمەندی بوونەوەرێکی زیندووی هەیە، لە دایک دەبێت و دەمرێت و لە ناو دەچێت، بەڵام چارەنووسی لەناوچوون و مانەوەی تاراددەیەک بە دەستی مرۆڤ دایە، چونکە بەکارهێنانی دەبێتە هۆی زیندوو ڕاگرتنی زمانەکە و بە پێچەوانەوە بەکارنەهێنان و پشتگوێخستنی لەلایەن ئاخێوەرانەوە دەبێتە هۆی پووکانەوە و مردنی ئەو زمانە. هەر بۆیە لە پێناسەی مردنی زماندا وتراوە:"مردنی زمان یان لە ناوچوونی زمان بەو زمانە دەوترێت کە دوا کەسی ئاخێوەری ئەو زمانە دەمرێت و کەسی دی دوای خۆی نییە قسەی پێ بکا."(سوداد ڕەسول،۳۸: ۲۰۱۴) بە گشتی کۆمەڵێک هەلومەرج و فاکتۆر لەسەر مردنی زمانێک کاریگەرن. لێرە دەمانەوێت یەک لەو هەلومەرجانە بخەینەڕوو کە ئەویش پاکتاوی زمانییە. پاکتاوی زمانیی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە سڕینەوە و لە ناوبردنی نەتەوەکان. وەهەروەها یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە دەسەڵات و نەتەوە زاڵەکان بەکاری دەهێنن، بۆ کەمکردنەوە مۆرکی نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەک. چونکە زمان وەک گرنگترین کۆڵەکەی شوناسی هەرنەتەوەیەک دادەنرێت. وێرای ئەمە هەرتاکێک بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە دەناسرێتەوە کە یەک لەوان زمانە. ئەگەر خودی جێنۆسایدی "تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی بێت"(د.سالار باسیرە،۲۰۱۳:۶) بێگومان جێنۆسایدی زمانی بەشێکە لەو تاوانکارییە و دەتوانین وەکو تاوانێکی کلتووری و نەتەوەیی هەڵیسەنگێنین, یان ڕوونتر بڵێین: ئەگەر جێنۆسایدی لەناوبردن و کوشتنی بە کۆمەڵ بێت ، ئەوە جێنۆسایدی زمانی، لەناوبردنی دانە فەرهەنگییەکانی زمانە, ئەمەیان زەقترین بەڵگەیە، بۆ ئەوەی قەدەغەکردن و چەوساندنەوەی زمان، بە جێنۆسایدی زمانی ناوزدە بکەین. بەڵگەیەکەی ترمان ئەوەیە کە جێنۆسایدماناى" زیان گەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری کۆمەڵە"(د. مارف عومەر گوڵ، ۲۰۱۰:۲۶) دیارە مرۆڤ بە زمان بیر دەکاتەوە، واتا بیرکردنەوەکانمان دەرهاویشتەی زمانن، لە ئانوساتی پەککەوتنی بیرکردنەوەنماندا، ئەو ڕاستەوخۆ زمان پەککی دەکەوێت، واتا بیرکردنەوە و نووسین کۆڵەکەی زیندوو ڕاگرتنی زمانە. مەرج نییە، هەموو کات جینۆسایدی لە ئاستە مرۆییەکاندا خۆی بنوێنێت، وەک: کۆمەڵکوژی وکیمیا بارانکردن و ئەنفالکردن و هتد، بەڵکو هەندێکجار جێنوسایدی لە ئاستی کلتووری و کۆمەڵایەتییدا ڕووەدات و پاکتاوکەران هەوڵی سڕینەوەی مێژوو و شارستانیەت دەدەن. ئەگەر لە ڕووی خەساری نەتەوەییەوە لێکیبدەینەوە، ئەو پاکتاوە کلتوورییەکان، لە پاکتاوە مرۆییەکان ترسناکترن. چونکە لە پاکتاوی مرۆییدا ڕەنگە چەند هەزار کەسێک لە پاکتاو بکرێن، بەڵام دوای ئەو کەسانی تر لە دایک دەبن و ڕێژەکە تاراددەیەک دێتە باری ئاسایی خۆی، بەڵآم لە پاکتاوە کلتوورییەکان، بناغەی نەتەوەیەک وەک دروشمە نەتەوەییەکان، خاک، وێژە، زمان و داب و نەریت و بۆنە نەتەوەییەکان کە کۆڵەکەی نەتەوەن لە ژێر مەترسی دان. ئەگەر ئەمانە لە ناوبچن، ڕاستەوخۆ خۆدی نەتەوەکەش لەناودەچێت. ئەم جۆرە لە جینۆسایدە، جینۆسایدی کلتوورییە کە " قەدەغەکردنی زمانی زگماک و شێواندنی مێژوو و کلتووری کۆمەڵە مرۆڤێک، یان سڕینەوە شارستانیەت و مێژوو دەگرێتەوە "(گەیلان عەباس، جەبار ئەحمەد، ۲۰۲۱:۸) مەرج نییە، پاکتاوی زمانی بەشێوەیەکی پلاندارِێژراو ئەنجام بدرێت، بەڵکو هەندێکجار بەشێوەیەکەی خۆڕسک و هەڕەمەکی بەڕێوە دەچێت، بۆ نموونە" هەندێ جار ململانێی نێوان زمانەکان جا بە هۆکاری سیاسی بێت یان ئاینی یان هەر هۆکارێکیتر دەبێتە مایەی لە ناوچوونی زمانێک ئەمە زیاتر لە ململانێ سیاسی و ئاینییەکاندا ڕووەدات چونکە هێزی دەسەڵاتدار و براوە لەو ململانێیانەدا بە هەموو

هەواڵنامەی بێبەش

شـێوازێک هەوڵـی سـرینەوەی زمانانی بن دەسـتی خۆی دەدات ئەمە بۆ خۆی دەچێتە قاڵبی جێنۆسـایدی زمانـەوە"(د.دارا حەمید محەمـەد، ۲۰۱۷:۳) کەواتە ڕامیاری و ئایین دوو ڕێڕەوی ڕێگەخۆشـکەرن بۆ سەرهەڵدانی یاخـود ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە پاکتاوە. بـۆ نموونە لە سیاسـەتدا، زمانـی نەتەوەی دەسـەڵاتدار دەبێت بە زمانـی فەرمی وڵات و زمانەکانـی تر پەراوێز دەخرێن. سـەبارەت بە ئاینیش بە هەمان شـێوە. هەندێکجاریش ئـەم پاکتاوە بە ئەنقەسـت ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگـەی بڕیارێکی سیاسـییەوە خوێندن بەو زمانـە قەدەغـە دەکرێـت، ئەمەش بۆ خـۆی کاریگـەری نەرێنی لەسـەر زمانەکە بەجێدەهێڵێت. هاوکات لـە گەڵ ئەوەی کە زمانێـک دەبێت بە زمانـی فەرمی وڵاتێک، زمانەکانـی تر پشـتگوێ و پەراوێز دەخرێن.

یەکە فەرهەنگییەکانی زمان:

بەڵـــێ، بەداخـــەوە. لەناوچـــوون یـــا لـــە ناوبـــردن یانـــی چـــی؟ ئـــەوە ئێســـتا ئـــەو بزووتنەوەیـــە زیاتـــر کـــپ بـــووە، ئـــەو هەمـــوو لاوە خوێنیـــان ڕژا، ئـــەو هەمـــوو ســـەختی و دژواریـــە بـــە ســـەر ژیانـــی خەڵکـــدا هـــات، ئایـــا ئـــەو بزووتنەوەیـــە ســـەرکەوتوو بـــوو؟ بێگومـــان هەنـــدێ دەســـکەوتی سیاســـیی لـــێ کەوتـــەوە، بـــەڵام مـــن زۆر بـــە گومانـــم کـــە ئـــەو بزووتنەوەیـــە بـــەو ئاقـــارە و بـــەو شـــێوەیە دڕێـــژەی هەبـــێ. ئـــەو بزووتنەوەیـــە تەنیـــا کاتـــێ ئەکـــرێ داهاتوویەکـــی گەشـــی هەبـــێ، کـــە خەڵکـــی ناوخـــۆ بـــە شـــێوەیەکی دیکـــە ئۆرگانیـــزە بکرێـــن و هێـــزی سیاســـیی دەرەکییـــش پشـــتگیریی لـــێ بکـــەن. بـــەڵام هیـــچ هێزێکـــی دەرەوەی وڵات نەیتوانیـــوە کاری دیپلۆماســـیی ســـەردەمی بـــکات و چـــالاک بـــێ. باشـــە لـــە گەرمـــەی ئـــەو بزووتنەوەیـــەدا کامـــە ڕێکخـــراوە توانـــی لـــە دەرەوە کاریگـــەر بـــێ؟ کامـــە ڕێکخـــراوە توانـــی خـــۆی وەک ئەلتەرناتیـــڤ و بەدیـــل پیشـــان بـــدات؟ کامـــە ڕێکخـــراوە لـــە نێـــو سیاســـەتی نێونەتەوەییـــدا خـــاوەن کاری لۆبیگەرایـــی سیاســـیی ســـەرکەوتووە؟ ئەگـــەر بڕوانینـــە نەتـــەوە بچووکەکانـــی وەک ئەرمەنســـتان و ئیســـرائیل، ئـــەوکات ئەتوانیـــن هەنـــدێ فێـــری کاری لۆبیگەریـــی سیاســـی و دیپلۆماســـی بیـــن. بـــە گشـــتی چونکـــە زەمینـــە بـــۆ ئـــەو کـــارە گـــەورانـــە خـــۆش نـــەکـــراوە، مـــن ئـــاکامی ئـــەو بزووتنەوەیـــە گـــەش نابینـــم.

هەوالنامەی کتێب

وتوویژ لەگەڵ
عەدنان حەسەنپوور

بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی سەلتەنەتخوازەکان و کەسانی وەک شەهریار ئاهی، لە سەرەتای پێکهاتنی هاوپەیمانییەکان لە شۆرشی ژینادا بە ڕاشکاوی باسیان لەوە دەکرد کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ تاکەکاندا هەڵسوکەوت بکەین نەک لەگەڵ ڕێکخراوە و حیزبەکاندا. پێتان وایە هۆی گرتنەبەری ئەم شێوەیە لە کرداری سیاسی چییە؟ دەکرێ شیکردنەوەی ئێوە لەم بارەوە بزانین؟



با سەرەتا لە یەکەم دەستەواژەی پێناسەهەڵگری ناو پرسیارەکەوە، واتە ئۆپۆزیسیۆن، دەست پێ بکەین. ئۆپۆزیسیۆن لە هەموو حاڵەتەکانیدا، چ ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی لە ناو خودی سیستەمی حکومەتیی وڵاتاندا و چ ئۆپۆزیسیۆنی دەرەکی و خوازیاری ڕووخاندنی حکومەت، پێویستە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی وەک ڕێکخراوە و گەاڵڵە و مانیفێستی ڕوون و دیاریکراو بن. هێزی ئۆپۆزیسیۆن ئامادەیە لەسەر بنەمای پەرەنسیب و مانیفێستەکەی خۆی لەگەڵ هێزە هاوتەریبەکانی خۆیدا کە دەشێت بەپێی زەمەن بگۆڕدرێن، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بچێتە ناو هاوپەیمانییەوە یان بکەوێتە ڕکەبەرایەتییانەوە. بە هیچکام لەم پێوەرانە پاشایەتیخوازان ناتوانن ئۆپۆزیسیۆن (ی کۆماری ئیسلامی) بن، چونکوو نە خاوەنی ڕێکخراوەن و نە مانیفێستێکیان هەیە کە بشێت بە گەرانەوە بۆی گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت. ڕەنگە باشترین ناو بۆ ئەم جەماعەتە «تاقم» یان هەمان «کاڵت» بێت. کاڵت گەرچی فۆرمێکی ژێالتینی و بیچمبەندی نەکراوی هەیە، بەاڵم خۆی بە خاوەنی حەقیقەتی ڕەها دەزانێت و پێوەندیی نێوان خۆی و کەس یان گرووپەکانی تر، لە فۆرمی «سەروەر/بەندە»دا پێناسە دەکات نەک هاوتەریب و هاوکار یان ڕکابەر. دیاریکردنی بەها و هێڵە سەرەکییەکان و بگرە وردەکارییەکان لە دەسەاڵتی خودی تاقمدایە و دواجار هەموو کەس، الیەن، گرووپ و تۆژێک دەبێ خۆی لەگەڵ ئەو بەها/هێاڵنەدا بگونجێنێت، لە دەرەوەی ئەمە بەستێنی «کوفر» دەست پێ دەکات و «الدەر» بە شایانی «تەکفیر» و سزادان دێتە ئەژمار. ئەم تایبەتمەندییانە بە هیچ شێوەیەک لە ناو کایەی سیاسەتدا جێیان نابێتەوە، کە وایە دەتوانین بڵێین ئەو تاقمەیش قەت لە دووتوێی پێناسەی چەمکی ئۆپۆزیسیۆندا جێیان نابێتەوە. هەر بۆیە لە بنەڕەتەوە باسکردن لە ئیمکانی دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵیاندا هەڵەیەکی مەعریفییە. دیارە هەندێ جار درزێک لە نێوان پێناسەی مەعریفی و واقیعی بابەتییانەدا هەیە کە زیاتر لە ڕیالپۆڵەتیک و پرسی هاوسەنگیی هێزدا ڕوو دەدات، واتە واقیعی بابەتی بە جۆرێکە ناچاریت تەعاموڵی هەندێ هێز یان تاکەکەس بکەیت کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەما فیکری و سیاسییەکانتدا یەک ناگرنەوە. ئەگەر لەم ئاستەیشدا سەیری ئەو تاقمە بکەین، دیسان پاشاییخوازان خاوەنی ئەو هێزە گەورە کۆمەاڵیەتییە نەبوون و نین کە وامان لێ بکات بە ناچار مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. ئەگەر لە بەر ڕۆشنایی ئەم کورتەپێشەکییەدا ئاور لە ناواخنی پرسیارەکە بدەینەوە، دەتوانین بڵێین خولیای ئەوان چەسپاندنەوەی دووبارەی هەمان ئەو دۆخەیە کە ئێرانی مۆدێرنی پێدا تێپەڕیوە؛ خستنەوە سەرپێی وڵاتێکی شکستخواردووی ناوندگەرای تاک-نەتەوە. دیارە ئەمەش تەنها لە ڕێگای سرینەوەی هەموو «جیاواز»ەکانەوە دێتە مومکینبوون. چونکوو «جیاوازی» لەگەڵ چەقبەستوویی و ڕەهاگەریی «کاڵت»دا ناتەبایە و دەبێ بسڕدرێتەوە. بەاڵم چونکوو لە دەسەاڵتدا نین، توانای سرینەوەیان نییە، هەر بۆیە پالنی «لەخشتەبردن»یان گرتە بەر، واتە داماڵینی هەموو هێز و الیەنێکی جیاواز لە ڕەوایەتی و متمانە بە مەبەستی دەستەمۆکردنیان و لەوێشەوە دواجار کۆنترۆڵکردنی کۆی ماکی جیاوازی. ئەوان زۆر باش لەوە تێگەشتبوون کە تواندنەوەی ڕێکخراوە و حیزب گەلێ ئەستەم و بگرە ناممکینە، بەاڵم قووتدانی تاکەکەس کارێکی مومکین و بگرە ئاسانە. الوازترین حیزب و ڕێکخراوەکانیش دیسان خاوەنی کۆمەڵێ داموەدزگا و شوێنی لێکدانەوە و بڕیارسازین و

هـەر بابەتێک دەشـێت بـە فیلتـەری چەندەها کـەس و شـوێندا تـێ بپەڕێـت هەتـا بگاتـە قۆناغی بڕیـاردان. ئەمەش ئەگەری قبووڵکردنی بێئەمـاوڵای ویسـتەکانی ئـەوان زۆر لاواز دەکات. بـەڵام تاکەکـەس هەرچەندیش خاوەن توانـا و بەهـرە بێت، دیسـان دەکرێـت بخرێتە ژێـر کاریگەریـی هەمەلایەنـەوە و بـە فێڵ یان بـە هێـز، یـان تێکەڵێـک لـە هەردووکیـان، ملکـەچ بکرێـت. گەڵاڵـەی ئـەوان بریتـی بـوو لـە دامالێنـی نەتـەوە، ڕەگـەز، چیـن و تۆڕەجیاوازەکانـی کۆمەڵگا لـە «نوێنەرایەتـی و نواندنـەوەی ڕێکخراوەیـی» و قوتکردنـەوەی تاکەکەسـەکان و قەبڵاندنیـان وەک نوێنـەر و سـەرۆکی خـاوەن دەسـەڵاتی ڕەهـای ئـەوان. ئـەم سـێلێبێریتیگەرییە هۆکارێکی دیکەیشـی هەبـوو: ئـەوان جیـا لـە سـێلێبێریتییەکی بەناوبانـگ هیـچ شـتێکی دیکەیـان نییـە و ناتوانـن بیانبێـت. لـەو سـاڵانەدا چەندیـن جار پێکهێنانـی ڕێکخـراوە و حیـزب و تەنانـەت گرووپی بچووکی فیکرییـان تاقیی کردووەتەوە و لـە هەموویانـدا شکسـتیان هێنـاوە. ئێسـتە تەنهـا شـتێک هەیانـە سـێلێبێریتییەکەیانە و هیچـی تـر، کـە وایـە تاکـە یـەک ڕێگایـان بـۆ ماوەتـەوە کـە بریتییـە لـە سەرخسـتنی پلانێکـی سـێلێبێریتی-تەوەر نـەک ڕێکخراوە-تـەوەر. ئەمە سروشـتیترین کارێکە کە دەتوانن و ناچـارن بیکـەن، مـرۆڤ لـە سـەر بنەمـای سـەرمایەکەی خۆی ماڵ دەکاتەوە نەک بەپێی سـەرمایەی لایەنـی بەرانبـەر. چـۆن دەکرێـت خـۆت هیـچ ڕێکخراوەیەکـت نەبێـت بـەڵام قبـووڵ بکەیـت ناوەرۆکـی یارییەکـە لەسـەر بنەمـای ڕێکخراوە پێناسـە بکرێت. تێگەیشـتن لـەم هاوکێشـە سـادەیە هێنـدە دژوار نییـە. لێـرەوە ئـەوان بیریان لەوە کـردەوە کە دەتوانن لـە شـازدەکەیان «ڕێبەرێکی کاریزمـا» بەرهەم بهێنـن و هێنـدە قۆرسـایی پـێ ببەخشـن و هێندە سـێبەرەکەی قەبە بکەنـەوە کە هەموان بـە ناچـار بکەونـە ژێـر سـێبەرییەوە و ببـن بـە پاشکۆیەکی ئەو ڕێبەرە بەهەیبەت و دەسەڵاتە. هـەر لـە سەرەتایشـەوە دیـار بـوو کـە هـەم پاشـاییخوازان و هـەم کـۆی بـەرەی پانئێرانیسـت، خولیـای مێژوویەکی سـاختەی قەبەکـراو دەژیـن و دەیانـەوێ سـەرکردایەتیی پرۆسـەی لابردنـی مـەلاکان بگرنـە دەسـتی خۆیـان و پاشـان هەمـان ئـەو کارە بکـەن کـە خومەینـی لـە دوای ٧٩ کـردی؛ واتـە بەڵێنـی دڵفـراوان و ڕازاوەی دیمۆکراتیـک لـە قۆناغـی پێـش سـەرکەوتندا و لـە دوای چوونەدەسـەڵاتیش وەلانانی هەمـوو بەڵێنەکان و سـەرکوتکردنی هەمـوو هاوبەشـەکانی نـاو پرۆسـەی ئاوەژووکردنـەوە (کە ئەڵبەت تەنانەت ئامـادە نەبوون بەڵێنـە فۆرمالیتەکەیش بدەن و هەمـوو شـتیان بـە لێڵـی ئەهێشـتەوە). ئەگەر ئـەوان بـە تەنیـا خۆیـان توانـای ڕووخاندنیـان بوایـەت قـەت بـە خەیاڵیشـیاندا نەدەهـات بیـر لـە دروسـتکردنی هاوپەیمانـی لەگـەڵ یـەک تاکەکەسیشـدا بکەنـەوە. واتـە تەنانـەت خـودی ئەم یارییـە لەگەڵ تاکەکەسەکانیشـدا بـۆ ئـەوان بژاردەیەکـی ناچـاری بـوو نـەک بەرهەمی تێگەیشـتن یان باوەڕێکی بیرلێکراوە. ئەگەرچـی ئـەوان لـە پێداویسـتییەکانی ئـەم گەڵاڵەیـەی خۆیـان بـاش تێگەیشـتبوون، بـەڵام لـە ناسـپنی کۆمەڵـگای ئێـران بـە گشـتی و کۆمەڵـگا و گـرووپ و نەتـەوە پەراوێزخراوەکانـدا بـە تایبەتـی، گەلێ سـاوا و کاڵفـام بـوون. هەمـوو چەکـی ئـەوان بریتـی بـوو لـە پاوانکردنـی میدیـا و هەوڵـدان بـۆ زاڵکردنـی خۆیـان لـە ڕێـگای هێرشـی میدیاییـەوە بـە چەندیـن ئاراسـتە و فۆرمـی جیـاوازدا. بـەڵام قـەت ئەوەیـان نەدەزانـی کـە ئـەم میتـۆدە لـە جیهانـی بەمیدیاییکـراوی هەنووکـەدا ناتوانـێ سـەرکەوتوو بێـت، هەروەهـا هیـچ زانیاریەکیـان لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەو کۆمەڵـگا و خەڵکانـە نەبـوو کـە دەیانویسـت بیانخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە. لـە تێگەیشـتنێکی کاڵفامانـەی دیکەیشـەوە، وایـان دەزانـی کـۆی بەرئەنجامەکانـی شکسـتی کۆمـاری ئیسـلامی لـە قازانجـی ئەوانـدا شـکاوەتەوە و نۆسـتالۆژیای ڕابردوویەکـی نوێنـراوە و سـاختە دەتوانێت بیانکاتـە خاوەنـی زۆرینەی جەمـاوەر، واتـە هیـچ لـەوە نەگەیشـتبوون کـە شکسـتی کۆمـاری ئیسـلامی شکسـتی گشـتێتیی دەوڵەتـی مۆدێرنـی ئێرانیـی فارس-تەوەرە و ئەسـتەمە لەسـەر خۆڵەمێشـی ئـەم دەوڵەتـە، دەوڵەتێکـی دیکـەی بـە ڕواڵـەت جیـاواز بـەڵام بـە نـاوەڕۆک هاوشـێوە بونیـاد بنرێتـەوە کـە هەڵگـری

هەموو تایبەتمەندییەکانی هەمان دەوڵەتی تاک-نەتەوە، ناوەندگەرا و چەقبەستووی پێشوو بێت. کۆی گەڵاڵەکەی ئەوان لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەئامێزی خومەینیی ١٩٧٩ بوو، بەڵام جیا لە هەموو جیاوازییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و جیهانییەکان، گەورەترین جیاوازیی ناوەکیی نێوان پانئێرانیستەکان و خومەینی ئەوەیە کە دەوروبەری خومەینی پڕ بوو لە ستراتیژیستی زیرەک و لێهاتوو کە هەم کۆمەڵگایان باش دەناسی و هەم شارەزای هاوکێشە جیهانییەکان بوون، لە بەرانبەردا دەوروبەری کوری پاشای پێشوو لێوانلێوە لە مرۆڤی گەمژە و کاڵفام کە نەتەنها لە سەرەتاییترین چەمک و زەروورەتەکانی سیاسەتکردن لە سەرزەمینێکی فرەچەشندا تێنەگەیشتوون، بەڵکوو ئاستی گەمژەییان هێندە بەرینە کە زۆرجار تاکە بەرهەمیان دەبێتە دروستکردنی ساتەوەختی کۆمێدی و گاڵتەجارا! هەروەها خودی ڕێبەرەکەیشیان بەتاڵە لە هەرچەشنە بەهرەیەکی کاریزمایی؛ نە خوێندەوارییەکی هەیە، نە وتاربێژێکی بەتوانایە، نە دەتوانێت ئەرکی ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی پڕەوانی بگرێتە ئەستۆ و نە تەنانەت سیمایەکی کاریزماییانەی هەیە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کۆی پرۆژەکەی ئەوان گەڵاڵەیەکی لێکدژ و بێبەری لە پێداویستییە ناوەکییەکانی ئاوا گەڵاڵەیەک بوو، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە پرۆژەی تەیارەکانی تری ناو بەرەی پانئێرانیزم هەر بەم ئاستە کاڵوکرچ و ساویلکانەیە و ناتوانن هیچ سەرکەوتنێک مسۆگەر بکەن، فاشیزم هەمیشە سیحرێکی هەیە کە دەشێت لە ساتەوەختە چارەنووسسازەکاندا خۆی وەک تاکە ئەڵتەرناتیڤ بە جەماوەری سیحرلێدراو بقەبڵێنێت.

لە کاتی بزووتنەوەی ژینادا شێوازێکی پۆپۆلیستی لە دروشمی لایەنە ئێرانییەکاندا دەبینرا کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد دەبێ هەموومان پێکەوە و یەکدەنگ بین تا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، ئەوکات دەکرێ باس لە جیاوازییەکان و ڕژێمی داهاتووی ئێران بکەین. ئێوە پێتان وایە ئەم مێکانیزمە بۆ ڕووخانی ڕژێم گونجاوە؟



مخابن جیاوازی لە نێوان «لایەنە ئێرانییەکان»دا یان هەر نییە یان ئەوەندە کەمە کە بە کردەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام هەر لایەنێک وتی با جیاوازییەکان و پرسی ناوەڕۆکی حکومەت بهێڵینەوە بۆ دوای ڕووخان، بێگومان قەت نایهەوێت ددان بە مافی هیچ کەسێکی تر جگە لە خۆیدا بنێت. ئەمەش بەشێکی دیکەیە لە هەوڵی ئێرانییەکان بۆ پاوانکردنەوەی بەستێنی گشتی و بردنەپێشی گەڵاڵەی فێڵبازانەی خۆیان. بەڵام پێشوەختە با ئاماژە بەوەش بکەین کە گەڵاڵەی «ئەوان» و «ئێمە» دوو گەڵاڵەی جیاوازە کە تەنها ڕەنگە لە بەشی زەروورەتی لابردنی کۆماری ئیسلامیدا یەک بگرنەوە، ئەگینا جومگەکانی تریان گەلێ دوور و بگرە دژبەیەکن. لە ڕاستیدا کۆی ئامانجی ئەوان تەنهاوتەنها ڕووخاندنی حکومەتی ئێستایە، بەڵام ئامانجی ئێمە ئاوەژووکردنەوەی کۆی پێوەندییەکانی دەسەڵات و سیاسەتە لەو جوگرافیایەدا. ئەو دوو ئامانجە هێندە لێک دوورن کە باسکردن لە هاوپەیمانی و یەکگرتوویی زیاتر لە گاڵتە دەچێت تا ویستێکی سیاسی. یەکگرتوویی هەمان «وحدت کلمە»ی خومەینییە کە وەک ناوی ڕەمزێک بوو بۆ سەرکوتکردنی هەموو «ئەویدی»یەکان. کۆبوونەوە و هاوکاریی سەلبی لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی وەک ئێراندا قەت ناتوانێ بەدیهێنەری ئامانجەکان بێت، هاوکاری تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت قبوولکراو بێت کە لە تەنیشت ڕەهەندە سەلبییەکەدا (ڕووخاندن) بیچمبەندییەکی ئیجابییانەیش (دروستکردن و ڕۆنان) وەربگرێت. واتە بەردی بناغەی هەرچەشنە هاوکارییەک لەم پانتا دیاریکراوەدا بریتییە لە ڕێکەوتن لەسەر ئاسۆی دواڕۆژ لە بەرینترین شێوەی مومکینی خۆیدا. ئەو لایەنانە تەنانەت لەسەر بنەڕەتیترین

خاڵەکانیش (مافەکان و فۆرمی بەڕێوەبردنی وڵات) ئامادە نین گفتوگۆ و ڕێککەوتن بکەن و هەموو شتێک دەهێڵنەوە بۆ داهاتوویەکی نادیار، ئەمە ڕێک بەڵێنێکە بۆ جێبەجێنەکردن، یان بە واتایەکی تر جۆرێک «تعلیق به محال»ـە و بە دڵنیاییەوە ئەو ساتەوەختە نەزانراوە قەت نایەتە دی.

ئایا دەکرێ بزووتنەوەی ژینا وەکوو بزووتنەوەیەکی فێمینیستی سەیر بکەین؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێت، ئایا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەردەوامیی خەباتی نەتەوەکەمان لە پێناو ئازادیدا کە ژنانیش دەورێکی بەرچاویان تێیدا هەبووە، ناخرێتە پەراوێزەوە؟



باشترە بڵێین بزووتنەوەی ژینا یان «ژن، ژیان، ئازادی» بزاڤ و گوتارێکی ژنتەوەرە، واتە «ژن» ئەو ماکەیە کە لێوەی دەست دەکەین بە بیرکردنەوە لە چەمکی ستەم و هاوکاتیش دارشتنی گەڵاڵەیەک بۆ سرینەوەی ستەم. ئەم دوانە گرێدراوی یەکدین، واتە بەگژاچوونەوەی هەر ستەمێک پێشوەختە بەندە بە نەخشەکێشکردنی ڕوانگەیەکی مەعریفییەوە لەمەڕ چەمکی ستەم لە واتا گشتییەکەیدا. پێشتریش باس لەوە کراوە کە دارشتنی ئەم گەڵاڵە یان گوتارە، خۆیشی بەندە بە دیاریکردنی خاڵێکی ناوندییەوە کە توانستی بوون بە پێوەر بۆ تێگەیشتنی مەعریفی لە ناواخن و جەوهەری ستەم وەک چەمک و وەک دیاردەی مێژووکردیشی هەبێت. دیارە ستەم فرەڕەهەندە و هەموو تاک و کۆمەڵێک بەپێی ژین-جیهانی خۆی لەگەڵ هەندێ یان گشت فۆرمەکانی ستەمدا بەڕووڕوو دەبێتەوە. پێشکەشکردنی پێناسەیەکی مەعریفی لە ستەم گرێدراوی ڕۆچوونە بە ناخی ئەم چەمکەدا و بۆ ئەمەیش، وەک وتمان، پێویستە خاڵێکی ناوەندی دیاری بکەین. ژن دەتوانێت ئەو خاڵە ناوەندییە بێت، چونکوو نەتەنها بارگاوییە بە هەموو ئەو ستەمانەی دەشێت مرۆڤێک گیرۆدەیان بێت، بەڵکوو ستەمێکی تاقانە و تایبەتیی دیکەیش دەژی کە هەمان ستەمی ڕەگەزی یان جێندەرییە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین گوتاری ژن، ژیان، ئازادی دەقاودەق ئەو شتەیە کە پێویستمان پێیەتی، چونکوو خاڵی دەستپێکمان بۆ دیاری دەکات و دەڵێت بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی مرۆڤ دەبێ لە لاوازترین و ستەملێکراوترین توێژی مرۆڤەوە دەست پێ بکەین کە لێرەدا ژنە. ئەگەر ئاوا سەیری بابەتەکە بکەین جێگای هیچ نیگەرانییەک بۆ کەوتنەپەراوێزی «خەباتی نەتەوەیی» نامێنێتەوە، تەنانەت بگرە بۆشاییەکانی پێشوویشمان لە پرسی ستەمی نەتەوەییدا بۆ پڕ دەکاتەوە و دەمانکاتە خاوەنی ڕێڕەوێکی فیکریی تۆکمە و دەوڵەمەند. دابڕاندنی فۆرمە جیاوازەکانی ستەم لە یەکتر هەڵەیەکی زەق و پرخەسارە کە دەشێت بەردەوام لە ناو قەیراندا بمانهێڵێتەوە و هیچکات ئاسۆی ڕزگاریی هەمەلایەنەمان بۆ بەرهەم نەهێنێت. یەکێکی تر لە دەسکەوتەکانی ژنتەوەربوونی گوتاری سیاسیی کوردستان بریتییە لە ڕەخساندنی ئیمکانی بیرکردنەوەی ڕادیکاڵ لە کێشە و دیاردەکانی جیهانی مرۆڤ. گرنگایەتیی ئەم تایبەتمەندییە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کە بەبێ پشتگوێخستنی حەقیقەت تیدەگەین جیهان زنجیرەقەیرانێکی گەورە دەژی و ئاوا بروات مەزەندەی کۆتایی دونیا و مرۆڤ دەکرێت. قەیرانی ئاوا بنەڕەتی پێویستی بە ڕێگەچارەی بنەڕەتی و ڕادیکاڵیش هەیە و گوتاری ژن، ژیان، ئازادی لەبەر سروشتی ڕادیکاڵی خۆی دەشێت ڕەخسێنەری ئەو ئیمکانە ژیانبەخشە بێت. بە ئاستێکی تر و لە مەیدانی کردەوەیشدا، گەڵاڵەیەکی سیاسی هەتا هەمەلایەنەتر بێت و توانای کۆکردنەوەی بەشێکی زیاتر لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای هەبێ، بێگومان جەماوەریتر و بەهێزتر دەبێت. کە وایە نەتەنها بچووکترین دژایەتی لە نێوان بزاڤی ژینا و بزاڤی نەتەوەیی کوردستاندا نییە، بەڵکوو ئەم گوتار و بزاڤە خاڵە لاواز و

هەواڵنامەی ڕێگا

بۆشەکانی بزاڤی سیاسیی کوردستانیشمان بۆ چارەسەر دەکات.

چاوەڕوان دەکرا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا پێکەوە مەنشوورێکیان هەبایە، پێتان وایە تایبەتمەندییەکانی ئەم مەنشوورە دەکرێت چی بن؟



حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرکات توانییان بەبێ هەڵاواردن و حاشاکردن لە یەکتر پێکەوە دانیشن و یەک بەیاننامەی هاوبەشی سادە دەربکەن، ئەوکات چاوەڕێی شتی گەورەتریشیان لێ دەکەین! بە داخەوە سەرەڕای ئەو سەرمایە گەورە کۆمەڵایەتییەی ڕۆژهەڵات، حیزبەکانمان سەلماندیان کە بە هیچ شێوەیەک لە ئێستەدا توانای هەڵگرتنی ئەرکی نوێنەرایەتیکردن و ڕێبەرایەتیکردنی ئەو خەڵکەیان نییە. با واز لە هەموو باسێکی فیکری و ئەبستراکت بهێنین، خۆ حیزبەکانمان ئەو ئەزموونە گەورەیەی باشووریان لە بەردەستدایە و بە چاوی خۆیان بینیویانە کە ئەو دەرفەتە زێڕینە بە هۆی لێکهەڵپژان و حیزبەوەری و گەندەڵیی یەکێتی و پارتییەوە هێندە لاواز بووە کە مەترسیی هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمیش دەکرێت. خۆ دەبینن تورکیا و ئێران تەراتێنی تیا دەکەن و کێیان بوێت دەیکوژن، کامە کەرتی کۆمەڵگایان بوێت دەستی بەسەردا دەگرن، کامە کۆنسێرت و فیلمیان بوێت دەیبەنە سەر شانۆ... هەر بۆیە ئەم پرسیارە بازدانێکی تێدایە، چونکوو «حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» یەکەیەکی یەکگرتوو نین تاکوو چاوەڕوانی «نووسینەوەی مانیفێستێک بۆ گەلانی ئێران»یان لێ بکەین. بەڵام بەمەشەوە دەتوانین بڵێین کە دارشتنی مانیفێستێکی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی تردا پێش هەموو شتێک پێویستی بە توێژینەوەیەکی وردی کۆمەڵناسانە-سیاسی-ئابووری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هاوکێشە سیاسی- ئابوورییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران هەیە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین گەورەترین پرسی داهاتووی ئێران پرسی نەتەوەکانە، ئەمە هاوکات هەم مەترسییە و هەم دەرفەت؛ دەرفەتە چونکوو دەتوانێت بۆ هەمیشە سیستەمی ناوەندگەرا لە ئێراندا هەڵبوەشێنێتەوە و ببێتە قەڵەمبازێکی گەورە بۆ ناخگیرکردنی دیموکراسی و پێکەوەژیانێکی یەکسان و ڕاستەقینە. هاوکات دەتوانێ هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیش بێت، چونکوو سنووره جوگرافییەکان هێندە لێکتەنراون کە لە نەبوونی گەلاڵەیەکی تۆکمە و وەڵامدەردا دەتوانێ ببێتە مایەی پێکدادان و شەڕی خوێناوی لە نێوان نەتەوەکاندا، بەتایبەتی کە گەورەهێزێکی هەرێمیی وەک تورکیایش چاوەڕوانە شتێک ڕوو بدات و وەک باشوور و ڕۆژئاوا ئەرتەشەکەی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتیش بکات. هەر لەم ڕۆژانەدا بینیمان کە هەواڵێکی سادەی نێو ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکرات لەسەر شاری خۆی چ کاردانەوەیەکی قورسی لای تورکەکان لێ کەوتەوە. لە سااڵنی پێشوویشدا بینیومانە تا کۆڵبەرێک بە تەقەی ڕاستەوخۆ لە هەردوو پارێزگای کوردستان و کرماشاندا کوژرابێت، دە دوازدە کۆڵبەر لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا کوژراون، ئەشزانین کە کۆنترۆڵی ئەو پارێزگایە بە تەواوی لە بندەستی تورکەکاندایە، ئەمانە هەمووی نیشانەی هەبوونی پان-تورکیزمێکی زۆر مەترسیدارتر لە پان-ئێرانیزمی فارسەکانە کە هەم زۆر تووندئاژۆیە، هەم خاوەنی هێزی گەورەی سەربازی و ئابووریە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا و هەم بونیادەکەی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ئەویدی، بەتایبەت کورد، دامەزراوە. ئەگەرچی لە ئێستەدا ئەم درزە کوشندەیە لە هیچ شوێنێکی تری ئێراندا وەکوو کوردستان زەق و ئاشکرا خۆی نەنواندووە، بەڵام بێگومان لە داهاتوودا زۆر بە قورسی دەم دەکاتەوە و دەشێت ببێتە مایەی زنجیرەشەڕێکی چەندلایەنەی ئاڵۆز و خوێناوی، هەر بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بدەینە کێشەی نێوان عەرەب و لور و هەروەها نێوان گیلەک و مازەنی لەگەڵ تورک و فارسدا. کە وایە پێش نووسینەوەی مانیفێست، پێویستمان بە توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە تاکوو

سەرەتا تێبگەین کە لە چ دۆخێکداین و دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەممان دەتوانن کامانە بن، ئینجا لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیەدا بگەینە گەلاڵەیەکی کرداری بۆ ئەم پرسە هەرەسەرەکییە. هاوکات دەبێ ڕاشکاوانە ددان بەو ڕاستییەشدا بنێین کە هیچکام لە حیزبەکانی ئێمە بەتەنیا خۆیان و تەنانەت لەگەڵ یەکتریشدا دەرەقەتی ئەم کارە نایەن، هەر بۆیە پێویستە نەختێک بە تەوازوعەوە داوای هاوکاری لەو هەموو ئەکادیمیسیەن و پسپۆڕە کوردە بکەن کە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی کوردستان لەم بوارەدا خوێندنەوە و توێژینەوەیان ئەنجام داوە. سااڵەهایە ئەم داواکارییە خراوەتە بەردەم حیزبەکان، مخابن تا ئێستا هیچ ئاورێکیان لەم زەرووڕەتە نەداوەتەوە و مرۆڤ نازانێ ئایا دەتوانێ هیوادار بێ لەم دۆخە زۆر جیاوازەی هەنووکەدا سەرئەنجام بپەرژێنە سەری، یان ئەم داخوازییە تا ئەبەد هەر وەک ئاواتێک دەمێنێتەوە؟!

هەندێک پێیان وایە داواکارییەکانی بزووتنەوەکە لە هەندێک شوێنی وەک کوردستاندا جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بووە و ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی/ ئەتنیکی بەخۆوە گرتووە، کە واتە ناکرێ لە یەکەیەک وەکوو خەڵکی ئێران قسە بکەین. ئێوە چۆن ئەم باسە شرۆڤە دەکەن؟



تەنانەت هەندێ لە خاوەنقەڵەمانی خودی ئێران، بۆ وێنە مەحمود سەریعولقەڵەم، دەڵێن جوگرافیای ئێران هێشتا نەبووەتە وڵات لە واتا سیاسی و کۆمەڵناسانەکەیدا، واتە دانیشتوانی ئەم جوگرافیایە خاوەنی وەها یادەوەری و ئامانج و داخوازیگەلێکی هاوبەش نین کە هێندە پتەو و یەکانگیر بێت کە خەڵکەکە لە دەوری کۆمەڵەبەها و ڕەمزێکدا کۆ بکاتەوە و ئینتیمایەکی تەواو و هاوشێوەیان لە ئاست جوگرافیای نیشتەجێبوونیاندا بۆ دروست بکات. هاوکات بە شێوەیەکی یەکسانیش لە سەرچاوە و سەرمایەی ئەم وڵاتە بەهرەمەند نەبوون و هەڵاواردنی ئاشکرا -چینایەتی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و...- بناغەیەکی سەرەکیی دەستەڵاتداری بووە لە ئێراندا. هەر بۆیە چەمکی «نیشتمان» قەت نەبووەتە چەمکێک کە توانیبێتی لە لای هەموو دانیشتوانی ئێران یەک وێنا و خولیا پێک بهێنێت، واتە دالێک نییە کە بە سەر یەک مەدلوولی یەکگرتوو و چونیەکدا دەلالەت بکات. ڕەنگە پێش شۆڕشی ١٩٧٩ دۆخەکە بڕێک جیاوازتر بووبێت، بەاڵم لە ئێستەدا کەمترین ئاستی ئینتیما بۆ «ئێرانیبوون» دەبینین. هەوڵە چڕوپڕەکانی جەواد تەباتەبایی بۆ ڕۆنانی بنەچەیەکی فیکری-مێژوویی بۆ ئێران و گۆڕینی ئەم ناوە بۆ چەمکێکی سەروزەمەنی و سەروومێژوویی، بەرئەنجامی دەرککردنیەتی بەم ناتەواوی و بێبونیادییە. بەاڵم دابڕاندنی ناوی ئێران لە واقیعی هەنووکەیی کە واقیعێکی تەژی لە ستەمکارییە و هەوڵدان بۆ وێناکردنی «ئێرانشار» وەک چەمک و زەرووڕەتێکی بەرزەجێیانە، نەیتوانیوە هیچ لە واقیعی لێکجودابوون و لێکترازانی پێکهاتە کۆمەاڵیەتییە جیاوازەکانی ئەم جوگرافیایە بگۆڕێت. تاکە بەرهەمی ئەم هەوڵە بە ڕواڵەت فیکری و بە ناوەڕۆک توندئاژۆیە بریتی بووە لە زێدەکەوتەیەکی فاشیستی کە دوای داڕکانەوەی جوواڵەی سەر شەقام بە شێوەیەکی ڕووت و پەتی خۆی نیشان دا و ئێستەش خەریکە بە چەندین فۆرم و ئاراستەی جیاواز بە ناخی کۆمەڵگادا ڕۆ دەچێت. ئەڵبەت ئەم باسە لە ئاستی فیکریدا شتێکە و لە ئاستی کرداریشدا شتێکی تر، ئەوەی کە ئێران «وڵات/کشور» نییە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە چارەنووسی هەموو دانیشتوانەکەی گرێدراوی یەکترە. ئێمە کۆمەڵە دوورگەیەکی سەربەخۆ لە یەکتر نین و ناتوانین لە پرۆژە و خولیای سیاسیماندا خەڵک و نەتەوەکانی تر پشتگوێ بخەین.

ئایا سەرکوت دەتوانێ بزووتنەوەی ژینا لەناو بەرێ؟ ئێوە داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە چۆن دەبینن؟



ئەگەر مەبەست لە سەرکوت تەنها سەرکوتکردن لە ڕێگای هێز و توندوتیژییەوە بێت، دەتوانین بڵێین کە وەها شتێک لە سەرزەمینێکی پڕقەیران و پردرزی وەک ئێراندا ناومکینە. چونکوو دەسەڵاتی حاکم تووشی چەندەها بونبەستی پێکهاتەیی بووە و سەرکوت تەنها دەتوانێ شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی نارەزایەتیی بنچینەیی خەڵک بۆ ماوەی کاتی دابمرکێنێتەوە. کۆماری ئیسلامی لە درێژماوەدا و بەم نەفەسەی ئێستایەوە هەرگیز ناتوانێ قەیرانی شەرعییەت و کارامەیی خۆی بنبڕ بکات و ئەمەش مانای بەردەوامبوونی دۆخی ڕۆچوونی بەردەوام و نەبڕاوە بە قەیرانی گەورە و گەورەتردا. گریمان لە ئاست هەندێ ماف و ئازادیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دەرەوەیشدا پاشەکشە بکات، ئەی چی لە قەیرانی ناکارامەیی دەوڵەت دەکات کە هەر ئێستا بۆ دابینکردنی مووچە و سووتەمەنی و کارەبا تووشی بونبەست بووە؟ پارەچاپکردنیش کە بووەتە چای وەیل و بەردەوام هەڵاوسان زیاتر دەکات. یاخود چی لە گەورەقەیرانی ژینگە و ئاو دەکات کە چەند ساڵێکە لە هەندێ ناوچەدا تەنانەت تا ئاستی شەڕی دەستەویەخەی خەڵک لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ حکومەتیشدا چووە؟ کەوایە سەرکوتی ڕووت شتێکی ئەوتۆی پێ ناکرێت، هەرچەند پێدەچێ بە پلانێکی تێکەڵکرد، وەک ئەوەی ئێستا لە بواری قوتکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ساختەی وەک پەهلەوی و شەرنانەوە لە نێوان نەتەوەکاندا دەیبینین، بتوانێت سەرەڕای قەیرانە چەندڕەهەندییەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بەڵام بیرمان نەچێ کە ئەم بابەتە بەتەنها خۆی ناتوانێ سەرکەوتنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی گەرەنتی بکات. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێ بوونێکی بزۆزی هەبێ و هەڵگری دوو تایبەتمەندیی گرنگی «قوڵبوونەوە» و «گەشەسەندن» بێت. قەتیسمانەوەی بزاڤی کۆمەڵایەتی لە شوێنێکدا و پەلنەهاوێشتنی بۆ ڕووبەر و ئاستی سەرووتر و بەربڵاوتر، ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم سەرکەوتندا. هاوکات تاکتیکەکانی بزاڤەکەیش گەلێ دیاریکەرن. تەنها وەک نموونە؛ لە میسردا یەک لەو شتانەی بزاڤەکەی سەرخست مانەوەی خەڵک بوو لە مەیدانی تەحریردا، ڕەنگە ئەگەر وەک بزاڤی سەوزی ئێران ئێوارە گەڕابانەوە ماڵ و سبەی دیسان هاتبانەوە سەر جادە، ئەو شۆرشە سەر نەکەوتایەت. ئێستە نسکۆیەک کەوتووەتە نێوان شەپۆلە چاوەڕوانکراوەکانی بزاڤی ژینا، ئەمە زەمانێکی سیاسیی ئێجگار کارامەیە، بە مەرجێک بکرێتە دەرفەتێک بۆ خوێندنەوەی ئەوەی ڕووی داوە و ئەوەی کە دەبێ بکرێت. ئێستە سیمای حەقیقیی زۆربەی لایەن و کەسەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەرکەوتووە و خەریکە تێدەگەین کە لە ناو چ کۆمەڵگا و هێزگەلێکدا دەژین و لەگەڵ چ جۆر کێشەگەلێکدا دەستەویەخەین. هاوکات هێزە سیاسییەکانمان نابێ لە ئاست ڕەخنەی ڕادیکاڵدا پەرچەکرداری خراپیان هەبێت، بە پێچەوانەوە دەبێ بە دڵفراوانی و سوپاسیشەوە پێشوازی لەو ڕەخنانە بکەن و لەمە زیاتر لەو دۆخە مەییو و چەقبەستووەدا نەمێننەوە. توانای خۆڕێکخستنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی کەموێنەدایە، مخابن ئەم پۆتانسیەلە لە سیاسەتی حیزبەکانماندا وەک خۆی حسێبی بۆ ناکرێت و زۆرجار هۆکارە دەرەکییەکان دەکەونە گرێژەنەی شیکاری و بریارەکانیانەوە. ئێمە نابێ چاوەڕێی ئەگەرە شێمانەکراوەکانی ناو هاوکێشە سیاسییە جیهانی و هەرێمییەکان بین و چاومان لە دەستی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێت، گرێدانی بزاڤی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری دەرەکییەوە ڕێک هاوتای لەخشتەبردنی بزاڤەکە و سووژایەتیی مرۆڤ دەکەوێتەوە. ئێمە دەبێ بە پشتبەستن بە زەروورەت و ئیمکانە ناوخۆییەکانی خۆمان درێژە بە بزاڤەکە بدەین، ئەوکات لە ئاستی جیهانی و هەرێمییشدا هەرشتێک ڕوو بدات ئێمە خۆمان ئەکتەرین و ئەوان هەر بە ناچار دەگەڕێنەوە بۆ لامان، یاریچییەکی بچووک کاریگەرترە لە هێزێکی پەراوێزکەوتەی چاوەڕێ.

هدوانامه‌ی کتب

مصاحبه با
سمکو ابراهیمی

بخشی از اپوزسیون جمهوری اسلامی ایران، به ویژه سلطنت طلبان و اشخاصی مانند شهریار آهی، از همان آغاز شکل‌گیری اعتراضات سیاسی در جنبش ژینا صراحتا اعلام کردند که خواستار تعامل با افراد هستند، نه سازمانها و احزاب سیاسی. به نظر شما چه عواملی باعث اتخاذ چنین رویکردی شده است؟ تحلیل شما در این باره چیست؟



جنبش آزادیخواهی در ایران دست کم در یک قرن گذشته به شیوه های گوناگون تغییر و تحول پیدا کرده و مطالبات آزادیخوانه نیز در این راستا دچار تحول شده است. با نگاهی گذرا به آنچه که در ایران رخ داده است می توان گفت که ریشه برخی از جنبش ها و نهضتهای آزادیخواهی در ایران برونزاد و متأثر از رخدادهای جهانی بوده و برخی نیز درونزاد و ناشی از نارضایتی های توده ها و گروههای متفاوت بوده است. اما بررسی ابعاد متفاوت و متنوع جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» تمام این معادلات تاریخی و اجتماعی گذشته را درنوردیده و سیمایی نو از مطالبات آزادیخواهانه را مطرح نموده است که تاکنون چنین سابقه ای نداشته است. آنچه که این جنبش و نهضت آزادیخواهی را از جریانات قبلی متمایز می سازد سویه های فراگیر و همه جانبه این جنبش و چندصدایی و نگاههای جامع و چندفرهنگی با پذیرش تمامی تمایزها و همچنین تلاش رادیکال و بدون پرده برای برچیدن زنجیره های انقیاد می باشد که ریشه های سیستم «خدا-شاه» و نظام فکری ارباب – رعیتی را که از بطن خانواده شروع شده و تا رأس هرم حکمرانی ادامه می یابد را نشانه گرفته است. آنچه که می توان گفت وجه تمایز بسیار جدی این جنبش با سایر قیامهای دیگر در ایران و حتی جهان است مبارزه برای تغییر بنیادین مناسبات می باشد نه اینکه صرفاً یک دیو را با یک دیو دیگر جایگزین کند. چیزی که در رویکرد براندازانه برخی نحله های سیاسی و انحرافی وابسته به جریانهای تمامیت خواه و راست افراطی در ایران وجود دارد و تغییر مناسبات و معادلات می تواند منافع و مصالح آنها را به چالش بکشد و به خطر بیاندازد. بنابراین جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» برای برهم زدن نظمی شکل گرفته است که صدای صاحبان حق را خفه کرده و طردشدگی سیاسی و اجتماعی و اقتصادی را به آنها تحمیل نموده و از کرامت و منزلت انسانی ساقط نموده است.

جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» از کوردستان آغاز شد، در کوردستان با توجه به ریشه های تاریخی و جامعه شناختی و سیاسی و تأثیرپذیری از حضور فعالانه زنان در مبارزه علیه استبداد سلطنتی و اسلام سیاسی در شرق کوردستان و به ویژه پس از مقاومت بی بدیل کوبانی و نقش آفرینی زنان در روژئاوا، تئوریزه شده و در میدان عمل نیز پس از خاکسپاری ژینا امینی در سقز، دیواندره، سنندج و مهاباد و پیرانشهر و اشنویه به صورت کامل پراکتیزه گردید. با نگاهی کوتاه به آنچه که در روزهای آغازین این جنبش در شهرهای کوردستان اتفاق افتاد می توان گفت که ملت کورد به عنوان پیشاهنگ این جنبش قادر به ترجمه عینی تئوری «ژن، ژیان، ئازادی» به «عمل» و کنش سیاسی بوده و راه را برای همه کنشگران سیاسی و آزادیخواهان در ایران هموار نمودند. در شهرهای کوردستان و به ویژه در شهر شنو و پیرانشهر و مهاباد نیروهای سرکوبگر در مقابل اتحاد مردم و حضور و همبستگی ملت کورد در خیابان توانایی سرکوب و هجوم خود را در کمتر از چند ساعت از دست داده و شهر به طور کامل به کنترل مردم آزادیخواه کورد افتاد. با این اقدام مردم در کوردستان پیام انقلابی و مشق عملی مبارزه و آزادیخواهی خود را به همه مردم ایران مخابره نمود. که مشی «ژن، ژیان، ئازادی» در میدان عمل چگونه اجرا می شود. اما جامعه ایرانی و به ویژه مرکزنشینان توانایی درک این انقلاب را نداشته و در این میان لاشخورهای ایرانشهری و اپوزیسیون جعلی و صادراتی و فرصت طلبان سلطنتی با تمام توان

در راستای مصادره جنبش اقدام نمودند و تا حدودی نیز توانستند آن را منحرف و گمراه نموده و نوعی از پراکندگی و عدم همبستگی را به جنبش تحمیل کنند. کنش سیاسی در سایر مناطق مرکزی ایران به صورت فانتزی های شبانه و از پشت پنجره خانه ها و یا پشت بامها با صدای «مرگ بر دیکتاتور» و «توپ، تانک، فشفشه» بود، به گونه ای که قادر و حاضر به هیچ گونه عمل سیاسی دیگر نبودند و همین موضوع تفاوت درک میان مردم کوردستان از جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» را با دیگران از همان ابتدا نمایان می ساخت.

پرسش: در دوران اوج جنبش ژینا جریانات ایرانی به این شعار پوپولیستی روی آورده بودند که باید همه باهم و یک صدا تا براندازی جمهوری اسلامی کار کنیم. بعد از تغییر رژیم می توان درباره تفاوتها و نظام سیاسی آینده صحبت کرد. به نظر شما این مکانیزم برای تغییر رژیم در ایران مناسب است؟



از آنجایی که این جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» فاقد رهبری متمرکز و کلاسیک بوده و هر فرد و گروهی با ابتکار عمل خود در میدان حضور پیدا می کرد لذا گروههای ایرانشهری و مرکزنشین و مدافعان مناسبات ارباب رعیتی که از نوعی انسجام ظاهری و سطحی برخوردار بوده و رسانه و سرمایه را در اختیار داشتند تلاش نمودند تا با مصادره این گفتمان آزادیخواهی و ساختار شکن، با حفظ نظم موجود و مناسبات «مرکز – پیرامون» فقط در یک براندازی ساده، با تغییر عمامه به تاج همانند تغییر تاج به عمامه سال ۱۳۵۷ همه موضوع را نفع خود مصادره و خاتمه دهند. بهترین راهکار برای آنها ائتلاف با اشخاص و افراد به مثابه یک شخص تنها و اتمیزه و فاقد گفتمان مشخص بود که به آسانی بتوانند آنها را به نفع خود هدایت کنند. حضور برخی چهره های هنری و ورزشی و سینمایی و مدنی فاقد هرگونه سابقه فعالیت سیاسی و مبارزاتی در میان آنها که درکی از فضا و معادلات سیاسی در ایران و جهان داشتند نمایانگر این رویکرد بود که جریان راست افراطی با سرکردگی فرزند دیکتاتور ساقط شده رژیم قبلی در ایران و با مشاوره دارندگان نگاه ایرانشهری و تمامیت خواهانه آن را به پیش می برده و هنوز هم در تکاپو هستند. این جریان توان رویارویی با جریانها و گروههای سیاسی منسجم و هدفمند و دارای برنامه را نداشته و بر همین اساس ائتلاف با افراد سلبریتی و سطحی و به نوعی جریان زرد را در برنامه کاری خود قرار داده و از آن بهره برداری نمودند. اما تمام تلاش آنها به فضای مجازی محدود شده و در عمل نتوانستند هیچ قدم مثبتی بردارند. چون سازمانها و احزاب دارای مطالبات معین و مشخصی بودند بنابراین نتوانستند آنها را تحت کنترل خود درآورند. با تعریف خط قرمزهایی مانند «تمامیت ارضی، زبان ملی پارسی، گفتمان ایرانشهری» که در عمل منجر به حفظ مناسبات موجود می شود و مردم نیز علیه همان مناسبات به پا خواسته اند نتوانستند هیچ گروهی را با خود همسو کنند. در میان افراد هم به سراغ آنهایی می رفتند که نگاهشان معطوف به مرکز و منظومه فکری «خدا-شاه» باشد و اعتقادی به حق تعیین سرنوشت و برابری رادیکال و تبعیض مثبت و نابرابری جبران ساز نداشته باشد. این جریان از همان ابتدا تمام تلاشها و اقدامات خود را روی براندازی نظام ولایت فقیه متمرکز نموده و اکنون نیز هم بر آن اصرار می ورزد . از ارائه هر گونه برنامه ای برای فردای پس از جمهوری اسلامی طفره می رود و همه چیز را منوط به سقوط نظام فعلی نموده و مدعی است که پس از سقوط جمهوری اسلامی بر سر چگونگی و چیستی و ماهیت و محتوای نظام حکمرانی توافق حاصل خواهد شد. با توجه به اینکه مردم تجربه غارت انقلاب ۵۷ را دارند و

هەواڵنامەی ئێمە

تمامی مبارزات آنها توسط روحانیون دزدیده و مصادره شد و انقلاب توده های ایران صرفاً به براندازی به پهلوی و تغییر دیکتاتوری تاج و چکمه به دیکتاتوری عمامه و نعلین منجر شد و طرد شدگان رژیم قبلی در رژیم آخوندی نیز همچنان در حاشیه ماندند، این بار فریب چنین رویکردی را نخواهند خورد و با توجه به نشو و نمای جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» در پیرامون به جای مرکز، تمامی تلاش های انقلابی معطوف به برچیدن نظم «ارباب-رعیتی» مرکز و پیرامون و برقراری رابطه افقی میان مرکز و پیرامون به جای ارتباط عمودی می باشد و مانند براندازی سال ۵۷ نظم «پارسی – شیعی» به نظم «شیعی-پارسی» تبدیل نشود؛ بلکه به طور کامل انقلابی صورت گیرد که تمامی مناسبات موجود را به نفع مطرودین و محذوفین تغییر دهد. آنچه که کنشگران حقیقی در جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» می خواهند «انقلاب» است و آنچه که پوپولیسم شاهچی و عاشقان اسپرم همایونی به دنبال آن هستند «براندازی» است. بنابراین به نوعی با ریاکاری و شیادی در راستای همسو نمودن ملت برای براندازی در تلاش می باشند و حتی در این زمینه هم بازوی سرکوب نظام فعلی را به آغوش می کشند و آنها را از هر نوع دادخواهی منصفانه ای نیز مصون اعـــلام می کننـــــد.

آیا می توان جنبش ژینا را یک جنبش فمنیستی دانست؟ با ارائه یک تعریف فمنیستی از این جنبش جنبش ملی کورد و تداوم این جنبش برای آزادی، که زنان نیز نقشی پر رنگ در آن داشته اند، در کجای قرار خواهد گرفت؟



جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» یک گفتمان فلسفی رادیکال با زمینه ها و سویه های آنارشیستی می باشد که جامعه کوردستان دهه هاست با چنین جریاناتی رشد یافته و نگاه فمینستی کلاسیک را که معطوف به ضدیت با جنس مرد و ویژگیهای نرینگی است درنوردیده و فمنیسم را فرتر از نگاه جنسیتی و جنسیت زده می پندارد و برخی از کنشگران کورد به آنارکوفمنیسم رسیده و «رهایی» را به جای «برابری» برای حل مسأله زنان به عنوان راهکار اتخاذ نموده اند. این امر ملهم و متأثر از مبارزات سازمان یافته زنان کورد در دیگر بخشهای کوردستان می باشد که از مبانی فلسفی و تجربه مبارزاتی بسیار عمیقی برخوردار بوده و برخلاف رویکردهای زرد و سطحی فمنیستی در نگاه فمنیسم مرکزگرا در ایران که آزادیهای یواشکی و برداشتن روسری در صدر مطالبات آنها قرار دارد، جنبش زنان در کوردستان نه صرفا معطوف به نگاه جنسیت زده، بلکه پیشاهنگ یک نظام مبارزاتی فراگیر می باشد که در جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» به اوج می رسد و به عنوان یکی از گروههای طرد شده و قربانی تبعیض سیتماتیک از نظام خانواده تا نظام سیاسی و اجتماعی و اداری و حقوقی و فقهی ضد زن بدنه اصلی جنبش آزادیخواهی در کوردستان را تشکیل داده و آن را نمایندگی می کند. بدون شک اگر ژینا امینی یک زن کورد نبود و زنی از دیگر مناطق ایران بود یا حداقل از مرکز ایران بود، جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» از آنجا آغاز نمی شد و در نهایت به یک کنش سطحی در فضای مجازی و یا عکس گرفتنهای بدون روسری از جنس همان آزادی های یواشکی ختم می شد و این تفاوت رویکرد فمنیستی میان کوردستان و ایران می باشد.

انتظار می رفت که احزاب شـــرق کوردســـتان همراه با ملتهای به‌حاشیه‌رانده شـــده دیگر در ایران یک منشـــور مشترک ارائه دهنـــد. اگر چنین منشـــوری تدوین شـــود، باید دارای چه ویژگی هایی باشـــد؟



شاید بتوان گفت که احزاب و سازمانهای کوردی و دیگر ملل غیرفارس و حتی خود فارس ها نیز در ایران تصور شکل گیری انقلاب «ژن، ژیان، ئازادی» را نداشته و به نوعی غافگیر شدند و به عبارتی از «خیابان» به جا ماندند و یا می توان گفت درک واقعی از آمادگی مردم برای یک

انقلاب فراگیر را نداشتند و همین باعث شد که با تأخیر به فکر همگرایی و شکلدهی ائتلاف پیش بروند. این یک نقد جدی به احزاب و سازمانهای کوردستان بوده که نه تنها نتوانستند به موقع با دیگر سازمانهای آزادیخواه ایران از دیگر ملتها و طردشده گان به یک منشور و برنامه عملی مشترکی برسند بلکه در میان خود احزاب کوردستانی هم چنین هماهنگی و آمادگی وجود نداشت. بخشی از اشخاص و گروهها به راست افراطی مرکزای گرای ایرانی تمایل پیدا کردند و باعث انشقاق و هزینه بسیار شدند. از طرفی نگاه تمامیت خواهانه در درون بخشی از سازمانهای کوردی وجود دارد که قادر به پذیرش گروههای دیگر کوردی نبوده و حتی به نوعی هم دچار تعارض گفتمانی میان اساسنامه و مرام حزبی و عملکرد اعضا و سردرگمی هواداران شده اند. اگر احزاب و سازمانهای کوردی با دیگر گروهها و ملل دیگر در ایران قصد تنظیم منشوری از حداقلی آرمانها را داشته باشند ، برای به ثمر نشستن انقلاب و پایداری و دوام هم پیمانی بایستی میثاق یا منشور مذکور به نام اصل حق تعیین سرنوشت و رهایی از یوغ انقیاد و بردگی مرکز آغاز شود و اصل نابرابری جبران ساز و اعمال سیستم تبعیض مثبت برای جبران یک قرن استثمار و غارت پیرامون توسط مرکز در منشور گنجانده شود، حداقل نظام قابل پذیرش و شرط بقای تمامیت ارضی و یکپارچگی ایران، یک نظام غیرمتمرکز، سکولار و کثرت گرا با سیستم شهروندی چندفرهنگی با تضمین حق وتو برای اقلیتها، احترام به حقوق زیست محیطی مردمان مناطق و پایان بخشیدن به انتقال بین حوزه ای آبها و غارت منابع، به رسمیت شناختن ساختار چندزبانه در نظام آموزشی و نفی هرگونه ستم طبقاتی، جنسیتی، زبانی، مذهبی، ملی و مواردی از این دست باشد. در میثاق یا منشور گنجانده شود که هر گروهی از حق تعیین سرنوشت برخوردار بوده و در یک اتحاد آزادانه بر پایه شهروندی دموکراتیک در ساخت یک جامعه دموکراتیک بدون طبقه مشارکت واقعی نموده و در صورت عدم پایبندی به این اصول هر گروه حق خواهد داشت حق سرنوشت خود را بدون قید و شرط در بعد خارجی و بین المللی اعمال نماید. در قالب منشور پایان ساختار متمرکز و تک زبانی و تک مذهبی و تک هویتی اعلام شود. برای رفع مشکلات زنان سیستم نابرای جبران ساز و کرسی های ویژه در نظام قانونگذاری، تصمیم سازی و اجرایی و نظارتی در نظر گرفته شود. حق و آزادی های بنیادین بشری و موازین بین المللی کار برای حمایت از طبقه کارگر در نظر گرفته شود. نظام دادخواهی منصفانه و دسترسی به عدالت برای همگان پیش بینی شود. سران و ستمکاران هر دو رژیم قبلی که دست اندرکاران دستگاه سرکوب بوده بر اساس نظام دادرسی عادلانه به دست عدالت سپرده شوند و احترام و عمل به نظام عدالت انتقالی و جبران خسارت برای قربانیان به صورت فردی و گروهی در هر دو رژیم قبلی در نظر گرفته شود. تضمین بازگرداندن اموال و سرمایه ها و حقوق عمومی غارت شده توسط افراد و گروههای ویژه که در حال حاضر در ایران بوده و یا آن را به خارج ایران انتقال داده به ملت به عنوان صاحبان اصلی این حقوق و سرمایه های غارت شده صورت گیرد و در میثاق گنجانده شود. این موارد بخشی از حداقل های لازم برای توافق در یک اتحاد دموکراتیک ضروری به نظر می رسند.

تێشک *برخی بر این باورند که در جنبش ژینا برخی از مناطق مانند کوردستان مطالبات متفاوتی با مرکز داشتند و مطالبات ملی کوردستان نیز در این جنبش مشهود بود. آیا در این صورت می توان از واحدی به نام مردم ایران سخن گفت؟*



انقلاب ژینا یا جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» یک گفتمان فراگیر بوده و فقط مختص زنان نمی باشد. این گفتمان در اصل تمامی صداهای حذف شده و طرد شده گان را نمایندگی می کند

هەواڵنامەی تێشک

. به همین خاطر است که از خیابانهای استانبول تا کابل، از قامیشلو تا سنندج و ایذه و زاهدان و رشت و مازندران، همه و همه خود را در آن می بینند و این جنبش را در عمل ترجمه می کنند. چه گروهی است که مانند کوردها در یکصد سال اخیر به صورت سیستماتیک طرد و انکار شده باشد؟ انواع جنایتهای سنگین علیه او انجام شده باشد؟ بنابراین جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» از صدای یک زن عصیانگر علیه تبعیض جنسیتی تا فریاد یک بلوچ، یک عرب، مازنی، گیلکی، ترکمنی، آذری و بختیاری و کورد تا هر گروه و هویت دیگری را شامل می شود. دگرباشان جنسی خود را در آن می بینند و قربانیان تبعیض دینی و مذهبی و کارگران به ستوه آمده از استثمار و فقر نیز آن را ترجمان دقیق حیات و آینده خود می دانند. پس جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» فقط یک گروه یا طبقه خاص را نمایندگی نمی کند. برای رهایی از انقیاد و احترام به حیات قبل از هر چیز باید مادران از بردگی آزاد شوند. در آزادی مادران، در آزادی زن، زندگی و حیات آزاد برای همگان ممکن می شود و یک جامعه آزاد آفریده می شود. در این نگاه هر طرد شده ای می تواند صدا و مطالبات خود را بلند بیان کند و هیچ انحصاری وجود ندارد. پس این امری بدیهی است که مطالبات ملی کوردها در جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» نمود پیدا کند. کوردها خود تئوریسین اندیشه «ژن، ژیان، ئازادی» بوده و آن را از حالت ذهنی به عینی ترجمه نموده اند. برای رفع ستم ملی و برای خاتمه بخشیدن به کولونیالیسم مدرن و دگردیسی یافته که کوردها به همه انواع و انحاء مختلف قربانی آن شده اند، امروزه جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» دارای خط مشی و دستورالعملهای ویژه می باشد.

آیا سرکوب و خشونت دولتی قادر به پایان دادن به جنبش ژینا است؟ نظر شما درباره آینده جنبش ژینا چیست؟



دستگاه سرکوب و فاشیسم قومی و مذهبی که هستی خود را در معرض نابودی حاصله از جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» دیده است و همچنین فاشیسم ایرانشهری که جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» راستین را برای بقا و هژمون خود خطرناک می بیند به صورت سخت افزاری و نرم افزاری و کارویژه های جنگ روانی و سرکوب فیزیکی برای نابودی آن و یا به انحراف کشیدن آن و بزک نمودن آن با آزادیهای یواشکی و زن جنسیت زده و کالا شده تلاش کرده و از هیچ خشونت و تاکتیکی فروگذار نمی کنند. اما جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» اگرچه شاید به ظاهر فروکش کرده باشد، قطع یقین ایران و حتی خاورمیانه به قبل از قتل ژینا بازنخواهد گشت و جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» با ابتکار عمل محذوفین و به حاشیه رانده شده گان به پیروزی خواهد رسید. نظام بین المللی مبتنی بر سود و سرمایه و فاشیزم مرکزگرای ایرانشهری نیز از حقیقت جنبش «ژن، ژیان، ئازادی» هراسناک بوده و به آسانی راه را برای به ثمر نشاندن این جنبش باز نمی کنند ، اما با این وجود خیز طردشدگان پیرامونی در ایران برای احقاق حق به عقب باز نخواهد گشت. چرا که این جنبش همه طیفها را در خود جای داده و به رهبری هیچ جریان خاصی وابسته نبوده و اصیل و از بطن جامعه بوده و تزریق نشده است. هوشمندی جریانات سیاسی آزادیخواه و ریشه دار مردمی و وابسته به سنت های فرهنگی مردم می تواند شتاب این جنبش در رسیدن به هدف را بیشتر کند و از غلبه سنت های فرهنگی درباری و دولتی و گفتمان توتالیتری ایرانشهری جلوگیری کند.

هم‌وال‌نامه‌ی کتاب

مصاحبه با
آزاد محمدیانی

بشنۆ *بخشی از اپوزسیون جمهوری اسلامی ایران، به ویژه سلطنت طلبان و اشخاصی مانند شهریار آهی، از همان آغاز شکل‌گیری اعتراضات سیاسی در جنبش ژینا صراحتا اعلام کردند که خواستار تعامل با افراد هستند، نه سازمانها و احزاب سیاسی. به نظر شما چه عواملی باعث اتخاذ چنین رویکردی شده است؟ تحلیل شما در این باره چیست؟*



قبل از هر چیز باید بستر شکل گیری چنین تفکری را مورد بحث قرار داد، در واقع در پارادیم ذهنی این تیپ از اشخاص، تحزب و تشکل که یکی از بنیان های اساسی پلورالیسم سیاسی است، مانع اصلی در برابر جامعه‌ای توده‌ای و ذره‌ای است، جامعه‌ای که پتانسیل تن دادن به اقتدارهای غیر دموکراتیک را دارد. در تمام دوران پهلوی و بعدها جمهوری اسلامی تلاش شده است به مردم القا شود که تحزب و احزاب سیاسی مانع توسعه و رشد از یک طرف و عامل تفرقه و جدال و کشمکش های اجتماعی هستند که بیگانگان و کشورهای خارجی در پشت آن پنهان شده و از این راه جامعه‌ی ایران را هدف قرار داده اند. در واقع این تبلیغات بی بنیان را ویژگی روانی جامعه شناسی سیاسی ایرانیان تقویت می کند که بیش از تشکل، میل به تفرد و کارهای فردی دارند و هرگز این جامعه در ادوار متفاوت بستر مناسبی برای شکل گیری احزاب و ساختارمند بودن نبوده است و حکومت های تمامیت خواهی چون پهلوی و جمهوری اسلامی توانسته‌اند از این ویژگی به سود روایت خود از ملت ایران یا امت اسلامی بهره بجویند. در چنین شرایطی و بر اساس چنین پیشینه‌ی فکری و روانی عمدتا طرفداران سلطنت مخالف برجسته شدن نقش احزاب در فرایند جنبش «انقلاب ژینا» بوده اند، که البته فارغ از این موارد می توان به یک دلیل عمده‌ی دیگر نیز اشاره کرد، آن هم این است که؛ اصولاً گفتمانی که محور اساسی این اشخاص یا بهتر است گفته شود این تفکر است، همانند قبل از انقلاب دیگری خود را تنوعات و تفاوت های ملی و فرهنگی ایران می داند و دالهای گفتمانی آن بر محور یک ایران یکپارچه با ویژگی یک ملت، یک سرزمین و یک پرچم مفصل بندی می شود. بنابراین کوردها و احزاب هویت خواه کوردستان در چهارچوب این نگرش دیگری و حتی دشمن تلقی می شوند، به طوریکه سعی می شود نقطه‌ی قوت کوردستان که همان تحزب آن است را از عمل تهی کرده و با اصرار بر نقش افراد و سلبریتی ها در رهبری یا نمایندگی مردم ایران نقش احزاب را که کوردستان نمونه ی موفق آن بوده و احزاب کوردی که ریشه‌دارترین و اصیل ترین احزاب ایران اند که طی این سال ها همواره با بدنه‌ی اجتماعی خود ارتباط ارگانیک داشته اند را نادیده گرفته و ناکارآمد کنند. بنابراین این ادعا نه تنها علمی و سودمند نیست بلکه قدم اول برای ذره‌ای کردن جامعه و فراهم ساختن بستر مناسب برای ظهور نوع دیگری از تمامیت خواهی و استبداد است که در یک جامعه ی ناساختارمند و نامتشکل که این تفکر به دنبال ان است، زمینه ی مناسبی برای رشد دارد.

بشنۆ *در دوران اوج جنبش ژینا جریانات ایرانی به این شعار پوپولیستی روی آورده بودند که باید همه باهم و یک صدا تا براندازی جمهوری اسلامی کار کنیم. بعد از تغییر رژیم می توان درباره تفاوتها و نظام سیاسی آینده صحبت کرد. به نظر شما این مکانیزم برای تغییر رژیم در ایران مناسب است؟*



به هیچ وجه نمی توان سرنوشت ملت های ایران را به آینده ای مبهم موکول کرد که به هیچ وجه نمی توان روندهای سیاسی آن را پیش بینی کرد بخصوص در جامعه ی استبداد زده‌ای چون ایران که فرهنگ استبداد، تک صدایی و

تمامیت خواهی، پیشینه‌ای به درازای تاریخ آن دارد. اصولاً طبیعت انقلاب برخلاف رفرم، این است که آن طرف انقلاب مبهم و نامشخص است و نمی توان انتظار داشت بعد از انقلاب همان چیزی اتفاق بیافتد که مشارکت کنندگان در انقلاب می خواهند، بنابراین بدترین نوع همکاری برای تنوعات یک جامعه و مشارکت کنندگان در یک فرایند انقلابی، نبود تفاهم نامه ها و توافقات قبل از پیروزی انقلاب است. اینکه ادعا می شود این موضوعات را موکول کنیم به آینده‌ی بعد از پیروزی، همان اشتباهی است که در سال ۵۷ اتفاق افتاد. جریان یا جریان هایی که اکنون نه قدرت دارند نه مشروعیت انقلابی، نه مشروعیت قانونی، حاضر به تفاهم بر اصول بنیادین حقوق بشر با ملیت ها و احزاب نماینده‌ی این ملت ها نیستند، آیا می شود انتظار داشت بعد از پیروزی انقلاب و دست یافتن به مشروعیت هر چند نسبی انقلابی، قانونی و قدرت، اصولا حتی وارد مذاکره برای به رسمیت شناختن این حقوق خواهند شد؟ قطعا جواب من منفی است، چون کسی که آمادگی پذیرش حتی مباحثی که مربوط به حقوق اساسی مردم و ملیت ها است را ندارد، در فردای پیروزی لازم نمی بیند به چنین خواسته‌هایی تن در دهد و همان چیزها را برای مردمان ایران نیک و سودمند می داند که خود می پندارد درست است و بنابرین توجهی به مطالبات عامه‌ی این مردم نخواهد کرد. لذا بحث کردن در مورد این موضوعات و رسیدن به اجماع بر روی آن ها با حداکثری معقول از جریانات سیاسی، دشواری مناقشات بعدی را کم کرده و از هم اکنون جلوی رخدادهای ناگواری که ممکن است در آینده‌ی بعد از پیروزی انقلاب پیش بیاید، گرفته می‌شود..

آیا می توان جنبش ژینا را یک جنبش فمنیستی دانست؟ با ارائه یک تعریف فمنیستی از این جنبش جنبش ملی کورد و تداوم این جنبش برای آزادی، که زنان نیز نقشی پر رنگ در آن داشته اند، در کجای قرار خواهد گرفت؟



اینکه زنان و موضوع زنان یکی از محورهای اساسی این جنبش و حتی نقطه‌ی شروع آن است در آن تردیدی نیست و اینکه جنبش زنان یکی از استخوان دارترین جنبش های دخیل در این جنبش فراگیر است نیز واقعیتی غیر قابل انکار است، اما نمی توان گفت که این جنبش صرفا یک جنبش فمینیستی است. چرا که جنبش های دیگری حضور دارند که درچهارچوب یک جنبش فمینیستی صرف نمی گنجند، جنبش توانمند دانشجویی بعد از سال ها رخوت دوباره پرتوان حضور پیدا کرد، جنبش کارگری، جنبش محصلان و معلمان به عنوان جدیدترین پدیده‌ی این جنبش پیرامون گسل نسلی حضوری موثر داشت، که همه‌ی این خرده جنبش ها زیر چتر جنبش دموکراسی خواهی در ایران و «جنبش ملی هویت خواه» در کوردستان و مناطق ملیتی بخصوص بلوچستان حضور داشتند. معتقدم «جنبش ژینا» یکی از نقاط عطف تاریخی در فضای جنبشی ایران بود، زیرا همه‌ی این خرده جنبش ها توانستند بر هم متراکم گشته و تحت عنوان یک جنبش فراگیر دموکراسی خواهی و ملی در برابر استبداد تاریخی ایرانی قرار بگیرند. الیته بر اساس «نظریه ی فمینیستی اینترسکشنالیتی» می توان گفت این جنبش محصول در هم تنیدگی انواع تبعیض ها در جامعه‌ی ایران بود، تبعیض جنسیتی، تبعیض ملی، تبعیض مذهبی، تبعیض طبقاتی و ...، در واقع این تبعیض ها با هم هم پوشانی دارند و درهم تنیدگی و به هم رسیدن این تبعیض ها باعث شکل گیری یک جنبش فراگیر بوده است که همه ی تفاوت های هویتی را که به نوعی از چند گونگی تبعیض ها رنج می برند در این جنبش حضور داشته

هەولێنامەی کتێب

و رنگ متفاوتی به «جنبش ژینا» داده‌اند. در واقع بر اساس این نظریه، یک زن کورد تنها به این دلیل معترض نیست که زن است، بلکه کورد بودن به عنوان یک هویت متفاوت تحت تبعیض ملی دلیل دیگر معترض بودن اوست، یک زن کورد سنی مذهب به دلیل تبعیض جنسیتی، ملی و مذهبی، یک زن کورد سنی از طبقه ی فرودست جامعه به دلیل تبعیض جنسیتی، ملی، مذهبی، طبقاتی و... معترض هستند. به این ترتیب «جنبش ژینا» برآیند گوناگونی تبعیض ها و درهم تنیدگی آن بر شخصیت انسان ایرانی با هویت های متفاوت و متعدد است. لذا در این جنبش و با رشد و متعالی شدن آن نه تنها «جنبش ملی و هویت خواه کورد» به حاشیه نمی رود بلکه دلیل توان و پتانسیل بالای این جنبش برای تغییر و مبارزه با جمهوری اسلامی در کوردستان، متراکم شدن مطالبات ملی و جنسیتی است، که البته جنبش ملی کوردستان طی چند دهه کنش، موضوع زنان و تبعیض جنسیتی را به عنوان یکی از برنامه‌ها و اهداف خود تعریف کرده است که «جنبش مدنی ژینا» این واقعیت را به اثبات رساند که بدنه‌ی اجتماعی کوردستان همچنانکه از شعارهای آن معلوم است آمادگی ترکیب این مطالبات را به بهترین نحو ممکن دارد.

آزادی: انتظار می رفت که احزاب شرق کوردستان همراه با ملتهای به‌حاشیه‌رانده شده دیگر در ایران یک منشور مشترک ارائه دهند. اگر چنین منشوری تدوین شود، باید دارای چه ویژگی هایی باشد؟



البته مطلوب این بود که احزاب کورد بخصوص مرکز همکاری احزاب کوردستان که در چند ماه اولیه جنبش تبدیل به مرجعیت کوردستان شده بودند، بتوانند با دیگر احزاب وجریان های دموکراسی خواه، جمهوری خواه و چپ ایرانی همراه با ملیت ها یک جبهه‌ی مشخص را تشکیل داده و قدم اساسی آلترناتیو سازی را بردارند، که البته این مهم اتفاق نیافتاد و این فرصت طلایی در آن مقطع از دست رفت، چرا که در دو ماه اول جنبش، این انتظار حتی از سمت بدنه‌ی اجتماعی جنبش در سراسر ایران از احزاب کوردی به عنوان احزاب جدی و قدیمی ایران که توانسته بودند کوردستان را متشکل کنند وجود داشت، این انتظار پیرامون وجود برنامه‌ای برای مناطق دیگر ایران در راستای هدایت و متشکل کردن آن ها بود، چون در آن روزها مردم ایران می دیدند که آنچه در کوردستان در حال روی دادن است کاملا متفاوت است با وضعیت مناطق دیگر. البته بهترین برنامه تشکیل جبهه‌ی فراگیر از نیروهای مترقی بود که می‌توانست بزرگترین خلا جنبش یعنی نبود رهبری یا آلترناتیو را برطرف کند، اتفاقی که روی نداد. در واقع سستی اپوزسیون کورد از یک طرف و عدم درک درست اپوزسیون سراسری ایران از حساسیت موضوع و نرسیدن به این تحلیل که در غیاب رهبری و آلترناتیو، جنبش توان مقاومت و ماندن در خیابان را نخواهد داشت، که این امر منجر به تقویت سلطنت طلبان و ماجرای وکالت، جورج تاون و باقی حوادث شد که اصولا جنبش ژینا را دچار بحران جدی ساخت. حال که این ائتلاف فراگیر نتوانست شکل بگیرد، دستکم این ظرفیت وجود دارد که با ملیت ها وهویت های به حاشیه‌رانده شده وارد اتحاد مؤثر شده ومنشوری نگاشته شود، اما اینکه این منشور چه ویژگی هایی باید داشته‌باشد، برخلاف برخی از سیاستمداران ایرانی و کورد من معتقد نیستم که این منشور بایستی حول حداقل ها شکل بگیرد، چون دنیای واقع خیلی بی رحم‌تر از لابلای صفحات نوشته ها است، بنابراین منشوری که حاوی حداقل ها باشد در واقعیت بیرونی و میدان عمل تهی از هر چیزی از آب درخواهد آمد. بنابراین نظر من این است که بدون درنظر گرفتن ملاحظات و موازنه و مناسبات قدرت، اکنون که قراراست با

ملت هـــای ایرانـــی تحت ســـتم تاریخی و هویـــت های در حاشـــیه که هم سرنوشـــت با ما کوردها هســـتند منشـــوری نوشـــته شـــود، این منشـــور باید حاوی تمـــام نکات و حقوقی باشـــد کـــه یک کورد و شـــهروند بر اســـاس اعلامیـــه‌ی جهانی حقوق بشـــر، منشـــور ملل متحد و میثاق هـــا و مکتوبات مربوط به حقوق جهانشـــمول انســـانی دارد.

برخی بر ایـــن باورند که در جنبش ژینا برخـــی از مناطـــق مانند کوردســـتان مطالبـــات متفاوتـــی بـــا مرکز داشـــتند و مطالبات ملی کوردســـتان نیز در این جنبش مشـــهود بود. آیـــا در این صـــورت می توان از واحـــدی به نام مردم ایران ســـخن گفت؟



ئێرانی نیە، بەڵکوو شێوازێکە لە بیرکردنەوە، چەشنە ستراتژییەکی دژبەرانەیە کە میژوویەکی لە پشتەوەیە و عەقڵیەتێک لە دەرەنجامی ئەو میژووەدا بیچمی گرتووە کە نابێ سووک بۆی بڕوانین. من ئەمەوێ ئاوا لێکیدەمەوە: لە سەردەمی مەشرووتە بەملاوە کە لە دەرەنجامی ئاشنایەتی لەگەڵ دنیای ڕۆژاوا کەڵکەڵەکانی شوناس و یاسا بوو بە بنەمای ئەو بزووتنەوەیە، و بە شکست هێنانی مەشرووتە جۆرە عەقڵیەتێکی سانترالیستی لە سەر نەریتی پاشایەتیی زیلوڵاهی و قیبلەی عالەمی بیچم دەگرێ و لە ئەنجامدا بە هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاخانی پەهلەوی ئەو عەقڵیەتە سانترالیستییە لە کەسایەتیی ڕەزاخاندا دەردەکەوێ. هەرچەندە بە ڕواڵەت مەجلیسی شووڕای میللی دریژە بە کارەکانی دەدا و هەوڵەکانی دارشتنی قانون بەردەوام دەبێ و لە ئەنجامیشدا ئێران دەبێ بە خاوەنی یاسا، بەڵام سەرەڕۆیی پاشا کە هەموو شتەکانی لە دەست و دەسەڵاتی خۆیدا قۆرخ کردووە و ڕوانگەی تاک نەتەوەیی و تاک زمانیی و هەوڵ بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکانی جوغرافیای ئێران وەک تاکە ستراتێژیی مومکین دەسەپێتە سەر پارلەمان و دەخزێندرێتە ناو یاسا و بە کردەوە مەشرووتە دەگۆڕێ بۆ دیکتاتۆرییەک کە بە سوورا و سپیاوی مۆدێرن دەرازێندرێتەوە و دەسەڵاتی سانترالیستی هیچ جۆرە جیاوازییەکی پێ قبووڵ ناکرێ. بۆیە هەموو نەتەوە نافارسەکان، دەکەوێنە بەر هوروژمی سیاسەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزی. لە پەنای ئەم دەسەڵاتە سانترالەدا عەقڵیەتی سانترالیستییش لە ڕێگەی دامودەزگا مۆدێرنەکانی وەک وەزارەتی مەعاریف و زانکۆ و ... وردە وردە پەروەردە دەبێت. ئەم شێوازە لە دەسەڵات دڵخوازی سانترالیست و ناوەندخوازەکانە و تا ساڵی ٥٧ی هەتاوی کە سیستەمی پەهلەوی نغرۆ دەبێت و شۆڕشی گەلانی ئێران دێتەئاراوە و تەنانەت دوای ئەوەش لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا درێژەی دەبێت و لە هەموو دامودەزگاکانی دوای شۆڕش هەمان ستراتێژیی ناوەند خوازیی پێڕەو دەکەن. و تەنانەت لە ڕوانگەی ئێستەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیشدا بوونی هەیە. هەر ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن بووەتە دووبەشی ناوەند خواز و فیدرالیست خۆی بەڵگەیەکە لە سەر ئەوەی باسم کرد. جا سیستەمی سانترالْ و دیکتاتۆر لە بەرژەوەندیی کێ دایە، بە بڕوای من لە بەرژەوەندیی فارسەکانیشدا نیە. لەبەر ئەوەی ئەگەرچی ئەوان دڵخۆشن بەو وەزعەی کە زمان و کولتووریان بالادەستە و هەموو جمگەکانی دەسەڵات و حکوومەت و هەموو هێز و توانای ئابووریان بۆخۆیان قۆرخ کردووە، لە هەمان کاتدا لە بواری سیاسییەوە زەرەرمەند بوونە. دەسەڵاتی سانترالْ هەموو هێز و توانای خۆی لە ناوەندا کەڵەکە دەکات، لە باری نەتەوەییەوە ئەیەوێت

هـــــەموو نەتەوە نافارسەکان بسرێتەوە. سیستەمی سانترالێ تەنانەت لە باری ئابووریشەوە بەرادەی پێویست دەرفەتی گەشەی نیە، لەباری کۆمەلایەتیشەوە دیسان کێشەی هەیە بۆیە ناکەوێتە سەر هێلی گەشە و پەرەپێدان. هێلی گەشە پێویستی بە عەقڵیەتێکی پلۆرال هەیە بەتایبەت لە جوغرافیای پان و بەرینی ئێرانـدا کە جیا لە پانتایی و بەربلاوی جیاوازیی زمانی و نەتەوەیی و ئایینی، لە باری ژێئۆمۆرفۆلۆژیشەوە زۆر جیاواز و تایبەتە و لە بیاوان و لمەوە تا ئاو و زەریا و لە جەنگەڵ و سەوزەلانییەوە تا کوێستان و دەشتی بەرین لە کەش و هەوای گەرمەوە تا سارد و موعتەدڵ هەموو هەیە بۆیە عەقڵیەتی پلۆرال ئەتوانێ بەرەو گەشەی ببات. دەرباز بوون لە عەقڵیەتی سانترالیستی، دەربازبوونە لە هەژاریی ئابووری لەبەر ئەوەی ئەبێ هەموو جوغرافیاکان بە پێی سروشت و پوتانسیەلیان دەرفەتی کەڵکەکەی سەرمایەیان بۆ بەرخسێ، دەربازبوونە لە تاک دەنگی و تاک زمانی و تاک نەتەوەیی. دیمۆکراسی ئەوە نیە پارلەمانێکت هەبێ بڕیارەکانی نەگاتە ئەوبەری دەرگاکەی، هیچ ولاتێک بە بێ دامەزراوەی سەربەخۆ و کارامە وک پەرلەمان و سیستەمی دادگا و دامەزراوەی جێبەجێکاری دەوڵەت، پێ نانێتە قۆناخی گەشەی سیاسییەوە گەشەی سیاسیش بنەمای هەموو گەشە و پێشکەوتنەکانی تەرە. عەقڵیەتی سانترالیستی ئێرانی ترسێکی فۆبیایی لە پلۆرالیزم و لامەرکەزیەت هەیە. ئەو فۆبیایەش بەرهەمی وەهمە، وەهمی رەسەنایەتی میژوویی و روانگەی ئارکائیک بۆ شوناس کە هەموو لە سەر بنەمای درۆ و ساختەیە، بۆیە تەنانەت دەرک پێناکەن کە ئەوەی ئێستە لە تاران و ناوەندایە بەرهەمی سانترالیزمە، بە زیاتر لە شەش مانگ کوردستان لە شەڕی دەستەویەخەی شەقامدا بوو ئەوان تەکانیان نەخوارد. من لەسەر ئەو بروایە نیم کە گەوهەری مرۆڤی کورد جیاوازە، بەڵکوو لای ئێمە حیزبایەتی کولتوورێکی ساز کردووە کە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە کردیان، بەڵام لای ئەوان حیزب بوونی نەماوە. راستە کۆماری ئیسلامی دژایەتی هەموو دەنگ و حیزبێک دەکا کە لەگەڵ بنەما ئیدیۆلۆژیکەکانیدا تەبا نەبێت رەنگە سانترالیستەکان دڵخۆش بن بە چەوساندنەوەی پەراوێز، دڵخۆشیش نەبن دیارە دەرکی پێناکەن کە دیاردەگەلێکی وەکوو کۆلبەری و سوتەمەنی بەری بەرهەمی هەمان عەقڵیەتە. راستە لە سیاسەتی سانترالیستی دا کەمترین پارە و سەرمایە دەگاتە پەراوێزو هەموو لای ناوەند کەڵەکە ئەبێت، بەڵام لە باری سیاسیشەوە هەمان قاعیدە حاکمە. واتە هێزی دەسەڵات لە ناوەندا، بۆ لەناوبردنی هەموو حیزبە جۆراوجۆرەکان زیاتر و کاریگەرترە و لە حاشیەدا ئەو هێزە لاوازترە، ئەو بێ دەنگیەی تاران دەرەنجامی هەمان هێزی سەرکوتکەرە کە هەموو حیزبەکانی تووچاندووە لە حیزبی تووەوە بگرە تا حیزبی میلەت و جەبهەی میلی و فەدایی و موجاهدینی خەڵق و ... بەرادەیەک کە ئەو حیزبانە تەنیا ناویان ماوە و لە ناو خەڵکدا بە شێوەیەکی هەمەگیر بوونیان نیە تا ئێستە لە ئەنجامی رێکخستنەکانی ئەوان تاران لەو پاسیقییە دەربێت. بەڵام دەبینین لە کوردستان حیزبایەتی زیندووە و ئەو حیزبانەش توانای رێکخستنیان لە ئاستی کۆمەڵگادا هەیە، کوردستان ولاتی تاک حیزب و تاک دیسکورس نیە. راستە ئێمە بەشێکین لە ولاتێکی سانترال، بەڵام لە کوردستان چەشنە پلۆرالیزمێکی حیزبی بوونی هەیە کە سەرەڕای ئەوەی

ئەو حیزبانە دژبەری کۆماری ئیسلامین و نایاسایین، بەڵام هەر هیچ نەبێ خاوەنی هێڵی هەزری و ستراتژیی تایبەت و جیاوازن لە ئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا، شەش مانگ خۆڕاگریی و نارەزایەتیی سەر شەقام بەرهەمی ئەو کولتوورەیە. سانترالیزمە کە شاپووری بەختیار و دوکتور قاسملو و شەرەفکەندەی لە ئوروپا تیرۆر دەکات، هەمان سانترالیزم داریووش و پەروانەی فروهەر لە تاران چەقۆگاز دەکات و موحەمەدی موختاری و سەعیدیی سیرجانیش دەکوژێت.

تێشک لە کاتی بزووتنەوەی ژینادا شێوازێکی پۆپۆلیستی لە دروشمی لایەنە ئێرانییەکاندا دەبینەدرا کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد دەبێ هەموومان پێکەوە و یەکدەنگ بین تا رژێمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن، ئەوکات دەکرێ باس لە جیاوازییەکان و رژێمی داهاتووی ئێران بکەین. ئێوە پێتان وایە ئەم مێکانیزمە بۆ ڕووخانی رژێم گونجاوە؟



ئەو جۆرە دەربڕینانە بە نیسبەت کوردستانەوە، کە ئێستە کاتی ئەوە نیە باسی جیاوازییەکان بکرێت و کاتی یەکدەنگی و یەکیەتییە؛ لە راستیدا ئەوە نیە خۆیان جیاوازییان وەلاوە نابێ و داوای هاوڕێیەتی لە ئێمە بکەن، بەڵکوو ئەمە خۆی هاوارێکی بەرزە کە ئەیەوێ تۆ کوێلەی ئەو بیت، لای ئەو یەک دەنگی و یەک ڕەنگی یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە تۆ ببیتە ئەو، ئەگینا خۆیان باسی هەموو شتێک ئەکەن. خۆیان بە چەق داناوە و وێنەیەکیان بۆ داهاتوو و یاسا و ئازادی و دیموکراسیی کێشاوە کە تۆ ڕۆڵێکت تێدا نەبێت، یان زۆر بە لاوازی و لە پەنای ئەودا دەرکەوی. جیاوازیی بۆ ئەو مانای نیە، ئەبێ هەمووان تەسلیمی ئەو بۆچوونەی ئەوان بن. لە کاتی قەیراندا زمانیان نەرم دەبێ و بۆ ئەوەی تۆ سەرقاڵی هەندێ دەستەواژەی بۆش و بێ بنەما بکەن. بۆ نموونە ئازادی و دیموکراسیی دڵخوازی هەموو کۆمەڵگاکانە، بەڵام ئەم ئازادییە و ئەم دیموکراسییە ئەبێ پانتایی وسنوورەکانی و هەموو شتێکی ڕوون بکرێتەوە و بێتە سەر کاغەز. بە بۆچوونی من ئەمە هەمان دۆخی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیە، بڕیار وابوو هەموو حیزبەکان ئازاد بن، لانی کەم قەوڵی خودموختاریشیان بە کورد دا، هەموو ئەمانە فێڵ بوو بۆ ئەوەی ئێمە سەرقاڵ بکەن، دوایی فەرمانی جیهادیان دەرکرد و هێرشیان هێنایە سەرمان. بە نیسبەت پانتایی ئێرانیشەوە، ویلایەتی فەقیە لە دەستووردا موتڵەقە نەبوو، تا سااڵی شەست و حەفت خایاندیان، شەڕی ئێران و ئێراق کۆتایی هات و هەموو هێزەکانیان تارومار کرد و زیندانیانی سیاسیشیان قەتڵوعام کرد و مونتزریش کە خۆی تێۆریسیەنی ویلایەتی فەقیە بوو وەلانراو قەیدی موتڵەقەشیان خستە سەر بڕگەی یاسای ویلایەتی فەقیە. دیکتاتۆری یەکشەوە دروست نابێت. خومەینی خۆی وتی "خدعه"م کردووە، واتە فێڵم لێکردوون. بۆیە بە هیچ شێوەیەک نابێ ئەو ئەزموونە دووپات بێتەوە. ئەوە ئێستە ئێمە هێزی جووڵێنەری ئەم شۆڕشەین چاوی بینینمانیان نیە، دوایی چۆن دانمان پیا ئەنێین. هێزت نەبێ لەناو ئەچیت، دیموکراسی پێویستی بە پاڵپشتی و هێز هەیە، ئەو هێزەش بەشێکی هەرەزۆری لە دانووساندنەکاندا ئەبێ بسەپێ و خواستەکانی پێ مسۆگەر بکرێت. دیسکورسی کوردی نابێ خۆی دابەزێنێتە ئاستی ئەوان، ئەبێ خۆی بەرزتر بگرێ، لێدوان و دەرکەوتنی کەسایەتییە سیاسی و حیزبیەکانمان ئەبێ شەرمنۆکی تێپەڕێنێ، تا کەی ئەیانەوێ ئەوان رازی بکەن کە تەجزیەتەڵەب نین، تۆ حیزبی، ئەساسنامە

و پێـــڕەوی ناوخـــۆت هەیـــە، کۆنگـــرەت گرتووە، هەمـــوو دەرەنجامەکانی دانیشـــتن و کۆنگرەکانـــت هەیـــە، ئەوە ئـــەوە ئەبێ زەحمەت بداتە خۆی تـــۆ بخوێنێتەوە، نەک ئـــەوەی تۆ خۆت عـــەرزە بکـــەی ئەوانیش هەر بە پاڵەپەســـتۆ بتخەنـــە دەرەوەی هێڵی تەمامیەتـــی ئەرزییەوە. کەوابـــوو لەم چل و چەند ســـاڵەی تەمەنی کۆماری ئیســـلامیدا، تـــۆ ئەوەندە وتووتە مـــن تەجزیەتەڵەب نیم، ئەو هێندە نەیوتووە تۆیـــش هاوواڵاتی منی و مافـــی نەتەوەییت هەیە. کەوابـــوو ئەوە ئەبێ گەرەنتـــی بدات بـــە ئێمە، من بـــۆ ئەبێ پابەنـــد بـــە تەمامیەتی ئەرزییـــەک بم کە مافم تێیدا دەســـتەبەر نابێت، بۆیە پێویستە حیزبەکانمـــان ئـــەوە بزانن، پێویســـتیش نـــاکات ئەوەندە خۆمان بخەینـــە داوێنیانەوە. هێزی کـــوردی خوازیاری ئێرانـــی فیدراڵ و دیموکراتە، ئەگـــەر قەبووڵتانە لە حزمەتداین، و ئەبێ گەرەنتـــی بدەن، قبووڵیشـــتان نیە ئێمـــە بیر لـــە بژاردەیەکی تـــر دەکەینەوە، کـــە هەر هیچ نەبـــێ کوردســـتان نایەتەوە ژێـــر دەســـەڵاتتان و چی پێویســـت بێت ئەیکەیـــن بۆ ئـــەوەی تێکەڵتـــان نەبینەوە. کەوابـــووە پێشـــنیاری وەلاوە نیانـــی جیاوازییەکان هەمـــان خودعەکەی خومەینیە و کـــورد نابـــێ هەرگیز بڕوا بەو قســـە بێ بنەمایانـــە بـــکات. چوونکوو لـــە لایەکەوە ئەیـــەوێ حیزبـــە کوردییـــەکان وەلاوە بنێـــت و چارەنووســـمان بداتە دەســـتی جەماعەتێـــک ســـێلێبریتی پۆپۆلیســـت، و لـــە درێژەی هـــــەمان پلانـــدا دەڵێت بـــاس لـــەجێـــاوازیی نـــەکـــەن تـــا دوای کـــۆمـــاری ئیسلامی.

ئایـــا دەکـــرێ بزووتنـــەوەی ژینا وەکوو بزووتنەوەیەکی فێمینیســـتی ســـەیر بکەیـــن؟ ئەگـــەر وەڵامەکە ئـــەرێ بێت، ئایـــا بزووتنـــەوەی نەتەوەییـــی کـــورد و بەردەوامیی خەباتـــی نەتەوەکەمان لە پێناو ئازادیـــدا کە ژنانیش دەورێکـــی بەرچاویان تێیـــدا هەبـــووە، ناخرێتـــە پەراوێـــزەوە؟



ئـــەوەی کـــە ئـــەم بزووتنەوەیـــە فێمێنیســـتییە یـــان نـــا، بـــەر لـــە هـــەرشتێک لـــە لایـــەکەوە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەو زێهنیەت و پێناســـەیەی بـــۆ فێمێنیـــزم هەمانـــە. و لە لایەکی تریشـــەوە بۆ ئاســـتی تێگەیشـــتنمان لە کێشـــە و قەیران و کەلێنەکانـــی کۆمەڵگای ئێران و کوردســـتان. ڕاســـتییەکەی ئەڵێی شۆڕش یان ڕێڤۆلوشن، ئەوەندە بەربـــڵاو و فرە ڕەهەنـــدە کە من ناتوانـــم قایل بە هێڵکاریـــی ڕەگەزی و ژن و پیـــاو بم. کومەڵـــگا پانتاییەکـــە بۆ هەر دوو ڕەگـــەز، و دەســـتەبەر بوونـــی مافی ژنانیـــش بە بـــێ ئاگایی هـــەردوو ڕەگەز دەســـتەبەر نابێت. بە گشـــتی لە ســـەر ئـــەو بڕوایەم ئەبێ مێشـــکمان لـــە هەموو بواڕەکانـــەوە بگۆڕین، ئـــەو گۆڕانکارییەش پێویســـتی بە پرســـیار خســـتنە ســـەر هەمـــوو ڕەهەنـــد و بواڕەکانـــی ژیانـــی کۆمەڵایەتیمانە، لە مێـــژوو و عورفەوە بگرە تا ئایین و هەموو پێکهاتـــەی کولتووریمانە. ئـــەم شۆڕشـــە بـــە ژینـــاوە، بـــە کچە کوردێکـــەوە دەســـتی پێکرد، دروشـــمی ســـەرەکی ژن، ژیان، ئازادی دیســـان ژن ڕۆڵی ســـەرەکی تێدا هەیە و بەڕاســـتیش هەروایە ژن و ژیان و ئازادی ســـێ چەمکی لێـــک دانەبڕاون، بـــەڵام ئەتوانیـــن بڵێین لـــە ئاســـتی کوردســـتاندا شۆڕشـــی ژنانە و ژنـــان ڕۆڵـــی ســـەرەکی ئەبینـــن، لێرە مەبەســـت فیزیکی ژن نیـــە وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی مـــرۆڤ و لە بەرامبـــەر پیاودا، بەڵکوو لێـــرە زەین و هـــەزری ژنانەیە گوڕی بەخشیوەتە شـــۆڕش، لێرە ژن پێشەنگایەتی شـــۆڕش دەکات، شۆڕشـــێک کـــە تەنیا بۆ دەســـتەبەر کردنی مافی ژنان نیـــە، بەڵکوو داواکاریـــی هەموو مافێکی هەیـــە بۆ هەموو ڕەگـــەز و چیـــن و تۆیژەکان، شۆڕشـــێک

لە پێناوی هەموو ماف و ئازادییەکانی ئێمەدا کەوابوو ئەگەر لە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا زیاتر پیاوان رۆڵیان ئەبینی لێرە، و لە خەباتی شار و مەدەنیدا ئەوە ژنان زیاتر رۆڵ ئەبینن. بەڵام ناتوانم بڵێم لە ئاستی ئێراندا شۆڕشێکی ژنانەیە، ئێمە نێدا ئاغا سوڵتانمان بینی، کچی شینی ستادیۆمی فووتبالّی ئازادی تارانمان بینی، نەبووە هەوێنی هیچ راپەرینێک، ئەمە دابەزاندنی ئەوان نیە و خۆبەرکردنەوەی ئێمەی کورد، رووداوەکان ئەوەمان پێ ئەڵێت، تەنیا کاردانەوەی پەیوەندیدار بە کچی شینەوە وریاغە فووری یاریزانی کورد هەیبوو. راستە کوردستانیش وەک بەشێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای رۆژهەڵات چەوساندنەوەی ژن و پێشێلکاریی مافەکانی ژنی تێدایە، بەڵام بە هەموو ئاستەنگەکانییەوە، کوردستان لە زۆر شوێنی تر باشترە. شۆڕشی ئێمە ژنانەیە، لە بەر ئەوەی لە ئاستی گشتیدا ژنانی ئێمە ئەکتیڤ تر دەرکەوتوون، دەرکەوتنی ژن لە کولتووری ئێمەدا خەڵاتێک نەبووە کە پیاو پێی دابێت، وەک هەندێک لە سیاسییە نێرەکان بەو جۆرە رەوایەتی ئەکەن. بەڵکوو بەشێکی هەرەزۆری زەروورەتێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی بووە کە ژن و پیاو چۆن پێکەوە لەو ماڵە هاوبەشەی هەیانە دیفاعیان کردووە، بە هەمان شێوەش لە نیشتمانیش داکۆکییان کردووە. ئەوە بەشێک، بەشێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگای ئێمە کە زیاتر رەنگ و بۆیەکی ناچرالیستی پێوە دیارە و ژن زیاتر لە شوێنەکانی تر پێگە و جێگەی هەبووە. کولتووری ئێمەش وەک هەموو کۆمەڵگاکانی تر لایەنی جوان و ناشیرین و باش و خراپی هەیە. نابێ ناشیرینییەکان نەبینین و تەنیا چەپڵە بۆ جوانییەکان لێدەین. حیزب و ئایدیۆلۆژی وامان هەیە کە نیگایەکی ئۆبژێکتیڤ و تەواو پیاوانەی هەیە بە نیسبەت ژنەوە، بەڕادەیەک کە ژن لە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی دادەماڵێ و تایبەتمەندییەکانی رەگەزی پیاوی بەسەردا دەسەپێنێ. و دواییش ئەمە بە ناو پێشەنگایەتی لە ئازادی ژندا بە خەڵک دەفرۆشێتەوە. ئازادی واقیعی سروشت و ژیانە و بابەتێک نیە کەسێک بیبەخشێت.

بەشی چاوەڕوان دەکرا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا پێکەوە مەنشوورێکیان هەبایە، پێتان وایە تایبەتمەندییەکانی ئەم مەنشوورە دەکرێت چی بن؟



سەبارەت بە پرسیاری چوارەم، پێش هەر شتێک ئەبێ بەرەیەکی کوردستانی پێک بێت، ئەزموونی ناوەندی هاوکاری ئەبێ گەورەتر و تۆکمەتر بکرێت، حیزبەکانی ئێمە ئەبێ بزانن حیزب ئامێرێکە بۆ بەدەستەوە گرتنیدەسەڵات، و ئامانجێکی پیرۆز نیە، حیزبەکان ئامێری دەستەبەر بوونی مافەکانی خەڵکی کوردستانن، کەوابوو هاوکات کە مافی ئەوەیان هەیە جیاوازییان لەگەڵ حیزبە رەکەبەرەکانیاندا بپارێزن، لە هەمان کاتدا نابێ بە جوولّەی نارەوا بەرەی کورد لاواز بکەن. ئەمە لە حیزبەکان، لە بەستەری مەدەنیشدا ئیرادەی ئامانجی سەرکەوتن و داخوازیی مافەکانمان بینی، هەموو چین و تۆژ و بیرێک هاتە سەرشەقام و یەکدەنگ داوای مافی رەوای کوردستانیان دەکرد. بۆیە یەکەم هەنگاو پێکەوەنانی ماڵی کوردە، کە ئەمەمان کرد دوایی بە بۆچوونی من دوو بژاردە لە بەردەممان دایە، یەکەم نزیک بوونەوە لە ناوەندخوازەکان و هەوڵدان لە پێناوی

گۆڕینی روانگەی ئەوان لە ئێرانێکی تاک نەتەوەیی و تاک دەنگەوە بۆ ئێرانێکی پلۆرال و دیموکراتیک، کە ئەمە بە پێی ئەزموون زۆر زەحمەتە و ئەنجامی نابێت، چونکوو ئەوان لە باشترین حاڵەت و تەنانەت ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەاڵتن، دان بە مافی شارۆمەندیدا ئەنێن ئەویش بە قسە و هێشتا دەرفەت نەڕەخساوە ببینین بە کردەوە چۆن دەبێت. پێشمەرجی ئەم مافی شارۆمەندییە بۆ ئەوان وەاڵوەنانی داخوازییە کۆیی و جوغرافیایی و نەتەوەیی یان بە قسەی خۆیان قەومیەکانە. بژاردەی دووهەمیش ئەوەیە کە بیر لە پێکهێنانی بەرەیەک پێکهاتوو لە نەتەوە ژێردەستەکانی پانتایی ئێران بکرێتەوە، یان بە واتایەک ئیئتلافی پەراوێز بێت لە بەرامبەر ناوەندەدا. بەاڵم ئەمیش کێشە و ئاستەنگی زۆرە، وەک دەزانین نەتەوەکانی تری ئێران، وەک ئێمەی کورد کولتوور و دیسکۆرسێکی تۆکمەی سیاسییان نیە و بەو رادەیە چاالک نین کە لەگەڵیان هاوپەیمانییەک پێک بێنین. ئەوە ئەهواز و بەلووچستان و ئازەربایجان و تورکمەنەکان ، جگە لە بەلووچستان کامەیان هاتنە سەر هێڵ. ئەمە هەمان دۆخی دوای شۆڕشی پەنجا و حەوتە کە ئەودەمیش وەک ئێستە نەتەوەکانی تری ئێران داخوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران خۆی سەلمێنەری ئەم قسەی منە، ئەگینا ئەیانوت خوموختاری بۆ نەتەوەکانی ئێران نەک تەنیا بۆ کورد، بەاڵم جگە لە کورد کەس دەنگی ئوتۆنۆمی خوازیی بەرز نەکردەوە . بۆیە نابێ ئێمە ئەو ڕاستییەی ئێستەش نەبینین، شەش ماڵنگ ئێمە لە سەر شەقام بوویین کام دەنگی شوناسخوازانەمان لە ئەزەربایجان و لورستان و ئەهواز بیست؟ ئەمە یەکێک لە گرفتە جیدییەکانی ئێمەیە، لە الیەکەوە ناوەندخوازان خواستەکانی تۆ بە هەڵپەسێردراوی دەهێڵنەوە بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسالمی و ئەمەش فێڵێکی ڕوونە و نابێ فریوی بخۆین، لە الیەکی تریشەوە نەتەوەکانی تری ئێران هێندە تەیار نین کە هیوامان بە ڕێکخستنێک بێت لە سەر ستراتیژیی پەراوێز لە بەرامبەر ناوەندەوە. لە ئەنجامدا کورد ئەبێ لە هەردوو بوارەکەدا هەواڵی خۆی بدات، بەاڵم هەوڵی سەرەکی دەبێ پشت بەستن بە هێزی کوردستان بێت، بیری تەسکی حیزبی و سەرەڕۆیی سیاسی دەبێ وەاڵوە بنرێ، کۆمەڵگای ڕۆژهەاڵت نابێ قبووڵ بکات کە ئاراستەی گشتی و نەتەوەیی کورد بگۆڕێ بۆ ئاراستەی حیزبی.

هەندێک پێیان وایە داواکارییەکانی بزووتنەوەکە لە هەندێک شوێنی وەک کوردستاندا جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بووە و ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی/ئەتنیکی بەخۆوە گرتووە، کە واتە ناکرێ لە یەکەیەک وەکوو خەڵکی ئێران قسە بکەین. ئێوە چۆن ئەم باسە شرۆڤە دەکەن؟



نەخێر ناکرێ وەک خەڵکێکی یەکە حسێب بۆ حەشیمەتی ئێران بکرێت و لە ڕاستیدا وشەی خەڵک لە الیەن عەقڵیەتی ڕاسیستیەوە بۆ شاردنەوە و پەراوێز خستنی هەموو جیاوازییەکان بەکار دەبرێت، ئالێن بەدیۆ ئەڵێت هەرکات وشەی خەڵک وەک سفەتی پێوەندیدار بە ناسنامە و نەتەوە یان نەیشنەوە ببرێتەکار، هیچ جێگای متمانە نیە. خەڵکی یەکەی ئێران بوونی نیە، و ئەو یەکە بوونە نیشانەی ئیرادەیەکی ئایدیۆلۆژیک و پۆپۆلیستیە، کام خەڵک، ئەو

خەڵکەی کە خاوەن بڕیارن و ساڵەهایە لەم وەزارەتخانەوە بۆ ئەو وەزارەتخانەکەی تر هەوار دەگوێزنەوە؟ ئەو خەڵکەی بنەماڵەی مەلاکانی تاران و پێوەندیی خوێنی و ئابووری و مافیایی و ... یان هەیە؟ ئەو خەڵکەی بەڕۆژانە بە دووی نانێکێ بژی و مەمردا وێڵن، کام خەڵک، خەڵکی کەمینە ئایینییەکانی وەک بەهایی و ئەرمەنی و زەردەشتی؟ یان خەڵکی قارنا؟و قەڵاتان؟ ئەو خەڵکەی خومەینی فەتوای جەهادی دا و هێرشی کرایە سەر؟ یان ئەو خەڵکەی بە دەم فەتواکەی خومەینییەوە چوون و بەچەکەوە هێرشیان هێنا بۆ کوردستان؟ هەموو ئەمانە بەڵگەن لە سەر ئەوەی چەمکی خەڵکی یەکە درۆیەکی حاشاهەڵنەگرە و بنەمایەکی پۆپۆلیستی و فریودەرانەی هەیە. بزووتنەوەی ژینا، بزووتنەوەی کوردستانە، تەشەنەی سەند بۆ شوێنەکانی تری ئێران و بێ گومان روانگە و هەزر و داخوازی کوردستان جیاوازە. کوردستان هەر لە مێژە خەبات ئەکات لە پێناو ماف و داخوازییەکانیدا، و ئەو داخوازییانەش بە پێی مافە پێشێلکراوەکانی جیاوازیی هەیە لەگەل شوێنەکانی تردا. کوردستان دژ بە هەموو هەڵاواردنێک وەستاوەتەوە، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رەگەزی جوغرافیایی، حوقووقی، چینایەتی کە بەرای من هەموویان دەچنە خانەی مافی نەتەوایەتییەوە. لەبەر ئەوەی هەموو هەڵاواردنێک ریشەی لە هەڵاواردنی نەتەوەیی دایە. بۆ نموونە نابەرابەریی چینایەتی، پێوەندی راستەوخۆی بە سیاسەتی ناوەند پەراوێزەوە هەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ نەتەوەییە، ئەگەر ئایینی و ئاینزایی بە، دەبوو پارێزگای ئیلام و ئەو بەشەی پارێزگای کرماشان و سنە کە سەر بە ئاینزای شیعەن دۆخی ژیانیان باشتر لەسنە و مەهاباد بایە، کەچی دەبینین وەها نیە.

ئایا سەرکوت دەتوانێ بزووتنەوەی ژینا لەناو بەرێ؟ ئێوە داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە چۆن دەبینن؟



سەبارەت بە سیاسەت و میکانیزمەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی بزوونەوەی ژینا، بێ گومان هەموو دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری هەوڵی خۆیان ئەدەن بو کپ کردن و سەرکوتی دەنگی نارەزایەتی خەڵک. کۆماری ئیسلامیش لەم پێناوەدا، هەوڵی زۆری داوە و هێشتاش بەردەوامە لێی. تا پێش شۆڕشی ژینا بابەتی حیجاب بۆ شاردنەوەی گرفتی ئابووری و گرانی و زۆر کێشەی تر، سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کۆماری ئیسلامی گیرۆدەیەتی، بوو بە ئەولەویەتی یەکەم، تا ئەوەی هەر ئەو بابەتە بوو بە هۆی شەهید بوونی ژینا و دواییش سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شۆڕش. لە پاش شۆڕشیش دەسەڵات دیسان بە هەمان میکانیزمی حیجابەوە ئەیەوێت ئەم بزووتنەوەیە و کۆی جووڵانەوەی کوردستان لە مەعنا دامالێت، بەردەوام لە هەوڵدایە ئەم شۆڕشە دابەزێنێ بۆ بێ حیجابی و بێ حیجابیش بە بەرەڵایی مەعنا دەکاتەوە. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە وەستانی بۆ نیە، چونکوو لە لایەکەوە و لە دنیای میدیا و سۆشیاڵ میدیادا ئاستی وشیاریی خەڵک زۆرتر لەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ .

هەوالنامەی کتێب

وتوویژ لەگەڵ ئالا ڕەیانی

نووسەری کتێبی کچی شەڕ
باسێک لەسەر کۆلۆنیالیزمی ئێرانی

ئالا ڕەیانی، ئەکتەر و نووسەر، لەدایکبووی شاری مەهابادە و بە منداڵی هاتووەتە سوید. ئالا ماجستێری لە زانستی سیاسی هەیە. ماوەیەک لە دەفتەری نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە سوید کاری کردووە و دواتر لەگەڵ ڕێکخراوی سویدی "ژن بۆ ژن" لە کوردستان لە بواری پرسی ژنان چالاک بووە. ئالا لە منداڵییەوە شەیدای کاری شانۆ و فیلم بووە و ساڵێک لە ڕشتەی فیلم و میدیادا دەرسی خوێندووە. ئێستا وەک ئەکتەر کار دەکا و لە چەندین فیلم و شانۆدا بەشدار بووە. مانگی مای ٢٠٢٣ کتێبی "کچی شەڕ"ی بە سویدی بڵاو کرایەوە. کتێبی کچی شەڕ باسی ژیانی سیاسیی دایک و بابی و هاتنیان بۆ سویدە، بەڵام ئەم گێڕانەوەیە دەبێتە بەهانەیەک بۆ باسی مێژووی کورد، جێنۆسایدی کورد، شۆڕشەکانی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا.

ڕێگا *کتێبی کچی شەڕ بە باسی "سایکس پیکۆ" دەست پێکراوە. دەتوانی وەک کەسێکی نەسڵی نوێ، نەسڵی دوای دایکت پێم بڵێی بۆ لەو خاڵەڕا کتێبەکەت دەست پێدەکەی؟*



چونکە ئەوە یەک لەو خاڵانەیە کە مێژووی کوردستان تاریف دەکا. سەختە ئینسان باسی کوردستان و کوردبوونی خۆی بکا بێ ئەوەی باسی ڕیشەی پرسی کوردستان نەکا کە لە ئەسڵدا ڕیشەیەکی کۆلۆنیالیستی هەیە. بۆ ئەوە نەک هەرغەیری کورد بەڵکوو خودی کوردیش مێژووی خۆی لەبیر بێ کە بۆ ئێمە وەزعمان ئاوایە.

ڕێگا *ئێوە کۆلۆنیالیزم چۆن دەبینن؟ بۆ تۆ کۆلۆنیالیزم چییە؟ ئینسانێکی کۆلۆنیالکراو چۆنە؟*



کۆلۆنیالیزم دەربارەی وەی دایە کە یەک فەرهەنگ و یەک گرووپ لەسەر گرووپێکی دیکە خۆی سالار دەکا و گرووپی غەیری خۆی دەچەوسێنێتەوە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی. کۆلۆنیالیزم چەندین تویژی هەیە، وەکوو پیوازێک وایە کە چەند تویژی هەیە. هەم پرسێکی سیاسییە، هەم ئابووریە، هەم دەروونی و کۆمەڵایەتییە. کۆلۆنیالیزم کار لەسەر پسیکۆلۆژی ئەو ئینسانە دەکا کە دەیهەوێ بیچەوسێنێتەوە. ئینسانێکی کۆلۆنیالکراو کەسێکە کە ونە. ڕیشەی لە دەست کەسێکی دیکەیە. دەستی بەسەردا گیراوە. ئینسانی کۆلۆنیالکراو هەست دەکا کە فەرهەنگی ئەویتر لە هی خۆی گرینگترە، جوانترە، باشترە. ئێمە وەکوو کورد هەمیشە خۆمان لەگەڵ فەرهەنگی خەڵکی دیکە بەراورد دەکەین. سیاست وای کار لەسەر ئێمە کردووە کە خودبەخود هەمیشە لەباری دەروونییەوە تەنانەت ئەگەر ئەو ڕژیمە نەمێنێ خۆمان هەمان سیاستی ئەوان، سیاستی کۆلۆنیالیستی بە بەردەوامی دەربارەی خۆمان دەبەینە پێش. لەبەرانبەر فارس و تەنانەت تورک خۆمان پێ کەمترە. بە زمانی ئەوان قسە دەکەین. بە فارسی قسە دەکەین. فارسیمان پێ جوانترە. کوردییەکەمان فارسیی زۆرتر تێدابێ، یا هەر فارسی قسە دەکەین. ڕەفتار و هەموو شتێکمان وایە. ئێمەش بڕینج و خۆرشتمان هەیە، بەڵام دەڵێن قورمەسەبزی ئێرانی. مێژووی خۆت لەدەست داوە. ڕیشەی فەرهەنگت یەکێکی دیکە لێی هەڵگرتووی، لێی دزیوی، ئەتۆش باوەڕت بەوە هەیە. ئەتۆ بەچاوی ئەو کۆلۆنیالیستە چاو لە خۆت دەکەی. ئەو کۆلۆنیالیستە پێی گوتووی ئەتۆ کەمتری، ئەتۆ وەحشیت، ئەتۆ سەر دەبڕی، ئەتۆ دیهاتیت، زمانی تۆ هیچ نییە. ئەو شتانە ئەگەر بەو ڕادەیەش بەخۆتی نەڵێی دیسان تویژێکت تێدایە کە وا چاو لەخۆت دەکا. تەنانەت ئەو کوردانەی خۆشیان پێ کوردە، شێکردنەوە لەسەر دەسەڵات و نابەرانبەری دەکەن، دیسان خۆیان لە بەرانبەر فارسدا پێ کەمترە، چونکە

ئەگەر دەگاتە ئەجێندای سیاسی لەسەر میز، حەتمەن ئەجێنداکە ئەجێندای فارسەکەیە و ئێمەش مەرجەکانی ئەوان قەبوولْ دەکەین. ئێمە کەمینە نین، بەڵام بۆ وێنە ئێمە خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینین. کوردی باکوور خۆیان لە چوارچێوەی تورکیەدا دەبینن، بەڵام لە ڕێشەوە ئێمە یەکین. ئەگەر چاو لە سیاستی ئەو وڵاتانەش بکەین دەبینی ئەوان ئێمە وەک یەک نەتەوە دەبینن. بۆیە سیاستەتەکەیان لەبەرانبەر کورددا ئاوایە و هەمیشە هاودەنگن دژی کورد. سیاستی شکانمان و دەستی باڵا دەگرن، شەڕ بە کورد دەکەن. کورد شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن و... هتد. تێرمینۆلۆگی زۆر گرینگە. ئەتۆ کەڵک لە چ وشە و چەمکێک وەردەگری، بۆ گرینگە ئێمە بەخۆمان بڵێین کورد نە ئێرانی. ئەو باسە لەناو کوردیشدا هەیە. بۆ هێندێک کەس ئاساییە کە بەخۆی بڵێ ئێرانی. بەڵام من قەت بە خۆم ناڵێم ئێرانی، بۆ؟ چونکە ئەگەر ئەمن بەخۆم کوت ئێرانی، سیاستی ڕژیم، سیاستی کۆلۆنیالیستی ئەوان زیندوو ڕادەگرم. سیاستێک کە "فارس تەوەر" و "فارس سەنتەر"ە. ئێتنیکی فارس لە سەرووی هیرارشی دادەندرێ. هەموو شت لە دەوروبەری فارس دەخولێتەوە. بۆ من ئێرانی واتە فارس. چونکە سیاستی ئێرانی وابووە. کەسی دیکە ئێرانی نییە. ئێران یانی زمانی فارسی، فەرهەنگی فارسی. جا ئەو فەرهەنگە زۆریشی دزیوە. چونکە یەکێک لە بناغەکانی کۆلۆنیالیزم ئەوەیە کە لە هەموو فەرهەنگەکانی دیکە کە دەیانچەوسێنێتەوە لێیان دەدزێ. ئێمەش باوەڕ بەوە دەکەین کە ئەو شتانە هی وانە، هی ئێمە نییە، زۆرجار شتی خۆمانیان دەدەینێ و دەڵێین ئەوە هی فارسانە، هی ئێمە نییە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم مێژوویە لە هەوەڵەوە بەدرۆ نووسراوە. ئێمە نە ئەنستیتۆ یا شوێنێکمان هەیە نە هیچ شتێک کە بتوانین فەرهەنگی خۆمان ڕابگرین و بەدروستی بینووسینەوە. هەمیشە یەکێکی دیکە بۆمانی گوتووە و تەنانەت ئێمە لە قوتابخانە ناتوانین دەربارەی مێژووی خۆمان فێربین. تەنیا ڕێگایەک کە ئێمە شتێک فێر بووین ئەوەیە باب و باپیر و داپیرمان ئەو شتانەیان بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە کە ئەوەش بۆخۆی شتێکی زۆر گرینگە، وەک موعجیزەیەک کە توانیومانە خۆمان سەدان ساڵ ڕابگرین گەرچی ئەوان وا لەگەڵ ئێمە تووند بوون.

ئێوە لە کتێبەکەتدا هەوڵت داوە لە ڕێگای گێڕانەوەی ژیانی دایک و بابت مێژووی کوردیش باس بکەی. باسی سایکس پیکۆ و شۆڕشەکان و کۆمار و... هتد. ئەو ماوەیە کە کتێبەکەت بڵاو بۆتەوە چ سەرنج و ڕایەکت وەرگرتووە؟



کتێبەکە هێستا جارێ لەسەری نەنووسراوە، چونکە ئاخری مانگی مای ڕەخنەگران ئەم کارە دەکەن. ئێمە زۆر جار وەک کورد قسە بە خۆمان دەڵێین و ڕەخنە لە خۆمان دەگرین، بۆ وێنە دەڵێین کورد قەت پشتی کورد ناگرێ، کورد یارمەتی یەکتر ناداً، چاولە خەڵکی دیکە بکەن، فارس چۆن هاوکاریی یەکتر دەکەن و... تاد. بەڵام بەڕاستی وا نییە. هەر لەم چەند ڕۆژەدا کوردێکی یەکجار زۆر نامەیان بۆ ناردووم و پشتیان گرتووم. من هەست دەکەم بە پێچەوانە کورد زۆر جار پشتی یەکتر دەگرن. ئاخر ئەوەش سیاستێکی کۆلۆنیالیستییە کە هەمیشە دەیهەوێ وا نیشان بدا کە کورد پشتی یەکتر ناگرن. ئێمە نەتەوەیەکی نەرم و جوانین. خۆشەویستیی لەنێواندا هەیە. من ئەو هەموو مەحەبەتەم وەرگرتووە. نەک هەر لە کوردی لای خۆمان، لە کوردی هەموو بەشەکان. لە نەسڵی جیاواز و لە وڵاتانی جۆراوجۆر. لێم دەپرسن کەی کتێبەکە بە زمانی دیکە وەردەگێڕی. ئەوە نیشان دەدا ئێمە چەند تینووین کە کاری وا بکەین.

باسی خۆمان و باسی چارەنووسی خۆمان بکەین. من ئەوە وەک ئەوە نابینم کە بۆ شەخسی منە، بەڵکوو ئێمە نەتەوەیەکین کە پێویستمان بە کاری ئاوایە، جا نووسین بێ، شانۆ بێ، فیلم و شێعر بێ. سیاسەتەکە وا بووە کە ئێمە هیچ ڕێگایەکمان نییە کە بەشێوەی سیاسی باسی پرسی خۆمان بکەین. پێمان دەڵێن تێرۆریست. ئێران و تورکیە بە کوردان وا دەڵێن. بۆیە هەست دەکەم کاری فەرهەنگی دەبێتە ڕێگایەکی سروشتی بۆ باسی کورد و بۆ باسی چارەنووسی خۆمان بێ ئەوەی بتوانن دەممان ببەستن.

ئایا ڕێگای فەرهەنگی ئەو خەتەرە دروست ناکا کە پرسی کورد کە پرسێکی سیاسییە ڕێگاحەلە سیاسییەکە وەپاش بدا و ڕێی لێ ببەستێ؟



فەرهەنگ لە ئەسڵدا سیاسەتە. کاتێک چاو لە کۆمەڵگا دەکەین دەبینین فەرهەنگ چەندە کاریگەری بووە لەسەر سیاسەت و گۆڕانی کۆمەڵگا. ئەم دوو ڕێگایە دوژمنی یەکتر نین بەڵکوو دەتوانن هاوشان بن و ئەزقەزا زۆرجار فەرهەنگ وادەکا کە سیاسەت ناچارە بگۆڕدرێ. تەنانەت لەناو خۆماندا سیاسەتمەدارەکانی ئێمە ببیسن و ببینن کە خەڵکەکەیان چ هەستێکی هەیە و خەڵک دەیانهەوێ چ داهاتوویەکیان هەبێ. بۆ وێنە خەڵک چی دەوێ، سەربەخۆیی، فدرالیسم، بێسنووری یا ڕێگای دیکە. ئەوانە لە فەرهەنگدا هەن. ئەوانە دوژمنی یەکتر نین. بەتایبەت بۆ کورد کە هەمیشە لە فەرهەنگدا توانیومانە خەباتی خۆمان بکەین. بە سیمبۆلیسم قسەی خۆمان کردووە. ناچار بووین بە شێوەیەکی شاراوە هەستەکان دەربڕین. ئینجا ئەگەر ئەتۆ چاو لە دەرەوەی کوردیش بکەی و چاو لە فەرهەنگەکانی دیکەی دنیا بکەی، فەرهەنگ بێسنوورە. ڕەنگە تۆ کەسێک یا نەتەوەیەکت قەت نەدیتبێ، بەڵام فیلمێکی دەبارەیدا ببینی تازە بۆ هەمیشە وەبیرتە. ئێمە هیچمان "هۆلۆکاست"مان نەدیوە، بەڵام کە کوترا هۆلۆکاست، ناو جەرگت دێشێ، چونکە فیلمی Schindler list ت دیوە و لە ڕێگای ئەو فیلمە دەزانی هۆلۆکاست چ بووە. یا لە قوتابخانە لەسەرت خوێندووەتەوە. فەرهەنگ سنووورەکان تێدەپەڕێنێ. زۆرجار گۆرانییەک هەزاران جار زیاتر کاریگەری هەیە لە خۆپێشاندانێک کە کەس گوێشی نەداتێ.

ئینسانی کورد ئاگایە لەو زوڵمەی لە ئێرانیدا دەکرێ، بەڵام ئایا پێتوایە کە ئاگا بێ لەوە کە کۆلۆنیال کراوە؟ زۆرجار دەبیسین کە دەڵێن ئەو زوڵمەی لە کورد دەکرێ لە خەڵکانی دیکە و فارسیش دەکرێ.؟



ئەوە بەشە سەختەکەیە. ئەتۆ لە چوارچێوەیەکدای کە لە ئەسڵدا هەر کەس ڕای جیاوازی هەبێ سەرکوت دەکرێ، هەر کەس دژایەتیی حکومەتی ئێران بکا دەبێتە دوژمنی. بەڵام گرفتی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە لە "خەبات لەناو خەبات"داین. لەم شۆڕشەی ژینادا دیتمان کە نیوەی شەڕەکەمان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی فارسە. تەنانەت جارجار دەبێ زۆرتر شەڕ لەگەڵ پەهلەوی‌چییەکان بکەین. ئەوە بەشێکە لە کۆلۆنیالیسم کە ئەو مۆنستێر و وێنانە نابینێ. ئەوە بەشێکە لە ئاسیمیلەکردنی ئەو کۆلۆنیالکراوە. شتێکی سەیر نییە کە بەشێکی زۆری کورد ئاسیمیلە کراون. ئەوە پرۆسەیەکی سروشتی بووە کە سەدان ساڵ بە سیاسەتێک کە دەیهەوێ ئەتۆ لەناو بەرێ، ناسنامەت لەناو بەرێ، زمانی تۆ لەناو بەرێ، کەرەسە و موسیقا و گۆرانیت لەناو بەرێ. هەر شتێک بڵێی نەک هەر ئەو حکومەتە بەڵکوو هەموو حکومەتەکانی ئێرانی کە دەسەڵاتیان بووە لەژێر یەک

ئایدۆلۆژیـــدا، ئایدۆلۆژی فـــارس، نەتەوەی فـــارس، ئـــەو ئاسیمیلاســـیۆنەی کـــورد ڕووبـــەڕووی بووەتەوە. کەوایە شـــتێکی زۆر سەروشـــتییە وردە وردە بتوێـــەوە بۆ ئەوەی تەنیا بژی و نەتکوژن. ئاسیمیلاســـیۆن ڕاست ئەوەیـــە بۆ ئەوە ژیانت بپارێـــزی، وردە وردە بە هەموو شـــتێک دەڵێی وایە، من ئێرانیم، من فارســـم. خەڵک لە کوردســـتانیرا دەنێرنە ئەوبەری تـــاران و ئێران بـــۆ تاراوگە. ئیدی دوای نەســـڵێک دوو نەسڵ لەبیرت دەچێتەوە کێـــی و بۆ لەوێی. بەشـــێک لـــە خەباتی ئێمە ڕاســـت ئەوەیە کە خەڵکەکەی خۆمان ئـــاگاڵ بکاتەوە کە وەختەبەر بێـــن. ئەو فیلتێرە لابەرن کـــە ئێمە لە چاویلکـــەی ئێرانییەوە چاو لە خۆمـــان دەکەین. ئێمـــە مافەکانی خۆمان کـــەم دەکەینەوە. خۆشـــحاڵ دەبین ئەگـــەر ببینە بەشـــێک لـــەوان. لەجیاتی ئـــەوەی ئەوان ممنـــوون بـــن و ئێمە قانع بکـــەن کە ئێمە لـــەلای ئەوان دانیشـــین، بەپێچەوانـــەوە ئێمە خۆمـــان دەکوژین بۆ ئەوەی بەشـــێک بین لە ئۆپۆزسـیۆنێک کە کۆماری کوردســـتانی شـــکاند، کـــە تەنیا ســـەرۆک کۆمارێک کـــە لـــە ڕۆژهەڵات هەمانبـــوو ئیعدامی کرد. ئـــەوە یانی چی؟ یانـــی ئـــەوە کـــە ئێمـــە خۆمـــان کەم دەکەینەوە و بۆخۆشـــمان باوەڕمان بە مافی خۆمان نییـــە وەک نەتەوەیـــەک کە مافی دیاریکردنی چارەنووســـی خۆی هەیە. دەبێ وەبیرمـــان بـــێ هیچ کـــەس وەک خودی خۆمـــان، وەک نەتەوەی کـــورد ناتوانێ بە ئێمە بڵـــێ کێین و کێ نیـــن. ئێمە خۆمان ئەگەر بڵێیـــن کۆلۆنیالیـــزە کراوین بەمانای ئەوەیـــە کۆلۆنیالیزە کراویـــن. ئێمەین کە مافـــی شـــرۆڤەی خۆمـــان هەیـــە. ئێمە عادەتمـــان گرتـــووە کە بەچـــاوی خەڵکی دیکـــە خۆمان ببینیـــن. بـــەڵام دەبێ ئەو دەســـەڵاتە بگەڕێنینـــەوە دەســـت خۆمان. ئیستاش بەو شـــێوەیە باسی خۆمان دەکەین کـــە فارس باســـمان دەکەن. فـــارس قەت نااڵـــێ کە ئەوانـــە خەڵکێکی ڕەســـەنی ئەو ناوچەیەن کـــە کۆلۆنیالیزە کـــراون، چونکە ئـــەو کات دەبێ بـــە تەواوی بـــە مێژووی خۆیاندا بچنـــەوە کە ئەوان قـــەت ئەو کارە ناکەن. بۆیە مـــن لە تـــەواوی وتوێژەکاندا ئـــەوە دەڵێم کـــە ئێمەی کـــورد خۆمان دەبێ شرۆڤەی پرســـی خۆمان بکەین نەک خەڵکـــی دیکە پێمـــان بڵێن ئێـــوە کێن. بەســـە ئەو کاتەی کە فارســـێک دەڵێن کە باســـی کورد بـــکا کە کورد کێیـــە یا نییە. تەنانەت ئەوروپی و ســـویدییەکان. بۆ وێنە "ئینگمار کارلســـۆن"ێک هەبـــوو کە کاتی خۆی لە تورکیە ســـەفیر بـــوو. ئەو کتێبێکی لەســـەر کوردان نووســـی و باســـی ئێمەی دەکرد. بـــۆ وێنە دەیکوت کـــورد خەڵکێکن کە بـــە زمانی جیاواز قســـە دەکەن و لێک تێناگەن. ئەو زەمان تەواو بوو کە کەســـێک بێ ئاوا باســـی ئێمە بکا. ئـــەوە کۆلۆنیالیزمە. ئێمە خۆمان دەبێ باســـی خۆمـــان بکەین. لـــە کتێبەکەمدا ئاماژە دەکـــەم کە ئەو کۆلۆنیالیزمە تەنیا ئێـــران و عێراق و تورکییە و ســـوورییە نییە. ڕۆژاوا کـــوردی دابەش کرد و ئیمـــەی بـــە ئێـــرە گەیانـــدووە، بۆیە چارەســـەرکردنی پرســـی کورد و کوردستان بەرپرســـایەتی ڕۆژاوایـــە. ئێمـــە دەبێ ئەو ئەرکە لەســـەر شـــانی هەموان دانێین کە ئەوان یارمەتی چارەســـەری کێشەکە بدەن. لەســـەر ویژدانی وانە، ئـــەوان هەرچی نەوت و گاز و کانزای سروشـــتی کوردە لەســـەری ژیاون. ئێستاش کـــوردی ڕۆژهـــەاڵت بە مینی ســـوید دەســـت و قاچـــی دەپەڕێ. ئەوانە کە دەردەکـــەیان بـــە ئێمـــە داوە دەرمـــانیشیان لایە. ئـــەوان بـــەرپـــرســـن. پرســـی ئێمە لێرەدایە کـــە قفـــڵ بـــووە. پرسێکی پێچەوپڵووچە.

ئێـــوە شـــەش ســـاڵان بـــووی کـــە هاتوویتـــە ســـوید، چـــۆن بـــەو ئاگاییـــە گەیشـــتووی کـــە کـــورد داگیر کـــراوە؟ ئایا هەمـــوو گەنجەکانـــی کورد لە ســـوید بـــەو ئاکامـــە گەیشـــتوون؟



لـــە هیـــچ کوێـــی دنیـــا هیـــچ کـــەس دروســـت وەک یـــەک بیرناکاتـــەوە. ئیمکانـــی نییـــە کـــە

هەموو کورد لەسەر هیچ شتێک یەک نەزەریان هەبێ. نە لەسەر سیاسەت و نە داهاتوو. ئەو منداڵانەش کە لێرە گەورە بوون هەر کام لە بنەماڵەیەک گەورە بوون و هەر کام ئەزموونێکیان هەیە. ڕەنگە زۆریان لەو بنەماڵانە بن کە بۆیان هاسانترە بڵێن من لە ئێران را هاتووم. من وەبیرمە کە لە گرووپی هەڵپەڕکێدا بووم کە لەهەر بۆنەیەکدا بە جلی کوردی بەشدار دەبووین. دە ساڵە بووم. وەبیرمە کچەکانی دیکە دەیانکوت ئەمن کوردی ئێرانم، ئەمن کوردی عێراقم. من زۆر منداڵ بووم، بەڵام دەمزانی کە نابێ ئینسان وا بڵێ. پێم دەکوتن کە دەبێ بڵێین ئێمە لە کوردستانڕا هاتووین. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە هەرکاممان لە بنەماڵەیەک ڕا هاتووین. بۆ ئەوان سرووشتی بوو کە بڵێن لە ئێران ڕا هاتوون. ئەوە میراتێکە کە هەر کەس لە بنەماڵەی خۆی وەریدەگرێ. بەڵام بەڕای من ئەوەی کە جوانە و ئێمە منداڵانی دیاسپۆڕا هەمانە و دایک و بابەکانمان نەیانبوو ئەوەیە کە توانیومانە یەک بگرینەوە. لێرە هیچ سنووڕێک نییە کە چواربەشمان بکا. ڕەفیقمان هەیە هی قامیشلویە، هی سلێمانییە، لێرە نزیک بووینەتەوە، تەنانەت عادەتمان بە دیالێکتی یەکتر گرتووە. لێرە زۆر کەس کوردترە، چونکە توانیومانە باسی ئەوە بکەین لە کوردستان چ ڕوودەدا و چمان لێ دەکرێ. لە سوید خوێندن بە زمانی کوردی هەیە. من لێرە فێری کوردی نووسین بووم. ئەمە بۆ سازکردنی ناسنامە زۆر گرینگە



ئەمن خۆم زانستی سیاسیم خوێندووە. چەند کارم لەکاتی خوێندن لە زانکۆ لەسەر کورد کردووە. ئینسان لێرە لە سوید چاوی دەکرێتەوە. بۆ وێنە لێرە لە باکووری سوید سامەکان هەن. یا خۆجێییە ڕەسەنەکانی ئەمریکا چاو لێ بکەن. قەدیم پێیان دەکوترا سوورپێست، کە ئەمە هەڵەیە و نابێ وایان پێ بڵێی. ئینسان دەبینێ کە تەنیا ئێمە نین، بەڵکوو سیستەمێکە کە ئەم دنیایە کەڵکی لێوەردەگرێ تا خەڵکی ڕەسەنی خۆجێیی هێندێک شوێن بچەوسێنێتەوە. ئەوە بەشێکە لەوە کە کاپیتالیسم چۆن کار دەکا. ئەو وڵاتانە کە خۆیان بە دێمۆکرات دەناسێنن دەبینی چەندە سیاسەتەکەیان پیس و دووڕوویە. بۆ وێنە بۆ چوونە ناو ناتۆیەک چۆن کورد دەفرۆشن. ئەتۆ هەموو ئەو شتانە وەک پازڵێک دادەنێی و دەبینی لەوە لاوازتر نابی. ئەتۆ لە ژێر ژێرەوەی هیرارشی دنیادا دەژی. ئێمە نە لە یووئێن، نە لە هیچ ئۆرگانێکی دنیادا نوێنەرمان نییە. ئێمە هیچ دەنگێکمان نییە، کەس دەنگی ئێمە ناگەیەنێ. ئەگەر ئەوە کۆلۆنیالیزم نییە ئەدی چ شتێک کۆلۆنیالیزمە. شتەکە لە ئەسڵی خۆیدا زۆر ئاڵۆز نییە.



سەد لە سەد، جیاوازییەکی زۆر هەیە. پێشتر باسمان کرد کە هەموو کە لەژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتەدا دەژین لەژێر گوشارن. بەڵام ئەتۆ وەک کورد تۆژێکی دیکەی کە گوشارت لەسەرە. ناسنامەی کورد بوون، پرسی

جگە لە بنەماڵەکەت سەرچاوەکانی تۆ بۆ ئەم ئاگاییە کە ئێمە کۆلۆنی کراوین چ بوون؟ بۆ گەیشتن بەم ئاگاییە لە دەرەوەی وڵات ڕادەیەکی سەرتر پێویستە؟

ئێستا بۆ وێنە لە "شۆڕشی ژن ژیان ئازادی" دا فارسەکان دەڵێن هەر کورد داگیر نەکراوە، بەڵکوو هەموو ئێران بە دەست ڕژیم بارمتەیە و داگیر کراوە. ئایا هیچ جیاوازییەک لەنێوان کوردی داگیرکراو و تارانییەک هەیە؟

ئیتنیسیته. ئینجا وەک ژنی کورد تویژێکی دیکەشی دێتەسەر. ژنێکی کورد و ژنێکی فارس لە ئێراندا ناکرێ وەک یەک ببینرێن. ئەوە هەڵکەوت نییە کە ڕاست ژینا ئەمینی کە بۆ سەفەرێک چوو بۆ تاران، لە تاران وای بەسەر هات. ئەزقەزا کەیسی ژینا نموونەیەکی زۆر باشە کە وەزعی کورد لە ئێران چۆنە و فارس چۆن کورد دەبینێ. ئەتۆ کوردی، بەڵام بە مەرجی ئەوان و لە چوارچێوەی ئەواندا. ئەوان بڕیار دەدەن چ جۆرە کوردێک بێ. دەبێ ئێرانی بێ، دەبێ ناوت مەهسا بێ.

ڕێگا: دەڵێن کە دوو کچی ژووناڵیستی فارس کەیسی ژینایان باس کرد و هەواڵەکانیان بڵاو کردەوە. لە تاران لەبەر دەرکی نەخۆشخانە خەڵک کۆبووەوە. ئیمەش مافی خۆمانە ژینا بە هی خۆمان بزانین.



ئەمە وێنەیەکی یەکجار باشە کە کۆلۆنیالیزم بە چ مانایەکە. چۆن حەقیقەت دەگۆڕدرێ کە بە قازانجی دەسەڵات و ئەو گرووپەی کە دەسەڵاتی هەیە بشکێتەوە. ژینا حەقی بوو کە ببێتە سیمبول ئەگەر بە مەهسا ناسرا. "ژن ژیان ئازادی" بکوترێ ئەگەر بە فارسی بێ. دەنا جیاوازی دروشمەکە بە کوردی لەگەڵ زمانی فارسی چەندەیە؟ ئەگەر "کوردستان چشم و چراغ ایران"ە بۆ نالێی "ژن ژیان ئازادی"؟ ئیمەی کورد دەزانین کە خۆپێشاندانەکان لە سەر گۆڕی ژینا دەستی پێ کرد و ژنان لەوێ حیجابیان لابرد و ئەم دروشمەیان دا. لە تاران ئەم دروشمە زۆر دواتر کوترا. کەس نالێ کە فارس زیندانی نەکراوە و یا ئەو ژۆرنالیستانە نەگیراون و سەرکوت ناکرێن . ئیمە باسی زەبروزەنگێکی پێکهاتەیی دەکەین. ئەتۆ چاو لە ژمارەی ئێعدامەکان لە ئەمسااڵدا بکە. تەنیا ئەمساڵ لەو ۲۰۰ نەفەرەی ئێعدام کراون نیوەیان کورد و بەلووچ بوون. ئەمە چمان پێ دەڵێ؟ ئەمە "پاکتاوی نژادی" پێ دەکوترێ. ئەمە تاوانێکی شەڕە

ڕێگا: ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ ژنی فارسیش لە تاران و لەسەر شەقام لێی دەردێ و ئیمەش مافی خۆمانە بڵێین "ژن زندگی آزادی" و دروشمە لە دنیادا هی تەنیا یەک خەڵک نییە. هەر ئەو جۆرەی ئیمە سەردەمانێک دروشمی "بەرابەری، برایەتی، ئازادی"ی شۆڕشی فەرانسەمان وەرگرتووە.



ئەتۆ وەک کەسێک لە گرووپێک کە دەسەڵات و هێژموونیت هەیە و گرووپێکی دیکە دەچەوسێنیتەوە، بەرپرسایەتییەکت هەیە کە هەمیشە ئەو گرووپەی لەژێردەستدایە وەپێش بخەی. هیچ شتێک لە ژنی فارس کەم نابێتەوە ئەوە بە کوردی بڵێ، یا بڵێ ژینا. بەڵام ئەمە Cultural appropriation کە بناغە و ئەساسی کۆلۆنیالیزمە کە شتی گرووپێکی دیکە هەڵدەگری و دەیکەیتە هی خۆت و لێی دەستێنی. ئەوان ئەو شۆڕشەیان کردە هی خۆیان. بێ کوردستان ئەو شۆڕشە نەدەبوو. کوردستان چەندین ڕۆژ مانی گرت دوایە لە شارەکانی دیکە خەڵک هاتنەدەر. بۆ کوردستان ئاوا بە تۆندی میلیتاریزە کرا؟ بە هیچ جۆر تاران ئاوا میلیتاریزە نەکرا. گازیان لە خەڵک کوژاندەوە، ئاویان لە خەڵک بڕی. تەنانەت دواتر ئەوانەی ئێعدام کران کورد و بەختیاری بوون. بە ڕۆژێک سی کورد و ۱۰۰ بەلووچیان کوشت. قەت ئەو زەبروزەنگە لە تاران ناکرێ. ئەمە واقعی کۆلۆنیالیزمە.

ڕێگا: پێتوایە ئەگەر خەڵکی تاران وەک کوردستان هاتبانە سەر

شـــەقام هـــەر ئـــاوا خەڵـــک نەکوژرابـــان؟



حەتمـــەن دەکوژرێـــن. هـــەر خەڵـــک بێنـــە دەر دەکوژرێن. بەڵام ئیمکانی نییـــە تاران ئاوا میلیتاریزە بکرێ. ئەتـــۆ ناتوانی ناوچەکانی فارس لەگەڵ کوردســـتان بەروارد بکەی. بە شـــێوەیەکی سیســـتماتیک، ئابووری و ئینفـــراستـــروکتور (infrastructure) ژێرخانی ئابووری کوردســـتان مارجینالیزە کـــراوە و پەراوێز خراوە. ئـــەو کوردەی کە دەچێتـــە ســـەر شـــەقام زۆر زیاتـــر لە تارانییـــەک دەکەوێتـــە بـــەر خەتەر. لە تاران لەناو میلیۆنێـــک خەڵکدا ون دەبی، بـــەڵام بـــۆ وێنـــە لـــە مەهابـــاد خێرا دەناســـرێیتەوە. ئەســـەڵەن رەهێڵـــەی هاتوچـــووی شـــارەکان وەک یەکتر نییە. چاو لە بێـــکاری، هـــەژاری، کۆڵبەری و ســـوتەمەنیبەری کـــورد و بەلـــووچ بکە. ئەتۆ قـــەت ناتوانی ئەمانـــە لەگەڵ تاران بەراورد بکـــەی. کاتێک فارســـێک دەڵێ ئێمـــە هەموو وەک یەکیـــن و ئەگەر ئێوە باســـی پرســـی کـــورد بکـــەن دوور دەکەوینـــەوە، ئەوە خـــۆی "مێنتالیتەی فارس‌تەوەر" نیشـــان دەدا. ئەگەر پرس و باســـەکە باســـی فارس نەبێ بە حیساب نایـــە. جا هەر شـــتێک بـــێ. هەرچی لە ئێـــران ڕوو بدا دەبێ لـــە قاڵبی فارس و ئێرانیـــدا باس بکرێ. هیچ ناســـنامەیەکی دیکـــە نابێ بـــاس بکرێ و زینـــدوو بێ. ئەمە "ســـەرکوت لەناو ســـەرکوت" دایە. ئۆپۆزســـیۆنی فارس کە بە قەولی خۆیان باسی دێمۆکراســـی دەکەن لەو خەباتەدا ئێســـتا کـــورد و بەلـــوچ و عـــەرەب دەچەوســـێننەوە. ئـــەوە شۆڕشـــێکی دێمۆکـــراسیخوازانـــە نییە. چـــونکە لـــە ئێـــراندا هـــەرگیـــز هیـــچ ئایـــدۆلـــۆژییەک دێمۆکرات نـــەبـــووە کـــە دان بـــە ئەوانی دیکـــەدا بنێ.

پێـــت وایـــە ئێستـــا کـــە خۆپێشـــاندانەکان کەمترن هۆیەکەی چییە؟



مـــن پێموایـــە ئـــەم شۆڕشـــە زۆر فۆرمـــی جیـــاوازی هەیـــە. لـــە ڕژێمێکـــی ئـــاوادا تەنانـــەت ئەگـــەر هەناســـەیەک بـــە هەڵـــە بکێشـــی دەتوانـــن زیندانیـــت بکـــەن، هـــەر شـــتێک کـــە بیکـــەی بەشـــێکە لـــەو شۆڕشـــە. ئـــەو وێنـــە و دروشـــمانەی کـــە لەســـەر دیـــوارەکان دەکێشـــرنەوە، لـــە قوتابخانـــەکان کچـــان حیجـــاب لادەبـــەن و وێنـــەی قژیـــان دەگـــرن، مانگرتنـــەکان، بـــەڵام بەڕاســـتی ئـــەو ڕژیمـــە یەکێـــک لـــە درندەتریـــن ڕژیمەکانـــە کـــە دنیـــا بەخۆیـــەوە دیویـــە. دیکتاتۆرییـــەک بـــە تـــەواوی مانـــا. بـــەڵام جـــوان دیـــارە کـــە کاتێـــک کوردســـتان میلیتاریـــزە کـــرا خۆپێشـــاندانەکان کـــەم بوونـــەوە. ئـــەوەش نیشـــان دەدا کـــە ڕیشـــەی شۆڕشـــەکە ئـــەوێ بـــوو. خەڵکـــی تـــاران و ئەوانـــە پشـــتی کـــورد و بەلوچیـــان نەگـــرت. ئەمـــە ڕاســـتییە. بـــەڵام ســـەختە بـــۆ مـــن کـــە لێـــرە دانیشـــتووم باســـی ئـــەو شـــتانە بکـــەم، چونکـــە خەڵـــک ژیانـــی خـــۆی لـــە خەتـــەر داوێ. ئـــەوان مافـــی خۆیانـــە کـــە ئـــاگاداری ژیانـــی خۆیـــان بـــن. ئەمـــە پرۆســـەیەکە. ئـــەم شۆڕشـــە تـــازە دەســـتی پـــێ کـــردووە و پێشـــی نـــاگیـــرێ. جـــا کـــەی ســـەردەکەوێ ســـەختە بیـــزانیـــن. بـــەڵام کـــاتێک دروشمـــەکـــانـــە "مـــەرگ بـــەر دیکتـــاتۆر"ە خـــۆی هـــەمـــوو شتیکمان بـــۆ ڕوون دەکـــاتـــەوە.

هەوالنامەی کتێب

“

وتوویژ لەگەڵ
ئەنوەر سوڵتانی

”

بەگوێرەی ناسنامە، دەبێ لە ۱۹۴۴/۳/۲۲، ساڵێک پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە بۆکان لە دایک بووبم. دایک و باوکم ئامۆزا و لە بنەماڵەی محەمەد سەقزی بوون، دایکم لە لایەن دایکییەوە خەڵکی ئاڵتوونی لای سەقز- کە وابوو، بە بنەچە سەقزیم. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە بۆکان بووە و تا پۆلی ۱۰م لەوێ خوێندووە. پاشان چوومەتە دانشسەرای موقەددەماتی ورمێ و بوومەتە مامۆستای قوتابخانە لە گوندی باغڵووجە و سەرا و بوغدەکەندی. لە ۱۳۴۳ تەبعید کراوم بۆ شاری ئەراک، لە ۱۳۵۱ لە زانکۆی ئەدەبی زانستگەی تاران لیسانسی مێژووم وەرگرتووە و لە قوتابخانەی ناوەندیی تاران وانەم گوتووەتەوە. لە ۱۳۵۲ تا ۱۳۵۴ لە زیندان بووم. لە ۱۳۵۵ تا کۆتایی ۱۳۵۷ لە شیرکەتی "انبارهای عمومی ایران" لقی تەورێز مودیری ئیداری بەشی ئازەربایجانی کۆمپانیاکە بووم. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ۱۳۵۷ی ئێران، هێشتا لە تەورێز بووم کە وەک ئەندامی کومیتەی شۆڕشی شارەکە هەڵبژاردرام. سەرەتای ۱۳۵۸ گەڕامەوە بۆکان و بوومە دەبیری دەبیرستان. هەر لەو ساڵەدا، کاتێ فیدائیانی خەڵق دەفتەریان لە مەهاباد و بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان کردەوە منیش هاوکارییانم کرد. لە لایەن فیدائیانی ئەکسەرییەتەوە بوومە کاندیدی مەجلیسی خبیرەگان (شارەزایان) (دەوری یەکەم) و کاندیدی مەجلیسی و شۆڕا لە بۆکان. دوای هەرەسی شۆڕش و دەسەڵات سەندنی مەلای لابەلا لە ئێران، پشت لە دۆست و ڕوو لە دوژمن، هەڵاتم بۆ تاران و چەند ساڵێک لەوێ خۆم شاردەوە. لەو ماوەیەدا جارێک بە ناوی موجاهیدی خەلق گیرام، بەڵام دوای دە دوازدە ڕۆژ ئازاد کرام. لە ساڵی ۱۳۶۰ هاوکاریم لەگەڵ فیدائیان کۆتایی پێ هێنا و تا ئێستەش لەسەر بریارم ماوم. لە بەهاری ۱۹۸۶ تا ئەمڕۆ لە لەندەن لەگەڵ هاوسەر و دوو منداڵم دەژیم. چەند ساڵێک لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد کارم کرد و پاشان بوومە وەرگێڕ. ئێستا دوو ساڵێکە خانەنشینم. چەند کتێبم نووسیوە و تەرجەمەم کردوون، هەروەها بابەتم بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کوردی نووسیون. خۆم بە پەروەردەی سەردەمێکی گێژ و گومی و بەرچاو تاریکی دەزانم و لامواید ئەگەر لە ماوەی منداڵی و لاویەتیم کوردستان و ئێران لەژێر دیکتاتۆرییەتدا نەیانناڵاندایە و تۆزقاڵە ئازادییەک هەبوایە، دوور نەبوو بە ڕێبازێکی باشتر و دەراوێکی ڕوونتردا بڕۆیشتایەم، لە ئەنجامیشدا نە ئەوەندەم چەرمەسەرێم بدیایە و نە ئەوەندە بێ خێر بوایەم. بە دڵ خزمەتکاری گەلەکەمم، بەڵام بە توانا هەر ئەوەندەم لەدەست دێت کە دەیکەم. دەزانم باری کورد کەوتووە و هەڵگرتنەوەی، کار و زەحمەتی لەوە زیاتری دەوێت. بە کورتی، هەرچی بوو ڕابرد و ئێستا چاوەڕێی کۆتاییهاتنی سەفەرێکم کە ۷۹ ساڵی پێچووە و دەڵێی هەر نەبووە!

لاپەڕەیەکی بزربووی سەرکوت

ئەوەی ئێرانییەکان پێی دەڵێن "دەوڵەتی مۆدێرن"، بەدەر لەوەی ئەو دەوڵەتە مۆدێرن بێت یان نا لەسەر پشتی نەتەوەی کورد دامەزراوە و لە پێناو دامەزرانی ئەو دەوڵەتە بەناو مۆدێرنە هەموو جۆرێک سەرکوت و هەڵاوردنێک لەسەر نەتەوەی کورد تاقی کراوەتەوە! یەک لەو لاپەڕانەی کەمتر باسی لەسەر کراوە! دوورخستنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە لە ۴۰ەکان بووا! گرینگیی ئەو باسە تەنیا بۆ شێوازی سەرکوت ناگەڕێتەوە، بەڵکوو هەموو دەزانین کە ئەو قۆناغە خوێندەواری لە کۆمەڵگای کوردستان ئاستی زۆر لە خوارێ بوو و، بە دوورخستنەوەی مامۆستایان و پرنەکردنەوەی شوێنی ئەوان لە قوتابخانەکان هێندەی تر پێکهاتەی خوێندن لە کوردستان تێکڕووخا، بۆیەش دەتوانین بڵێین ئەو دوورخستنەوەیە لەو شێوە سەرکوتانە بوو کە لانیکەمی هەتا دوو بەرە کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا هەبووا! تیشک بۆ دۆزینەوەی ئەو لاپەڕەیە لە مێژووی سەرکوتی کوردستان وتوێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی، وەرگێڕ و مێژوونووس سازکردووە!

وەکوو بیرەوەریی خۆتان ئەم دوورخستنەوەیە لە چ رێکەوتێکەوە دەستپێکرد و بە چ بیانوویەک ئێوەیان نارد بۆ ئەو شارانە؟!



دەستپێکی کارەکە لە ساڵی ١٣٤٢ لە شاری بانەوە بوو. لە بانە لە ساڵی ١٣٤٢دا ژمارەیەکی دەوری ١٠ کەس ماموستای قوتابخانە تەبعید کران(دوورخرانەوە) بۆ شارەکانی لۆرستان؛ من کە لە دێهاتی سەقز موعلیم بووم خەبەری ئەوەم نەبیستبوو و نەشمزانیبوو، هەتاکوو لە تەبعیدەکەدا ناسیاویمان لەگەڵ یەکتر پەیدا کرد. کەوابوو دەسپێکەکە ئەوە بوو، بەڵام ئەوەیکە بە گشتی دەنگی دایەوە و گەورەتر بوویەوە ساڵی دواتر واتا ١٣٤٣ بوو کە دەکاتە هاوینی ١٩٦٤کاتێ بەگشتی هەموو دەبیرەکانی مەهابادیان پێکەوە تەبعید کرد. لە نێو دەبیرەکاندا تەنانەت فارسێک و تورکێکیش هەبوو؛ فارسەکەم چاک لە بیرە نماوی هووەیدا بوو، هیچ خزمایەتی و شتیشی نەبوو لەگەڵ سەرۆکوەزیران ئەمیر عەباسی هووەیدا. هەر سەرجەم هەموویانیان تەبعید کرد بۆ شارەکانی ئوستانی مەرکەزی جگە لە تاران، هاوڕێ لەگەڵ ئەوان کەسانێکی دیکە لە شارەکانی دیکەی وەک سەردەشت و بۆکان و سەقز و بانە، منیش لەگەڵ! چاک لە بیرم نییە ئایا شنۆ و جێی دیکەشی تێدا بووە. بەڵام ئیدی زۆر بووە، ژمارەکە گەیشتبووە چل پەنجا کەسێک، یان لانیکەم چل کەسێک دەبوون، هەمووش نێردرابوون بۆ شارەکانی ئوستانی مەرکەزی، تۆ وایبگرە تەفرێش، قەزوێن، ئەراک، محەللات، کاشان، دلیجان و... بەڵام کەسیان بۆ قوم نەناردبوو!

وەختێک پێیان وتبوون ئێوە قەرارە بچنە ئەو شارانە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان پێدان، هیچ شتێکیان پێوتن کە بۆچی ئەبێ کوردستان بەجێ بێڵن و بچنە ئەو شارانە؟



بەگشتی لەبیرمە دەیانگوت "مەسەلەحەتی ئیداری"یە و لەوە نەدەترازان. بۆ لای هەرکەسێک بچووبای بۆ هەر کەسێکت بنووسیایە غەیری ئەوە جوابیان نەدەدایتەوە، بەڵام لە بیرم نییە لەنامەکەشدا مەسەلەحەتی ئیداری نووسرابوو یان نا. لام وانییە ئەوەیان گوتبێ، چوونکوو ئەوە ئیدی باری سیاسی هەیە و دەکرێ مانا بکرێتەوە و پرسیاربکرێ مەسەلەحەتی ئیداری چییە و بۆچی؟ حوکمەکان ئیمزای فەرۆخرووی پارسا، معاونی وەزیری ئاموزش و پەروەرشی پێوەبوو. وەزیری ئاموزش و پەروەرش(پەروەردە و راهێنان)ی ئەودەم کەسێک بوو بەناوی "هادی هیدایەتی" لە کابینەی "حەسەنعەلی مەنسوور"دا. موعاوینی وەزیر خانمی فەرۆخرووی پارسا بوو کە بەداخەوە لەسەردەمی ئەم مەلایانەدا ئێعدام کرا، من موخالیفی ئێعدامم، هەرکەسێک بێ؛ دەشزانم ئەو هۆکاری شتەکە نەبوو، ئەوە ساواک کردی، بەڵام ئەوان لە پشت پەردەوە بوون و حوکمەکە تەنیا بەنێوی فەرۆخرووی پارسا نووسرابوو.

لە نۆرمی کاروباری ئیداریدا ئێمە وایدادەنێین مەسەلەحەتی ئیداری بووبێت، وەختێک کارمەندێک ڕادەگوێزن بۆ شوێنێکی تر، دەبینی مووچەکەی بۆ زیاد ئەکەن یان ڕەنگە مااڵێکی بدەنێ یان ڕەنگە هەندێک شتوومەکی دیکە بخەنە بەردەستی وەک ماشینێ شتێک یان ئاسانکارییەک بۆ ژیانی بکەن، ئێوە شاملی ئەو شتانە دەبوون؟



ئەو شتانە بۆ وەختێک دەبوو کە کەسەکە پێیان دەگوت

”هزینه خارج از مرکز“ و شتێکی ئاوا. له تارانەوە بچووبایەی بۆ شارێکی دیکه پوولێکیان پێدەدای، شتێکیشیان دەدا به نێوی ”بدی آب و هوا“. ئەو شتانه له حاڵەتی عادی ئینتقالی ئاساییداهەبوون، بەڵام ئەگەر له شارێکی چکۆلەوە بچووایەی بۆ شارێکی گەورە، ئەوانه نەبوو. من نە دیتوومه و نه بیستوومه لەکەس کە تمەنێکیان بەکەس دابێ بۆ ئەو ئینتقاله یان کۆمەکێکی وەک ئەوانەی وا ئیشارەتان پێ کرد، مانێک یان شتێکی دیکه. هیچکام لەم شتانه نەبوو، کاغەزێکت بەدەستەوە بوو دەبوایە بچووبای کاغەزەکە بەری بۆ ئەو ئیدارەیەی بۆت دیاریکراوە، ئەوانیش بۆت دەست نیشان بکەن لەکوێ دەرس بڵێیەوە، ئەگەر بچووبای هەمان مانگانەی پێشوویان پێدەدای و ئەگەریش نەچوایەی کەس مانع نەبوو، یانی مەجبووریان نەدەکردی لە شارەکەت بڕۆیە دەرەوە، تەنیا نەیاندەویست وەک مامۆستا لەوێ بی و دەرس بڵێیەوە. ئەوە خاڵێکی زەریفە چوون لە نێو مامۆستاکانی مەهابادا لە بیرمە کەسێکیان نەچووە ئەو شوێنەی بۆی دیاریکرابوو، لەوێ مایەوە و موعەلیمییەکەی بەجێهێشت یانی ئەوان مەبەستی سەرەکییان ئەوە بوو کە رابتەی بەینی موعەلیمە کوردەکە و قوتابییەکە بپچڕێنن، لە بارودۆخێکدا کە هەموومان دەزانین ئەو ساڵانە، ساڵی ۴۲ و ۴۳ و ئەوانە، شۆرشی ئەیلوولە و خەڵک لەڕۆژهەڵاتەوە چوونەتە باشوور، بەدڵنیاییەوە ئەوانە هۆکارێک بوون بۆ ئەو ڕوانگەیەی دەوڵەت کە ئەو بەرنامەیەی دارشت. دەوڵەت کە دەڵێم مەنزوورم دەزگای ئەمنییەتی واتە ساواکە تەبعەن.

شتێکی ترکە پێمخۆشە ئیشارەی پێ بکەن من لە بیرەوەرییەکانی کاک حەسەنی ڕەستگاردا خوێندوومەتەوە کە مامۆستایەک لە مەهاباد نەڕۆشتووە و وازی هێناوە لە کارەکەی، ڕێگاکە وابوو کە دەبێ یان واز لە مامۆستاییەکە بێنن یان بچنە ئەو شوێنەی کە بۆتان دیاریکراوە، ئێوە کە چوونە ئەو شوێنە هەستتان بەوە دەکرد کە چاوێکتان بەسەرەوە بووبێ و لەژێر چاودێریدا بن، ئیتر لە لایەن کێوە بێ ڕەنگە ئینسان نەزانێ، بەڵام ئەو هەستەتان هەبوو یان ئەو مەسەلەیە نەبوو؟



نا، کارەکانی ئەودەم وەکوو حەراسەتی ئێستای مەلاکان نەبوو که بەزەقی و ئاشکرایی قامک بە چاوی کەسەکەدا بکەن، بەڵام چاودێرییەکە هەبوو. من درەنگتر لە ئەراک کە ناردبوومیانە ئەوێ و دوو ساڵ لەوێ بووم، داوام دەکرد بچمەوە بۆ کوردستان نەیاندەهێشت. گوتیان بۆ شارێکی دیکە ئەگەر موافقەت دەکەی دەتنێرین. منیش ”شهر ری“ م نووسی، ناردیانم بۆ ”شهر ری“ لەوێ لە دێیەک بووم بەناوی“ دولت آباد“ لە بەینی ”شهر ری“ و تاران لەوێ موعەلیم بووم لەگەڵ مودیرەکەی که کەسێکی بێ پەروا بوو هەموو جۆرە قسەیەکی دەکرد تەنانەت نەک هەر لای من، بەڵکوو لای موعەلیمەکانی تریش، گوتی پێیان وتووم ئاگات لەو موعەلیمە بێ کە تازە هاتووە بۆت؛ وتوومە کامە؟ وتوویانە سوڵتانی. جا زۆر بەقەولی فارسی ”بد دهن“ بوو و ناکرێ قسەکانی بگێڕمەوە، دەیگوت منیش وتوومە ئەوەی من دیومە و دەیناسم ئەگەر هەموو گیانی خەنجەر بێ تۆزێکیشی بە فلانە جێمدا ناچێ، ئێوە لەوە دەترسن؟! دەیگوت وام پێ گوتوون. جا ئەودەم حەراسەت نەبوو، حەفازەت هەبوو، حەفازەت لە ئیداراتی ئاموزش و پەروەرش هەبوو و، ئەوان چاودێرییان بەسەر کارەکاندا دەکرد. هەر ئەوانیش موافقەتیان دەبوو بکردبایە بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان یان نەگەڕانەوە. کەوابوو بەڵێ ئەو چاودێرییە هەبوو، بەڵام چاودێرییەکی نادیار بوو، ئایا من ئەودەمەی لە ئەراکیش بووم مودیرەکەمان- که زۆریش

نێوانمان خۆشبوو و زۆر ئینسانێکی باش بوو، گوزارشێکی لە من دابێ یان نا، یان موعەلیمێکی دیکە گوزارشی دابێ، ئاگام لێ نییە و بە هیچ شێوەیەک نەمزانیوە، زۆریش دوستایەتیم هەبوو لەگەڵ موعەلیمەکان و هاتوچۆی ماڵیانم دەکرد و ئەوانیش دەهاتنە ماڵم. تەنانەت جارێک یەکێکیان لەبیرمە خۆی و هاوسەرەکەی هاتنە ماڵمان، خوشکم شووی کردبوو هاتن بۆ بۆکان، رابتەکە ئاواوا سەمیمی و نزیک بوو، بەڵام ئایا لە پشتیشەوە ساواک چی دەکرد و چی دەویست، دیارە ئەویش ڕیسی خۆی ڕستووە.

کاک ئەنوەر وەک ژیانی خۆتان دەزانین ئەوکات و ئێستاش تەنانەت لە وڵاتێکی وەکوو ئێرانیش کە لە زۆر ڕووەوە دواکەوتووە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کەسەکە کە دوای قۆناغێک کە دەرس دەخوێنێ دوایا دەیەوێ درێژە بداتەوە بەدەرس خوێندن، بەهەر حاڵ ئەو ناوەندانەی دیارن بۆ ئەوەی کە پلە و پایە و پۆستی بچێتە سەری، بۆ ئەو مەسەلە ئێوە ئەو پەنجا شەستە کەسەی کە تەبعیدیان کردبوون هەستتان دەکرد بەربەستێکتان هەیە بۆ ئەوەی کە بخوێنن و درێژە بە خوێندنەکەتان بدەن؟ یان بۆ نموونە بۆ ئەوەی کە لەوشارە بەرپرسیارەتییەکتان هەبێ و ببنە بەڕێوەبەری مەدرەسەیەک؟



ئەگەر ڕاستت بوێ نا. ئەو هەست و تێگەیشتنە نەبوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو دەخالەتەکە بەو شێوەتە کە ڕێژیمی ئیستا دەیکات لە ژیانی خەڵکدا بەتایبەت کارمەندان، بەوشێوەیە نەبوو. نەزارەتەکە بوو، بەڵام بۆ خوێندن هیچ بەربەست و ڕێگرییەک نەبوو. من لە ئەراک بووم، نمایشنامەیەکیان لە تاران ئیجرا دەکرد نێوی "شش شخصیت در جستجوی نویسنده" بوو، هەر پیەر ئانجێللۆ. لە بیرمە لە ئەراکەوە هەستام چووم بۆ تاران بۆ دیتنی ئەو نمایشنامەیە لە ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران و ئیتالیا. هیچ کەسێک پرسیاری چوون و گەڕانەوەی لێ نەکردم، بەسەفەر چووم بۆ لۆرستان بۆ بروجرد و خورەم ئاواوا، کەس نەیگوت چۆن یان بۆچی ئەو هاتووچۆیە دەکەی؟ دەگەڕامەوە بۆ بۆکان لە نەورۆز و هاوینەدا، تەبعەن جاسووسیان هەبوو؛ ئەلعان جاسووسەکەی وا لەسەر من شتی دەنووسی، ٣ دانە لە گوزارشەکانی کەوتنە دەستم، ئێستاش هەر لە بۆکان ماوە، خانەنشینی ئاموزش و پەروەرشە. دیار بوو گوزارشەکانیشی دروست دەکرد، مەسەلەن لە یەکیاندا نووسیبووی ئەنوەر دوێنێ لە تاران هاتەوە بۆکان، فلان کەس و فیسارەکەسی کۆکردەوە بردنی بۆ لای کولتەپە لەوێ دانیشتن شیعری هەژاری بۆ خوێندنەوە؛ نێوی خۆیشی نووسیبوو و ناوی خوازراوی خۆیشی کە ساواک بۆی دیاری کردبوو. هەر ئەسڵەن شتی وا ڕووینەدابوو. من بۆچی دەچمە کولتەپە؟ چی لێبوو کولتەپە؟ خۆ ئێمە سەرچۆم و گۆمی سەرسەکۆمان هەبوو، ئەو کات لەوێ مەلەمان دەکرد، ئەوێی بنووسیایە! بەهەرحاڵ، مەنزورم ئەوەیە نەزارەتەکان بوو، بەڵام لەو سەتحەدا. کەسیش مانعی خوێندن نەبوو، خۆم یەک لەوکەسانەم کە چەندساڵ درەنگتر لەکۆنکور شیرکەتم کرد، ئەودەم کۆنکوری سەراسەری نەبوو، ساڵێ دواتر دانرا. لە کۆنکوری دانشگای پەهلەوی بوومە نەفەری چوارەم، نێوەکەشم لە ڕۆژنامەدا ئیعلام کرا، هیچکەسێ نەیگوت بۆ. لە دانشگای تاران و لە "دانشکدە تربیت معلم" یش قەبووڵ بووم، لە دانشگای تەوریز بوومە "ڕێزیرو"ی بەشی زمانی ئینگلیزی. بە کورتی، لە ١٣۴٣دا تەبعید کرام و لە ۴٧ چووم بۆ دانشگای تاران. مەنزوورم ئەوەیە حەوزەی بەربڵاوی شتەکەم نیشاندابێت کە نە لە هاتوچۆدا نە لە کاردا هیچ مانعێکی وا نەبوو، بەڵام ئیدی دیارە ڕاپۆرتەکان

دەچـــوون و جاسووســـەکانیان لـــەکاردا بـــوون. ئـــەگەر مەجـــال بـــوو دوایی باســـی زیـــاتری ئەوانـــە دەکەیـــن.

پێمخۆشـــە لـــە پێشـــدا ئـــەو کارتێکەرییـــەی کە لەســـەر ژیانی خۆتانی هەبـــووە باس بکەیـــن جا دوایـــە بچینە ســـەر مەســـەلەکانی تـــر، کاک ئەنوەر لە ڕووی بنەماڵەییـــەوە شـــتێک هەیـــە لە کەڵتـــووری ئێمـــەدا کە مێژووناســـن و خۆیشـــت ئامـــاژەت پێکرد کە هەمیشـــە کـــورد یەکێک لـــە کێشـــەکانی لەگەڵ دەوڵەتی موســـتەقەر ئەوە بـــووە کە ئامادە نەبـــووە کورەکـــەی بنێرێ بۆ ســـەربازی لەو دەورانەی کـــە نـــەزم و نزامێکی ئاوا بـــووە، بەجۆرێـــک تەبعید بوونـــی ئێوە جیاکردنەوە لـــەو نەزمـــی بنەماڵەییە بوو کە لە کوردســـتان هەتاکوو ئێســـتا وەکوو نەهادێکـــی گرینگـــی کۆمەڵایەتی هەیە، ئـــەوە چ کارتێکەرییەکـــی کردە ســـەر بنەماڵەکانتـــان و قازانج و خەســـارەکەی چـــی بـــوو ئـــەو دورخســـتنەوەیە؟



قازانجەکـــەی ئەوە بـــوو کە بە شـــوێنیدا خوێنـــدن و چوونە دانشـــگا هـــات و لـــە دریژەدا ئەگەر باســـی بکەین ســـاڵانی دواتر ٤٤ و ٤٥ و ئەوانەش کە دەستەیەکی دیکەیان دیســـان تەبعید کرد بە شـــوێن ئێمـــەدا، ئیدی کـــەم کـــەم وایلێهاتبوو خەڵکەکـــە خـــۆی دەیگـــوت بمنێرن بۆ تاران، بۆ ئوســـتانی مەرکەزی مەســـەلەن، بۆچـــی؟ چونکە دەیانویســـت بچن بخوێنن کەوابـــوو خوێندن و مـــەدرەک وەرگرتنی دانشـــگا بەشـــوێن تەبعیدەکەدا زیاتر بوو. لە ڕابـــردوودا لە بـــۆکان من بـــە قامک دەمێژارد ســـێ چوار کەس لیسانســـیان بووبێ، دەشـــزانم کێ بـــوون. دوای ئەوە وای لێهـــات یەکێکـــی وەکـــوو من کە لەبیـــری ئەوەشـــدا نـــەبووم، بچم لە تاران دەرس بخـــوێنـــم، بچمە دانشگا؛ خەڵکێکـــی زۆر لەوانەی کە ئێســـتا هاوکار و هاوپۆلـــی خـــۆم بـــوون لە بـــۆکان و دەبیری بازنشەســـتە (خانەنشـــینکراو)ن، مـــەدرەکەکەیان لەو بڕگەیەدا وەرگرت. ئەوە لایەنـــە ئەرێنییەکەی. بـــەڵام لایەنە نەرێنییەکـــەی بۆ زۆر کـــەس یەک لەوان من، کارەســـات بوو. کە دەڵێم کارەســـات بە هەمـــوو واتایەکەوە دەڵێم، لە پێشـــدا باســـی خۆم نەکـــەم، نەمـــر موحەممەد ئەشـــعەری یـــادی بەخێر بـــێ، ئەوکات موعەلیـــم بوو لە بـــۆکان، وەزعـــی مالّی وانەبوو کە کەســـێکی ببێ کار و کاســـبی بۆبکات، تەنیا کەســـێک بوو کە دەرامەتێکی بۆ مالّـــێ دێناوە لەگـــەڵ خانمێکی خزمی من لە سەقز ژیانی هاوبەشـــی پێکهێنابوو. ئەویان تەبعید کردبوو بۆبەخشـــی دلیجان لە شـــاری مەحەللاتی نزیک ئیســـفەهان. جاتـــۆ حیســـابی بکە تاقە نـــان هاوردەی مالّەکـــە بۆ دایـــک و باوک و هاوســـەر و منداڵ کاک موحەممـــەدە، دەبێ تەبعید چ کاریگەرییەکـــی لەو خانەوادەیـــەدا بووبێ، بیســـەر و بینـــەر دەتوانێ حەدســـی لێ بـــدات. خانەوادەکـــە گوشـــارێکی زۆریان لەســـەر بوو، ڕووی ســـوور بێ خانمەکەی منداڵیشـــی گـــەورە کـــرد و دوایـــی کە هاتنـــە تـــاران ئەویـــش مولحـــەق بوو پێیان. دوای ســـاڵێک و دووساڵ ئیجازەی ئینتقالییـــان دا پێمـــان، ئەویـــش داوای کرد، گوتیـــان بەشـــەرتێک نەچییەوە بۆ کوردســـتان! جا لە مەحەللاتـــەوە هاتبووە تـــاران. ئـــەوە کاریگەریی لەســـەر مالّی کاک موحەممـــەد، بـــەڵام کاریگەریـــی لەســـەر مالّـــی ئێمـــە بەڕاســـتی دەڵێم فاجیعە بـــوو، مـــن بابم بەڕگـــدوور بوو وەهەمیشـــە لە ئێـــش وکارەکـــەی خۆی نارازی بوو، نەیهێشـــت نـــە کاکم نە من فێـــری خەیاتـــی بیـــن و دوگمەیەکیش بدووریـــن! ڕقـــی لـــە ئیشـــەکەی بوو. ئـــەوەی کە مـــن بـــووم بـــە موعەلیم، حقوقێکم بوو، ســـاڵ ونیوێک شـــتێکی وا بوو حقوقـــم وەردەگرت، ئـــەوە باش بوو. دووکانێکـــی چکۆلەی هەبوو هەر شـــوێنە بەرگدروویەکـــەی خۆی کـــردە بەقاڵی؛ باش بوو بۆی. کاکیشـــم لەســـەربازی بوو. بەڵام کاتێ مـــن تەبعید کـــرام، نەخۆش

کـــەوت و ئیتر هەڵنەســـتاوە، جارێک هات بۆ ســـەردانی مـــن لە ئەراک، پێم ســـەیر بـــوو، خاڵم هێنابووی لەگـــەڵ خۆی، یادی هەردووکیـــان بەخێر بێ، خۆ بابم شـــارەزا نەبـــوو، خاڵم هێنـــای. ئەوەڵجـــار بوو کە دیم شـــەروالّی لـــە پێدا بـــوو دوو لینگە! قەتم ئاوا نەدیبوو، لیباســـەکانیش نەمزانی لە کـــێ وەریگرتبـــوون، هات بـــۆ ئەراک بـــۆلام. دوو رۆژ لە لام بـــوو، دوایی پێکەوە چووینـــە تـــاران، لەوێوە ئەو چـــووەوە بۆ بـــۆکان و منیش گەڕامەوە بۆ شـــوێنەکەی خـــۆم. دوای چەند مانـــگ زانیم نەخۆش کەوتبوو و ئیدی بەداخەوە هەڵنەســـتایەوە تـــا ئەوەی لەســـاڵی ۱۳۴۶دا کۆچی دوایی کرد و منیش دیـــدارەو ئاخری بووم.غەیری ئەوە کارتێکەری زۆر ناخۆشـــی دیکەشـــی هەبوو لەســـەر ئەندامانـــی بنەماڵەکەمان. بۆ نموونـــە، من لـــە ماڵەوە نەبـــووم کە خوشـــکێکم مێردی کـــرد و خوازبێنی لە خوشـــکەکەی دیکەشـــم بەهۆی کەوتنە زیندانی منـــەوە تێکچـــوو، زیندانەکەش لـــە درێـــژەی تەبعیدەکەمـــدا بـــوو. مـــن بۆخۆم ئەلعان کە بیـــری لێدەکەمەوە تەنیـــا خەجاڵەتـــی و شـــەرمەزارییەکم بۆ مـــاوە کە چیـــم تووشـــی بنەماڵەکەم کـــرد و چ بەڵایەکم ئاوقـــای ملیان کرد، لەبەرئەوەی بەشـــوێن تەبعیدەکەمدا زیندان هـــات و نامیلکـــەی سیاســـیی منیان لە مالّی کاکمـــدا دۆزییەوە و کاکم تووشـــی گێـــرە و کێشـــەی زۆر هات بەدەســـت ســـاواکەوە و هەراســـیان بـــە خـــۆی و دووکانەکـــەی هەڵگـــرت. ئیـــدی خەم و خەفەتـــی دایکیشـــم لەوێ بوەســـتێ. بەکورتی، ژیـــان لە مالّی ئێمەدا شـــێوا و بوو بە شـــتێکی دیکە، ژیانمـــان ئەگەر بە یەک قســـە بیلێم، بەراوەژوو بـــووەوە. جا ئیدی لەســـەر ئەوانی دیکـــە و خەڵکەکەی دیکـــەش کـــەم و زۆر یەکێـــک کەمتر و یەکێـــک زیاتـــر ئەوکارتێکەرییـــەی بوو، چون کەسەکـــــە خۆی نـــــەیدەویست بڕوات، وەک دەرکـــردن دەریـــان کـــرد.

کاک ئەنـــوەر ئێوە لە ســـەرەتای قســـەکاندا فەرموتان لە دێهاتی ســـەقز موعەلیـــم بـــوون ســـاڵی ۴۲ش تەبعید کراون، جا ئێمە دەزانین ســـاڵی ۴۲ باسی ئەوە هەبـــوو پێیان دەوت ســـپای دانش و ئەوکاتـــەی کەســـێک کە ســـیکل بوایە دەیانناردە بۆ شـــوێنی جیـــاواز ڕادەگوێزرا؟ ئـــەوە چۆن لێـــک دەدەنەوە بەڕاســـتی؟



ئەو بـــە ئیســـتلاح ناتەباییە لە لـــە زۆر لایەنـــی سیاســـەتی ئێرانـــی پەهلەویـــدا دەبینرا، لە لایەکەوە ئـــەو بەرنامەڕێزییانەی کە کرابوو بۆئیســـڵاحاتی ئەرزی "ئینقلابی ســـپی" واتـــە ئازادیـــی ژنـــان و حەقی دەنگـــدان و قوتابخانە کردنـــەوە لە دێهات و ســـپای بێهداشـــت و کۆڵێـــک شـــتی دیکـــەی بەشـــوێندا هـــات کـــە ئیدی ســـەرگوڵەکەی ئیســـڵاحاتی ئەرزی بوو و ســـپای دانشیش بەشـــێک بوو لەوەی کە باســـتان کرد، لە لایەکەوە ئـــەوە بەرنامەی دەوڵـــەت بـــوو. لەلایەکی ترەوە ســـاواک هەبـــوو، سیاســـەتی ســـاواکیش لـــە کوردســـتان بەشـــێوەیەکی دیکـــە بوو و سیاســـەتی نێوخۆیـــی و دەرەوەی ڕەچاو دەکـــرد، لەوبـــەری ســـنوورەکەوە هەر ئەولاتری بانە، باشـــووری کوردســـتان بوو، شۆڕشـــی ئەیلـــوول بـــوو و خەڵکێکیش بوون دڵســـۆز و نەتەوەیـــی دەچوونە ئەو دیـــو پەیوەســـت دەبـــوون بە شـــۆڕش. ســـاواک ئـــاگای لەوەبـــوو و دەیزانی کێ لەوێیـــە و چی دەکات، ســـاواک بەرنامەی خـــۆی هەبـــوو بـــۆ پشـــتگیرییەکی دیاریکـــراوی شـــۆڕش لـــە باشـــووری کوردســـتان، بـــەڵام لەدیـــوی ڕۆژهەڵات شـــتێکی دیکەی دەکرد. لـــەو ناتەباییەدا ئەگـــەر دیقەت بکەی خاڵێکی زۆر ڕۆشـــن هەیە کـــە ئـــەو بۆچوونە دەســـەڵمێنێ: لـــە ســـاڵانی ۱۳۴۱و ۴۲ و زووتریـــش، تەنانـــەت لـــە ۳۸ و ۳۹وە لە ئێـــران بە ئیجازەی ســـاواک ڕۆژنامەی کوردســـتان دەردەچوو، ڕادیۆی کـــوردی تاران هەبوو، دوایـــی ڕادیۆکـــە گەورەتـــر کرایـــەوە و ڕادیۆی کوردی کرماشـــان دامەزرا، ئەوانە

هەواڵنامەی چنار

لە لایەکـــەوە هانـــدەر و پشـــتگیر بوون بۆ شۆڕشـــی ئەیلوول و ڕۆژنامەکە شـــتی وای تێـــدا دەنووســـرا کە ڕەنگـــە ئەمڕۆ باوەڕ نەکرێـــت، چۆن باســـی کوردایەتی و باســـی خەبـــات و شـــۆڕش و ڕاپەڕین و مافـــی کوردی تێـــدا دەکرا. شـــیعری وای تێـــدا چاپ دەکـــرا کـــە ئەلعانیش بەشـــێکیانم لە بیر مـــاون، بـــۆ نموونە:

"من چیمە لە فاسۆنی فەرەنگ، چۆغەی لیوی
تاشاڵی مەرەز یا نە خوری بێتە قوماشم
دانیشتنی ســـەرچـــاوەیی ئاوانی چیاکـــەم،
نایـــەدم بـــە هەمـــوو مۆڵکی جیهـــان گەرچی گەدا شم!"

ئەوە لە ڕۆژنامەی کوردســـتان هەڵمگرتووە، من لـــە ڕۆژنامـــەی کوردســـتانەوە فێری کـــوردی نووســـین بووم، فێـــری کوردی خوێندنـــەوە بـــووم. ئێران لەودیـــو ئاوای دەکرد، بـــەڵام لە دیوی ئێـــران خۆ هەر تەبعیدەکـــە نەبـــوو، ئەی گیرانـــەکان بۆ بـــاس نەکرێ؟ لە ســـاڵی ٣٩ هەتا ٤٢ دوو دەســـتەی گەورە و گرنگـــی خەباتکارانی کورد گیـــران و لـــە زینـــدان توندکران. ئـــەو سیاســـەتە ناتەبایە ئەو سیاســـەتەی کە لـــە لایەکەوە هاوکاریـــی هەبوو لەگەڵ ئەمریـــکا و ئیســـرائیل بـــۆ پشـــتگیریی شۆڕشـــی ئەیلوول؛ لە لایەکیشەوە ئەوەی لەداخڵـــی ئێـــران دەیکـــرد و نموونەکەی هـــەر ئـــەو تەبعیـــدەی ئێمـــە و هێنانی ســـپای دانش کە تۆ بە دڕووســـتی باست کرد. ســـپای دانشـــیان هێنابـــوو لە ئەملا و ئـــەولای ئیرانـــەوە لە بن گوێـــی ئێمە دەرســـیان پێ دەگوتنەوە. مـــن لە گوندی بوغدەکەنـــدی بووم و ئەندامێکی فارســـی ســـپای دانش لە گوندی کوچکی ســـەرێ بـــوو کە بە پێیـــان نیوســـەعات نێوانیانە، ئـــەو لـــەوێ دادەنێـــن و منیـــش لەوێ دەردەکـــەن! دەی دیـــارە دەبێ ســـپای دانشـــێک بێنـــن داینێن لـــە جێی من، دەیانویســـت وا بکەن، منداڵ بە فارســـی بخوێنـــن و بە فارســـیش قســـە بکەن، مامۆســـتا کوردەکە بچێ بۆ فارســـتان و دیـــارە ئەویـــش لەوێ بە فارســـی دەرس بڵێتـــەوە و بـــە فارســـیش قســـە بکات، سیاســـەتی ئەتاتورکـــی. ئەوە دروســـتە، خاڵێکـــی باش بـــوو قامکت لەســـەر دانا.

ئایا جێـــگای ئێوە پـــر کرایەوە، ئەو کەســـانە یانی ٥٠ کـــەس ڕاگوێزران لـــە کوردســـتان بـــۆ شـــوێنێکی تـــر، بەشـــێکی زۆریان لە دێهاتەکان دەرســـیان دەگوتـــەوە، ئـــەو جێگایەی کـــە بەتاڵ بـــوو پر کرایـــەوە یان هـــەروا وەک کورد دەڵێ بەتەمـــای خودا بەجێیان هێشـــت؟



کاری ئێران هەر ئـــەو دەمیش بەتەمـــای خـــوا بوو! بـــۆ ئەم کارەش هـــەر وابوو بـــۆ دەبیری مەهابـــاد بەڵـــێ لـــە ورمێ و تەوڕێـــزەوە دەبیریـــان هێنا بـــۆ مەهاباد، هۆکارەکـــەش ئـــەوە بـــوو یـــەک تاقە دەبیریـــان لە مەهابـــاد نەهێشـــتبوو لە ئەنجامدا دەبیرســـتان دەبوو تەعتیل کرابا؛ بـــەڵام بۆ ئەوانـــی دیکە هیـــچ خەبەڕێکم نییە و نەمبیســـتووە و نەمزانیوە مامۆستای ئاســـاییان هێنابێ، مەگەر وەکوو باســـکرا ســـپای دانـــش بەجـــۆرێ هاتبێتـــن.

پێمخۆشـــە بچینە ســـەر بەشێکی تـــر لـــە باســـەکە ئەویـــش ڕوانگـــەی حاکمییەتـــی ئەوکاتەی ئێرانە بە نســـبەت ئـــەو بابەتانـــە، ئێمە کۆمەڵێک شـــتمان هەیە کـــە بەجۆرێک پێوەنـــدی هەیە بەو تەبعیـــدەی ئێـــوەوە. یەک لـــە بابەتەکان ئەو سیاســـەتە دیپلۆماســـییە گشتییە بوو کـــە بە زمانی کـــوردی هـــەر لەوقۆناغەدا لـــە ٣٩ و ٤٠ بـــەولاوە دەســـتیپێکرد، بۆ وێنە ڕۆژنامـــەی کوردســـتان دەردەچوو، ڕادیۆی تـــاران، دواتر ڕادیۆی کرماشـــان و دواتـــر تەلەڤیزۆنی مەهاباد و سنەیشـــی پێ زیاد بـــوو، بەڵام ئەو سیاســـەتە وەک خۆشـــتان ئاماژەتان پێدا ڕووبـــە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان نەبـــوو. بەڵام ئەو سیاســـەتە چ کارتێکەرییەکی لەســـەر ئێوە هەبـــوو وەکـــوو نوخبەیەکـــی ئەوکاتە کە لەڕۆژهـــەڵات بوون و بـــە جۆرێکش هەم بوون بە بەشـــێک لە بزووتنـــەوەی کورد

هەم ئەوەش کە لەوقۆناغەشدا ڕاگوێزران و بوون بە قوربانی ئەو مەوزوعەش؟



کاکە ئاگری، ئەوانە لەخوارەوەترین بە شێوەیەک گوتراون، لێرەدا لە زیادی دەچن. لە باری سیاسییەوە لە بیرمە هەر ئەو دەمە هەموو ساڵێ دەچووم داوای گەرانەوە بۆ بۆکانم دەکرد نەیاندەهێشت. ساڵی ٥٢ -٥٣ بوو، چووم بۆ ئیدارەی حەفازەت لە وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش. لەوێ نەیاندەهێشت بچییە ژوورەکەیانەوە، دەلاقەیەک بوو دەبوو لەوێوە نامەیەک یان پرسیارێک ئاراستە بکەی. کابراکەی کە هات قسەی لەگەڵ کردم لەبیرمە ناوی جبل عاملی بوو، گوتی بڕۆ ژیانی خۆت جێبەجێ بکە لە پێشدا، بچۆ خۆت عاقڵ کە لە پێشدا، شتێکی لەوچەشنە! جالب بوو کە بەشوێن ئەودا بە مانگێک و دوو مانگ گیرام. دیار بوو ئەوان لەرابتەدا بوون و بە هەندێک هەواڵی لای ساواکیان دەزانی. ئەگەر نیاز لە پرسیارەکە ئەوە بێ چ کارتێکەرییەکی سیاسی لەسەر من بووبێ، بۆ من هاندەرێکی زیاتر بوو لە دژایەتیکردنی ڕێژیمدا، ئەلعان لە بارودۆخی ئەمڕۆوە کە سەیری دەکەم و دەبینم بۆتە مایەی ئەو مۆتەکەیەی کە سواری سەری ئێران بووە واتە حکوومەتی مەلاکان، پێموایە زێدەڕۆییم کردبوو لە هەندێک شتدا، مەسەلەن ئیسلاحاتی ئەرزی دەبوایە تەئید بکرێ، بۆچی ئێمە دژی دەوەستاین؟ فەرز بکە ڕادیۆی پەیکی ئێران ئەگەر لە مالیش نەبوایەم زەبتی سەوتێکم دادەنا زەبتم دەکرد کە بەرنامەیەکیم لە کیس نەچێ؛ تەنانەت فارسییەکەی و کوردییەکەی و تورکییەکەشیم گوێ دەدایە، پێمخۆش بوو، یانێ هاندەرێک بوو بۆ من کە زیاتر لەگەڵ ڕژیم چەپ بکەوم کە کەوتیشم. پێموایە زۆر شتی وەکوو ئازادیی ژنان و حەقی دەنگدان و وەکوو سپای بێهداشت و بەتایبەتی ئیسلاحاتی ئەرزی شوێنێکی زۆر زۆری دانابوو لەسەر ناوچەکە، دەبوو منیش و زۆر کەسی دیکەش ئەوانەمان تەئید بکردایە، بەڵام نا، من کەوتبووم بەو دیودا و ئەوانەم نەدەدی، زۆرکەسی دیکەش وەک من بوون! ئێمە ناڕاستەوخۆ لەژێر کارتێکەریی سیاسەتی حزبی تووەدەی ئێراندا بووین کە ئاوێنەی سیاسەتی یەکێتیی سۆڤییەتی بوو لە ئێران و ناوچەکەدا.

سیاسەتێک کە لەو قۆناغەدا کە دەگوترێ داڕێژەرەکەی "حوسەینی فەردووست" بووە پیادە دەکرێ و لەوقۆناغە بەولاوە لە کتێب و میدیای ئێرانیدا مەسەلەی ئەوە مەترەح دەکرێ کە کورد بەشێک لە ئێرانی فەرهەنگییە و کورد و هەرجێگایەک کوردی لێ بێ ئەوە ئێرانە و ئەوە دەبێ بە سیاسەت، ئێوە هەست ناکەن ئەو ڕاگواستنەی ئێوە بەجۆرێک بۆ ئیستحالە(ئاسمیلە) کردنتان بوو لە نێو بافتی فەرهەنگی فارسدا یان نەتەوەی بالادەستدا؟



دڵنیام ئەوە ڕاستە، ئێران بەهەموو جۆرێک هەوڵیدەدا کە ئەو ئیدەیە بەرێتە نێو خەڵکەوە، تەنانەت لە باشووریش خەڵکانێک جەزبی ببوون و ڕێژیم هەوڵی زۆری بۆ دەدا. بۆ نێو کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەش خەڵکانێ کوردی نارد، ئەوەندەی لە بیرم بێ یەکجاریان سێ کەس بوون بۆئەوەی لەوێ تەبلیغێکی هاوشێوەی ئەو قسانە بکەن وا جەنابت ئاماژەت پێکرد، کە لە ئێران ئەوەتا وەزع ئاوایە و بۆ پێوەندی گرتنەکانیشیان من دەمبیستەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کوردەکانی ئێران کەمتر دەگرت، بەڵام باشوور هەتا باکوور تەماسیان دەگرت ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسەی وا ناردوویانە یان ئەوەی وا

قسەی لەگەڵ کراوە خراپ بووبن، بە پێچەوانە خەڵکانی جێگەی ڕێز بوون، مەسەلەن قسەیان کردبوو لەگەڵ دکتور "عیسمەت شەریف وانلی" ئینسانێکی موحتەرەم کە تا ئەو ساڵانەیش مابوو، من ڕێزێکی گەلێک زۆرم لێ دەگرت و بە شەخسی دەمناسی، لەگەڵ ئەو پێوەندییان گرت، لەگەڵ ماموستا جەماڵ نەبەز کە ئەودەم لە ئاڵمانیا بوو پەیوەندییان گرتبوو. ئەوانە هیچکام پیاوی ئەوان نەبوون، بەڵام بە گوێرەی هەر ئەو سیاسەتە دەیانویست سەرنجیان بەرەو ئێران ڕابکێشن. پان ئێرانیستەکان ئەهرۆمی ئەو کارە بوون، لە کوردستانیش فەعالییەتیان دەکرد، من وەختێک چووم بۆ "خورەم ئاوا"، هەروا بۆ گەڕان چووم، هەموو دەرگا و دیواری شارەکە پڕ بوو لە شوعار بۆ کورد و ئێرانی بوونی کورد، نمایەندەیەکی مەجلیسی ئێران لە مەهاباد [عامری] یان لە پان ئێرانیستەکان دانابوو؟!؛ ڕۆژنامەی هەفتانەی "خاک و خون" و شۆعبەی حیزبی پان ئێرانیست کەم و زۆر لە هەموو شارەکانی کوردستان هەبوو، لە بۆکانیش هەبوو، جارێک دەعوەتنامەیەکی چوون بۆ کۆبوونەوەیەکیان بۆ منیش ناردبوو کە من وەرمنەگرت و فڕێمدا، کەسەکە ئەلعان نەماوە، گلەیی کردبوو کە بۆچی کاری وایکردووە، ئەگەر نەدەهات بیگوتایە نایەم. یانی ئەو کارانە دەکرا کە بڵێن کورد ئێرانین، ئێرە وڵاتی دایکە و دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران. چ سیاسەتێک بوو، ئایا "فەردوست" یان کەسێکی دیکە داینابوو؟ ئەوە بیرۆکەیەکی پێشینەداراە لە دەورەی ڕەزا شا و پێش ئەویشەوە هەر بووە و دواتریش تا ئەمڕۆ دڕێژەی پێدراوە. دوو شیعری کوردیی لاهوتی کرماشانی هەن هەردووکیان باسی ئەو بابەتە دەکەن و بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەڵێ وەرنەوە وڵاتی خۆمان، کە ئێرانە، ئێرە وڵاتی کوردە. بەڵێ بووە ئەو سیاستەتە.

بەجۆرێک بزووتنەوەیەکی سیاسی هەم لە ڕۆژهەڵات هەم لە باشووری کوردستان لەگوڕێدا بوو، تاچەندە کارتێکەری ئەو بزووتنەوەیە بووە هۆکار بۆ ئەوەی ئێوە تەبعید بکەن؟



کارتێکەری ڕاستەوخۆی هەبوو! ئەوە جوابی منە. ئەوەڵەن ئەو چەند کەسەی کە لە بانەوە تەبعید کران لەساڵی ۴۲ لە پێوەندیی ڕاستەوخۆی شۆڕشی ئەیلوولدا بوون، لە قۆناغەکەی دواتریشدا کە ئێمەی گرتەوە ئەوە ئامانجی سەرەکی بوو: دابڕان لە شۆڕشی ئەیلوول و تەئسیراتی ئەو. ئیدی هەمووی ئەوانەی وا تەبعید کرابوون وانەبوو ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیی ئەوێدا بووبێتن، تەئسیراتی شۆڕشەکە بەربڵاو بوو کە لە هەموو کوردستاندا بوو، ئیدی بۆ موعەلیم کە هیچ، کەس نەبوو لە شار و دێ کە بەو شتە نەزانێ و تەبعەن پشتگیریی نەکات. خەڵک باربووی شۆڕشەکەیان دەکرد، هەرکام بە شێوەیەک. باوکم کوتاڵیان دەدایە و جلوبەرگی بۆ پێشمەرگە و ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵات دەدووری، بۆ نموونە بۆ چەند ئەندامی بنەماڵەی موهتەدی کە چووبوونە باشوور. بە بۆچوونی من هۆکاری زۆر گرنگی بەرنامەکە نەک تاقە هۆکار ئەوە بوو. کەسانێک کە ساواک پێیوابوو لە باری فکرییەوە یان لە باری پێوەندییەوە لە پێوەندی ئەوێدان ئەوانە لابچن، لە ناوچەکە لابببرێن و نەهێڵرێت کارتێکەرییان هەبێ لەسەر جیلی دواتریان. من بۆ نموونە، دەفتەر و کاغەزم دەدایە قوتابییەکانی گوندی باغڵووجە و فەقێی مزگەوتەکەی، لە لای سەرەوەی دەفتەرەکان ئەم شیعرەی حاجی قادری کۆییم دەنووسی: *"حەیفە بۆ تۆ کە نەسڵی کوردانی / حورمەتی ئاو و خاک نازانی / کاغەزت بێ بە تورکی ئەینووسی / یا زمانی زەبوونی ئێرانی!"* ئەوە نموونەیەکە لەو کارتێکەرییە. من

پێشتر حاجی قادرم نەدەناسی و شیعرەکانیم نەخوێندبـــووەوە، تەنیـــا ناویم بیســـتبوو.

بزووتنەوە فەرموتـــان دوای ئێـــوە چەنـــد مامۆســـتایەکی دیکـــەش تەبعیـــد کران واتا ئـــەو تەبعیدە وەک لەپێشـــدا لە بانە دەســـتپێدەکات و دواتـــر دێتـــە ناوچەی موکریـــان و دواتر دوبـــارە تەداومی دەبێت ئـــەو تەبعیـــدە چەنـــد ماوەی کێشـــا و کـــەی توانیتـــان بگەڕێنەوە کوردســـتان؟



ئێمە لە ســـاڵی ٤٣ شـــاربەدەر کراین، لە ســـاڵانی ٤٣ و ٤٤دا بـــە ڕوونـــی خەڵکەدەرکراوەکە دەناســـم و لە بیرمە و هەمووشی ماون شـــوکور، ئەلعان بازنشســـتەن، ساڵی ٤٢ تـــا ٤٤ قەتعـــی وحەتمـــی بـــوو دەمبیســـتەوە کە خەڵکێکـــی دیکەش لە ٤٥ تەبعیـــد کرابێتن، بـــەڵام ئیتر لە ٤٥ بـــەوڵاوە نەما یـــان وەزعەکە گـــۆڕا، یان ســـاواک دڵنیا ببوو کە کـــوردی ڕۆژهەڵات چیتـــر لـــە لای شـــۆڕش وەرناگیرێن، یا پێداویســـتییەکە نەمابـــوو، یـــان لـــە ڕەنگدانـــەوەی خەڵک دەترســـان، هەرچی بـــوو، بەرنامەکـــە وەســـتێنرا. ئـــەوە بۆ مەســـەلەی ئیدامەکەی. ئەوجار مەسەلەی گەڕانـــەوە و ئیجـــازەی گەڕانـــەوە: وەکوو باســـم کرد من شەخســـەن هەتا وەختێ کە گیرام لە ســـاڵی ٥٣دا تـــا ئەو وەختە هەموو ســـاڵێک داوای گەڕانـــەوەم کرد و موافەقـــەت نەکرا، ئەوە مـــن. بەڵام یەک دووکـــەس لەبیرمە و دەزانـــم دوای چوار پێنج ســـاڵ گەڕانەوە، هەر هەمووشـــیان مرۆڤـــی چاک و پـــاک بـــوون؛ ئەوانەیان چۆن هەڵدەسەنگاند بە حیســـابی بنەماڵە، پێداویســـتییەکانیان، یـــان هەر شـــتێک، چەند کەســـێک وانەبوو بڵێی هەمووشـــی لە ڕۆژێک و ســـاڵێکدا بێـــت، ئیدی بەین بەیـــن چەند کەســـێک گەڕانـــەوە؛ بەڵام بەشـــی زۆری هـــەر لەتـــاران مانـــەوە و جەزبی ئـــەو کۆمەڵگایەی ئـــەوێ بوون و زۆربەیان هاوســـەرگیریان کـــرد، کاریان پەیـــدا کرد، ئیدی خۆیـــان و بنەماڵەیان و منداڵەکانیـــان بوونـــە ئەوێیـــی (تارانی).

بزووتنەوە باســـێکی دیکە کـــە هەیە هەر لـــەو قۆناغەدا چینێکی تریـــش لە خەڵکی بۆکان و شـــارەکانی تری کوردستان تەبعید دەکرێـــن، ئەو چینـــە بڵێیـــن مووڵکدار و دەسترۆیشـــتووی شـــار بوون و زۆربەیان ســـەر بە بنەماڵەی ئاغاکان بوون، هۆکاری ئەو تەبعیـــدە چی بـــوو، ئایـــا پێوەندی بـــەو پەســـندکردنەوە ئەوانـــەوە هەبوو؟



پێوەنـــدەی ڕاستەوخۆی نەبـــوو، بـــەڵام لەیـــەک شـــتدا یەکیان دەگرتـــەوە ئەویـــش ئیرتبـــات بـــوو لەگـــەڵ شۆڕشـــی ئەیلـــوول، بـــە بۆچوونـــی مـــن تەبعیـــدی ئەوانیـــش هـــەر لـــەو پێوەندییـــەدا بـــوو. مـــن هـــی شـــارەکانی دیکـــە ناناســـم، بـــەڵام هـــی بـــۆکان دەزانـــم، ئـــەو کەســـانەی کـــە تەبعیـــد کـــران ئەگـــەر هەمووشـــیان نەبووبێ چەندکەسی سەرەکییان لـــە ئاغاواتـــی بـــۆکان، ئاغاواتـــی دێبۆکـــری، ئیلخانیـــزادە و موهتـــەدی و ئەوانـــە بـــوون کـــە پێوەندییـــان بەشۆڕشـــی ئەیلوولـــەوە بـــوو، مەســـەلەن فـــەرز بکە لـــە دێبۆکرییەکان یەکێ وەک کاک ســـەعدی موهتـــەدی لـــە ئیرتباتـــدا بـــوو، یەکـــێ وەک هەمـــزە ئاغـــای حەمیدی لە ئیرتباتـــدا بـــوو؛ ئـــەوان چووبوونـــە ئەودیـــو جـــا وەختێـــک تەبعیدەکـــە دەســـتی پێکـــرد قاســـم ئاغـــای موهتەدی یان برایـــم ئاغای ئیلخانیزادە تەبعیدکـــران، ئەوانـــە هەمـــوو بنەماڵەیـــەک و ئامـــۆزای یەکتـــر بـــوون، کەوابـــوو ئـــەگەر لـــە ئیرتباتـــی نێـــوان تەبعیـــدی مامۆســـتایان و ئاغـــاکان بگەڕێیـــن، مـــن پێموایـــە لـــەو ئالقەی شۆڕشـــی ئەیلوولـــەدا یەکتری دەبیننـــەوە، دەنا نـــە پێموانییـــە مەســـەلەن وەک ئیرتباتـــی شەخســـی، فـــەردی، تاکەکەســـی، یەکێـــک لـــە ئێمـــە کـــە مامۆســـتا بووێـــن لەگـــەڵ ئاغـــاکان پێکـــەوە هاوکارییـــەک و حزبایەتییەکمـــان کردبـــێ و ئـــەوە بوونـــی بووبـــێ، مەگـــەر بـــە هەڵکـــەوت دەنـــا نـــە. هەر بەگشـــتیش، ترســـی ســـاواک لە پەرەســـەندنی هەســـتی نەتەوایەتی لـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان هـــۆکاری هەمـــوو زیندانیکـــردن و تـــەبعیدەکـــان بـــووە.

هەوالنامەی کۆنبەی

پێتانوایە ئەو تەبعیدەی ئێوە و ئاغاکان چ کاریگەرییەکی کردەسەر بزووتنەوەی ئەوکاتی کوردستان بەتایبەتی بزووتنەوەی ئەیلوول، ئەو خەباتە چەکدارییەی کە لە ٤٦ -٤٧ کرا؟



دڵنیام تەئسیری بووە لە چەند بارەوە، یەکیان ئەوەی ئەوانە هەموو کەسانێک بوون کە خۆیان بەجۆرێک لایەنگری شۆڕشی ئەیلوول بوون؛ لە دابەشبوونی شۆڕش و جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسیشدا فەرق ناکات، دیسانەکە کەسانێک لایەنگری ئەملا بوون، کەسانێک لایەنگری ئەولا. بەڵام هەردووکیان لە یەک شتدا یەکیان دەگرتەوە ئەویش ئەوە بوو کە خوێندکار و مامۆستا و خوێندەوار و باسەوادی کورد لە ڕۆژهەڵات بە چاوێکی ئەرێنی تەماشای شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد و ئەگەریش ڕاستەوخۆ لە لەگەڵیدا پێوەندییان نەبووبێت ئەوا ئەدەبیاتی شۆڕشیان دەدی و دەبیست، شتیان دەخوێندەوە وجاروبارە لێرە و لەوێ شیعرێکیان بڵاوکردبێتەوە و غەیرە، ئەو پێوەندییە حەتمەن هەبوو لە ئەوانەی وا چوونە ئەو دیویش و گەرانەوە بەشێکیان هەر دۆست و ڕەفیق و ئاومانڵ وهاودەنگی هەر ئەو کەسانە بوون کە تەبعید کرابوون، ئیتر دەمێنێتەوە ئایا هاوکاریی ڕاستەوخۆی ئەو شۆڕشەیان کردبێ یا نە، بە بۆچوونی من ئەو هاوکارییەش بوو بەتایبەت لە دێهاتدا. من ئەو ساڵانەم جوان لە بیرە ساڵی ٤١ و ٤٢ ئیسڵاحاتی ئەرزی بوو هەندێک پەیدا ببوون پێیان دەگوتن چەتە، هەر بەڕاستی ئەوانەی هاتنەسەر بوغدەکەندی کە من لەوێ مامۆستای مندااڵکانیان بووم، دوو شەو هاتن و تایەی خەڵکیان ئاگر تێبەردا، ئەوانە چەتە بوون، یەکێکیشیان لێ بریندار بوو، پێمواید خەڵک دەستی کردەوە و بریندارى کرد، گوتیشیان کوژرا، نێویشی هەبوو، ئەودەم ئەوان کەسانێک بوون کە نائەمنییەکیان دەنایەوە، باسی ئەو نائەمنییەم کرد، تەوزیحێکی بدەم، لە بیرمە لە بەینی بۆکان و سەقز لە ساڵی ٤٢ ماشین لەدوای سەعات چواری دوای نیوەڕۆ هاتوچۆی نەدەکرد، خەڵک دەترسان چوون چەتەی سەر بە ئاغاواتی نارازیی لە ئیسڵاحاتی ئەرزی بوونیان هەبوو. بەڵام لەو لاشەوە شۆڕشگێڕەکان هەبوون کە لە مەنتەقەی بانە بوون، لەسەردەشت بوون، بەگشتی دەشکشانە نێو گەورکایەتیی بۆکان و سەقز و بەشێکیشیان هەر لەوێ شەهید بوون، لە قەرەگوێر بوون بۆ نموونە، یانی حزووریان هەبوو، حزووڕەکە ئەگەر جسمیش نەبێ نێوەکەیان هەبوو، نێوەکە گەورە و خۆش بوو لەگوێی خەڵکدا، ئەوان تۆڵەستێن بوون بۆ کورد، بەڵام ئیتر کێشەی نێوخۆییان و موشکڵەی پێوەندیی ساواک لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر گەرانەوە، بە نارەزایی گەرانەوە لە شۆڕش، کە هاتنەوە هەمووی شەڕ و پەتۆڕ و هەموو نانیان نەبوو، پاتۆڵ و پێڵاویان نەبوو، پشتیان تێکردبوون، ئەگەر بەشێکیش تەحویل درابنەوە یاخود هەر لە باشوور و لەناو شۆڕش لەسەر خواستی ساواک شەهید کرابێتن وەک نەمر سولەیمانی موعینی، ئەوانە بەشێکن لەمێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمووی ئەوانەی بە شۆێندا هات و ڕاپەڕینەکە تووشی شکست هات. ئێستا پرسیاری ئەوە دێتە گۆڕێ ئایا بەڕاستی ڕاپەڕینەکەی ساڵانی ٤٧ و ٤٨ و جیابوونەوەیان لە بەژنی سەرەکیی حزبی دیموکرات لە شوێنی خۆیدا بوو و لەکاتی خۆیدا بوو یان نا؟ ئەوەی ئایا بە تەبەعی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تووەدەی ئێران کە هاتن بەینێک لەوێ چالاک بوون و کارتێکەرییان هەبوو لەسەر ئەو ئەندامانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، ئایا هەر چاولێکەری ئەوان بوو، یان شتیکی گەورەتری جیهانی بوو؟ مائۆئیزم لە دنیادا نفوزی

پەیـــدا کردبوو، ســـالانی ۶۰ نـــەک هەر لـــە مەنتەقـــەی ئێمـــە بەڵکـــوو هەتا لە ئەوروپاش ئەو کـــردەوە شۆڕشـــگێڕانەیە ڕەنگیدابووەوە، هەمـــوان بەقەوڵی برادەرانی باشـــوور مۆعجیب بوون بە مائۆئیســـم. بە بۆچوونـــی من ئـــەو دابڕانەی بەشـــێک لە لاوان لـــە بەژنی حزبە کلاســـیکەکان ڕیشـــە و بنەمـــای پێکهاتنـــی ئـــەو باڵە شۆڕشـــگێڕییە بـــوو کە هەم لـــە حیزبی تـــووەدا سەریهـــەڵـــــدا، هـــــەم لە حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتانی ئێراندا . داوەڕیکردن لەســـەر ئەوەیکـــە ئایا کارەکە لەو کات و شـــوێنەدا دەبـــوو بکرایە یان نا، شـــتێکی دیکەیە، بـــەڵام هەرچی بوو کەســـانێکی پاک و خالـــس و خزمەتکاری گەل و دڵســـۆزی خەڵک و گیانبەختکردوو بوون و گیان لەسەردەســـت، هاتنەوە ئێران بـــەو ئامانجەی کـــە ماتـــۆرە چکۆلەکەی ئـــەوان قەتاری کۆمەڵانی گەل بە شـــوێن خۆیدا بکێشـــێ، بـــەڵام ئێران لەپێشـــدا خـــۆی بـــۆ ئامـــادە کردبوو و ســـەرۆکی ژاندارمری کوللی کیشـــوەر "ئووەیسی" بۆ ماوەیەکی زۆر هاتبوو بنکـــەی لە پادگانی جڵدیان دانابوو، چونکە ئەوان شـــتەکەیان گەورە وەرگرتبوو. بەداخـــەوە ڕاپەڕینی ئەو خەباتکارە شۆڕشـــگێڕانە تووشـــی شکست هات، ئەمە بابەتێکی جیاوازە و مەســـەلەی وتـــووێـــــژی ئـــــەمڕۆی ئێمە نییە.

کاک ئەنـــوەر بەشـــی زۆری ئێوە تەبعید کـــران بۆ دەوروبەری تـــاران، ئەو پارێزگایەی کـــە بەهەرحاڵ لە تاران نزیکتر بوو لە کوردســـتان؛دوو ســـێ سەعات ڕێگا بوو تا کوردســـتان و دواتـــر ئینتقال دران بـــۆ خودی تـــاران لەو قۆناغـــەی دەهەی چلدا ئێمـــە بزووتنەوەیەکـــی خوێندکاری یان بزووتنەوەیەکـــی مەعریفی ئەدەبیمان هەبـــوو کـــە خوێنـــدکارە کوردەکانـــی تـــاران خەریکبـــوون بەڕیوەیـــان دەبرد، ئـــەو هاوڕێیانـــەی وەکـــوو کاک ئەمیری حەســـەنپوور و کاک ســـوارە ئیلخانیزادە و چـــاوە و عەلـــی حەســـەنیانی و.... ئێوە پێوەندیتان لەگـــەڵ ئـــەو خوێندکارانە و لەگەڵ ئـــەو بزووتنەوەیە هەبـــوو، ئەگەر بکـــرێ نێـــوی بزووتنەوەی لـــێ بنێین؟



با مـــــن لە پێشـــدا ئەوە بڵێم بیـــرەوەرییـــەکـــانی کـــاک حەمەدەمینی ســـیراجی ئێستا لەســـەر یوتیووب بڵاو دەبێتەوە لە بەشـــی یەکەمیـــدا زۆر باش باســـی ئەوســـاڵانەی کردووە، خەڵکـــی دیکەش هەر باســـیان کـــردووە. با ئـــەوەش بڵێم کە لەپێش ئەوانیشـــدا لە ســـاڵانی ۱۳۲۴ و لـــە کاتـــی کۆمـــاری کوردســـتاندا خوێنـــدکاری کورد کە زیاتر ســـنەیی و... بوون لەتـــاران ئەنجومەنـــی خوێندکارانی کوردیان هەبـــوو. کە وابوو، ئـــەوکارە بێ زەمینـــە نەبـــوو، بـــەڵام ئەوە شـــتێکی بەتەواوی جـــودا بوو لەوان، ئەو کەســـانە کـــە نێوتان بـــرد و کەســـانێکی دیکەش وەک کاک ســـمایلی شـــەریفزادە و کاک ســـەلاحی موهتەدی، کەســـانێک بوون کە خەریکـــی هـــەم خوێندن، هـــەم کاری سیاســـی بـــوون، مەجمەعێکیـــان هەبوو کۆبوونـــەوە هەبوو، هاتوچۆیـــان هەبوو بۆ مااڵـــی یەکتـــر و بەتایبەت بـــۆ مااڵی نەمر حاجـــی ڕەحمان ئاغای موهتـــەدی. لەوێ وەک بیســـتوومە، شـــاعیرەکان شـــێعری خۆیـــان دەخوێندەوە و نەقـــد دەکرا و .... هەر لـــەو ســـەردەمانەدا من لـــە بیرمە چیرۆکی کـــوردی دەنووســـرا، کە من ۲ یـــان ۳ چیرۆکیانـــم بینـــی هـــی کاک ســـەلاحەدینی موهتـــەدی بـــوو، بەڵام ئـــەوەی مـــن لـــە ئیرتباتـــدا بووبێتـــم لەگەڵیـــان نەخێـــر، مـــن درەنگتـــر گەیشـــتبوومە تاران، کەسێکی واش نەبووم کە ئـــەوان تەحویلـــم بگرن، مـــن لەوان کەم تەمـــەن تر بووم؛ لە کاک ســـەلاحی موهتـــەدی چیرۆکی "نان و فیشـــەک"م وەرگـــرت یانـــی خـــۆی پێیـــدام، گوتی بیخوێنـــەوە و بـــۆم بێنەوە. بـــۆم بردەوە. بابەتەکەی هاوکاریکردنی گوندنشـــینەکانی کورد بوو لەگـــەڵ پێشـــمەرگە، بابەتێکی ناســـیاوی گوێـــی مـــن کـــە لەگـــەڵ بیروباوەڕمـــدا یەکی دەگرتـــەوە. لە کۆتایی

چیرۆکەکەدا، یەکێک لەخەڵکی دێیەکە بە پێشمەرگەی دەگوت "مەترسە نانمان زۆرە!"، ئەویش وەڵامی دەدایەوە "مەترسە فیشەکمان زۆرە!" لەگەڵ کاک سواری ئیلخانیزادە ئیرتباتێکی نزیکترم هەبوو و هاتوچۆی ماڵیشم دەکرد، یادی بەخێر بێت کاک سواری و یەک دوانێکی دیکەیان بە نیسبەت ئەوانی تر چەپتر بوون، کاک سواری لە بیرمە کتێبێکی پیدام بە نێوی "سیر تاریخ"ی گۆردن چایلد، کە عەلی ئەکبەری بێهمەنش وەریگێڕابووە سەر زمانی فارسی، ئەوەم چاک لە بیرە، چونکوو بێهمەنش دوایە بوو بە مامۆستای ئێمە لە دانشگا. کاک سوار لەگەڵ کتێبەکە کە پێیدام گوتی هەر لەوچەشنە کتێبانە بخوێنەوە، ئەوەندە خەریکی شتی دەرەبەگایەتی و ئەوانە مەبە، ئەو وشەیەشم جوان لە بیرە ئیدی ئەو لە کام قۆناغ و مەرحەلەدا خەتێکی جیاواز لەوانی دیکەی گرتبووبەر، نازانم، بەڵام دەزانم کەسێکی وەک کاک ئەمیریش کە دواتر شانازیم هەبوو بیناسم ئەویش هەر چەپ بوو، هەر بە گشتی لەنێو خوێندکارە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا وەک باشوور، ڕوانگەیەکی چەپ هەبوو، ڕوانگەیەکی بە قەولی خۆمان نەتەوەییش هەبوو. بەڵام پرسیارەکە ڕووی لە من بوو، من تەنیا ئیرتباتێکی ساکارم بووە، ئەویش زۆر درەنگتر لەوسالانەی کە ئەوان بە دەوری یەکترەوە بوون. مەکۆی ئەوان لە سالانی ۴۰ و ۴۱ و ئەوانەدا بوو، من لە سالی ۴۵دا چوومەتە تاران. لەگەڵ ئەوەشدا دوو جار چوومە ماڵی حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی، دواتریش لەگەڵ کاک سەلاح و کاک سواری ئەو پێوەندییەم پەیدا کرد، ئیتر غەیری ئەو هاتوچۆیە نەخێر هیچ پێوەندییەکم لەگەڵیان نەبووە.

ئەوەندەی من بزانم مەرحومی کاکتان دەبێ لەگەڵیان لە ئیرتباتدا بووبێت، دیارە ئەوە پرسیارێکی شەخسی خۆمە، ئەوەی کە من بیستبێتم لە سالانی دواتر لەمە جامعەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کە لە بۆکان هەبوو بەحسی ئەوە مەترەح دەکرا کە عومەری کاکتان پێوەندی لەگەڵ ئەو تیمە هەبووبێت و کاری لەگەڵ کردبێتن، ئەگەر بکرێ لەسەر ئەو مەسەلەیەش باسێ بکرێ مەمنوونتم؟



کاکم چەپ بوو، لە سالانی ۳۱ و ۳۲ و ئەوانەدا ڕۆژنامەفرۆش بوو، ڕۆژنامەکانی حزبی تووەدەی دەفرۆشت و لە فەزای فیکریی حیزبی تووەدا بوو، دواتریش کە هات بۆ تاران و من لە تاران بووم پێکەوە دوو جار چووینە ئەنجومەنی ئێران و شۆڕەوی، جارێکیش لە سالۆنی کووی دانشگا فیلمیان پیشان دەدا، فیلمی "ڕەزمناوی پاتیومکین" فیلمی شۆڕەوی بوو، پێکەوە چووین بۆ دیتنی فیلمەکە. یانی ئەوە فەزای فیکرییەکەی بوو و لەگەڵ ئەوکەسانەش دۆستایەکی نزیکی هەبوو کە باستان کرد، لەو دەمەدا لە بۆکان کتێب فرۆش بوو، کتێب فرۆشییەکەشی وەکوو بڵێین پاتۆقێک بوو بۆ هەرکەسێک وەکوو ئەوانەی کە خوێندکار بوون و ئەوانەی لە تاران و تەورێزەوە دەهاتنەوە یاکوو موعەلیمی غەیرە بوومی بۆکان هەر هەموویان، من کەم کەسم دیوە موعەلیم بووبێ و نەهاتبێتە دووکانی کاکم، یان دانەنیشتبێ و قسەی نەکردبێ، زیاتر لە هەموان دۆستایەتیی کاکم لەگەڵ کاک سواری بوو، هەروەها لەگەڵ کاک عەلی حەسەنیانی کە وەکیل بوو لە میاندواو کاری دەکرد، کاری دادگای لە بۆکانیش وەردەگرت، دەهاتە دوکان لەگەڵ کاکم هەمیشە شیعریان پێکەوە دەخوێندەوە، من لە بیرمە ئەو شێعرەی پیرەمێرد "هاتن شەهیدەکان بە جلی سوور و خوێنەوە / دایکی وەتەن دە هەستە سڵاویان بسێنەوە" ئەو شێعرەی دابوو بە کاکم.

دواتر ئەو بـــۆی خوێندمـــەوە، من لەبەرم بـــوو. ئیـــدی ئیرتباتـــەکان ئـــاوا بوون. کاک "فاتیـــح چاوە" هاتووچـــۆی بۆکانی رەنگە ئەوەندە نەکردبـــێ، بەڵام هەر دیومە لـــە دوکانی کاکـــم، یەکتریان دەناســـی. پێوەندییـــەکان لەڕێگایەکی تریشـــەوە بوو، ئەوان هەموویان لە ڕۆژنامەی کوردســـتاندا شـــێعریان بڵاو دەکردەوە. ئیـــدی ئەلعان ڕۆژنامەی کوردســـتانەکە چاپ بۆتەوە و بە باشـــی ئینســـان دەتوانێ ببینێ، ئەوەی بە بۆنـــەی مەرگی مامۆســـتا گۆرانەوە بوو ژمارەی تایبەتی دەرکـــرا، ئەوەش مەتڵەبی زۆر گرینـــگ بوو کـــە کاک ئەمیر و کاک ســـوارە و کاک چـــاوە و هەموویان لەگەڵ بوون بڵاویـــان کردەوە و لـــە غەیری ئەو ژمارەیـــەش جاروبـــارە شـــێعریان لەوێدا بڵاو دەکـــردەوە، کاکیشـــم بـــە هەمان شـــێوە، ئەوەش بەجـــۆرێ بەیەکەوە گرێی دابـــوون، پێموانییـــە لە ڕادیۆ کرماشـــان پێوەندییـــان پێکەوە بووبێ، نەمبیســـتووە ئەوکەســـانە لە ڕادیۆ کرماشـــان شێعریان خوێندبێتـــەوە، بـــەڵام شـــیعرێکی کاکم لە بیرە لـــە ڕادیۆ کرماشـــان خوێندیەوە بـــۆ ئیســـڵاحاتی ئـــەرزی "بۆ پێشـــەوە جووت بەنـــدە دونیـــا بە تـــۆوە بەندە!" کاکـــم بـــەو جـــۆرە دیـــارە هـــاوکاری ڕادیـــۆ کرماشانیشـــی کـــردووە، ئەمن لە ئەوانـــی دیکە نەمبیســـتووە، تەبعەن کاک سوارە بۆخۆی لـــە ڕادیـــۆ تـــاراندا بوو و لـــەوێ بـــەرنـــامـــەی بوو.

کاک ئەنوەر ئـــەو پێوەندییەی کە باســـمان کرد و ئـــەو جۆرە هەســـتانەی کـــە هەبـــوون بـــۆ وێنـــە لە تـــاران بە جۆرێـــک، لە کوردســـتان بـــە جۆرێکی دیکە، بـــەڵام هەتا ئەوانەی کـــە دەچوونە باشووری کوردســـتان بەجۆرێکی تر وەلێ هەموو یـــەک خاڵ کۆیـــان دەکاتەوە یان بڵێین خاڵێـــک پێکەوە گرێتـــان دەداتەوە خاڵـــی کوردایەتـــی یـــان دەغدەغەیەکی نەتەوایەتـــی، ئەو کانوونانـــەی کە هەبوون چەندە دەتوانـــن بە ئەدەبیاتـــی ئەمڕۆیی پێیی بڵێـــن کۆمەڵگای مەدەنـــی یان پێیی بڵێـــن مقاومەتی مەدەنی کـــە لەو قۆناغەدا هەبـــووە و بەجۆرێـــک مقاومـــەت بووە لـــە بەرانبەر وتـــارە بااڵدەســـتییەکە کە دەوڵەت و حاکمییـــەت بەرهەمیان دەهێنا؟



لـەو پێوەندییەدا بڵێم من ساحێب نـەزەر نیـم، بـەڵام یـەک شـت ڕوونـە ئاماژەی پێبکـەم: خەباتی مـــەدەنی گـــەلی کورد هەمیشە چۆتـە ژێـر چەترێکی قورسی شۆڕشی چـەکـــدارانـــەوە و لـە هەرشـوێنێکیش سـەریهەڵدابێ بەجۆرێک ئاخرەکەی گەیشتۆتە ئـەو کارە. ئایـا بارودۆخـی وڵاتەکـە ئـەوەی کـردووە، ئایـا بارودۆخـی جوغرافیایـی و هاوسـنووری لەگـەڵ وڵاتانـی دەرەوە ئـەوەی کـردووە، ئایـا ئـەوە بەشـێکە لـە فەرهەنگی کـوردی، ئایـا ئـەوە خوویەکـی عەشـیرەییە و زۆر شـت و قەزایـای دیکـەی لـەو چەشـنە بەداخـەوە تـۆ دەسـت بـۆ هـەر خەباتێکـی مەدەنیـی کـورد دەبـەی بەجۆرێـک سـەر لـە کاری شۆڕشـگێڕانە و چەکدارانـە دەردێنـێ، ئەلعـان بـۆ نموونـە ڕێبەرانـی کـورد، حیزبـە کوردییەکانـی ڕۆژهـەڵات هـاوار دەکـەن ٢٥ سـاڵە ئێمـە کاری چەکدارانەمـان دژ بە ئێران نەکردووە، بەڵام لەولاشـەوە کارە چەکدارانەکە نانێنـە لاوە بەگشـتی، بێـن بـە کۆمەڵگای نێونەتەوەیـی بڵێن باشـە ئێمـە کاری مەدەنی دەکەیـن و تـەواو؛ ئـەوەی هەیـە شـتێکە نـە ئەمـە نـە ئـەوە، لـە ئەنجامـدا ئـەوە زیانێکـی زۆری داوە لـە کـورد. تۆ ئەو ڕاپۆرتانە تەماشـا بکـە کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئـەو ڕێکخـراوە مافـی مرۆڤانـە دەیـدەن لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا چەنـد بـە گرینگییـەوە بـۆ نموونـە باسـی زوڵـم و زۆرێـک دەکـرێ کـە لەئێـران لە بەهاییان دەکرێ، دیارە سـەبارەت بـەوان هەرچـی بڵێـن هـەر کەمـە، خـۆ ئەوە نییـە بڵێـم خراپـە، ئـەوە کارێکـی زۆر چاکـە دەیکـەن، دەبـێ لـەوەش زیاتـر پشـتیوانی بکرێـن، چونکـوو بەهایـی زوڵمـی گـەورەی لێکـراوە لـە ئێرانـدا. بەڵام زۆر بەکەمی باسـی کـورد دەکـرێ، هۆکارەکەشـی مـن زۆر سـەرنجم داوەتـێ، هەمیشـە مـن ئـەو گوزارشـتانە کـە دەبینـم لێرە—جا بـە کوردی

یان بە ئینگلیزی- قورسایی ئەو زوڵمەی کە لەکورد دەکرێ لە راپۆرتەکاندا کەمە، بۆچی وایە؟ بەهەڵسەنگاندنی خۆم کورد تێکەڵاوی کێشەی چەکداریە و ئەوان نایانەوێ بەجۆرێ دیفاع لەحەرەکەتێکی چەکدارانە بکەن کە دوایی تاوانبار بکرێن بە لایەنگریی لێی، جێگایەکی وەکوو یەکێتیی ئەوروپا بۆ نموونە. ئەو خەباتە مەدەنییەی کە تۆ باسی دەکەی لە زۆر قۆناغدا بە ئیستڵاح چەخماخەکەی لە کوردستان لێدراوە، بەڵام لەدواییدا بەجۆرێ خەباتە چەکدارانەکە بەسەریدا زاڵ بووە و بۆتە کاری چەکدارانە. خەباتی وەکوو ئەو راپەڕینەکەی باڵی شۆڕشگێڕ و هەر ئەوان لە بنەڕەتدا خۆیان چەکدار بوون ئەوە هیچ، ئەوە ناکرێ بەو حیسابە دابنێی ئەوان پێیان وابوو کە حیزبی دێموکرات خۆی یان حیزبی تووده خۆی بەوجۆرەی کە پێویستە شۆڕشگێڕ نین یانی ئەکتی شۆڕشگێڕانە ناکەن و حەقی ئەوانە کە ببنە بزوێنەری بچووک کە قەتاری خەڵک بەدوای خۆیاندا بکێشن، لەم شۆڕشەی ئەخیری ساڵی ٥٧دا ئێمە دیمان تەنیا ئەو حزبانە هاتن لە کوردستان چالاکییان کرد کە چەکدار بوون، لە نێو فیداییانی خەڵقدا هیچ شاخەیەکی چەکدار نەبوو جگە لە کوردستان، یانی دیتنی ئەو جیاوازییانە گرنگە بۆ هەڵسەنگاندن. من کۆمەڵناس نیم ناتوانم جوابێکی ڕوونی پرسیارەکەت بدەمەوە، بەڵام ئەوانە دەبینم بە چاو و پێشیەوە دەنالێنم کە بۆچی وایە، ئەو هەمووە بەدبەختییە بەسەر کۆڵبەر دێ، مەگەر لە دوو سایت و فەیسبووکدا نێوی بێنن دەنا هیچ پشتیوانییەکیان بۆ نییە. ئەوان بۆ ڕۆژێ ١٠ دۆلار و کەمتر لە کەمینی پاسدار و بەسیجی دەکەون و گیانی خۆیان و حەیوانەکەیان هەمیشە لە مەترسیدایە؛ بۆ ئەوە دەنگ ناداتەوە؟ ئەوە دەبوو دنیای کەر بکردایە. ڕژیمی مەلاکان بە زیرەکی نیسبەتی هەڵەیان دەداتە پاڵ، دەنا هەر سپای پاسداران ئەوەندە شتوومەک هاوردەی ناو ئێران دەکات کە بە تاقە کەشتییەکی لە چەند هێندەی هاوردەی سالانەی هەموو کۆڵبەرە کوردەکان زیاترە و دەنگ لەکەسیش دەرنایەت.

ئازیز کاکە گیان ئەو بەشەی کە لە خواروەوە هاتووە لە کۆتایی وتوێژەکەدا باستان کردووە ئەگەر حەز بکەن من کاتی چاپ دەتوانم وەکوو پێشەکی لەزاری خۆتانەوە دایبڕێژم؟



من هیچ شتێکم نییە یەک دوو شتم یادداشت کردبوو سەبارەت بە بارودۆخی جیهانی، دەمویست بڵێم نە ئەو شۆڕشەی ئەیلوول و نە خەباتەکەی نێوخۆی ئێران ئەوانە هیچکامی وا نەبوون کە دابڕاو بن لە باقی دنیا، لە فەزای مەنتەقەکە و فەزای جیهانی. ئەوە شەڕی ڤێتنام، ئەوە کامبۆج و کوبا؛ سەرمایەداری لە هەموو لایەکەوە لە ژێر گوشاردا بوو، لە عێراقیش کودەتای عەبدولکەریم قاسم حەرەکەتێکی گەورە بوو، گەلێک گەورە نەک هەر بۆ عێراق، بەڵکوو بۆ ناوچەکەش، بە باشی لەبیرمە کلاسی ٩ بووم باش تێدەگەیشتم. خەڵکەکە زۆر باسی ئەوەیان دەکرد لە ئۆردن و ئێرانیش کودەتایەکی هاوشێوەی ئەوێ ڕووبدات، ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێرانیش دەست پێشخەرییان کرد، نزیکایەتییان لە شۆڕشی ئەیلوول کرد، یەکێتیی سۆڤییەتی لەگەڵ "قاسم"دا پەیمانی ١٥ ساڵەی بەستبوو و ئاوڕی ئەوتۆی لە کورد نەدەدایەوە. نامەوێ بڵێم شۆڕشی ئەیلوول دەسکردی ئێران بوو، بەڵام ئەوان دەوریان هەبوو لە هاندان و هەڵخەڵەتاندنی هەندێک لایەنی ناو شۆڕشەکەدا. عیسا پژمانی گەورە جاسووسی ئێرانی دەڵێ دوو کەسم لە باشوورەوە هێنا و بردمە تاران بەلیباسی عەجەمییەوە چەکمان پێدان و چوونەوە. یانی ئێرانییەکان لەڕێگەی ئەو کەسانەوە کە ئەودەم

بە ناوی بەرپرسی سیاسی نێردرابوونە باڵوێزخانەی ئێران لە بەغدا، هەموو هەوڵێکیاندا بۆئەوەی ئەو فەزا شۆڕشگێڕانە و دژی ئەمریکایەی سەردەمی قاسم بەجۆرێک تێک بشکێنن، من پێمواییە شۆڕشی ئەیلوول زوو بوو دژ بە عەبدولکەریم قاسم. قاسم کارێکی گەورەی کرد کە تا ئەمڕۆش و بۆ هەمیشەش دەمێنێ. ئەو عێراقی کردە وڵاتی عەرەب و کورد، هیچ وڵاتێکی دیکەی ناوچە ئەوەی نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی کورد لە عێراق کەمە. ئەوشتانە هەیە و پێویست بە باس ناکات. تەنیا یەک شت بڵێم کە باسمان نەکرد ئەوەی کە لەو وەختانەی کە ئەو تەبعیدانە ڕوویدا ساواک لە ژێر دەستی "نخست وزیری"دا بوو، ساواک وەزارەتخانەیەک نەبوو وەکوو ئیتلاعاتی ئێستای ئێران، بەڵکوو ئیدارەیەک بوو لە ژێر "نخست وزیری"، ڕەیسی ساواک ئەودەم لە ساڵی ۴۲دا سەرلەشکەر پاکڕەوان بوو، لە ساڵی ۴۳دا سەرۆکوەزیران گۆڕا لەبەر ئەوەی "حەسەن عەلی مەنسوور" ترۆر کرا و کۆژرا، بە شۆێنیدا " ئەمیر عەباسی هووەیدا " هات. لە هەموو ئەو ماوەی تەبعیدانەدا هووەیدا "نخست وزیر" بوو. لە ساڵی ۴۳ و ۴۴ و ۴۵دا هەتا ۴۶یش ڕەیسی ساواک کە جێگری سەرۆک وەزیرانیش بوو "سپهبد نعمت الله نصیری" بوو. لە بەهمەنی ۴۳ هەتا ۴۶ وەزیری ئاموزش و پەروەرش هادی هیدایەتی بوو. مەبەستم ئەوەیە لە ماوەی ساڵانی ۱۳۴۲ هەتا ۴۶ کە ئەو تەبعیدانە لە کوردستان ڕووەدات، ئەو کەسانە بەرپرس بوون لە ئێراندا و پێویست بە گوتن ناکات کە شا بەرپرسی یەکەم بووە لەهەموو کاروبارێکی سیاسی و ئەمنیی ئێرانی ئەوساڵانەدا. من لە ورمێ ئیمتحانی شەشی ئەدەبیم دەدا بە داوتەڵەبی، کە هاتمەوە لەسەر خیابان نامەبەری ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش هات گوتی ئەو نامەیە هی تۆیە، ئیمزام کرد و وەرمگرت، تەماشام کرد حوکمی تەبعیدەکەمە! بەڵام وەکوو باسم کرد هیچکام لەوانە جگە لە ساواک مەسئول نەبوون، نازانم ئیداراتی ئاموزش و پەروەرش گوزارشیان ڕەتکردبێ و گەیشتبێتە دەست ساواک، ئەوانە هەمووی مومکینە؛ بەڵام من ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش لە سەقز و لە مەهاباد بە مەسئولی ڕاستەوخۆی ئەو تەبعیدانە ناناسم، بەرپرسی ئاموزش و پەروەرشی سەقز کەسێک بوو بەناوی ئاغای موحسنی کە لەم ساڵانەی دواییدا لێرە لە لەندەن چاوم پێکەوتەوە زۆر ئینسانێکی موحتەرەم بوو، بەرپرسی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی مەهاباد ناوی "محسنی" بوو. بۆکان وەک بەخشی شارستانی مەهاباد، سەرۆکی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشەکەی ئەوساڵەی کە من تەبعید کرام "حەسەنی مەجدی" بۆ ئیدارەی محەمەدی مەجدی بوو خەڵکی مەهاباد. من ئەوانە بە مەسئول دانانێم، ئیدی ئەگەر شتێکیان بیستبێ یان کەسێک گوزارشێکی ناردبێت من ئاگام لێ نییە و نازانم، من تاوانباریان ناکەم. گەرچی یەکجار نامەیەکی من بۆ ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی بۆکان کە ڕەنگی سیاسی بوو، نێردرابوو بۆ ئاموزش و پەروەرشی مەهاباد و لەوێوە ئاغای گوڵجەبینی نێردرابووە بۆکان بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە. گوڵجەبینی بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ ئێمە هەبوو و کارەکەی لەبەرژەوەندیی منداڵ شکاندەوە، گەرچی دووری نازانم ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی مەهاباد مەسەلەکەی بە ساواک ڕاگەیاندبێت لەبەر ئەوەی زۆر گەورەیان کردەوە. ڕەئسی ساواکی سەقز کەسێک بوو بەنێوی سەرهەنگ مونشی خەڵکی سنە بوو، کە ئێستا گوایە لە ئاڵمانیا دەژی. جارێکیش پێش ئەو تەبعیدە منی بانگ کرد بۆ ساواکی سەقز، چەند ژمارەی ڕۆژنامەی "کوهستان"م لە نەمر مامۆستا

مەلا "هـــادی ئەفخەمـــزادە" وەرگرتبوو و خوێندبوومـــەوە، کەســـێکی خۆفرۆش کە ببوو بە جاسووســـی ســـاواک و هاوکار و رفێقیشـــمان بوو! گوزارشـــی لـــێ دابووم کە ئـــەو رۆژنامانەی وەرگرتـــووە، چونکە هەر ئـــەو هاتبـــووە ماڵەکەم لـــە گوندی باغلووجـــە و تەنیا ئەویـــش رۆژنامەکانی دیتبـــوو. بانگ کرامە ســـاواکی ســـەقز؛ ســـەرهەنگ مونشـــی هەندێک قسەی کرد و هەڕەشـــە و ئەوانە، کـــە وادەکەین و وا دەکەیـــن، دامـــەزرێ و لەوکارانە گەڕێ! ئـــەوە پێـــش تەبعیدەکەم بـــوو. ئەودەم ڕەیسی ســـاواکی مەهاباد پێمواید سەروان کەنـــزی بوو، ئەوانە مەســـئولی ســـاواک بوون لـــە ناوچەکە و جگە لـــە کارمەندی لاوەکـــی هەندێـــک لـــە کوردانیـــش هاوکارییان دەکردن. یەک شـــتی ســـەیر و ســـەمەرە ئامـــاژەی پێبکـــەم: من کە داوای گەڕانـــەوەی کوردســـتانم دەکـــرد لە ئەڕاکـــەوە، هیچ موافقەتیـــان نەدەکرد، بـــەڵام گوتیـــان دەتوانی بۆ جێـــی دیکە داوا بکەیت، من داوای "شـــهر ری" م کرد پێمواید کەرەجیش. تارانیـــان نەدەداینێ. بۆیـــە بۆ "شـــهر ری" موافقەتیـــان کرد و چووم لەوێ دەرســـم دەگوتـــەوە و دوای ســـاڵی ۴۷ چوومە دانشـــگای تـــاران و دەرســـم خوێنـــد. جاســـەیرەکە چی بوو؟ وەختێـــک کە مـــن لە ســـەقزەوە تەبعید کرام ڕەیســـی ساواکی ســـەقز وەک گوتم، "ســـەرهەنگ مونشـــی" بوو، کە چووم و گەیشـــتمە "شـــهر ری" ڕەئیسی ساواکی ئەوێـــش هەمان "ســـەرهنگ مونشـــی" ی کـــورد لە ســـەقزەوە هاتبووە "شـــهر ری"! ئیتـــر بەخـــت بوو، هەڵکـــەوت بوو، ڕێکخســـتنێکی تێدا بـــوو، چی؟من خۆم بە هەڵکەوتـــی دەزانـــم. داوای ڕاگوێزران بـــۆ شـــەهر ڕەی و کەرەجـــم کردبوو کە هەردووکیان لـــە بن گوێـــی تاراندا بوون و دەکـــرا ماڵـــم لە تـــاران بێـــت، بەڵام لـــەوێ دەرس بڵێمـــەوە. نێردرامە ڕەی و خزمـــەت ســـەرهەنگ مونشـــی! ئەویش تەبعـــەن منـــی دەناســـی بە نێـــو. لە دەبیرســـتانی"کوی نهم آبـــان" کە بووم، دواتر بیســـتمەوە لەهـــەر پۆلێک کە من دەرســـم تێدا دەگوتەوە یـــەک نەفەریان وەکوو نمایەندە بانگ کردبـــوو، بردبوویانن شـــوێنێک، مەئموورێکـــی ســـاواک لێی پرســـیبوون فلانەکەس لە نێـــو پۆل دەڵێ چی و شـــتی ئەوتـــۆ. بەســـتنەوەی ئەو ئالقانـــە بەیەکەوە دەریدەخـــات کە دەوری ســـەرەکی لە مەســـەلەی تەبعید کردندا ســـاواک گێڕای، دیـــارە لەســـەر بنەمای ئەو هەواڵانەی وا هەواڵـــدەرە خۆجێییەکان پێیـــان گەیاندبـــوون. مالیـــان بشـــێوێ وەک بـــوو و ماڵە بابی شـــاکەیان شـــێوا!

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان

خاموش کردن گذشته: باستان‌شناسی ایرانی، نژاد، قومیت و زبان*

احمد محمدپور، استادیار جامعه‌شناسی نژاد
و روابط اتنیکی، دانشگاه بنتلی، آمریکا
کمال سلیمانی، استاد محقق، دانشگاه کلمکس
مترجم: رامان معتمد وزیری

همه‌ی کتب

چکیده

این مقاله به بررسی روش‌هایی می‌پردازد که در آن روایت ملی‌گرایانه باستان‌شناسی دولتی در ایران، در تلاشی نظام‌مند برای حذف شواهد مبنی بر وجود گذشته «غیر آریایی» در فلات ایران به سود گفتمان ملی‌گرای غالب ایفای نقش کرده است. مطالعات باستان‌شناسی قومی-نژادی (ethnoracial) در ایران با حمایت دولت، به عنوان ابزاری قدرتمند برای ساختن گذشته‌ای مطلوب با تکیه بر ملی‌گرایی ازلی ایرانی عمل کرده است. باستان‌شناسی ایرانی، برای توجیه سیاست‌های همگون‌سازی دولت، فقط عاملیت تاریخی را به قوم فارس نسبت داده است. روشنفکران فارس و دولت از مطالعات باستان‌شناسی ایرانی برای تبلیغ تکینگی «ملت» به کار گرفته شده است. کشوری که در آن جوامع غیرحاکم فاقد تاریخ، هویت یا فرهنگ متخص به خود هستند. این مقاله با تکیه بر نظریات مطالعات استعمارزدایی در باستان‌شناسی، قصد دارد برخی از فرضیات بنیادی باستان‌شناسی ملی‌گرایانه در ایران را مورد چالش قرار دهد. قلم و کاغذم را از من نگیر؛ می خواهم برای فرزندان سرزمینم لالایی سرشار از امید بخوانم. می‌خواهم بنویسم؛ می‌خواهم از همین جا، از درون سلولم با مردمم حرف بزنم. این را می فهمی؟ (فرزاد کمانگر؛ معلم اعدام شده کورد) قریب به صد سال است که رشته باستان‌شناسی در ایران کارکردی سیاسی داشته است. در دوران سلطنت پهلوی (۱۹۷۹-۱۹۲۵)، وظیفه باستان‌شناسان ارائه شواهد و مشروعیت بخشی معرفت‌شناختی برای فارسی‌سازی گذشته ایران بود (for more, see Soleimani and Mohammadpour ۲۰۱۹a). براساس احکام دولت، باستان‌شناسانی که عمدتاً پیشینه غربی داشتند، استخدام شدند تا گذشته را به طور گزینشی و به سود گفتمان ملی‌گرایانه دولت برجسته یا حذف کنند. باستان‌شناسان مستشرق که مشتاق ارائه گذشته ای باشکوه "آریایی" بودند، زمینه را برای باستان‌شناسی و تاریخ نگاری نژادپرستانه در ایران فراهم کردند. بر این اساس، بقایا و آثار باستان‌شناسی به عنوان دلیلی بر انحصار قوم فارس در تمدن‌سازی و «گذشته باشکوه ملی» از زیر خاک درآورده شدند و تنها یک هویت تکین ایرانی بر ۲۵ قرن تاریخ فلات ایران نقش بسته بود. (see Manafzadeh ۲۰۱۴) قوم فارس به‌عنوان مظهر «آریایی» و عامل تمدن‌ساز معرفی شد تا وجود و نقش تاریخی ترک‌های آذری، عرب‌ها، بلوچ‌ها، کردها، ترکمن‌ها، لرها و گیلکی‌ها در تمدن فلات ایران کم اهمیت جلوه داده شود (see Asgharzadeh ۱۹۹۳; Vaziri ۲۰۱۳; Elling ۲۰۰۷). تصویر معاصر از هویت ایرانی تکین و منحصر به فرد، نتیجه بیش از یک قرن تلاش نظام‌مند و هماهنگ دولت، باستان‌شناسان، تاریخ‌نگاران و روشنفکران دولت‌گرا برای فارسی‌سازی «غیرفارس‌ها» است. باستان‌شناسی در ایران، به‌عنوان رشته‌ای دانشگاهی، کارکرد ارائه روایت تاریخی خطی و یکپارچه با محوریت ایران را داشته است. بنابراین استدلال ما بر این است که باستان‌شناسی در ایران نقش موثری در کمک به دولت در زدودن گذشته غیرفارس و پاکسازی همراه با خشونت تاریخ ایران داشته است. از این رو، این مقاله در پی آن است تا به بررسی نقش روایت اتنیکی باستان‌شناسی ایرانی در شکل‌گیری و تسلط گفتمان ناسیونالیستی ایرانی و تلاش نظام مند برای سلب غیرفارس‌ها از میراثشان بپردازد. به همین منظور، ما سعی داریم خوانشی انتقادی براساس نظریات جاری در "باستان‌شناسی استعمار" را

ارائه کنیم (see Given ۲۰۰۴; Lydon and Rizvi ۲۰۱۰; Stein ۲۰۰۵). ترکیب باستان‌شناسی و کولونیالیسم، بحث‌های جدی را در مورد چگونگی نقش گذشته این رشته در تسهیل مداخله استعمارگرایانه و پیشبرد گفتمان همسو با آن در فرهنگ‌های غیر غربی برانگیخته است(Effros and Lai ۲۰۱۵; Voss ۲۰۰۴; Gosden ۲۰۱۸). این پرسش از آن رو دارای اهمیت است که باستان‌شناسی ایرانی هنوز از منظر انسان‌شناسی استعمارزدایانه مورد بررسی قرار نگرفته است (see Lewis ۱۹۷۳; Oland et al. ۲۰۱۲; Silliman ۲۰۱۲; Smith ۱۹۹۹). باستان‌شناسی در ایران همچنان در امتداد تاریخ‌نگاری فارس‌محوری عمل می‌کند (مانند اقبال آشتیانی ۱۹۶۸؛ مینوی ۱۹۴۶؛ پیرنیا ۱۹۲۷)، که به گفته مجتبی مینوی مورخ ملی‌گرای ایرانی (۱۹۴۶) اصول آن را دستور همایونی تعیین کرده‌اند. این مقاله با تمرکز بر تحقیقات صورت گرفته در محوطه‌های باستان‌شناسی کوردستان، به بررسی ماهیت طردگرایانه مطالعات باستان‌شناسی در ایران می‌پردازد. در بخش اول، نگاهی انتقادی به رابطه باستان‌شناسی، ملی‌گرایی و استعمار در ایران ارائه می‌کنیم. سپس به بحث در خصوص توسعه باستان‌شناسی ایرانی در بافتار ملی‌گرایی ایرانی خواهیم پرداخت. بخش سوم، بر ماهیت مشکل‌دار تفسیر اسناد باستان‌شناسی تمرکز کرده، روایت رسمی ایران باستان را به چالش می‌کشد و سرانجام در بخش آخر به بررسی مطالعات اخیر کاوش‌های باستان‌شناسی در شرق کوردستان می‌پردازیم. در این مقاله نشان خواهیم داد که چگونه روایت فارس‌محور، تنوع تاریخی ذاتی را در فلات ایران نادیده گرفته است. لازم به ذکر است که مطالعه حاضر، از رویکردی چندروشی برای جمع‌آوری و تجزیه و تحلیل داده‌ها، شامل مصاحبه با باستان‌شناسان درگیر در کاوش‌ها و همچنین روستاییان کُردی که ناخواسته شاهد کاوش‌های دولت بوده‌اند، استفاده کرده است. ما نویسندگان این مقاله که در کوردستان متولد و بزرگ شده‌ایم، توانسته‌ایم به تعامل پایدار خود با مطالعات مردم-باستان‌شناسی و تاریخ‌نگاری شهرهای کوردستان‌شرقی مانند سردشت، بانه، هورامان، مریوان و مهاباد ادامه دهیم. چنین تعاملی دلیل اصلی ما برای انجام این تحقیقات بود. ما در تماس نزدیک با پژوهشگرانی در منطقه بودیم که در طول دوران فعالیت خود در محوطه‌های اصلی باستان‌شناسی، شاهد نحوه کاوش دولت و عوامل آنها در این مکان‌ها بودند. علاوه بر این، ما مصاحبه‌های مختلفی با باستان‌شناسان و آگاهان محلی و همچنین افرادی که در نزدیکی محوطه‌های باستان‌شناسی مورد بحث زندگی می‌کنند، انجام داده‌ایم. گفتنی است که در صورت لزوم، برای حفظ امنیت مصاحبه شوندگان، برخی نام‌ها را حذف کرده‌ایم.

ناسیونالیسم ایرانی، رضا شاه و باستان‌شناسی دولتگرا

سرآغاز گفتمان ملی‌گرایانه ایرانی که در اصل واکنشی به مدرنیته اروپایی و تحولات جاری در دولت‌های عثمانی و روسیه بود به اواخر قرن نوزدهم بازمی‌گردد (Matin-Asgari ۲۰۱۸). در طول قرن نوزدهم، جنگ‌های روس و ایران (۱۸۲۸-۱۸۰۴) که در نهایت به عهدنامه گلستان (۱۸۱۳) و عهدنامه ترکمنچای (۱۸۲۸) منتهی شد، حکومت قاجار را مجبور کرد که کنترل مناطقی در قفقاز جنوبی را به روسیه واگذار کند. این معاهدات موجب ترسیم مرز جدیدی

بین دو کشور و در نتیجه از بین رفتن بخش عمده‌ای از قلمرو قاجار در قفقاز شد. این‌شکست‌ها برخی از نخبگان را مملو از حس تحقیر کرد و آنها را برانگیخت که با ارجاعات نوستالژیک به دوران «ایران باشکوه پیش از اسلام» خواهان هویت یکپارچه ایرانی شوند. بنابراین، برای ترسیم روند تاریخی ساخت ایران به عنوان ملتی خیالی و تصاحب گذشته آن، باید با درک پیشینه روشنفکرانه نخبگان ایرانی در اواسط دوره قاجار دست و پنجه نرم کرد. این نخبگان، که لزوماً فارس نبودند، در ساختن گفتمانی سیاسی که بعدها به طور کامل توسط پادشاهان ملی‌گرا و سکولار پهلوی و ملی‌گرایی مذهبی جمهوری اسلامی تجسم یافت، ایفای نقش کردند. روشنفکران برجسته قرن نوزدهم مانند میرزا فتحعلی آخوندزاده (۱۸۷۸-۱۸۱۲) و میرزا آقاخان کرمانی (۱۸۹۶/۹۷-۱۸۵۴) از اصلی‌ترین بانیان ساختن تاریخ اسطوره‌ای ایران بودند که با ارائه مطلوب‌انگاری و رمانتیزه کردن (باشکوه) ایران پیش از اسلام، آن دوران را عصر سعادت، عظمت و پیشرفت تصویر می‌کردند. الهام‌بخش نسل اول این نخبگان ایرانی «پژوهش شرق‌شناسان و نظریه‌پردازان نژاد آریایی قرن نوزدهم مانند گوبینو و ارنست رنان بودند، که به تجلیل ایران پیش از اسلام با عناوینی همچون عصر طلایی عظمت «ملی» و آلوده نشده به اعراب و غیرآریایی‌ها، پرداخته بودند (MatinAsgari ۲۰۱۴:۵۲). ضیاءابراهیمی (۲۰۱۶)، آخوندزاده بنیانگذار آنچه او «ملی‌گرایی بی‌جاساز» می‌نامد را آغازگر گفتمانی می‌داند که بر تضاد شدید بین نژاد آریایی افسانه‌ای و اعراب سامی متمرکز است. ملی‌گرایی بی‌جاساز با جابجایی واقعیت فرهنگ ایرانی، دوره اسلامی را گسستی در تداوم گذشته باشکوه ایرانی می‌داند. وی، عنوان می‌کند که کرمانی اولین کسی است که ایده «نژاد آریایی» را از نوشته‌های اروپایی بازیابی کرده است (رجوع کنید به ضیا ابراهیمی ۲۰۱۱، ۲۰۱۶). این گفتمان آریایی و انتشار آن پس از به قدرت رسیدن رضاشاه در سال ۱۹۲۵، هسته اصلی گفتمان ملی‌گرایی دولت را تشکیل داد. علیرغم تحسین اکثریت جامعه حاکم و نخبگان به عنوان «خالق یک تمدن» (گریگور ۲۰۰۹: ۱۷)، رضاشاه با اعمال خشونت کمر به از بین بردن فرهنگ‌های اقلیت در سراسر ایران بست. آنچه که دیکتاتوری رضاشاه از آن به عنوان دولت‌سازی یاد می‌کرد، شامل اقداماتی به شکل کشتارهای وحشیانه و غیرقانونی اعلام کردن و از بین بردن فرهنگ‌های سنتی بود. رضا شاه که به شدت به دنبال نهادینه‌سازی عقاید آریایی خود بود، سعی کرد با جرم‌انگاری استفاده از سایر زبان‌ها به جز فارسی و تعطیل کردن مدارسی که در آنها به زبان جوامع اقلیت تدریس می‌شد، دیگر زبان‌ها را از عرصه فرهنگی فلات ایران حذف کند. او با رد مفهوم «قبیله یا طایفه» که مترادف با همه هویت‌های غیر فارسی به کار می‌رفت و نشانه‌ای از عقب‌ماندگی و بربریت بود، این مفهوم را در مقابل «آریایی‌گرایی برتر» دولتی قرار می‌داد. سیاست‌های مدرن‌سازی رضاشاه که نشان از شیفتگی او به گذشته بازسازی‌شده‌ای که ایران را به‌عنوان ملتی همگون و یکپارچه تعریف می‌کرد و اسطوره‌وار به «میراث آریایی» پیوند داده شده بود، پایه‌گذار نژادپرستی نهادی دولتی شد. بر همین اساس، رضاشاه باستان‌شناسانی را برای حفاری اماکن خاص و ترجمان تمام ارزش‌های فرهنگی و باستان‌شناسی به عنوان «میراث» قوم حاکم (یعنی

فارس‌ها)، استخدام کرد. در این روند، وظیفه باستان‌شناسی اعطای هویت ملی مشترک و یکسان به کل کشور بود. زبان و نژاد نقش محوری در ایجاد و حفظ هویت ملی پارسی- ایرانی داشتند. این تاکید بر استفاده از زبان فارسی و نژاد آریایی برای شکل دادن به الگوی ایرانی تک ملیتی (Homo Nationalis) برای تعریف ایرانی بودن و سوق دادن هر اقلیت دیگر به حاشیه بود. در حالی که «هویت ملی ایرانی» مانند سایر هویت‌های ملی، ساخته دوران مدرن است و مبنای تاریخی ندارد، اما به‌عنوان مفهومی ازلی و دربرگیرنده همه ساکنان فلات ایران تلقی می‌شود. هر دو گروه نخبگان غرب‌گرا و بومی به شدت روی زبان و نژاد به عنوان سنگ بنای این هویت ازلی هم نظر هستند و طبیعتاً این تأکید، غیرفارس‌ها را به شهروندان درجه دو تقلیل می‌دهد. بازسازی‌گذشته آریایی توسط دولت، در خدمت پروژه ملی‌گرایانه‌ای بود که عمدتا از طریق استفاده از دو رشته دانشگاهی تاریخ نگاری و باستان‌شناسی صورت می‌گرفت. دولت، باستان‌شناسان را موظف کرد تا کلان روایت گفتمان ملی‌گرای ایرانی را به منظور اثبات «هویت ایرانی» تغییرناپذیری که ریشه در سلسله هخامنشی و «امپراتوری یکپارچه هند و اروپایی» دارد و ظاهراً توسط «کوروش کبیر» در سال ۵۵۰ قبل از میلاد تأسیس شده بود، برسازند. این امپراتوری که از هند تا آناتولی امتداد داشت و حدود ۲۲۰ سال به طول انجامید، شامل قلمروهای متعددی بود که همگی از نظر سیاسی و فرهنگی در آن ادغام شده بودند. گفته می‌شود که در زمان داریوش اول (۵۴۹ قبل از میلاد تا ۴۸۶/۴۸۵ ق. م.) بود که پارسی باستان، مادر فارسی امروزی، ابداع شد و پس از آن از طریق سلسله‌های اشکانی و ساسانی و دوران اسلامی راه خود را به دوران معاصر باز کرد. براساس تفاسیر کتیبه‌های تخت جمشید و بیستون، هخامنشیان خود را از نوادگان نژاد آریایی می‌دانستند که از نظر نژادی، زبانی و فرهنگی از همسایگان خود متمایز و برتر بودند و این هویت ملی منحصر به فرد ایرانی توانسته بود از تهاجم یونانیان، اعراب و مغول‌ها و همچنین مدرنیته غربی جانِ سالم به در برد. این گفتمان اساساً ساختار چند زبانه و چندفرهنگی ایران را نادیده می‌گیرد و جمعیت فارس-شیعی را با همه ایرانیان برابر می‌داند. از اواسط قرن نوزدهم، جریان اصلی تاریخ نگاری ایرانی نقش خود را در پروژه جهان‌شمول‌گرایانه (جهان‌رواگرایانه) و تحمیل هویت واحد ایرانی که ریشه در گذشته‌های دور دارد، را ایفا کرده است. بر همین اساس، تاریخ نگاری ایرانی، عمدتا به صورت گزینشی بر لحظات یا بخش‌هایی از تاریخ ایران تمرکز کرده است، تا این ادعا را که هخامنشیان ریشه‌های هویت اصیل ایرانی را شکل داده‌اند، اثبات کند. کتاب‌هایی همچون عهد عتیق، اوستا و شاهنامه غالبا به عنوان منابع مکتوب اولیه برای تأیید نژاد نجیب آریایی مورد استفاده قرار می‌گیرند (رجوع کنید به Arvidsson ۲۰۰۶). به عنوان مثال، به کتاب مقدس عهد عتیق به عنوان گواهی برای اثبات وجود کوروش استناد شده است. به همین ترتیب، اوستا و شاهنامه دو منبع اصلی هستند که اصالت و شکوه ایرانیان را در دوران پیش از اسلام تأیید می‌کنند. پژوهشگران غربی حوزه تاریخ ایران که شیفته افسانه‌ها و داستان‌های این کتاب‌ها شده بودند، از آن‌ها برای صورت‌بندی و تبلیغ نژاد واحد آریایی و دیگری‌سازی غیرفارس‌ها استفاده کردند. در چنین برداشت دولت‌گرایانه

هەواڵنامەی کتێب

به نـــاوی فارســـیی ناوەڕاســـت و کەون). قســـەکەران و ئاخێوەرانی فارسیی ئەمڕۆکە ناتوانن لە بارودۆخێکـــی گریمانەییدا لەگەڵ کوروشـــی کەبیر یان ئەردەشـــیری بابەکان قســـە بکەن، چونکـــە لێک حاڵـــی نابن. لێرەدایـــە دەتوانیـــن ئەو پرســـیارە بێنینە گۆڕێ کـــە چما ئـــەو زمانانـــەی ئەوەندە لێک دوور و جیـــاوازن، بە یـــەک خێزانە زمانیـــان بزانیـــن؟ ئایـــا بە گشـــتی ئەم جۆرە کۆنســـتراکتە مێژوویی‌یانـــە، لە پێناو بەرژەوەندیی چینایەتیی تایبەتدا کار ناکەن؟ وەزیـــری لە دریـــژەدا باس لـــەوە دەکات لە ســـەرەتاکانی دەیەی ۱۸۰۰ ســـێر جان مەڵکوم وەرگێڕانی دوساســـێی کەتیبەکانی ساســـانی (نەخشی ڕۆســـتەم، پێرسپۆلیس و کرمەشـــان) لەبەر دەســـتی مەلا فیرووز دەنێ تا بـــەوردی چاوی پێدا بخشـــێنێ. فیرووز وشـــەی ئەنیـــران (Aniran) بە واتـــای خەڵکانی بێ ئیمان مانـــا دەکاتەوە. بە قســـەی مەڵکـــوم، فیرووز لەســـەر ئەو باوەڕە بـــوو کە Eer وشـــەیەکی پاڵەوی بوو کـــە مانـــای باوەڕمەنـــد و ئیمانداری دەدا و ناوە کۆکـــراوەی Eeran بووە. ئەم لێکدانـــەوە مەزهەبییە لە ئێـــران و ئەنیران لە شـــێعەکانی شانامەشـــدا هەیە. بۆ وێنە لە نوســـخەیەکدا کە دوپـــرون لە هیندەوە لەگەڵ خـــۆی هێنابووی و، مەبەســـت لە وشـــەی ئێرانیش، شـــوێنکەوتووانی یاسای زەردەشـــتییەکان بـــووە و لـــە ئاکامدا، ئەنیرانیـــش هەر بۆ ئەو کەســـانە بووە کە باوەڕێکـــی ئەوتۆیان نەبووە. هەر لەســـەر ئـــەم بنەمایە وشـــەی ئێران هیـــچ واتا و بارێکـــی جوغرافییایی نەبـــووە، چ دەگا بـــەوەی دەلالەتێکی نەتەوەیـــی هەبێ. لە ئیمپراتۆریـــی ساســـانییاندا هـــەر لەگەڵ زەردەشـــتییەکان و غەیرە زەردەشتییەکان بەرەوڕوویـــن و، ئـــەم لێکدانەوانـــە هیچ دەلالەتێکیـــان لەســـەر جوغرافییـــا یان ئێتنیک و زمان نەبووە. ئەوەش نیشـــانەی کاریگەریـــی پڕۆســـەی بەرهەمهێنانـــی زانســـت لە شـــکڵدانی مێژوویـــە. بۆ وێنە لێـــرەدا دەبینین کە دەســـتەواژەی Mal-can Malca Iran ve Aniran بـــە شـــێوەی جۆراوجۆر وەرگێـــڕدراوە و لێک دراوەتـــەوە. لە نوســـخەیەی شـــانامەی ئاماژەپێکـــراودا، ئـــەم دەســـتەواژەیە بە "شـــای شـــایانی باوەڕمەندانی زەردەشتی و بـــێ بڕوایان بـــەم دینـــە" وەرگێڕدراوە. لـــە لێکدانەوەیەکی دیکـــەدا، ئەبورەیحانی بیرووندنیش لە ســـاڵی ۱۰۴۸ وشەی ئەنیرانی لێـــرەدا بە واتای ڕۆژی ســـێیەمی مانگ لە ڕێورەســـمی زەردەشـــتیدا مانا کردووتەوە. دوساســـی بۆخۆشـــی جەخـــت لـــەوە دەکاتـــەوە کـــە ئەنیران بە مانـــای بێگانە و غەوارەیـــە و بـــە چەشـــنێک بەرانبەری بەربەرهـــا لـــە یۆنانـــی و عەجەمـــەکان لـــە عەرەبیدا بـــووە. وەزیـــری وەبیرمان دێنێتـــەوە کـــە ئیمپراتۆریی ساســـانی لە بەرانبـــەر ئیمپراتۆریی مەســـیحیی ڕۆمدا بوو و لـــە دوو ڕووانەوە هەســـتی بە ترس دەکـــرد. یەکیـــان ترســـی بڵاوبوونەوەی مەســـیحییەت و ئـــەوی دیکەیـــان، ترســـی بڵاوبوونـــەوەی مەزهەبەکانـــی مانـــەوی و مەزدەکـــی کـــە هەمووییـــان پلەوپایەی بەرزەوەجاخی(ئەریستۆکراســـی)ی مەزهەبییـــان لە مەترســـی داویشـــت. هەربۆیـــە دەکرێ بڵێین چما ساســـانییان بـــوون بـــە بەرگریـــکار و داکۆکیـــکاری وشـــکی دینـــی زەردەشـــت. لەســـەر ئەم بنەمایـــە، دەبـــەریـــەکـــدابوونی ساســـانییان و ڕۆمـــەکان، دەبەریەکدابوون و ڕووبەڕووبوونـــەوەی دوو بوونـــەوەری جوغرافییایـــی بـــە مانای مۆدێرنی وشـــە نەبووە، بەڵکـــوو ڕووبەڕووبوونـــەوەی دوو مەزهەب لـــە بەرانبـــەر یەکتـــردا بووە. نموونەکانـــی دیکەش لە کتێبـــی وەزیریدا هەن کـــە گێرانـــەوەی ناسیۆنالیســـتیی زاڵ تووشـــی ئاڵێنـــگاری دەکات. بۆ وێنە ڕوانگەیەکـــی بـــاو هەیە کە دەڵـــێ توران دوژمنی ئێران بووە. تەنانەت لە ســـەدەکانی نـــۆزدە و بیســـتدا، توران بە حەشـــیمەتی تورکـــی دانیشـــتووی ئاســـیای ناوەندی لێک دەدرایەوە. هەر لەســـەر ئـــەم بنەمایە وێدەچێ توران ســـەر بە جیهانـــی ئێرانی نەبووبێ. ســـەرەڕای ئەمەش، شاهیدی باش بەدەستەوەن کە لە ســـەردەمی فێردەوسی

و تەنانەت لە پێشووشـــدا، تـــوران ووڵاتێکی خۆشـــناو بووە و، ناوچەی بەلووچستانیشـــی لەخۆ گرتووە. لە ســـەردەمی ساســـانییاندا، توران بەشـــێک بووە لە دەســـەڵاتداریێتیی سیســـتان. لەبەر ئەوەی زمانـــی بەلووچی و بن‌زاراوەکانی پێوەندیداری وەکوو بەشـــێکی خێزانی زمانی ئێرانی دەســـتەبەندی کراون، لە ئاکامـــدا، توران وەکوو بەشـــی ناوەندیی بەلووچســـتان ناتوانێ لـــە دەرەوەی دنیای ئێرانیـــدا بـــێ. لەبەر ئـــەوەی تـــوران لە سەردەمی فێردەوســـی و خانەدانی غەزنویدا، هـــەر خەلیفـــەی بەغدایان بە ڕەســـمی ناســـیوە و ڕەنگە فێردەوســـی، تورانی وەکوو دوژمنێکـــی ئیســـتعارە دەکار کردبێ تا بە جۆرێـــک قەدرزانی پشـــتیوانیی ســـوڵتان مەحموود لـــە نووســـینی شـــانامەدا بێ. نموونەیەکی دیکە پێوەنـــدی بە لێکدانەوەی تەبەرســـتانەوە هەیـــە. لە ڕوانگـــەی زاڵدا، تەبەرســـتان هەمیشە بەشـــێکی ئێران بووە. کەوابـــوو، ئەگەر ئەنیـــران بـــۆ دوژمنانی ئێران بـــەکار بێنین، تەبەرســـتانیش دەبێ بەشـــێکی ئەنیـــران بێ نەک ئێـــران. لەبەر ئەوەی لە مێژووی تەبەرســـتانی، نووسراوی ئێبنی ئیســـفەندیاردا هاتووە کە تەبەرستان هەر نەبێ تا ســـەردەمی ئیسلامی هەمیشە پادشـــایی‌یەکی ســـەربەخۆ و جـــوداواز بـــووە و قـــەت لـــە یەکێتیی پاشـــماوەی ئیمپراتۆرییەکانـــدا نەبـــووە. ئـــەم ڕەوتە تا ســـەردەمی ئیلخانی لە ســـەدەی سێزدەدا درێـــژەی هەبوو. هەروەکوو دیـــار و بەرچاوە، ئـــەم بەڵگە مێژوویی‌یانـــە ناکۆکییان لەگەڵ ئیدعای ڕۆژهەڵاتناســـان و ناسیۆنالیستەکان هەیە کە ئێرانیان بە شـــێوەیەکی ئاشـــکرا و لـــە دەرەوە لـــە بەرانبەر ئەنیرانـــدا داناوە.

نواندنـــەوەی بەردەوامیـــی نەتەوەیـــی لـــە ڕێگـــەی زمانـــەوە: تێپەڕبـــوون لـــە پێرشـــنی کـــۆن بـــۆ پێرشـــنی نێوەڕاســـت و، لـــە کۆتاییـــدا بـــۆ زمانـــی فارســـیی مۆدێـــرن

وەزیری باس لـــەوە دەکات کـــە ناولێنانی هەمـــوو خێزانە زمانی هێنـــد و ئەوروپایی بـــە ناوی ئاریایـــی کارێکی لەخـــۆوە و بێ بنەما بـــووە، هەروەهـــا ئـــەم گریمانەیە کـــە سانســـکریت کۆنترین زمانـــی هیند و ئەوروپایـــی بـــووە، ڕەت کراوەتـــەوە. دەزانین لە ئاوێســـتادا، هیـــچ ئاماژەیەک بە خەڵکانی مـــاد (the Medes) و خەڵکانی پارس (the Persians) یـــش نەکراوە. لـــە ئاکامـــدا، لکاندنی نـــاوی ئاریایی یان ئاوێســـتایی بۆ حەشـــیمەتەکانی مادی – پارســـی دانیشـــتووی ڕۆژاوا کەلێنـــی تێ دەکـــەوێ. لە بابـــەت ئەم ئیدعایەشـــەوە کە هەخامەنشـــییەکان بە زمانی پێرشـــنی کەون قســـەیان کـــردووە، لـــە ڕوانگەی وەزیریـــەوە دەبـــێ بڵێێـــن ئـــەم زمانە ئەلفوبێـــی تایبـــەت بەخۆی نەبـــووە و لە بەرانبـــەردا کەڵکـــی لە ئەلفوبێـــی زمانی ئارامـــی (زمانێکە پێی دەگوترێ ســـامی) وەرگرتـــووە. هەروەکوو ڕۆمەن گریشـــمەن باســـی لـــەوە کـــردووە کە لـــە ۳۰۰۰۰ لەوحـــەی دۆزراوە لە پێرسپۆلیســـدا، هیچ کامیان بە زمانی پێرشـــنی کـــەون نەبوون. بەشـــێکیان بە زمانـــی ئارامـــی و ئەوانی دیش زۆربەیـــان بە زمانـــی عیلامی بوون. ئەمـــە دەبێ لەگـــەڵ زانســـتێکی دیکەی مێژووییـــی پێـــک بگیرێن کە نیشـــانی داوە کوروش شـــای ئێران نەبـــووە، بەڵکوو شـــای ئینشـــان بـــووە. ئەوەی ڕاســـتی بـــێ، ناوەکانـــی کـــوروش و کەمبوجیەش پێکهاتەیەکـــی زمانی عیلامین. ســـەرەڕای ئەمـــە، بەڵگـــە مێژوویی‌یـــەکان نیشـــان دەدەن ئەکەدییـــان، ئاشـــووریان، کلدانییان و میســـرییەکان کاریگەریی زۆریان بەسەر هونەر و کشـــتوکاڵی "ئێـــران"ەوە هەبووە، بە چەشـــنێک کە بەشـــێکی مادەکانیان بە ئارامی، عیلامی، تورانی یان ســـامی لەقەڵەم داوە. ئەم جۆراوجـــۆری و تێکچنراوەیی‌یانە بەباشـــی ئەوەمان پێ نیشـــان دەدەن کە ڕوانگـــەی ناسیۆنالیســـتی و هەڕەوەها ئەو بۆچوونانـــەی لەســـەر بنەمـــای ڕەگەزی ئاریاییـــن، هەڵەن. هەروەهـــا گێراردۆ نیولی نیشـــانی داوە نابێ ئاریا بـــە مانای ئێران و پارســـی دابنرێت. لـــە ڕووی مێژوویی‌یەوە هەڵەیـــە هەخامەنشـــییان بە دەســـتپێکی ئارمانـــە نەتەوەیی‌یەکانی ئێرانـــی دابنێین.

ئەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەن، بە قسەی وەزیری کاریگەرییان لە گێڕانەوەیەکی ساختە و ناڕاست وەرگرتووە کە دەربارەی کەتیبەیەکی پێوەندیدار بە سەردەمی پاشایەتیی گودەرزی دووهەم داتاشراوە، لەبەر ئەوەی ئەم ناوە، واتا شای شایان لە سەردەمی پارتییەکاندا نەبووە.

ڕەچەڵەکناسیی ئێرانشار؛ فارس، عەجەم و ناوەکانی دیکە

لە بابەت ساسانییانیشەوە وەزیری لە بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات ئەو ئێرانشارییەی ساسانییەکان بەکاریان هێناوە (و کەسانی دیکەش بە ناوی دیکە وەکوو ئێران زەوین، ئێران، فارس یان عەجەم ئاماژەیان پێ کردووە) ناوی سەرزەوین بووە و وەکوو چەمکی سیاسی یان ئێتنیکی دەکار نەکراوە. هەروەکوو دێهخۆدا گوتوویەتی Irah وشەیەکی ساسانی بووە و، بەمانای شوێنێکی نزیک دەریایە. دوایی ئەم وشەیە گۆڕا بۆ عێراق (Aragh or Iraq). سەرەڕای ئەمە، سێر جان شاردین لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەکرێ وشەی Erec یان Arac لە سەفەری پەیدابوونیشدا بدۆزرێتەوە. لەسەر بنەمای گێڕانەوەی شاردین، ناوی عێراق بەر لە سەردەمی ساسانییاندا هەبووە. هێندێک سەرچاوەی دیکەش، بابل بە ناوی کەونی عێراق دادەنێن. هێندێک لە سەرچاوە ئیسلامییەکانیش گوتوویانە بابل لە سەردەمی ئیرەجدا، کرا بە عێراق و بەشێکی دیکەش دەڵێن گۆڕاوە بۆ فارس یان ئێرانشار. هەروەها دیاری کراوە بەشێکی جوغرافیزانانی ئیسلامیی سەدەکانی نێوەڕاست کە سەر بە نەریتی عێراقی بوون، عێراق هەر بە ئێرانشار دادەنێن. هەر لەسەر ئەم ڕێڕەوە، وەزیری باسی ئوستووریەکی دیکە دەکات و لەسەر ئەو باوەڕیە، جیهانی نێوان سێ کوڕی فەریدوون واتا سێلم، تووڕ و ئیرەج دابەش کراوە. ڕۆژاوا درا بە سێلم، توران یان ڕۆژهەڵات درا بە تووڕ و بەشی نێوەڕاستیش وەبەر ئیرەج کەوت. ئەم بەشەی نێوەڕاستیش لە ڕووی ناوی ئیرەجەوە، پێی گوتراوە ئێران یان ئێرانشار. ڕاستییەکەی، پیتی "ن" جێی پیتی "ج"ێی گرتووەتەوە و وشەی Iraj بووە بە Iran. شاریش کە بە مانای زەوی بووە، خراوەتە سەر کۆتایییەکەی و، ئێرانشاریش شکڵی گرتووە. لەگەڵ ئەوانەشدا، لێکدانەوەکان زۆر دژبەیەکن. بۆ وێنە، فەرهەنگی وشەی بورهانی قاتع کە ساڵی ١٦٥١ی زایینی ئامادە کراوە، دەرکەوتنی ناوی ئێران دەبەستێتەوە بە سیامەکی کوڕی کیومەرس و، بەشێکی دیکەش بەستوویانەتەوە بە هوشەنگ، شای پیشدادیان. بەشێکی سەرچاوە دیارەکانی دیکەش ناوی کەونی ئێرانیان بە Khunirath یان Hunira داناوە. ئەوەی یەکەمیان دەکرێ لە ئاوێستا، شانامەی ئەبو مەنسووری و هێندێک سەرچاوەی دیکەدا و، دووهەمیش لە سەرچاوەکانی وەکوو "مجمل التواریخ"ی هەمزەی ئیسفەهانیدا بدۆزینەوە. لەو نەخشەیەدا کە ئەبووڕەیحانی بیرووناسی لە کتێبی "التفهیم"دا کێشاویەتییەوە و لەوێدا هەیە، فارس هەر دەڵالەت لە سەرزەوین دەکات. نووسەری نەناسراوی کتێبی مێژووی سیستان کە لەنێوان سەدەکانی یازدە و چاردەدا نووسراوە، ئاماژە بە ئێرانشار و عێراقی عەرەب لە بەشی ڕۆژاوای ئێراندا دەکات و، خوراسانی بە ناوچەیەکی جیاواز و وڵاتێک لە بەشی ڕۆژهەڵاتی لەقەڵەم داوە. لە هیچ کام لەو بەرهەمانەی باس کران، قەت ناوی سەرزەوین و شوناسی دانیشتووانەکەی بە یەک لەقەڵەم نەدراون. ئەمە هەر لە شانامەی فێردەوسیدا ڕوو دەدات. لە ئاکامدا، لە ڕوانگەی وەزیرییەوە، شوناسی خەڵک لەوان سەردەماندا، بنەمایەکی سەرزەوینی یان دەسەڵاتداریتی نەبووە یان بە واتایەکی دیکە، کەس لەو سەردەمانەدا، پێی نەگوتراوە ئێرانشاری یان ئێرانی. وەزیری کۆمەڵێک گێڕانەوەی دیکەی شەنوکەو کردووە. بۆ وێنە باس لەوە دەکات ناسر خوسرەو لە سەدەی یازدە،

سەعدی لە سەدەی سێزدە و حافز لە سەدەی چاردەی زایینیدا، وشەی عەجەمیان دەکار کردووە، نەک ئێران. عەلی ئەکبەری خەتاییش لە سەدەی شازدەدا ئاماژەی بە سێ بەش کردووە: عەرەبستان، ڕۆم و عەجەم. لەسەر ئەم بنەمایە، ئێرانی ئێستا ڕاستییەکەی، هەمان عەجەم بووە. لە ئاکامدا، خەڵک سەرزەوینەکەیان و خۆیان بە ڕیز ناو ناوە عەجەم و عەجەمی. نووسراوەی کەسانێکی وەکوو پێترۆ دلاوالە و پێدرۆ تیشیرا لە سەرەتاکانی دەیەی ١٦٠٠یشدا ئۆبالّ بۆ ئەم گێڕانەوەیە دەکێشن. تەنانەت لە نامەکانی سوڵتان عوسمانی بۆ پاشایانی سەفەویشدا، ناوی عەجەم زۆر بەکار هاتووە. میرخوند (Mirkhond)یش وەکوو مستەوفی مێژوونووسی سەدەی پازدە لە بەشێکی کارەکەیدا، کە باسی تورکانی سەلجوقی کردووە، لە سێ جێیان ئاماژەی بە ئێران کردووە، بەڵام هەر وەکوو ناوی سەرزەوین و بەبێ هیچ دەڵاڵەتێکی سیاسی و لە پەنا ناوی سەرزەوینەکانی دیکەی وەکوو عێراق و خوراسان بەکاری هێناوە. لە مێژووی سەردەمی سامانیشدا، هیچ باسێک لە ناوی ئێران لە گۆڕێدا نییە. شەرحێکی دیکەش لە مێژووی سەلجوقی کە نووسینی ئیبن بیبیبە، هەر ئاماژە بە هێندێک ناوچە وەکوو کرمان، فارس، خوراسان و عێراق دەکات نەک ئێران. یەکەمین ئاماژەی ئاشکرا بۆ ئێران و دەوروبەرەکەی دەکرێ لە کاری سادقی ئیسفەهانی، جوغرافیزانی سەدەی حەڤدەدا بدۆزینەوە. سەرەڕای ئەمە، لانیکەم لە سەردەمی زاڵبوونی عەرەبان تا هاتنی سەفەویان، سەرزەوینی ئێران بەشێک بووە لە ناوچەی خەلافەتی ئومەوی و عەباسییەکان و، دوایی بە شێوەی پچڕپچڕ لەژێر کۆنترۆڵی خانەدانە جیاوازەکاندا بووە. ئەم پچڕپچڕبوون و پرشوبلاوییە لەو ڕووەوە گرینگە کە پێمان دەڵێ ناوی ئێران لەو سەردەمانەدا، هۆکارێکی یەکلایی‌کەرەوەی ڕەوایی و مەشرووعییەتی ئەم خانەدانانە نەبووە. بە دیویکی دیکەدا، ئامانجی هیچ کام لەم خانەدانانە داگیرکردنی ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکوو بە دووی ئەوەوە بوون، زەویوزارێکی زۆرتر لە ڕێی جۆراوجۆرەوە داگیر بکەن. وەزیری دەگاتە ئەو ئەنجامە کە نە حەشیمەتێکی یەکدەست نیشتەجێی ئێران بوونە و، نە ئەم خانەدانانە ئیدئۆلۆژییەکی ناسیۆنالیستییان بۆ پێشگرتن لە پرشوبلاوی و دابڕدابڕ کردنی جوغرافییایی پەرە پێداوە. وەزیری باس لەوەش دەکات، تەنانەت تا سەردەمانی قاجاریش ناتوانین سکەیەک بدۆزینەوە کە ناوی ئێرانی لەسەر هەڵکەندرابێ. لە نێوان هێرشی عەرەبەکان تان هاتنی سەفەوییەکان، بانووی ئێران قەت لەژێر کۆنترۆڵی یەک خانەدانا نەبووە. هەر یەک حاڵەتی ئاوارتە(ئیستسنا) هەیە و، ئەویش سەردەمی ئیلخانییەکانە. واتا لانیکەم ٨٠٠ ساڵ ئەوەی هەبووە، پرشوبلاوی و پاشایەتی و خانەدانەکانی ناوچەیی بووە، نەک دەسەلاتێکی ناوەندگەرای تاقانە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بوونی ئێران وەکوو بوونێکی جوغرافییایی ناوەندی، زیاتر ڕووداوێکی بە هەڵکەوت و حاڵەتێکی دەگمەن بووە کە لە ئێپیزۆدی سنووردارا ئاشکرا بووە و، بە هیچ شێوەیەک ڕەوتی زاڵ نەبووە. هەروەکوو وەزیری باس لەوە دەکات کە مارکۆ پۆلۆ، بۆ وێنە لە ئاخروئۆخری سەدەی سێزدەی زایینیدا، باسی هەشت پاشایەتی لە پێرشیادا کردووە کە هەر کامەیان ناوێکی جیاوازیان هەبووە. تەنانەت لە سەردەمی سەفەوییەکانیشدا، ناوی ئێران بە شێوەیەکی زۆر سنووردار دەکار کراوە و لە هەمان دەکارکردنی کەم و دەگمەنیشدا، زیاتر ئاماژە بە ناوی سەرزەوین بووە تا دەوڵەت. بۆ نموونە لە بەشێکی نامەکانی سوڵتانەکانی عوسمانیدا بۆ شا ئاق قیونلو یان سەفەوی لە تەعبیرگەلی وەکوو شای عەجەم یان شای سەرزەوینی عەجەم کەڵک وەرگیراوە. تەنیا لە کۆتایی‌یەکانی سەردەمی سەفەوی واتا لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێندایە، بەرەبەرە کەڵک لە ناوی مەمالیک یان ویلایەتی مەحرووسەی

ئێران وەرگیراوە، ڕەوتێک کە بۆ زەندییە و قاجارییە دەگوازرێتەوە. لە سەردەمی سەفەوییەکانیشدا، دەسەڵاتدارەکان زیاتر بە دووی پێکهێنانی یەکێتی بە دەوری مەزهەبی شیعەوە بوون تا وشیارییەکی ئێرانی نەتەوەیی لەنێو حەشیمەتی سەرزەوینێکدا کە لە ڕووی کلتوورییەوە یەکدەست نەبوون. لەو سەروبەندەدا، نەتەوەش بە مانای باوەڕداران بە دینێکی تاقانە و لێرەدا ئیسلامی شیعە بووە و، هیچ پێوەندی بە دەلالەتی مۆدێرنی نەتەوەوە نەبووە. دەکرێ بەڵگاندنەکەمان بەم شێوەیە بێ کە لەو سەردەمدا، ئێران وەکوو ناوچەی دەسەڵاتی سیاسی هێشتا نەبووە و، ئیسلامی شیعە دەلالەتی سیاسی هەبووە.

کۆڵۆنیالیزم، ڕەگەزپەرەستی و بەرهەمهێنانی زانست: لەدایکبوونی بەرەبەرەی ئێران لە ڕێی وەرگێڕان و ئەدەبیاتەوە

لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا، وەزیری دیسان سیلەی چاوێکی لە سیاسەتی وەرگێڕانە. بە قسەی ناوبراو، وەکوو یەک دانانی فارس و عەجەم لەگەڵ ئێران شێوازێکی بەلارێدابراو بووە و هەیە. بۆ وێنە وەرگێڕانی "ملوک الفارس" (کە لە دەقە عەرەبییەکاندا هەیە) بۆ پادشایەتییەکانی پێرشن یان پادشایەتییەکانی ئێران هەڵەیە. وەزیری باس لەوە دەکات ئەم کارە بە هەمان ڕادە هەڵەیە کە دەستەواژەی "ملوک الروم" بگەڕێنینەوە بۆ پادشایەتییەکانی ئیتالیا. بابەتی ئەم بەشەی کتێبەکە، باسی مێژوونووسیی نەتەوەیی و داهێنانی شوناسی نەتەوەیی ئێرانییە. بە قسەی وەزیری هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەردەوامیی نێوان ڕووداوەکانی سەردەمی پێش ئیسلامی و سەردەمی مۆدێرن لە سەدەی نۆزدە و بە کتێبی پێرشیای سێر جان مەلکوم لە ساڵی ۱۸۱۵دا دەست پێکرد. پاش چەندین دەیە لە ساڵی ۱۸۸۳شدا، جیمز دارمستتر دەستکەوتی فیلۆلۆژیستە ڕۆژهەڵاتناسەکانی لە کتێبی دوو بەرگیی خۆیدا کۆ کردەوە. بەرگی یەکەمی کتێبی دارمستتر باسی مێژووی ڕێزمانی زمانە پێرشنییەکان لە سەردەمی هەخامەنشییانەوە تاکوو ئێستا دەکات. ئەم ڕەوتە بە بەرهەمی ئێدوارد گرێنویل براون لەژێر ناوی مێژووی ئەدەبیی پێرشیا (۱۹۰۲-۱۹۲۴) دریژەی کێشا. براون کە زمانی بە کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی دادەنا، دەرکەوتنی زمانی فارسی بە نیشانەی زیندووبوونی نەتەوەیی ئێرانخوازی لەقەڵەم دەدا. ڕاستییەکەی ناوبراو، ڕوانگە فیلۆلۆژیکییەکانی دارمستتری پەسەند کرد و، هاوکات ڕێگای نوێی بۆ گریمانەی مێژوونووسانەی خۆی دەربارەی ئێران کردەوە. ئەم گریمانەیە کە زمانی پێرشنی ئەمڕۆکە، واتا فارسی، ڕۆڵەی بە میرات بەجێماوی زمانێکە، کوروش و داریوش قسەیان پێ کردووە. ئەرکی براون ڕاستییەکی، ڕاکێشان و یەکدەست کردنی ئەو شتانە بوو کە پێشتر هاتبوونە گۆڕێ. لەم ڕووەوە بە قسەی وەزیری براون، دووپاتکرانەوەی باوەڕی نەسەلمێنراوی پێشوو بوو لە بابەت ئەوەی کە ئێران لە ئارین یان ئاریای نێو ئاوێستا کەوتووەتەوە. بە قسەی وەزیری، کتێبی مەلکوم پشتی بە لێکدانەوە ئەفسانەییەکان دەربارەی پیشدادییان، کیانیان، ئەشکانییان و ساسانییان بەست بوو. لە ڕوانگەی وەزیرییەوە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ، چما مەلکوم زمانەکەی بۆ نووسینی مێژووی نەتەوەیی ئێران تەرخان کرد. وڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین لە ڕکابەریی ئیمپریاڵی ئینگلیس و فەرانسە و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکانی ئینگلیس لە بابەت دزەکردنی فەرانسە بۆ هەرێمی هیندیا بدۆزینەوە. هەر لەم بەستێنەدا بوو ئەرکی ناسینی ناوچەکانی ڕۆژاوای هیند بە مەلکوم ئەسپێردرا بوو. لە ئاکامی نووسینی مێژووی نەتەوەیی ئێران لانیکەم بۆ ئەم گێرانەوەیە، تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی پڕۆسەی کۆلۆنیالیستییەکان بووە.

هەربۆیە لە ڕوانگەی منـــەوە، بەرهەمهێنانی کەشـــی نەتەوەیی و کۆلۆنیالیزم لێک جوێ نەکراونەوە و ناکرێن. پاشـــان وەزیری باسی بەرهەمێکـــی دیکـــە دەکات کـــە نزیکەی ســـەدەیەک پاش کاری مەڵکوم بلاو کرایەوە. بەرهەمێکـــی دوو بەرگیی ســـێر پێرســـی ســـایکس، بە نـــاوی "مێژووی پێرشـــیا لە ۱۹۱۵"دا. ســـیمایەکی گرینگی دیکە جۆرج ڕاولینسۆنە. ڕاولینســـۆن ڕەگەزپەرەست بوو، لە ڕێـــی پەرەپێدانی بیرۆکـــەی بەردەوامیی نەتەوەیی و ڕەگەزی ئاریایی، شارســـتانییەتی ئێرانی زەق کردەوە. ناوبـــراو لە کتێبەکەیدا، لە ســـاڵی ۱۸۷۱ پێنج پاشـــایەتیی مەزنی کـــەون واتا ئاشـــوور، بابـــا، کلـــد، مێدیا، پێرشـــیا لێـــک دەداتـــەوە و تاوتوێیـــان دەکات. لـــە کتێبەکەی دواییدا، لە ســـاڵی ۱۸۷۳ تیشـــک دەخاتە ســـەر پارتییەکان و لە کتێبێکـــی دیکە لە ســـاڵی ۱۸۷۶دا، باســـی ئیمپراتۆریی ساســـانییەکان دەکات. ئەم کتێبـــە دوایـــی بـــە کەموکوڕییەوە دەکرێ بە فارســـیش. ڕاولینســـۆن بەئاشکرا باســـی زیندووبوونەوەی ئێتنیکـــی ئێرانی و هاتنەســـەرکاری ئیمپراتۆریی ساســـانی لـــە ســـاڵی ۲۲۶ی زانینـــی دەکات. ئاماژە بـــە "زیندووبوونـــەوە"ی ئێتنیکـــی ئێرانی لێرەدا بـــە مانـــای بەردەوامیـــی فەرزیی نێـــوان هەخامەنشـــییان و ئەشـــکانییان و ساســـانییانە، ئێســـتا دەزانین نە پارتییەکان و نە ساســـانییەکان هیچ بیرەوەرییەکیان لە هەخامەنشـــییەکان لە زەیندا نەبووە. نیولی نیشانی داوە پارتییەکانیش ناوی ئیمپراتۆریی ئاریاییەکانیـــان بۆخۆیان بـــەکار نەهێناوە. هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە لە گۆڕێدا نییـــە کە پارتییەکان لە بابەت شـــتێک بە ناوی قەومـــی ئاریاییەوە ئاگادار بن. ئیحســـان یارشاتریش باسی لەوە کردووە کە پارتییـــەکان هیچ بیرەوەرییەکیان لـــە هەخامەنشـــییەکان نەبـــووە، چونکە نووســـەری خودای نامەگ هیچ زانیارییەکی لە ســـەردەمی پێـــش ئەســـکەندەر نییە. وەزیری لە بابـــەت بیرۆکـــەی پارتییەکان بەڵگـــەی ئـــەوە دێنێتەوە و دەڵـــێ قەبوڵ ناکرێت، لەبەرئەوەی کەڵکیان لە نـــاوی شاهەنشـــای ئێران یان ئاریـــان وەرگرتووە. وەزیری پاشـــان ئاماژە بە ڕۆڵـــی کاترمیر (E.M. Quatremere) دەکات. ئـــەوەی ڕاســـتی بێ، وەرگێڕانـــی بەناوبانگی ناوبراو بە نـــاوی (Histoire des Mongols de la Perse) لـــە ســـاڵی ۱۸۳۶ لـــە "جامع التواریـــخ رشـــیدالدین" (۱۲۴۷-۱۳۱۸) وەرگیرابوو و بە دوو زمانی فارســـی و فەرەنســـی و بە قەبـــارەی ڕەحلی و زۆر بەجوانی بۆ ئەم مەبەســـتە بـــلاو کرابووەوە کە تایبەتمەندیی نەتەوەیـــی زەق بکاتەوە. جەخـــت کردنـــەوەی کاترمیـــر لەســـەر پێویســـتیی تێگەیشـــتنی فەرمانڕەواییـــی مەغـــول (هیـــچ ســـنووڕێکی نەتەوەیی دیاریکراوی نەبوو) لـــە ناوچەی حوکمڕانیی نەتەوەیـــی بـــوو، بـــەڵام ڕاســـتییەکەی، پێشێلکردنی ئامانجی ڕەشـــیددین بوو و، بە هیچ شـــێوەیەک نەیدەویســـت مێژووی نەتەوەیی بنووســـێتەوە. لەو ســـەروبەندەدا، بلاوکراوەیـــەک Journal Asiatique بـــۆ گەڵاڵـــە و پەرەپێدانـــی بیرۆکـــەی ناسیۆنالیســـتیی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی بوو. ڕاســـتییەکەی، ئەم بلاوکراوەیە ببوو بە کتێبی پیـــرۆزی لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهـــەڵات. ژول مۆڵ (Jules Mohl) بۆ نموونە لـــە پەنا بلاوکردنـــەوەی بابەت لەم بلاوکراوەیەدا، لەنێوان ســـاڵانی ۱۸۳۷ تـــا ۱۸۷۸ دەســـتی بـــە بلاوکردنەوەی کۆمەڵەیەکـــی حەوت بەرگی لە شـــانامەی فیردەوســـی بـــە وەرگێڕانی فەرەنســـی و پاشـــکۆکانی کرد. ئەم ناســـاندنەی شانامە، یارمەتیی ئالقـــەی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆیی ئەورووپایـــی دا، تاکـــوو ئوستوورەناســـیی ئەفســـانەیی بـــە مێـــژووی نەتەوەییەوە گـــرێ بدرێـــت. دوگوبینۆش کە پێشـــتر باســـی کـــرا، لـــە زۆر جێـــی کتێبەکەی وەزیریـــدا هەیە. ئەمەگناســـیی دوگوبینۆ بۆ ڕەگەزپەرەســـتی و ئاریاییبـــوون، وزەیەکی باشـــی بـــۆ نووســـینی کتێبـــی پیرۆزی ڕەگەزپەرەســـتی بە ناوی Introduction a l'Essai sur l' inegalite des races humaines لـــە ســـاڵی ۱۸۴۵ دا بـــە ناوبراو. لـــە ڕوانگـــەی دوگوبینۆوە،

دەرکەوتنی ئیمپراتۆریی پێرشیا بە مانای بزووتنەوەی ژمارەیەکی سنووردار پیاوانی ئاریایی لەنێو ڕەگەزی دیکە واتا سامییەکاندا بوو کە نەتەوەیەکیان خوڵقاند. هەروەها گۆبینۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕووخانی ئیمپراتۆریی ئاریایی و بە دیاریکراوی پێرشیا، ئاکامی تێکەڵاویی پێرشنەکان لەگەڵ خەڵکانی پەست و زەبوون و خۆجێیی سامی بووە.

ڕەچەڵەکناسیی زمانی دەری: فارسی لەبری ئێران؟

دەربارەی گرێدانی سەپاندنی جوغرافیا و زمانی فارسییەوە، وەزیری باسی ئەوە دەکات، ئەگەرچی لە قسان ئاریایی کەون لە ناوچەی ڕۆژاوای باناووی ئێران نیشتەجێ بوون، بەڵام زمانی فارسی کە زمانێکی زۆر نوێتر، لە سەردەمی ئیسلامی و لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی باناووی ئێران پشکوت، واتا لە ماوەرائوننەهر و خوراسان، نەک لە پارس یان بەینونەهرەین. بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە فارسی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ئێران نەبوو، بەڵکوو قسەکەران و ئاخێوەرانی زمانی فارسی لە ئاسیای ناوەندی، هیند و لە سەدەی دواییدا، لە سەرزەوییەکانی عوسمانیش نیشتەجێ بوون. سەرەڕای ئەمە، بەشێکی ڕۆژهەڵاتناسان وەکوو براون بە بەردەوامی هەوڵیان دەدا تا زمانی فارسی بە جوغرافییایەکی نەتەوەیی گرێ بدەنەوە کە لەبنیرا هەر نەبووە. بۆ براون، زمانی فارسی هەمان نزیکایەتی لەگەڵ ئێران هەبوو کە زمانی ئاڵمانی لە زەینی کۆمەڵێک سیمای وەکوو هێردێر و فیختەدا هەیبوو، واتا بنەمای یەکێتی و جوداوازیی نەتەوەیی بوو. بە پێی ڕوانگەیەکی لەم شێوەیە، زمانەکانی دیکە و زاراوە "بێ بنەما و نارەسەنەکان" دەبوو مل بۆ بالادەستیی ئەم زمانە نەتەوەییە ڕابکێشن. هەربۆیە لە ڕوانگەی وەزیرییەوە، براون ناوی کتێبەکەی نا، میژووی ئەدەبیی پێرشیا، نەک میژووی ئەدەبیاتی پێرشن. (ئێستاش ڕوون نەبووەتەوە، بۆچی دەبێ پێرشن بە هاوواتای فارسی دابنێین!) دارمستتر، براون و دەستەیەکی دیکە باسیان لەوە کردووە کە ڕاستییەکەی زمانی فارسی دریژەی پێرشنی نێوەڕاست بووە و بۆخۆشی دریژەی پێرشنی کەونە. لە ڕوانگەی وەزیرییەوە، ئەم ئیدعایە هەرچەند لەخۆوەیە، بەڵام بە شێوەیەکی فیلۆلۆژیک داڕێژراوە و کەم و زۆر هەروەکوو چوارچێوەیەک بۆ هەڵشێلانی ریشەکانی فارسی وەرگیراوە. کەسانێکی وەکوو فرای، بێلی و لازارد بە پێی بنەمای وێناکردنێکی وەها باس لەوە دەکات کە ناوچەی فارس – واتا ئەو شوێنەی هەم هەخامەنشییەکان(پێرشنی کەون) و هەم ساسانییەکان(پێرشنی نێوەڕاست) ڕیشە و بنەچەیان تێیدا هەبوو – دەبێ بە سەرچاوەی زمانی فارسی دابنرێت. لە پێرستی ئێبنی نەدیم-دا – بۆخۆی پشت بە ئیبنی موقەففەع دەبەستێ–باس لەوە دەکات کە لە ئاخروئۆخری سەردەمی ساسانیدا پێنج زمان و حەوت شێوە خەت هەبووە. ئەم پێنج زمانە بریتین بوون لە پاڵەوی(یان فەهلەوی)، دەری، پارسی، سوریانی و خوزی. لە ڕوانگەی لازاردەوە، قسەکەرانی ئەم زمانانە، بە ڕیز لە فەهلا(مادی کەون)، خەڵکی ناوەند، مەوبەدەکان و زانایان، خەڵکانی سواد و خەڵکی خوزستان نیشتەجێ بوونە. وەزیری ئەوەشمان وەبیر دێنێتەوە کە سەرەڕای ئەمانە، دەبێ ئەوەش بپرسین کە زمانانی دیکە واتا کوردی، لۆڕی، گیلەکی و زمانەکانی دیکەی ناوچە چیێان بەسەر هاتووە؟ بە قسەی پەرویزی کەلانتەری ئەو زمانانە لەبەر ئەوەی پێیان نەنووسراوە، گرینگیی خۆیان لەدەست داوە. قسەی لەم شێوەیە لە ڕوانگەی وەزیرییەوە هەروا فەرزی و بنەمایەکی میژوویی یان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەندی ساسانییەکان زیاتر لە سێ سەدە لە ناوچە کوردنشینەکاندا بووە. لە ئاکامدا، زەحمەتە ئەم ئیدعایە قەبوڵ بکەین کە زمانی خۆجێیی کوردی و کلتوور

و نەریتی کوردی بە گشتی لە لایەن دەرباری ساسانییەکانەوە وەپشت گوێیان درابێ. وەزیری هەروەها جەخت دەکاتەوە سەرەڕای ئەو پێنج زمانەی ئیبنی موقەففەع و ئیبنی نەدیم ئاماژەیان پێ کردوون، کۆمەڵێک زمانی دیکەش کاریان پێ کراوە و دەبێ لە لێکدانەوەی میژوونووسیدا ناوییان بێنین: خارەزمی، سوغدی و زمانە رۆژهەڵاتییەکانی دیکە. لەم ڕووەوە وەزیری بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە وەرگرتنی ناوی پێرشنی نێوەڕاست وەکوو ناوی زمانەکانی سەردەمی ساسانی، هەرچەند زانیارییەکی ئەوتۆمان لە ناوی دروستی ئەم زمانانە لەو سەردەمدا نییە، ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ، ئەو میژوونووسییەی ئێستا چەندەی کەموکوڕی هەیە. وەزیری هەروەها باس لەوە دەکات کە زانایان لەم بارەوە کۆدەنگ نین کە زمانی فارسیی مۆدێرن چۆناوچۆن پێکهاتەی ڕێزمانی و شێوازی ئێستای وەرگرتووە و، وڵامی ئەم پرسیارەشیان نەداوەتەوە، کە چۆناوچۆن فارسی هەروەکوو زمانی خانەدانی رۆژاوای ساسانی لە رۆژهەڵاتی ترین سنووری بانووی ئێران پەیدا بوو و پشکوت. یەکەمین شێعرەکانی فارسی بە شێوەی قەسیدە بە ئەلفوبێی عەرەبی و بێئەملاوئەولا لە مەرو و لە ساڵی ٨٠٩ی زایینی هۆنراوەتەوە، واتا لە سەردەمی خەلافەتی مەئموونداا. فرایش پشتی بە میژووی سیستان بەستووە و دەڵێ یەکەم کەس کە بە فارسی شێعری هۆندووەتەوە، محەممەد بێن وەسیف لە ساڵی ٨٦٧ بووە. دەستەیەکی دیکەش، دەرییان بە بنەمای پەرەئەستاندنی فارسی داناوە. لازارد بۆ نموونە باس لەوە دەکات کە دەری زمانی ژیانی رۆژانە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بووە، تەنانەت ئەگەر ئۆبالّ بۆ ئەم گێرانەوەیەش بکێشین، وەزیری ئەم پرسیارە بە هێند وەردەگرێت کە چۆناوچۆن دەری وەکوو زمانێکی هاوردە بۆ رۆژاوای ئێران توانی بەسەر زمانەکانی ئێستای ماوەرائوننەهردا زاڵ بێت و خۆشی وەکوو زمانێکی زاڵ بە ناوی فارسی بەسەلمێنێت؟ وەزیری پشت بە لێکدانەوە مێژوویی‌یەکان دەبەستێ و، لەسەر ئەو باوەڕیە، دەری هەر لە سەردەمی ئیسلامی و لە ئاسیای ناوەندی و لە پەنا زمانەکانی دیکەدا پەیدا بووە. لەم ڕووەوە، فارسی یان دەری بەرهەمی پێکهاتەی زمانە نایەکدەستەکان و ناوێکچووەکان لەسەر بنەمای زاراوەیەکی تایبەتە. بە قسەی وەزیری سەرەڕای ئەوەی کە لە سالانی ڕابردووداا، هێندێک دەق لە فارسیدا، دەربارەی شوناسی ئێرانی بڵاو بوونەتەوە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە بە شێوەی جیا باسی شکڵ گرتنی زمان بە شێوەیەکی جیاواز لە بەرانبەر شکڵ گرتنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن بکەن. ئەم بۆشایی‌یە، بەستێنێکی زیاتری بۆ بەرانبەردانانی فارسی لەگەڵ ئێران ڕەخساندووە. وەزیری لە دریژەدا باسی کەڵک وەرگرتنی ناسیۆنالیستەکان لە شانامەی فێردەوسی دەکات کە چۆناوچۆن کۆمەڵێک خوێندنەوە و لێکدانەوەی تایبەت لە شانامەی فێردەوسی توانیویەتی ئەم ڕوانگەیە سروشتی نیشان بدات کە ئێران و فارسی هاوواتای یەکترین. وەزیری لەسەر ئەو باوەڕیە، کۆمەڵێک هەوڵ وەکوو شانامەی فیردەوسی لە جۆری خۆیدا یەکەم نەبووە، بە گشتی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی بەرزەوەجاخی (ئەریستۆکراتی) دەسەڵاتداران لەوان سەردەماندا بووە. بۆ وێنە ئەم بۆچوونە زاڵە لە بابەت شێعرەکانی شانامەی فیردەوسی لە گۆڕێیە کە ناوبراو بێزاربوونی خۆی لە عەرەبەکان و تورکەکان(تورانییەکان) یش زەق کردووەتەوە و لەجیاتییان هەر پەسنی ئێرانییەکانی کردووە و بە شان و باڵایانیدا هەڵگوتوون. بەم حاڵەوە، ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا پێک ناکۆکە کە سەرەتا فیردەوسی مسوڵمان و شوێنکەوتووی پێغەمبەری ئیسلام بووە و پشتیوانە سەرەکییەکەشی واتا سوڵتان مەحموود، بۆخۆی تورک بووە. هەروەها دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو

بێ کە فێردەوسی لەو کەسانە بووە کە بە ئەسکەندەری کەبیری هەڵگوتووە و هەخامەنشییەکان (کە ئیمپراتۆرییەکی ئێرانی لەقەڵەم دەدرێت) یشی تێک شکاندووە و، ئەسکەندەری بە داگیرکەرێکی مەشرووع داناوە. کۆمەڵێک شاعیری دیکە وەکوو نیزامی، جامی و ئەمیرخوسرەو ڕەوایی و مەشرووعییەتی ئەسکەندەریان پەسەند کردووە. نیزامی لە ئەسکەندەرنامەدا، ئەسکەندەری بە پەرەستەندەی خودا و لەنێوبردنی ئایینی پووچی پێرشنە کافرەکان داناوە. وەزیری باس لەوە دەکات کە فیردەوسی قەت وشەگەلی وەکوو میللەت (Millat)، قەوم، وەتەن و ئوممەت کە هەموویان عەرەبین، بۆ ئاماژەدان بە نەتەوە (Nation)ی دەکار نەکردووە. لەجیاتییان هەر کەڵکی لە وشەی کشوەر و میهەن وەرگرتووە. وشەی میهەنیش بە گشتی سێ جار لە شانامەدا ناوی هاتووە و لە دوو جێیان بە واتای ماڵ و لە شوێنێکی دیکەش بە مانای خێزانێکی گەورە بەکار هاتووە. وشەی کشوەر بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە شانامەدا بەکار هاتووە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا بە مانای ناوچە یان گەرەک بووە و هیچ پێوەندییەکی بە کشوەر بە مانا مۆدێرنەکەیەوە نییە. سەرەڕای ئەوە، شانامەی فیردەوسی لەو سەروبەندەدا، تەنیا لە بازنە ئەدەبییەکان و لەنێو دەسەڵاتدارانداً گرینگ بووە. وەزیری بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە ئەو مانا سیاسی و ناسیۆنالیستییانەی خراونە پاڵ شانامەوە، دەبێ بە بەرهەمی ئاگایی و وشیاریی سەدەی بیستەم دابنرێت. ئەوەی ڕاستی بێ، سەردەمی فیردەوسی، ئێرانچییەتی یان زیندووبوونەوەی دەسەڵاتێکی کەونی گریمانەکراو، چ لە لایەن سامانییەکان و غەزنەوییەکان لە ڕۆژهەڵات و، چ لە لایەن بوئییان لە ڕۆژاواوە، لە بنیڕا کەڵکەڵەی زەینییان نەبووە. لەوان سەردەماندا، هێنانە گۆڕی ناوچەی دەسەڵاتداریی سیستەمی سیاسی پێویستیی حوکمڕانی بەسەر ناوچەیەکی جوغرافییاییی دیاریکراو یان حەشیمەتێکی دیار و یەکدەست نەبووە و تەنیا کەڵکەڵەی زەینییان، پەرەپێدانی سەرزەوینەکە بووە، بە هەر شێوەیەکی بۆیان ڕەخساوە. لە ڕوانگەی وەزیرییەوە، ئەوە گەورەکردنەوەی زیادە و موبالەغەیە کە پێمان وابێ فیردەوسی و خانەدانەکانی ئەو سەردەمە کە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی ئێرانی ئێستاکەدا هەبووە، بە دووی شەرمەزارکردنی ئیسلامەوە بوون بۆ گەرانەوەی بیر و بڕوای زەردەشتی و، لە ئاکامدا، پەرەپێدانی ئێرانچییەتی بوون. لە ڕوانگەی وەزیرییەوە، هەر بۆچوونێک دەربارەی شانامە کە لەوان سەردەماندا بە شێوەیەکی بەرین و بەربڵاو لەنێو خەڵکدا خوێندرابێتەوە و ئاوڕی وەسەر درابێتەوە، زۆر جێی پرسیارە.

نواندنەوەی مێژووی خانەدانی وەکوو مێژووی نەتەوەیی: پێویستیی جیاوازیدانان لەنێو فارسی، ئێران و خانەدانەکاندا

وەزیری بەشی شەشی کتێبەکە بە باسێک دەربارەی ڕۆڵی قلادێمیر مینۆرسکی دەست پێ دەکات کە زیاتر لە ٢٠٠ وتاری لەمەڕ ئێران نووسیوە. گرینگایەتیی مینۆرسکی بۆ وەزیری لێرەدایە کە ناوبراو خانەدانی لاوەکی و بچووک وەکوو دەیلەمییەکانی وەکوو بەشێکی مێژووی نەتەوەیی ئێران وێنا کردووەتەوە. تا پێش مینۆرسکی (١٩٣١) کەس دەیلەمییەکانی لە بەستێنێکی نەتەوەییدا پێناسە نەکردبوو. مینۆرسکی زیاریان و بوئییەکانیشی بە فەرمانڕەواییی ئێرانی داناوە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، زیارییەکان (٩٢٨-١٠٤٢) یەکەمین خانەدانی ئێرانی لە ڕۆژاوا بووە، هەروەکوو چۆن سامانییەکان لە ڕۆژهەڵات یەکەمین بوون. وەزیری لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم ئیدعایەی مینۆرسکی کە دەیلەمییەکان لە سەردەمی ئیسلامیدا بوون بە ئێرانی، بنەمای مێژوویی‌یان نییە. مینۆرسکی لەم بارەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەک نادات

کـــه تایبەتمەندیـــی ئێرانـــی بـــوون لە ســـەردەمی ئیســـلامیدا دەبـــێ چ بووبێ. هەروەهـــا دەبێ ئەوەشـــمان لەبەرچاو بێت، چمـــا خانەدانێکـــی ئێرانـــی بە قســـەی مینیۆرســـکی، واتا بوئییەکان پشـــتیوانانی ســـەرەکیی زمانـــی عەرەبـــی بوونـــە، لە حاڵێکدا، شـــیراز لە ســـەردەمی بوئییەکاندا گەورەترین شـــاعیرانی عەرەبیـــان بە دنیا ناســـاندووە. لە بەرانبەردا، غەزنەوییەکان لە رۆژهەاڵت تورکانی کۆچبـــەر کە بە رواڵەت ئێرانی نەبوون، پشـــتیوانانی سەرەکیی زمانی فارســـی بوونە. وەزیری لەم بارەوە باســـی ئـــەوەش دەکات یەکێک لـــە کەتیبەکانی بیـــرەوەری لە پێرســـپۆلیس(A’zad ud-dawla commemorative in-scription) بە زمانـــی عەرەبییە. ناوبراو ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە رۆژهەاڵتناســـان و ناسیۆناڵیســـتەکان باســـی ئەوە دەکەن کە بوئییەکان نـــاوی ناو شـــانامە (king of kings) یـــان بۆخۆیـــان هەڵبژارد بوو. ســـەرەڕای ئەمەش، تەنانەت ئەگەر شـــای شـــایان بە ناوێکی ساســـانی بزانین، دیار نییە بۆچـــی دەبێ بە ئێرانـــی دابنێین؟ بە قســـەی وەزیری، بە پێی ئـــەم گریمانەیە ساســـانییەکان مســـۆگەری ئێرانچییەتـــی لـــە بەرانبـــەر تایبەتمەندییەکانی ســـامی و تایبەتمەندییەکانـــی دیکـــەی غەیـــرە ئێرانـــی بوونە. ئـــەم ئاماژەدانـــە تایبەتە بۆ شـــانامە بووەتە هـــۆی ئـــەوەی زۆربەی ڕۆژهەاڵتناسەکان بە شـــێوەیەکی نادروست دەســـت بـــە گشـــتاندن و یەکدەســـت کردنـــی بێجـــێ بکـــەن. بـــە قســـەی وەزیری، لە ســـەردەمی بوئییـــەکان نەک پێش ئەوان، حەشـــیمەتێکی یەکدەســـت بە نـــاوی ئێرانـــی نـــەبـــووە. لـــە کارە سەرنجڕاکێشـــەکانی دیکـــەی وەزیـــری، جەختکردنـــەوەی ناوبـــراو لەســـەر پێویســـتیی بەرەوپێشـــچوونی لێکۆڵینـــەوە مێژوویی‌یـــەکان لە ئاســـتە جۆراوجۆرەکاندایـــە. بۆ وێنە ناوبراو باســـی ئـــەوە دەکات کە دەبێ مێـــژووی زمانێک لـــە مێـــژووی جوغرافییـــای فیزیکیـــی شـــوێنێک جیا بکرێتـــەوە کە ئـــەو زمانە تێیدا دەرکەوتـــووە. دەبێ ئـــەم دووانەش لـــە مێژووی سیاســـیی هاوشـــێوە لەگەڵ خانەدانێـــک جـــوێ بکرێنەوە، بـــۆ وێنە نابێ مێژووی فارســـی، مێـــژووی ئێران و مێژووی ســـەفارییەکان بە یـــەک دابنرێت و لەخـــۆوە لـــە گێرانەوەیەکـــی تاقانەدا بیانگونجێنیـــن. بـــۆ وێنە تیـــۆدۆر نلدکە ئەوەشـــی نیشـــان داوە کە ســـەفارییەکان پادشایەتییەکی سیســـتانی بووە. بە قسەی وەزیـــری زۆر گرینگە ئـــاگادار بین کە دوو خانەدانی ڕکابەری ئێرانـــی واتا دەیلەمییان و ســـەفاریان لـــە بنەڕەتـــدا ئیدئۆلۆژی و ســـتراتیژییەکی جیاوازیـــان هەبـــووە، بۆ وێنە یاقووبی لەیســـی ســـەفاری بە دووی ئـــەوەوە بوو تەبەرســـتان داگیـــر بکات کە بـــە دەســـت شـــیعەکانەوە بـــوو. بۆیە لە یەک دەســـتەدانانی ئـــەم دوو خانەدانە و بـــە ئێرانی‌دانانیان لـــە ڕووی مێژوویی‌یەوە ناتەبـــا و دژوازە. نابـــێ ئەوەشـــمان لەبیر بچێت کە ســـەکانی ســـەفاریان ئەوەمان نیشـــان دەدەن کـــە ئـــەوان بە قســـەی خەلیفەیـــان دەکرد. لەم ڕووەوە ســـەفاریان لەپێشـــدا موســـڵمان بوون، نەک نوێنەری بوونەورێکـــی نەتەوەیی. وەزیـــری تەنانەت لەسەر ئەو باوەڕەشـــە زۆربەی خانەدانەکان لەو سەردەمانەدا، وەکوو ســـەفاریان پێشتر بوونـــەوەری نیزامـــی بـــوون تـــا ئەوەی ڕێکخراوەکانی دەوڵەتیی پلـــە و پایەدار بن. وەزیـــری لـــە لاوە جەخـــت لەســـەر بە هەڵکـــەوت بوونی مێـــژوو دەکاتـــەوە. بۆ وێنە لـــە باســـی ســـامانییەکاندا ئەوەمان وەبیـــر دێنێتـــەوە کە ئەگەر خوراســـان و ماوەراڕوننەهـــر لـــە ســـەردەمی مۆدێرندا هەروەکوو بوونێکی سیاســـیی جیاواز پەیدا بووبان، ئەوســـا زۆربەی ئەو شتانەی پێیان دەگوترا ئێرانی، پێیان دەگوترا خوراســـانی. هەورەها مستەوفی باســـی ئەوەشی کردووە لـــە ســـەردەمی ئیلخانییەکاندا خوراســـان پادشـــایەتییەکی ســـەربەخۆ و جیـــاواز لە ئێران بووە. لـــە بابەت ســـەفەوییەکانیش باســـی ئەوە کراوە ئەگەرچی قزڵباشـــەکان لـــەو ســـەروبەندەدا زمانیـــان تورکی بووە و ئەگەرچـــی ئـــەو زانـــا دینییانـــەی لە

هەواڵنامەی کتێب

عەرەبیـــای رۆژهەڵاتی و ســـوریا هاتبوونە نێـــو دەربارەوە، هەموویـــان زمانیان عەرەبی بـــوو، زۆربـــەی رۆژهەڵاتناســـەکان پێیان خۆشـــە ســـەفەوییەکان وەکـــوو بوونێکی سیاســـی نەتەوەیـــی و ئێرانـــی نیشـــان بـــدەن. ئەمە ســـەرباری ئـــەو گێڕانەوانەیە کـــە نیشـــان دەدات ســـوڵتەی تورکەکان بەســـەر ئەم ســـەرزەمینە لانیکەم تا ساڵی ١٩٢٥ ماوەتـــەوە، واتا کاتێـــک رەزاخان (و هێزەکانی دیکـــە) قاجاریان شکســـت دا. وەزیـــری لـــە درێـــژەدا باســـی ئارتـــور کریستییەنســـنیش دەکات. کریستییەنسن کە لەســـەر زنجیرەی ساسانی کاری کردووە و کتێبەکەشـــی هەر لەم بارەوە لە ســـاڵی ١٩٣٦ بـــەڵاو کراوەتەوە، بـــە خوێندنەوەی فیلۆلۆژیک لە ڕۆڵی ڕۆســـتەم و سایتەکانی دیکەی پێش ئیســـڵامەوە، چەمکی ئاریایی دەکار کـــردووە تا نەتـــەوەی خەیاڵیی ئاریایان ئێران لە ســـەردەمی هەخامەنشییەکان وەکـــوو پێشـــەکییەک بـــۆ دامەزراندنی ساســـانییەکان لە بەســـتێنێکی نەتەوەییدا بخوڵقێنێـــت. بە قســـەی وەزیـــری هیچ ڕەخنەیـــەک لە کاری کریســـتییەن نەگیرا و لە ئاکامدا، هەروەکـــوو کتێبێکی پیرۆزی دیکەی ئێرانناســـی مامەڵـــەی لەگەڵ کرا. لە کەموکوورییەکانی کاری کریستییەنســـن دەکـــرێ ئاماژە بکرێـــت بـــە وەرگرتنی بۆئەملاوئـــەولای گریمانـــەی ئاریایـــی و گوێنەدانـــی لـــە بابەت مێژوونووســـیی خانەدانـــی هەروەکـــوو جێگرەوەیـــەک بۆ چەمکدانانـــی نەتەوەیـــی ساســـانیان. لـــە ڕوانگـــەی وەزیرییـــەوە گرفتی کاری کریستییەنســـن وەکوو ئەوانـــی دیکە لەم ڕاســـتییەوە ســـەرچاوەی گرتووە کە ناوبراو نـــاوی ئێران بە شـــتێکی ڕوون و ئاشـــکرا لە قەڵـــەم دەدات. هەربۆیە لە ســـەرچاوە عەرەبییەکانـــدا، فارســـی وەکـــوو ناوێکی خانەدانی بەکار هاتووە، کریستییەنســـن زۆر بەئاســـانی فارســـی بە ئێرانـــی وەرگێڕاوە. لـــە بـــواری هونـــەر و مێعماریشـــدا، ســـیمایەکی نێوبـــەدەرەوە لـــەم پێناوەدا کە دەبێ قســـەی لەســـەر بکرێت، ئارتور پۆپە. ئەویش بە قســـەی وەزیـــری وەکوو ڕۆژهەڵاتناســـانی دیکـــە، ڕابـــردووی دوور لەگـــەڵ ســـەردەمی مۆدێـــرن لێک گرێ دەدات تاکوو بەردەوامیی هونەری پێرشـــن لـــە بەســـتێن و کۆنتێکســـتی نەتەوەیی دەســـتەبەر بکات. ناوی بەرهەمە شـــەش بەرگییەکەی بەجوانی ئەوەمان پێ نیشـــان دەدات: پێواتنـــی هونـــەری پێرشـــن لە ســـەردەمی پێش مێژووەوە تاکوو ئێســـتا (١٩٣٩-١٩٣٨). وەزیـــری لە ڕەتکردنەوەی ڕوانگـــەی پۆپـــدا نیشـــانی داوە کە هیچ شـــتێکی تایبەت بە پێرشـــن لە سەردەمی پێـــش مێـــژوو یان لـــە ســـەردەمەکانی دواییدا نەبـــووە. چەمکدانانـــی نەتەوەیی هونـــەری چەند شـــێوە و فرەلایـــەن لە سەرانســـەری بانووی ئێرانـــدا پۆپی ناچار کـــرد تا کتێبێکـــی دیکەش بەم شـــێوەیە بـــۆ پەرەپێدانی ئەم ڕوانینە ناسیۆنالیســـتی و نەتەوەییـــە بنووســـێ: شـــاکارەکانی هونـــەری پێرشـــن (١٩٤٥) و مێعماریـــی پێرشن: زاڵبوونی شـــێوە و ڕەنگ (١٩٦٥). کەموکوورِیی ســـەرەکیی کارەکانی پۆپ لە ڕوانگـــەی وەزیرییەوە، بە پێرشـــن ناوبردنی هونـــەری فرەلایەن و ئاڵـــۆزی رۆژهەڵاتی نزیکە. ئەلموســـتەدیش یەکێکـــی دیکە لە رۆژهەڵاتناســـانی بەناوبانگ و بە چەشنێک مِیراتگـــری ڕاولینســـۆن و قوتابخانـــەی مێژوونووســـیی ئاریاییـــە. کتێبـــی ئەلموســـتەد بە ناوی مێژووی ئیمپراتۆریی پێرشـــیا لە ســـاڵی ١٩٤٨دا بـــەڵاو بووەوە. ناوبراو لـــەم کتێبـــەدا جەختی لەســـەر ئاریایـــی بوونی پێرشـــنەکان کردووەتەوە و کۆمەڵێـــک چەمکی وەکوو ئێـــران و ئێرانی بـــە پێـــش گریمانە و ئاشـــکرا دانـــا و لە هێندێک شـــوێنان بـــۆ هاوواتـــای پێرژا، پێرژێنـــز و ئاریاییـــەکان بـــەکاری هێنا.

ئێرانییـــەکان و گێڕانـــەوەی نەتەوەیـــی لەبابـــەت مێـــژووەوە

وەزیری لە بەشـــی حەوتەمـــدا بەتایبەتی تیشـــک دەخاتـــە ســـەر نووســـەران و مێژوونووســـانی ئێرانـــی. لـــە ڕوانگـــەی ناوبـــراوەوە، چوارچێوەی مێژوونووســـیی زانایانـــی ئێرانی لە ســـەدەی بیســـتەم لە

بنەڕەتـــدا لەســـەر بنەمای شێوازناســـیی ئەورووپایی‌یـــە و بـــە گشـــتی لـــە چوارچێوەی لێکۆڵینـــەوەی دەق و لاگیریی ڕەگـــەزی و نەتەوەیی بووە. بـــە بۆچوونی وەزیـــری، ئەم شـــێوازە مێژوونووســـییە ڕوانگـــەی جیهانیـــی بـــۆ مێـــژوو لەنێو بـــردووە. تەنانـــەت قوتابخانەکانی هێگلی، مارکســـی و ڤێبریش بە بۆچوونی وەزیری ســـەرەڕای جەخـــت کردنەوەیان لەســـەر جیهانی‌بوون نەیانتوانیـــوە بەتەواوی لەژێر کاریگەریی ئـــەم دۆخە کۆلۆنیالیســـتییە ئەورووپایی‌یـــە قوتـــار بن. لە ســـەردەمی قاجـــار و بەتایبەتی لە ســـەدەی نۆزدەدا کـــە هێشـــتا مێژوونووســـی وەرمێـــن نەکەوتبوو و ڕوودا‌ونووســـین لە گۆڕێدا بوو، ئەدەبیاتێکـــی بەربڵاو لە بـــواری مێژوودا هەبوو کە مێژوونووســـانی عەباســـییەکان، تورکانـــی مەغۆلـــی و ســـەفەوییەکان بەرهەمیـــان هێنابـــوو. خاڵێکـــی گرینگ ئەوەیـــە، هیـــچ کام لـــەم مێژووانـــە بە شـــێوەی تایبەتی باســـی ئێرانیان وەکوو نەتەوەیەکـــی جیاواز نەکردووە. بە قســـەی وەزیری تەنیـــا لە ئاخروئۆخری ســـەدەی نۆزدە و ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیستدایە کۆمەڵێـــک ســـیما وەکوو میـــرزا مەڵکوم خان، دێهخـــودا، زەکائولمولک(فروغی) و حەسەن پیرنیا (مشـــیرودەوڵە) شێوازناسیی ڕۆژاوایـــی واتـــا گێڕانـــەوەی نەتەوەیی لە مێژووییـــان هێنایە نێو مێژوونووســـییەوە. کۆمەڵێک ڕۆژنامە وەکوو سورئیســـرافیلیش کاریگەریی گرینگیان لەســـەر پەرەپێدانی ئەم شـــێوازە ناسیۆنالیستییەی مێژوونووسی دانـــا. وەزیـــری ئـــەوەش ڕوون دەکاتەوە کـــە دێهخودا لـــە بنەڕەتـــدا ئامادەکردنی وشـــەنامەی پـــاش بینینـــی وشـــەنامە فەرانســـەوی و ڕووســـییەکان و ... دەست پێکرد کـــە ڕۆڵی هێمـــا نەتەوەیی‌یەکانیان دەگێـــڕا. ئەوەی ڕاســـتی بـــێ، ڕۆژنامەی قانوونـــی مەڵکوم خانیش لەســـەر بنەمای ئـــەم بیرۆکەیە دامەزرابوو کـــە پەرەپێدانی ســـتاندارد‌ە یاســـایی و مەدەنییـــەکان، چوارچێوەیەکیـــان بـــۆ ناســـیۆنالیزم و شـــارۆمەندی لەســـەر بنەمای سەروەریی یاســـا ئامـــادە کردبـــوو. بـــە بۆچوونی وەزیری، مەڵکـــوم و هاوفکرەکانی ڕۆڵێکی ســـەرەکییان لە ئاراســـتەپێدان بە شۆڕشی مەشـــرووتە و بـــەرەودان بە ئەندیشـــە و بیرۆکەکانی ســـیکۆلاریزم هەبوو و ئەوەش بـــوو بـــە کۆڵەکەیـــەک بـــۆ دەرکەوتنی بیرۆکەکانـــی نەتەوەیـــی لـــە ئێرانـــدا. زکائولمولک(فروغـــی) لـــە ســـاڵی ۱۹۰۱ کتێبێکی دەرســـیی مێژووی بە مەبەســـتی وانەوتنەوە لـــە قوتابخانەی تـــازە دامەزراوی زانســـتی سیاســـی بە ناوی مێـــژووی ئێران ئامادە کـــرد. ئەم کتێبە بە قســـەی وەزیری یەکێک لـــە کارە یەکەمەکانی بواری مێژووی نەتەوەیـــی لـــە چوارچێوەیەکـــی ئێرانیدا بـــوو. کارێکی دیکـــەی فروغی ئـــەوە بوو، لێکدانەوە و شـــیکردنەوەی ڕۆژاوایی دەربارەی خانەدانەکانی پێش ئیســـلامی (هەخامەنشی، ســـلوکی، پارتییـــەکان و ساســـانییەکان) و هەروەهـــا وەســـفی ڕۆژهەڵاتیـــی نەریتی لـــە بابـــەت خانەدانەکانی پێش ئیســـلامی (پیشـــدادییەکان، کیانییەکان و ساسانییەکان) ی لەم کتێبەدا باس کردبوو. ئامانجەکەشـــی ئەمە بوو کە ئـــەم خانەدانانە بە خانەدانەکانی ئیســـلامیی بانـــووی ئێرانەوە گـــرێ بدات (بیرۆکـــەی بەردەوامی). کتێبـــی فروغی لە ســـاڵی ۱۹۱۷ دووبـــارە بڵاو کرایـــەوە و ئەم نوســـخەیەش وێنەی کۆمەڵێک شـــای تێدا بوو. ســـیمایەکی کاریگەری دیکە، حەسەنی پیرنیا بوو و نووســـینی کارە سێ بەرگییەکەی دەربـــارەی ئێرانی کەونی لە ســـاڵی ۱۹۲۵ دەســـت پێکرد. کاری پیرنیاش لەسەر بنەمای شـــێوازی ناسیۆنالیســـتی بوو و بۆخۆشی بە دیاریکراوی لە ئیمانداراننـــی بیرۆکەی ئاریایی لەقەڵـــەم دەدرا. وەزیـــری ئامـــاژە بەوەش دەکات کە پیرنیا ئوستووورناســـی و مێژووی تاقیکـــراوەی لێک جـــوێ نەدەکـــردەوە. بۆ وێنـــە، پیرنیا بـــە پێچەوانەی ســـەرچاوە نەریتییـــەکان کە ئەســـکەندەری مەقدوونیی بە حاکـــم و فەرمانڕەوای مەشـــرووعی ڕۆژاوا دانابـــوو، ئەســـکەندەری بە ژنبـــاز، دڵڕەق و دوژمنـــی قەستەســـەری ئێـــران لەقەڵەم دابـــوو. وەزیـــری لەســـەر ئـــەو باوەڕەیە کـــە ئـــەم بۆچوونـــەی پیرنیا لەبـــەر ئەوە

بووە کە هەخامەنشییەکانی بە ئێرانی و ئەسکەندەری مەقدوونی بە بێگانە دانابوو. وەزیری باسی ئەوەش دەکات کە وەرگێڕان و وەرگرتنی نووسراوە مێژوویی‌یەکانی ئەورووپایی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە زمانی فارسیدا هۆکاری سەرەکیی رەواییەتدان بە شێوازی ناسیۆنالیستی بووە. ئەو نووسەرانەی ناویان هات، هەوڵیان دا لە ڕێگەی ناساندنی کتێبی لێکۆڵینەوەکانی ئەورووپایی، لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی بە بەردەنگانی خۆیان بناسێنن. کەسەرەوی لەم ڕێیەدا ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە، چونکە بە قسەی وەزیری، ئەوە نووسراوەکانی ناوبراو بوو بۆ یەکەم جار چیرۆکی حیماسیی بزووتنەوەی مەشروتەی هێنایە نێو ماڵەکان، کووچە و کۆڵان و بازارەوە. خاڵی بەرچاوی شێوازی کەسەرەوی ئەمە بوو کە لە بنەڕەتدا هیچ سەرچاوە و کتێبناسییەک لە گۆڕێدا نەبوو. پاش کەسەرەوی، عیسا سەدیق و سەعید نەفیسی لە سیما شوێندانەرەکانی نەریتی میژوونووسیی ناسیۆنالیستین. نەفیسی لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٦٥ دوو بەرگی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێرانی بڵاو کردەوە و لەوێدا خانەدانی قاجاری لە بەستێن و کۆنتێکستی نەتەوەیی دانابوو. سازدانی ئەو شێوازەی مێژوو لە لایەن نەفیسییەوە لەسەر بنەمای ئەو وتارانە بوو کە ناوبراو لەسەر داوای ئەرتەش نووسیبووی. تەنانەت سیمایەکی زانستگایی وەکوو عیسا سەدیقیش لە ڕوانگەی وەزیرییەوە نەیتوانیوە خۆی لە داوی شێوازی ناسیۆنالیستی قوتار بکات. ناوبراو لە کۆمەڵەی بەرهەمەکانیدا، هەمیشە پەسنی شارستانییەتی نەتەوەیی ئێرانی کردووە و باسی پشکی شارستانییەتی ئێرانی لە کلتووری جیهانی و تەنانەت ڕێنێسانسی کردووە. گرینگترین کاری ناوبراو کە ناوی مێژووی کلتووریی ئێرانە، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاو بوویەوە و تا ساڵی ١٩٧٥ حەوت جار چاپ کرایەوە. سەدیق لە ڕێی سەرچاوە زانستگایی‌یەکانی ڕۆژاواوە، ڕوانگەی دژە عەرەبی و خۆشەویستیی خۆی بۆ ئێرانی پەرە پێدا و بەم شێوەیە، زمانێکی ناسیۆنالیستیی بەهێزی بنیات نا. جێی سەرسوڕمان نییە کە بوتەکانی سەدیق، هێندێک سیمای ئەورووپایی وەکوو بڕاون، پۆپ و گریشمەن بوون کە پێشتر باسمان کردن. پاشان وەزیری باسی زەرین کووب و دەور و ڕۆڵی هاوشێوەی ناوبراو لە پەرەپێدانی شێوازی نەتەوەیی مێژوونووسیدا کردووە. ناوبراو لە دریژەدا ئاماژە بە زەبیحوڵڵای سەفا و ئیحسانی یارشاتریش وەکوو دوو سیما دەکا کە لەوان سەردەماندا زیندووی ناسیۆنالیزمی کلتووری بوون و بە گشتی شێوازەکانیان بە دووپاتەبوونەوەی شێوازناسیی ڕۆژهەڵاتناسانە / ناسیۆنالیستی دادەنێت. وەزیری لە زمان ئێدوارد سەعیدەوە دەڵێ، هەموو ناوە جوغرافییایی‌یەکان هەر ناون، سازکراوی بەشەرن و مێژوویەکیان هەیە. لە ڕێی لێکدانەوەی سیاسییەوەیە کە ئەم ناوانە گرینگیی تایبەتیان دەبێ. وەزیری لەسەر ئەو باوەڕیە کە دەکارکردنی زمانی نابەجێ لە وشەی ئێران بە مەبەستی سازکردنی نەریت و مێژووی نەتەوەیی، بووە بە پێش گریمانەی زاڵی زانایانی مێژووی ئێران، ڕەوتێک کە دەبێ مشتومڕی زیاتر لەسەر بکرێت.

* http://dialecticalspace.com/iran-as-imagined-nation/

دەنگە دژەکۆلۆنیزەکردنەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە:* جێندەر–بەئەویترکردن، سڕینەوەی نەتەوەیی و سیاسەتەکانی ئینترسێکشنالێتی[1] لە ئێراندا

نووسەر: دکتور ئەحمەد محەممەدپوور
ماموستای کۆمەڵناسی، زانکۆی بێنتلی، ئەمریکا
و: ژیوان ڕۆژهەلاتی

پوخته

کوشتنی [بەئەنقەستی] دەوڵەتیی ژینا ئەمینی، کچێکی کوردی تەمەن ٢٢ ساڵ لە تاران لە ١٦ی ڕەزبەری ٢٠٢٢، لە کاتی دەستبەسەرکردنی گەشتی ئیرشادی[٢] کۆماری ئیسلامیدا، بووە هۆی ڕاپەڕینێکی بەربڵاو لە سەرانسەری ئێران کە ڕووی قەبارەوە لە دوای شۆڕشی جەماوەریی ساڵی ١٩٧٩، بێوێنە بووە. ئەم بزووتنەوەیە بە وەرگرتنی دەستەواژەی کوردیی (ژن، ژیان، ئازادی [٣]) تارادەیەکی زۆر لە کوردستان (کە بە ڕۆژهەڵات [٤] ناسراوە) و (بەلووچستان [٥]) ، دوو ناوچەی کەمینە نەتەوەیی و لە گەشەبڕاوی ئابووری، دەوڵەت، توندوتیژییەکی کوشندە و درندەییەکی لە ڕادەبەدەری دژ بە نارەزایەتییەکان بەکار هێنا. ئەم وتارە دوو گێڕانەوەی دژبەر لەم ڕاپەڕینە دەخاتە ڕوو. یەکەمیان پێداگریی لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بزووتنەوەکە وەک ڕاپەڕینێکی یەکە (نەتەوەیی) (ژنانی ئێرانی) ناودێر بکات، دووەمیان دان بە فرەیی ئەزموونی ژنانەدا دەنێت، بەتایبەتی ئەوانەی لە نەتەوە پەراوێزخراوەکانن، وەک ژنانی کورد و بەلووچ و، تیشک دەخاتە سەر ئەو چەوساندنەوە پێکهاتەییە نەتەوەیی و ئێتنۆئایینی و زمانەوانییە کە لە گێڕانەوەی ژنایەتیی جیانەکراوەی ئێرانیدا سەردراوەتەوە. من بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی ئینترسێکشنالیتی، دەیسەلمێنم کە گوتاری ناسیۆنالیزمی نوخبەیی، ژنبوونی ئێرانی، سەرکوتکردنی ئێتنۆئاینی و زمانەوانیی دەوڵەت لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانی غەیرەفارسزماندا بەرهەم دەهێنێتەوە. جگە لەوەش، خوێندنەوەیەکی هەڵبژێردراوی لەو شێوەیە بۆ نایەکسانیی جێندەری لە ئێراندا، ناتوانێت /یان ئامادە نییە، پێشوازی لە خاڵە هاوبەشەکان و فرەییی ئەزموونەکانی ژیانی ژنان لە ئێراندا، بەتایبەتی لە پەراوێزە نەتەوەییەکانیدا بکات. ئەم نووسینە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی فێمینیزمی ئێرانی و میتۆدۆلۆژیی سەروەر دەخاتە ڕوو و لەبری ئەوە، ڕێبازێکی دژەکۆلۆنیالیستی پێشنیار دەکات کە چالاکانی ناسیۆنالیستیی فارس/ئێرانی بانگهێشت دەکات بۆ لێپرسینەوە لە فارسیبوون وەک نیشانەیەک بۆ شوناسی نەتەوەیی فەرمی و بااڵدەستیی دامەزراوەیی.

چەمکە سەرەکییەکان: ژینا ئەمینی، دیکۆلۆنیالیتی، جێندەر- بەئەویترکردن، ئینترسێکشنالیتی، سەروەری، بااڵدەستیی فارس، ڕۆژهەاڵت، ئێران.

ژینا، گیانەکەم! تۆ نامریت، ناوت ئەبێتە ڕەمز (وشەی کوردی لەسەر گلکۆی ژینا ئەمینی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە هەڵکەندراوە) (تۆ مردوویت، من جیهان لە تۆ دەرفێنم. هەناسەت دەبڕم. تەواو بوو. کارت تەواوە، تەواوو. مردن دەڵێت- نا! من هاوار دەکەم. تەسلیم نابم. ئەوەی تەواو بووە، تەواو نییە. ئەوەی دەکرێت و ناتوانرێت هەڵبوەشێتەوە، دەتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە. من وشەی néant، هیچ بوون وەردەگرم و بۆ پێچەوانەکەی دەیگۆڕم: Né en: born in‘، واتە، ژیانەوە. هێلێن سێکسۆس[٦]

پێشەکی


ئەشکەنجە و کوشتنی ژینا ئەمینی، کچێکی کوردی تەمەن ٢٢ ساڵی خەڵکی شاری سەقز- ڕۆژهەاڵت، لە کاتی دەستبەسەرکردنی لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێران لە ١٦ی ڕەزبەری ٢٠٢٢دا، بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی دژە حیجابی داسەپاو لە لایەن دەسەاڵتی ئێرانەوە. وەک هەموو ناوە غەیرەفارسییەکانی تر، کۆماری ئیسلامیی ئێران دایک و باوکی ژینای ناچار کردبوو ناوێکی فەرمیی فارسی (مەهسا) بۆ کچەکەیان هەڵبژێرن. مردنی ژینا شەپۆلێکی نارەزایەتیی دژە ڕژێمی لە سەرتاسەری واڵتی لێکەوتەوە و،

سەدان هەزار کەس بۆ ماوەی نزیکەی ٣ مانگ هێرشیان کردە سەر شەقامەکان. نارەزایەتییەکان لە دەوری دروشمی کوردیی (ژن، ژیان، ئازادی [٧])، بەربڵاوترین و بەردەوامترین شەپۆلی ململانێ لە ئێران دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی وڵات پێک دەهێنن (بڕوانە حەسەنیان، ٢٠٢١) مێژووی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە و ڕۆڵی پێکهاتە ئیتنۆزمانی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە دەرەوەی ئەم بابەتە کۆ دەبێتەوە. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، ئەم بزووتنەوەیە سەرتاسەری پارێزگاکە و چەندین شوێنی جوگرافی و کولتووری لە باکووڕەوە (گیلەک و مازەندەرانی) تا شارەکانی ناوەڕاست (تاران و کەرەج) تا دەگاتە ئەهواز دەگرێتەوە، هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو. لە کاتێکدا، بزووتنەوەکە لە ڕۆژهەڵات زیاتر سێکۆلار، ڕێکخراو و لە ڕەگەزی هەمەچەشنتر پێک هاتبوو، ئەمەش بە هۆی مێژووی پارتە سیاسییە مۆدێرنەکان و چالاکییەکانی ناوچە، لە بەلووچستانەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کاتی نوێژی هەینیدا بەڕێوە دەچوو و، زۆربەیان لە لایەن پیاوانەوە دەکرا. بەلووچستان و ڕۆژهەڵات شایەتیی زیاترین بەکارهێنانی تۆندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوە بوو کە تیایدا خۆپیشاندەران بە تەقەمەنی و چەکی قورس پێشوازییان لێکرا. لە ماوەی کەمتر لە دوو ڕۆژدا، هاشتاگی #MhsaAmini ٢٠٠ ملیۆن ڕیتویتی تێپەڕاند. چەندین ژن و کەسایەتی ناودار وەک نارەزایەتییەک قژیان بڕی و لێچکەکانیان سووتاند. لە ناوچە کوردییەکان، نارەزایەتی دژی حیجابی داسەپاو بەخێرایی گۆڕا بۆ ڕاپەڕینی گشتی کە داوای دانپێدانانی مافە نەتەوەیی و زمانەوانییەکانی دەکرد. ڕۆژێک دوای مردنی ژینا، ڕژێم بڵاوەپێکردنی هێزی ئەمنیی بەرفراوانی وەک پۆلیسی ئاژاوەگێڕان و میلیشیاکانی بەسیج بۆ تۆقاندنی خۆپیشاندەران ئازاد کرد. بۆ گۆڕینی پێداگری لە نارەزایەتییە یەکگرتووە گشتییەکە، کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ ئەو پاساوە پیلانگێڕییە برد کە (دوژمنانی سیستەم) بەتایبەتی (گرووپە جیایی‌خوازە کوردییەکان) هاندەری ڕاپەڕین بوون و، سێ هێرشی ئاسمانیی کوشندە لە سنووربەزاندنی بۆ سەر گرووپە دەربەدەرەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد لە باکووری عێراق (لە ٢٨ی سێپتەمبەر، ١٣ی نۆڤەمبەر و ٢٠ی نۆڤەمبەر ٢٠٢٢) دەست پێکرد کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی سیانزە کەس و بریندارببوونی پەنجاوهەشت کەس. هەروەها ڕژێم پێنج حەفتەی ڕەبەق هێرشی کردە سەر شارە گەورەکانی کوردستان وەک سنە، سەقز، مەهاباد، سەردەشت، جوانڕۆ، بە کەڵک وەرگرتن لە چەکی جەنگی کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی ١٢٢ کەسی مەدەنی کە ١٤ کەسیان منداڵ و ٧ ژن بوو. بەرخۆدان دژی حیجابی داسەپاو لە سەرەتای لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامییەوە بە ئاشکرا دیارە و تا ڕادەیەکی زۆر لە شارەکانی زۆرینەی فارسدا دامەزراوە و ژنانی ئەو ناوەندە سەرکردایەتی دەکەن. ئەم جۆرە بەرخۆدانانە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی جوگرافی و بیرکردنەوەوە بێخەم بوو لە داواکارییەکانی پێکهاتە پەراوێزخراوەکانی وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک. بزووتنەوەی ژینا بەرەی پێشەوەی ئەم خەباتەی گۆڕی بۆ پەراوێزی ئێران و زەمینەی بۆ لابردنی پارێزگاکان و لامەرکەزیکردنی خەباتی ژنان بۆ مافە بنەڕەتییەکان لە حیجابەوە تا نوێنەرایەتیی کولتووری و سیاسی لە ئێراندا دارشت. کاردانەوەکان بەرانبەر بە مردنی ژینا جۆراوجۆر بوون (بڕوانە Thangaraj, ٢٠٢٢; Mat-in-Asgari, ٢٠٢٢). ژنانی نوخبەی ناسیۆنالیست کە زۆربەیان فارسزمان

هەواڵنامەی ئێمە

بەڵکو مۆدالیتی بەرخۆدانی غەیرەفارسیشی خستەڕوو کە تێیدا تێکەڵبوونی بزووتنەوە ئیتنۆ-نەتەوەیالیستەکانی دادپەروەریی ژێردەستەیی، فێمینیزمە (کان)، و پرۆسەی کۆڵۆنیالیزەکردنێکی ڕوون و بەرچاوداین. هەرچەندە ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵایەتی-سیاسییە بێوێنەیە لە لایەن ژنانەوە دەستی پێکردووە- و تارادەیەکی زۆر سەرکردایەتی دەکرێت، بەڵام تەحەدایەکی ئۆنتۆلۆژی و ئیپیستەمیکیش بۆ فێمینیزمی ناوەند دروست دەکات [٢٠]. کە دەتوانرێت ئەو ڕاستییە ڕوون بکرێتەوە کە بۆ نەتەوەی پەراوێزخراو و کەمینە لە ئێراندا ستەمی جێندەری هەمیشە لەگەڵ فۆرمەکانی سەرکوتکردنی نەتەوەیی ئایینی و زمانەوانیدا یەک دەگرێتەوە. فراوانی و بەردەوامی لە لەمپەردانان یان بەکارهێنانی هەڵبژێردراوی دەنگی ژنانی غەیرەفارس لە گێرانەوەی بالادەستی ناسیۆنالیزمی ئێرانی/فارسدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چالاکان و نوخبەی ژنانی بالادەست حەزیان لە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە گوتاری سیاسی و ڕژێمی ئێران-سەنتەریدا' نییە. بەڵام ئامانجیان ئەوەیە یان لە ناوەوە چاکسازی تێدا بکەن یان سیستەمێک بگۆڕن کە ئەویش تەنیا ئازادییە مەدەنییەکان تێیدا پارێزراو بن. گۆڕانکاری یان جێگرەوەیەکی لەو شێوەیە، بەپێی فێمینیزمە(کان)ی پەراوێز، مەرج نییە ببێتە هۆی مۆدێلێکی ئیتنۆئایینی و یەکسانیخوازانە و دیموکراسییانەی حوکمڕانی لە ڕووی ئیتنۆئایینی و زمانەوانییەوە. ژنانی چالاکی غەیرەفارس ململانێ لەسەر فێمینیزمی ناوەند دەکەن بۆ قازانج وەرگرتن لە ئیمتیازاتی فارسی لە وەرگرتنی پۆستە سیاسییەکان و چێژوەرگرتن لە جوولەی ئابووریی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنی پەروەردەیی، نوێنەرایەتیی کولتووری و زۆر شتی تر. ژنانی فارس بە سەنتەرکردنی فێمینیزم بە تەنیا لەسەر ڕەگەز و پەراوێزخستنی کاریگەرییەکانی فارسیبوونی ناسنامە، کولتوور و سەروەری لە بەرژەوەندیی یەکسانی ڕەگەزیدا، فەزای فێمینیستەکان هاوبەش دەکەن. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەڵگری بەرگی یەکسانیی جێندەرین، بەڵام شکست دەهێنن لە ئاشتکردنەوەی جێندەر لەگەڵ یەکسانی و فرەڕەهەندی. تەنیا لە ڕێگەی پێشخستنی ڕەخنەیەک لە شوناسی نەتەوەیی فارس و ئیمتیازاتی فارسییەوەیە کە شێوازێکی نوێی تێگەیشتن لە ئێراندا دەتوانێت ڕێگەی پێ بدرێت و لە ئەنجامدا ڕزگاری بێت. پەیوەندیی نێوان چالاکیی ژنانی ناوەند لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی پەراوێز (بە مانا ئیتنۆئایینی و زمانەوانییەکەی) بە شێوەیەکی میتافۆریک لە پەیوەندیی فێمینیزمی سپیپێست لەگەڵ هاوتا ڕەشپێستەکەی لە شوێنەکانی وەک ئەمریکا دەچێت. کۆمەڵناس ئیدواردۆ بۆنیلا-سیلڤا [٢١] (٢٠٠٦) لە ڕەخنەکانیدا لە فێمینیزمی سپیپێستەکاندا، زاراوەی 'کوێربوونی ڕەنگ'ی پەرە پێداوە و وەک 'ئامرازێک بۆ پاراستنی نایەکسانیی ڕەگەزی بەبێ دەرکەوتنی ڕەگەزپەرستانە' پێناسەی دەکات. ئەم چەمکە دەتوانرێت دریژبکرێتەوە بۆ ئەو شێوازەی کە ئیتنی سەروەر لە ئێراندا 'ئەوانی تر-کوێر' بەرانبەر بە غەیرەفارسەکان (بروانە بورک، ٢٠١٨). گوتاری ئەویتر-کوێرە ئێران وەک نەتەوەیەکی کۆن و یەکگرتوو و خاوەن میژوو و کولتوور و زمانێکی ئەدەبی تاکەکەسی نیشان دەدات (کیا، ١٩٩٨: ٩-١٠). وێناکردنێکی وەها لە 'نەتەوە'، بە وتەی میهرادی کیا، زانای ئێرانی، تەنیا 'بە نکۆلی لە بوونی شوناسە غەیرەفارسییەکان' (ل٩-١٠) دەبێتە شتێکی ڕێگەپێدراو. هەر ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کە لە ڕووی ئەنتۆپۆلۆژییەوە هەموو غەیرەفارسەکان لە ڕێگەی پارادایمی میژووگەرایی ڕۆمانتیکی و کولتوورگەرایی‌یەوە پێناسە

دەکات، پارادایمێک کە لەسەر بنەمای ئەفسانەی یەکیەتیی نەتەوە دامەزراوە (بڕوانە ئەحمەد، ۲۰۲۳). ئەم تێڕوانینەی جیهانی غەیرەفارسی لەناو 'ئێران'دا بە شێوەیەکی سروشتی پیاوانە، ناوخۆیی، خێڵەکی، فۆلکلۆری و لە ڕووی کولتووریيەوە دواکەوتوو گریمانە دەکات (بڕوانە محەمەدپوور و سوڵەیمانی، ۲۰۱۹). هەروەک چۆن فێمینیستە ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا، ڕەخنەی فێمینیستەکانی کورد لەسەر شکستی ڕەوتی سەرەکی بنیات دەنرێت، فێمینیزم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بگونجێت کە وەشانی فێمینیزمەکەی بااڵدەستی نەتەوەیی دەشارێتەوە (بڕوانە ڕۆستەمپۆر، ۲۰۲۱). ئەم ڕێبازە ناوەندگەرایی و دۆخە بۆ چالاکیی ژنان، دۆخی ئێستا بە شتێکی ئاسایی دەزانێت. کاتێک سەیری ئەم فۆرمەی فێمینیزمە گوایە غەیرەڕۆژئاوایی‌یە (بڕوانە کرۆلی، ۱۹۹۱)، بەزۆری لەسەر ئەزموونی ژنانی فارس وەک نۆرماتیف وەستاوە و شکست دەهێنێت لە خۆگرتن و دانپێدانان بە تاقیکردنەوەکانی کورد، بەلووچی، عەرەب، تورک، مازندەرانی ، گیلەکی، و ژنانی تورکمان، لەنێو ئەوانی تردا. بە دوورخستنەوەی ژنانی پاشخانی غەیرەفارس، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سڕینەوەی ئەزموونە تاکەکەسییەکانیان چڕتر کردووەتەوە. بۆیە چالاکیی ژنانی ئێرانی/فارس وەک جیهانبینییەک، قسە لەسەر کۆمەڵێک گریمانە و پراکتیکی چەسپاو دەکات کە فارسیبوون دەکات بە ناوەند و ناسنامە و سیستەمی بەهای فارسی وەک بااڵدەست پێشاندەدا. ئەم گشتگیرکردنەی فێمینیزمی ناسیۆنالیستی هەنارەد کراوە و دەرئەنجامەکانی بە تایبەتی بۆ ژنانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێرانەدا وێرانکەر بوون. لە کۆتاییدا، ئەم بابەتە بانگهێشتی هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە دەکات بۆ فێمینیزمی بااڵدەست لە ڕێگەی ئەوەی کە ئادال شۆڵۆک (۲۰۱۲) بە (میتۆدۆلۆژیای سەروەر) ناوی بردووە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێبازێکی فرەنەتەوەیی و فرەکولتووری بۆ یەکسانیی جێندەری پێشنیار دەکات کە دەتوانێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ هاندانی نوخبەی ژنانی ئێرانی/فارس بۆ لێکۆڵینەوە لە فارسیبوون و ئیمتیازاتی فارسی. بۆ ئەوەی ئەم ڕێبازە ڕەخنەگرانەیە سەرکەوتوو بێت، پێویستە ڕێبازێکی گشتگیر و گۆڕانکاریخوازانە بگرێتەبەر کە بە یەکسانی ڕووبەڕووی تێڕوانینی ڕەگەزپەرستانەی فێمینیزمی ناسیۆنالیستی بۆ ئێران، ئەو ڕەگەزپەرستییە ناڕاستەوخۆ و ئاشکرایەی کە لەناو ئەودا چەسپاوە و هەژموونی گوتارییەکەی، وەک چۆن لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی نێر-سەنتەریدا بەرەوڕوو بێتەوە . تەنیا لە ڕێگەی گرتنەبەری چوارچێوەیەکی وەها ڕادیکاڵەوە کە هاوەنگی و کۆکردنەوەی ڕاستەقینەی فێمینیست لە سەرانسەری سیاستەتدا دەتوانرێت بەدی بهێنرێت.

سوپاس و پێزانین

زۆر سپاسگوزارم بۆ ئەو سەرنجە بنیاتنەر و تێڕامانانەی کە لەلایەن پێداچوونەوەکارانی بێناو و پڕۆفیسۆر دەیقید فاسنفێستەوە پێشکەش کران. پێشنیارە بەسوودەکانیان بەشداریيەکی گەورەیان کرد لە زیاتر بەهێزکردنی ئارگیومێنتەکانم. محەممەد سااڵح، میمی کیرک ، مەعشوق کورت، ئەفشین مەتین-ئەسگەری، و مەعروف کەعبی نووسخە پێشووەکانی بابەتەکەیان خوێندووەوە و سەرنج و کۆمێنتی بەنرخیان پێشکەش کرد، کە زۆر سپاسیان دەکەم. سپاسێکی بێئەندازەم بۆ میمی کیرک و محەممەد سااڵح کە خوێندنەوە و کۆمێنتیان لەسەر دوا وەشانی ئەم بابەتە نووسی.

*https://journals.sagepub.com/doi/

abs/10.1177/08969205231176051

تێبینی:

١- ژینا لەلایەن گەشتی ئیرشادی رژێم (گەشت ئەرشاد) لە تاران دەستبەسەر کرا، کە هێزێکی نیمچە سەربازییە و ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەتی شیعەی لە کایە گشتییەکان و دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە ئەخلاقی ئیسلامی و هەروەها دەستبەسەرکردنی خەڵک (بەتایبەتی ژنان)ی پێسپێردراوە کە وا هەستیان پێدەکرێت کە جلوبەرگی 'نادروست'یان لەبەردایە.

٢- کورد خۆی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە باکوور (باکور/ لە تورکیا)، باشوور (باشوور/ لە عێراق)، ڕۆژاڤا (ڕۆژئاوا/ لە سوریا)، ڕۆژهەلات (ڕۆژهەلات/ لە ئێران) ناو دەبات. بۆ ئەوەی نەکەومە تەڵەی دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکانی بەکوردسازی کردنی خاکە کوردییەکان، بەدوای ئاماژە کوردەکاندا چووم بۆ جوگرافیای خۆیان. لەم وتارەدا کوردستانی ئێران بە ڕۆژهەلات ناو دەبرێت.

٣- ژین لە زمانی کوردیدا بە واتای 'ژن' دێت و هەمان ڕەگ و ڕیشەی لەگەڵ وشەی جیان هەیە، واتە ژیان. خەڵکی سەقز، بە ئیلهام وەرگرتن لە ناوی ژینە، کە خەڵکی سەقزە- ئەو شوێنەی کە خەڵکی لێیە- دەستەواژەی پەیوەندیدار، ژن، ژیان و ئازادی، واتە ژن، ژیان و ئازادییان دەوتەوە. بە کورتی ئەم دروشمە لە باکوورەوە سەرچاوەی گرتووە، یان ئەو بەشەی کوردستانی گەورە کە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە زۆر خرایە ناو دەوڵەتی تورکیاوە، کە لەلایەن 'دایکانی شەممە' لە ماوەی سالانی نەوەدەکاندا دەوتریتەوە. دوابەدوای گۆڕینی پارادایمی پارتی، ئەم دەستەواژەیە بوو بە ناوەندی بزووتنەوە لایەنگرەکانی پەکەکە و هاواڕێکی شەڕ لە ڕۆژاڤا لە کاتی شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی، یان داعش. ئەم دروشمە ڕەگ و ڕیشەی لە شیعرێکیشدا هەیە کە لەلایەن هێمن شاعیری بەناوبانگی کوردەوە لە ساڵی ١٩۴۵ دایڕشتووە.

۴. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ڕۆژهەلات ئیمامی نوێژی هەینی کورد و کەسایەتییە ئایینیەکان پەیوەندییان بە بزووتنەوەی ژیناوە کرد و لە کۆمەڵێک لێدوان و بۆنەدا پشتیوانیی بێمەرجی خۆیان بۆ مافەکانی ژنان دەربڕی و تیشکیان خستە سەر سەرکوتکردنی نەتەوەیی ئایینی و زمانەوانی دەوڵەت بۆ ناپێکهاتە فارسییەکان؛ بڕوانن

https://kurdistanmedia.com/so/news/2022/09/371

https://www.youtube.com/ watch?v=6cpAWq3paPQ

۵. بڕوانە ئەم بابەتەی گاردیەن:

https://www.theguardian.com/world/٢٠٢٢/sep/٢٨/ئێران-هێرشی ئاسمانی- دژی-گروپی-کوردی-باکووری-عێراق-مەحسا-ئەمینی-نارەزایەتی-دەست پێکرد

۶ بڕوانە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤیی کوردی هەنگاو سەبارەت بە سەرکوتکردنی دەوڵەت لە خۆپیشاندەرانی ژنان، گزارش-شماره-هەنگاو-از-اعتراضات-درشهرهای-کردستان-کشته-و-بیش-از-هزار-مجروح

https: //hengaw.net/fa/٢٠٢٢/١٢/ هەواڵ

١٨ کۆمەڵناسی ڕەخنەگرانە ٠٠(٠)

۷. ئەم چاوپێکەوتنە لە 'ژن، ژیان، ئازادی' ببینە: چی نوێیە لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی ئێران

https://www.youtube.com/watch?v=Mqj٣yr٨Vck۴.

۸. کورت (٢٠٢١) زانای کوردی باکور، هەروەها چەمکی بالادەستیی سپێپێستەکانی لە چوارچێوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەکار هێناوە بۆ تایبەتمەندکردنی 'تاککردنی ڕەگەزپەرستیی سیستماتیکی' دەوڵەتی تورکیا و سیاستەتە ئەتنۆ زمانەوانییەکانی بەرانبەر بە کورد لە تورکیا، کوردستان (باکوور)، کە بە وتەی ئەو هەستێکی 'کوردفۆبیا بەرانبەر بە گەلی کورد'ی دروست کردووە. بە هەمان شێوە کارەکانی ئونلو (٢٠١۶) لەسەر پەیمانی تورکیبوون' نموونەیەکی دیکە لە چوارچێوەی تورکیادا دەخاتە ڕوو، کە ڕێککەوتنی ناڕاستەوخۆی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی سەروەری (تورکەکان) بۆ یەکەمایەتیدان بە یەکێتیی نەتەوەیی بەسەر مافەکانی تاک و پێگەی ئیمتیازاتی بێ ئەملاوئەولای بالادەستەکان دەخاتە ڕوو گرووپی نەتەوەیی بەسەر پێکهاتە غەیرە تورکەکانی وەک کورد دەسەپێنێت.

۹. پێویستە جیاوازی دابنێین لەنێوان ژنە چالاکە ڕاستەکان کە لەلایەک پەیوەندییان بە لۆبییەکانی دەسەلاتەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە فێمینیستە چەپەکانی ناو ئێران. ژنە چالاکە ڕاستەکان لە 'فێمینیستە' پاشایەتییەکان (وەک ئیلاهە بۆقرات)ەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دەوڵەتخوازە کۆنەپەرستەکان (وەک مەسیح عەلینێژاد) کە لەم

بابەتەدا هەڵوێستە سیاسییەکانیان باس کراوە. ئەم ژنە چالاکوانانە خۆیان دەزانن، پەیوەندیی سیاسییان لە ئاستە جیاوازەکاندا هەیە لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانیی ئەمریکا و سیاستەمەدارانی کۆنەپەرست/ دژە فێمینیست. سەرەڕای جیاوازییە سیاسییە گوماناوییەکانیان، هەموویان هاوبەشی گوتاری دەوڵەتخوازانەی 'ئێرانیبوون'ن و بانگەشەیان بۆ دەکەن.

۱۰. سەیری ئەم چاوپێکەوتنە بکە:
https://www.law.columbia.edu/news/archive/kimberle-crenshaw-intersectionality-زیاتر-دوو-دەیە-دواتر.

۱۱. کۆلبەری ئاماژەیە بۆ هەڵگرتنی باریکی زۆر کەلوپەل لەسەر شان و پشتی خۆی بەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراقدا. کاریکی قورس و زۆر مەترسیدارە کە تایبەتە بە ڕۆژهەڵات؛ ئەم چالاکییە ناجێگیرە لە وەڵامی ژیانی ئابووریی ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵداوە و بووەتە نیشانەی ژیانی کورد لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. لە ساڵی ۲۰۱۵ تا ئێستا زیاتر لە ۱۵۰۰ کرێکاری کورد (کۆڵبەر) کە ژن و کەم تەمەنیان تێدایە بە تەقەی پاسەوانی سنووورەکان کوژراون و بریندار بوون.

۱۲. سەیری ئەم بابەتەی بی بی سی بکە: https://www.kurdistan۲۴.net/en/story/۳۰۱۴۴-چوار-ژن-کورد-لە-لیستی-۱۰۰-ژن-۲۰۲۲-ی بی بی سی داخرا

۱۳. بڕوانە https://iran-tc.com/۲۰۲۲/۱۰/۰۷/

۱۴. بڕوانە https://iran-tc.com/۲۰۲۲/۰۹/۲۱/

۱۵. ئەم بابەتەی ڕووداو ببینە:
https://www.rudaw.net/english/people-places/۲۲۰۶۲۰۱۸.

۱۶. بڕوانە ڕاپۆرتی جەواید ڕەحمان (پەیامنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران) سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی دەوڵەت لە...
مافی ئێتنۆئایینی و زمانەوانیی کورد لە ئێران، لەوانەش قەدەغەکردنی ناوی کوردی،
https://youtu.be/Yrq_h۹y۰MYA

۱۷. بڕوانە ئەم وتارەی ئاژانسی نوێی ئێرانشار: http://iranshahrnewsagency.com/NewsDetails.aspx?ItemId=64609#.Y

ژێدەرەکان

1. intersectionality

۲. morality polic هێزی پۆلیسی ئەخلاق لە هیچ وڵاتێکدا نییە، جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، داعش و تاڵەبان نەبێت، تەنیا لە ئێرانە و بەتایبەتی گەورەشارەکان لە سەر ڕێگەکان و چوارڕێیان و ناو قەرەباڵغییەکان کۆمەڵێک ژن و پیاوی سپایی و ئیتلاعاتیی دەستەڕوەردەی ڕژێم کە لەگەڵ داعش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، دادەنێن بۆ ئازاردانی خەڵک، بەتایبەتی کچان و ژنانی گەنج و لاو. خۆی بابەتەکە پەیوەندیی بە ئەخلاقەوە نییە، گەشتی ئیرشاد، جۆرێک لە نەخۆشیی سادیسمە بۆ گیانی ژنان و کچانی ناو کۆمەڵگە و بۆ زیاتر بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگەیە.وەرگێڕ.

3. .Jin,Jiyan,Azadi (womn,Life, Freedom)

4. Rojhelat

5. Balochistan

۶. Helene cixous هێلێن سێکسۆس [ئالێن سێکسۆ] لەدایکبووی ساڵی ۱۹۳۷، ڕەخنەگری ئەدەبی، فەیلەسووف، شانۆنامەنووس و فێمینیستی فەرەنسییە. پتر لە چل کتێب و سەد وتاری نووسیوە، ژاک دریدا، بە گەورەترین نووسەری هاوچەرخی فەرەنسا لە قەڵەمی دابوو. لە دایکێکی جوولەکە و باوکێکی جەزایری بە ناوی جۆرج سێکسۆ لەدایک بووە. ڕەشەکوژییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی کاریگەری لەسەر دانابوو و زۆربەی نووسەرانی وەکوو شکسپیر، کافکا و ئۆستووڕەناسی لەو بابەتانە بووە هێلێن کاری تێدا کردووە. وەرگێڕ

7.Woman, Life, Freedom

8. the Absolute Guardianship of the Jurist

9. minority

10. subaltern

۱۱. intersectionality تیۆریی ئینترسێکشناڵی واتە بەرەوڕووبوونەوە و بەریەککەوتنی شوناسە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو کەمینەکان، و پەیوەندییان لەگەڵ سیستەم و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ستەم و ژێردەستەییەیە. وەرگێڕ

۱۲. Kimberle Crenshaw پارێزەر، لایەنگری مافی مەدەنی و فەیلەسووفی ئەمریکییە و لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی لایەنگری تیۆریی ڕەگەزی ڕەخنەیی و، ماموستای زانکۆیە، هاوکات لە بواری ڕەگەز و جێندەرەوە شارەزاییی تایبەتی هەیە. وەرگێڕ

۱۳. Patricia Hill Collins کۆمەڵناسە و خەڵکی ئەمریکایە، لە زانکۆی بڕاندیس و هاروارد خوێندوویەتی. نامەی دکتۆراکەی لە بواری جێندەر و بازاڕی کار و پەرەدان بە تیۆریی ئینترسێکشناڵی تەواو کردووە. هەروەها لە بواری فیمینیزم و تیۆریناسی و بیری فیمنیستیی ڕەشپێستەکان کاری کردووە. فێرگەی بیرکردنەوەی کۆلێنز، فیمینیزمی ڕەشپێستەکان و عەقڵخوازییە. وەرگێڕ

14. The Politics of women's Rights in Iran

15. Mantra

16. Azada Moaveni

17. Forough Alaei

18. spreading corruption on earth مفسد فی الارض

19. Grammy

20. (see, Käser, 2021; Mahmoud, 2021; Al-Ali and Käser, 2022),

21. Eduardo Bonilla Silva

سەرچاوەکان

Abrahamian E (2008) Modern History of Iran. Cambridge: Cambridge University Press.

Afkhami M (2022) The Other Side of Silence: A Memoir of Exile, Iran, and the Global Women's Movement. Chapel Hill: The University of North Carolina Press.

Ahmadi-Khorasani N (2012) The ethnic movements and women demands. Magazine of Feminist School, September. Available at: https://www.tribunezamaneh.com/archives/30899 (in Persian).

Ahmed S (2023) Critical Theory from the Margins: Horizons of Possibility in the Age of Extremism. Albany, NY: State University of New York Press.

Al-Ali N and K.ser I (2022) Beyond feminism? Jineolojî and the Kurdish women's freedom movement. Politics & Gender 18(1): 212–243.

Alikarami L (2019) Women and Equality in Iran: Law, Society and Activism. London: Bloomsbury Publishing.

Amanat A (2017) Iran: A Modern History. New Haven, CT: Yale University Press.

Ansari A (2012) The Politics of Nationalism in Modern Iran. Cambridge: Cambridge University Press.

Ansari A (2019) Modern Iran Since 1797: Reform and Revolution. 3rd ed. London: Routledge.

Ansari S and Martin V (2001) Women, Religion and Culture in Iran. London: Routledge.

Ansary N (2012) Jewels of Allah: The Untold Story of Women in Iran. Revela Press.

Asgharzadeh A (2007) Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism,Democratic Struggles. London: Palgrave Macmillan.

Ashcroft B, Griffiths G and Tiffin H (2002) The Empire Writes Back: Theory and Practice in Post-Colonial Literatures. London: Routledge.

Azeez H (2022) Should the Kurds prepare for another Betrayal in the Iranian revolution. The Kurdish Center for Studies. Available at: https://nlka.net/eng/?p=346
Bahramitash R and Esfahani H (2011) Contemporary Issues in the Middle East Veiled Employment: Islamism and the Political Economy of Women's Employment in Iran. Syracuse, NY: Syracuse University Press.
Bajoghli N (2022) 'Woman, life, freedom': Iran's protests are a rebellion for bodily autonomy. Vaniti Fair, 29 September. Available at: https://www.vanityfair.com/news/2022/09/mahsa-amini-irans-protestsrebellion-bodily-autonomy
Beck L (2021) Euro-settler place naming practices for North America through a gendered and racialized lens. Terrae Incognitae 53(1): 5–25.
Bhabha H (1994) The Location of Culture. London: Routledge.
Boghrat E (2018) The shared and bloody pivot of Separatists and the Islamic republic of Iran. Kayhan London, 9 July. Available at: https://kayhan.london/fa/1397/04/09/121195/
Bonilla-Silva E (2006) Racism without Racists: Color-Blind Racism and the Persistence of Racial Inequality in the United States. Lanham, MD: Rowman & Littlefield Publishers.
Bordbar B (2022) The absence of ethnic oppression in the litigation of the center. Radio Zamaneh, 13 October. Available at: https://www.radiozamaneh.com/735722/
Boroujerdi M (1998) Contesting nationalist constructions of Iranian identity. Critique: Critical Middle Eastern Studies 7(12): 43–55.
Boucher D (2022) Language, Culture and Decolonisation. Cape Town, South Africa: HSRC Press.
Bradost S (2022) The Kurdish roots of a global slogan. New Lines Magazine, 28 December. Available at: https://newlinesmag.com/writers/shukriya-bradost/
Burke M (2018) Colorblind Racism. Hoboken, NJ: Wiley.
Butler J and Spivak GC (2007) Who Sings the Nation-State? Calcutta, India; New York; Oxford: Seagull Books.
Chaddock N and Hinderliter B (2019) Antagonizing White Feminism: Intersectionality's Critique of Women's Studies and the Academy. Pennsylvania: Lexington Books.
Collins PH (2019) Intersectionality as Critical Social Theory. Durham, NC: Duke University Press.
Collins PH and Bilge S (2020) Intersectionality. 2nd ed. Hoboken, NJ: Wiley.
Crépon M (2019) Murderous Consent: On the Accommodation of Violent Death. New York: Fordham University Press.
Cronin S (2003) The Making of Modern Iran State and Society Under Riza Shah, 1921-1941. London: Routledge.
Crowley E (1991) Third world women and the inadequacies of western feminism. Troćaire Development Review 43–56.
Damsa D and Franko K (2022) 'Without papers I can't do anything': the neglected role of citizenship status and 'illegality' in intersectional analysis. Sociology 57(1): 194–210.
Dawachi A (2013) Militarization of women: fighting against Daesh violence of intensification of it. Radio Zamaneh, 22 August. Available at: https://www.tribunezamaneh.com/archives/56028 (in Persian).
Dirik D (2022) The Kurdish Women's Movement: History, Theory, Practice. London:

Pluto Press.
Elling RC (2013) Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini. London: Palgrave Macmillan.
Farahani F (2022) 70 feminist reasons why women protest in Iran today. Jadaliyya, 26 October. Available at: https://www.jadaliyya.com/Details/44537/70-Feminist-Reasons-Why-Women-Protest-in-Iran-Today
Fradera JM (2021) The Imperial Nation Citizens and Subjects in the British, French, Spanish, and American Empires (trans. R MacKay). Princeton, NJ: Princeton University Press.
Ghaderi F and Goner O (2022) Why 'Jîna': erasure of Kurdish women and their politics from the uprisings in Iran. Jadaliyya, 1 November. Available at: https://www.jadaliyya.com/Details/44560
Ghoreishi S (2021) Women's Activism in the Islamic Republic of Iran: Political Alliance and the Formation of Deliberative Civil Society. London: Palgrave Macmillan.
Govan I and Smith T (2021) What's Up with White Women? Unpacking Sexism and White Privilege in Pursuit of Racial Justice. Gabriola Island, BC, Canada: New Society Publishers.
Hassaniyan A (2021) Kurdish Politics in Iran: Crossborder Interactions and Mobilization Since 1947. Cambridge: Cambridge University Press.
Hatami F (2020) Kurdish women: the intersected oppression and violence. Magazine of Economy and Society, 26 June. Available at: https://didgaheno.com/2020/06/26/%D8%B2%D9%86%D8%A7%D9%86-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF-%D8%AE%D8%B4%D9%88%D9%86%D8%AA-%D9%88-%D8%B3%D8%AA%D9%85-%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%B-7%D8%B9-%DB%8C%D8%A7%D9%81%D8%AA%D9%87-%D9%86%D9%88%DB%8C%D8%B3%D9%86/(in Persian).
Hatami F (2022) The mutilated identity and the colonial matrix. Critique of Political Economy, 26 October. Available at: https://pecritique.com/2022/10/26/%D9%87%D9%88%DB%8C%D8%AA-%D9%85%D8%AB%D9%84%D9%87-%D8%B4%D8%AF%D9%87-%D9%88-%D9%85%D8%A7%D8%AA% D8%B1%DB%8C%D8%B3-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%B9%D9%85%D8%A7%D8%B1-%D9%81%D8%B1%D8%AF%D9%88%D8%B3-%D8%AD/ (in Persian).
Hill J (2011) The Everyday Language of White Racism. Hoboken, NJ: Wiley.
Hinton AL (2002) Annihilating Difference: The Anthropology of Genocide. Berkeley, CA: University of California Press.
Honarbin-Holliday M (2009) Becoming Visible in Iran: Women in Contemporary Iranian Society. London: Tauris Academic Studies.
Holliday SJ (2016) The legacy of subalternity and Gramsci's national-popular: Populist discourse in the case of the Islamic Republic of Iran. Third World Quarterly 37(5): 917–933.
Hosseini B (2021) Women and Suicide in Iran: Law, Marriage and Honour-Killing. London: Routledge.

Jahanbegloo R (2021) Mapping the Role of Intellectuals in Iranian Modern and Contemporary History. Lanham, MD: Rowman & Littlefield.
Javaheri A (2023) Women Kolbers: turbulent labor, unmourned lives and resistance. The Critique of Political Economy, 7 March. Available at: https://pecritique.com/2023/03/07/
Katouzian H (2003) Riza Shah's political legitimacy and social base. In: Cronin S (ed.) The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah, 1921–1941. London and New York, NY: Routledge, 15–36.
Kaser I (2021) The Kurdish Women's Freedom Movement: Gender, Body Politics and Militant Femininities. Cambridge: Cambridge University Press.
Kashani-Sabet F (2015) Conceiving Citizens: Women and the Politics of Motherhood in Iran. Oxford: Oxford University Press.
Kia M (1998) Persian nationalism and the campaign for language purification. Middle Eastern Studies 34(2): 9–36.
Kousha M (2002) Voices From Iran: The Changing Lives of Iranian Women. Syracuse: Syracuse University Press.
Kurt M (2021) No justice for Kurds: Turkish supremacy and Kurdophobia. Social Research: An International Quarterly 88(4): 923–947.
Labady R and Riani A (2022) Uprising in Iran: what do Kurdish women demand? Available at: https://www.kurdishpeace.org/research/womens-liberation-and-leadership/uprising-in-iran-what-do-kurdishwomen-demand/
Lorde A (2018) The Master's Tools Will Never Dismantle the Master's House (Penguin Modern). London: Penguin Classics.
Mahmoud H (2021) Kurdish Women's Stories. London: Pluto Press.
Mamdani M (2018) Citizen and Subject Contemporary Africa and the Legacy of Late Colonialism. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Maranlou S (2015) Justice in Iran: Women, Perceptions, and Reality. Cambridge: Cambridge University Press.
Marashi A (2008) Nationalizing Iran: Culture, Power and the State. Seattle, WA: University of Washington Press.
Matin-Asgari A (2018) Both Eastern and Western: An Intellectual History of Iranian Modernity. Cambridge: Cambridge University Press.
Matin-Asgari A (2021) The Making of Iran's Illiberal Nation-State (1921–1926). In: Jahanbegloo R (ed.) Mapping the Role of Intellectuals in Iranian Modern and Contemporary History. Lanham: Rowman and Littlefield, 191–216.
Matin-Asgari A (2022) The Iranian protests are the latest phase in a long cycle of popular unrest. Jacobin, 1 December. Available at: https://jacobin.com/2022/12/iran-protest-revolution-history-anti-imperialismislamic-republic
Meghji A (2021) Decolonizing Sociology: An Introduction. Hoboken, NJ: Wiley.
Moaveni A (2022) Heroes of the year: women of Iran. Available at: https://time.com/heroes-of-the-year-2022-women-of-iran/
Moghissi H (1996) Populism and Feminism in Iran: Women's Struggle in a Male-Defined Revolutionary Movement. London: Palgrave Macmillan.
Mohammadpour A and Soleimani K (2019) Interrogating the tribal: the aporia of 'trib-

alism' in the sociological study of the middle east. British Journal of Sociology 70(5): 1799–1824.
Mohammadpour A and Soleimani K (2020) 'Minoritisation' of the other: the Iranian ethno-theocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies 24(1): 40–62.
Mohammadpour A and Soleimani K (2022) Silencing the past: Persian archaeology, race, ethnicity and language. Current Anthropology 63(2): 185–210.
Moradi S (2023) Producing territory, resisting the state: embodiment, discourse, and symbolism in street demonstrations in Iranian Kurdistan. Geopolitics. Epub ahead of print 24 January. DOI: 10.1080/14650045.2022.2160711.
Omid G (2012) Living in Hell: The True Story of an Iranian Woman. CreateSpace Independent Publishing Platform.
Osanloo A (2009) The Politics of Women's Rights in Iran. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Paidar P (1995) Women and the Political Process in Twentieth-Century Iran. Cambridge: Cambridge University Press.
Petersen K and Rutherford A (1986) A Double Colonization: Colonial and Post-Colonial Women's Writing. Mundelstrup: Dangaroo Press.
Rawls AW and Duck W (2020) Tacit Racism. Chicago, IL: University of Chicago Press.
Rodó-Zárate M (2019) Gender, Nation, and Situated Intersectionality: The Case of Catalan Pro-Independence Feminism. Cambridge: Cambridge University Press.
Rodrguez D (2020) White Reconstruction Domestic Warfare and the Logics of Genocide. New York: Fordham University Press.
Romero M (2017) Introducing Intersectionality. Hoboken, NJ: Wiley.
Rostampour S (2021) A critical look at Eurocentric and centrist feminism. Naghd, 21 February. Available at: https://naghd.com/2021/02/21/ (in Persian).
Roudinesco E (2022) The Sovereign Self: Pitfalls of Identity Politics. Hoboken, NJ: Wiley.
Saleh A (2013) Ethnic Identity and the State in Iran. Berlin: Springer.
Sarfaraz L (2017) Women's Entrepreneurship in Iran: Role Models of Growth-Oriented Iranian Women Entrepreneurs. New York: Springer International Publishing.
Sedghi H (2007) Women and Politics in Iran: Veiling, Unveiling, and Reveiling. Cambridge: Cambridge University Press.
Shahrokni N (2020) Women in Place: The Politics of Gender Segregation in Iran. Berkeley, CA: University of California Press.
Shojaei M (2013) Three images of women in ISIS frame of presence. Magazine of Feminist School, 5 August. Available at: https://www.feministschool.com/spip.php?article7552 (in Persian).
Sholock A (2012) Methodology of the privileged: white anti-racist feminism, systematic ignorance, and epistemic uncertainty. Hypatia 27(4): 701–714.
Shor FR (2020) Weaponized Whiteness: The Constructions and Deconstructions of White Identity Politics. Chicago, IL: Haymarket Books.
Siamdoust N (2022) Woman, life, liberty: a slogan one hundred years in the making. New Lines Magazine, 4 October. Available at: https://newlinesmag.com/argument/

woman-life-liberty-a-slogan-one-hundredyears-in-the-making/
Smith LT (2021) Decolonizing Methodologies: Research and Indigenous Peoples. 3rd ed. London: Zed Books.
Soleimani K and Mohammadpour A (2019) Can non-Persians speak? The sovereign's narration of 'Iranian identity'". Ethnicities 19(5): 925–947.
Tafsiri F (2011) Kurdish women and the idea of separating from Iran. Magazine of Feminist School, January. Available at: https://www.feministschool.com/spip.php?article7141 (in Persian).
Tafsiri F (2014) The sanctification of the armed women of Kobani: serving the war discourse. Radio Zamaneh, 3 September. Available at: https://www.radiozamaneh.com/173364
Thangaraj S (2022) Jina in Iran erased Kurdish histories and the worlds we need. Tropics of Meta:
Historiography for the Masses, 5 December. Available at: https://tropicsofmeta.com/2022/12/05/jinain-iran-erased-kurdish-histories-and-the-worlds-we-need/
Toloui R (2013) Kurdish feminism and the secret of that sacred weapon! Radio Zamaneh, September. Available at: https://www.tribunezamaneh.com/archives/57565 (in Persian).
Torab A (2006) Performing Islam: Gender and Ritual in Iran. Leiden: Brill Publishers.
Unlü B (2016) The Kurdish struggle and the crisis of the Turkishness contract. Philosophy & Social Criticism 42(4–5): 397–405.
Vakil S (2011) Women and Politics in the Islamic Republic of Iran: Action and Reaction. London: Bloomsbury Publishing.
Vaziri M (1993) Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity. New York: Paragon House.
Weitz E (2015) A Century of Genocide Utopias of Race and Nation. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Wimmer A (2020) Nation Building Why Some Countries Come Together While Others Fall Apart. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Young R (2016) Postcolonialism: An Historical Introduction. Anniversary ed. Hoboken, NJ: Wiley. Zia-Ebrahimi R (2016) The Emergence of Iranian Nationalism: Race and the Politics of Dislocation. New York: Columbia University Press.

کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی و بواری ئەدەبی بەراوردکاری (ویژەی هاوەق) لە ئێراندا*

حەیدەر خزری

ماموستا لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی مۆدێرن، زانکۆی سێنترال فلۆریدا، ئەمریکا

و: هەیبەت محەممەدی

هەوالنامەی کتێب

"ئەدەبیاتی بەراوردکاری" بواڕێکی زانستییە کە لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە ئەدەب و دەربڕینی کولتووری لە سنووری زمانەوانی، نەتەوەیی و جوگرافیی تایبەتمەندا ئەنجام دەدات. ئەدەبیاتی بەراوردکاری ڕۆڵێکی هاوشێوە لەنێوان لێکۆڵینەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەگێڕێت، بەڵام لەگەڵ زمان و نەریتە هونەرییەکان بۆ تێگەیشتن لە قووڵاییی کولتووەکان کار دەکات. زۆرجار ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ بەرهەمەکان بە زمانی جیاواز ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەدەبیاتی بەراوردکاری دەتوانرێت لەسەر بەرهەمەکانی هەمان زمانیش ئەنجام بدرێت، ئەگەر بەرهەمەکان لە نەتەوە یان کولتووری جیاواز کە بە یەک زمان قسە دەکەن، سەرچاوەیان گرتبێت. بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری کە بەزۆری نێوان کولتووری و نێودەوڵەتییە، بەستراوەتەوە بە پەیوەندیی نێوان ئەدەبەوە بە مانایەکی فراوان و بوارەکانی دیکەی چالاکییەکانی مرۆڤ، لەوانە مێژوو، سیاسەت، فەلسەفە، هونەر و زانست. ئەدەبیاتی بەراوردکاری بە پێچەوانەی شێوازەکانیتری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە چوارچێوەی ئابووری، داینامیکی سیاسی، بزووتنەوە کولتوورییەکان، گۆڕانکارییە مێژوویییەکان، جیاوازییە ئایینییەکان، ژینگەی شارستانییەت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە گشتی و زانستەکان" جەخت لەسەر شیکاریی نێوان زانستەکان دەکاتەوە.

پوختە

ئەم وتارە لە مێژوو، پێگەی هەنووکەیی و داهاتووی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران دەکۆڵێتەوە. ئەم وتارە بنەما تیۆرییەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی هاوچەرخ لەگەڵ چەمکی "هەڵسەنگاندن" لە قۆناخەکانی پێش مۆدێرن لە کولتووری فارسی-ئیسلامیدا بەراورد دەکات کە لە قوتابخانەی عەرەبی، ئیسلامی و ئێرانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا پێناسە کراوە. ئەم وتارە هەروەها تەرکیزی قووڵی دامەزراوەیی لە زانکۆکانی ئێران وەک ناوەندگەرایی کولتووری شیعە-فارسی نیشان دەدات و دەری دەخات کە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەک ئامرازێک بۆ بە ترانسنەشنالیزەکردنی ئەم ناوەندگەراییە شیعە-فارسییە لە چوارچێوەی زانکۆکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکووردا سەری هەڵداوە وەک "جیهانی فارسی زمان" دەرکەوتووە. لە ڕوانگەی پۆلێنکردنی شلێدۆن پالووکەوە، "جیهانی فارسی زمان" چەمکی مارشال هاجسنە کە لە ساڵانی شەستەکانەوە لەگەڵ گۆڕانکارییە پارادایمەکانی پەیوەست بە وەرچەرخانە زمانەوانی و کولتووریەکانی حەفتاکان و لێکۆڵینەوەیەی پوست کۆلۆنیالیزم کە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی ئێدوارد سەعیدەوە لە کۆتایی‌یەکانی نەوەدەکاندا سەرچاوە گرتووە و دارشتنی "کۆسمۆپۆلیسی سانسکریتی" لەلایەن شێلدۆن پالۆکەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێک هاتووە. ئەم وتارە هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بەراوردکارانی زمانی فارسی، لە ژێر ناوی لێکۆڵینەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا، نەک هەر ئەزموونی نەتەوە ژێردەستەکان و غەیرە فارس زمانەکان لە ئێراندا لە بەرژەوەندیی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماتریکسی دووانەیی (ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە "کۆلۆنیالیزمی" جیهانی ئیسلامی) سڕیوەتەوە، بەڵکوو وێنەیەکی ناڕاستەقینە و زیادەڕەویییان لە بوارەکە پێشکەش بە خوێنەرانی ڕۆژئاوا کردووە. ئەم بابەتە زیاتر گفتوگۆ ناوخۆییەکان سەبارەت بە "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ بیرکردنەوە لە ئۆپەراسیۆن و سیستەمی بەهێزکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و دەرەوەی ئــەو ولاتانــە دەناســێنێت، کە لێــرەدا بۆ یەکەم جــار بــۆ بواری ئەدەبیاتی بــەراوردکاری بــەکار هێنراوە.

چەمکە سەرەکییەکان:

ئەدەبیاتی بەراوردکاری؛ ناوەندگەراییی فارسی-شــیعە؛ زمانی فارسی؛ کۆلۆنیکردنی ناوخۆیی.

عەلــی خامنەیــی ڕێبــەری کۆمــاری ئیســلامیی ئێران لە لێدوانی ئەم دوایەیدا کە بۆ مامۆســتایانی قۆناخەکانی باخچەی ســاوایان هەتــا ١٢ (واتــە ســەرەتایی، ناوەنــدی و دواناوەنــدی) لــە تــاران پێشکەشــی کرد، ڕەخنەی لــە فێرکردنی زمانــی ئینگلیــزی لــە قۆناخەکانــی ســەرەتایی هەتــا ١٢ و خوێندنی زانکۆ لە ئێرانــدا گرت. هۆشــداری دا لــەوەی کە فێربوونی پێشــووەختەی زمانــی ئینگلیزی ڕێگا بۆ "داگیرکردنــی کولتووریی ڕۆژئاوا" دەکاتەوە (نیویۆرک تایمــز ٢٠١٨). ناوبراو لە چەندیــن بۆنەی دیکــەدا ڕەخنەی لە بەرەوپێشــبردنی زمانی ئینگلیزی لە ئێران گــرت و لەبری ئەوە هانــی وانەگوتنەوە بە زمانــی عەرەبی دەدا (بی‌بی‌ســی ٢٠١٦). دوای هۆشــدارییەکەی خامنەیی، مەهدی-یە ئەدهــام، ئەنجومەنی بــالای وەزارەتی پــەروەردە، قەدەغەکردنــی، "فێرکردنــی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە ســەرەتاییە حکومییەکان و ناحکومییــەکان" ڕاگەیاند (گاردیەن، ٢٠١٨). ڕۆژی ١٢ی تشــرینی یەکەمــی ٢٠١٩، پەنجا و حــەوت ئەندام پەرلەمانی (مەجلیسی شــووڕای ئیسلامی) ئێران پرۆژە یاســایەکیان پێشــکەش کرد کــە وانەگوتنەوە بــە زمانــی ئینگلیزی لــە K-١٢ (ســەرەتایی تــا دواناوەندی) لــە ئێــران قەدەغــە دەکات و هەروەها پێشــگیری لە دامەزراندنی مامۆســتایانی زمانی ئینگلیــزی دەکات (ڕادیــۆ فەردا، ٢٠١٩). وێدەچێــت ڕەخنەکانی خامنەیی لــە زمانی ئینگلیــزی لەلایــەن ڕۆحانی ســەرۆک کۆماری ئێرانەوە ئیدانە کرابێت. لە وەڵامێکی ناڕاســتەوخۆدا بۆ ڕەخنەکانی ڕێبەری بالای شۆڕشی ئیســلامیی ئێران، ڕۆحانــی ڕایگەیانــد، "فێربوونــی چەند زمانێــک و چەند زمانی بیانــی، پەیوەندی بە ئاســانکارییە بەردەســتەکان و ژمارەی ماموستاکانمان هەیە" (ڕادیۆ فەردا، ٢٠٢٠). لە کاتێکدا کــە ڕەنگە ئــەو دوو بۆچوونە بە ناتەبا دەربکەون، بــەڵام ئەم دوو ڕێبازە ســەبارەت بە زمانەکانی ڕۆژئاوا/ئینگلیزی و ڕۆژهەڵاتی/عەرەبــی بەرواڵەت دژ بە یەکن، بــەڵام کاتێک بــاس لە ســەرکوتکردنی زمانە غەیرە فارســییەکانی ئێران دەکرێت، یــەک دەگرنەوە. دواین هێــرش لەلایەن حەکیمــزادە، جێگری ســەرۆکی وەزارەتی پــەروەردەی ئێرانەوە بــوو. ناوبراو لە ٢٩ی مــەی ٢٠١٩ ڕایگەیاند کە تاقیکردنەوەیەک بۆ "شــارەزایی بــە زمانی فارســی" لە سەرانســەری قۆناغە پێــش قوتابخانەکانی ئێرانــدا زیــاد دەکرێــت. بە پێــی ئەم سیاســەتە هەڵاوردنە، ئەگــەر منداڵانی غەیرە فــارس لە ئێران لــە تەمەنی پێنج ســاڵیدا لــە تاقیکردنەوەی شــارەزایی بە زمانی فارســی دەرنەچن، وەک کەســێکی خاوەن کەموکوڕیی بایۆلۆژی و پێویســتیی تایبــەت مامەڵەیــان لەگــەڵ دەکرێت. ئەم جــۆرە سیاســەتە سیســتماتیکیانە کە ئامانجیــان چەواشــەکردنی منداڵانی غەیرە فارســی ئێرانە، دەورانی سڕینەوەی ناســنامەی نەتەوەیی دەوڵەتــان، ناوچە نەتەوەییــەکان و ئەو دانیشــتووانەی کە کۆلۆنیالیــزە کرابوون، لەلایــەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانــەوە وەبیــر دەهێنێتەوە. لەنێو ئــەو پرســیارە زۆرانــەی کە ئەم پێشــنیازە ورووژاندوویەتــی، لێرەدا بۆ من بــە تایبەتــی کاریگەریی ئەم سیاســەتە بەربــڵاوە لەســەر بوارکانــی ئەدەبیاتی بــەراوردکاری، لێکۆڵینەوەکانــی پــاش کۆلۆنیالیــزم و توێژینــەوەی وەرگێڕان—وەک ئــەو بەشــانەی کــە پەیوەندیــی ڕاســتەوخۆیان لەگەڵ زمانــە بیانییەکان و نیشــتمانییەکاندا هەیە، جێگای نیگەرانییە. بنەمای ئەدەبی بەراوردکاری، و پرســیاری

زمانە ژێردەستە و نافارسییەکانی ئێران، چۆن دەتوانێت قسە لەگەڵ گفتوگۆ گەورەکانی ناو خۆیندنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوخۆ و ئەکادیمیای ئەمریکای باکووردا بکات؟ و ئایا ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی و ئێران بە تایبەتی هەندێک تایبەتمەندیی ناوازەی تێدایە کە بەکار دەهێنرێت بۆ لەدایکبوونەوەی بواڕەکە و بەڕەچدانەوەی لەناوچوونی بەربڵاوی ئەدەبیاتی بەراوردکاری کە لەلایەن سپیڤاک (۱۸۴) پێشنیار کراوە، هاوکات لەلایەن زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە لەسەر ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامی و ئێراندا پێشنیار کراوە؟ (بڕوانە: غەزول، ۲۰۰۶؛ گۆڵد، ۲۰۱۱؛ ئەنوشیرەوانی، ۲۰۱۲؛ ئەحمەد، ۲۰۱۶؛ میرزابابازادە-فۆمێشی، ۲۰۱۷).

لە تۆوەوە بۆ کۆرپەلەی رۆژانی سەرەتایی شۆڕشی ئیسلامیی ۱۹۷۹

بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان لە ئێران لە دەوروبەری سالانی ۱۹۳۸-۱۹۴۰ بە بڵاوبوونەوەی رۆمیۆ و ژوولییەت لە نووسینی ویلیام شکسپیر خرایە جوولە؛ لەگەڵ لەیلی و مەجنونی نزامی (ن،د) بەراورد دەکرا. نووسەر، ئەلی ئەسغەر حیکمەت(۱۸۹۳-۱۹۸۰) ، زانایەکی ناسراو بوو کە داهێنەری سەرەکیی مۆدێرنیزاسیۆن و فارسیزەکردنی سیستەمی پەروەردە بوو لە سەردەمی ڕەزا شا (۱۸۷۸-۱۹۴۴). حیکمەت لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانیدا بە تێگەیشتنێکی فراوان لە ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە دەست دەخاتە سەر بواری جیاوازەکانی مێژوو و ئەدەب و بیناسازی، "بۆ تەلارسازێکی بەهێز، لێکۆڵینەوە لە مزگەوتی سەمەرقەند و بەراوردکردنی لەگەڵ کڵێسای کاتدرالی کانتربێری جێگەی سەرنجە و شایەنی کات و ماندووبوونە. هەروەها بۆ زانایەکی ئەدەبی، بەراوردکردنی لەیلی و مەجنون لەلایەن دانایەک وەکوو گەنجەوی لەگەڵ رۆمیۆ و جولیەت لەلایەن شاعیری ستراتفۆردەوە بەراوردێکی چێژبەخشە و لێکۆڵینەوەیەکی سوودبەخشە" (ن،د, ۱۰۶). حیکمەت لە هەوڵەکانیدا بۆ هەڵبژاردنی بەراستی باشترین زاراوەی فارسی بۆ "بەراوردکردن"، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەموو ئەو زاراوە فارسییە بەردەستانە بەکار دەهێنێت؛ واتە: "موقایسە و تەتبیق و سەنجیش".کە ئەمە ئاستەنگێکە کە بەراوردکارانی فارس لە ئێراندا هێشتا لەگەڵیدا کێشەیان هەیە (خەزری، ۲۰۱۳، ل۳۲۱-۳۳۸). لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە ناتیۆرییەکانی حیکمەت هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێشخەرییەکی دامەزراوەیی (۱۹۳۸-۱۹۴۷) لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا، کە بۆ یەکەم جار بەرنامەی- "سەنجش ادبیات" (هەڵسەنگاندنی وێژە)ی لە مەنهەجی زانکۆی تاراندا لەخۆ گرتبوو. فاتمە سایە (۱۹۰۲-۱۹۴۷)، خەڵکی ئێران و لەدایکبووی ڕووسیا، وەک مامۆستا لە زانکۆی مۆسکۆ کاری کردووە و بەرپرسیارێتیی وانەگوتنەوەی لە خولەکەی وەئەستۆ گرتووە. بەڵام مردنی لە ساڵی ۱۹۴۷ بووە هۆی داخستنی پڕۆگرامەکە لەبەر ئەوەی "زانکۆ نەیتوانی ئەندامێکی دیکەی کۆلیژ کە بڕوانامەی زانستی هاوشێوەی سایەی هەبێت، وەربگرێت، واتە زمان و ئەدەبیاتی بیانی بزانێت" (ئەنوشیروانی، ۲۰۱۲. ۴۸۵). هەروەک چۆن سایە خۆی زیاتر لەوەی بە "بیانی" بناسرێت بە "فارسی/ ئێرانی" دادەنرا، ئەدەبیاتی بەراوردکاریش هەر لە قۆناخە سەرەتاییەکانییەوە وەک بواریکی پەیوەندیدار بە زمانی بیانی سەیر دەکرا. لە خۆڕا نییە کە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە سەردەمی سایەدا لە ژێر دیسیپلینی زمان و ئەدەبیاتی بیانیدا، بە تایبەتی زمانی ڕووسی دانرا. لە کاتێکدا یەکەمین بەرهەمی ناتیۆریی ئەو

بـواره لـه ئەکادیمیـای ئێرانـدا دەتوانرێت بۆ حیکمـەت و یەکـەم چالاکیـی دامەزراوەیـی بـۆ سـایە بگەڕێنرێتـەوە، جەمشـید بێهنـام (لەدایکبـووی ۱۹۲۸)، لـە ڕاسـتیدا یەکـەم زانـای ئێرانـی بووە کـە بەرهەمێکـی تیۆری لەسـەر بوارەکە بڵاو کردەوە و یەکەم کەسـە کـە زاراوەی "ئەدەبیاتـی بـەراوردکاری" بـە مانـا ئەکادیمییەکـەی بـەکار هێنـاوە. جگـە لـەوەش ئەدەبیاتـی بـەراوردکاری وەک "زانسـت" و "بنەمـا" دەستنیشـان کـرد. سـەرەڕای ئاماژەکانـی بـە "ئەدەبیاتـی گشـتی" و "ئەدەبیاتـی جیهانـی" گۆتـێ، (Goethe's weltliterature) تەنیـا سـەرنجی لەسـەر کاریگەرییـە ئەدەبییـەکان بـوو و تەنیـا خەمـی ئەرشـیفێکی ڕۆژئاوایـی بـوو (۱۹۵۲، ۱۹۵۳). لـە سـاڵی ۱۹۵۳ کتێبـی ئەدەبـی بەراوردکارییەکـەی خـۆی بـڵاو کـردەوە کـە وەرگێرانێکـی هـاوەڵ بـوو لـە کتێبـی "بەراوردکاریـی ئەدەبـی" (La Littérature Comparée) گـویـارد لـە سـاڵی ۱۹۵۲. بێهنام بەشـدارییەکی بەرچـاوی لـە مۆدێرنیتـە لـە ئێرانـدا کـرد. بـەڵام بەشـدارییەکەی لـە بوارەکـەدا، هـاوکات لەگـەڵ گرنگییـە مێژوویی‌یەکـەی، هێشـتا بەرچـاو نییـە. لە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو تا شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێران لە سـاڵی ۱۹۷۹، ئەدەبیاتـی بـەراوردکاری لە هەر دوو تۆێژینـەوەی ناتیـۆری و چالاکیـی دامەزراوەیـی هەنـگاوی بەرەو پێشـەوە نـاوە. حەسـەن هۆنەرمەنـد (۱۹۲۸-۲۰۰۲) وانەبێژی ئەدەبـی بەراوردکاری لە زانکۆی تاران، کە بەشـداری لە تۆێژینەوە ئەدەبییـە بەراوردکارییەکانی فارسـی لە ئێراندا کردووە، بە شـێوەیەکی سـەرەکی بە بڵاوکردنەوەی سـێ بەرهەمی ناتیۆری لەسـەر کاریگەریـی شـیعری فارسـی لەسـەر شـێعری فەرەنسـی (۱۹۷۲، ۱۹۷۱، ۱۹۷۰) هەبووە. لـەم بەرهەمانەدا ئەدەبیاتـی بـەراوردکاری وەک ئامرازی سـەرەکیی خۆی بۆ بەنێو نەتەوەییکردنی فارسـیزمەکەی بەکار دەهێنێت. شـایانی باسـە کە کتێبەکـەی ئەنـدرێ گیدە و ئەدەبیاتی فارسـی لە لاپـەرەی دووەمدا بە دەسـتەواژەی "ئەدەبی بەراوردکاری لە خزمـەت ئەدەبیاتی فارسـیدا" ژێرنووس کراوە. زانـا و وەرگێڕی ئیسـلامی جەواد حەدیـدی (۱۹۳۲-۲۰۰۲) کە لە بەشـی زمانـی فەرەنسـی لە زانکۆی فێردۆسـی وانەبێـژی ئەدەبـی بـەراوردکاری بووە. هاوشـێوەی هۆنەرمەنـدی، ئەویـش بە بڵاوکردنەوەی سـێ بەرهەمی ناتیۆری کە تەنیا لەسـەر کاریگەرییەکانی ئیسـلامی فارسـی و شـیعە لەسـەر فەرەنسـی بوو، بەشـداری لـە بازنەکانـی ئەدەبی بەراوردکاریـی فارسـی لە ئێرانـدا کرد (۱۹۶۴، ۱۹۶۷، ۱۹۷۸). لـە ماوەی هەمان سـاڵدا ئەبولحەسـەنی نەجەفی (۱۹۲۹-۲۰۱۶)، وەرگێـڕ و زمانـزان، کە وانەبێژی ئەدەبـی بـەراوردکاری بووە لـە زانکۆی ئیسـفەهان بەشـداری لە بـژاری زمانی فارسـیدا کردووە، دیارتریـن هەوڵەکانی لەم بارەوە لـە ڕێگەی کتێبـی "با هەڵە نەنووسـین" (۱۹۸۷) بـووە. ئیسـلامیی نەدەوشـەن (لەدایکبووی ۱۹۲۵)، ڕەخنەگر و وەرگێـڕی ئەدەبی، کە لـە زانکۆی تاران وانەبێـژی ئەدەبـی بـەراوردکاری بووە، ئەویش لە کارەکانیدا بە تایبەتی داسـتانی شاهنـامـە، درێژەی بەم فارسیزمە داوە. هەمـوو ئـەم داکۆکیکارانـەی ئەدەبی بـەراوردکاری لـە ئێرانـدا دەرچـووی ناوەندەکانـی خوێندنـی فەرەنسـا بوون. هەموویان چوونە فەرەنسـا بۆ درێژەدان بە پرۆگرامی دەرچوونیان بە زمانی فەرەنسـی، بەڵام نەک لـە ئەدەبیاتی بـەراوردکاری. ئـەم زانایانـە لەگـەڵ گەڕانەوەیـان بۆ ئێـران، بە ناچـاری لە بەشـەکانی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسـی دامـەزران و خولی ئەدەبیاتـی بەراوردکارییـان پێشـکەش دەکـرد. ئەدەبیاتی بـەراوردکاری هەم لە سـەردەمی سـایە و هەم لە سـەردەمی هۆنەرمەنـدی، نەجەفـی، حەدیـدی،

ئیسلامییە نەدەوشەندا تەنیا لە بەشی زمانە بیانییەکان، واتە رووسی و فەرەنسی چالاک بووە. پێداگریی دریژخایەن و مۆدێرن لەسەر لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و شوێن پێ هەڵگرتنی سەرچاوەکان لە نێوان دوو زمان و ئەدەبدا کە لە ناو ئێران و جیهانی عەرەبیدا وەک قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی فەرەنسی (لەمەودوا ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنم) لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەیەکی سەرەکی لەم زاڵبوونە سەرەتاییەی چەمکی کلاسیکی فەرەنسی بۆ هەڵسەنگاندن بڵاو بووەتەوە. بەڵام سەرچاوەیەکی سەرەکیی دیکە هەبوو کە بە هەمان شێوە تەنانەت زیاتریش، پسپۆڕانی بەم چەمکە کۆنەی بەراوردکاری تەیار دەکرد: چەمکی ئیسلامی پێش مۆدێرن بۆ "هەڵسەنگاندن". بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشترمان هەبێت لە بواری جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی و ئێران بە تایبەتی، هیچ ڕێگەیەکمان نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ قۆناخی سەدەی ناوەڕاست و سەرەتای قۆناخی مۆدێرن. بێگومان پێش هاتنی ئیسلام (و لەو کاتەوە) زانایان ئاگاداری "بەراوردکردن" بوون. پسپۆڕانی هەر دوو زمانی عەرەبی و فارسی پێش مۆدێرن، زۆر جار بۆ ئەوەی بڵاڵدەستی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا نیشان بدەن، لێکۆڵینەوەیان لە کاریگەرییەکانی یەکتر کردووە و بەدواداچوونیان لە سەرچاوەکانی نێوان ئەو دوو زمان و کولتوورە کردووە. لووتکەی ئەم بەراوردکردنانە لە پێناو نیشاندانی بڵاڵدەستیدا، دەتوانرێت لە ناونیشانی ئەو کتێبانەدا ببینرێت کە لە ئەلفهرستدا هاتووە کە تێیدا کتێبنووسە موسڵمانەکەی سەدەی دەیەم ئیبن الندیم بەم شێوەیە پۆلێنی کردووە: ("بڵاڵترینی غەیرە عەرەبەکان بەسەر عەرەبەکاندا") و ("بڵاڵترینی عەرەبەکان بەسەر غەیرە عەرەبەکاندا") (۱۹۹۴، ل۱۵۶).

بەو پێیەی کە قورئان و حەدیس بۆ پسپۆڕانی ئیسلامی (قسەی پێغەمبەر) دەقی پیرۆز بوون، هەروا بەبێ هاوسەنگ و بێهاوتا مانەوە. واتە لە کاتێکدا قورئان و حەدیس هەندێک جار بەراورد دەکران بە دەقەکانی تر، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی بڵاڵدەستیی خۆیان نیشان بدەن. "تەنانەت سەدەکانی ناوەڕاست زاراوەیەکی تایبەتییان داهێنا، بەناوی "ئیجاز"، بۆ ئاماژەدان بە جۆرێک لە جوانییەکی بەرز و بێوێنە کە هاوشانی نییە، شتێک کە تایبەتمەندیی وەحی بوو و هاوشێوەی موعجیزە بوو" (غازول، ۲۰۰۶، ل۱۱۴). بەڵام باسی کوفرویژی قەسیدە(ئەود)ی پێش ئیسلام جیاواز بوو. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بازاڕی "ئەل-ئووکاز" پێش ئیسلام شوێنێکی بەناوبانگ بوو بۆ کێبڕکێی شاعیران بۆ ئەوەی بزانرێت باشترین شاعیر کێیە. ئەلنەبیغە ئەلحوبیانی (۵۳۵-۶۰۴ ز) زۆر جار وەک دادوەر و بەراوردکار کاری کردووە. ئەو بەراوردەی کە عوم جوندوب لە نێوان شیعرەکانی هاوسەرەکەی لەگەڵ شیعرەکانی ئەلقامە کردوویەتی، بەناوبانگترین بەراوردکاریی سەردەمی پێش ئیسلامە. کاتێک شیعرەکانی ئەلقامە لە شیعرەکانی هاوسەرەکەی زیاتر بەدڵ و لەلا پەسەند بوو، هاوسەرەکەی لێ جیابووەوە و لەگەڵ ئەلقامە هاوسەرگیری کرد و نازناوی "ستالیەن" (واتە ئەسپ) ی پێ درا. لەناو دۆمەینی بەلاغەدا زۆربەی شیکارییە ئەدەبییەکانی ئەم بەراوردکارییەی سەدەی ناوەڕاست ئەنجام دراوە. عەرەبەکانی سەدەی ناوەڕاست چەمکی ساریقە، موعارەدە، موتەبەقە، مووازانە و فیساتایان داهێناوە بۆ ئەوەی بەراورد و نێوەندگیری و بەرگریکردن و تێپەڕاندنی شاعیرێک بەسەر شاعیرێکی دیکەدا بکەن (بڕوانە: العمیدی؛ الجرجانی؛ موبارەک). سەبارەت بە شیعری غەیرە عەرەبی، هەندێک لە ڕەخنەگرانی سەدەی ناوەڕاستی عەرەب، وەک ڕەخنەگرێکی

سەدەی نۆیەم، ئەلجاهیح (١٩٦٥، ل٧٤-٧٥)، هەندێک داستانی باو دەگێڕنەوە کە دەڵێن یۆنانییەکان و گەلانی دیکە شیعریان نەبووە. ئەم جۆرە ڕەوتە باوانە بووە هۆی ناوەندگەراییەکی عەرەبی (غەزول، ٢٠٠٦، ل١١٤). لە ڕووی مێژوویی‌یەوە پسپۆڕانی ئیسلامی سەدەی ناوەڕاستی غەیرە عەرەب دوو ڕێبازی جیاوازیان بەرانبەر بەم ناوەندگەرایی‌یە عەرەبی-ئیسلامییە پەیڕەو کردووە. لە لایەکەوە هەندێکیان ڕێبازێکی توندڕەویان گرتەبەر بۆ لە ئامێزگرتنی ئەم عەرەبی-سەنتەریزمە بە بچووککردنەوەی زمان و کولتووری نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان. نموونەیەک لەم کۆڵۆنیالیزمە ناوخۆیی‌یە ڕەنگە لە بەرهەمەکانی پۆلیماتسی ئێرانی، ئەلبیرونی (٩٧٣-١٠٤٠)دا بدۆزرێتەوە. لە بەراوردکردنی ئەو دوو زمانەدا ڕایگەیاندووە "من لەم دوایی‌یانەدا سەرقاڵی هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بووم. سوکایەتی پێکردنم بە عەرەبی خۆشترە لەوەی بە فارسی ستایشم بکەیت" (٢٠٠٤، ل١٦٨). لە لایەکی تریشەوە باسی ئەو زانایانەمان هەیە کە بەرەنگاری ئەم عەرەبی-سەنتەریزمە بوونەتەوە و پەرەیان بە فارسیی ناوەندگەرایی‌یە داوە. نموونەیەک لەم دژە عەرەبییە، فارس-سەنتەریزمە، لەوانەیە لەو بەراوردکارییەدا بدۆزرێتەوە کە شاعیری فارسیی سەدەی دوانزدەهەم، 'ئەنوەری، لە نێوان ئەو دوو زمانەدا کردوویەتی. ئەو مەقاماتی فارسیی حامید الدینی جگە لە قورئان و حەدیس لە هەموو کولتووری عەرەبی پێ باشتر بوو، "هەر وتارێک کە قورئان و حەدیسی محەممەد نەبێت، قسەی قۆڕ و بێمانایە، بە بەراورد لەگەڵ مەقاماتی حامد الدین" (١٩٨٥، ل٥٢٣). هەر لە ناساندنی ئیسلامەوە بۆ ئەم ناوچانە، ئەم دوو ڕێبازە بەراوردکارییە: دژە نەتەوەیی لایەنگری عەرەبی/ئیسلامی و دژە عەرەبی لایەنگری ئەدەبی نەتەوەیی، لە زۆرێک لە زمان و ئەدەبیاتی جیهانی ئیسلامیدا سەلمێندراون.

پاش ئەم کورتە مێژووییە، ئێستا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ چاوخشاندن بە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی سەدەی بیستەم. لە ساڵی ١٩٠٠ تا شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران، هاوتەریب لەگەڵ گفتوگۆی فارسی-ڕۆژئاوایی (ڕووسی/فەرەنسی) لە بازنەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا، گفتوگۆیەکی فارسی-عەرەبی هەبوو کە چوارچێوەی تیۆرییەکەی بۆ "بەراوردکردن" لە چەمکی ئیسلامی پێش مۆدێرن بۆ هەڵسەنگاندن وەرگرتبوو. ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکارییانە لە کۆتاییی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک نزیکبوونەوە لە پەیوەندییە ئەدەبییە فارسی و عەرەبییەکان سەریان هەڵدا. بەشی هەرەزۆری ئەم توێژینەوانە بە چڕی لەسەر کاریگەری و باڵادەستیی زمانی فارسی بەسەر زمانی عەرەبیدا بووە. ئەمەش هاوتا بوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمی دژە عەرەبیی ڕەزا شا. لووتکەی ئەم چەمکە لە دوو کتێبی گرنگدا بە ڕوونی دەبینرێت: شارستانییەت و فەرهەنگی ئێرانی (یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٤ چاپ کرا) و دوو سەدەی بێدەنگی (یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥١دا چاپ کرا). لە وەڵامی ئەم لێکۆڵینەوانەی ناوەندگەرایی-فارسی، چەندین زانای عەرەبی خوێندەواری فارسی لە ئێران ئاراستەی پێچەوانەیان گرتەبەر و بە تایبەتی لەسەر کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی و باڵادەستییەکەی بەسەر زمانی فارسیدا دەستیان بە نووسین کرد (بڕوانە:مەحفوز١٩٥٧، حەریری١٩٦٧). ئەم چەمکە ئیسلامییە پێش‌مۆدێرنەی شێوازی "هەڵسەنگاندن" لەگەڵ قوتابخانەی ڕۆژئاوایی فەرەنسی لە ئێراندا کاری دەکرد و توانی بە پێداگرییەکی مۆدێرن لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و شوێن-پێهەڵگرتنی سەرچاوەکان بۆ نیشاندانی باڵادەستیی زمانی فارسی بەسەر زمان و کولتووەکانی دیکەدا

زاڵ بێت . بەڵام ئەم ناوەندگەرایی-فارسییە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ گۆڕدرا بە ناوەندگەرایی شیعە و گەشەی کرد و بوو بە سەنتەرگەرییەکی قووڵی فارس-شیعە کە بەسەر هەموو لایەنەکانی ئێرانی مۆدێرن، بە زانستە مرۆییەکانیشەوە زاڵ بوو.

ئەدەبیاتی بەراوردکاری و شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩


لە ماوەی شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ وە شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێراندا، ئەکادیمیای ئێران لە کاریگەرییەکانی ڕۆژئاوا و غەیرە ئیسلامی پاک کرایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شیعەگەرایی سیاسیدا بگونجێنرێت. شۆڕشگێڕانی ئیسلامی بە دەرهێنانی بارەگای شۆڕشی فەرهەنگی، لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣ زانکۆکانیان داخست، بەشی ئەدەبی بەراوردکاری داخرا و زۆرێک لە پسپۆڕانی وەک هۆنەرمەندی سڕانەوە (ئەحمەدی، ٢٠٠٢، ل٣٠٢). لە ئەنجامدا بۆ ماوەی دە ساڵی تەواو هیچ شتێکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا بەڵاو نەکرایەوە. سەرەڕای ئەمەش چەمکی "هەڵسەنگاندن" لە پێناسە ئیسلامییە پێش مۆدێرنەکەیدا بە بەربڵاوی پەرەی پێدرا. ئەم "بەراوردکردنە" بۆ نیشاندانی بااڵدەستیی "بلۆکی ئیسلامی" بەسەر بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بااڵدەستیی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ بەسەر شۆڕشەکانی دیکە و بااڵدەستیی شیعەگەرایی بەسەر سوننەگەراییدا بەکار هات. بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییە ناتیۆریەکان لەسەر کاریگەری و کاردانەوەی ئیسلام بەسەر ئەدەبیاتی فارسیدا بۆ دیاریکردنی ناسنامەیەکی ئیسلامی بۆ ئەدەبیاتی فارسی تەرخان دەکران. بابەتەکانی ناوەندی شیعەگەرایی، وەک ئاشووڕا، حوسێن و کەربەلا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکاندا تەرکیزیان لەسەر کرایەوە (خەزری، ٢٠١٣). ئەم تۆژینەوانە و هەروەها بڕێکی کەم لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان ڕێبازی تیۆریی خۆیان لە چەمکی بەراوردکاریی ئیسلامی پێش‌مۆدێرن وەرگرتووە نەک ئەو پێشەکەوتنانەی کە بواڕەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە دیتووە. لە ڕووی تیۆریی ڕەخنەییەوە، لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان لە ئێران لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە ڕێگەی وەرگێڕانی تیۆریی ئەدەبی "ڤێلێک و وارن" هەنگاوێکیان بەرەو پێشەوە ناوە. ئەم وەرگێڕانە جوگرافیای تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاریی درێژ کردەوە بۆ ئەوەی لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا لەژێر دەستی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکیدا پەرەی پێدراوە. ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی قوتابخانەی فەرەنسییەوە پێویستی بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان هەر دوو نووسەر یان دەقەکە نییە، هەروەها پێویستی بە جیاوازیی زمانەکان نییە. ئامانج بۆ بەراوردکردن لە ڕێگەی قوتابخانەی ئەمریکییەوە دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازی بووە لە نێوان نووسەران یان بەرهەمەکانیان. بەڵام ئەوە هەمان قوتابخانەی فەرەنسی بوو کە بەردەوام درێژەی بە زاڵبوون بەسەر بازنەکانی ئەدەبی فارسیدا دەدا. لە ساڵی ١٩٩٤ کتێبی ئەدەبی بەراوردکاریی عەرەبی "هیلال" وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی. گرنگیی ئەم کتێبە لە نموونە کردەییەکانی لەبارەی کاریگەریی ئیسلام و ئەدەبی عەرەبی لەسەر زمانی فارسیدایە. ئەم کتێبە وەک کاریگەرترین کتێبی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا ناسراوە. بەراوردکاری فەلەستینی، حوسام ئەلخەتیب (لەدایکبووی ١٩٣٢)، تیشک دەخاتە سەر گرنگیی کتێبەکەی هیلال و بەم شێوە وەسفی دەکات "تا کۆتاییی حەفتاکان، کتێبەکەی هیلال وەک تاکە سەرچاوە بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری

ماوەتـــەوە و مـــن تەحـــەدا دەکـــەم کە هیـــچ کتێبێـــک نییـــە کە یـــەک خاڵ یـــان یەک لاپەڕە باشـــتر و زیاتـــر لەوەی هیلالی پێشـــکەش کردبێ" (١٩٩٠، ل٥٤). وێدەچێـــت ناوەرۆکـــی ئەدەبیاتـــی بـــەراوردکاری نـــوێ لـــە ئێرانـــدا تـــا ســـەرەتای ســـەدەی بیســـت و یەکـــەم زۆرتـــر جێـــگای ســـەرەنج بێـــت. دەیـــان کتێبـــی بەراوردکاریـــی تیـــۆری نووســـراون و وەرگێڕدراونەتـــە ســـەر زمانـــی فارســـی. چەندیـــن گۆڤـــاری ئێرانـــی بـــە تایبەتـــی ســـەرنجیان لەســـەر لێکۆڵینـــەوەی ئەدەبـــی بـــەراوردکاری بـــووە. کۆنفرانـــس و ووێرکشـــۆپەکان تەرخـــان کـــراون بـــۆ ئەدەبیاتـــی بـــەراوردکاری. جگـــە لـــەوەش چەندیـــن زانکـــۆ پســـپۆڕیی نوێیـــان لـــە بـــواری ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریـــدا دامەزراندووە. پێشـــهاتە هاوشـــێوەکان لـــە بازنەکانـــی ئەدەبـــی بەراوردکاریـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا ســـەرنجیان پـــێ دڕاوە. بەراوردکاریـــی ســـووری، "ئیســـتایف" ئـــەم پێشـــهاتە بـــێ وێنەیـــە لـــە ئەدەبیاتـــی بـــەراوردکاری لـــە جیهانـــی عەرەبیـــدا لـــە ڕێزگرتـــن لـــە ژمـــارەی کتێبـــە تیۆرییـــەکان بـــەم شـــێوەیە وەســـف دەکات "ژمـــارەی کتێبـــی تیـــۆری لـــە ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریـــدا بـــە زمانـــی عەرەبـــی زیاتـــرە لـــە هەمـــوو زمانێکـــی زیـــندووی دیکـــە، لەوانـــەش ئینگلیـــزی و فەرەنسـی. تەنانـــەت ژمـــارەی ئـــەم کتێبـــە عەرەبییانـــە لـــە کتێبـــە ئەدەبییـــە بەراوردکارییـــەکان لـــە فەرەنســـا، بەریتانیـــا و ئەمریـــکا هەمووییـــان بخەیتـــە ســـەر یـــەک زیاتـــرە" (٢٠٠٧، ل١٢-١٣). بورســـیەی بـــواری ئەدەبـــی بـــەراوردکاری لـــە ئێســـتادا لـــە ئێـــران و جیهانـــی عەرەبیـــدا، ئـــەم دەســـکەوتانە وەک نیشـــانەی پێشـــکەوتنی بوارەکـــە پێناســـە دەکـــەن و ڕەنگـــە ڕێگـــە بـــۆ پێشـــکەوتنەکانی داهاتـــوو خـــۆش بـــکات (بروانـــە: گوڵـــد، ٢٠١١؛ ئەنووشـــیروانی، ٢٠١٢؛ ئەحمـــەد، ٢٠١٦، میرزابابـــازادە-فۆمێشـــی، ٢٠١٧). بـــەڵام ئـــەم بەشـــانەی خـــوارەوە پێچەوانەکـــەی دەخەنـــە ڕوو.


ناوەندگەرایـــی سیســـتماتیکی فـــارس-شیعە

کۆلێژیکـــی مامناوەندی ئەدەب و زانســـتە مرۆییـــەکان لـــە ئێـــران لەســـەر زمانە نیشـــتمانی و بیانییـــەکان لەم بەشـــانەی خـــوارەوە پێـــک دێت: بەشـــی فارســـی، عەرەبـــی و ئینگلیـــزی. لـــە هەندێـــک لـــە دامـــەزراوە پێشـــکەوتووەکاندا ڕەنگە بەشەکانی فەرەنســـی، ئەڵمانی، ئیسپانی و پورتوگالی و بەشـــەکانی دیکە بدۆزرێتەوە. زمانـــی عەرەبـــی و ئینگلیـــزی لـــە سەرتاســـەری باخچەی ســـاوایان تا ١٢ی دواناوەنـــدی(K-١٢) خراوەتـــە مەنهەجی خوێندنەوە. ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشـــە، نەبوونـــی ئەو بەشـــانەیە کـــە گرنگی بە زمـــان و کولتوورەکانی وڵاتانی دراوســـێ بـــدەن، بـــە تایبەتی وڵاتی هیندســـتان و ئۆراســـیای ناوەڕاســـت و ڕۆژئاوای ئاســـیا. هاوکات لەگەڵ ئـــەم لایەنگرییە جوگرافییە دەرەکییـــە، لایەنگرییەکـــی جوگرافیـــای ناوخۆیـــی ســـەبارەت بـــە زمانـــە غەیرە فارســـییەکان لە ئێران هەیـــە، کە زمانی دایکی نیوەی دانیشـــتووانی ئێـــران غەیرە فارســـین. لەو ناوچانـــەش هەروەها زمانی فارســـی وەک تاکە زمانی یاسایی فێرکاری لـــە K-١٢ و خوێندنـــی زانکـــۆدا بەکار دێت. تەنانەت یاســـای بنەڕەتـــی لە ئێران زمانە نافارســـییەکان لە ئێرانـــدا بە زاراوەی کۆلۆنیالیزمـــی وەک "زمانـــی ناوچەیی و خێڵەکی" وەســـف دەکات (مـــادەی ١٥). وێنـــەی ١ و ٢ ئەم ناوەندگەراییە فارســـییە بـــە بـــەراورد لە ژمـــارەی بەشـــی زمانی بیانی لـــە سەرانســـەری ئێراندا نیشـــان دەدەن. هەمـــان دۆخ بۆ کەمینـــە ئایینییە غەیرە شـــیعەکانی نـــاو ئێرانیش ڕاســـتە. دەســـتووری ئێران قوتابخانـــەی دوانزەی جەعفەری(دوانزە ئیمام) ئیســـلامی شـــیعە وەک ئایینـــی فەرمی دەوڵەت نـــاو بردووە.


ئایینە غەیرە شیعەکانی ئێران لە ڕووی مێژوویی‌یەوە لە بازنەی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی فارس/شیعە لە ئێراندا لابراون. وێنەی ٣ ئەم ناوەندگەراییەی شیعە بە بەراورد لە ژمارەی بەشەکانی خوێندنی ئایینی و ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا نیشان دەدات.



وێنەی ١–ژمارەی بەشی زمانی بیانی لە زانکۆ حکومییەکان لە سەرانسەری




وێنەی ٢–ژمارەی فارس/پرشیا و بەشی زمانە ڕەسەنەکانی دیکە لە ئێران، و ڕێژەی سەدیی قسەکەرانیان نیشان دەدات. ڕێژەی دانیشتووانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئێراندا پرسێکی زۆر جێگای مشتومڕە. حکومەت ئەم بابەتە بە بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەزانێت. من پشتم بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و نێودەوڵەتییەکان بەستووە وەک: کتێبی ڕێکخراوی سی ئای ئەی "ڕاستییەکانی جیهان" (CIA World Factbook, PBS) و "پۆرتاڵی داتاکانی ئێران" (Iran Data Portal)، لەنێو ئەوانی تردا.



وێنەی ٣–ژمارەی بەشە ئایینییەکان

لە زانکۆ حکومییەکانی ئێران و ڕێژەی دانیشتووانیان نیشان دەدات. زۆرترین ڕاپرسیی ئەم دواییە گۆڕانکاریی گەورە لە بیروباوەڕی ئایینی لە ئێران ئاشکرا دەکات. سەیری https://theconversation.com/irans-secular-shift-new-survey-reveals-huge-changes-in-religious-beliefs-١٤٥٢٥٣ بکە.

سەرەڕای ئەو گریمانەیەی کە لەبەردەستدان، ئەمە تەنیا کێشەیەکی ئێرانی/ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە؛ بەڵکو هاوکات کێشەیەکی گشتگیر و نێونەتەوەیی‌یە کە دەتوانرێت هەتا ئەمریکای باکوور لەخۆ بگرێت. هیچ کام لە دامەزراوەکانی خوێندنی بالا لە ئەمریکا هیچ پێگەیەکی هەمیشەیی‌یان بۆ زمان و کولتووری بێ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بەڵام سەدان بەرنامە بۆ زمانە ئیمتیازدارەکانی دەوڵەتانی بالادەستە کە زۆرجار لەژێر ناونیشانی "توێژینەوەکانی ناوچە" وەک "زمان و کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیک" دابین دەکەن. بە گوێرەی ئاماری پەیمانگای توێژینەوەی پێشکەوتوو بۆ زمانەوانی لە زانکۆی مینیسوتا، تەنیا لە ئەمریکا زیاتر لە ٧٨٨ پرۆگرامی هەمیشەیی بە زمانی عەرەبی، ١٠٩ بە زمانی تورکی، ١٠٠ بە زمانی فارسی هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ناوەندی توێژینەوەیک لەسەر زمانە بێ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بەپێی ئاماری دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەمریکا ٢٢٥ پرۆگرامی خوێندنی بالا هەیە کە بۆ هەر یەکە لە زمانەکانی، عەرەبی (١٥٩)، عیبری (٩١)، فارسی (٤٩) و تورکی (٣٦) پرۆگرامی خوێندنی بالایان هەیە. بۆ زمانە قەیرانییەکان/بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی هیچ چەشنە بەرنامەی هەمیشەیی لەو جۆرە بوونی نییە.



وێنەی ٤ ژمارەی بەرنامە هەمیشەییەکان بۆ زمان و کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمریکا نیشان دەدات. هەروەها ئەم دامەزراوانە و ناوەندەکانی سەر بە خۆیان لە دابەشکردنی سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ناهاوسەنگییان هەیە؛ لە هەمووی گرنگتر، ئەوان قۆرخکاری لەسەر ئەو یارمەتییانە بۆ خوێندنی ناوچەیی، زمانە "لە قەیراناکان"(بێ‌دەوڵەتەکان) و کولتووری بێ نوێنەرایەتییەکان وەک زمانی کوردی دەکەن. لە ٢٩ی ئابی ٢٠١٩، وەزارەتی پەروەردەی ئەمریکا لە نامەیکدا زانکۆی کارۆلینای باکوور (UNC) چاپڵ هیڵی ئاگادار کردەوە کە پێداچوونەوەی وەزارەتەکە بە ڕاپۆرتی ساڵانەی پڕۆژەکان کە لەلایەن کۆمەڵەی دوک-UNC بۆ توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (CSME) پێشکەش دەکرێت، نایەکسانیی سروشتی هەیە: "وێدەچێت دوک- CSME,UNC لە دابین کردنی ئەو پڕۆگرامانەی کە سەرنج بخەنە سەر ئەو نابەرابەرییە مێژوویی‌یانە کە کەمینە ئاینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی دەبنەوە و بارودۆخی ئێستای کەمینە ئاینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوسەنگ نییە، بە تایبەت لەسەر مەسیحییەکان، جوولەکەکان، بەهایی‌یەکان، ئێزیدییەکان و کوردەکان زۆر کەم یان هیچ پڕۆگرامیکیان نییە. پسپۆڕە فارسەکانی "پاش کۆلۆنیالیزم" وەک حەمید دەباشی لەبری ئەوەی ئاماژە بە ئەم ناتەواوییە لە توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە زانکۆ بدەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نامەکەی وەزارەتی پەروەردەی ئەمریکا بۆ دوک-UNC-CSME لە ڕاستیدا هاندەرن بۆ بەرپەرچدانەوەی تێڕوانینەکانی "دژە ئیسرائیل و دژە ئیمپریالیزم" لە چوارچێوەی ئەم بەستێنەدا(٢٠١٩). لە ڕووی مێژوویی‌یەوە هەر چەشنە پێشخستنی زمانی دایکی وەک ئامرازێکی پەروەردە بۆ کەمایەتیە نەتەوەیی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن دەوڵەتانی ئەم ناوچەوە وەک پیلانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و دوژمنانی ئەو دەوڵەتانە چاویان لێ دەکرێ (شێخولئیسلامی ٢٠١٩، سولیمانی و موحەمەدپوور، ٢٠١٩). بەربەستێکی تری گەورەی سیستماتیک سەبارەت بە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئەکادیمیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئێران بە تایبەتی، سیستەمی ناوەندی و تاک زمانی پەروەردەیی‌یە. پڕۆگرامەکانی خوێندنی K-١٢ لە سەرانسەری ئێرانداً لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی ئێرانەوە دارێژراون. ئەمەش وا دەکات هەر گۆڕانکارییەک لە هەر مەنهەجێک یان تەنانەت یەک کۆرس لە سەرانسەری وڵاتدا مەحاڵ بێت. پڕۆگرامەکانی خوێندنی پاش K-١٢ بۆ سەرجەم زانکۆکانی سەرتاسەری وڵات، لەلایەن وەزارەتی زانست، توێژینەوە و تەکنەلۆژیای ئێرانەوە دارێژراون. ئەم ڕێوشوێنە ناوەندی و تاک زمانییە ڕێگە بە زانکۆکان و بەشەکانی زانکۆ نادات کۆرسێکی نوێ لە دەرەوەی ئەو مەنهەجەی کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتەوە پەسەند کراوە، پێشکەش بکەن. ڕێگە بە خوێندکاران نادات ناوی خۆیان لە خولەکانی تردا تۆمار بکەن کە لەلایەن بەشەکانی دیکەوە دابین دەکرێن. بۆ نموونە بە پێچەوانەی زانکۆکانی ئەمریکای باکوور، مەحاڵە خوێندکارێکی زمانی فارسی لە زانستی سیاسیدا خوێندنی مینۆر تەواو بکات یان تەنانەت یەک

هەوڵادەی کۆمەڵایەتی

کۆرس لـــه خوێندنی لێکۆڵینـــەوەی ڕەگەز وەربگرێـــت. بـــه پێچەوانەی سیســـتەمی ئەمریکای باکـــوور، هەردوو خوێندنی K-١٢ و زانکۆ لـــه ئێران پەیوەندیـــی نزیکیان بە دەســـەڵاتەوە هەیە و لەلایـــەن دەوڵەتەوە چاودێـــری دەکرێن. ڕازێکی ئاشـــکرایە کە لـــه ئەکادیمیـــای ئێرانـــدا "دەتوانیت هەر شتێک بنووسیت و باســـی بکەیت جگە لە ئایین، سیاســـەت و ژن". ئەم ســـێ بابەتە لـــه ڕووی مێژوویی‌یـــەوە ســـەرەکیترین بابەتەکانی بواری ئەدەبیاتـــی بەراوردکاین.

ناوەندگەرایی شـــــەرعی(دینی) فارس-شیعە

هەموو ئەو بیســـت کتێبـــە تێوڕییەی کە لـــه ئەدەبیاتی بەراوردکاری لـــه ئێراندا لە بەردەســـتدان، پێشـــوەختە بۆ قوتابخانەی فەرەنســـی تەرخـــان کـــراون. جگـــه لە ســـێ ســـەرچاوە، ڕۆمانی ســـاجیدی "لە ئەدەبیاتـــی بەراوردکارییـــەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبـــی"، "بەراوردکردنـــی ئەدەبیـــات و ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریی" لەلایەن دادوەر و "گەڕان بـــەدەوری بەراوردکاریی ئەدەبی" لەلایـــەن لیتافاتی و فەراهانی تاکە ســـێ ســـەرچاوەن لە دەرەوەی ئـــەو بازنەیەدا. بەڵام بەشـــداریی ئـــەم ســـێ کتێبە لە پەرەپێدانـــی ئەو بوارە لە ئێراندا ئەســـتەمە بتوانـــرێ هەژمار بکرێن، بـــەو پێیەی کە تایبەت بۆ خوێندکارانی بەشـــی فەرەنسی دارێـــژراون. بۆ نموونـــە کتێبەکەی دادوەر بە زمانی فەرەنســـی نووســـراوە. نووسەرانی ئـــەو حەڤـــدە کتێبانەی دیکە، مەشـــق و ڕاهێنانیـــان لەســـەر خوێندنـــی عەرەبی، فارســـی و ئیســـلامی وەرگرتـــووە، نەک ئەدەبیاتـــی بـــەراوردکاری وەک بواریک. تەنانـــەت پێنج لـــەو کتێبـــە تێوڕییانە لە ئێراندا بـــە زمانـــی عەرەبی نووســـراون (زابیری، ٢٠٠٧؛ شـــێخی، ٢٠٠٨؛ خزری، ٢٠١٣؛ پەروینـــی، ٢٠١٣؛ زەینیوەنـــد، ٢٠١٣). زۆرێـــک لـــەم کتێبانـــە پڕن لە نموونـــەی ناوەندگەرایی فارسی-شـــیعە. لەو بیســـت کتێبە تێوڕییەدا کە ســـەبارەت بـــە ئەدەبـــی بـــەراوردکاری لـــە ئێران وەرگێڕدراون، ســـێزدە کتێب لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبییـــەوە وەرگێڕدراون. بە پـــێ ڕێزبەندییـــە کرۆنۆلۆژییەکەی(بەپێی زەمان) بریتین لەمانەی خـــوارەوە: "هیلال ١٩٩٤و ٢٠١٤؛ نیدا ١٩٧٣، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥؛ کەفافـــی ١٩٧١؛ جەمالدین ٢٠١١ و ٢٠١٤؛ حەمووד ٢٠١١؛ شـــێخی ٢٠١٢؛ ئەلتونجی ٢٠١٦، ئالتووش ٢٠١٦ و ئیســـتەیف ٢٠١٨. حـــەوت کتێبەکـــەی دیکە لـــە زمانەکانی ئینگلیـــزی و فەرەنســـی بریتیـــن لـــە: هێڵکاریی ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری لە دانتی ئەلگیێریـــەوە تا یوجین ئۆنیـــڵ (فریدریک: مەڵـــەون ٢٠٠٩)؛ بەراوردکردنی ئەدەبیات (گۆیـــارد ١٩٩٥)؛ ئەدەبیاتـــی گشـــتی و بەراوردکاریـــی ئەدەبیـــات (ژێونە ٢٠١١)؛ توێژینـــەوە ئەدەبییـــە بەراوردکارییەکان: پێشـــەکییەک (پەروار ٢٠١٩)؛ پێشەکی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری (جۆســـت: ٢٠١٩)؛ و بەراوردکاریـــی ئەدەبیـــات (شـــێڤرێل: ٢٠٠٧)؛ و "کۆمـــاری دونیـــای ئەدەبیات" (کاســـانۆڤا ٢٠١٤). ئەوەی ئـــەم وەرگێڕانە و ڕێزبەندیـــی کرۆنۆلۆژییـــان پێمان دەڵێن، ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری لـــە ئێراندا هیچ پەیوەندییەکـــی جەوهـــەری و بەردەوامی لەگـــەڵ ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریی جیهانیدا نییـــە. چونکە جگـــە لە کتێبی شـــێڤرێل و کازانۆڤـــا، هەمـــوو کتێبەکانـــی دیکەی غەیـــرە عەرەبـــی لـــە بنەڕەتـــدا پێش شۆڕشی ئیسلامی ســـاڵی ١٩٧٩ نووسراون. دەتوانرێت هەمـــان ئارگیۆمێنت بۆ زۆربەی چالاکییـــە پەیوەندیدارەکانی دیکەی بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری (واتە ووڕک شـــۆپ، کۆنفرانـــس و گۆڤارەکان) بـــەکار بهێنرێت. لە ئەکادیمیـــای ئێراندا، بـــواری ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری بە شـــێوەیەکی گشـــتی لە بەشـــەکانی عەرەبیـــدا خـــۆی دەگرێتەوە. تەنانەت لە ئێســـتادا دارێژەرانی سیاســـەت لە ئێرانـــدا ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری وەک بواریکی ســـەربەخۆ و جیاواز ناناســـن، بەڵکو

وەک بواریکی لاوەکی یان وەک لقێک لە زمانی فارسی و عەرەبی دەناسن (میرزابابازادە- فۆمێشی، ۲۰۱۷، ل۱۵۳-۱۵۴). کاریگەرییە کێشە سازەکانی ئەم سەریەککەوتنە کە توانای تەکنیکی لە زمانی عەرەبیدا بە بەراوردکاری بە شارەزایی و ڕەوانبوون لە زمانی عەرەبیدا دەزانێ، هێشتا لە بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا باس نەکراون. یەکێک لە کاریگەرییە کێشەدارەکان پێشوازییەکی بێوێنە بووە لە بەشێکی زۆری دیاریکراوی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبی کە بەباشی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ناوەندگەرایی فارسی-شیعەدا دەگونجێت. زۆرینەی ئەو بەراوردکارانەی عەرەب کە بەرهەمەکانیان وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی فارسی، پەیوەستن بە زمان و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جیهانی عەرەبیدا. ئەم زانایانە هیچ ڕاهێنانێکیان لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا وەک بنەمایێک وەرنەگرتووە. لە هەموو ئەم وەرگێڕانەدا، مرۆڤ بە ڕوونی نموونەی بێئەژماری ناوەندگەرایی فارس-شیعە و بە ئامرازکردنی بواڕەکە بۆ مەبەستی ئایینی و سیاسی دەبینێتەوە. ڕەنگە یەکێک لە ڕوونترین نموونەکان، ئەدەبیاتی بەراوردکاریی "تاها نیدا" بێت. ئەم کتێبە کە لانیکەم پێنج جار لەلایەن وەرگێڕەوە جیاوازەکانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، بابەتگەلێکی ناوەندی ئەم ناوەندگەرایی‌یەی فارس-شیعە لەخۆ دەگرێ، وەک حوسێن، کەربەلا و ئاشورا. نیدا لەم کتێبەدا بانگەشە بۆ سنووردارکردنی جوگرافیای ئەدەبیاتی بەراوردکاری دەکات بۆ کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و ئامرازکردنی بواڕەکە بۆ مەبەستی سیاسی (ئالووش ۱۹۸۷، ل۲۵۵). جێگای سەرنجە کە هەموو ئەو بەراوردکارە عەرەبانەی کە بەرهەمەکانیان لە لایەن بازنەکانی ئەدەبی فارسەوە وەرگیراون، سەر بە قاهیرە و بەیروت و دیمەشقن -واتە ئەو ولاتە عەرەبییانەی کە ئێران لە مێژوودا پەیوەندیی سیاسی لەگەڵدا پاراستووە.

ئەم ناوەندگەرایی‌یە فارس-شیعەیە لە ئێران (و ناوەندگەرایی عەرەبی-ئیسلامی هاوشێوە لە جیهانی عەرەبیدا) تەنانەت هەوڵیان داوە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئەم ناوەندگەرایی‌یە شەرعی(دینی) فارس-عەرەبی-ئیسلامی دروست بکەن، کە لە زمانی عەرەبی، ئیسلامی و ئێرانی لە قوتابخانەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

قوتابخانەی عەرەبی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری

لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، "چەمکی المدرسة العربیة فی الاداب المقران" (قوتابخانەی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبی)، یەکێک بووە لە دەستەواژە بەکارهێنراوەکان و لە هەمان کاتدا چەواشەکارترین دەستەواژەکان لە وشەسازیی زمانی عەرەبیدا لە بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا. ئەم زاراوەیە نەک هەر هیچ داهێنانێکی تیۆری نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لەپێناوی ناوەندگەرایی عەرەبیدا بەکار هاتووە و لە یەکەم هەنگاودا وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە قوتابخانە فەرەنسی، ئەمریکی و سلاڤییەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا دەرکەوت. چەمکی 'قوتابخانەی عەرەبی' زۆرجار وەک ئەجێندای ناسیۆنالیستەکانی جیهانی عەرەبی وەک کاتالیستێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە و سەلماندنی کاریگەری و بااڵدەستیی زمانی عەرەبی بەسەر زمانەکانی دیکەدا بەکار هێنراوە. هەروەها بۆ مەبەستی دیکە لە دەرەوەی ئەدەبیات بەکار هاتووە بە تایبەتی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ وێناکردنی جیهانی عەرەبی وەک "بلۆکێکی یەکگرتوو" بە یەک زمان و ئەدەبی عەرەبییەوە. لەم ڕوانگەیەوە قوتابخانەی عەرەبی پێویستی بە دوو مەرجی سەرەکیی پێویست هەیە بۆ

هەولێر

ئەوەی هەر لێکۆڵینەوەیەک بخرێتە ناو ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە: زمانی جیاواز و پەیوەندیی مێژوویی بە شێوازی کاریگەری و سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە. "کەفافی"، یەکێک لە داکۆکیکارە پێشەنگەکانی قوتابخانەی عەرەبی دەپرسێت؛ ئایا ئێمە لە توێژینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکاندا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان شیعری عەرەبی مۆدێرن لە میسر و شیعری عەرەبی مۆدێرن لە لوبنانمان ئەنجام داوە؟ دەڵێ راستییەکە ئەوەیە کە سنووری سیاسییەکان ناتوانن پێوەر بن بۆ جیاکردنەوەی ئەدەبەکان بۆ ئەوەی بیانکەنە ئەدەبیاتێکی جیاواز یان بۆ ئەوەی بخرێنە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە وەک ئەدەبیاتی زمانی جیاواز" (١٩٧١، ل٢٤). قوتابخانەی عەرەبی لە پێناو بەهێزکردنی ناوەندگەرایی عەرەبیدا تەنانەت ئەوەی بە زمانی عەرەبی لەلایەن پسپۆڕانی غەیرە عەرەبیشەوە نووسراوە، بە ئەدەبی عەرەبی دەزانێت، جەمالئەدین داکۆکیکارێکی دیکەی قوتابخانەی عەرەبی نووسیویەتی(١٩٨٩، ل٥): ئەگەر شاعیرێک یان نووسەرێک بە زمانی عەرەبی بنووسێت، ئێمە ئەدەبیاتەکەیان بە عەرەبی دەزانین، سەرەڕای ڕەگەزی جیاوازیان. بۆیە ئەو دیوانە عەرەبییانە و بەرهەمەکانی نووسەرانی فارس وەک نمونەی ئەدەبیاتی عەرەبی دادەنرێت نەک فارسی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ناوەندگەراییە عەرەبییەی قوتابخانەی عەرەبی و نەبوونی هیچ داهێنانێکی تیۆری، هەرچەند پسپۆڕانی عەرەب وەک ئیستایف (٢٠٠٧) ڕەتی دەکەنەوە ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنن و پێیان باشە کە "عەرەب و ئەدەبیاتی بەراوردکاری" بەکار بهێنن. وەک من ڕوونم کردووەتەوە، قوتابخانەی عەرەبی پەیوەندییەکی یەکگرتوو و بەردەوامی لەگەڵ چەمکە ئایدیۆلۆژییە بارگاویکراوەکانی "خێڵێکی هەڵبژێردراو" لە سەردەمی پێش ئیسلامدا هەیە، یان "نەتەوەیەکی هەڵبژێردراو" لە عەرەبستانی سەدەی ناوەڕاستدا، و لەگەڵ دیاردە بارگاویکراوە هاوشێوەکانی وەک "یان عەرەبیزم"، "بلۆکی عەرەبی"، "یەکێتیی عەرەبی"، و لەم دوایی‌یانەشدا بەهاری عەرەبی (٢٠١٥، ل٤٠-٦٧).

ئەدەبیاتی بەراوردکاریی قوتابخانەی ئیسلامی

لە کاتێکدا ناسیۆنالیستەکانی جیهانی عەرەبی بانگەشەیان بۆ قوتابخانەی عەرەبی دەکرد، ئیسلامییەکانی جیهانی عەرەبی چەمکی تایبەت بە خۆیان واتە، "مەکتەبی ئیسلامیی ئەدەبیاتی بەراوردکاری"یان داهێنا. ئەم چەمکە وەک کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دژی قوتابخانە فەرەنسی، ئەمریکی، سلاڤاکی و عەرەبە ناسیونالیستەکان دەرکەوت. مانیفێستی تیۆریی ئەم قوتابخانەیە کتێبەکانی مەکییە کە بریتین لە بەرەو ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ئیسلامی، و پێشەکی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ئیسلامی. مەکی (١٩٢٤-٢١٧) بۆ ناساندنی قوتابخانەکە ئاوەها پێناسەی دەکات: "بواریکی مومکین و فراوان لە چوارچێوەی بوارەکەدا هەیە وە ئەویش ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ئیسلامییە. ئەگەر تیۆریستەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئامانجە جوانکارییەکانی بوارەکە پێش کەوتبن، ئەوەتا ئیسلام لە ئامانجی کۆتاییی خۆی لە بوارەکەدا وەپێش کەوتووە و ئامرازێکی ئەدەبیی بەسوودی لە بەرزکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی لە دەرەوەی ڕەنگ، ڕەگەز و زمان بەدەست هێناوە" (١٩٩٤، ل٥). هاوشێوەی قوتابخانەی عەرەبی، قوتابخانەی ئیسلامیش هیچ داهێنانێکی تیۆری لە توێژینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکاندا بەدەست نەهێناوە. زۆرجار ئەم

دەستەواژەیە وەک کاتالیستێکی سەرەکی بۆ تیشک خستن و هەڵسەنگاندنی ئەدەبیی جیهانی ئیسلامی لە لایەک و کەمکردنەوەی گرینگی و بایەخی ئەدەبیاتی ناموسڵمانەکان لە لایەکی دیکەوە بەکار هاتووە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم مەکتەبی ئیسلامییە دەتوانرێ بگەڕێتەوە بۆ ناوەندگەراییی ئیسلامی لە چوارچێوەی قۆناغ و مەودا مێژوویی‌یە جیاوازەکاندا. وەک نیشانم داوە، ئەو دەستەواژە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ "باشترین نەتەوە" لە سەردەمی پێش مۆدێرن و لەگەڵ "پان-ئیسلامیزم"، "یەکگرتوویی ئیسلامی"، "نزیکبوونی مەکتەبەکانی هزری ئیسلامی" و دواجار لە بەهاری ئیسلامی لە سەردەمی جیهانی عەرەبیی ئەمڕۆدا هەیە (٢٠١٥، ل ٤٠-٦٧). لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە پێشوازییەکی بێوێنە لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبی لە ئێراندا کراوە (خزری، ٢٠٢٠، ل ١٠٥-١٤٠). هەر دوو قوتابخانەی ئیسلامی و عەرەبی لە بازنەی ئەدەبی بەراوردکاریی فارسیدا وەرگیراون و گفتوگۆیان لەسەر کراوە. قوتابخانەی ئیسلامی تەنیا بۆ تیشک خستنە سەر ئەو تەوەرە ئەدەبیانەی کە ناوەندی شیعەگەرایین، بەکار هێنراوە. بەڵام دۆخی قوتابخانەی عەرەبی کەمێک جیاواز بووە. هەندێک وەک ئەزموونێکی عەرەبی بەناو دژە ئیمپریالیزم وەریانگرتووە، هەربۆیە پێشوازییان لێ کردووە. هەندێکی تریش تەنیا وەک ئەزموونێکی ناوەندگەرایی عەرەبی وەریانگرتووە. بەراوردکارە فارسەکان لە هەوڵە دژە عەرەبی و پاوانخوازییە فارسیزمەکانیاندا چەمکی خۆیان داهێناوە و ئەویش قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئێرانییە!

قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئێرانی

هاوشێوەی قوتابخانەی عەرەبی و ئیسلامی، قوتابخانەی ئێرانیش، هیچ داهێنانێکی لە تیۆری ئەدەبیدا نییە. زۆرجار ئەم دەستەواژەیە لەلایەن پسپۆرانی فارس-شیعەوە وەک کاتالیستێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە و نیشاندانی کاریگەرییەکەی بۆ بااڵدەست نیشاندانی فارسی و شیعەگەرایی بەسەر زمان و ئایینەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا بەکار هێنراوە. میرزایی و سەلیمی پێشنیاری جێبەجێکردنی قوتابخانەیەکی ئێرانیان کردووە وەک "کاتالیستێک بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەک بنەمایێکی ئەکادیمی لە ئێران" و "بەکارهێنانی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی نیشتمانی/[فارسی]" (٢٠١٠ ، ل٢-٧). ئەکبەری بە ئاماژەدان بە "پلۆرالیزمی کولتووریی فەلاتی ئێران"، داوای قوتابخانەی ئێرانی دەکات، چونکە تەنیا لە ڕێگەی قوتابخانەیەکی لەو شێوەیە دەتوانرا "هەڵسەنگاندن لە نێوان دوو شاعیری ناو سنوورەکانی ئێران لە دوو قۆناغی جیاوازدا بکرێت". زەینیوەند (٢٠١٣، ل٢) لە وتارەکەیدا بەناوی "قوتابخانەی ئێرانی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری"، بانگەشەی ئەوە دەکات کە قوتابخانەی ئێرانی "یۆرۆسەنتریزم" و "ئامانجە کۆلۆنیالیزم و ئیمپراتۆری" قووڵەکانی بواڕەکە ڕەت دەکاتەوە و "ئیسلامی-ئێرانی" لە شوێنی ئەوان دادەنێت." بەڕوای وایە قوتابخانەی سلافی لە خوێندنەوەکەیدا بانگەشە بۆ کۆمۆنیزم دەکات، قوتابخانەی فەرەنسی داکۆکی لە یۆرۆسەنتریزم دەکات و قوتابخانەی ئەمریکی داکۆکی لە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەکات، بەڵام مەکتەبی ئێرانی "قوتابخانەیەکی نوێیە کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لەگەڵ کولتوور و ناسنامەی ئێرانێکی پاک و ئیسلامیی پاکدا هەیە. ئامانجی ئەم قوتابخانەیە بەهێزکردنی بنەمای ئەدەبی

هەواڵنامەی گشتی

نیشـــتمانی و ئەدەبی ئیسلامی و بەکارهێنانی ئەم دووانە وەک کاتالیســـتێک بۆ تێگەیشتن لە کولتوورەکانی تر. بۆیە دوو دەســـتەواژەی ســـەرەکیی ئـــەم قوتابخانەیـــە بریتین لە: "فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئێرانی" و "دوکتورینی ئایینـــی" (هەمـــان ســـەرچاوە، ل۵). ئەو "دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشـــەی پاکی کولتوور و شارســـتانییەتی ئێران" و "تەرکیزکردن لەسەر ئەدەبـــی ڕۆحی، ئەخلاقـــی و پابەند" بە دوو جیاوازیی ســـەرەکیی نێوان ئەم قوتابخانەیە و قوتابخانەکانی دیکەی ئەدەبیاتی بەراوردکاری دەزانێت (هـــەمـــان ســـەرچـــاوە، ل۷). بـــێ گومان بـــواری ئەدەبی بـــەراوردکاری لـــە ئێـــران و تـــا ڕادەیەک لـــە جیهانی عەرەبیـــدا لـــە قەیرانێکـــی جددیدایە، بە تایبەتـــی لە بـــواری تیۆریـــی ئەدەبییەوە. لـــە ڕێگـــەی ســـنووردارکردنی زمانـــی ئینگلیزی لـــە ئێرانـــدا لەژێر ئاراســـتەی حکومەتدا، لایەنی یۆرۆســـەنتریکی بوارەکە هێندەی تیشـــک خراوەتە ســـەر و دووبارە گوتراوەتـــەوە کە بووەتـــە جێگرەوەیەک بۆ خـــودی بوارەکـــە، هەربۆیە لـــە ئەنجامدا بانگەوازێکی گشـــتی بۆ جێگرتنەوەی بواری یۆرۆســـەنتریزمی بە ناوەندگەرایی‌یـــەکی فارس-شیعە هـــاتـــووەتـــە ئـــاراوە.

بـــەراوردکـــردن لـــە دەرەوەی جیهانـــی ئیســـلامی؟

دواییـــن بەرهەمە ڕەخنەیی‌یەکان لەســـەر ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا بانگەشـــەی ئەوە دەکـــەن کە ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریی فارســـی پێشـــکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و پێشـــبینی دەکرێ لـــە گلۆبالیزمی ئەو بـــوارەدا بەشـــداریێکی بەرچاوی هەبێ (گۆڵد، ۲۰۱۱؛ ئەنووشیروانی، ۲۰۱۲؛ ئەحمەد، ۲۰۱۶؛ میرزابابـــازادە- فۆمێشـــی ، ۲۰۱۷). ئەنوشـــیرەوانی، یەکێـــک لە ناســـراوترین بەراوردکارەکانـــی ئەمـــڕۆی نێوخۆی ئێران، لـــە لێکۆڵینـــەوەی زمانـــی ئینگلیزیـــی ســـاڵی ۲۰۱۲ی "ئەدەبـــی بـــەراوردکاری لـــە ئێـــران"دا، پێگەی ئـــەو بـــوارە لە ئێـــران و جیهانی ئیســـلامیدا بەم شـــێوە بـــاس دەکات "ئەدەبـــی بـــەراوردکاری لە وڵاتانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و وڵاتانی دراوســـێ بە خێرایی گەشـــە دەستێنێت. خوێندکارانـــی دەرچـــووی ئێرانـــی لـــە بەشـــە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی نیشـــتمانی گرنگییەکـــی زۆریان بە ڕەوتـــە نوێیەکانی توێژینەوەی ئەدەبیاتی بەراوردکاری نیشـــان داوە. هەروەها پێشتر دەســـتیان کردووە بە نووســـینی تێزی نێوان زانســـتەکان (نێوان بواریەکان) لەســـەر ئەدەب و نیگارکێشی، ئەدەب و ســـینەما و ئەدەب و لێکۆڵینەوەی کولتـــووری" (ل۴۸۹). ئەنوشـــیروانی بـــە ڕەخنەگرتن لـــە یۆرۆســـەنتریزمی بوارەکە لە ڕۆژئـــاوا، داهاتوویەکی گـــەش بۆ بوارە ئێرانییەکەی پێشـــبینی دەکات. لە کۆتاییدا دەڵێـــت: "وێدەچێت ئەکادیمیـــای ئێرانی کە توانا و بەرپرســـیارێتیی بەرەوپێشـــبردن و بەردەوامیـــی ئـــەو بوارەی لە ئەســـتۆیە و دیدێکـــی جیهانـــی لە مێشـــکدا هەیە. لـــەم ڕووەوە دەبێ پەیوەندییـــە ئەدەبی و کولتووریی‌یەکانـــی نێوان ئاســـیایی‌یەکان کە لەمێژە پشـــتگوێ خراوە، دیســـانەوە پێش بخرێنـــەوە" (هەمان ســـەرچاوە، ل۴۹۱). بۆ نیشـــاندانی نادروســـتیی ئەم بانگەشـــانە ســـەبارەت بە پێگـــە و ئەم گەشـــبینییە نا اســـتەقینەیە ســـەبارەت بە داهاتووی بوارەکە لە ئێرانـــدا، ئاماژە بە دواییـــن لێکۆڵینەوەی ئەنوشـــیرەوانی دەکـــەم. ئەنوشـــیرەوانی لە وتارە فارسییەکەی لە ســـاڵی ۲۰۱۹ بەناوی "هەڵوەشـــاندنەوەی ئەدەبی بـــەراوردکاری لە ئێران"دا، ئاراســـتەیەکی تەواو پێچەوانەی وتارە ئینگلیزییەکەی ســـاڵی ۲۰۱۲ی دەگرێتە بەر. ناوبراو بـــە ئاماژەدان بە قەیرانی ئێســـتای ئەم بوارە لە ئێران، گلەیـــی لە کەمبوونەوە و جێبەجێکردنی نادروســـتیی تیۆرییەکان، میتۆدی لێکۆڵینەوەی ڕووکـــەش، نەبوونی زانکۆ و مەنهەجـــی هەمەلایەنە و قۆرخکاری و نەبوونـــی لێبوردەیـــی دەکات (ل۷۹). ئەنوشـــیرەوانی بە تاوانبارکردنـــی بازنەکانی ئەدەبـــی بەراوردکاریـــی فارســـی-عەرەبی

دەگاتە ئەو ئەنجامە کە "ئەمڕۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا ڕووبەڕووی قەیرانێکی جددی بووەتەوە و داخستنی باشترە لەوەی دریژە بە کارەکانی بدات. دوای چەند دەیەیەک لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران، من گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامە کە هیچ هیوایەک بۆ دامەزراندن و جێبەجێکردنی ئەم بوارە لە ئێراندا نییە" (ل۷۹-۱۰۶). ئەنوشیرەوانی ڕاست دەکات و بە حەقەوە تیشک دەخاتە سەر هەندێک لە قەیرانە سەرەکییەکانی ئەم بوارە لە ئێرانی ئەمڕۆدا. بەڵام ئامادە نییە ئاماژە بەوە بکات کە لە بنەڕەتدا بەربەستی سەرەکیی بەردەم بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ناوەندگەرایی فارس-شیعەی ئێرانییەوە دەستپێدەکات. ئەنوشیرەوانی لە کاتێکدا پێشنیاری جوگرافیایەک دەکات لە باشووری ئاسیاوە دەست پێدەکات و تا قەفقاز و ئەفریقا، لە چینەوە تا دەریای ناوەڕاست و لە دێهلی تا ئەستەنبوڵ کە بخرێتە ناو جوگرافیای ئەدەبیاتی بەراوردکاریی فارسییەوە، لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە کولتوورە غەیرە فارسییەکانی ئێران دەکات. گۆڵد لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە ساڵی ۲۰۱۱ بەناوی "جوگرافیای ئەدەبیاتی بەراوردکاری"، ڕەخنە لە مەیلی یۆرۆسەنتەری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئەکادیمیای ڕۆژئاوادا دەگرێت بە بەراورد لەگەڵ دیسیپلینی مێژوو. ئەو تێڕوانینێکی گشتی لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامیدا، بە تایبەتی عەرەبی و فارسی دەخاتە ڕوو و پێشبینی داهاتوویەکی گەش بۆ ئەو بوارە دەکات، کە بە گوتەی خۆی دەتوانێت "لەدایکبوونەوەی دووبارە"بەو بوارە بدات بە پێچەوانەی ئەو پێشبینیەی کە لە لایەن سپیڤاک پێشنیار کراوە کە پێی وایە بواری ئەدەبی بەراوردکاری بە شێوەیکی گشتی مردووە (ل۱۸۴).

لێرەدا من تەحەدای ئارگیۆمێنتەکانی ئەو سەبارەت بە یۆرۆسەنتەریزمی بوارەکە بە بەراورد بە ئارگیۆمێنتەکانی مێژوو ناکەم. بێگومان یەکێک لەو چەمکانەی کە زۆرترین باسی لێوە کراوە لە ڕەنگدانەوەی ئەم دوایینەدا سەبارەت بە ناسنامەی بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری یۆرۆسەنتریزم بووە. تەنانەت ئەو بەراوردکارانەی کە زۆرترین ڕەخنە و قسەیان لەسەر کاراکتەری یۆرۆسەنتریکی بوارەکە کردووە، هێشتا سەرقاڵی ئەرشیفی ئەوروپی و ڕۆژئاوان. تەنانەت لێکۆڵینەوەکانی گۆڵد لێرەدا بە توندی بەدەست نەبوونی گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی فارسی و عەرەبی سەبارەت بەو بوارە لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا دەنالێنێت. ئەوەی لێرەدا ئامانجی منە، ئەوەیە کە بۆچی زۆرێک لە پسپۆڕانی جیهانی ئیسلامی هەرچەندە ڕەخنە لە یۆرۆسەنتریزمی ئەو بوارە دەگرن، بەڵام لەم ناوەندگەرایی‌یە قوواڵە فارسی-عەرەبییەی بوارەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوپۆشی دەکەن؟ گۆڵد بە بانگەشەی تایبەتمەندییەکی ئیمپراتۆری بۆ زمانی ئینگلیزی لە بەرانبەر ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بانگەشە دەکات: "لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی زانکۆی دیمەشق، توێژینەوە بەراوردکارییەکان بە شێوەیەکی باو لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا هەڵکەوتوون. کاریگەرییە کێشەدارەکانی ئەم سەریەککەوتنە کە توانای تەکنیکی لە زمانی ئینگلیزیدا بە یەکسان لەگەڵ بەراوردکاری دەزانێت و بەراوردکاریش یەکسان بە ڕواندنەوە لە زمانی ئینگلیزیدا لەلایەن ئێدوارد سەعید و کەسانی دیکەوە باس کراوە" (ل۱۷۳). ئەوەی گۆڵد بانگەشەی دەکات سەبارەت بە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی ڕاست نییە، هەروەها بۆ زانکۆی دیمەشق بە تایبەتی ڕاست نییە. بەشی

زمانی ئینگلیزی له زانکۆی دیمەشق تەنیا خولی دوو کرێدیتی "ئەدەبیاتی بەراوردکاری" له بەکالۆریۆس له بەشی ئینگلیزیدا هەبووە. هەمان خول دەیان ساڵە له رێگەی بەشەکانی زمانی عەرەبی و فارسییەوە بۆ هەر دوو پرۆگرامی بەکالۆریۆس و سەرەوەتریش پێشکەش دەکرێت. هاوکات له ساڵی ٢٠١١ کە گۆڵد وتارەکەی بڵاو کردەوە، پێشتر سەدان تێز و بڕوانامە له بەشی عەرەبیدا پێشکەش کرابوون، له کاتێکدا بەشی ئینگلیزی له زانکۆی دیمەشق تەنیا یەک بڕوانامەی ماستری زانستی هەبووە کە لەلایەن ناهید هاشمەوە له ساڵی ٢٠١٠ وەرگیراوە، رەنگە ئەم بڕوانامە ئینگلیزییە تاکە سەرچاوە بێت کە گۆڵد بۆ پشتگیریکردن له بانگەشەی خۆی سەبارەت بە ئەدەبیاتی بەراوردکاری له زانکۆکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ بەستووە. دۆخێکی هاوشێوە له زانکۆکانی تری ئێراندا رەچاو دەکرێت کە تۆژینەوە بەراوردکارییەکان بە شێوەیەکی باو له چوارچێوەی بەشەکانی ڕووسیا و فەرەنسا پێش شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ گۆڕدراون بە بەشی عەرەبی و فارسی دوای شۆڕش ئیسلامی. پاشان گۆڵد له دریژەدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە، "سەرکەوتنی هاوچەرخی ئەدەبیاتی بەراوردکاری له جیهانی عەرەبی و فارسیدا، رێڕەوێک کە بەوردی پێچەوانەی رەچەڵەکی ئەمریکای باکوور و ئەوروپیی پەیڕەو دەکات. رەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە له جیهانی ئیسلامیدا بواڕەکە له پێشەنگی مشتومڕەکاندا له تۆژینەوەکانی پاش کۆلۆنیالیزم و رەگەزدا وەستاوە بە شێوەیەک کە بە ویست و خواستی بێت، بەڵام زۆرجار نەیتوانیوە بە شێوازی ئەمریکای باکووردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ" (ل١٧٩). گۆڵد نەک هەر نەیتوانیوە یەک سەرچاوەی بە بەڵگە بۆ ئەم بانگەشەیە پێشکەش بکات، بەڵکو لە یەکێک لەو پێکهاتانەش وەکو لێکۆڵینەوەکانی رەگەزی کە بێگومان لەژێر شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩دا زۆرترین زیانی پێگەیشتووە، چاوپۆشی دەکات. یەکەم جار پرۆگرامەکانی "خوێندنی ژنان" له ساڵی ٢٠٠١ لەسەر ئاستی ماستەری هونەری له سێ زانکۆدا دامەزرا: ئەلزەهرا، عەلامە تەباتەبایی و تەربیەت مودەریس له تاران. حەداد عادل سەرۆکی ئێستای ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسی له ئێران و هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی تایبەتیی شۆڕشی فەرهەنگی له ساڵی ٢٠١٢دا ڕایگەیاند "ئەو شێوازەی کە خوێندنی ژنان له زانکۆکانی ئەمرۆی جیهانیدا دەگوترێتەوە لەگەڵ ئیسلامدا لە ململانێیەکی جددیدایە. بۆیە ئەنجومەنەکەمان بریاری داوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە بواڕەکەدا بچێتەوە" (دوێچە، ٢٠١٢). ئەنجومەنەکە له کۆی ٢٠ ئەندامی نووسەرانی، ١٢ ئەندامی شیعەی تێدایە. ناوی بەشەکانی بواڕەکەی گۆڕیوە بۆ "تۆژینەوەی خێزان و مافەکانی ژنان له ئیسلامدا". تەنیا چەند مانگێک پێش وتارەکەی گۆڵد، شاهیدی ئەوە بووین کە ئەم گوتارە دژە فێمینیستییەی ئەکادیمیای ئێران، لەژێر کۆنترۆڵی تونڵی حکومەتدا ناوی ناسراوترین شاعیری فێمینیستی هاوچەرخی ئێرانی، "فروغ فرخزاد" (١٩٣٤-١٩٦٧) له ئەنتۆلۆژیای شاعیرانی جیهانی هاوچەرخ و ئێران بەهۆی گوتاری فێمینیستییەوە سڕییەوە(بی بی سی، ٢٠١٠). تەنانەت چاوخشاندنێکی کورت بە زانیاری و مەنهەجی گشتی "تۆژینەوە خێزانییەکان" لە ئێران، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بەرنامانە بەتەواوی دژایەتیی ئامانجە سەرەکییەکانی تۆژینەوەی ڕەگەز و ژنانە کە ئێمە لە ئەمریکای باکوور لێیان تێدەگەین. گۆڵد لە بەشێکی تری وتارەکەیدا "پارەگرافێک" بە زمانی فارسی لەسەر

بەرگـــی بەربڵاوترین ســـایتی ئەلیکترۆنی چاپی یەکەمـــی "ئەنتولـــۆژی"ی تیۆری و ڕەخنەی نۆرتـــۆن (NATC) وەکوو بەڵگە هێناوەتەوە وەک نیشـــانەیەک کە ئەنتۆلۆژیا بە شـــێوەیەکی بەرفـــراوان لەلایەن بینەری فارســـەوە دەخوێندرێتەوە. هیچ بەڵگەیەک کـــە NATC لەلایـــەن ئێرانییەکانـــەوە خوێندرابێتـــەوە یـــان هەرگیـــز بخرێتە مەنهەجـــی هیچ زانکۆیەکـــی ئێرانەوە لەبەر دەســـتدا نییە، ڕەنگـــە لەبەر ئـــەوە بێت کە لـــە ئێرانـــدا مافی چاپکردنـــی نییە و کەســـێکیش لە ئینتەرنێتدا دایبەزاندووە. لە ئەنجامدا NATC لە سەرانســـەری جیهاندا لەلایـــەن ئـــەو زانایانـــە خوێندراوەتـــەوە کـــە بەتەواوەتـــی توانایـــی خوێندنەوەیان لـــە زمانی ئینگلیزیـــدا هەیە، بـــەڵام ئەم حاڵەتە لـــە ئێرانـــدا لەنێـــوان زۆرێک لە بینەرانـــی ئێرانـــی دوورە لە ڕاســـتییەوە. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرســـوڕمانە ئەوەیە کە ئەم "وتە گێڕدراوە"ی فارســـی لەســـەر NATC ســـەر بە کتێبخانـــەی هاوکاری ئەدەبیاتی فارســـی و زمانـــە بیانییەکانە لە زانکـــۆی عەلامە تەباتەبایـــی (ATU) و لە تـــاران دانـــراوە کە لـــە ئێران لـــە بواری دژە-خۆرئاوا، بە شـــیعەکردن، خۆجێیکردن، دژە کۆســـمۆپۆلیتیزم، و جیاکاریی ڕەگەزی لـــە زانســـتە مرۆییەکانـــدا زانکۆیکـــی پێشـــەنگە. هـــەر لـــەم دواییانـــەدا لە مانگـــی ئابـــی ٢٠١١، لە کاتێکـــدا گۆڵد ئەو بانگەشـــەیەی دەکـــرد، زانکۆی عەلامە تەباتەبایی ١٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆســـی لە زانســـتە مرۆییەکان لـــە مەنهەجەکەیدا لابـــرد، ئەمـــەش دوای ڕەخنەکانـــی ســـەرکردەی باڵای ئێســـتای ئێران لەسەر "داگیرکاریی کولتووریی ڕۆژئاوا لە زانســـتە مرۆییـــەکان" ڕووی دا (بـــی بی ســـی، ٢٠١١). بە چاوخشـــاندنێک بـــە مەنهەج لـــە بەشـــی ئینگلیزی لە زانکـــۆی عەلامە تەباتەبایـــی و هەروەهـــا زانکۆکانی دیکەی ئێـــران، ئامادەبووانی پۆتانســـێلی NATC دەتوانن بـــە ئاســـانی بانگەشـــەی گۆڵد پێچەوانـــە بکەنـــەوە کە ئـــەم مەنهەج و بەرنامانـــە بەتـــەواوی لە هەر کۆرســـێکی بەرچـــاو لە تیۆریـــی ئەدەبیدا بێبەشـــن. جێگای ســـەرنجە لەنێوان ســـێ چەمکی پۆتانســـێلی فارسی-ئیســـلامی بۆ چەمکی ئینگلیزی "ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری"، واتە "ادبیـــات ســـنجش، ادبیات مقایســـه‌ای و ادبیات تطبیقی" بازنەکانی ئەدەبی فارســـی ئەو چەمکەیـــان وەرگرتووە کـــە کەمترین پەیوەنـــدی بـــە تیۆریـــی ئەدەبییـــەوە هەیـــە. 'ئەدەبیاتـــی تەتبیقی لـــە ڕووی زمانناســـییەوە چەمکی فارســـی-عەرەبی «تەتبیـــق» بـــە واتـــای جێبەجێکردنە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکـــی پراکتیکی بگەیەنێ بـــۆ هەڵســـەنگاندن. چەمکـــی فارســـیی "ادبیـــات تطبیقـــی" بەتـــەواوی لەگەڵ هاوتـــا ئینگلیزیەکەیـــدا ناگونجێت. لایەنی "پراکتیکـــی" و "هاوتـــا"ی ئـــەم چەمکە فارســـی-عەرەبییە ناتوانێت بەتەواوی تیۆریی نێوان زانســـتی چەمکـــی ئینگلیزی بگرێت. بە پێچەوانەی بانگەشـــەی گۆڵد لەسەر ئەم تایپۆگرافییە، ئەوەی ڕاســـتی بێ، بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لە ســـەرەتای دامەزراندنیانـــەوە بەگومانەوە ســـەیری تیۆریـــی ئەدەبـــی ڕۆژئاوایـــی، ژانرەکان و بـــە تایبەتی بـــواری ئەدەبیاتی بەراوردکارییـــان کـــردووە. ئـــەم گومان و نیگەرانییـــە لـــە ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری ئەوەنـــدە بەهێز بـــوو کە یەکـــەم دەقی ئەکادیمیی عەرەبی لەســـەر ئـــەو بواڕە لە جیهانی عەرەبیدا لەنێوان ســـاڵانی ١٩٠٢-١٩٠٣ لە گۆڤـــاری ئەلهیـــلال و لە چاپی یەکەمیـــدا وەک کتێب لە ســـاڵی ١٩٠٤دا بەبێ ناونیشـــان بـــاڵاو کرایـــەوە، (بڕوانە: ئەل -خەتیـــب، ١٩٨٥) چونکـــە بە وتەی ناســـراوترین بـــەراوردکارە عەرەبەکان وەکو حســـام ئەلخەتیب دەڵێ "پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئـــاوا و بیرۆکە پێشـــکەوتنخوازەکان لەو قۆناغـــەدا مایەی شـــەرمەزاری و تووڕەیی فەرمی بـــۆ خاوەنەکەی، واتا عـــەرەب بوو، هەرچەنـــد ئەگەر لـــە ســـنووری کولتوور

و ئەدەبدا مایەوە" (١٩٨٤، ل١٨). ڕەنگە هۆکاری هاوشێوە لە پشت یەکەم وەرگێڕانی عەرەبی و فارسیی کتێبێکی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە بێت، کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەبێ ناو چاپ کراوە و وەرگێڕانی فارسییەکەی لەژێر ناوی "وەرگێڕ"دا چاپ کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە نووسەرە ڕۆژئاواییەکەی بکرێت. (خەزری، ٢٠١٥، ل.٤١). ئایا ئەم وێناکردنە ناهاوسەنگ و لایەنگرییەی بوارەکە لە ئەمریکای باکوور هێشتا نیشانەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە تێۆرێنەوەی ناوچەیی کە زاڵە بەسەر دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە و وانەوتنەوە سەبارەت بە "ئەوانی دیکە"ی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات، ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و زانستی بووەتەوە؟ یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە تێۆرێنەوەکانی پاش (پۆست)کۆلۆنیالیزم لە ئەمریکا لە پێشەنگی تێۆرێنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەستاون. لە لایەکەوە پسپۆڕانی پاش کۆلۆنیالیزم لە بواری تێۆرێنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی یۆرۆسەنتریزمی بوارەکە و ئینکاری تووندوتیژیی جیهانی ڕۆژئاوا لە دەزگای مێژوویی و سەربەخۆیی و مافەکانی زمانی خەڵکی ژێردەستەن و لە لایەکی دیکەوە بە بێدەنگی تەسلیمی بواری ناوەندگەرایی فارس-عەرەبی-ئیسلامی و ئینکاری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەزگای مێژوویی و سەربەخۆیی و مافەکانی زمانی خەڵکەکەیان کە بە تووندوتیژی ژێردەستەیان کردووە، دەبن. ئەزموونەکانی زمان و کولتووری بێدەوڵەتە ژێردەستەکان و کۆلۆنیالیزەکراوەکانی ناوخۆیان لە بەرژەوەندیی زمان و کولتووری بااڵدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماتریکسێکی دووانەییدا کە بریتیە لە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە جیهانێکی "کۆلۆنیالیزەکراو"ی ئێران/ئیسلامی سڕیوەتەوە. جگە لەوەش زۆرجار وێنەیەکی ناڕاست و زیادەڕەوییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشان داوە کە لە ئەنجامدا "ڕۆژهەڵاتناسیی پێچەوانە" یان "پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتناسی"ی لێ کەوتووەتەوە (بروجردی ١٩٩٨، ل٤٣-٥٥). لە ڕێگەی ئەم چاوێلکەیەوە مرۆڤ دەتوانێ لە ئینکاری ئێدوارد سەعید لە کیمیاباران ڕژێمی بەعسی عێراق بۆ سەر شاری هەڵەبجەی کوردستان و بێدەنگی لە هەڵمەتی بەدناوی ئەنفال لە دژی کوردەکان لەلایەن هەمان ڕژێمەوە کە هەزاران کەسی تێدا کۆمەڵکوژ کران، تێ بگات. سەعید لە پێشانگای کتێب لە لەندەن ئاماژەی بەوە کردووە "ئەو بانگەشەیەی کە عێراق هاووڵاتییانی خۆی کیمیاباران کردووە، زۆر دووپات بووەتەوە و لە باشترین حاڵەتدا ئەم دەنگویە ڕاست نییە " (١٩٩١).

ناوەندگەرایی فارس-شیعە و کۆسمۆپۆلیتکی (جیهانشەری) فارسی

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمەوە، سەرەڕای بواری فەرهەنگی، فەرزمانی و فەرهەنگەوەیی دانیشتووانی نیمچە دوورگەی ئێران، ڕۆشنبیرانی فارس زمان و ناسنامەی فارسی وەک سەرەکیترین زمان و ناسنامە بۆ هەموو ئێرانییەکان بە ئازەری، کورد، عەرەب، لۆڕ و بەلووچ ناساندووە. ئێرانیان وەک وڵاتی دایک (سەرزمین مادری) و لکاندنی بە زمانی فارسییەوە وەک زمانی دایکی (زبان مادری) و دواتر بە زمانی فەرمی (زبان ڕسمی) بەستووەتەوە (تۆرۆقی تەوەکولی ٢٠١١, ل١١٢). لەو کاتەوە دروستبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی مۆدێرنی ئێرانی بە پەیوەندییەکی نزیکەوە بە زمانی فارسییەوە بەستراوەتەوە (هەمان سەرچاوە، ل٩٦). ئەم جۆرە بۆچوونانە سەبارەت بە پێویستیی یەک زمانەوانی بۆ یەکێتیی نەتەوەیی لە

لایەن زۆر کەسایەتیی پێشەنگ لە شازادەی قاجار جەلال میرزا (١٨٣٢-١٨٧١)، تا باوکی ناسیۆنالیزمی فارسی کرمانی (١٨٥٤-١٨٩٧/١٨٩٦) تا ئەحمەدی کەسرەوی (١٨٩٠-١٩٤٦) ، زمانناس و مێژوونووسی دیاری ئێرانی هان دراوە، بۆ ئەوەی بە ئاشکرا داکۆکی لە نەهێشتنی هەموو زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران بکات. بۆ نموونە کەسرەوی بانگەشەی دەکرد کە فرەزمان دەبێتە هۆی ناتەبایی و هەربۆیە هەرچەندە هەمەچەشنی کەمتر بێت، یەکێتیی نەتەوەیی باشتر دەبێت (١٩٤٤، ل١). هەروەها ئەرکی سەرەکیی کارەکانی خۆی بەم شێوەیە کۆ دەکاتەوە "هەموو شتێک کە بەرگریم لێکردووە و ئاواتم خواستووە، نەهێشتنی زمانە غەیرەفارسییەکانە کە لە ئێراندا قسەیان پێ دەکرێت: تورکی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئاشووری و نیمچە زمانەکان [واتە کوردی]، بۆ ئەوەی هەموو ئێرانییەکان تەنیا بە یەک زمان قسە بکەن کە ئەویش فارسییە. ئەمە ویستی من بووە و بۆ ئەوەش هەوڵم داوە" (هەمان سەرچاوە). دەوڵەت لە رێگەی گرتنەبەری سیاستێکی لەو شێوەیە لە لایەن ڕۆشنبیرانی فارسەوە توانی زمان و ناسنامەی فارسی (یەک نەتەوە) یەکسان بە سەر هەموو زمان و شوناسە ئێرانییەکان (فرەنەتەوە) بسەپێنێت. زمان و ناسنامە غەیرەفارسییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی پەراوێز خران، تاوانبار کران و بێدەنگ کران (سوڵەیمانی و محەممەدپوور، ٢٠١٩). دامەزراوەی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە سیاستە لە بواری زمان و فەرهەنگ، ئەکادیمیای ئێران بوو. ڕەزا شا (م. ١٩٢٥-١٩٤١) لە ساڵی ٥/١٩٣٤ بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمانە عەرەبی و ئەورووپی و غەیرەفارسییەکانی ئێران، ئەکادیمیای ئێرانی دامەزراندووە. حیکمەت کە کارەکانی لەسەر ویلیام شکسپیر بە یەکەمین بەرهەمی ناتیۆری لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران دادەنرێت لە ساڵی ١٩٣٨ وەک سەرۆکی ئەکادیمیا دەستنیشان کرا. بەپێی قسەکانی فازلی کاری ئەم ئاکادیمیایە نەتەنیا بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمانی عەرەبی و ئەورووپی بەڵکو "مەبەست لە بەکارهێنانی زمان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری فارسی بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی بەسەر شوناسە نەتەوەیی و ناوچەییەکانی دیکەی ئێراندا بووە" (٢٠٠٦، ل٥٣). ئەکادیمیای ئێران لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەژێرناوی ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسیدا هەمان سیاستەتی دڕێژە پێداوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢دا ڕۆشنبیرانی فارس ئەنجومەنی بەرەوپێشبردنی زمان و ئەدەبی فارسییان دامەزراند بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی لە ناوچە غەیرەفارسییەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات. لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ەوە، زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەکادیمیای وەک مووحید (لەدایکبووی ١٩٢٤)، بە ئاشکرا داوای نەهێشتنی هەموو زمانە غەیرە فارسییەکانی ئێران دەکەن لەسەر بانگەشەی خۆیان کە زمانی فارسی وەک زمانێکی دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیزم نیشان بدەن، هەر داخوازییەک بۆ مافی زمانی کەمینەکان لە نێوخۆی ئێراندا بە هەوڵی کۆلۆنیالیزم و دەستێوەردانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بۆ لاوازکردنی پرۆژەکەیان چاو لێ دەکەن. بۆ نموونە شەفیعی کەدکەنی (لەدایکبووی ١٩٣٩) کەسایەتییە ئەدەبییە ناسراوەکەی فارسی چاو لێ بکەن کە هەر داواکارییەک بۆ مافی زمان و پەروەردەی فرەزمانی لەسەر بنەمای زمانی دایکی لە ئێراندا بە دەستێوەردانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەزانێت و دەڵێ: "ئەوان [ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا] باش دەزانن کە زمانی فارسی خاوەنی شاهنامە، مەسنەوی، سەعدی، حافز و نزامی بووە و دەتوانێت لەگەڵ شکسپیر

هەواڵنامەی ئێمە

زۆرانبازی بکات، بەڵام ئەمە لە زمانی ئوردوودا وا نییە. دوای ماوەیەک منداڵی هیندی بڕیار دەدات لە زمانی ئوردوو ڕزگاری بێت. ئەوانەی پێداگری لەسەر زمانە ڕەسەنەکانمان دەکەن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە باشترە شیعر بە شێوەزاری کەدکەنی ئامادە بکەین، ئەوان دەزانن چی دەکەن، چون دەزانن کە زاراوەی کەدکەنی، شاهنامە، مەسنەوی، نزامی و سەعدی تێدا نییە. ئەم زاراوەیە ئەگەر پێگەیەکی بەرزیش بەدەست بهێنێت لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێت چەند کورتەچیرۆک و شیعری ڕۆمانسی دروست بکات. پاشان منداڵە هیندییەکە مالئاوایی لەم جۆرە زاراوەیە دەکات و لەبری ئەوە خوێندنەوەی شکسپیر [بە ئینگلیزی] و پۆشکین [بە ڕووسی] هەڵدەبژێرێ" (شێخولئیسلامی ٢٠١٩، ل١١٨). جگە لە سیاسەتی پاککردنەوە، ئەکادیمیا و ئەنجومەنە دامەزراوە سەرەکییەکان بەرپرسن لە بەرەوپێشبردنی زمان و کولتووری فارسی لە دەرەوەی سنووری کانی ئێران. لە ئێستادا ئەم ئەکادیمیایە زیاتر لە پەنجا ئەندامی ئەکادیمییان لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور هەیە. بەرهەمەکانی ئەم زانایانە لە بنەڕەتدا کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوایی لە ئێران و ئەدەبیاتەکەی داناوە. جگە لەوەش ئەکادیمیا بەشی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ساڵی ٢٠٠٠دا دامەزراندووە. لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەک یەکەم و تاکە بەشی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران، بەشی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە پێشەنگی ناوەندگەراییەکی فرانتەیشنالی فارسی-شیعەدا بووە. زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی لە کێبرکێیەکی نزیکدا بوون بۆ ئەوەی وەک ئامرازی سەرەکی بۆ ئەم بەنەتەوەییکردنەی ئەم ناوەندگەراییەی فارس-شیعە بەکار بهێنرێن. لە ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە، مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێ بگات کە بۆچی لە دیدگای جیهانبینیی ئەنوشیروانیدا، بواریک کە تەنانەت لە چینەوە تا دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە، هیچ بواریکی بۆ زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران نەڕەخساندووە. گۆڤاری ئەم ڕێکخراوە، بەناوی "ئەدەبی بەراوردکاری"، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٠دا بڵاوکرایەوە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، گۆڤارەکە تەنانەت یەک بابەتی لەسەر کولتوورە غەیرەفارسییەکانی ئێران بڵاو نەکردووەتەوە. ئەم ناوەندگەراییەی فارس-شیعە نەک هەر قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئێرانی دامەزراند، بەڵکو تەنانەت ئێرانی وەک دامەزرێنەری ئەم بواره واتە ئەدەبی بەراوردکاری، (بانگەشەی خۆیان) ناساندووە. سەرۆکی پێشووی ئەم ئەنجومەنە و ئەندامی ئەکادیمیا، مەهدیە موحەقیق بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کە: "دەوترێت ڕۆژئاوا ئەدەبیاتی بەراوردکارییان دامەزراندووە و لە بەرنامەی ئەکادیمییەکانیاندا جێبەجێیان کردووە. وەک ڕوونە ئەم بانگەشەیە جگە لە قسەی بێمانا هیچی تر نییە، چونکە بەپێی ڕاستییە مێژوویییەکان، ئێران دامەزرێنەری بواری ئەدەبیاتی بەراوردکارییە لە جیهاندا" (سی ئن ئن ٢٠١٨). پسپۆڕانی فارسی لە ڕۆژئاوا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا چەند زمانی فارسی زمانێکی "بومی" بووە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە دەسەڵات و خاک و دانیشتووانی شارێکی دیاری کراوەوە هەبووە، بە کەم سەیریان کردووە. باسی پانتایی و کاریگەرییەکانی فارس لە چوارچێوەی «فارسیزم» دا هاتووە، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵانی شەستەکاندا لەلایەن مارشال هاجسنەوە (٢/١٩٧٤، ل٢٩٣) باس کراوە. هاجسن وەک مێژوونووسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە فارسیزم وەک "پرۆسەیەکی زمانەوانی و ئەدەبیە لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی کولتووری و بەم پێیەش تەنانەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە زۆر سەپێندراوە" (گرین، ٢٠١٩، ل٣). نوێگەرایی هاجسن لەگەڵ

گۆرانکارییە پارادایمییەکان کە بەهۆی وەرچەرخانە زمانەوانی و کولتوورییەکانی سالانی حەفتاکانەوە هاتبوونە ئاراوە، زانستی پاش کۆلۆنیالیزم کە لە رۆژهەلاتناسیی ئیدوارد سەعیدەوە لە کۆتایی‌یەکانی نەوەدەکاندا گەشەی کرد، "دەقە بێ مالەکان"ی تەوەکولی-تۆرۆقی و دارشتنی "سانسکریتێک کوزموپۆلیتیک" لەلایەن شێلدۆن پۆلۆکەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەرقاڵ بوو. لەو کاتەوە مێژوونووس و بەراوردکارانی فارس وا نیشان دەدەن کە ئەو نایەکسانییەیان نەبینیوە، یان لەوەش خراپتر، ئەو بیرۆکەیان کردووەتەوە وەکوو "تەوەر"ێکی جیهانی. لە هەمان کاتدا پاڵپشتییان لە ستەمکارییەکانی بەراوردکردن کردووە کە رێگا بۆ ئایدۆلۆژیای هاوچەرخی پاوانخوازی ئاسان دەکەن، و "ئەو بانگەوازەی بۆ ئەخلاقی بەراوردکردن کە لەسەر بنەمای ئاواتێک بەرەو یەکسانی هەستی ئەخلاقیمان لە چاکەوخراپە، لە بابەتسازی بۆ پچراندنی ئەم زنجیرە بەرهەمهێنانە بەتەواوەتی پشتگوێ خستووە" (پالومبۆ-لیو، ۲۰۲۰، ل ۲۶۳، ۲۷۰). ئەم زانایانە بە گشتی، هەوڵیان داوە رێبازێکی دژە کۆلۆنیالیزم و کۆسمۆپۆلیتی لە مێژوو و ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئێران نیشان بدەن. هەرچەند وادیارە لەبری ئەوەی دیسکورسی هەژموونگەرایی فارس-شیعە لەناو ببەن، وێدەچێت ئارگومێنتەکەیان فۆرمێکی تازەی داگیرکاری رۆژهەلاتناسی دیسان بەرهەم هێنابێتەوە کە بەرژەوەندیی کولتووری بالادەستی فارسی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەبەخشێت (سولەیمانی و مەحەممەدپوور، ۲۰۱۹، ل۷). بۆ نموونە حەمید دەباشی، وەک پوختەیەکی سەرەکی لە کتێبەکەی بەناوی "ئێرانی بێ سنوور" وەکو رەخنەیەک لە نەتەوەی پاش کۆلۆنیالیزم، بۆ لەناوبردنی ئەو دووبەرەکییە درۆینەیە، و پێشنیارکردنی "جیهانگەرایی کۆسمۆپۆلیتی" کە تایبەتمەندی شێوازی کارکردنی کولتووری ئێرانە، لە پاشخانی ئیمپراتۆرییەکەیەوە تا سیما پۆست کۆلۆنیالیزمەکانی دواتر، هەروەها بۆ دووبارە دۆزینەوەی رەگەکانی لە داهاتوودا لە دەرەوەی سنوورە خەیاڵییەکانی ئێستای سنوورەکان کە لە رێگەی دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمەوە بەرهەم هێنراون" (۲۰۱۶، ل۵). پرسی زمان و کولتووری ژێردەستەکانی ئێرانی ئەمرۆ پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و رەخنەگرانەتر هەیە بۆ ئەو هەموو رێگایانەی کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە میراتی زمانی فارسی وەک زمانێکی هەژموونگەرانە کەڵک وەردەگرێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوەندگەرایی قوواڵی فارس-شیعەی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێراندا "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" دەتوانێت خاڵی دەستپێک بێت. "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" وەکو چەمکێک باس لەوە دەکات کە چۆن نایەکسانیی سیاسی، کولتووری و ئابووری لەنێوان ناوەند و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ناو دەوڵەتێکی دیاریکراودا بوونی هەیە. ئەم نایەکسانییانە زۆرجار بە دریژاییی سنووری دەستکردەکانی ئێتنۆ-زمانی، رەگەزی و ئایینی داڕێژراون (سولەیمانی و محەممەدپوور، ۲۰۱۹، ل۳). وێدەچێت چەمکی "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" یان "کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی" و "نیمچە کۆلۆنیالیزم" لە ساڵی ۱۹۴۴ەوە بە شێوەیەکی جێگۆرکێ یەکیان بۆ ئەویتر لە ئەدەبیاتدا بەکار هێنراون، ئەزموونی ئەفریکییەکانی ئامریکا وەک "کۆلۆنیالیزە" لێک دەداتەوە (پیندرهیوێز ۲۰۱۱، ل۲۳۶). ئەم چەمکە لەلایەن لیۆ مارکوارد (۱۹۵۷) لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقا بەکار هێنراوە. دواتر لە توێژینەوەکانی گەشەپێداندا دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی کازانۆڤا لەسەر مەکسیک لە ساڵی

١٩٦٥دا جێگای خۆی کردەوە (ل١٣٠-١٣٢). کازانۆڤا ئەو چەمکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکان بەکار هێناوە و دەڵێ؛ "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، حوکمرانیی گرووپێکی نەتەوەیی بەسەر گرووپەکانی تری هاوشێوە کە لە دریژاییی سنووری یەک دەوڵەتدا دەژین". ئەو پێی وایە کە مەرج نییە پەیوەندییە کۆلۆنیالیزمە ناوخۆییەکان تەنیا لە بواری ئابووریدا سنووردار بن (لۆڤ، ١٩٨٩، ل٩٠٦-٩٠٧). ئاندرێ فرانک (١٩٧٠) بە ئیلهام وەرگرتن لە کازانۆڤا دەڵێت کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی جۆرێکە لە "گەشەسەندنی نایەکسانی" کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی بواریی نایەکسان کە لە "مەترۆپۆل-سەتەلایت" یان "ناوەند-پەراوێز"دا دەردەکەوێت. پیندەرهیوز لە ڕێگەی وەرگرتنی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییەوە دەیهەوێ باسەکە لە وەسفە تەسک و بەستراوەکانی ئەوروپی بۆ کۆلۆنیالیزم تێپەڕێنێت و شیکارییەکی کۆلۆنیالیزم کە بە شێوەیەکی دروست سەرنجی بارودۆخی کۆلۆنیالیزمەکان دەدات وەک خاڵی دەستپێکی شیکاری دووپات بکاتەوە. ئەو کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "شێوەیەکی بنچینەیی جوگرافیای ژێردەستەیی دانیشتووانێکی جیاواز، کە دەکەوێتە ناو دەسەڵات یان وڵاتی باڵادەستەوە" (٢٣٦) لەسەر بنەمای جۆگرافی وەک ئامرازێکی شیکاری. لەو کاتەوە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەلایەن زۆرێک لە زانایانەوە بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەمریکای لاتین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە لەم دوایی‌یانەشدا لە پەیوەندی لەگەڵ کۆلۆنیالیزمە نوێیەکانی دیکەی کۆلۆنیالیزمەوە لەوانەش ئێران وەرگیراوە و پەرەی پێدراوە. (بڕوانە: فرانک، ١٩٧٠؛ بلاونەر؛ مارکوارد، ١٩٦٩؛ پێکهام، ٢٠٠٤؛ پۆرتێس و باخ، ١٩٨٥؛ پیندەرهیوز، ٢٠١١). کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە ئێرانەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و پەراوێز لە ڕێگەی بێبەش کردنی بەردەوامیی گەلانی غەیرەفارس-شیعە دەردەکەوێ. بەستێنی ئێستای چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی ئێرانییە غەیرەفارسەکان ڕەنگدانەوەی ئەم پێناسەیەیە، لەوانەش جیاکردنەوەی شوێنی نیشتەجێبوون، نایەکسانییەکی بەرفراوانی پەروەردەیی، نایەکسانییەکی دەستووری بەرفراوان، نایەکسانییەکی گەورەی ئابووری، سەرکوتکردنی بەرفراوان لە ڕێگەی زیندان، ئێعدام و نایەکسانیی قوواڵی تەندروستی، وەک چەند نموونەیەک ناو دێنین. هەربۆیە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە چەند زانایەک لە لێکۆڵینەوەکانیان لە ئێرانی مۆدێرن چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییان وەرگرتووە و بەکار هێناوە. بۆ نموونە ئەسغەرزادە چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی تورکە ئازەرییەکانی وەک نیشانەی "بەرخۆدان لە دژی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە ئێران" (٢٠٠٧، ل١٧٩) دەبینێت. لە نێوان پسپۆڕانی کورددا، پاش بەرهەمی ساڵی ١٩٦٥ی چالاکی سیاسیی کوردی ئێرانی دوکتور قاسملوو (١٩٣٠-١٩٨٩) و نووسەری بەناوبانگی کورد، هەژار (١٩٢١-١٩٩١)، کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشیکچی یەکەم زانا بوو، کە کوردستان وەک "کۆلۆنی نێودەوڵەتی" پێناسە دەکات. وێدەچێت ئەم خوێندنەوەیە لەسەر کورد بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات/ئێران لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایی‌یەدا بەشێوەیکی بەرفراوان وەرگیراوە و بەکار دێت (بڕوانە: گامبێتی ٢٠١٠؛ یوکسێل، ٢٠١١؛ کورت، ٢٠١٩؛ سولەیمانی و محەممەدپوور، ٢٠١٩؛٢٠٢٠). نیو سەدە لەمەوبەر، حەسەن هۆنەرمەندی، کە لە ڕوانگەیەکی دژە یۆرۆسەنتریکییەوە کار دەکات، ئاماژەی بەوەدا کە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێرانی و فارسی "دەبێت تاران بێت نەک ڕۆما، یان پاریس، یان لەندەن، یان هەر شوێنێکی دیکە" (ل٦٩).

بۆ پێشخستنی ئەو لایەنانەی بواڕەکە کە پەیوەندییان بە ئەخلاق و مافی مرۆڤەوە هەیە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەراوردکاران و پسپۆڕانی پاش کۆلۆنیالیزم و هەروەها پسپۆڕانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە، کە ناوەندی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا بەربلاو و فراوانتر بکرێت، لە ناوەند دەربهێنرێت، و لە دەرەوەی تارانی پایتەخت بە هەمان ڕێژە بۆ تەوریز (بۆ ڕێزگرتن لە ئازەری)، بۆ کوردستان (بۆ ڕێزگرتن لە کوردی)، بۆ ئەهواز (بۆ ڕێزگرتن لە عەرەبی)، بۆ لۆرستان (بۆ ڕێزگرتن لە لۆڕی)، و بۆ سیستان و بەلووچستان (بۆ ڕێزگرتن لە بەلووچی)، هەروەها لە نێوان شارەکانی تر و کەمینە ژێردەستە ئایینی و نەتەوەییەکان پەرەی پێ بدرێت. بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەر ڕێبازێکی پۆست کۆلۆنیالیزم کە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەبەرچاو نەگرێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان گوتارە کۆلۆنیالیزمییەکان (کۆلۆنیالیزم) بەرهەم دەهێنێتەوە.

*ڤێرژنی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە یەکەمین کۆنفرانسی دوو ساڵەی دەرچووانی خوێندنی ئێرانی، لە زانکۆی سانت ئەندرۆس لە سکاتلەندا، لە مانگی نیسانی ٢٠١٣ پێشکەش کرا. دیانا هاچێت، ئۆتۆمن کاکرێل-عەبدوڵڵا، بنیامین پریست، ستیڤن تێرنەر، ستیڤن هاپکینز، ساندرا سۆسا و تایلەر فیشەر هاوکات لە دریژەی ڕێگا هاندەر بوون و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیان بۆ ئەم بابەتە پێشکەش کرد. سپاسی پێداچوونەوەکارانی بێ‌ناو دەکەم بۆ خوێندنەوەی وردی ئەم بابەتە و سەرنج و پێشنیارەکانیان.

* https://www.scielo.br/j/rblc/a/KytrQkvRvFprzSzPyNqdcKw/

سەرچاوەکان

• Anvarī. Dīwān, edited by Muḥammad Taqī-ye-Raẓavī. Tehran: cElmī va Farhangī. 1985.

• ‘Ibn-al-Nadīm, Muḥammad. Al-Fehrest, edited by ‘Ibrāhīm Ramaḍān. Beirut: Dār al-Macrifa 1994.

• Aḥmadī, Aḥmad-Riẓā. “Rūy-e Mublī Nishast-e Būd.” Farhang va Honar: Bukhara 25 (2002): 300-304.

• Ahmed, Mukhtar. “Comparative Literature in Iran: Origin and Development.” International Journal of Multidisciplinary Research and Development 11, n.3 (2016): 197-203.

• Akbarī, Ḥasan. “Bāyad Maktab-i ‘Īrānī-ye ‘Adabaīyāt-i Taṭbīqī Ta’sīs Shavad.” http://drakbari.com/news51.aspx
» http://drakbari.com/news51.aspx

• Al-Āmidī, ‘Abu-al-Qāsim. al-Muvāzanah Bayna Shic r ‘Abī-Tammām va al-Buḥturī, edited by al-Sayyid Ṣaqr. Cairo: Dr al-Macārif, 1961.

• al-Bīrūnī, ‘Abu-Rayḥān. Al-Ṣaydana fī al-Ṭib, translated by Bāqir Muẓaffar-Zādih. Tehran: Farhangistān. 2004.

• Al-Jāḥiẓ -. al-Ḥayavān, edited by cAbdu-al-Salām Hārūn. Cairo: Muṣṭafā al-Ḥalabī, 1965.

• Al-Jurjānī, cAlī. al-Wisāṭa Bayna al-Mutanabbī va Khuṣūmihi, edited by Muḥammad ‘Ibrāhīm and cAlī al-Bajāvī. Cairo: cĪsā al-Ḥalabī, 1966.

• Al-Khaṭīb, Ḥussām. “al-‘Adab al-Muqāran.” Al-Fayṣal 14, no.159 (1990): 54.

• Al-Khaṭīb, Ḥussām. “Rūḥī al-Khālidī”. Al-Macrīfa. 269, July 1, 1984: 1-45.

• Al-Khaṭīb, Ḥussām. Rūḥī al-Khālidī Rā’id al-‘Adab al-c Arabī al-Muqāran. Amman: Dār al-Kiriml, 1985.

• Anushiravani, Alireza. “Comparative Literature in Iran.” Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East 32, n.3 (2012): 484-491.

• Anushiravani, Alireza. “Nāsāmānegī-ye ‘Adabīyyāt-i Taṭbīqī dar ‘Irān”. ‘Adabīyyāt-i Pārsī-ye Muc āṣir 9, no.1 (2019): 79-110.

• Asgharzadeh, Alireza. Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism, and Democratic StrugglesNew York: Palgrave Macmillan. 2007.

Comparée, Tehran: SAMT, 2009.
• Deutsche Welle. Muṭālec e-ye Ḥuqūq-i Zan dar ‘Islām, Fīmīnīsthā rā Rādīkāltar Mīkunad. May 23, 2012 https://p.dw.com/p/1510k
» https://p.dw.com/p/1510k
• Djelal Kadir, “Comparative Literature in a World Become Tlon.” Comparative Critical Studies 3. 1-2 (2006): 127
• Fazeli, Nematollah. Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the Twentieth Century New York: Routledge, 2006.
• Frank, Andre. Capitalism and Underdevelopment in Latin America New York: Monthly Review Press. 1970.
• Gambetti Zwynep. “Decolonizing Diyarbakir: Culture, Identity and the Struggle to Appropriate Urban Space.” In Comparing Cities the Middle East and South Asia, edited by Kamran Ali and Martina Rieker, 97-129. Oxford: Oxford University Press, 2010.
• Ghazoul, Ferial Jabouri. “Comparative Literature in the Arab World.”Comparative Critical Studies 3, no.1 (2006): 113-124.
• Gould, Rebecca Ruth. “The Geography of Comparative Literature.” Journal of Literary Theory 5, no.2 (2011): 167-186.
• Green, Nile, editor. The Persianate World: The Frontiers of a Eurasian Lingua FrancaOakland, CA: University of California Press. 2019.
• Ḥadīdī. Javād. ‘Irān dar ‘Adabīyāt-i FarānceMashhad: Dānishgāh-i Mashhad, 1967.
• Ḥadīdī, Javād. ‘Islm ‘az Naẓar-i VoltaireMashhad: Dānishgāh-i Mashhad , 1964.
• Ḥadīdī. Javād. Barkhurd-i ‘Andīshihā Tehran: Ṭūs, 1978.
• Ḥakīmzādeh, Rezvān. Worūd-i “Test-i Basandegī-ye Zabān-i Fārsī” be Sanjesh-i Salāmat-i Nov Āmūzān dar Dastūr-i Kār.” ISNA, May 29, 2019.
• Ḥarīrī, Fāris ‘Ībrāhīm. Maqāmeh Newīsī dar ‘Adabīyāt-i Fārsī va Ta’thīr-i Maqāmāt-icArabī dar Ān. Tehran: Dānishgāh-i Tehrān, 2004.
• Hemmat, Kaveh. “Review Essay: Completing the Persianate Turn.” Iranian Studies2020; DOI: 10.1080/00210862.2020.1810385
• BBC. “’Intiqād-i Āyatollah Khāmene’ī ‘az Tarvīj-i Zabān-i ‘Inglīsī dar Iran.” May 2, 2016 http://www.bbc.com/persian/iran/2016/05/160502_l10_khamenei_english_language
» http://www.bbc.com/persian/iran/2016/05/160502_l10_khamenei_english_language
• BBC. “Haḏf-i Nām-i Foroūgh-i Farrokhzād ‘az Kitāb-i Shācirān-i ‘Irān va Jahān.” Apr 21, 2010. https://www.bbc.com/persian/arts/2010/04/100421_l17_forough_name_dropped
» https://www.bbc.com/persian/arts/2010/04/100421_l17_forough_name_dropped
• BBC. “Humanities courses cut at Iranian university.” Aug 15, 2011 https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-14512745
» https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-14512745
• Behnām Jamshīd. “‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Mehr8, 12 (1953): 715-716.
• Behnām Jamshīd. “‘Anvāc-i ‘Adabī: ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Mehr 8, 10 (1952): 598-600.
• Behnām Jamshīd. Adabīyāt-i Taṭbīqī Tehran: Mascūd-i Sacd, 1953.
• Beşikçi, Ismail. Devletlerarası Sömürge Kürdistan Paris: Inistitute Kurde De Paris, 1990.
• Blauner, Robert. “Internal Colonialism and Ghetto Revolt.” Social Problems 16, no.4 (1969): 393-408.
• Boroujerdi, Mehrzad. “Contesting nationalist constructions of Iranian identity.” Critique: Critical Middle Eastern Studies 7, no.12 (1998): 43-55.
• cAllūsh, Sacīd. Madāris al-‘Adab al-MuqāranCasablanca: al-Markaz al-Thaqāfī al-cArabī, 1987.
• Casanova, Pablo. “Internal Colonialism and National Development.” Studies in Comparative International Development 1, no.4(1965): 27-37.
• Dabashi, Hamid. “Is ‘love and desire in Iran’ a threat to US national security?” Aljazeera, Oct 12, 2019.
• Dabashi, Hamid. Iran without Borders: Towards a Critique of the Postcolonial NationNew York: Verso, 2016.
• Dadvar, Elmira.Initiation à la Littérature

• Love, Joseph. “Modeling internal colonialism: History and prospect.” World Development 17, no.6 (1989): 905-922.
• Maḥfūẓ, Hussein-cAlī. Mutanabī va Sac dī. Tehran: Rovzaneh, 1957.
• Makkī, al-Ṭāhir. Muqaddima fī al-‘Adab al-‘Islāmī al-Muqāran Cairo: cAyn, 1994.
• Makkī, al-Ṭāhir. Naḥwa ‘Adab ‘Islāmī Muqāran Cairo: Dār al-Macārif, 1989.
• Marquard, Leo. South Africa’s Colonial Policy Johannesburg: Institute of Race Relations. 1957.
• McClennen, Sophia & Slaughter, Joseph. “Introducing Human Rights and Literary Forms; or, The Vehicles and Vocabularies of Human Rights.” Comparative Literature Studies 46, no. 1 (2009): 1-19.
• McClennen, Sophia A. “The Humanities, Human Rights, and the Comparative Imagination.”CLCWeb: Comparative Literature and Culture9.1 (2007): https://doi.org/10.7771/1481-4374.1024
» https://doi.org/10.7771/1481-4374.1024
• Mīrzā’ī, Farāmarz, and cAlī Salīmī. “Taḥlīl-i Muḥtavā’ī-ye Maqālehāye ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī (cArabī va Fārsī). Kāvush-nāmeh, Yazd: Danishgāh-i Yazd, 2010.
• Mirzababazadeh-Fomeshi, Behnam. “Comparative Literature as Practiced in Iran.” Revista Brasileira de Literatura Comparada 19, n. 30 (2017): 149-163.
• Moḥaqiq, Mehdī. “Iran Bunyānguzār-i ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī dar Duniyā ‘Ast”. SNN, May 28, 2008 snn.ir/00 00ze.
• Mubārak, Zakī. al-Muvāzanah Bayna al-Shucarā’. Beirut: Dār al-Jīl, 1993.
• Nahed Hashem: Post-colonial Reading of Ghada Al Samman: A Comparative Study in the Light of Edward’s Said’s Theory, M.A dissertation, University of Damascus, 2010.
• Najafī, ‘Abu-al-Ḥasan. Ghalaṭ NanevīsīmTehran: Markaz-i Nashr-i Dāneshgāh-ī, 1987.
• Nidā, Ṭāhā. al’Adab al-Muqāran Beirut: Dār al-Nahḍa al-cArabīya, 1973.
• Palumbo-Liu, David. “Ethics before Comparison.” Comparative Literature 72, no. 3 (2020): 259-271.
» https://doi.org/10.1080/00210862.2020.1810385
• Ḥikmat, cAlī-Aṣghar. Romeo va Juliet-i William Shakespeare; Muqāyese bā Laylā va Majnūn-i Nizāmī-ye Ganjavī Tehran: Brukhīm. n.d.
• Hilāl, Muḥammad-Ghonaymī. ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī, translated by Murtiẓā Shīrāzī. Tehran: ‘Amīr Kabīr, 1994.
• Hodgson, Marshall. The Venture of Islam, 3 vols. Chicago: University of Chicago Press, 1974.
• Honarmandī, Ḥasan. André Gide va ‘Adabīyāt-i Fārsī Tehran: Zuwwār, 1970.
• Honarmandī, Ḥasan. Bunyād-i Shic r-i Nuv dar Farānce va Payvand-i ān bā Shic r-i Fārsī. Tehran: Zuwwār, 1971.
• Honarmandī, Ḥasan. Safarī dar Rikāb-i ‘Andīsheh Tehran: Zuwwār, 1972.
• Issṭaif, Abdul-Nabi: al-c Arab va al-‘Adab al-Muqāran, Damascus: al-Haīy’a al-cĀmma al-Sūrīya lil-Kītāb, 2007.
• Jamāl-al-Dīn, Muḥammad-al-Sacīd. Al-‘Adab al-Muqāran Cairo: Dār al-‘Ittīḥād, 1989.
• Kafāfī, Muḥammad cAbd al-Salām, Fī al-‘Adab al-Muqāran Beirut: Dār al-Nahḍa al-cArabīya, 1971.
• Kasravī, Aḥmad. “Mā va Hamsāyegān.” Parchameh Haftegī 6, no.5 (1944): 1-5.
• Khezri, Haidar. “Arabic Comparative Literature: Intersections with West Asian Literature,”Alif: Journal of Comparative Poetics, no.35 (2015): 40-67.
• Khezri, Haidar. “Min al-Qāhira ‘ilā Ṭahrān: ‘Istiqbāl al-‘Adab al-Muqāran al-cArabī fī Irān,” ‘Āfāq al-Ḥaḍāra al-‘Islāmīyya, 22, n.1 (2020): 105-140.
• Khezri, Haidar. “Theory, Time and Space in Comparative Literature in Iran,”Proceedings of the IV . ICLC: Meeting of Cultures and Values, eds. Adnan Karaismailoglu and Yusuf Öz. Kırıkkale University, (2013): 321-338.
• Khezri, Haidar. Al-‘Adab alMuqāran fī Irān va al-c Alam al-c Arabī. Tehran: SAMT, 2013.
• Kurt, Mehmet. “My Muslim Kurdish brother: Colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey.” Journal of Balkan and Near Eastern Studies 21, no.3 (2019): 350-365.

Journal of Sociology, (2020): 1-20.
• Spivak, Gayatri Chakravorty. Death of a Discipline New York 2003.
• Tavakoli-Targhi Mohamad. “The Homeless Texts of Persianate Modernity,”Cultural Dynamics 2001;13(3):263-291.
• Tavakoli-Targhi, Mohamad. Refashioning Iran Orientalism, Occidentalism and Historiography Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2011.
• The Guardian. “Iran bans the teaching of English in primary schools, official says.” Jan 7, 2018. https://www.theguardian.com/world/2018/jan/07/iran-bans-teaching-english-primary-schools-official-says
» https://www.theguardian.com/world/2018/jan/07/iran-bans-teaching-english-primary-schools-official-says
• The NYT. “Iran Bans English in Primary Schools to Block ‘Cultural Invasion.” Jan 7, 2018. https://www.nytimes.com/2018/01/07/world/middleeast/iran-english-schools.html
» https://www.nytimes.com/2018/01/07/world/middleeast/iran-english-schools.html
• Velek, Rene, and Austin Warren. Naẓarye-ye ‘Adabīyāt, translated by Ẓīyā’ Muvaḥid and Parvīz-i Muhājir. Tehran: ‘Intishārāt-i cElmī va Farhangī, 1994.
• Yüksel, Ayse. “Rescaled localities and redefined class relations: Neoliberal experience in South-East Turkey.” Journal of Balkan and Near Eastern Studies 13, no.4 (2011): 433-455.
• Zainīvand, Toūraj. “Maktab-i ‘Īrānī-ye ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Hamāyesh-i Pazhūhishhāye ‘Adabī 6, Shahid Beheshti University Press, 1391.
• Zainīvand, Toūraj. Al-‘Adab al-MuqāranTehran: Yār-i Dānish, 2013.
https://www.scielo.br/j/rblc/a/KytrQkvR7FprzSzPyNqdcKw/
• Parvīnī, Khalīl. al-‘Adab al-Muqāran Tehran: SAMT, 2013.
• Peckham, Robert. “Internal colonialism: Nation and region in nineteenth-century Greece.” In Balkan Identities: Nation and Memory, edited by Maria Todorova, 41-59. New York: New York University Press, 2004.
• Pinderhughes, Charles. “Toward a New Theory of Internal Colonialism,” Socialism and Democracy 25, no.1 (2011): 235-256.
• Portes, Alejandro, and Bach, Robert . Latin journey Berkeley, CA: University of California Press 1985.
• Radio Farda. “Āmūzish va Parvarish Tadrīs-i Zabān-i ‘Inglīsī dar Madāris-i ‘Ibtedā’ī rā Mamnūc ‘Iclām Kardeh ‘Ast.” Oct 12, 2019. https://www.radiofarda.com/a/30212923.html
» https://www.radiofarda.com/a/30212923.html
• Radio Farda. “Rouḥānī dar Barābare Khamene’ī?” Nov 9, 2020. https://www.radiofarda.com/a/f8-rouani-recent-positions-at-odd-with-khamenei/27716180.html
» https://www.radiofarda.com/a/f8-rouani-recent-positions-at-odd-with-khamenei/27716180.html
• Ṣābirī, cAlī. Al-‘Adab al-Muqāran Tehran: Sharḥ, 2007.
• Said. Edward. “Edward Said, an American and an Arab, writes on the eve of the Iraqi-Soviet peace talks”, London Review of Books, Vol. 13 No.5 .7 March 1991.
• Sājidī, Ṭahmūrith. ‘Az ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī tā Naqd-i ‘Adabī Tehran: ‘Amīr Kabīr, 2008.
• Sheīkhī, cAlīrezā. al-‘Adab al-MuqāranTehran: Payām-i Noūr, 2008.
• Sheyholislami, Jaffer. “Language as a Problem: Language Policy and Language Rights in Kurdistan-Iran,” In Etudes Kurdes, edited by Salih Akin, 95-130. Paris: Institut Kurde, 2019.
• Soleimani, Kamal and Mohammadpour, Ahmad . “Can non-Persians speak? The Sovereign’s Narration of “Iranian Identity.” Ethnicities 19, 5 (2019): 925-947.
• Soleimani, Kamal, and Mohammadpour Ahmad . “Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat,” Brtish

اقتصاد سیاسی یک ملت بی دولت: زمانی که پولانی در کوههای کوردستان با گرامشی برخورد می‌کند.*

نویسنده: عمر تکدمیر

استاد اقتصاد سیاسی، دانشگاه کاونتری، بریتانیا

مترجم: کامران تیموری

در حالی که آنتونیو گرامشی همیشه در میان مجموعه وسیعی از مطالعات مربوط به جنبشها در رشتههای مختلف پرطرفدار بوده است، اما این روزها شاهد علاقه فزاینده به چهارچوب کارل پولانی برای توضیح بحران ارگانیک نئولیبرالیسم از جمله واکنش پوپولیستی هستیم. رسالهای که اخیرا تحت عنوان "شکلگیری اقتصاد سیاسی کوردها: تعبیه اجتماعی، هژمونی و هویت"، منتشر کردم، به ایدههای پولانی و گرامشی در یک قالب پساساختارگرایانه به عنوان مثال سازهانگاری اجتماعی، دموکراسی رادیکال، تکثرگرایی آگونیستیکی و تودهگرایی جناح چپ به عنوان یک فرمول نظری سهجانبه میپردازد. این رساله مسیر اقتصاد سیاسی کرستان و دگرگونی هویت سیاسی جمعی را از طریق کانتکستهای تاریخی و سطوح مرتبط به هم توضیح میدهد. این اثر مدلی را نیز بر پایه پیشرفت اجتماعی، سیاسی و اقتصادی ارائه میدهد. این کتاب به تجزیه و تحلیل سه دوره اصلی به عنوان مورد مطالعاتی برای فهم ماهیت توسعه نابرابر شکلگیری اجتماعی کوردستان میپردازد که در اثر اقدامات نامتعارف و جایگزین در خاورمیانه به وجود آمده است. از این رو، به جای تمرکز بر فاکتورهای کلان (مانند دولت)، از سه توصیف فرضی و انتقادی برای بررسی دینامیکهای خرد تاثیر عوامل انسانی (مانند جامعه و عوامل اجتماعی) به عنوان عوامل تعیینکننده بنیانهای خرد اقتصاد سیاسی کوردستان بهره گرفته میشود. چنین استفادهای از یک متدلوژی ابتکاری، کمک میکند تا فراتر از تحلیل ذاتگرایانهی اقتصاد سیاسی حرکت کنیم. یک ملت بیدولت میتواند تحت عنوان مردمانی تعریف شود که فاقد یک دولت-ملت دارای حاکمیت از آن خودشان هستند و مردمانی مانند کشمیریها، تبتیها، تامیلیها، فلسطینیها، کاتالونها و اسکاتلندیها را در بر میگیرد. در این میان، کوردها به عنوان بزرگترین گروه قومی بدون دولت در جهان تعریف میشوند. من این جوامع سیاسی را جوامعی می نامم که از فرصتهای به وجود آمده در قرن نوزدهم برای گذار بزرگشان به شکل صنعتیشدن، نهادینهشدن و مدلی از دولت وستفالی محروم ماندند. با جود این آنها در درون اقتصاد سیاسی اخلاقی خودشان به شکل "جوامع موهوم" به بقای خود ادامه داده اند و ضمن حفظ بقای خود به مقاومت در برابر دولتهای مصنوعی تازه تاسیس و اشغالگر ادامه دادهاند. بازیگران سیاسی کورد برای حل واقعی مساله کورد در خاورمیانه، مجموعهی وسیعی از فرمولهای گوناگون را در دولت-ملتهای منطقهای پساوستفالی مانند عراق، ایران، سوریه و ترکیه ارائه می کنند. بنابراین آنها بعد از پیروزی تاریخی بر دولت اسلامی (داعش) در نتیجه انقلاب روژآوا در شمال سوریه، یک دموکراسی بدون دولت را برای ایجاد یک اقتصاد اشتراکی و خودموختاری کانتونمحور به شیوهای آنتالوجیکی ایجاد کرده اند، در حالی که دولت منطقهای کوردستان در حال اعمال دولتی دوفاکتو، اقتصاد بازار آزاد و دموکراسی لیبرال در شمال عراق است، حزب دموکراتیک خلقها (ه.د.پ) نیز به عنوان حزبی چپگرا و تودهگرا در پی پیشبرد

دموکراسی رادیکال در ترکیه است.

اقتصاد سیاسی اخلاقی

در بخش اول کتاب استدلال می کنم که ظهور نظام اقتصاد بازار خودتنظیمی، با فشار سرمایه بین المللی منجر به نابودی ارزشهای اخلاقی جامعه سنتی امپراطوری عثمانی از طریق جدا کردن اقتصاد از شکل‌گیری اجتماعی شد. فرایند اقتصاد کلان و سیاست امپراطوری مبنی بر اقدام به تحول بزرگ خویش، مستلزم آن بود که اقتصاد از زندگی اجتماعی و در نتیجه از اخلاق آن جدا شود که این امر منجر به تبدیل شدن طبیعت، کار و پول به عنوان کالاهای ساختگی شد، با این که این امر مغایر با ویژگیهای ذاتی چنین اقتصادهای سیاسی اخلاقی بود. با ظهور سریع پارادایم اقتصاد بازار، اقتصاد دیگر به عنوان بخشی از زندگی روزمره، مانند آنچه همیشه در گذشته بود، عمل نمی‌کرد. در واقع این تغییری بود که ماهیت اقتصاد سیاسی جدید را تعریف می کرد. این کالایی‌شدن و نظام اقتصاد درآمدمحور مغایر با روابط اجتماعی مردمانی بود که به اصول حکمرانی همراه با عدم تفکیک، عمل متقابل، بازتوزیع و اقتصاد خانوار از طریق الگوی تقارن، مرکزیت و استبداد عادت کرده بودند که در آن اساسا این تشکل‌های اجتماعی به جای تشکل‌های اقتصادی، ویژگی یک جامعه را تعیین می‌کردند. با وجود این، کوردها با بودن در پیرامون امپراطوری، در مقابل تحمیل این تحول بزرگ از جانب مرکز و نظم جدید مقاومت کردند. از این رو، نظریه هستی شناختی پولانی از اقتصاد بر پایه عدم تفکیک و جنبش دوگانه، ابزاری تحلیلی را برای درک این نکته که چرا پویایی‌های داخلی از جمله نهادهای غیر اقتصادی قدیمی مانند قبایل، درون‌همسری و وصلت خویشاوندی، طریقه‌ها و رهبری سیاسی مانند امارت‌ها، خانها و شیخ ها، نمی‌توانستند از فرآیند مدرنیستی خطی صنعتی‌شدن و نهادینه‌شدن پیروی کنند. به همین خاطر اقتصاد اخلاقی آنها بنیانی را فراهم کرد که از طریق آن در مقابل تغییر به سمت یک اقتصاد مدرن و جامعه بازارمحور، مقاومت کردند. وفاداری جامعه به ساخت سنتی و اجتماعی‌شدن و اقتصاد اخلاقی بر پایه ارزشهای فرهنگی و معنوی-مذهبی به عنوان ارزشهای معنابخش به زندگی آنها، مانع از این تحول بزرگ به سوی یک اقتصاد بازارمحور گردید و توسعه ناهموار کوردها را نیز می توان معلول همین علت دانست. به عنوان یک تمدن پیشاسرمایه داری، تولید مبتنی بر انگیزه سود برای رفتار اقتصادی آنها اهمیتی نداشت. روابط آنها به لحاظ اقتصادی به سمت سود شخصی شکل نگرفته بود، همانطور که اقتصاد آنها بر تولید به منظور مبادله و سود متمرکز نبود. از آنجا که شرافت، اعتبار، خویشاوندی و ایمان مبتنی بر انتظار از اصل اقتصاد سیاسی اخلاقی بسیار مهمتر از فردگرایی و سود شخصی بود، خودکفایی در اقتصاد غالب بود و از طریق همبستگی، اقتصاد هدیه‌محور(کالا در مقابل کالا یا همکاری داوطلبانه) و مسولیت اجتماعی تداوم یافت.

حمایت‌گرایی اجتماعی در یک جنبش دوگانه

کارگزاران تجدیدنظرطلب حکومت

هەواڵنامەی کۆمەڵ

امپراطوری استانبول (مانند تنظیمات، ترکهای جوان و عبدالحمید) در پی تبدیل این اقتصاد منطقه‌ای کوردها به اقتصاد خودتنظیمی بازار، به عنوان بخشی از پروژه نجات امپراطوری بودند. کوردها به منظور حفظ حمایت‌گرایی اجتماعی‌شان بر پایه اقتصاد سیاسی اخلاقی در قبال این پروژه از خود مقاومت نشان دادند. این ضد جنبش از سوی رهبری سیاسی مرسوم و با هدف جلوگیری از تغییر شکل جامعه کوردی به اقتصاد بازار هدایت می‌گشت، در حالیکه بنیان فرهنگی-اجتماعی آنها در مقابل جایگزین شدن با نهادهای مدرن در زندگی روزانه‌شان مقاومت می کرد.

هژمونی دولت و جامعه استعماری

گسترش اصول بازار آزاد و فرآیند ملت‌سازی بعد از شکست بسیاری از شورش‌های مسلحانه محلی و عدم حضور اقتدار سیاسی در جامعه کوردی، شکاف هژمونیکی را به وجود آورد که توسط جمهوری ترکیه پر شد. با دخالت دولت در امور داخلی و کنترل منطقه از طریق مرکزگرایی جمهوری و اعمال سیاستهای بازاری‌سازی از طریق اجبار و مستعمره‌سازی داخلی، ماهیت ارگانیک جامعه کوردی مجبور به انحلال و تطبیق خود با یک فرم اقتصادی و نهادهای منفک از هم گردید. به خاطر این که این تغییر از بیرون به صورت ناگهانی و به اجبار در یک فرآیند تحمیل از بالا به پایین اعمال گشت، جامعه کوردی مجبور به تطبیق دادن خود با نهادهای قرن نوزدهم بدون داشتن یک تغییر مناسب داخلی و ارگانیک گردید. لازم به ذکر است که اقتصاد سیاسی اخلاقی کوردی تا دهه‌ی ۱۹۸۰ که سیاستهای نئولیبرالی در ترکیه به عنوان قدرت نرم برای ایجاد تحول و همگرایی خویش عمل کرد، توانست جایگاه خود را حفظ کند. در نتیجه بر اساس خوانش مدرنیستی، کوردها در جهان نو به لحاظ اقتصادی توسعه نیافته و به لحاظ سیاسی پراکنده باقی مانده اند و از این رو تبدیل به سوژه‌ی استعمار گشته و مورد تحقیر قرار گرفته‌اند. این کتاب سپس به مفهوم هژمونی برای توضیح این دوران پساسلطانی می پردازد که در آن ناسیونالیسم تبدیل به ایده و مسیر مورد قبول همگان گشت. اقتصاد اخلاقی پولانی برای توضیح مسائل مشکل‌سازی مانند هویت، حاکمیت، رهایی، استعمار داخلی و استراتژیهای مبارزه مانند حمله‌ی جبهه‌ای، بلاک تاریخی و انقلاب منفعل، نیاز به کمک دارد. این موضوع با طرز بیان هژمونیک گرامشی تکمیل می‌شود که از این طریق، توجیه و تبیین مناسبی برای جنگ قدرت بین دولت جدید و رهبری کوردی در قرن بیستم ارائه می‌دهد. از این رو تحول تاریخی روایت کوردی و اقتصاد سیاسی اخلاقی را همچنان می توان از طریق برخورد پولانی و گرامشی توضیح داد.

*https://www.ppesydney.net/the-political-economy-of-a-stateless-nation-when-polanyi-meets-gramsci-at-the-kurdish-mountains/

هەوالنامەی کتێب

بەرەو کوردستانی یەکگرتوو:
ئاسۆی چارەی خۆنووسینی کورد*

لوقمان ڕادپەی

و: کەمال حەسەنپوور

دکتۆر لوقمان ڕادپەی ئەندامی توێژینەوەیە لە سەنتەری ئێدینبۆرگ بۆ یاسای نێودەوڵەتی و جیهانی (ECIGL) لە زانکۆی ئێدینبۆرگ لە سکۆتلەندا. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی بەرفراوان دەربارەی دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد نووسیویەتی. ناوەندی چاپەمەنی جیهانیی ڕۆتلێج (Routledge)بەم زووانە پەرتوکەکەی بە ناونیشانی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: دیاریکردنی چارەی خۆنووسین لە یاسای نێودەوڵەتیدا" بڵاوەکاتەوە . پەرتوکەکە نوێنەرایەتی یەکەم توێژینەوەی گشتگیر لە بواری مێژوو-یاسایی دەکات لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ خواستەکانی کورد بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ (واتە دەوڵەتبوون) لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی یاسای نێودەوڵەتیدا لەسەر دیاریکردنی چارەنووس.

سەدەیەک لە دوورووپانەترین و بەردەوامترین خیانەت لە دەرئەنجامی بنەما لە مێژوودا ڕابردووە. پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و تێکڕمانی ئیمپراتوری عوسمانی، کوردستانێکی سەربەخۆ خەریکی سەرهەڵدان بوو. لە ئوروپا پەیماننامەی قەرسای پرینسیپەکانی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلانی خاوەن شوناسی ئەتنیکی جێبەجێ کردبوو و ببووە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەت-نەتەوەی نوێ. بە هەمان شێوە، لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردەکان بە گوێرەی پەیماننامەی سێڤەر (١٠ی ئاگوست، ١٩٢٠) بەڵێنی خۆبەڕێوەبەریی هەڕێمی و پاشان سەربەخۆیی لە ئیمپراتوریی عوسمانییان لە ماوەی سااڵێکدا پێدرابوو. بەاڵم ماوەیەکی کورت دواتر، هاوپەیمانان لە پەیماننامەی سێڤەر پاشگەز بوونەوە و لە کۆتاییدا بە پەیماننامەی لوزان (٢٣ی جولای، ١٩٢٣) بەڵێنییەکەیان پێچەوانە کردەوە و بەو شێوەیە پێشیان بە سەرهەڵدانی کوردستان وەک واڵتێکی سەربەخۆ گرت. سەرەڕای ناوە فەرمییەکەی وەک «پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیە»، پەیماننامەی لوزان لە جێبەجێ کردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، شکستی هێنا. بەو شێوەیە کوردەکان بەسەر واڵتانی تورکیە، ئێران، سووریە و عێراق و یەکیەتی سۆڤیەتدا دابەش بوون. لە ١٩٣٠، ستالین کیانی ‹کوردستانی سوور› (کوردستانسکی ئوەزد یان کرانسکی کوردستان)ی لەگەڵ ئازەربایجان تێکەڵ کرد. بە دەرکردنی کوردان بۆ کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەت، کوردستان وەک ناوچەیەکی یەکپارچەی ئەتنیکی تەنیا بە سەر چوار واڵتدا دابەش بوو. بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی زلهێزانی هاوپەیمان، بە تایبەتی بریتانیا، فەرانسە و یەکیەتی سۆڤیەت کە پاشان بوو بە ڕووسیە، دەوڕێکی یەکالکەرەوەیان لە نکۆڵی کردن لە سەربەخۆیی بۆ کوردان گێڕا. ئاسەوارەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم، بوونە هۆی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە خۆرهەاڵتی کوردستان کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەڵکەوتووە. ئەو کۆمارە لە ١٩٤٦، کاتێک ڕێبەرەکانی لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی لە ئێران لەسێدارە دران، کۆتایی هات. لەسێدارەدانی ڕێبەرانی کورد هاوشێوەی ئاکارێک بوو کە لە دەوڵەتی تورکیە پاش دامەزراندنی تورکیەی مودێرن و کاردانەوەکانی بینرابوو. تێڕوڕی ڕێبەرانی کورد وەک ژمارەیەک تاوان لە لایەن دەوڵەتی فارس لە سەردەمی شا لە ئێران و، دوای ١٩٧٩، لە لایەن ئایەتوڵاکانەوە، بە زەبر وەشاندن لە ناوجەرگی ئوروپاودا، بەردەوام بوو. بنەڕەتیترین مافێک کە بە هۆی مافی چارەی خۆنووسین دراوە بە خەڵک، مافی دامەزراندنی ئازادانەی پێگەی سیاسی

خۆیانـــە. بەڵام مافی گەلێـــک بە پێداگریی لەسەر خاک، ڕاســـتییە ژیۆپۆلیتیکییەکانی کوردســـتان پاشـــگوێ دەخـــات. واتـــە، دۆکترینەکـــە و ڕەوتی گەشـــە کردنەکەی، بیرۆکـــەی خۆڕســـکی گەلێکی پێشـــێل کردووە. پرۆســـەی داماڵینـــی کۆلۆنیالیزم، دوای جەنگی جیهانیی دووهەم کێشـــەکەی خراپتـــر کرد. چ بـــە کەمتەرخەمی بێ یان دارشـــتنی بێموبالاتانە، پرینســـیپی مافی چارەی خۆنووسین، بەو شـــێوەیە کە دوای دامەزراندنی نەتـــەوە یەکگرتووەکان دارێژرا، لە چارەســـەر کردنـــی تایبەتمەندییەکانی کـــوردان وەک گەلێکـــی پارچەپارچـــە کـــراو شکســـتی هێنـــاوە. ڕێگاچارەکـــە دەتوانێ یـــان مافی چارەی خۆنووســـینی ناوخۆیـــی لەناو ئـــەو ســـنووڕانە دابێ کە هـــەن، یـــان هـــی دەرەکی بە شـــێوەی ســـەربەخـــۆیی خاکیی بە جیابوونەوە. بەشـــداریی کاریگـــەری کەمینـــەکان لە کاروبـــاری گشـــتی وڵاتـــدا بۆ گەیشـــتن بـــە مافی چـــارەی خۆنووســـینی ناوخۆیی یەکلاکەرەوەیـــە. داننـــان بـــە جیاوازیـــی ئەتنیکی هەنگاوی ســـەرەتایی بـــەرەو دڵنیا بوون لە بەشـــداریی واتـــادارە، چونکە تەنیا مافی سیاســـیی تاکـــەکان بۆ مســـۆگەر کردنـــی دەوری کاریگـــەری کەمینەکان لە کاروبـــاری پەیوەندیدار بـــە خۆیانەوە بەس نییە. بـــە پەیماننامـــەی ســـێ قۆڵییەکەی ئانگۆرا کـــە لە نێـــوان بریتانیـــا، عێراق و تورکیە لـــە جوونی ۱۹۲۶ بـــۆ دیاریکردنی ســـنووری نێوان عێراق و تورکیـــە واژۆ کرا، دەوڵەتانـــی میوانـــداری کـــورد ڕەواییان بە ئەتنیکەکانـــی فارس، تورک و عـــەرەب دا، بـــەڵام نکۆڵییان لـــە بە فەرمی ناســـینی کوردان لەنـــاو ســـنووڕەکانی خۆیاندا کرد. ئەو کەمایەســـییە بە دامەزراوەییکراوە هێشتا لە ئێران، ســـووریە و تورکیـــەدا بەردەوامە. ئێـــران، ســـووریە، عێـــراق و تورکیە لە ترســـی ئەگـــەری جیابوونەوەیـــان، مافی کوردانیان بـــۆ چارەی خۆنووســـین ڕەت کـــردەوە. بە گوێرەی یاســـای ناونەتەوەیی نـــوێ، نکۆڵی کـــردن لە مافـــی چارەی خۆنووســـینی ناوخۆیی بـــە مانای ئەگەری مافـــی چـــارەی خۆنووســـینی دەرەکییە، کە مافـــی یەکلایەنـــە بۆ جیـــا بوونەوە دەگرێتـــەوە. ئەگەرچـــی کۆمەڵـــگای ناونەتەوەیی بە گشـــتی هەڵوێستێکی دژە جیابوونـــەوەی هەیە، دانپێدانـــان بە مافی جیـــا بوونـــەوەی مەرجدار بوونـــی هەیە. ئەو وڵاتانەی کـــورد بەســـەریاندا دابەش کـــراوە، بـــەردەوام کوردیان بـــە ئەویتر کـــردووە و ناوچە کوردســـتانییەکانیان بە سیاســـەتی هەڵاواردنی ئەتنیکی و سیاسی هێناوەتـــە ژێر ڕکێفی خۆیـــان. بە کۆڵۆنی کردنەکـــە لە ناوخـــۆدا بەڕیـــوە چووە و ناوچەکان بـــەردەوام لە خـــۆ بەڕیوەبەریی داماڵـــدراون. تـــاران، ئانکارا و دیمەشـــق گەشـــە پێدانـــی ناوچـــە هەژارەکانیـــان پاشـــگوێ خســـتووە. ســـەرەڕای سامانی سروشـــتی وەک نەوت، ئـــاو و زێڕ، ناوچە کوردستانییەکان زۆرترین ئاستی بێکارییان هەیـــە لـــە کاتێکدا ئـــەو ســـەرمایەی بە ســـامانەکانی ئـــەوان کـــۆ دەکرێنەوە بـــە قازانجـــی هێـــزە دەســـەڵاتدارەکان پاشـــقوڵ دەدرێـــن. میلیتاریـــزە کردن و ســـنووردانان لەســـەر ژیانی کـــوردان بە شـــێوەی بەربـــڵاو لـــە لایـــەن دەوڵەتە دەســـەڵاتدارەکانەوە جێبەجـــێ دەکرێ. بەڵام هێشـــتا بارودۆخەکە ناگاتە ئاســـتی جیابوونـــەوەی تاکلایەنە کە پێشـــێلکردنی بەربـــڵاوی مافەکانـــی مـــرۆڤ، نکۆڵـــی کردن لـــە مافی چـــارەی خۆنووســـینی ناوخۆیـــی و لـــەکار کردنـــی گشـــت ڕێگاچارەکانـــی بەردەســـت دەگرێتـــەوە.

جیابوونەوەی کوردستان

هەوڵی کوردان بۆ چارەی خۆنووســـین چوار ناوچەی پێکەوە گرێدراوی کوردســـتانێکی یەکپارچـــە دەگرێتـــەوە. لە کوردســـتانی گـــەورەی لێکدابـــڕاودا، دەســـتەواژەکانی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

رۆژهەلاتی کوردستان (رۆژهەلات له ئێران)، رۆژئاوای کوردستان (رۆژئاوا له سووریه)، باکووری کوردستان (باکوور له تورکیه) و باشووری کوردستان (باشوور له عێراق) وەک پێوەری جوغرافیایی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت کە لەگەڵ بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی بریتانیا تا ساڵەکانی ۱۹۲۰ و ئاخاوتنی زمانی کوردی لە ئێستادا یەک دەگرنەوە.

دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە رۆژهەلات

بوونی کوردان لەناو سنووره‌کانی وڵاتی ئێران نکۆڵییان لێ ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییە کوردستانییەکان دەوڵەت جەختی لەسەر پێناسەی فارسی، زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فەرمی و ئایینی شیعە، لەگەڵ میلیتاریزە کردن و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ کردۆتەوە. گۆڕانی ناوی پارس بۆ ئێران لە ۱۹۳۵ لە ڕاستیدا بووە هۆی ژیردەستەیی، ئاسیمیلە کردن و چەوساندنەوەی سەرجەم تاقمە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکانی دیکە. کوشتنی نایاسایی سیستەماتیک و توندوتیژیی لە ڕادە بەدەر دژی کوردان لە تۆمارەکانی مافەکانی مرۆڤدا دەبینرێن. ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانییە سیاسییەکانی کورد حوکمی سێدارەیان بۆ دەردەچێ. پێشێلکارییەکانی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردان بەردەوام تۆمار دەکرێن. تەنانەت سروشت و سیستەمی ژینگەی رۆژهەلات بە ئەمنییەتی کراون و لە سیاسەتە ژینگەکوژەکانی ئێرانی پارێزراو نین. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی سەرجەم ڕێگاچارەکان، کوردانی رۆژهەلات هەر ئێستا گەیشتوونە کۆتایی ڕێگا و هیچ جێگرەوەیەکی سیاسی بوونی نییە.

باکوور

تورکیە تێکەڵاوێک لە تایبەتمەندیی دیموکراتیک و دیکتاتۆرییانە نیشان دەدا کە لە ناوچە جیاجیاکان جیاوازن. دێموکراسی، حوکوومەتی یاسا و مافەکانی شارۆمەندی لە باکووری کوردستان بوونیان نییە، شوێنێک کە ماوەی یەک سەدە یاسای هەڵاواردنکاری دۆخی نایاسایی، کوردانی خاوەن هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕابوو لە ڕوانگەی سیاسییەوە کردۆتە ئامانج. یاسای بنەڕەتی، نیشتمان و نەتەوەی تورکی وەک یەکەیەکی پیرۆزی لێکدانەبڕاوی دەوڵەتی تورکیە پشتڕاست کردوونەوە (پێشەکی یاسای بنەڕەتی تورکیە). ناسیۆنالیزمی ئاتاتورک، تورک بوون و نەتەوەی تورک [جەختکردنەوەکە لە دەقە ڕەسەنەکەدا هاتووە] پرینسیپەکانی پارێزراو لە پێشەکی یاسای بنەڕەتیدان. بالا دەستی زمانی تورکی لە بڕگەیەکدا هاتووە (بڕگەی ۳)، کە بۆ هەموار کردنەوە و دانوستان نابێ (بڕگەی ۴). توانەوە)ئاسیمیلاسیۆن (لە کۆمەڵگای تورکیدا تاقە ڕێگا بۆ نوێنەرایەتی سیاسی لە ئاستی نەتەوەیی و هەرێمییە. بەڵام کوردەکان هاوکات کە وەدوای نۆرمەکانی دێموکراتیک کەوتوون، لە بەرانبەر توانەوەدا خۆڕاگرییان کردووە. سەرەڕای دەسکەوتی کەم لە ڕوانگەی مافەکانی زمانییەوە، سکالانامەکانی کوردان بۆ لایەنە یاساییەکانی ناوخۆیی و ناونەتەوەیی بوونە هۆی تونوتیژیی دەوڵەتی و کاریگەریی نەرێنی لەسەر مافە سیاسییەکان. خۆ پێناسە کردن وەک ‹تورک› تاقە ڕێگایەکە بۆ هەڵکشانی پلە لە ناو دەوڵەت. بڕگەکانی ۹ و ۷۰ی یاسای بنەڕەتی تورکیە جەخت لەسەر هەمان شوناس بە مەبەستی چوونە ناو کەرتی گشتی و جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی یاسایی لە لایەن

‹هـــەر تورکێک› و لە ‹نەتـــەوەی تورکدا› دەکەنەوە. لەبـــەر نەبوونی ڕێگاچارەی دیکە، وێدەچـــێ کوردەکانی باکـــوور مەرجەکانی جیابوونـــەوەی یەکلایەنەیـــان هەبـــێ.

ڕۆژئاوا

ســـووریە وەک یەکەیەکی عەرەبی بەهەمان شـــێوە لەســـەر بنەمای نکۆڵی کـــردن لە کەمینەکانـــی نـــاو ســـنوورەکانی دامەزرا، وەک لە یاســـای بنەڕەتـــی هەموارکراوی ٢٠١٢ دا هاتـــووە. وەک ئەوانـــی پێشـــوو، یاســـا بنەڕەتییەکـــە جەخـــت لەســـەر ‹ناســـنامەی عەرەبیی› خەڵک لە هەوڵ بۆ ‹یەکیەتی نەتەوەی عـــەرەب› و وڵاتەکەی وەک ‹دڵـــی زینـــدووی عەرەبییـــەت› دەکاتـــەوە (پێشـــەکی) و ‹بەشـــێکە لە نەوەتـــەی عـــەرەب› (بڕگەی ژمـــارە ١). ڕاپۆرتـــە یـــەک لـــە داوی یەکەکانـــی چاودێریـــی مافەکانـــی مرۆڤ ئاشـــکرای دەکـــەن کە پێشـــێلکاریی مافەکانی مرۆڤ مافی جیـــا بوونەوەی کوردەکانـــی ڕۆژئاوا پشتڕاســـت دەکەنەوە. ڕاپۆرتی ئەمنییەتی لە بـــارەی جزیـــر (‹جەزیرە›) ئاشـــکرای دەکات، کـــە لـــە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣ لە لایـــەن بریکارێکی پێشـــووی بەشـــی هەواڵگریـــی (محەممەد تالـــب ئەلهیلال) باسی ســـڕینەوەی ‹مێژوو›، ‹شارستانیەت›، ‹زمان› و، ‹تەنانەت بنەچـــەی نەتەوەیی› کـــوردان و نکۆڵـــی کـــردن لـــە بوونی ســـەربەخۆی ئـــەوان دەکات (لێکۆڵینەوە لـــە لایەنـــە نەتەوەیـــی، کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانی پارێزگای جەزیرە، ١٩٦٣). دواتر، دەزگای هەواڵگریـــی، کوردان وەک هاوشـــانی ئیســـرائیلییان نفریـــن دەکات و کوردســـتان وەک ‹جوولەکســـتان› دەستنیشان دەکات و پێشنیاری سیاسەتێک دەکات کـــە هاوشـــێوەی کۆمەڵکوژ کردنە. بە نەهێشـــتنی کۆنترۆڵی دەوڵەتی سووریە لە ڕۆژئـــاوای کوردســـتان و دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەریی کـــوردی لە ٢٠١٢ بەولاوە، هیـــچ ڕاپۆرتێـــک لەبارەی پێشـــێلکاریی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ ئاشـــکرا نەبوون، لە کاتێکدا کـــە دەوڵەتی دەســـەڵاتداری ســـووریە هێشـــتا لە بەرانبەر ســـەرکوتی کوردان پێـــش شـــەڕی ناوخۆیی ٢٠١١ و بێدەنگییەکـــەی بەرانبـــەر داگیرکردنی بەشـــێک لـــە ڕۆژاوا لە لایـــەن تورکیە لە ٢٠١٨ بەولاوە، دەستدرێژییە بەردەوامەکان و هێرشـــی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە دەبنە کوژرانی خەڵکـــی مەدەنی بەرپرســـیارە. خۆبەڕێوەبەریـــی ڕۆژئاوا هێشـــتا لە لایەن دیمەشـــقەوە دانی پێدا نەنراوە. پێشێلکاریی مافەکانـــی مرۆڤ لـــە لایـــەن دەوڵەتی ســـووریەوە ڕەنگبێ لە کۆتاییـــدا ڕەوایی بە جیابوونـــەوە لە دیمەشـــق بدا یـــان نەدا، بێتوو دیمەشـــق هـــەوڵ بـــدا کۆنترۆڵی خۆی بـــەســـەر ڕۆژئاوادا بســـەپێنێتەوە.

باشوور

کوردەکانـــی باشـــووری کوردســـتان کۆمەڵکوژیـــی ڕاســـتەقینەیان لە هەڵمەتی پاکتـــاوی نـــەژادی بەنـــاوی ئەنفـــال (‹غەنیمەتـــەکان›) لـــە لایـــەن ڕێژیمی بەعســـی عێراق لـــە ١٩٨٨ ئەزموون کرد، کاتێـــک بە هەزاران کورد بێ سەروشـــوێن کـــران، ئیعدام کـــران، یـــان کیمیاباران کـــران و ٤ هـــەزار گوند وێـــران کران. داوای جیابوونـــەوەی کـــوردان بـــە هۆی هێرشـــی دەوڵەت بە گازی کیمیایی بەهێز بوو کـــە بوو بە هـــۆی لەکیـــس چوونی مافی ســـەروەریی دەوڵەت، بـــەڵام هیچکام لـــە دووڵەتانـــی دراوســـێ پشـــتیوانییان لـــە کـــورد نەکرد. لـــە عێراقی ئێســـتادا هیـــچ ئاســـەوارێکی هەڵاواردنی ئاشـــکرا، سیســـتەماتیک و بـــەردەوام دژی کوردان نابینـــرێ کە ڕەوایـــی بـــە جیابوونەوەی حوکوومەتی هەرێمی کوردســـتان بدا. لەبەر ئەو هۆیە، کۆمەڵـــگای ناونەتەوەیی وێناچێ پشـــتیوانی لە جیابوونەوەی کوردانی باشوور بە بێ ڕەزامـــەندی بـــەغـــدا بکەن.

هەوڵدانی کێبڕکێ

چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی

پێشنیاری پێشکەشکراو لە لایەن جوولانەوەی کوردی بۆ خۆبەڕێوەبەریی خاکیی وەک مودێلێک لە چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی بۆ ڕەخساندنی هەلی بەشداریی کاریگەر لە کاروباری گشتی، لە لایەن دەوڵەتانی تورکیە، ئێران و سووریە بە تەواوی سەرکوت کراوە. لە کاتێکدا کە خۆ بەڕێوەبەریی لەناو ڕێککەوتنێکی فیدراڵیدا ڕەنگبێ بتوانێ ئاستێک لە خۆبەڕێوەبەریی دەستەبەر بکات، بەڵام ئەوە ڕێگایەکی جێگای متمانە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردان نییە. هەموار کردنەوەی یاسای بنەڕەتی وڵاتەکان بژاردەیەکی جێگرەوە نییە. چوارچێوەی دێموکراتیکی سیاسی بۆ ئەو کوردانەی لەو وڵاتانەدا دەژین بوونی نییە. ئەوان لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نوێنەرایەتی ناکرێن و پێش بە بەشداریی کاریگەری ئەوان لە پرۆسەکانی بڕیاردان دەکرێ کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەریان هەیە. حیزبەکانی چالاک لە بواری پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتانی میواندارەوە بە نایاسایی کراون کە بۆتە هۆی هەڵوەشانیان. بەشداریی کوردان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا تەنیا لە ڕێگای حیزبە سەرانسەرییەکانەوە مومکینە. پرینسیپی بەشداریی ڕێژەیی ئەتنیکی لە پارلەمان و دامودەزگا حوکوومییەکاندا نکۆڵی لێ دەکرێ. لە ئێران، گوایە نوێنەرایەتی لە بەشی یاسادانان و هەڕێمیدا زەمانتکراوە بەڵام بە کردەوە و بە گوێرەی یاسا، هەڵاواردن بەڕێوە دەچێ. لە هەڵبژاردنە جاربەجارەکانی پارلەمان و هەڕێمیدا بەربژێرە کوردەکان لە دامەزراوە حوکوومییەکاندا فیلتەر دەکرێن، لە ناویاندا لە ئەنجومەنی پارێزگار و دامودەزگا هەواڵگرییەکان، تا دەوڵەت لە هەڵبژێردرانی نوێنەرانی لە پێشدا دیرایکراو دڵنیا بێ کە دەچنە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و ئەنجومەنە هەڕێمییەکان. ئەوان نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکەن نەوەک گەلی کورد. ئەو بۆچوونە بۆ نوێنەرانی کورد لە دەوڵەتی تورکیەشدا ڕاستە. لە تورکیە، زۆربەی شارەوانە هەڵبژێردراوەکانی کورد بە تۆمەتبار کردنی ئەوتۆ کە هاندەری سیاسی لەپشتەوە بوو، لەسەر کار لابران و دەستبەسەر کران و لەجیاتان کەسانی دەستنیشانکراو لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر لە مۆڵەتی یاسایی، دانران. هەروەها پارلەمانتارانی کورد کە، بەرەوڕووی زیندەڕۆیانەترین و هەڵاواردنکارانەترین سنووری هاتنە ژوور بۆ ناو پارلەمان لە ناو وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئوروپا (OSCE) دەبنەوە، بە کۆمەڵ پارێزبەندیان لێ زەوت دەکرێ و حوکمی زیندانی درێژمەودایان پێ دەدرێ. داوای دادگای مافەکانی مرۆڤی ئوروپا (ECtHR) بۆ ئازادیی دەستبەجێی هاوسەرۆکانی حیزبی لایەنگری کوردان، پارتی دێموکراتیکی گەل (HDP)، کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان لە ٢٠١٥ بەولاوە لە زیندانن، هیچ ئاکامێکی نەبوو. ئەو پرۆسەیە هێشتا بەردەوامە.

دەرئەنجام

ئەوە گاڵتەجارییە مێژوویە: ئەگەرچی کوردستانی سەربەخۆ دوای جەنگی جیهانیی یەکەم سەری هەڵنەدا، شانسی چارەی خۆنووسینی کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بەر لەوەی چارەی خۆنووسین ببێتە بەشێک لە یاسای ناونەتەوەیی، زیاتر بوو. بە گوێرەی هەر تیۆرییەکی سیاسی چارەی خۆنووسین، ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد دەبێ لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیدا

بژی. هـــۆی جێبەجـــێ نەکرانەکەی، زۆر شـــت لەبارەی پێشـــداوەرییەکانی یاسای نـــاونـــەتـــەوەیی ئـــاشکرا دەکات. ماوەی ســـەدەیەکە دەوڵەتانـــی میوانداری کوردان سیاســـەتی بەرهەڵستکارانەیان دژی کورد و کوردســـتان ڕەچاو کـــردووە. ئەوان کەڵکیان لە دەســـتەواژەگەلی ‹تێرۆریست›، ‹جیاییخـــواز› و ‹یەکپارچەیـــی خاکیی› وەرگرتـــوە بـــۆ ســـەرکوتی داوای کوردان بۆ مافەکانیـــان. فارســـاندن، عەرەبانـدن و تورکاندن، گواســـتنەوە و داگیرکردنی خاکی کوردان و گواســـتنەوەی ناکـــوردەکان بۆ کوردستان، لەگەڵ سیاســـەتی بەردەوامی تواندنـــەوە و بەکۆلۆنیکردنـــی ناوخۆیـــی ڕەچاوکراو لە لایـــەن دەوڵەتانی میوانداری کـــوردان، بۆتـــە هـــۆی کـــەمتـــر بـــوونەوەی ڕووبـــەری کوردســـتان. ڕووداوەکانـــی ئـــەو دواییانـــەی عێـــراق و ســـووریە بوونـــە هـــۆی دامەزراندنـــی کیانـــی دێفاکتـــۆی کوردی بە شـــێوەی چـــارەی خۆنووســـینی ناوخۆیـــی لـــە باشوور و ڕۆژاوای کوردســـتان، لە کاتێکدا کـــە کوردانـــی باکـــوور و ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان نەگەیشـــتوونە هیچ جۆرێک لـــە کۆنتـــرۆڵ. شـــێوازە بەردەوامەکانی پێشـــێلکاریی بەربـــڵاوی مافەکانی مرۆڤ ڕەنگبـــێ ببنـــە هـــۆی ڕەواییـــدان بە ڕێگاچارەی جیـــا بوونەوە. بەڵام، ئاســـتی ســـەرکوت لەوە کەمترە کـــە ببێتە هۆی ســـتاندردی پێشـــنیارکراو وەک دۆخـــی بەنگلادێش، کۆسۆڤۆ و باشـــووری سودان. بـــەڵام هیـــچ پێوەرێکـــی بـــەردەوام بۆ ئاستی چەوســـاندنەوە بۆ دەستەبەر کردنی مافـــی جیابوونـــەوە کە لەگـــەڵ هەموو بـــار و دۆخێکـــدا بگونجێ، نییـــە. بۆیە دەبێ چەوســـاندنەوە بە گوێـــرەی دۆخە تایبەتییەکانـــی تاقمەکان لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ دەوڵەتانەوە بـــێ. هەروەها، هیچ نموونەیەکـــی ئەســـتاندنەوەی ڕێـــکاری خۆبەڕێوەبەریـــی یـــان کەمکردنـــەوەی ئاســـتی خۆبەڕێوەبەریـــی هەرێمـــی یان لەکێـــس چوونی دەســـەڵات لە ئاســـتی نەتەوەییـــدا بـــەدی ناکـــرێ. بۆیە دۆخی کوردان ڕەنگبێ هێشـــتا بـــۆ پەنا بردن بۆ چارەســـەریی یەکجاریی جیابوونەوە گونجاو نەبێ، ئەگەرچی هێشـــتا وەلانانی سیاسی، نەبوونـــی دەستڕاگەیشـــتن بـــە دەوڵەت بـــە شـــێوەی نوێنەرایەتـــی کاریگەری کوردان لـــە دامـــەزراوە دەوڵەتییەکاندا و ئاســـتی هەڵاواردنی چالاکانە و یاســـاکانی ئاســـیمیلەکار بـــە دژی پێناســـە و زمانی کوردســـتانی لـــە لایـــەن دەوڵەتەکانەوە بەڕێـــوە دەچـــێ. توانایـــی کـــوردان بۆ جێبەجێ کردنـــی چارەی خۆنووســـینی ناوخۆیـــی زۆر دەمێکە لـــە پەلوپۆ کەوتووە و هیـــچ ڕێگاچارەیەکـــی دیکـــە نەماوە. ویســـتی درکاوی کوردان بـــۆ جیابوونەوە دژوارە نیشـــان بدرێ چونکە گشتپرســـی لە ژێـــر کۆنترۆڵـــی دەوڵەتانـــی تورکیە، عێـــراق و ئێران بـــۆ بیر لێکردنـــەوە نابێ. ســـەرەڕای ســـکاڵا ڕەواکانیان، کوردەکان لەبـــەر سیســـتەمە نادێموکراتیکەکانـــی دەوڵەتـــە میوانداڕەکانیـــان گەیشـــتوونە چەقبەســـتوویی. پێداگریـــی کۆمەڵـــگای ناونەتەوەیـــی دەوڵەتـــان لـــە ســـەر بڕە بوونـــی یەکپارچەیی خاکیی، بەربەســـتی ســـەرەکی بۆ مافی چارەی خۆنووســـینی کوردانە، ئەگەرچی دەوڵەتانـــی میوانداری ئـــەوان بۆخۆیان ملکەچی پرینســـیپەکانی مافـــی یەکســـان و چارەی خۆنووســـینی گەلان نابن. یاســـای بنەڕەتـــی ٢٠٠٥ی عێراق تاکە دانپێدانانی مافی دەســـتووریی کوردانـــی باشـــووری کوردســـتانە کە بە گوێرەی ئەو دەســـەڵاتی خۆبەڕێوەبەرییان دەداتـــێ کە بـــە نوێنەرایەتی لە ئاســـتی وەزارەت لـــە بەڕێوەبەرایەتـــی دەوڵەتـــدا تەکمیـــل دەکـــرێ، ئەوە پاش هەشـــت دەیـــە ســـەرکوت لـــە لایـــەن دەوڵەتی عیراقەوەیـــە. دەوڵەتـــە ســـەرکوتکەر، یەکدەســـت و ناسیۆنالیســـتەکانی دیکە،

هەوڵنامەی کتێب

سەرەڕای ئەوە کە ڕێککەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤیان واژۆ کردووە، لەسەر نکۆڵی کردن لە دانپێدانان، پێداگرن. لە سەدەمین ساڵی پەیماننامەی لوزان، گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە چوارچێوەی کوردستانی مەزن کە سەرجەم بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە، لە ئێستادا زەمانەت ناکرێ. دەرفەتی جیاجیا بۆ هەر کام لە بەشەکان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی زۆرتر ڕێی تێدەچێ. بێتوو بەشێکی کوردستان بگاتە سەربەخۆیی، سێ بەشی نائازاد («چارەسەر نەکراو») دەمێننەوە کە ڕەنگبێ ڕۆژێک، بە هۆی سیاسەتی وەسەریەک خستنەوە (irredentism)، بتوانن بگەڕێنەوە سنوورە مێژوویی و ئەتنیکییەکانی خۆیان و وڵاتە یەکگرتووەکانی کوردستان دروست بکەن. وێنە: کوردستان، نەخشەی فەرانسەیی. لە بولتەنی مانگانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە ۸، ئاگوستی ۱۹۴۹ دا بڵاو کراوەتەوە (FO ۷۵۱۲۳/۳۷۱). لە تۆمارەکانی کوردان: خاک، سەرهەڵدان و ناسیۆنالیزم، لە نووسینی ئانیتا باردەت دا هاتووە، ۱۹۷۹-۱۸۳۱: سەرچاوە بەڵگەییەکانی بریتانیا، بەرگی ۱۳ (CUP ۲۱۵). کەڵک لێوەرگیرانی لە لایەن ئارشێوەکانی نەتەوەیی، لەندەن، ئینگلیز، ڕێگا پێدراوە.

*https://www.ejiltalk.org/towards-a-united-kurdistan-prospects-for-kurdish-self-determination/



هەوالنامەی کتێ

ویٚنای دژە کۆلۆنیالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم لە ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵی باسکدا (١٨٩٢–١٩٣٩)*

نووسەر: ماریا ڕیٚیس بازتان

ماموٚستای بەشی زمان و کولتووەکان، زانکۆی ڕیدینگ، بریتانیا

و: ژیوان ڕۆژهەلاتی

زۆرجار بزووتنەوە ئێتنۆناسیونالیستەکان، بیرۆکە و ڕووداوەکان ڕێگەیان بۆ خۆش دەکەن کە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا ڕوودەدەن. بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزمەکان مۆدێلێکی بنیاتنەری تایبەتیان بۆ ناسیۆنالیستە ڕۆژئاواییەکان دابینکردووە، کە لەم خەباتانەدا لێکچوونێکیان لەگەڵ مێژووی ستەمکاریی خۆیاندا بینیوە. ئەم هەستە هاوبەشانە وەک سەرچاوەیەکی پەیوەندیکردن کاریان دەکرد کە سنوورە نەتەوەییەکانیان تێپەڕاند. ئەمانە ئەو بیرۆکانەن، پاڵنەر بوون بۆ تێزی دکتۆراکەم کە بە شێوەیەکی کاتی بە ناوی وێنای دژە کۆلۆنیالیزم و ئینترناسیۆنالیزم لە ناسیۆنالیزمی تونڕەوی باسکدا (١٨٩٢-١٩٣٩)[٤]. تێزەکەم وەک پرۆژەیەکی مێژووی بیرکردنەوەی جیهانی بیری لێ کراوەتەوە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی هەواڵ و ڕۆژنامەکانی باسکەوە، خۆبەدەستەوەدان و گونجاندن و بەکارهێنانی بیرۆکە دژە کۆلۆنیالیزمەکان لە ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵی باسکی سەرەتاییدا دەکۆڵێتەوە. هەروەها بەدواداچوون بۆ گۆڕانی چەمکەکانی ڕادیکاڵە باسکەکان دەکات لەبارەی کۆلۆنیالیزمەوە، کە پەیوەندییان بە گۆڕانکارییە جیهانییەکانەوە هەیە، کە لەم قۆناغەدا ڕوودەدەن. لە وێبلاگەکەمدا، کورتەیەک لە ئەنجامەکانی سێ ساڵ لێکۆڵینەوەکەم دەخەمەڕوو. هەرچەندە زانایان حەزیان لێ بوو، گرنگی بیرۆکەکانی دژە کۆلۆنیالیزم بۆ گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی باسک لەبەرچاو بگرن، بەڵام بزووتنەوەکە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بە هەستی دژە کۆلۆنیالیزم ڕەنگڕێژ کرابوو. لە سەردەمێکدا کە ئیسپانیا بە بێ هیواییەوە خەباتی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆلۆنییەکانی دەکرد و لە لایەن زلهێزە ئیمپریالیزمەکانی دیکەوە وەک نەتەوەیەکی پلە دوو هەژمار دەکرا. سابینۆ ئارانا (١٨٦٥-١٩٠٣) دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی باسک، تیۆرییە دژە کۆلۆنیالیزمییەکانی بۆ گونجاند بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوانی باسک تەرخان کرد. ئارانا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، وڵاتی باسک (یان ئیۆسکادی) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بووەتە کۆلۆنییەکی ئیسپانی. لە لای ئارانا، کۆلۆنیکردنی ئیسپانیا بۆ باسکەکان کاریگەریی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕەگەزی هەبوو. ئارانا زۆر ئاگاداری گوتارە ڕەگەزپەرستییە زانستییە ساختەکانی سەدەی نۆزدە بوو کە بوونی ڕەگەزێکی باسکی جیاواز لە ئیسپانییەکانی سەلماند و ڕەگەزەکانی باشووری ئەورووپایان لە کۆتایی پۆلی قەوقازدا دانا. ئارانا بە ئیلهام وەرگرتن لەم مشتومڕانە بانگەشەی کرد کە ئیسپانییەکان لە ڕووی ڕەگەزییەوە لە باسکەکان کەمترن. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئیسپانییەکان درندە و ناشارستانی بوون، هەر بۆیەش ناشایستەن بۆ حوکمڕانی بەسەر ئیوسکادی یان کۆلۆنیکردنی خاکەکانی تر. دژە کۆلۆنیالیزمی ئارانا زیاتر دژی ئیسپانیا بوو. هەرچەندە لە سەرەتادا هەندێک جار بانگەشەی بۆ کۆتایی هاتنی کۆلۆنیالیزمی جیهانی دەکرد، بەڵام لە ساڵانی دواتردا بە ئاشکرا ستایشی پراکتیکەکانی کۆلۆنیالیزمی وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەمریکای دەکرد. ئەمەش لەو تەلەگرامانەدا دیارە کە لە ساڵی ١٩٠٢ بۆ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لۆرد سالزبێری و سەرۆکی ئەمریکا ڕۆزڤێلت نووسیویەتی و ستایشی کۆلۆنیالیزمی نەرمی یەکەمیان کردووە و پیرۆزبایی لە کۆلۆنیالیزمی دووەمیان کردووە کە کوبای لە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانیا ڕزگار کردووە. ئەمە شێوازی ئارانا بوو بۆ جیاکردنەوەی پراکتیزە کۆلۆنیالیزمەکانی ئیسپانیا — کە بەهۆی سروشتی کەمتر و ناشارستانیی ڕەگەزی ئیسپانیاوە پووچەڵکرایەوە — لە کۆلۆنیالیزمی گوایە باڵاتر و شارستانیتری ڕەگەزەکانی ئەنگلۆساکسۆن. ئەم دیدە هەڵبژێردراوەی کۆلۆنیالیزم لە ئەنجامدا تیۆرییەکانی کۆلۆنیالیزمی باشی لێکەوتەوە، کە جێنشینەکانی ئارانا

سا ئەوانەی دەیانویست سەربەخۆیی بەدەستبهێنن (میانڕەوەکان) و لە لایەکی تر ئەوانەی دەیانویست سەربەخۆیی (ڕادیکاڵەکان) – دوای مردنی لە ساڵی ١٩٠٣ پەرەیان پێدا، ئەم بیرۆکەیەی ئیمپریالیزمی باش بوو بەتایبەتی لە کاتی جەنگی گەورەدا باو بوو. بۆ بەرگریکردن لە دەستێوەردانی سەربازی بەریتانیا، باسکە ناسیۆنالیستەکان لایان وابوو بەریتانیا وەسوەسەی ئیمپریالیستیی نەمسا ڕادەگرێت و سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز زۆر مرۆییتر و لیبراڵتر لە زلهێزەکانی تر.[١] بەریتانیا وا هەست دەکرا کە کاردەکات بە یەکگرتوویی لەگەڵ خواستەکانی ئەو کەسانەی کە حوکمڕانی دەکات.[٢] هەموان لەگەڵ ئەم مەنتقەدا کۆک نەبوون. لەگەڵ سەرهەڵدانی جێژنی ئیستەر لە ساڵی ١٩١٦ لە ئێرلەندا و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم لە دوای جەنگی گەورە، بەشێکی تۆندڕەو لەناو بزووتنەوەکەدا دەستیانکرد بە تەحەدای تیۆرییەکانی کۆلۆنیالیزمی باش. دوای سەرهەڵدانی جێژنی ئیستەر، هەواڵنامەیەکی باسکی دەڵێت، (ئێمە) ئەوە مەحکووم دەکەین هەر نەتەوەیەک خۆی زاڵ بکات بەسەر نەتەوەیەکی تر، بەتایبەتی کاتێک کە تۆندوتیژن و کۆیلایەتییەکەیان نەرم نییە. ئەمڕۆ و نەک پێشتر، پێویستە بەریتانیا (...) بخەینە نێو ئەمانەوە.[٣] ژمارەی ئابێری، لە ساڵی ١٩٢٢ بڵاوکرایەوە. وەک هەموو جەژنی جەژنی ئیستەر، ئەم ژمارەیە یادی ڕاپەڕینی ئێرلەندی دەکردەوە و ستایشی "شەهیدان"ی بزووتنەوەکەی دەکرد. لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩١٠ بەدواوە ڕادیکاڵەکانی باسک هەموو جۆرە کۆلۆنیالیزمێکیان مەحکووم کرد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دوو هەواڵنامەی ڕادیکاڵ زمانێکی دەوڵەمەندی دژە کۆلۆنیالیزمییان پەرەپێدا کە سوودیان لە تیۆرییەکانی ئارانا وەرگرت. ئەم دوو هەواڵنامەیە کە ناویان لێنراوە ئابێری و جاگی–جاگی، باسکەکانیان لە خەباتێکی گوایە جیهانیدا لە دژی کۆلۆنیالیزم لە پاڵ نەتەوەکانی دیکەی وەک مەغریب، هیندستان و ئێرلەندا جێگیر کردووە، کە زۆربەی زمانی دژە کۆلۆنیالیزمیان لێ وەرگرتووە. لە تێزەکەمدا دەڵێم ئەم فۆرمە نوێیەی دژە کۆلۆنیالیزم سێ مەبەستی سەرەکیی هەبووە.

یەکەم: وەک ئارانا لە ماوەی ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕادیکاڵەکانی باسک دژە ئیمپریالیزمیان بەکارهێنا بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بانگەشەی سەربەخۆیی باسک. لە قۆناغێکدا کە ناسیۆنالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم لە ئاستی جیهانیدا بڵاو دەبووەوە، ناسیۆنالیستە باسکەکان لایان وابوو کۆلۆنیالیزم دەبێت کۆتایی بێت و کۆلۆنیالیزمەکان پێویستیان بە ڕزگاربوونە لە شارە گەورەکەی خۆیان. وەک هەر کۆلۆنییەکی تر، ناسیۆنالیستە باسکەکان پێیان وابوو، یوسکادیش دەبوو سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت.

دووەم: دژە کۆلۆنیالیزم ئامرازێکی کاریگەر بوو بۆ دروستکردنی ڕق و قین لە دژی ئیسپانیا لە نێو کۆمەڵگەی باسکدا. ناسیۆنالیستەکان بە خستنەڕووی ئیسپانییەکان وەک نەتەوەیەکی خراپەکاری کۆلۆنیالیزم، ئەگەری هەر جۆرە هاوکارییەکیان لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیا بۆ گەیشتن بە چارەی خۆنووسین بە دووریان زانی. بەم بیرۆکەیە، ڕادیکاڵەکانی باسک دەستیانکرد بە ڕەچاوکردنی ستراتیژیی نافەرمانی مەدەنی و تۆندوتیژی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. ناسیۆنالیستە باسکەکان ئەم بیرۆکانەیان لە هیندستان و ئێرلەندا هاوردە کردووە بۆ ئیوسکادی (بڕوانە وێنەی خوارەوە). زیندانییانی باسک لە مانگرتن لە خواردن، ساڵی ١٩٣١. لە ساڵی ١٩٣١ بە ئیلهام وەرگرتن لە مانگرتن لە خواردن بە سەرۆکایەتیی ناسیۆنالیستی ئێرلەندی تێرێنس ماکسوینی، هەندێک لە باسکە

ناسیۆنالیستە مانیان لە خواردن گرت. ئەمەش بوو بە تاکتیکێکی دووبارەبووەوە کە ناسیۆنالیستی باسک بەکاری دەهێنا.

سێیەم: دژە کۆلۆنیالیزم بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی باسک زۆر پێویست بوو. باسکە ناسیۆنالیستەکان لە زۆر بۆنەدا خۆیان بە دوژمنی ئیمپریالیزمی خۆپەرستانە ڕاگەیاند کە نەتەوەکانی دیکە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی دیسپۆتیکی خۆیەوە.[۴] باسکە ناسیۆنالیستەکان لۆمەی ئیمپریالیزمی جیهانییان کرد و هەڵمەتەکانیان دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە وڵاتانی داگیرکراوی وەک مەغریب و حەبەشە دەستپێکرد و هاوسۆزییان دامەزراند کە سنووورەکانی تێپەڕاند. لە زۆر بۆنەدا ئارەزووی ئینتەرناسیۆنالیستی لێکەوتەی ماددی هەبوو. نموونەی هەرە وێناکەر دروستبوونی بەناو کۆمەڵەی نەتەوە چەوساوەکانە لە ساڵی ۱۹۲۴ کە بۆ یەکخستنی یوسکادی، کەتەلۆنیا، میسر، فیلیپین، هیندستان، ئێرلەندا و مەغریب بوو. باسکە ناسیۆنالیستەکان ئەو ڕێکخراوەیان بۆ یارمەتیدانی یەکتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان: ئازادی و بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەکانمان (باسک) دروستکرد.[۵] تێزەکەم ورد دەبێتەوە لە ڕێکخراوە دژە کۆلۆنیالیزمەکانی باسکی وەک ئەم ڕێکخراوە، کە لە مێژوونووسیدا مەیلیان هەبووە چاوپۆشییان لێ بکرێت. تێزەکەم لە ساڵی ۱۹۳۹ کۆتایی دێت، بەڵام دژە کۆلۆنیالیزمی ڕادیکاڵی باسکی بەوەوە کۆتایی نایەت. ئەو هەڵمەتە توندوتیژییە دژێخایەنەی کە گرووپی چەکداریی لایەنگری سەربەخۆیی ئیتا لە ساڵانی شەستەکانەوە ئەنجامیدا، لە زۆر بۆنەدا لە ڕێگەی خۆبەدەستەوەدانی زمانی دژە کۆلۆنیالیزمەوە ڕەوا بوو. هەرچەندە بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزمەکانی جیهانی سێیەم لە ماوەی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا بۆ گەشەسەندنی ئەم زمانە زۆر گرنگ بوو، بەڵام زۆرترین ڕاستەوخۆ قەرزاری ئەو تیۆرییە دژە کۆلۆنیالیزمانەیە کە لەلایەن باسکە ڕادیکاڵەکان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتاییەکانی ۱۹۳۰ پەرەی پێدراوە. بەم شێوەیە دەتوانرێت تێزەکەم وەک دووبارە لێکۆڵینەوەیەک لە سەرچاوەکانی بیرکردنەوە لە یەکێک لەو ڕێکخراوانە چاو بکرێت کە زۆرترین شێوەی مێژووی ئەم دواییەی ئیسپانیایان لە قاڵبداوە. ماریا ڕێیس بازتانلینک: لە پەنجەرەیەکی نوێدا دەکرێتەوە، خوێندکاری ساڵی کۆتایی دکتۆرا لە زانکۆی وارویکە. خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە مێژووی جیهانی و بەراوردکاری لە وارویک (۲۰۱۷) و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە مێژوو لە زانکۆی ڤالێنسیا (۲۰۱۶). تێزی دکتۆراکەی بە ناوی خەیاڵی دژە کۆلۆنیالیزم و ئینترناسیۆنالیزم لە ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵی باسکە (۱۸۹۲-۱۹۳۹).

* https://warwick.ac.uk/fac/arts/history/ghcc/blog/anti-colonial_imagination_and/

ژێدەرەکان:

[1] Euzkadi, 30 July 1914, Num. 542, p. 4 and Euzkadi, 10 August 1914, Num. 553, p. 1.

[2] Euskalduna, 10 March 1906, Num. 433, p. 5.

[3]K, ‘POR IRLANDA. PARA EL DIARIO EUZKADI’, Bizkaitarra, 13 May 1916, Num. 15, pp. 2-4.

[4] Jagi-Jagi, 4 April 1936, Num. 95, p. 2.

[5] Translated from the original draft of the League of the Oppressed Nations:

هەواڵنامەی کتێب

لیبرالیزمی نوێ دەتوانێت لەبارەی دەوڵەتی ئێرانەوە چیمان پێ بڵێت؟*

نووسەر: کەیهان وەلەدبەیگی
ماموّستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ناوەڕاست، زانکۆی لایدێن، هۆڵەند
و: ژیوان ڕۆژهەلاتی

(کەیهان وەلەدبەیگی، مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە پەیمانگای زانکۆی لیدن بۆ لێکۆڵینەوەی ناوچەکان (LIAS). لێکۆڵینەوەکانی بەدواداچوون بۆ دارشتنەوەی نیولیبرالْ، پێکهاتنی چینایەتی و دەوڵەت و بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ئێرانی مۆدێرن و هاوچەرخ).

دەوڵەتی تیۆکراسی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر وەک یەکەیەکی (ناوازە) چەمکسازی کراوە. دوو کۆمەڵە تیۆریزەکردن بەشداریەکی گەورەیان لەم تێگەیشتنەدا کردووە. لەبەر ئەوەی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ زیاتر وەک شۆڕشێکی (ئاوارتە) لێک دەدرێتەوە کە لە ڕێگەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکانی شۆڕشەوە دەستی پێ ناگات، بەم پێیە دەرئەنجامە سەرەکییەکەی، دەوڵەتی ئیسلامی، وەک یەکەیەکی تایبەت و ئاوارتە چاوی لێ دەکرێت. جگە لەوەش، تیۆری بەربڵاوی دەوڵەتی کرێچی سووتەمەنی دەدات بە گێڕانەوەی ئاوارتەی دەوڵەتی ئێرانی دوای شۆڕش بە پێدانی ڕۆڵێکی تەواوکەر بە داهاتی نەوت لە بنیاتنانی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت، نوخبە شۆڕشگێڕەکان، تۆڕە کەسایەتییەکانی پاڵپشت و لایەنگرە دامەزراوە شۆڕشگێڕە ئیسلامییەکان. ئەم چەمکسازییانە دوو کێشە ساز دەکەن. یەکەم: پرسیارەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە و پێکهاتنی چینایەتی لە شیکاریی دەوڵەتدا بە پابەندبوون بەو هۆکارە مەترسیدارانەی سەرەوە کەم دەکەنەوە. دووەم: بە ناسیۆنالیزمی میتۆدۆلۆژی تێکدەڕێن، چونکە ئەم فاکتەرانە بە بەرهەمی کەشی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی-سیاسی دادەنرێت. لە وتارەکەمدا کە لیبرالیزمی نوێ و پێکهاتنی دەوڵەت لە ئێراندا کە لەم دواییانەدا لە گۆڤاری گلۆبالیزاسیۆنەکاندا بڵاوکرایەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە فەلسەفەی پەیوەندییە ناوخۆییەکان بەرگری لەم چوارچێوە ئاوارتەیە دەکەم. ناوەڕۆکی ئەم تێزێنەوەیە ئەوەیە دەوڵەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ لیبرالیزمی نوێی ئێراندا چەمکسازی بکرێت کە بەشێکە لە پرۆسەی بەرفراوانتری سەرمایەداریی لیبرالیزمی نوێ لە جیهاندا.

لیبرالیزمی نوێ و دەوڵەت

ئەم تێزێنەوەیە دەوڵەت وەک کۆمەڵێک فۆرمی دامەزراوەیی پێناسە دەکات کە شەوقدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە دروست دەبن. بەڵام بە هۆی بە نێودەوڵەتیبوونی سەرمایە، دەوڵەت تەنیا بە ئاماژە بە کەشی نەتەوەیی تێ ناگات. بەنێودەوڵەتیکردنی سەرمایە لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٨٢ کەشێکی چاکسازی بوو بۆ زاڵبوون بەسەر دارمانی ئابووریی جیهانی. بۆ ئاسانکاری لەم کەشە چاکسازییە، لیبرالیزمی نوێ پێشبینی دەکرا بۆ پەرەپێدانی ڕێکخستنەوەی هەموو چالاکییە ئابووریەکان. بە واتایەکی تر لیبرالیزمی نوێ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان بووە کە تێیدا هەردوو دەوڵەتی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، چالاکانە ئابووری جیهانییان بنیاتناوەتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەمان گوشار و مەیلی قەیرانەکان. ئەمەش

ئاماژەیە بۆ ڕەتکردنەوەی سەیرکردنی لیبرالیزمی نوێ وەک پێشبینییەک لە ئایدۆلۆژیای باکوور یان بەرهەمێکی لاوەکیی داینامیکی ناوخۆیی باکووری جیهانی. بەڵام دەرئەنجامی پرۆسەی لیبرالیزەکردنی نوێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا ناوازە و زۆرجار تێکەڵاو بووە سەرەڕای هاوبەشیی تایبەتمەندیی هاوبەشیی گشتگیر لەبەرئەوەی کەوتووەتە ژێر تایبەتمەندیی پێکهاتەی چینایەتیی ناوخۆیی و ململانێی نێوان چینایەتی و ناو چینایەتی بە پشتبەستن بەم چوارچێوە چەمکییە، ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە دەوڵەتی ئێران وەک کۆمەڵێک فۆرمی دامەزراوەیی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سەرمایەداریی جیهانی لیبرالیزمی نوێ پێکهێناوە. بەو پێیەی کە وا ئەم پەیوەندییانە لە ناوخۆدا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بۆیە نابێ ئابووریی جیهانی وەک کاریگەرییەکی دەرەکی لەسەر ئێران لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە چاوی لێ بکرێت. هەروەها نابێ ئێران وەک کۆمەڵە پەیوەندییەکی قەتیسکراو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سەیر بکرێت کە لە پانتایی فراوانتری لیبرالیزمی نوێی جیهانی دابڕاوە. بە هەمان شێوە مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندییە دامەزراوەیی و سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆمی لە لیبرالیزمی نوێوە خوازراو نییە، چونکە پەیوەندییە دامەزراوەیی و سیاسییەکان لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی خودی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدەن و پێک دەهێننەوە. بە جۆرێکی تر، بۆ تێگەیشتن لە فۆرمی دامەزراوەییی دەوڵەتی ئێران، پێویستە سەرەتا لە پرۆسەی لیبرالیزاسیۆنی نوێ و کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕانی هاوسەنگی نێوان هێزە چینایەتییە کۆمەڵایەتییە دژبەرەکان بکۆڵینەوە.

لیبرالیزاسیۆنی نوێی ئێران و پێکهێنانی چینایەتی و دەوڵەت

لە دەیەی یەکەمی شۆڕشدا (١٩٧٩-١٩٨٩)، بەردەوامیی گەشەپێدانی سەرکردایەتیی دەوڵەت لەسەر بنەمای پیشەسازیی جێگرەوەی هاوردەکردن لە چوارچێوەی گێژاوی شۆڕشگێڕانە، شەڕ لەگەڵ عێراق و سزاکانی ئەمریکادا کارەساتاویی بوو. ئاسۆی دابەزینی قازانج وایکرد کە داڕشتنەوەی بنەڕەتیی ئابووری تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو حەتمی بێت. لە ئەنجامدا دوو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی (سەرۆککۆمار لە ساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩٧) و محەمەد خاتەمی (سەرۆککۆمار لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ بۆ ٢٠٠٥) زنجیرەیەک لەم چاکسازی لیبرالییە نوێیانەیان لە (قۆناغی یەکەمی لیبرالیزەکردنی نوێ) جێبەجێ کرد. ئەم سیاسەتانە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نژاد لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٣ (قۆناغی دووەمی لیبرالیزاسیۆنی نوێ) بەردەوام بوون، ئەگەرچی بە ڕیتۆریک و ئامانجی جیاوازەوە. ئەم دوو قۆناغەی لیبرالیزەکردنە نوێیە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە کردووە و لە ئەنجامدا پێکهاتەی چینی دەسەڵاتداریان داڕشتووە. دەرئەنجامی سەرەکی قۆناغی یەکەمی

هەوڵنامەی پێشڕەو

دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ١٩٧٩، ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی ئێران شەڕیان لەگەڵ دنیا دەست پێ کرد. ئەوان دەستبەجێ دەسەڵاتی مەلایانیان سەپاند و لە دژایەتییان بەرانبەر بە سەرهەڵدانە چەپییەکانی دژی مەلایان، وڵاتیان تا لێواری شەڕی ناوخۆ برد. ئەو ناسەقامگیرییە ڕێبەری عێراق، سەددام حسێنی هان دا داگیرکاری بکات و ئەوە بووە هۆی جەنگێکی درندانە لە نێوان ئێران و عێراق کە هەشت ساڵی خایاند. لە هەمان کاتدا، دەوڵەت هەم وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها یەکێتی سۆڤیەتی وەک شەیتان دەناساند و بوو بە یارمەتیدەری سەرەکیی تیرۆریزم لە ناوچە. ئەو خەباتانە لە کۆتاییدا بوونە هۆی بەهێز بوونی ڕێژیم. لە سەرووی هەموویانەوە، شەڕ دژی عێراق و بەرهەڵستکارانی چەپ، سوپای پاسدارانی خومەینی، کە لە ١٩٧٩ دامەزرابوو، لە تاقمێکی پرش و بڵاوی شەڕکەری شەقامی نەحامڵاو و بێ چەکوچۆڵ، کردە یەکێک لە بەهێزترین هێزە ئەمنییەتییەکانی جیهان بە ١٥٠ هەزار ئەندامەوە کە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوەیان پێ کراوە. ئەو ناکۆکییانە هەروەها بوونە هۆی بەهێز بوونی بەسیج، هێزێکی میلیشیا کە لە ١٩٧٩ دامەزرا تا دژی دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆیی پارێزگاری لە وڵات بکات. ئەندامانی هێزە ئەمنییەتییەکان زۆرتر لە بنەماڵەکانی هەژار و گەلێک ئایینیی گوندەکان هەڵدەبژێردرێن. وەک پەرگیری لە هەر ئایینێکدا، زۆر لەوانە لەو بروایەدان پرسەکەیان شایانی هەر جۆرە قوربانیدان و توندوتیژییەکە. ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە تەنیا چەسپێک نییە کە ڕێژیمی ئێران لێک دەبەستێ. هەر وەک زۆر شرۆڤەکاری دیکە ئاماژەیان پێ کردووە، سوپای پاسداران گەندەڵە و بەرژەوەندیی ئابووریی زەبەلاحی لە مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. بەڵام بەرژەوەندیی ئابووری زۆر جار بەس نین. لە زۆر دەسەڵاتی سەرەڕۆی دیکەدا، ئەندامانی هێزە ئەمنییەتییەکان کە بەرژەوەندییان لە پاراستنی ڕێژیمی دەسەڵاتدارا هەیە، سەرەڕای ئەوەش، کاتێک ڕێژیم دەکەوێتە ژێر گوشار، بەرەیان گۆڕیوە تا نەکەونە لایەنی دۆڕاو. لە کاتی شۆڕشی بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١، بۆ وێنە، سوپای میسر پشتیان لە سەرۆک کۆمار حوسنی موبارەک کرد، کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی. هێزە ئەمنییەتییەکانی سربستان بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠٠٠ پشتی سەرۆک کۆمار سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچیان بەردا، کاتێک خۆپیشاندانی جەماوەریی داوای ڕووخانیان کرد. بە پێچەوانە، کاتێک ڕێژیمی مەلایان لە ئێران تووشی ئالنگاریی گەلێک مەزن بۆتەوە، سوپای پاسداران و دامودەزگاکانی دەوڵەتی لە پشتی ڕاوەستاون. لە چەند دەیەی ڕابردوودا دۆخەکە بۆ ڕێبەرانی ئێران گەلێک دژوار بووە. ڕێژیم بەرەوڕووی نارەزایەتیی پەیتاپەیتای سەرانسەری بۆتەوە. لە ٢٠٠٩، پاش ئەوەی ئاشکرا بوو سەرۆک کۆماری ئەوکات، مەحمود ئەحمەدینژاد کە تووندئاژۆ بوو، وێدەچوو لە کێبرکێ لەگەڵ ڕێفۆرمخواز میر حوسەین موسەوی، ئاکامی دەنگدانی سەرکۆماریی دزیبێ، سەدان هەزار ئێرانی ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتییەکان بۆ ماوەی چەند مانگ دریژەیان هەبوو. پاشان، لە ٢٠١٠، گەمارۆی قورس و پەرەئەستێنی ناونەتەوەیی بوونە هۆی هەڵاوسانی نرخەکان و تەشەنە کردنی هەژاری. هەلومەرجی ئەوتۆ بووەتە هۆی شەپۆلی پەیتای نارەزایەتی لە سەرانسەری وڵات. لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩، خۆپیشاندەران خامنەییان ڕەت کردەوە و ئاگریان لە ژمارەیەک بنکەی دەوڵەتی، بێنزینخانە و بنکەی هێزە ئەمنییەتییەکان بەردا. و خۆپیشاندانە مەزنەکانی پاییزی ٢٠٢٢ نوێنگەی نارەزایەتییەکی بەربڵاوتر دژی ڕێژیم بوون، لە ناویاندا نارەزایەتی لە ئابووری، تووڕەیی لە سیاسەتە

ئیسلامییەکان و کەڵک وەرگرتن لە تووندوتیژیی لە لایەن ڕێژیمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت وڵامی هەرکام لەو هەڕەشە جەماوەرییانەی بە هەمان دڕندەیی و لاساری داوەتەوە. لە ٢٠٠٩، دەوڵەت وڵامی نارەزایەتییەکانی بە زیندانی کردن و ئیعدامی بەرهەڵستکاران و بەڕێوە بردنی تاقمێک شانۆی دادگایی کردنی بەرپرسە باڵاکانی چالاکانی بەرهەڵستکار دایەوە. لە ٢٠١٩، پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندەرانی سەرشەقامەکان کرد و کوشتنی. لە ٢٠٢٢، بەسیج و سوپای پاسداران جارێکی دیکە وەک بەرگریکاری سەرەکی دەر کەوتن و خۆپیشاندەر و هەرزەکاریان کوشتن، قوتابخانەکانیان داگیر کردن و هەزاران کەسیان دەستبەسەر کردن. نموونەی ئێران پیشاندەری گرینگیی یەکلاکەرەوەی یەکگرتوویی ڕێبەریی ڕێژیم بۆ مانەوەی سیستەمی سەرەڕۆیە. بە دڕێژایی مێژوو، مەزنترین هەڕەشە دژی دیکتاتۆران لە نارەزایەتیی جەماوەرییەوە نەبووە بەڵکوو لە هاوپەیمانە سیاسییەکانی و ژێردەستەکانی لە هێزە سەربازییەکانییەوە بووە. بە پێچەوانەی چالاکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەوانی لەناو دەسەڵاتدان توانایی ناچارکەر و کۆنترۆڵی دامەزراوە سەرەکییەکانیان بە دەستە کە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات پێویستن. بە لەبەرچاو گرتنی لاسەنگیی هێز لەنێوان زۆربەی دەوڵەتان و ناڕازیبان، بێت و کاربەدەستی پلە باڵای ناو دەوڵەت پشت لە حکوومەت نەکەن، نزیکەی هیچ ئەگەرێکی سەرکەوتن نییە. لە ڕاستیدا، ئۆپۆزیسیۆنی سەرکەوتوو لە سیستەمە سەرەڕۆکاندا زۆر جار بە ڕێبەریی سیاسەتوانێکەوە بوون کە پشتیان لە ڕێژیم کردووە. لە ژمارەیەک وڵات، لە ناوپاندا لە ڕومانی لە ١٩٨٩، کێنیا لە ٢٠٢٢، گورجستان لە ٢٠٠٣، ئوکراین لە ٢٠٠٤ و قرقیزستان لە ٢٠٠٥، دیکتاتۆرەکان بەشێک لەبەر ئەوە ڕووخان کە هاوپەیمانانیان پشتیان لە حیزبی دەسەڵاتدار کرد تا تێکەڵی ئۆپۆزیسیۆن بن. بۆ وێنە، دیکتاتۆرییەتی زامبیا لە ١٩٩١ کاتێک تووشی هەرەس بوو کە نارەزایەتیی جەماوەری و هەرەسهێنانی ئابووری، بوونە هۆی واز هێنانی لایەنگرە سەرەکییەکانی دەوڵەت لە ڕێژیم. وەک یەکێک لە پشتکردووان لە ڕێژیم شیی کردەوە، "تەنیا مێشی نەزان ... وەدوای تەرمی مردوو دەکەون بۆ ناو گۆڕ." بەڵام، ئێلیتی دەسەڵاتداری ئێران لە کاتی قەیرانی بەربڵاوی ئابووری لەو شێوەیە و گوشاری دیکە، وەفادار ماونەوە. تەنانەت ڕێفۆرمخوازان، سیاسەتوانانی ناوخۆی ڕێژیم کە هەڵوێستی نەرمتریان لەمەڕ هێندێک پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە، لە بەرانبەر جیا بوونەوە لە ڕێژیم خۆڕاگرییان کردووە. سەردەمێک، دژبەرانی دەسەڵاتی ئایینی بە هیواوە دەیانڕوانییە کەسایەتیی وەک محەممەد خاتەمی، کە لە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ سەرۆک کۆمار بوو و مووسەوی لە ٢٠٠٩، بەڵام ئەو ڕێبەرانە خۆیان لە دابڕانی یەکجاری لە سیستەمی تیۆکراتیک بواردووە. بەڕاستی، یەک حەوتوو دوای دەسپێکی نارەزایەتییەکان لە ٢٠٠٩، مووسەوی داوای وەستاندنی خۆپیشاندانەکانی کرد و داوای وەفاداری بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی کرد. ئەو جۆرە وەفادارییە بەرانبەر بە دەسەڵاتی مەلایان یارمەتیدەری نەهێشتنی ڕێکخستن و ڕێبەرییەک بووە کە بۆ کانالیزە کردنی نارەزایەتیی بەربڵاوی جەماوەری بەرەو دروستکردنی ئالنگاریی جددیتر بۆ ڕێژیم پێویستە. لەبەر ئەو هۆیە، نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانە تا ڕادەیەکی زۆر بێ ڕێبەر بوون. هەر چەند خۆپیشاندانی بەردەوام، نارەزایەتیی جەماوەری و قەیرانی ئابووری، بەڕاستی ڕێژیم لەرزۆک دەکەن، بەڵام وێنانچی بێ درز لە ترۆپکی دەسەڵاتدا، دەوڵەت بڕووخێ.

میراتی نهێنیی پوتین

بە پێچەوانەی چینی کۆمۆنیست و ئێرانی ئیسلامی، پوتینی ڕووسیە دەسەڵاتداری ڕێژیمێکی شۆڕشگێڕ نییە. یەکیەتیی

هەواڵنامەی کێشی

سۆڤیەت زۆر دەمێکە هەرەسی هێناوە و پوتین لە جیات خەباتی تۆندوتیژانە بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی گرتە دەست. بەڵام دیکتاتۆرییەتی پوتین تا ئاستێکی یەکجار زۆر سوودی لە میراتی شۆڕشی بۆلشەڤیکیی ١٩١٧ وەرگرت. یەکەم، دەورانی دوور و درێژی سەرەڕۆیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی کاریگەر پێشی بە بەهێز بوونی کۆمەڵگای مەدەنی گرت. ئەو دەوڵەتەی دوای شۆڕش سەری هەڵدا هەموو شێوازە باوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی لەناو بردیان دزەی کردە ناوی، لە ناویاندا حیزبە بەرهەڵستکارەکان، سەندیکا کرێکارییەکان، کڵێساکان و رێکخراوەکانی دیکە کە لە دەرەوەی دەوڵەت بوون و لەوانە بوو ببنە بناغەیەک بۆ دێموکراسی. ئەگەرچی هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ لە کۆتاییەکانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی زایینیدا سەریان هەڵدا، بەڵام ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر لاواز مانەوە. بەشێکی لەبەر ئەو هۆیە کە زۆربەی کەرتە پڕاهاتەکانی ئابووری لەبەرانبەر دەستێوەردانی دەوڵەتدا لاواز بوون. لە ئاکامدا، ئۆپۆزیسیۆنی ڕووسیە ڕێکخستنی سیاسی و سەرچاوەی داهاتی نەبووە. دووهەم، کۆنترۆڵی پوتین بەسەر ڕووسیەوە بە پشتگیریی کاریگەر و بەربڵاوی هەواڵگریی گەشەی کردووە کە دەکرێ شوێنپێی بگەڕێتەوە بۆ ئەو پۆلیسە سیاسییە کە لە ١٩١٧ دامەزرا. ئەو بوو بە یەکێک لە بەهێزترین هێزە ئەمنییەتییەکانی جیهان، کە بریکاری لە هەموو یەکەی نیشتەجێبوون و هەموو کۆمپانیاکاندا هەبوو. ئەگەر چی سەرکۆماری یەکیەتیی سۆڤیەت، میخاییل گۆرباچۆف، حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتداری هەڵوەشاندەوە، بەڵام ک. گ. ب، شوێنێک کە پوتین پێشەی خۆی لەوێ دەست پێ کرد، تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆی مایەوە. ک.گ.ب. بە فەرمی لە نەوەدەکانی زایینیدا لێک هەڵوەشا و بەسەر چەند ئاژانسدا دابەش بوو، بەڵام ئەرکە سەرەکییەکان و کارمەندەکانی لە ئاژانسێکدا ڕاگیران کە بوو بە ف.س.ب. (هێزی ئاسایشی فیدراڵ). ئەمڕۆ، ف.س.ب. مەکۆی سەرەکیی پاراستنی دیکتاتۆرییەتی پوتینە. گەلێک مەزنتر لە ڕێکخراوی هاوشێوە لە زۆر وڵاتانە و بە ملیۆنان سیخوڕی هەن. ف.س.ب دزەی کردۆتە بەشێکی بەرچاو لە میدیا، ناوەندی بازرگانییەکان و کۆمەڵگای مەدەنیی ڕووسیە. بە گوێرەی نووسەر کێڤین ریلە، لە توێژینەوەیەکی نوێ لە بارەی هەواڵگریی ڕووسیەدا، ئێستا ئەو وڵاتە ڕێژەی سیخوڕەکانی لە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانی، لە هی سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەت زیاترە. ف.س.ب. ڕێبەرە سەرەکییەکانی دژی ڕێژیمی کردوونە ئامانج، وەک بوریس نەمتزۆف، کە بە شێوەیەکی بێشەرمانە لە ٢٠١٥ لە مۆسکۆ کوژرا و لەو دواییانەدا ڤلادیمیر کارا-مورزا و ئالێکسی ناڤاڵنی، کە هەردووکیان ئێستا لە بەندیخانەن. ئێستا لە ڕووسیە ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن ڕێکخستن گەلێک لاوازە. هێزە سەربەخۆکان، کە لە ئاکامی حەفتا ساڵ دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیانەی سۆڤیەت لاواز ببوون، ناتوانن لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەتییە زەبەلاحەکەی پوتین کێبڕکێ بکەن. میراتی شۆڕشگێڕانەی ڕووسیە بە هەمان شێوە لەبەر لاواز بوونی ئەگەری سەرهەڵدانی سەربازی، تەنانەت لە گەرمەی هەڵمەتی کارەساتباری جەنگ لەگەڵ ئوکراین، یارمەتیدەری پوتین بووە. شکست لە مەیدانی جەنگ، بە تایبەتی کاتێک بتوانی تاوانەکەی بخەیە ئەستۆی بریارە خراپەکانی ڕێبەری وڵات، زۆر جار بوونە هۆی ڕوودانی کودەتا. بە ڕاستی، ئابرووچوونەکەی ڕووسیە لە یەکەم مانگەکانی جەنگدا بووە هۆی ئەوە کە زۆر کەس بڵێن لەوانەیە دەسەڵاتی پوتین لە لایەن هێزە چەکدارەکانیەوە بروخێنرێ. بەڵام هەر وەکوو زانستوانی سیاسی "ئادام کەیسی" ئاماژەی پێ کردووە، ڕێژیمی پوتین میراتگری شێوە

کاری دزە کـــردن لەناو هێـــزە چەکدارەکان لە لایـــەن ئەفســـەرانی دژە ســـێخورییە. ئـــەوە دیاردەیەکـــی دژواری زۆربەی ڕێژیمە ســـەرەڕۆکانە، کە هێزی ســـەربازیی پێشوو بە میـــرات دەبەن، لەجیات دروســـتکردنی یەکـــی نوێ. بـــەڵام یەکیەتیی ســـۆڤیەت بەربەســـتێکی ئەوتـــۆی نەبـــوو و میراتی شۆڕشـــگێرانە ئـــەو تواناییەی بـــە پوتین بەخشـــیوە کە بەرهەڵســـتکاریی سەربازیی چاوەڕوانکراو دەستنیشـــان بکات، بۆیە ئەوە کاری دروســـت کردنی ئالنگاریـــی بۆ ناوبراو لە نـــاو هێزە چەکدارەکانـــدا دژوارتر کردووە .

هیچ شۆڕشێک تاهەتایە نییە

بێگومان، تەنانەت بەهێزتریـــن دیکتاتۆرییە شۆڕشـــگێڕەکان تـــا هەتایـــە نامێننەوە و چین، ئێران و ڕووســـیە لە شـــکان نەهاتوو نیـــن. ڕێژیمەکانی تاران و موســـکۆ لە هی بەیژینـــگ لەرزۆکترن. تا ئێســـتا، ڕێژیمی تاران، ســـەرەڕای قەیرانی ئابووری و ناڕامیی جەماوەری، یەکگرتوو ماوەتـــەوە، بەڵام ئەوە بـــەو مانایە نییە کـــە تا هەتایـــە دەتوانێ بـــەو شـــێوە بمێنێتـــەوە. بێـــت و دۆخی ئابـــووری خراپتـــر بـــێ و نارەزایەتییەکان پـــەرە بســـتێنن، ڕەنگبێ لـــە کۆتاییدا درز بکەوێتـــە ناو ڕێژیـــم. وێدەچێ لـــە ماوەی مامناوەنددا بە هۆی مردنی جیلی ڕەســـەن و کۆنەپەرســـتی شۆڕشـــگێڕان کە لە ماوەی خەبات بۆ بەدەســـتەوە گرتنی دەســـەڵات تەمەنیان چووەتە ســـەر، ئەگەری دابەشبوون زیاتر بێ. وەکـــوو لە یەکیەتیی ســـۆڤیەت لە حەفتـــاکان و هەشـــتاکانی زایینی، ئەو کاربەدەســـتە لاوترانەی جێگایان دەگرنەوە، لە ڕوانگـــەی ئایدیۆلۆژییـــەوە لاوازتر بن و لەبەر ئەو هۆیـــە ئەگـــەری جیابوونەوەیان لە ڕێژیـــم لە کاتـــی قەیرانـــدا بەهێزترە. بێجگـــە لـــەوە، خامنەیی کە نەخۆشـــە و تەمەنـــی ٨۴ ســـاڵە، هیـــچ جێگرەوەیەکی دیاری نەکـــردووە. ئەگەری هەیـــە، ئەگەر چی بەهـــۆی بەهێز بوونـــی توندئاژۆیەکان بـــەدوور دەزانرێ، کە مردنـــی ناوبراو ببێتە کاتالیـــزۆری دابەشـــبوون لەنـــاو ڕێژیمدا. لەرزۆکیی دەوڵەتی ڕووســـیە لـــەوە ڕا دێ کە هەموو دەســـەڵاتی ڕێژیم بە دەســـت کەســـێکەوەیە. ئەمڕۆ، پوتین تـــا ڕادەیەکی زۆر لـــە ڕێـــگای دامـــەزراوە و ئەکتەری دیکەوە دەســـەڵاتی ڕەهای خـــۆی بەڕێوە دەبـــا. ڕێژیمەکـــەی لەســـەر ئـــەو جۆرە ئایدیۆلۆژییـــە بنیـــات نەنراوە کـــە ئێرانی شۆڕشگێڕ پالنەری دڵســـۆزی و قوربانیدانی بەهێز بووە، حیزبێکی دەســـەڵاتداری وەک چینیشـــی نییە کـــە بتوانێ ســـەرچاوەی مانـــەوە پاش تاکـــە ڕێبەرێک بـــێ. بۆیە هەموو شـــتێک بە پوتینەوە بەستراوەتەوە، ئەگـــەری مردنی ناوبـــراو یـــان بێتوانایی دەتوانـــێ ڕێژیمەکەی تووشـــی پشـــێوی بـــکات. هیچ کەس نازانێ کـــێ جێگرەوەی دەبێ. ئـــەو جۆرە نادڵنیاییـــە تایبەتمەندیی ڕێژیمـــە تاکگەراکانە. لە هەمـــان کاتدا، بە لەبەرچاوگرتنی هاوســـەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵـــگادا، وێناچی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتـــۆ ببێتـــە هـــۆی گـــۆڕان بـــەرەو دێموکراســـی، لانی کەم لـــە کورتخایەندا. ڕێـــژیمی چین لـــە هـــاوشانە ئێرانی و ڕووســـیەییەکانی بەهێزترە. دیارە ئابووریی چین لـــە دۆخێکـــی گەلێک باشـــتر لە هـــی ئێرانـــە. و ئەگەرچـــی دەســـەڵاتی شـــی لـــە ئەوانی پێـــش خـــۆی کەمتر سنووردارە، دەســـەڵاتەکەی گەلێک کەمتر لە هـــی پوتیـــن تاکەکەســـییە. ڕێژیمی شـــی بناخەی لەنـــاو بیرۆکراســـییەکی بە دامـــەزراوە کـــراوی شـــێوە حیزبیدایە کە هیچ شـــتێکی هاوشـــێوە لە ڕووسیە بوونی نییـــە. بێگومـــان، چین بـــێ گیروگرفت نییە. بێجگە لە گەشـــەی کەمـــی ئابووری و سیاســـەتە نەشـــیاوەکانی پەیوەندیـــدار بـــە کۆڤیـــدەوە، گەندەڵیی بەربـــاڵو لەو ســـاڵانەی دواییـــدا بووەتـــە هـــۆی ئەوە کە چاودێـــران باڵین حیزبی کۆمۆنیســـتی چین خەریکـــە "بتوێتـــەوە" "لەرزۆکە" و "لە دۆخی کۆتایـــی هەرەســـهێنان"دایە. کەمپەینـــی چڕی شـــی دژی گەندەڵی لە دە ســـاڵی ڕابردوودا، وێدەچێ خراپەکاریی دەوڵەتی کـــەم کردبێتەوە، بـــەڵام بە هیچ شـــێوەیەک لەناوی نەبـــردووە. هەرچۆنێک بـــێ، بیرۆکراســـیی بەهێـــزی ڕێژیـــم،

هەواڵنامەی چەپ

دەسەڵاتە لە رادەبەدەر سەرەڕۆیانەکەی و لاوازیی کۆمەڵگای مەدەنی، وێدەچێ ڕێژیم لە ئابرووچوونی گەندەڵیی دەوڵەتی و قەیرانی دیکە بپارێزێ. بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتانی شۆڕشگێڕ کارێکی ئاڵۆزە. ستراتیژییە تونڕەوانەکانی دژبەرانی ڕێژیم لە ڕۆژاوا، زۆر جار دەبنە هۆی بەهێز بوونی یەکگرتوویی ناخۆیی ڕێژیم و دابین کردنی بیانوو تا تاوانەکان باوێنە ئەستۆی لایەنی دیکەوە. بەڕاستی، گەمارۆی دەیان ساڵە دژی کووبا بێگومان بوونە هۆی یەکگرتوویی ناو ڕێژیم و دانی ڕەوایی بە ڕێژیمێک کە لە ١٩٥٩ لە لایەن فیدڵ کاسترۆوە دامەزرا. بێجگە لەوە، بەرەوڕووبوونەوەی ئاشکرا لەگەڵ ولاتێکی بەهێز لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە، وەکوو چین، بۆ داکۆکیکردن نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژاوا دەستەوەستان نییە. ئەگەرچی لە سەرەتای ٢٠١٠ی زایینییەوە هەر دێت و گەمارۆی ئابووریی دژوارتر بەسەر ئێراندا دەسەپێنرێن، ئەوان نەبوونە هۆی تێکڕووخانی ڕێژیم، بەڵام بوونە هۆی لاوازتر بوونی بە هۆی قەیرانی ئابووری کە بوونە هۆی نارەزایەتیی جەماوەری و دووپات بوونەوەی خۆپیشاندان لەو دە ساڵەی دواییدا. لە ڕووسیە، تا ئێستا سەپاندنی گەمارۆی بێ وێنە نەبوونە هۆی ناسەقامگیربوونی ڕێژیمی پوتین، بەڵام ئەوان ناوبراویان لە ڕوانگەی ناونەتەوەییەوە پەراوێز خستووە، گەشەی ڕووسیەیان کەمتر کردووە و وێدەچێ توانایی ئەو ولاتەیان لە جەنگ دژی ئوکراین کەمتر کردبێتەوە. ئاکارەکانی پوتین لە ئوکراین بە باشی مەترسییەکانی بەرەوڕوو نەبوونەوە لەگەڵ ئەو هێزانە ئاشکرا دەکات کە ئالنگاری بۆ نەریتە لیبراڵییەکانی دنیا دروست دەکەن. حەزی خۆ بواردن لە ململانێ لە لایەن ئاڵمان و زلهێزە ڕۆژاواییەکانی دیکەوە وای کرد کە لە بەرانبەر بەرژەوەندییە ژیۆپۆلتیکییەکانی ڕووسیە و هەوڵەکانی لەو بوارەوە، تەنانەت دوای داگیر کردنی نایاسایی شێوە دوورگەی کریمە و لکاندنی بە ڕووسیەوە بێدەنگ بن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵانە نەبوونە هۆی پێشگرتن بە خولیا ناوچەییەکانی ڕووسیە و وەڵامە شلۆێیەکەی ڕۆژاوا بێگومان پاڵنەری پوتین بوون تا لە ٢٠٢٢ بیهەوێ باقیی ئوکراین داگیر بکات. ئەمڕۆ، هەموو وڵاتە ئوروواییەکان، بێجگە لە چەند دانە، دان بە پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئالنگاریی ڕووسیەدا دەنێن. دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان و جێگرەوەکانیان ئەمڕۆ چارەسەرنەکراوترین ئالنگارییەکان دژی پەرگالی ناونەتەوەیین. بریاری پوتین بۆ داگیر کردنی ئوکراین، سەرەڕای پەیوەندیی نزیکی ڕووسیە بە ئوروواوە ئاشکرای کرد کە پەیوندیی ئابووری و بەرژەوەندیی ماددیی هاوبەش بۆ پاراستنی پەرگالی لیبراڵیی دنیا بەس نین. دێموکراسییەکان دەبێ لەجیاتان یەک بگرن و بایەخی پارێزگاری لە دێموکراسی بچەسپێنن؛ یارمەتی سەربازیی پێشکەشی ئەو دێموکراسییانە بکەن کە لە ژێر هێرشدان و هەروەها یارمەتیی سیاسی و ماددیی پێشکەشی ئەو لایەنانە بکەن کە دژی سەرەڕۆیین. ئەگەرچی ئەو هەوڵانە نابنە هۆی ڕووخانی دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕەکان لە کورتخایەندا، بەڵام بەرهەڵستکارییەکی چالاکانەتر و هاوئاهەنگتر دژی سەرەڕۆیی، خۆراوا بۆ پێشگرتن و ڕەنگبێ بەچۆکدا هێنانی ئەوان لە درێژخایەندا تەیار بکات.

*https://www.foreignaffairs.com/china/putin-xi-khamenei-dictators-way

هەوالنامەی کتێب

پیاوان؛ هاوڕێیانی خەبات

نووسەر: بێل هووکس
و. موورەشین کوردستانی
هیوا تاسە

ئەم تێکستەی کە دەکەوێتە بەردەستتان وەرگێرانی فەسڵێکە لە کتێبی "تیۆری فێمێنیستی؛ لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند" لە نووسینی فێمێنیستی بەناوبانگ، بێل هووکێ. ئەگەرچی بێل هووکس فێمێنیست و چالاکێکی بواری مافی ژنان بوو، بەڵام نووسراوەکانی زۆر بەکەمی لە لایەن فێمێنیستە فارسەکانەوە گرینگی پێدراوە. دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ شێکاریی ئینترسکشناڵی ئەو بۆ فێمێنیسم و بەتایبەتی فێمێنیسمی ڕەش دەگەڕێتەوە کە لای فێمێنیستە فارسەکان بەگشتی پەسەن نییە. نووسەر لە کتێب و بابەتەکانی لە سێ کوچکەی نەژاد، سەرمایەداری و ڕەگەز دەکۆڵێتەوە و بە وردی ئەو ستەم و چەوساندنەوانەی کە ژنان و تەنانەت پیاوانی نەتەوەی ژێردەست تووشی دەبن، شی دەکاتەوە. دژایەتیی ئایدیای فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان کە لە دروشمی "پیاوان هەموو دوژمنن" ڕەنگی داوەتەوە دەبێتە کاکڵی سەرەکی ئەم بەشە لە کتێبەکەی هووکس. جێگای ئاماژەیە لەو دەقەدا نژادی ڕەش و سپی کە بناغەی تیۆری ئەو کتێبەی لەسەر دامەزراوە بە ڕەش پێست یا سپی پێست وەرنەگێڕدراوە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە سپی بوون یا ڕەش بوون لەو بەستێنە کۆمەڵایەتییەدا تەنیا بە ڕەنگی پێست داناشکێت، بەڵکو حاڵەتێک لە سەروەریی و ژێردەستبوونی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەکات. هەروەها وەرگێران، لە هەمان کاتدا کە ئاگاداری جیاوازییەکانی نەژاد لەگەڵ نەتەوە هەیە، هەوڵی داوە تا ئەو شوێنەی دەکرێ خوێنەری کورد لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئەو کتێبە سەبارەت بە ژێردەستەیی و سەروەریی کۆمەڵایەتی هەست بە نزیکی بکا.

فێمێنیزم وەکوو بزووتنەوەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی ڕەگەزی، دەرفەتی بەرانبەر بە ژنان، پیاوان، کوران و کچان دەدات کە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بەشدار بن. تا ئێستا بزووتنەوەی فێمێنیستی هاوچەرخ، بە زۆرینە بە هەوڵی ژنان پێک هاتووە و پیاوان بە کەمی تێیدا بەشدار بوونە. ئەم بەشدارینەکردنە تەنیا دەرەنجامی دژایەتیی فێمێنیزم نییە. فێمێنیستە لیبراڵەکان بە هاوتاکردنی ئازادیی ژنان لەگەڵ یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان، دۆخێکیان بەرهەم هێناوە کە تێیدا بزووتنەوەی فێمێنیستی وەکوو بەرهەمی کاری ژنان، نە پیاوان، دیاری کراوە. تەنانەت کاتێک کە هێرشیان دەکردە سەر دابەشکردنی ڕەگەزیی کار کە بریتییە لە ئەو سێکسیزمە دامەزراوەییە کە کاری بێ مووچە و بێ بایەخ و ڕەش بە ژنان دەسپێرێت، خەریک بوون ئەرکی بنیاتنانی شۆڕشێکی فێمێنیستیش بە ژنان بسپێرن. ژنانی لیبراڵ بانگەوازیان لە هەموو ژنان دەکرد کە پەیوەستی بزووتنەوەکە بن، بەڵام ئەوان تەکەزیان لەو بابەتە نەدەکردەوە کە پیاوان دەبێت بەرپرسیارەتی خەباتێکی چالاک بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی ڕەگەزی بگرنە ئەستۆ. ئەوان ئاوا هەڵسەنگاندنیان دەکرد کە پیاوان هەموویان دەسەڵاتدار، دژە ژن، سەرکوتکەر و دوژمنن و ژنانیش ستەملێکراو و قوربانیین. ئەم جۆرە لە ئاخاوتن لە ڕێگای هێنانەکایەی فۆرمێکی پێچەوانە لە ململانێی ڕەگەزی، ئایدیۆلۆژیای سێکسیسزمی بەهێزتر کرد. بەو مانایە کە بەهێزکردنی ژنان دەبێت لە سەر حیسابی پیاوان بێت و ئەوان تێچووەکەی بدەن. وەکوو هەموو پرسەکانی دیکە پێ چەقاندن لە سەر بزووتنەوەیەکی فێمێنیستی «تەنیا ژنانە» و هەڵوێستی توندی دژە پیاوانە، ڕەنگدانەوەی نەژاد و پاشخانی چینایەتی بەشداربووانی پیشان دەدا. ژنانی سپی پێستی بورژوا بەتایبەت فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان ئێرەییان بە پیاوە سپی پێستە دەسەڵاتدارەکان دەبرد کە ئەوانیان لە هەبوونی پشکی یەکسان لە ئیمتیازاتی چینایەتیدا بێبەش کردبوو. دەتوانین بڵێین فێمێنیستم پێگەیەکی گشتی بۆ دەربڕینی تووڕەیی ئەوان دابین کردبوو. هەروەها فێمێنیزم پلاتفۆرمێکی سیاسی پێکهێنابوو کە ئەوان بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ نابەرابەرییە

کۆمەڵایەتییەکان و داوای گۆڕانکاری و بانگەشەی چاکسازی، بەکاریان دەهێنا. ئەوان پێیان خۆش نەبوو کە تیشک بخەنەسەر ئەو ڕاستییەی کە هەموو پیاوان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکسانیان نییە و هەروەها شەڕ لەگەڵ پیاوسالاری، هەبوونی ئیمتیازاتی چینایەتی و نەژادی چارەسەر ناکات و هەموو پیاوان وەکوو یەک، سوود لە سەرکوتی جێندەری نابەن. ئەوان نەیاندەویست دان بەوەدا بنێن کە ژنانی سپی بورژوا ئەگەرچی کە مومکینە ببنە قوربانی سێکسیزم، بەڵام بە نیسبەت لەگەڵ پیاوانی فەقیر، نەخوێندەوار و غەیری سپی، دەسەڵات و ئیمتیازی زۆرتریان هەیە و کەمتر دەچەوسێنەوە و سەرکوت دەکرێن. زۆرێک لە ژنانی لیبراڵی سپی پێست بە چارەنووسی گرووپە سەرکوتکراوەکانی پیاوان گرنگییان نەدەدا. ئەوان بە هۆکاری ڕەچاوکردنی ڕەگەز و پێگەی چینایەتی، ئەزموونی ژیانی ئەو پیاوانەیان بە شیاوی لێوردبوونەوە نەدەزانی. ئەوان هاوکات کە ئەو پیاوانەیان وەلا دەنا، سەرنجیشان لە پشتگیری ئەو پیاوانە بە لاڕێدا دەبرد. بانگەشەگەلێک وەکوو ئەوەی «هەموو پیاوان دوژمنن» و «هەموو پیاوان دژە ژنن»، هەموو پیاوان لە یەک گرووپدا پۆلێنبەندی دەکات و بەم شێوازە نیشان دەدات کە ئەوان وەکوو یەک، لە تەواوی ئیمتیازە پیاوانەکان سوود دەبەن. لە Manifesto Redstockings یەکەم لێدوانگەلێک بوو کە هەوڵی دا هەڵوێستی دژە پیاوانە بکاتە ناوەڕۆکی گوتاری فێمێنیستی؛ لە بەندی سێیەمی بەیانییەکەدا هاتووە: "ئێمە پیاوان وەکوو هۆکاری ستەم و چەوساندنەوە دەناسێنین. باڵادەستیی پیاو کۆنترین و بنەڕەتیترین فۆرمی ستەمە. جۆرەکانی تری چەوساندنەوە (ڕەگەزپەرستی، سەرمایەداری، ئیمپریالیزم و...هتد) دریژکراوەی باڵادەستیی پیاوانن: پیاوان زاڵن بەسەر ژنانەدا، چەند پیاوێک هەموو ئەوانی دیکەیان کۆنترۆڵ کردووە. هەموو دەسەڵاتەکان بە دریژایی مێژوو لە لایەن پیاوانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و بۆ لای ئەوان ڕاکێشراون. پیاوان هەموو دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە و ئەم کۆنترۆڵەیان بە هێزی فیزیکی ڕاگرتووە. ئەوان دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ژنان لە پێگەیەکی کەمتردا بهێڵنەوە. هەموو پیاوان سوودی ئابووری، سێکسی و دەروونی لە باڵادەستیی پیاوەوە وەردەگرن. هەموو پیاوان ستەمیان لە ژنان کردووە." هەستگەلی دژە پیاوانە زۆرێک لە ژنانی هەژار و چینی کرێکاری بەتایبەتی ژنانی غەیری سپی پێست، لە بەرانبەر بزووتنەوەی ژنان نامۆ کردووە. ئەزموونی ژیانی ئەو ژنانە بە خۆیانی سەلماندووە کە لەگەڵ پیاوانی هاونەتەوە یان گرووپی چینایەتیی خۆیان نزیکایەتی و خاڵی هاوبەشی زۆرتریان هەیە. ئەوان مەینەت و ئازاری ژنان و پیاوانی کۆمەڵگای خۆیان دەزانن و لەگەڵی هاوسۆزییان هەیە و هەروەها خەباتکردن بۆ ژیانێکی باشتریان لەگەڵیان ئەزموون کردووە. ئەم بابەتە لانیکەم سەبارەت بە ژنانی ڕەش پێست ڕاستە. بە دریژایی مێژوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژنانی ڕەش پێست بەرپرسیارێتییەکی بەرانبەریان بۆ خەبات دژی سەرکوتی ڕاسیستی وەئەستۆ گرتووە. سەرەڕای- خەبات دژی سێکسیسزم- ژنانی ڕەش پێست لە خەبات دژی ڕاسیسم بەشداریان کردووە و زۆرجاریش پێش هەوڵی هاوچەرخی ڕەشەکان بۆ ڕزگاری، ئەو پیاوانە ئەم بەشداریەیان دان پێدا ناوە. پەیوەندییەکی تایبەت ئەو کەسانەی کە بە کۆمەڵ بۆ ڕزگاری خەبات دەکەن پێکەوە دەبەستێتەوە. ژن و پیاوی ڕەش پێست بەم جۆرە پەیوەندییە؛ یەکگرتوو بوون. ئەوان ئەزموونی هاوەنگی سیاسییان دەرک پێکردووە. ئەوە ئەزموونی بەرخۆدانی هاوبەش بوو

که بـــوو بە هـــۆکار، کـــە ژنانـــی ڕەش پێست، هەڵوێســـتی دژە پیاوانەی هەندێک لە چالاکانـــی فێمێنیســـت ڕەت بکەنەوە. ئەمە بـــەو مانەیە نایەت کـــە ژنانی ڕەش پێست نەیاندەویســـت دان بە سێکسیزم لە لایەن پیاوانی هاونەتـــەوەی خۆیانەوە بنێن. بەڵکوو بـــەو مانایەیـــە کە ئێمـــە پێمان واناییـــە کە هێـــرش کردنە ســـەر پیاوانی ڕەش پێســـت یـــان هەڵســـوکەوت کردن وەکوو ئەوان، بەرەنگاریی لەگەڵ سێکســـیزم و دژە ژن بوونە. ژنانی ســـپی پێستی بورژوا ناتوانن ئـــەو پەیوەندییانەی کـــە لە نێوان ژنـــان و پیاوانـــی هاونەتەوە، لـــە خەباتی ڕزگاریخوازیـــدا چەمکســـازی بکـــەن و لە ڕووی سیاســـییەوە ئەزموونی ئەرێنییان لە کارکردن لەگەڵ پیـــاوان نەبووە. حوکمڕانی پیاوســـالارانەی پیاوانی ســـپی پێســـت، بەگشتی بەشـــداریی سیاســـیی ژنانی بێ بەهـــا کـــردووە. ســـەرەڕای بڵاوبوونەوەی سێکســـیزم لە کۆمەڵگا ڕەش پێســـتەکاندا، ئـــەو ڕۆڵەی کـــە ژنانی ڕەش پێســـت لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانـــدا دەیگێڕن، چ ســـەرەتایی بێت یـــان لاوەکـــی، لەڵایەن هەمواناـــەوە گرنگ و بەنـــرخ وەرگیراوە. لە چاوپێکەوتنێکـــدا لەگـــەڵ کلۆدیـــا تایت، ژنە نووســـەری ڕەش پێســـت، مایا ئەنجێلۆ هەســـتی خۆی بۆ ئەو ڕۆڵـــە جیاوازەی کە ژنانی ڕەش پێســـت و ســـپی پێســـت لە کۆمەڵگاکانیان دەیگێـــڕن، ڕوون دەکاتەوە: "ژنانی ڕەش پێســـت و ژنانی ســـپی پێست لـــە کۆمەڵـــگا جیاوازەکاندا لـــە پێگەیەکی جیاوازدان. لە کۆبوونـــەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەش پێســـتەکان، هەمـــوو کات ژنانی ڕەش پێســـت بەشـــداری بەرچاویان بـــووە. لە کلیســـادا هەموو کات خوشـــکە هادسۆن، خوشـــکە تۆمـــاس و خوشـــکە وترینگی کلیســـاکەیان زینـــدوو ڕاگرتـــووە. لـــە کۆبوونەوە ئاســـاییەکاندا هەمیشـــە لۆتی چێشـــت لێدەنێـــت و، مـــاری بەتەمایـــە ئاهەنگێکی جـــوان بەڕێوە ببـــات. هەروەها لـــە کۆمەڵگاکەمانـــدا ژنانی ڕەش پێســـت منـــدالان پـــەروەردە دەکەن. ژنانی ســـپی پێســـت لە دامـــەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیاندا لـــە پێگەیەکی جیـــاوازدان. پیاوە ســـپی پێســـتەکان کە لە ڕاســـتیدا باوک، هاوسەر، برا، کور، بـــرازا و مامی خۆیانـــن، بە ژنانی سپی پێســـت ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەڵێن: "لە ڕاســـتیدا پێویســـتم بە تۆ نییە بۆ بەڕێوەبردنـــی دامەزراوەکانم. لە هەندێک شـــوێنی تایبەتدا پێویســـتم بە تـــۆ هەیە. جێگەهایەک کە دەبێت تێیـــدا بهێڵرێیتەوە لەوانـــە ژووری نووســـتن، لـــە مەتبەخ و منداڵ گەورەکردن و...". ژنانی ڕەش پێســـت هـــەرگیـــز ئـــەمەیان پێ نەگوتراوە." بـــە بێ یارمەتـــی ماددی ژنانـــی ڕەش، چ وەکوو بەشـــداربوو و یان وەکـــوو بەڕێوەبەر، زۆرێـــک لـــەو دامەزراوانەی کـــە لە ژێر دەســـتی پیاوانـــن، بوونـــی نامێنێت. لە هەمـــوو کۆمەڵە ســـپییەکاندا ئـــاوا نییە. زۆرێک لە ژنانی ڕەش پێســـت لە بزووتنەوە فێمێنیســـتەکاندا بەشـــداریان نەدەکرد، چونکە هەســـتیان دەکرد هەڵوێســـتێکی دژە پیاوانـــە بنەمایەکی دروســـت نییە بۆ بەشـــداریکردن. ئەوان قەناعەتیان وابوو کە دەربڕینی ئەو هەســـتە پڕ لـــە قینانە و ئەو دژایەتییـــەی کە پێشـــتر لە نێـــوان ژن و پیـــاودا بوونی هەبووە، سێکسیســـزم چڕتر دەکاتەوە. لە مێژســـاڵ بوو ژنانی و هەندێک لە پیاوانی ڕەش پێســـت بۆ ســـەرکەوتن بە ســـەر ئەو گرژی و ناکۆکییانـــەی لە نێوان ژنان و پیاوانی ڕەش پێســـت کە لە ڕێگای ڕەگەزپەرســـتی ناوەکییەوە ســـاز دەبێت، خەباتیـــان کردبـــوو. ئەمە لـــە کاتێکدا کە باوک–پیاوســـالاری ســـپی–پێی وایە کە گرووپێـــک بووەتـــە هۆکاری ســـەرکوتی گرووپێکـــی دیکە. ژنانی ڕەش پێســـت بە پیاوانـــی ڕەش پێســـتیان دەگـــوت: «ئێمە دوژمنـــی یەکتر نین»، «دەبێـــت بەرەنگاری ئـــەو کۆمەڵایەتیکردنە ببینـــەوە کە فێرمان دەکات ڕقمـــان لە خۆمـــان و یەکتر بێت.» دانپێدانـــان بـــەو پێکەوەبوونـــەی ژنان و پیاوانی ڕەش پێســـت بەشـــێک لە خەباتی دژە ڕەگەزپەرســـتی بـــوو. ئەگـــەر ژنانی لیبراڵی سپی پێســـت جەختیان بکردایەتە

سەر پێویستی پێکەوەبوونی ژن و پیاو بۆ خەبات دژی بە کۆمەڵایەتی کردنی سێکسیتی، کە فێرمان دەکات ڕقمان لە یەکتر بێت و لە یەکتر بترسین، ئەوە دەکرا بەشێک لە بزووتنەوەی فێمێنیستی بێت. لە جیاتی ئەوە ئەوان هەڵیان بژارد کە جەخت بکەنە سەر ڕق و کینە بەتایبەت ڕقی ژنان بەرانبەر بە پیاوان و پێشیان وابوو ئەوە نەگۆڕە. هەر بۆیە هیچ هاوەنگییەکی بەردەوامی سیاسی نەیتوانی لە نێوان ژنان و پیاوان بوونی هەبێت. ژنانی ڕەنگین پێست لە پاشخانە نەتەوەییەکانی جیاوازەکان، هەروەها ئەو ژنانەی کە لە بزووتنەوەی هاوڕەگەزخوازەکاندا چالاک بوون، نەک هەر پەرەسەندنی هاوەنگیی نێوان ژنان و پیاوانیان لە خەباتی ڕزگاریدا ئەزموون کرد، بەڵکوو بەها و گرینگی ئەو هاوەنگییەیان بە فەرمی ناساند. ئەوان ئامادە نەبوون ئەم پەیوەندییە بە هاوپەیمانیی خۆیان لەگەڵ ژنانی سپی پێستی دژە پیاو و بورژوا، بێ بەها بکەن. هاندانی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ژنان و پیاوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بنەڕەتی بەرانبەر سێکسیزم، سەرنجی خەڵکی بۆ توانایی شاراوەکانی فێمێنیزم کە ئاڵوگۆڕ بەدیدێنێ، ڕادەکێشا. هەڵوێستی دژە پیاو، بۆچوونێکی کۆنەپەرستانە بوو کە وایکرد فێمێنیزم وەک بزووتنەوەیەک دەربکەوێت کە ژنانی سپی پێست بتوانن دەستبەسەر دەسەڵاتی پیاوی سپی پێستدا بگرن. بەو مانایە کە دەسەڵاتی باڵادەستیی نێرینەی سپی پێست بە دەسەڵاتی باڵادەستیی مێیینەی سپی پێست بگۆڕێت. لەناو ڕێکخراوە فێمێنیستەکاندا، پرسی جیابوونەوەی ژنان لە سەرەتادا لە هەڵوێستی دژە پیاو جیا بوو؛ تەنیا لەگەڵ پێشکەوتنی بزووتنەوەکەدا بوو کە ئەو دوو بۆچوونە تێکەڵ بوون. زۆر گرووپی بە تەواوی ژنانە پێک هاتن بەو هۆکارەی پێیان وابوو کە ڕێکخستنی بە تەواوی ژنانە دەتوانێت پرۆسەی ئاگایی بەخشی ژنان خێراتر بکات و بەستێنی هاوەنگیی لە نێوان ژناندا پەرە پێ بدات و بەگشتی بزووتنەوەکە بەرەو پێش ببات. وا بیردەکرایەوە کە گرووپە تێکەڵاوەکان بە هۆکاری هەوڵی پیاوان بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەبنە بەربەست. گرووپە جوداخوازەکان وەکوو ستراتیژیکی پێویست بینران نە وەکوو ڕێگایەک بۆ هێرش کردنە سەر پیاوان. لە دواییدا ئامانجی ئەو گرووپانە یەکگرتن بوو بە شێوازێکی یەکسان. کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ڕێکخستنی بەتەنیا ژنانە ئەو کاتە کەم بووەوە کە فێمێنیستە تووندڕەوەکان وەک تی گرەیس ئاتکینسن جیاکردنەوەی سێکسییان وەکوو ئامانجی کۆتایی بزووتنەوەی فێمێنیستی هێنایە ئاراوە. ئەو جیاکردنەوە چەقبەستووانە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە باڵادەستیی پیاوانە بەشێکی دانەبڕاوی کولتووری ئێمەیە و ژنان تەنیا دوو بژاردەیان هەیە یان دەبێت قبوڵی بکەن یان خۆیانی لێ دەربهاوێژن بۆ سازکردنی وردە کولتووری دیکە. ئەو بۆچوونە پێویستی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە پشتگوێ دەخات و هیچ مەترسییەک لە سەر بارودۆخی هەنووکەیی ساز ناکات. باربارا لیۆن لە وتاری «جیابوونەوە بۆ یەکگرتن» جەخت دەکاتە سەر ئەو بابەتەی کە لایەنگرانی باڵادەستیی پیاوانە زۆرتر حەز بەوە دەکەن کە بزووتنەوەی فێمێنیستی جیاییخواز و نابەرانبەر بمێنێتەوە. باربارا هەوڵی ئانتۆنیا بریکۆ وەکوو بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا بە نموونە دەهێنێتەوە، ئەوەی کە پشتیوانی لێ نەکرا کە ئۆرکێستراییەکی تەواو ژنانەی بکاتە ئۆرکێسترایەکی تێکەڵ لە ژن و پیاوی: "هەوڵەکانی ئانتۆنیا بریکۆ بە مەرجێک قبوڵکراو دەبوون کە ئەو خۆی بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ژنان میوزیکژەنی لێهاتوون تەرخان کردبا. ئەو لە دۆزینەوەی سەد ژن کە بتوانن ئامێرەکان بژەنن یان خود پەیدا کردنی پشتیوانیی مالی بۆ

گرووپەکە هیچ کێشەیەکی نەبوو. بەڵام دۆزینەوەی پشتیوانی بۆ ژنان و پیاوان کە پێکەوە بەشداری ئۆرگێستراکە بکەن، سەلمێنرا کە کارێکی مەحاڵە. ئەوە ڕوون بووەوە کە تێکۆشان بۆ پێکەوەبوون و تێکەڵاوبوون مەترسیگەلێک زیاتر بۆ بااڵدەستیی پیاوانە ساز دەکات، هەر بەو پێیە بەدەست هێنانیشی ئەستەمترە. "

بزووتنەوەی ژنان لە ئێستادا لە بارودۆخێکی هاوشێوەدایە. ئێمە دەتوانین جیاکردنەوە وەکوو ئاسانترین شێوە بگرینەبەر، بەڵام ئەوە بە مانای لە دەستدانی تەواوی ئەو ئامانجانەیە کە بزووتنەوەکە بۆ بەدیهێنانی شکڵی گرت. جیاکردنەوەی چەقبەستووانە ڕێگایەک بووە بۆ وەستاندنی هێز و توانای فێمێنیزم. لە ڕەوتی بزووتنەوەی فێمێنیستی هاوچەرخدا، جیاخوازیی چەقبەستووانە بووەتە هۆکار کە زۆرێک لە ژنان دەستبەرداری خەباتی فێمێنیستی بن و لەگەڵ ئەوەشدا وەکوو مۆدێلێکی قبووڵکراو بۆ ڕێکخستنی فێمێنیستی هێشتا ماوەتەوە، بۆ نموونە گرووپگەلی ژنانی سەربەخۆ لە ناو بزووتنەوەی ئاشتیدا. وەکوو سیاسەتێک ئەم ڕەوتە بۆ بە پەراوێزکەوتنی خەباتی ژنان یارمەتیدەر بووە. هەوڵ دراوە بزووتنەوەکە وەکوو ڕێگاچارەیەکی کەسیی بۆ پرسگەلێکی کەسیی لە قەڵەم بدرێت. بەتایبەتی کێشە لەگەڵ پیاوان نموونەیەکی باشی ئەم هەوڵانەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوەی فێمێنیستی بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگایە بەگشتی. بۆ گەڕانەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر فێمێنیزم وەک خەباتی شۆڕشگێڕانە، چیتر ژنان ناتوانن ڕێگە بدەن فێمێنیزم گۆڕەپانێکی دیکە بێت بۆ دەربڕینی بەردەوامی دژایەتی نێوان ڕەگەزەکان. کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو ژنانەی کە لە بزووتنەوەی فێمێنیستی چاالکن ستراتیژیەکی نوێ بۆ وەخۆگرتنی پیاوان لە خەبات دژ بە سێکسیسم پەرە پێ بدەن.

هەموو پیاوان بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتگیریی سەرکوتی ڕەگەزی و سێکسیزم دەکەن و بەردەوامی پێ دەدەن. چاالکوانانی فێمێنیست دەبێت ئەوە بزانن کە لە ئاگایی سەبارەت بەو ڕاستییە ئەوەندە نوقم نەبن کە ئەو خاڵە گرینگی پێنەدراوە لە بیر بکەن، کە پیاوانیش دەتوانن بە بێ چەوساندنەوە و سەرکوتی ژنان، ژیانێکی پربایەخ و ماناداریان هەبێت. وەکوو ژنان، پیاوانیش لە پرۆسەیەکی کۆمەاڵیەتیدا بە شێوازێکی پاسیف ئایدۆلۆژیای سێکسیستیان قبووڵ کردووە. پیاوان پێویست ناکات بۆ قبووڵکردنی سێکسیزم، خۆیان سەرکۆنە بکەن، بەڵکوو دەبێت بۆ نەهێشتنی بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرن. بێگومان کاتێک کە باسی گرینگیی قوربانی بوونی پیاوان لە الیەن سێکسیزمەوە دەکرێت، چاالکانی فێمێنیست کە جیاییخوازییان وەکوو ئامانجی فێمێنیزم پێناسە دەکرد، تووڕە دەکات. ئەوان بەو ئایدیاوە نووساون کە پێی وایە «هەموو پیاوان دوژمنن». پیاوان ئەگەرچی لە الیەن سێکسیزمەوە ناچەوسێنەوە و سەرکوت ناکرێن، بەاڵم لە دەرەنجامەکەی ئازار دەبینن. ئەم ڕەنج و ئازارە نابێت پشتگوێ بخرێت. لە حاڵێکدا ئەمە بە هیچ شێوازێک لە گرینگیی دەستدرێژیی پیاوانە و سەرکوتی ژنان کەم ناکاتەوە یان خود بە مانای نەبینینی بەرپرسیارەتیی پیاوان لە بەرانبەر چەوساندنەوە نییە، بەڵکوو ڕەنج و ئازاری پیاوان دەتوانێت ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی کە سەرنج بۆ گۆڕانکاری ڕابکێشرێت. دان پێدانانی ئەو ڵێکەوتە ئازاربەخشانەی سێکسیزم لە ژیانی پیاوانەدا وای کرد کە هەندێک لە پیاوان گرووپی هۆشیارکردنەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دابمەزرێنن. پۆڵ هۆرناسێک لە وتارەکەیدا بەناوی «گرووپی بەرزکردنەوەی ئاگاییی دژە سێکسیستی بۆ پیاوان» ئامانجی ئەم کۆبوونەوانە ڕوون دەکاتەوە: "پیاوان هۆکاری جیاوازیان بۆ وەدووکەوتنی ئەو گرووپانە ئاماژە پێکردووە، کە پەیوندیی بنەڕەتییان بە

بزووتنەوەی ژنانەوە بووە. زۆربەیان ئەو ئازارانە ئەزموون دەکەن کە لە دەرەنجامی رۆڵی پیاوانە تووشی بوونە و لێشی نارازین. هەندێکیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان لە فەزای گشتی یان تایبەتدا چەندین جار ڕەخنەیان لێ گیراوە کە سێکسیستن. هەندێکیان لە دەرەنجامی پێبەندبوونیان بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بە ڕەسمی ناسینی ئەو بابەتە کە هەڵاوردنی ڕەگەزی و پیاوسالاری، توخمی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی قبووڵنەکراوەن پەیوەستی گرووپەکە بوونە و پێیان وایە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە."

پیاوانی نێو ئەو گرووپانە کە هۆرناسێک باسی دەکات دان بەوەدا دەنێن کە سوود لە پیاو- باوکسالاری وەردەگرن و ئازاریش دەبینن. گرووپەکانی پیاوان وەک گرووپەکانی پشتیوانیی ژنان، مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە زۆر جەخت لەسەر گۆڕانکاریی تاکەکەسی بکەنەوە تا شیکاری و خەباتی سیاسی. ئایدۆلۆژیای جوداخوازی هانی ژنان دەدات کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی سێکسیزم لەسەر کەسایەتیی پیاو پشتگوێ بخەن. جەخت لەسەر جەمسەرگیری نێوان ڕەگەزەکان دەکاتەوە. بەگوتەی جۆی جەستیس، جوداخوازان پێیان وایە «دوو ڕوانگەی بنەڕەتی »هەیە سەبارەت بە پرسی قوربانییانی سێکسیزم: « ڕوانگەیەک هەیە کە پێی وایە پیاوان ژن دەچەوسێننەوە و، ئەو بۆچوونە هەیە کە هەموو مرۆڤین و بەهۆی ڕۆڵی ڕەگەزیی چەقبەستووەوە ئازار دەبینین». زۆرێک لە جیاخوازان هەست دەکەن کە بۆچوونی دووهەم نیشانەی هاواهەنگییەکە و نوێنەرایەتی ئەو ئایدیایە دەکات کە ژنان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕاستییەی کە پیاوان دوژمنی سەرەکیی ئەوانن، خۆیان دەبوێرن—جیاییخوازەکان پێداگری لەسەر بنگەهی بوونی ڕوانگەی یەکەم دەکەنەوە. هەردوو ڕوانگەکە بە وردی باسی ئەو دۆخە ئەستەمە دەکات کە ئێمە تێیداین. پیاوان بەڕاستی ژن دەچەوسێننەوە. مرۆڤەکانیش بە گشتی بە هۆی ڕۆڵی چەقبەستووی ڕەگەزییەوە زەرەمەند دەبن. ئەم واقعییەتانە پێکەوە بوونیان هەیە. دانپێدانان بەو ڕاستییەی کە پیاوان لە ڕۆڵی چەقبەستووی ڕەگەزی زەرەمەند دەبن، بیانوویەک نییە بۆ سەرکوتی ژنان لە لایەن پیاوانەوە. چالاکوانانی فێمێنیست دەبێ دان بەوەدا بنێن کە ئەو ئازار و ڕەنجە بوونی هەیە. ئەوە بەرپرسیارەتیی پیاوان لەمەڕ پشتگیری و بەردەوامیی دەسەڵاتی خۆیان لە ژێرناوی پیاوسالاری ناسرێتەوە. ژنانی چالاک لە بزووتنەوەی فێمێنیستی نەیانویستووە بە هیچ شێوەیەک سەرنجیان لە سەر ئازاری پیاوان چڕبکەنەوە لە ترسی ئەوەی کە سەرنجی سەر ئێمتیازاتی پیاوانە کەم نەبێتەوە. ڕیتۆریکی فێمێنیستە جیاخوازەکان تەکەزییان لەوە دەکردەوە کە هەموو پیاوان بە یەکسانی لە ئیمتیازاتی پیاوبوون سوودمەند دەبن و هەموو پیاوان سوودی ئەرێنی لە سێکسیزم وەردەگرن. ئەمە لە حاڵێکدایە پیاوانی فەقیر و کرێکار کە بە ئایدۆلۆژیای سێکسیزمەوە پەروەردە کراون و قەناعەتیان پێهێنراوە کە هێز و ئیمتیازاتێک هەن کە تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ئەوان پیاون دەتوانن بەدەستی بێنن، تێدەگەن کە لە ژیانیاندا هیچ سوودێک یا خود سوودێکی کەمیان بە هۆکاری پیاوبوونەوە بەردەکەوێ. زۆرتر لە هەموو گرووپێکی پیاوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ئەوە پیاوانی دەست تەنگن کە بەردەوام کەڵکەڵەی ئەوەیانە کە چەمکی پیاوەتی نەیتوانیوە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە ژیانی ئەواندا هەبێ .ئەوان بەو ئازارەوە دەتلێنەوە کە ئەو ئیمتیاز و دەسەڵاتەیان نییە کە کۆمەڵگا پێیانی گوتبوو پیاوێکی ڕاستەقینە دەبێ ببێت. ئەو کە لە خۆی ناموێ، بێزار و تووڕەیە لەوانەیە هێرش بکاتە سەر ژنان یا خود ژنانێک بچەوسێنێتەوە، بەڵام سوودێک

لە پشـــتیوانی و بەردەوامکردنی ئایدۆلۆژیای سێکسیســـتی ناچنێتەوە. کاتێک ئەو پیاوە ژن دەکوژێت یـــان دەســـتدرێژی دەکاتە ســـەری، ئیمتیازاتی خـــۆی بەکارناهێنێت یان پاداشـــتی ئەرێنـــی وەچنـــگ ناخا. رەنگـــە تەنیا لـــە بەکارهێنانـــی فۆرمێک لە دەســـەڵات کە بـــۆ ئەو رێگـــە پێدراوە، هەســـت بە خۆشـــحاڵی بکات. پێکهاتەی دەســـەڵاتی پیاوانەی چینی سەردەســـت، کە پـــەرە بە ئـــازاری ڕەگەزیـــی ژنان لە لایەن پیاوانی بندەســـت دەدات، ســـوودی ڕاســـتەقینە لە کردەوەکانی خـــۆی دەبات. تـــا ئەوکاتـــەی کـــە ئـــەو پیاوانـــە بە جێـــگای هێرش بۆ ســـەر ســـەرمایەداری و سێکســـیزم، ژنـــان دەکەنـــە ئامانجـــی هێرشـــەکانیان، یارمەتیی ســـەقامگیری ئەو سیســـتەمە دەدەن کە کەم یا زۆر سوودی لێ وەردەگـــرن. ئەو پیاوانە ســـەرکوتکەر و دوژمنـــی ژنانن. هەروەهـــا دوژمنی خۆیانن و دەشچەوســـێننەوە. ئازاردانـــی ژنـــان لە لایەن ئـــەو پیاوانەوە ڕەوا نییـــە. ئەگەرچی ئەو پیاوانە بەو شـــێوەیە پـــەروەردە کراون کـــە ئـــاوا هەڵســـوکەوت بکـــەن، بەڵام بزاڤگەلێکـــی کۆمەڵایەتـــی هـــەن کە بۆ خۆچاککردنـــەوە و ڕزگاربـــوون لەو دۆخە، یارمەتییـــان دەدەن. بـــە لەبەرچاونەگرتنی ئـــەو بزاڤـــە کۆمەڵایەتییانـــە وەکـــوو — دەرفەتـــی گـــۆڕان- ئـــەوان هەڵدەبژێرن کـــە ســـەرکوت بکـــەن و ســـەرکوتیش بکرێـــن. ئەگەر بزاڤی فێمێنیســـتی دۆخی ئەســـتەمی ئەو پیاوانە لـــە بەرچاو نەگرێ و ئازارەکانیان پشـــتگوێ بخـــات یان وەک دوژمنێکـــی تـــری نێرینە لـــە قەڵەمیان بدات، ئێمـــەش لە ئاکامدا بە شـــێوەیەکی پاســـیڤ تەســـلیمی کردەوەکانیان دەبین. ئەو پرۆســـەیە کـــە تێیدا پیـــاوان هاوکات هەم ســـەرکوتکەر و هەم سەرکوتکراویشن بەتایبـــەت لە نێـــو کۆمەڵی ڕەشـــەکاندا، کـــە زۆرینەیان پیاوانی دەســـت تـــەنگ و کـــرێکـــارن، یەکجـــار بەرچـــاوە. لە وتارەکەیـــدا «تێبینیگەلێک بۆ هێشـــتا وتارێکـــی دیکە لەســـەر فێمێنیزمی ڕەش، یـــان ئایـــا دوژمنـــی ڕاســـتەقینە تکایە هەڵدەســـتێت؟ »چالاکوانی فێمێنیســـتی ڕەش باربـــارا ســـمیس ئـــەوە دەخاتەڕوو کـــە ژنانـــی ڕەش پێســـت ئامـــادە نیـــن لـــە کۆمەڵگـــە ڕەش پێســـتەکاندا ڕووبـــەڕووی ستـــەمی ڕەگەزی ببنەوە: "بـــە ناوبردن لە ســـتەمی ڕەگـــەزی وەک کێشـــەیەک، وا دەردەکەوێت کە ئێمە دەبێت ئـــەو گرووپەی کە تا ئێســـتا وامـــان زانیوە هاوپەیمانمانـــن- پیاوە ڕەش پێســـتەکان- وەکوو مەترســـی پێناســـە بکەین. پێدەچێت ئەمە یەکێک لە بەربەســـتە ســـەرەکییەکان بۆ دەستپێکردنی شـــیکردنەوەی پەیوەندییە ڕەگەزییـــەکان یا سیاســـەتە ڕەگەزییەکانی ژیانمان بێت. دەســـتەواژەی "پیاوەکان دوژمن نین" فێمێنیـــزم و واقیعی پیاوســـالاری لە یەک کاتدا ڕەتدەکاتەوە و هەروەها چاوپۆشـــی لە هەندێک واقعی ســـەرەکی دەکات. ئەگەر نەتوانین ئـــەوە قبوڵ بکەیـــن کە هەندێک لە پیاوان بەتایبەت پیاوانی ســـپی پێســـت و بە شـــێوازێکیش هەندێ لە ڕەش پێستەکان دوژمنـــی ئێمەن،هیـــچ کات ناتوانیـــن لە هۆکاری ئـــەوە تێبگەین کـــە بۆچی هەموو ڕۆژێک لێمان دەدرێـــت، بۆچی بەپێچەوانەی خواســـت و ئێـــرادەی خۆمانـــەوە عەقیـــم دەکرێیـــن، بۆچی لە لایەن دراوســـێکەمانەوە دەســـدرێژی دەکرێتە ســـەرمان، بۆچی لە تەمەنـــی دوازدە ســـاڵیدا دووگیانین و بۆچی ئێمە دەبـــێ زۆرتر لـــەوەی کـــە دەتوانین لە ماڵـــەوە بمێنینەوە و ئـــاگاداری منداڵان بین؟.دانپێنان بە سێکســـیزمی پیاوانی ڕەش پێســـت بـــە مانای ئـــەوە نییە کـــە دەبێ ڕقمان لە پیـــاوان بێت یان بـــەو مانایە نییە کـــە دەبێ لە ژیانـــی خۆمان بیانســـرینەوە، بەڵکـــوو جەخت لە ســـەر ئـــەوە دەکاتەوە کـــە ئێمە دەبێ بـــۆ بنەمایەکی جیـــاواز لە پەیوەنـــدی لە گەڵیـــان خەبـــات بکەین. " ژنـــان لە کۆمەڵگا ڕەش پێســـتەکاندا ئامادە نەبوون بە ڕوونی باســـی سەرکوتی ڕەگەزی بکـــەن، بەڵام هەمیشـــە زانیویانە کە بوونی هەیـــە. ئێمە هەروەهـــا کۆمەڵایەتی کراوین بۆ ئەوەی کـــە ئایدۆلۆژیای سێکسیســـتی

قەبووڵ بکەین و زۆرێک لە ژنانی ڕەش پێست هەست دەکەن کە دەسدرێژی پیاوانی ڕەش پێست بۆ سەر ژنان ڕەنگدانەوەی پیاوسالارییەکی ناهۆمێدانەیە. بەم جۆرە لە بیرکردنەوە، ئازاری ئەو پیاوانە وەکوو شتێک قابلی دەرک و تەنانەت ڕەوا دێتە پێش چاو. زۆربەی ژنانی ڕەشپێشت پێیان وایە کە باسکردنی ئاشکرای ئەوەی کە ئەو پیاوانە دوژمنی ئەوانن یا خود ئەوەی کە ئەوان وەکوو سەرکوتکەر بناسێنن یارمەتییەک بە گۆڕینی دۆخەکە نادات. ئەوان دەترسن کە ئەم کارە ببێ بە هۆی قوربانی کردنی زیاتر. دانپێدانان بەو ڕاستییانە، خۆی لە خۆیدا ئاڵۆگۆڕێکی بۆ گرووپە بندەستەکان بەدینەهێناوە. بە عەکسەوە لە بەرژەوەندیی گرووپە سەردەستەکاندا بووە. ناونانی گشتیی سێکسیزم نەبووەتە هۆی ئەو توندوتیژییە دامەزراوەییەی کە تایبەتمەندیی خەباتی مافە مەدەنییەکانی ڕەش پێستەکان بووە. ژنانی ڕەشپێست نەچوونەتە ناو بزووتنەوەی فێمێنیستەوە نەک لەبەر ئەوەی ناتوانن ڕووبەڕووی واقعی سەرکوتی سێکسیستی ببنەوە؛ ئەوان ڕۆژانە لەگەڵ ئەو سەرکوتە ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەوان پەیوەندی بە بزووتنەوەی فێمێنیستییەوە ناکەن، چونکە لە تیۆری و پراکتیکی فێمێنیستدا، بەتایبەت ئەو نووسینانەی کە خراونەتە بەردەستی جەماوەر، پۆتانسییەلێک بۆ چارەسەری کێشەکە نابینن. تا ئێستا گوتاری فێمێنیستی کە پیاوانی وەکی دوژمن ناساندووە کاریگەری ئەرێنی کەمی هەبووە. ئەگەر چالاکوانانی فێمێنیست سەرنجیان خستبایێتە سەر پەیوەندیی نێوان پیاوانی چینی سەردەست و زۆرینەی ڕەهای پیاوانی بندەست، کە کۆمەڵایەتی کراون بۆ بەردەوامکردن و پاراستنی سێکسیزم و ستەمی سێکسیستی تەنانەت لە کاتێکدا هیچ سوودێکی دووپاتکردنەوەی ژیانیان لێ ناچنن، ڕەنگ بوو ئەم پیاوانە ئاوڕێکیان داباوە لە کاریگەرییەکانی سێکسیزم لە ژیانیاندا. زۆرجار چالاکوانانی فێمێنیست بە شێوازێک باس لە دەستدرێژیی پیاوان بۆ سەر ژنان دەکەن وەک ئەوەی ڕکابەری بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت نەک ئیفلاسی ئەخلاقی، شێتی و لە ئینسانییەت کەوتن. بۆ نموونە باربارا سمیس لە نووسراوەیەکیدا پیاوانی سپی وەکوو سەرەکیترین گرووپی سەرکوتکەر لە کۆمەڵگای ئەمریکادا پێناسە کردووە و باس لە سروشتی ئەوان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا دەکات.لە کۆتایی ئەو وتارەیدا کە ئیدعایەکی وای تێدا کراوە دەڵێت: " تەنیا سەرمایەدارە دەوڵەمەند و بەهێزەکان نین کە بەرهەڵستی ژیان دەبنەوە و لە ناوی دەبەن. دەستدرێژیکەرەکان، بکۆژەکان، لات و لوتەکان و ئەو مرۆڤە چەقبەستووانەش بە هەمان شێوە دەسەڵاتی توند و بە هۆی ئەو ئیمتیازە پیاوانەی کە بۆ سپییەکان هەیە تیژ بەکار دێنن. پێشگریمانەی ئەو ئیدعایەی ئەوەیە کە ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی دژ بە ژنان یان خۆڕانانی(ژست) یا خود سەلماندنی ئەو دەسەڵاتانەیە. ئایدۆلۆژیای ڕەگەزی مێشکی پیاوان وەها دەشواتەوە تا باوەڕ بەوە بکەن کە ئازار و توندوتیژی دژ بە ژنان سوودی هەیە، لە کاتێکدا سوودێکی تێدا نییە. لە گەڵ ئەوەی کە هێشتا چالاکانی فێمێنیست ئەو لۆژیکە بە کار دێنن، ئێمە دەبێ بەردەوام ئەو کردەوانە وەکوو دەربڕینی پەیوەندیی چەوتی دەسەڵات، نەبوونی کۆنترۆڵ بەسەر کردەوەکان، بێ دەسەڵاتییەکی سۆزدارانە، ناعەقڵانییەکی لە ڕادەبەدەر و شێتییەکی ئاشکرا بهێنینە بەر باس. فێربوونی پەسیقی ئایدۆلۆژیی ڕەگەزی لە لایەن پیاوانەوە وایان لێدەکات کە ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانە بە شێوەیەکی ئەرێنی لێک بدەنەوە. تا ئەو کاتەی کە پیاوان مێشکیان بشۆردرێتەوە کە ئازاردانی ژنان و وەرگرتنی–ئیمتیاز و دەسەڵات، هاوتا بگرن، ناتوانن زیان

و خەساریک کە دەرهەق بە خۆیان یا خود دەرهەق بە ئەوانی تر دەیکەن هەست پێبکەن و پاڵنەرێکیش بۆ گۆڕان بە دی ناکەن.ئەو کەسانەی کە بە شۆرشی فێمێنیستی وەفادارن دەبێ ئەو ڕێگایانە نیشان بدەن کە پیاوان دەتوانن سێکسیزم لە مێشکیان بسڕنەوە. ژنان لە بزووتنەوەی فێمێنیستی هاوچەرخدا هان نەدران کە ئەو بەرپرسیارەتییەی پیاوان بە گوێیان هەڵێنن.هەندێ لە گوتارە فێمێنیستییەکان، ئەو ژنانەی کە لە گەڵ پیاوان پەیوەندییان هەبوو دەخستە پەراوێزەوە.زۆرێک لە ژنانی لیبرالْ دەیان گوت « ژنان ماوەییەکی دوور و درێژە کەسانی دیکەیان پەروەردە کردووە و یارمەتی داوە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئاگامان لە خۆمان بێت". ژنانێک کە بۆ چەندین سەدە، بە هاوەستی لەگەڵ سێکسیزمدا یارمەتی پیاوانیان داوە و پشتگیریان کردووە ، کاتێک باس لە پرسی « رزگاری» دەکرا لەناکاو هاندران کە پشتگیریی خۆیان بکشێننەوە. پێداگری لە سەر گرنگیدان بە تاکگەرایی و سەرەکییەتی خود کە لەلایەن ژنانی لیبرالْەوە بە « ئازادیخوازی» دادەنرا، چەمکێکی نموونەیی و ڕادیکالْ نەبوو و ڕێگە چارەی تاکەکەسی بۆ ژنان پێشنیار دەکرد.ئەم ئایدیایە هەمان ئایدیای سەربەخۆیی بوو کە دەوڵەتی پیاوسالاری ئیمپریالیستی بەردەوامی پێدا و تێیدا سەربەخۆیی لە گەڵ نارسیسیزم، بەرانبەر دادەنێت. بەم شێوەیە ژنانی چالاک لە بزووتنەوەی فێمێنیستیدا هێرشیان نەدەکردە سەر ئایدۆلۆژیای سەردەست و تەنیا خەریکی پێچەوانە کردنی بوون. ئەوان ئالْترناتیوێکی کردەییان بۆ دۆخی هەنووکەیی نەخستبووەڕوو. لە ڕاستیدا ئەو قسەیەی«پیاوان دوژمنن» لە بنەڕەتدا پێچەوانە کردنەوەی ئایدیای بالادەستیی پیاوانە بوو کە پێی وابوو«ژنان دوژمنن»، هەمان چیرۆکی سواوی ئادەم و هەوا. بە ئاوڕدانەوەیێک لە ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێت جەخت کردن لەسەر ئەو بیرۆکەیە کە «پیاوان وەک دوژمن»، ئێمە لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان و هەروەها ڕێگاگەلێک کە پێکەوە بتوانن بۆ سڕینەوەی سێکسیزم خەبات بکەن، بە لاڕێ دا دەبات. ژنانی بورژوای چالاک لە بزووتنەوەی فێمێنیستیەکان ، چەمکی سروشتی جەمسەرگیری نێوان دوو ڕەگەزیان ،بۆ ئەوەیکە سەرنجی هەموان بۆ مافی یەکسان ڕابکێشن بە سەقەتی بە کارهێنا و تەقەلاییکی زۆریان کرد کە پیاوان وەک دوژمن و ژنانیش وەک قوربانی وێنا بکەن. ئەوان گروپێک لە ژنان بوون کە هەرکات لە چینی بالادەست دا مافی یەکسانیان هەبووایێت، دەیانتوانی هەموو پەیوەندەکانیان لەگەڵ پیاوان وەلانێن. لە ئاکامدا ئەو ژنانە زۆرتر کەڵکەڵەی بەدەست هێنانی پشکی یەکسانیان لە چینی بالادەست هەبوو تا لە ناوبردنی سێکسیزم و چەوساندنەوەی ڕەگەزی. پێداگرییان لەسەر جیابوون لە پیاوان ئەو گومانەی بەهێزکرد کە ژنان -بە بێ پیاوان- پێویستیان بە دەرفەتی یەکسانە. زۆرێک لە ژنان بە هۆی گرێدراوی ئابووری ئەو ئازادییەیان نییە کە لە پیاوان جیا ببنەوە. ئەو ئایدیا جیاخوازییە کە پێی وایە ژنان دەتوانن بە کشانەوە لە پیاوان لەهەمبەر سێکسیزم خۆڕاگری بکەن، ڕوانگەی چینی بورژوایە. کەتی مەک کەندلز لە گوتاری «هەندێک بیرۆکە سەبارەت بە ڕاسیزم، چینایەتی و جیاخوازی» تیشک دەخاتە سەر ئەو بابەتە کە جیاخوازی لە چەندین ڕەهەندەوە بیرۆکەیەکی هەڵەیە چوون لە ڕاستیدا لەو ئابوورییە سەرمایەدارییەی ئێستادا کەس جیا نییە. " لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە باسێکی بەتەواوی جیاوازە. هەرچەندی دەوڵەمەندتر بی، کەمتر وا هەیە مەجبوور بی دان بەو شتانەدا نێی کە پێیان وابەستەی. پارە دەتوانێ مەودایەکی زۆرت

بـــۆ بخولقێنێ ئەگـــەر بە تێروتەســـەلی لەبەر دەســـتت بـــێ، تەنانـــەت دەکرێت قـــەت چاوت بە پیـــاوان نەکەوێـــت. ئەوە شـــتێکی نایاب و سەرنجراکێشـــە کە خۆت هەڵبژێـــری چاوت بە کـــێ بکەوێت. بەڵام با راســـتی بڵێین ســـەرەڕای پێخۆشبوون یا پێناخۆشـــبوون، ژیانـــی ڕۆژانەی زۆربەی ژنـــان بەریەککەوتنـــی ڕووبەڕوویە لەگەڵ پیـــاوان. بە بۆچوونی مـــن ڕەخنەگرتن لەو ژنانـــەی کە لەگـــەڵ پیـــاواندا پەیوەندییان هەیـــە نـــە تەنیـــا زیانبەخشـــە، بەڵکوو جەخـــت دەکاتە ســـەر، ســـەرکۆنەکردنی قوربانـــی. ئەمە بەتایبەتـــی کاتێک گرینگە کـــە دانانی ئەو ســـتانداردانە لە ئەســـتۆی ژنانی ســـپی پێســـت و چینـــی مامناوەند و باڵادەســـت بن(هەروەها کـــە ئەزموونی مـــن ئـــاوای نیشـــان داوە) و ئەوانـــەی کە ئـــەو ســـتانداردانە بە کـــاردەهێنن ســـەر بـــەو گرووپانـــە نەبـــن ". لـــە بەرچـــاو نەگرتنـــی پێداویســـتییە تایبەتەکانی ژیـــان کە ژنان مەجبوور دەکات لەگەڵ پیاوان لە پەیوەندیـــدا بن، هەروەها ڕێزنەگرتن لە خواســـتی ژنـــان بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیـــی لەگەڵ پیـــاوان ململانێیەکی ناپێویســـتی بۆ ئەو ژنانە دروســـت دەکرد کـــە ڕەنگـــە زۆر حەزیـــان لـــە فێمێنزم بووبێت، بەڵام هەســـتیان دەکـــرد ناتوانن لە ئاســـتی ئەو ستانداردە سیاســـییانە بن. نووســـراوە فێمێنیســـتییەکان ئەگەرچی لە ســـەر قەیرانـــی پەیوەندیی نێـــوان ژنان و پیاوان دواون، ئەوەندەی پێویســـتە ئاماژەیان بەوە نەکـــردووە کە ژنان چـــۆن دەتوانن لە پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی ڕۆژانەیان لەگەڵ پیاوان بەشـــداری خەباتی فێمێنیســـتی بن. ئەگەر فێمێنیزم بیەوێ بـــاس لەو ڕێگایانە بـــکات کـــە پەیوەندیی تایبەت و گشـــتی ڕۆژانـــەی نێوان ژنـــان و پیاوان[کە زۆر جار بـــە حوکمی ئـــەوەی کە سێکســـیزم زۆر گشـــتگیرە، پەیوەندییەکی نەرێنییە] دەکرێ بگۆڕدرێت، دەتوانێت لە ڕووی سیاســـییەوە ژنانێکی زۆر بکاتـــە بەردەنگی خۆی. ژنانێک کـــە پەیوەندیـــی ڕۆژانەیان لەگـــەڵ پیاوان هەیە پێویســـتیان بە ستراتژیەایێکی بەکەڵک هەیـــە کە ئـــەو تواناییەیان پـــێ بدات کە بزووتنـــەوەی فێمێنیســـتی لەگـــەڵ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تێکەڵ بکـــەن. بزووتنەوەی فێمێنیســـتیی هاوچەرخ بـــە گرینگی نەدان بە پرســـە گرینگ و چارەنووسسازەکان خۆی خســـتووەتە پەراوێزی کۆمەڵگاوە. زۆرێک لە ژن و پیـــاوان پێیـــان وایـــە فێمێنیزم «لە دەرەوە » ڕووەدات، یـــان ڕوویـــداوە. میدیا پێیـــان دەڵێت کـــە ژنی «ئـــازاد» دەگمەنە و پێـــش لـــە هەموو شـــتێک لـــە دەرەوە کار دەکات. ڕێکلامگەلێـــک لـــە چەشـــنی ئەوانەی کە ژنێکی شـــاغڵی ســـپی پێست لە حاڵی گۆڕینی لیباســـی کار بە لیباســـی تەنک نیشـــان دەدا، هـــاوکات خوێندنی ئەو گۆرانییـــە کە « من دەتوانم گۆشـــت بکرم و چێشـــتت بۆ ســـاز بکەم و ناهێڵم لە بیرت بچێتـــەوە کە تۆ پیاوی». ئـــەو ژنانە جەخت لە ســـەر ئـــەوە دەکەنەوە کـــە کار کردن لـــە دەرەوە نابێتە بەربەســـت بـــۆ ئەو ڕۆڵە ئۆبژە سێکســـییە کە کۆمەڵگای باڵادەســـتی پیـــاوســـاڵار، بـــۆ ژنـــانی دیاری کردووە. زۆربەی ئەو پیاوانە کە ئیدعای پشـــتگیریی ئازادیـــی ژنـــان دەکەن پێیان وایە ســـوود لـــە نەبوونـــی ئەو ڕۆڵـــە جنســـییەتییە چەقبەســـتووانە وەردەگرن. ئـــەو ڕۆڵەی کە زۆربە حەزیان لێیـــە بیگۆڕن ڕۆڵی ئابووریـــیە. ئـــەو ڕێکلامانـــەی وەکوو ئـــەوەی کە لە ســـەرەوە باس کرا پیـــاوان دڵنیا دەکەن کە ژنان دەتوانـــن نانپەیداکەر بـــن، بەڵام لە هەمـــان کاتدا ڕێـــگا بدەن بە پیـــاوان کە بەســـەریاندا زاڵ بن. وتـــاری کارۆڵ هانیش لە ژێر نـــاوی «ئازادیی پیـــاوان»، لە هەوڵی ئـــەو پیاوانـــە بۆ خـــراپ بـــە کار هێنانی کێشـــەی ژنان بـــۆ بەرژەوەندیـــی خۆیان دەکۆڵێتـــەوە، بەتایبەت ئەو کێشـــانەی کە پەیوەندییـــان لەگـــەڵ کار و ئابووری هەیە: "هەوڵـــی پیاوان بۆ خۆدزینـــەوە لە کارکردن و کارپێکردنـــی ژنان بە بیانووی پاڵپشـــتیی لەوان، کێشـــەیەکی گەورەی دیکەیە. پیاوان حەزیان لە کار، لە ڕاکە ڕاکە و ڕەئیســـەکانیان نییـــە. لە ڕاســـتیدا هەموو ئـــەو بۆڵە بۆڵانە

هەواڵنامەی کۆبانێ

سەبارەت بە « نموونەی سەرکەوتوویی» و «ئۆبژەی سەرکەوتوویی»- ژنان- هەر بۆ ئەوەیە. لە ڕاستیدا ژنانیش حەز بەوانە ناکەن. بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە چل لە سەد لە پیاوان کەمتر پارە وەردەگرن، بە گشتی کارەکانیان زۆرتر وەرەزیان دەکا و بە دەگمەنیش ڕێگەیان پێ دەدرێ کە -نموونەی- سەرکەوتوو بن. بەڵام کارکردن بۆ ژنان زۆرجار تەنیا ڕێگا بۆ بەدەست هێنانی هەندێک یەکسانی و دەسەڵات لە بنەماڵە و هەروەها ئاستێک لە سەربەخۆیی لە پەیوەندی لەگەڵ پیاوان دایە. پیاوێک دەتوانێت لە کارەکەی دەست بکێشێتەوە، بەڵام هێشتا لە نێو ماڵدا هەر کوێخا بێت. هەروەها پیاو بەتاڵی زۆرتری هەیە و ئەوەی ئەو دەیکا لە بەراورد بەوەی ژنەکەی یا خۆ خۆشەویستەکەی دەیکات شتێکی ئەوتۆ نییە. لە زۆر نموونەدا، ژنەکە سەرەڕای کاری هاوسەرداری و کاری دەرەوەی خۆی بەو حاڵەشەوە زۆرتر لە پشکی خۆی لە کارووباری ماڵدا بەشداری دەکات. پیاوی ئاوا بە جێگای هەوڵ بۆ خۆشترکردنی کارەکەی و کۆتایی هێنان بەو ڕاکە ڕاکە و خەڵاس بوون لە دەستی ڕەئیسەکانی، ژنەکەی دەنێرێتە سەر کار و ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پیاوێک کە ژنەکەی بۆ کاری خراپ بە کاردەهێنێت نییە. هەموو ئەوانە لە ژێر ئاوی شکاندنی ڕۆڵی جینسیی چەقبەستوو یا قۆڕیاتی لەو چەشنەیە. "

وەها " بزووتنەویەکی ئازادیی پیاوان" تەنیا دەتوانێ لە دژکردەوە بە ئازادیی ژنان پێک بێت تا بزووتنەوەی فێمێنیستی خزمەت بە بەرژەوەندیی هەلپەرەستانەی پیاوان بکات. ئەو پیاوانە خۆیان وەک قوربانی سێکسیزم پێناسە دەکەن کە لە هەوڵی ڕزگاریی پیاوان دان و، ئەو ڕۆڵە چەقبەستووە جنسییانە وەک سەرچاوەی سەرەکی قوربانی بوونی خۆیان پێناسەدەکەن و ئەگەرچی دەیانهەویست چەمکی پیاوەتی بگۆڕن، لێ زۆر کەڵکەڵەی ئازار و چەوسانەوەی ژنانیان نییە. نارسیسیزم و بەزەیی بەخۆداهاتن لە تایبەتمەندییەکانی گرووپگەلی ئازادیی پیاوانە. هانیش گوتارەکەی بەو ئێدعایە کۆتایی پێ دێنێت:

"ژنان نایانهەوێ خۆیان لاواز و پاسیڤ دەرخەن. ئێمە هەر ئەوەندەی پیاوانی ساختەچیی لاواز و پاسیڤمان ناوێت، ئەوەندەش پیاوانی بەناو سووپێرمەن و پڕ لە ئازایەتیشمان ناوێت. ئەو شتەی کە ژنان لە پیاوانیان دەوێت ڕاستگۆییە. ژنان دەیانەوێ پیاوان بوێرانە ڕاستگۆ بن و لە بەدواداچوون بۆ کارە ئێنسانییەکانیان بە مشوور و کۆڵنەدەر بن. حەزێکی زۆریان بێت و سۆزدار بن و ژنان ئەوانەشیان بۆ خۆشیان دەوێت. کاتی ئەوە هاتووە پیاوان بوێرانە ڕادیکاڵ بن. ئەوەندە ئازا بن کە بە بنچی چەوسێنەرانەی خۆیاندا بچنەوە و دان بەوەدا بنێن کە هۆکاری بەختەوەرنەبوونیان ژنان یا ڕۆڵە جێنسییەکان یان کۆمەڵگا نین، بەڵکوو سەرمایەداری و سەرمایەدارەکانن. کاتی ئەوە هاتووە پیاوان ئەوەندە بوێر بن دانی پێدا بنێن و دژی چەوسێنەرە سەرەکییەکان شەڕ بکەن. "

پیاوانێک کە ئەوەندە بوێرن، کە سەبارەت بە سێکسیسم و سەرکوتی ڕەگەزی ڕاستگۆن و بەرپرسیارەتی خۆیان بۆ دژایەتی سێکسیسزم وەئەستۆ دەگرن، زۆرجار بە تەنیا دەمێننەوە و دەکەونە پەراوێزەوە. بیرۆکەکانیان لە لایەن پیاوان و ژنانی دژە فێمێنیستەوە بە هێند وەرناگیرێ، هەروەها لە لایەن چالاکانی فێمێنیستەوە پشتگوێ دەخرێن. مۆریس کۆنرلی لە گۆڤاری ناوچەیی سانتە کرووزدا ئاوا باس لە هەوڵی خۆی بۆ پشتگیری لە فێمێنیسم لە فەزای گشتیدا دەکات:

" لە قسە کردن لەگەڵ چەن پیاودا بابەتی ئازادیی ژنان هاتە بەر باس. هەندێک پێکەنین، لاتاو، بۆڵە بۆڵ و ئیدانە کردنی بە دوادا هات. گرووپێک لە پیاوان هەن کە لە سەر ئەوە ساق بوونەوە کە ئێستا ئامادەی شەڕن و دەبێ ڕێزەکانی خۆیان لە هەمبەر هێرشی

ئەو ژنە بە لاڕێداچووانە تۆکمە کەن. وەک هەمیشە کەسێک بۆچوونی منی پرسی کە دیارە من سەتاسەد لەگەڵ ئازادیی ژنانم. ولاّمەکەی من بۆیان سەرسووڕهێنەر بوو، بە جۆرێک لە منیان دەڕوانی وەک بڵێی شاخم دەرهێنابێ. ئەوان لە بەر خۆیانەوە دەڵێن« داخودا ئەوە ئێتر چ پیاوێکە؟» من پیاوێکی ڕەشم کە لەوە تێگەییشتووم، کە ژنان دوژمنی من نین. ئەگە من پیاوێکی سپی پێستی دەسەڵاتدار بام، مرۆڤ دەیتوانی لە هۆکاری بەرگریکردن لە دۆخی هەنووکەیی تێبگات. تەنانەت ئەگر واش با، بەرگری لە دوکتورینێکی دارماو لە ڕووی ئەخلاقییەوە کە چەوسێنەر و سەرکوتکەرە پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە. "

کۆنرڵی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە پشتیوانی لە فمێنیزم لە فەزای گشتیدا چەندە ئەستەم بوو و کاتی دەخایەند:

" بۆ ئەوەندەی پێچوو؟ چۆن لە لێکەوتەی نەرێنی پشتگیری لە ئازادیی ژنان دەترسام. لە مێشکی خۆمدا چاوەڕوانی ئەوەم لە خۆشکان و براکانم دەکرد.«تۆ چ جۆرە پیاوێکی؟» «بۆ پانتۆڵ لە بەر ناکەی؟» «ئەو دەعبا سپییە چیە لەبەرت دایە؟» و هەرئاوا ئەو پرسیارانە بە دوای یەکتردا دەهات. هەر ئەو جۆرەی کە چاوەڕوان بووم دڵنیا بووم کە بەرەوڕووی ئەو هێرشانە دەبمەوە، بەڵام ئیدی ئەو کاتە ئەوندە باوەڕم بە خۆم بوو، کە بەرانبەر ئەو سووکایەتییە لە فەزای گشتیدا ببمەوە. گەورە بوون ژانی هەیە و ئەو ڕاستییە دەقاودەق لە ژیانی منداڕوویدا. ئەو پیاوانەی کە چالاکانە دژی سێکسیزم خەبات دەکەن لە بزووتنەوەی فێمێنیستیدا جێگە و پێگەی خۆیان هەیە. ئەوان هەوالاّنی ئێمەن. فێمێنیستەکان دانیان ناوە بە تێکۆشانی ئەو پیاوانەی کە بەرپرسیارەتییان لەمەڕ سەرکوتی ڕەگەزی وەئەوستۆ گرتووە، بۆ نموونە ئەو پیاوانەی کە کار لەگەڵ ئازاردەران دەکەن. لایەنگرانی ئازادیی ژنان، کە بەهایێک بۆ ئەو بەشداریە دانانێن، دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە و دووبارە سەبارەت بە ئەو پرۆسەیەی کە خەباتێکی شۆڕشگێرانە تێیدا سەردەکەوێ بیر بکەنەوە. هەندێ لە پیاوان بە هۆکاری ئەو ئازارانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ژنان چێشتوویانە تێکەڵی بزووتنەوەی فێمێنیستی دەبن. زۆر جاریش ژنانی هاوڕێیان پشتگیریان لە بااڵدەستیی پیاوان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. جۆن سنۆدگراس لە کتێبی « بۆ پیاوان دژی سێکسیسم: کتێبێک بۆ خوێندنەوە» ئاماژە دەکات: "لە حاڵێکدا لایەنگەڵێک لە نێو ئازادیی ژنانەدا بوو کە بە دڵی پیاوان بوو، بەڵام بۆچوونی من لە بۆچوونی گشتیی پیاوان جیاواز نەبوو. منیان لە بزووتنەوەکە ترساند و بە تووڕەیی و گاڵتەوە وڵامیان دامەوە. من پێم وابوو سەرمایەداری ژنان و پیاوانی دەچەوساندەوە، نەک ئەوەی پیاوان ژنان بچەوسێننەوە. من پێم وابوو کە «پیاوانیش دەچەوسێنەوە»، لەوانە پیاوانی کرێکار کە پێویستیان بە ئازادی بوو. من نە دەمدەتوانی هێرارشی نابەرابەری نێوان ژنان و پیاوان هەست پێبکەم، نە پەیوەندی ئەوە لەگەڵ زاڵبوونی پیاوانە تێبگەم. ئیستا کە بیر دەکەمەوە هۆکاری کوێری من لە ئاستی پیا سالاری، ئەو دەسەڵاتە پیاوانە بوو. وەکوو پیاوێک ئازادیی ژنانم یا وەپشتگوێ دەخست یا سەرکوتم دەکرد.ئاشنایەتی تەواوی من لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە پەیوەندی تاکەکەسیمەوە سەرچاوەی گرتووە. کە پەیوەندیی ئێمە قوڵتر بوویەوە ڕەخنەی زۆرم بە هۆی سێکسیست بوونەوە لێ دەگیرا. سەرەتا بە نکۆڵی و تووڕەیی وەکوو تایبەتمەندییەکی پیاوانە بەرەنگاری دەبوومەوە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە دروستی ئەو تۆمەتانە وردبوومەوە تا ئەو ئاستەی کە بە سێکسیزمی[شاراوە] لە ئەنجامی نکۆڵی کردنەکانم گەییشتم". سنۆدگراس لە گرووپەکانی بردنە

سەرەوەی ئاگایی بەشداری کرد و ئەو کتێبەشی لە ساڵی ١٩٧٧ نووسی .بەرەو کۆتایی هەفتاکان حەزی پیاوان بۆ بەشداری لە گرووپە دژە سێکسیستییەکان بەرەو کەمبوونەوە چوو. ئەگەرچی پیاوان زۆرتر لە هەمیشە لە ئایدیای یەکسانیی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان پشتگیرییان دەکرد، بەڵام ئەوان وەکوو ژنان ئەو پشتگیرییەیان هاوتای کۆتایی هێنان بە سەرکوتی سێکسستی و هاوتای بزووتنەوەیەکی فێمێنیستی کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەر کۆمەڵگادا دێنێ، نەدەبینی. پیاوانێک کە داکۆکی لە فێمێنیزم وەک بزووتنەوەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی ڕەگەزی دەکەن، دەبێت زۆرتر دەنگیان دژی سێکسیزم و ستەمی ڕەگەزی لە فەزای گشتیدا هەڵببڕن. تا ئەو کاتەی پیاوان بەرپرسیاریتی یەکسان لە خەباتکردن بۆ لەناوچوونی سێکسیزم وەئەستۆ نەگرن، بزووتنەوەی فێمێنیستی ڕەنگدانەوەی ئەو دژایەتییە سێکسیستییانە دەبێت کە ئێمە بە هیوایین بنەڕیان بکەین. ئایدۆلۆژی جیاخوازانەی فێمێنیستی، ئێمە هان دەدات کە بڕوا بهێنین کە ژنان بە تەنیا دەتوانن شۆڕشی فێمێنیستی بەدی بێنن، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ناتوانین.بەو پێیەی کە پیاوان هۆکاری سەرەکی مانەوە و پشتگیری لە سێکسیزم و سەرکوتی ڕەگەزین، تەنیا بە بەرپرسیارەتی بۆ ئاڵوگۆڕ بە سەر ئاگاییی خۆیان و کۆمەڵگایە کە دەتوانێت سێکسیزم بنەبڕ بکات. دوای سەدان ساڵ خەبات دژی ڕاسیسم، زۆرتر لە هەموو کاتێکی دیکە خەڵکانی غەیری سپی پێست سەرنجی هەمووان بەرەو ڕۆڵی سەرەکی سپییەکان لە خەباتی دژی ڕاسیسم ڕادەکێشن. هەمان شت بۆ خەبات بۆ بنەبڕکردنی سێکسیزم و ڕۆڵی سەرەکیی پیاوان ڕاستە. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان لێهاتووترن بۆ ڕێبەریی بزووتنەوەی فێمێنیستی، بەڵکوو بەو مانایەیە کە دەبێ لە خەباتدا ڕۆڵی یەکسان بگێڕن. بەتایبەت پیاوان دەتوانن لە بواری ڕووبەڕووکردنەوە، ڕووبەڕووبوونەوە، دژایەتیکردن و گۆڕینی سێکسیزمی پیاوانی دەوروبەریان دەوڕێکی بەرچاو بگێڕن. کاتێک کە پیاوان حەزی خۆیان بۆ بەرپرسیارەتییەکی یەکسان لە خەباتی فێمێنیستیدا دەردەبڕن و بە جوانی ئەرکی خۆیان بەڕێوەدەبەن، ژنان دەبێ کاری شۆڕشگێڕانەیان دانپێدابنێن و وەکوو هاوڕێیانی خەبات لە قەڵەمیان بدەن.

همه‌وآنامه‌ی کتاب

عامل بسیج مردمی اوکراینی ها برای مقاومت چیست؟*

پیپا نوریس
کسینیا کیزلووا
مترجم: هیمن رسول‌آبادی

تجـــاوز روســـیه بەخـــاک اوکرایـــن بامقاومـــت شـــدید ارتـــش وشـــهروندان اوکراینـی مواجـه شـده اسـت. پیپانوریـس وکســـینیا کیزیلـــوا (Pippa Norris & Kseniya Kizilova) بـــا بهرەگیـــری از شـــواهد نظرســـنجی شـــرح میدهنـــد کـــه چـــه کســـانی ازمیـــان شـــهروندان اوکراینـــی مایـــل بـــه جنگیـــدن هســـتند واینکـــه چـــه چیـــزی آنهـــا را ترغیـــب میکنـــد کـــه تصمیـــم بـــه بەدســـت گرفتـــن اســـلحه بگیرنـــد. یکـــی از ابعاد قابل توجه حـــوادث فاجعەبار اوکراین مربـــوط به این طغیـــان ناگهانی هزاران بلکـــه میلیونها تن از شـــهروندان عادی اســـت که زندگـــی یکنواخت وعادی و گاها دوستداشـــتنی خـــود را رها کرده واسلحه بەدســـت گرفتەاند و با کلاشنیکوف، کوکتلمولوتفهای آتشـــزای دستساز، و حتی با زانـــوزدن درمقابل تانکهای روســـی برای توقف آنهـــا، از نیروهای خـــودی حمایت و ازسرزمینشـــان دفاع میکنند.خوشبختانه بعضی ها کهنەســـربازهای آموزش دیدەی ارتش هســـتند کـــه تجربـــەی جنگ با ارتش روســـیه وتســـخیر کریمه در ســـال ۲۰۱۴ و تجـــاوز بـــه منطقـــەی دونباس رادارند. ولـــی گزارش حاکی از آن اســـت کـــه مابقی مـــردم هرگز در زندگیشـــان اســـلحه در دســـت نگرفتەانـــد. وزیر دفاع اوکراین از همەی کســـانی کـــه میتوانند اســـلحه دردســـت بگیرند درخواست کرد که به نیروهای بســـیج مردمـــی بپیوندند. بعـد از تصمیـم جـدی پوتیـن بـرای حملـه، ســـرعت بســـیج مردمـــی ایـــن خیـــزش چشـــمگیر ملـــی بـــی ســـابقه و بی¬نظیـــر بەنظـــر میرســـد. گزارشـــها حاکیســـت کـــه تنهـــا بعـــد از چنـــد روز مقاومـــت مســـلحانەی نیروهـــای ویـــژەی اوکرایـــن و شـــهروندان داوطلـــب، درهمـــان ابتـــدا بـــر شـــدت روحیـــەی ملـــی افـــزوده، ســـرعت تهاجـــم مـــورد انتظـــار روســـها را کاســـته و آهنـــگ بعضـــی از خســـارات ســـنگین را تغییـــر داده اســـت.این درحالیســـت کـــه نـــه اســـلحەها حریـــف راکتهـــا میشـــوند و نـــه ســـربازهای داوطلـــب یـــک پدافنـــد عملـــی در مقابلـــه بـــا بمبهـــای خوشـــەای انجـــام میدهنـــد. ســـتونهای طویـــل تانکهـــای روســـی بـــی وقفـــه تلـــق تلـــق کنـــان بەســـمت شـــهرهای بـــزرگ و بـــرای محاصـــرەی کیـــف در راه هســـتند. ولـــی چـــه کســـی درمیـــان شـــهروندان عـــادی مایـــل بـــه جنگیـــدن بـــرای اوکرایـــن اســـت؟ چـــرا اوکرایـــنی هـــا یـــا درواقـــع هـــر کـــس دیگـــر بایـــد داوطلبانـــه و بـــا فراخـــوان رئیـــس جمهـــور زلنســـکی، بـــا درد، کثافـــت، خـــون و مـــرگ روبروشـــود؟ چـــەچیـــزی مقـــاومت سربـــازان داوطلـــب را تشـــدید مـــی کنـــد؟ توضیـــح و توجیهـــات زیـــادی در مورد بســـیج مردمـــی مقاومت اوکرایـــن اظهار شـــده اســـت که شـــامل نقش آزادیهای دموکراتیـــک، ناسیونالیســـم اوکرایـــنی هـــا، و شـــکافهای قومی_زبانی میشـــود. بســـیاری از گزارشـــات مردمی حاکی از آن اســـت که میلیونهـــا اوکرایـــنی داوطلبانه درحـــال دفاع از اهـــداف و ایدەآلهای ترقی خواهانـــەی آزادی و دموکراســـی و همان اصول و ارزشـــهایی هســـتند کـــه در دل اتحادیـــەی اروپا وجـــود دارنـــد. با توجه به ایـــن دیـــدگاه، اوکراینی هـــا درمقابل تهدیـــدات ســـتیزەجویانەی دیکتاتـــوری روســـی علیـــه دموکراســـی در خط مقدم جبهەی غـــرب ایســـتادەاند. ســـخنرانی تلویزیونـــی پوتیـــن در ۲۴ فوریه نه تنها به دنبـــال تاکید دوباره بر کنتـــرل یک دولت همســـایه که پیشتر تحت ســـلطەی اتحاد جماهیر شـــوروی پیشـــین بوده نیســـت، بلکه بـــرای انداختـــن اختلاف وانشـــقاق میان ناتو، بازپســـگیری جایگاه روســـیه در جهـــان، پایان بخشـــیدن بـــه قوانین نظم جهانـــی مبتنی برآزادیخواهی به وســـیلەی احترام بـــه اصـــول ارادەی ملی اســـت. درحالـــی کـــه ادعـــا میشـــود مقاومـــت اوکرایـــن شـــدیدا بـــه اهـــداف و ایدەآلهـــای لیبـــرال دموکراتیـــک اختصـــاص یافتـــه اســـت بـــا ایـــن وجـــود ممکـــن اســـت بیشـــتر در

حد حرف باشد تا واقعیت. زلنسکی میتواند از این درخواست برای جذب حمایت و تجهیزات غرب استفاده کند، همانگونه که در سخنرانیش درکنفرانس امنیتی مونیخ که گفت: پوتین جنگی را علیه اوکراین وهمه‌ی جهان دموکراتیک شروع کرده است.در واقع دموکراسی در اوکراین یک تاریخ ناپایدار و پراز فراز و نشیبی داشته است که دهه هایی متوالی تنوع طبقه‌بندی نظام دموکراسی مرتبا مابین دموکراسی انتخاباتی ونظام استبدادی انتخاباتی دست به دست شده‌است. امروزه مشکلات رایجی ازقبیل رشوه‌خواری، حمله به رسانه‌های آزاد و تزلزل سیاسی به قوت خود باقیست. با توجه به این تجربیات اوکراینی ها ممکن است حق داشته باشند که بیش از پیش نسبت به ادعاهای متعالی و اصول آزادیخواهانه‌ی دموکراتیک ناامیدشده باشند. درمقابل، اگر این توضیح که چرا اوکراینی ها تمایل به جنگیدن دارند کاملا مرتبط با قابلیتهای نیرومند هویتهای ملی وقومی باشد ممکن است کسل کننده وساده به‌نظر برسد. دراین مصاحبه، داوطلبان احتمالا بوسیله‌ی ناسیونالیسم اوکراینیها، غرور، میهن پرستی، کشیدن احساسی رنگ زرد و آبی و خشم عمیق ازتهاجم روسها به سرزمین اوکراینیها به‌شدت هیجان زده‌شده‌باشند. طبق ادعایی مشابه، تمایل به جنگ ممکن است ناشی ازاختلافات قومی-زبانی گذشته باشد که مناطق و ساکنان روسوفون و اوکراینی ها را از هم جدا کرده است. بسیارساده نگری است اگر بر اساس نظریه‌ی (برخورد تمدنها)ی هانتینگتون تصور شود که استانها و شهرها ازشرق تا غرب در امتداد رودخانه‌ی دنیپرو ازهم جداشده و تقسیم میشوند. استانهای غربی بیشترطرفدار اوکراین، اروپاییمنش، کشاورز و کاتولیک و درمقابل استانهای شرقی بیشتر روسوفون، صنعتگر، ارتدوکس و طرفدار روسیه تلقی میشوند. درعمل، مطالعات بازبینی شده حاکی از آن است که الگوی منطقه‌ای پیچیده‌تری با تنوع و اشتراک در اختلافات مقطعی، وتقسیمات ساختگی قومی وجود دارد که توسط تجاوز روسیه تشدید شده است.

آمار نظرسنجی

برای بررسی دلایل زیربنایی واساسی مرتبط با تمایل اوکراینیها برای جنگیدن واهمیت ناسیونالیسم، شکافهای قومی وحمایت از آزادیهای دموکراتیک، چند دلیل فراگیر از آمار مشترک (مطالعه‌ی ارزشهای اروپایی EVS و نظرسنجی ارزشهای جهانی WVS) دردسترس است. هفتمین و تازه‌ترین موج از این اطلاعات شامل مصاحبه‌ای است که دربرگیرنده‌ی نمونه‌ای گویا وکامل از ۲۹۰۱ اوکراینی میشود که خیلی پیشتر از طبل جنگ اخیر در پاییز ۲۰۲۰ انجام داده شده است، گرچه درطول مدت این کشمکش ادامه‌دار از زمان اشغال کریمه ادامه داشته‌است. مصاحبه‌ها درسراسر اوکراین انجام شده‌اند (بجز کریمه‌ی الحاقی و مناطق اشغالی دونتسک و شهرهای لوهانسک). درمجموع تقریبا از میانه‌های دهه‌ی نود به‌بعد درطول ۵ سال درفرصتهای متوالی ۱۰۹۲۶ اوکراینی بوسیله‌ی (EVS WVS,) برای بررسی تغیرات فرهنگ مورد نظرسنجی قرار گرفته‌اند.این نتایج را میتوان با نظرسنجی های مشابه از میان ۱۶۱۷۲ روسی که از سال ۱۹۸۹ موردبررسی قرارگرفته‌اند مقایسه کرد. یکی ازسوالات متداول دراین نظرسنجی اهمیت تمایل به جنگیدن انسان برای کشورش

هەواڵنامەی کۆمەڵایەتی


است که ازهمان مـــوج اول درابتـــدای دهه‌ی هشـــتاد میلادی پرســـیده میشـــد: " هرچنـــد کـــه مـــا امیدواریـــم جنگ دیگـــری رخ ندهـــد، ولی دســـت آخر اگر چنیـــن چیـــزی رخ دهد آیا شـــما حاضر هســـتید که برای کشـــورتان بجنگید؟ " جواب ســـاده اســـت، بله یا خیـــر (تنها جوابهای قاطـــع را دربر میگیرد و شـــامل مقولـــه‌ی " نمیدانم " نمیشـــود). این آیتم اســـتاندارد در چندین تحقیـــق آکادمیک مورد تجزیـــه و تحلیل قرار گرفته اســـت. ایـــن تمایل جنگیـــدن شـــهروندان برای وطن، بـــرای هرکشـــوری درمقوله‌ی قابلیت دفاع از خـــود، آماده‌ســـازی شـــهروندان داوطلـــب، وهمچنیـــن تجهیـــز افـــراد غیرنظامـــی عمیقـــا حائز اهمیت اســـت. نظـــرات عمومـــی بررســـی شـــده در نظرسنجی EVS/WVS میتوانـد بینشی از دلایـل اصلـی تمایـل شـهروندان عـادی بـرای جنگیـدن را ارائـه دهد.البتـه بایـد بـرروی یـک محدودیـت و یـا ضعـف اطلاعاتـی بسـیارمهم تاکیـد کـرد. بررسـی مطالعاتـی پاییـز ۲۰۲۰ تنهـا تصویـری کلـی از نظـرات عمومـی پیـش از جنـگ اخیـر رادراختیـاردارد. دریـک نظرخواهـی در ایـران درنوامبـر ۲۰۲۱ وقتـی در مـورد سـه موضـوع مهمـی کـه اوکرایـن بـا آنهامواجـه شـده پرسـیده میشـد، تنهـا ۸٪ آنـرا بـه روسـیه مرتبـط میدانسـتند. بـی گمـان شـوک عمیـق تجـاوز اخیـر روسـیه بـه خوبـی درتغییـر نگرشـها و واکنشـهای انتقـادی پدیدارشـده اسـت کمـا اینکـه منجـر بـه براگیختـن بسـیاری از اوکراینیهایـی شـد کههرگـز در فکـر پیوسـتن بـه صفـوف ارتـش نبودنـد. بیشترنظرسـنجی هـای اخیـر کـه درمیـان اوکراینـی هـا توسـط سـازمان بیـن المللـی جامعه‌شناسـی کیـف صـورت گرفتـه نشـان میدهـد کـه ظـرف چنـد مـاه گذشـته‌این مقاومـت دربرابـر تهدیـد بالقـوه‌ی مداخلـه‌ی نظامـی روسـیه افـزایش یـافته اسـت.

در یـک نظرسـنجی ارزیابـی شـده در اول مـارس ۲۰۲۲، درسـت ۸۰٪ از پاسـخ دهنـدگان اوکراینـی گفته‌انـد کـه آمـاده‌ی بدسـت گرفتـن اسـلحه بـرای دفـاع از تمایـت ارضـی اوکرایـن هسـتند. ایـن نمـودار درمقایسـه بـا زمـان قبـل از جنـگ به‌طورقابـل ملاحضـه‌ای افزایـش یافته‌اسـت (درسـال ۲۰۲۰ ایـن میـزان ۵۹٪ بـود). بیشـترین سـطح آمادگـی در غـرب ومرکـز دیـده میشـود، درهمیـن حـال ایـن سـطح ازآمادگـی درجنـوب وشـرق کمتـر به‌چشـم میخـورد. حتـی بـا ایـن وجـود درنواحـی جنـوب شـرقی تمایـل مـردم به‌جنگیـدن بـرای کشورشـان درسـطح بسیاربالاییسـت (تقریبـا ۸۰٪ درجنـوب و۶۰٪ درشـرق). در نتیجه، نظـرسنجیهـای کنـونی EVS,WVS میتواناطلاعـات موثقـی بـرای درک بیوگرافـی کلـی، و معیارهـا و نگرشـهای بیشـتر آن افـرادی کـه قبـل از تهاجـم اخیـر مایـل به‌جنگیـدن بودنـد را بـه مـا ارائـه دهـد. ارزیابـی تـداوم فعلـی ایـن مقاومـت را تنهـا میتـوان در مطالعـات دیگـری بعـد از ایـن کشـمکش چشـمگیر مـورد بررسـی قـرار داد.

روندها و الگوها

رونـدهـای موجـود در نمـودار شـماره یـک نشـانگر ایـن اسـت کـه تمایـل بـه جنگیـدن معمـولا در میـان روسـها بیشـتر از اوکراینیهـا بوده‌اسـت. بطـور کلـی در نظرسـنجی EVS,WVS درسـال ۲۰۲۰ نزدیـک بـه سـه چهـارم روسـها گفته‌انـد کـه تمایـل بـه جنگیـدن دارنـد و درمقایسـه بـا آن، ایـن نسـبت بـرای اوکراینیهـا ۷۰٪ بوده‌اسـت.اما درمـوج اخیرنسـبت تمایـل اوکراینیهـا بـه جنگیـدن بـرای کشورشـان حتـی قبـل ازشـدت خشـم وعصبانیتشـان نسـبت به‌تهاجـم روسـیه و ویـران

کـــردن خـــانـــــه و کـــاشانـــــه‌شان، بـــــه‌یکباره ۱۳٪ افزایـــش یافتـــه اســـت.



Note: Responses to question Q151: "*Of course, we all hope that there will not be another war, but if it were to come to that, would you be willing to fight for your country?*" % Yes. *Source:* EVS/WVS

نمودار شماره ۱: روند تمایل به جنگیدن در روسیه و اوکراین

هویتهای ملی (سرزمین)

چـــه توضیحی بـــرای تمایل جنگیـــدن مردم عـــادی وجـــود دارد؟ هویتهـــای ملی (ســـرزمین) یک پاســـخ بالقـــوه را در اختیار میگـــذارد، مفهومی که بـــه آنچه بندیکت اندرســـون از آن " جماعتهـــای تصـــوری " یـــاد مـــی کـــرد و یا یک حـــس مبتنی بر تعلـــق اجتماعـــی که اغلـــب آداب و رســـوم تاریخی مشـــترک، زبانهـــا، مذاهب، معیارهـــای فرهنگـــی و مرزهـــای اقلیمـــی را منعکس میکنـــد. وابســـتگی به هویت ملـــی ممکن اســـت درمیان ملتهای ســـرگردان بـــدون دولت وجود داشته‌باشـــد. برای مثـــال میتـــوان بـــه کوردهـــا درخاورمیانه اشـــاره کـــرد وهمچنین مرزهـــای ایالتی ماننـــد کانـــادا و بریتانیا که ممکن اســـت دربرگیرنـــده‌ی چندین هویت ملی باشـــند. مفهـــوم هویـــت ملـــی را میتـــوان با این ســـه گویه نشـــان داد کـــه EVS,WVS در نظرســـنجی ســـال ۲۰۲۰ در اوکرایـــن از آنهـــا بهـــره گرفتنـــد، اولین ســـوال: یـــک حـــس ازغـــرور ملـــی، دوم: احســـاس نزدیکـــی و تعلـــق به‌کشـــور، ســـوم: اینکـــه آیـــا پـــاسخ دهنـــدگان رســـوفونهایی هســـتند کـــه در خانـــه مانده‌اند؟ چـــه از لحـــاظ فـــردی و چـــه منطقـــه‌ای، تمایـــل و اشـــتیاق بـــه جنگیـــدن از طریـــق ناسیونالیســـم بـــرای اوکراینیهـــا تقویـــت شـــده و در مقابـــل تضعیـــف ایـــن متغییـــر بـــرای روســـوفونهای هویتخـــواه قومـــی قابـــل پیش بینی اســـت.

حمایت از دموکراسی (آزادی)

در مقابـــل، توضیـــح بالقوه‌ی دیگری وجود دارد که حاکی ازاشـــتیاق بـــه دفاع از اصول دموکراتیک و حمایت ازحقوق و آزادیهای بنیادی لیبرال اســـت. در نظرســـنجی مشترک EVS,WVS (ســـال ۲۰۲۰) میتوان حمایت ازدموکراســـی را از طریق این ســـه معیار اســـتاندارد مورد بررســـی قرار داد که عبارتند از: تایید دموکراســـی به عنوان یک راهکار بســـیارخوب ازحکومت برکشـــور؛ مخالفت با داشـــتن یک رهبر قدرتمند بر مسند قدرت که مجبور نیســـت بوســـیله‌ی انتخابـــات و پارلمان قـــدرت و جایگاه خـــود را به خطر بیانـــدازد؛ اعتمـــاد و اطمینان در ادارات اصلی حکومت که شـــامل دولت، احزاب، خدمات کشـــوری یا اجتماعی و پارلمان میشـــود. دموکراتهای نیرومند باید بیشـــتراز کسانی که نســـبت به اصول و معیارهای خودکامگی گرایش دارند تمایل به جنگ داشـــته باشـــند.

ضوابط

بەطـــو کلـــی، ازآنجایی کـــه جنســـیت وســـن از ویژگیهـــای قابل پیـــش بینی در جمعیتنـــگاری مرتبـــط به تمایـــل به جنگیدن هســـتند، دســـت کـــم درهرتجزیه و تحلیلـــی بایـــد مورد ارزیابـــی قراربگیرند. یک شـــکاف جنســـیتی متـــداول درارتباط با آمادەســـازی نیروهای نظـــامی و تـــوسل بـــه جنگ دائما در بســـیاری از جوامـــع مشـــاهـــده شـــده اســـت؛ ایـــالات متحده نیز ازآن مســـتثنی نیســـت. در حالـــی که جوانـــان برای دورەهـــای نظامی ثبت نـــام میکنند، گروەهـــای قدیمیتر کـــه بەطور طبیعـــی از لحاظ جســـمانی برای درگیریهـــای طاقت¬فرســـا و پرزحمت توانایـــی و قابلیتشـــان تحلیـــل رفتـــه اســـت ازخدمـــت ســـربازی معاف میشـــوند.

Table 1: Who is willing to fight for Ukraine?

	Beta	Std. Beta	Sig	
NATIONAL IDENTITIES				
National pride	0.04	0.06	**	Feel proud of my country: Low to high, 4-pt scale
Feel close to Ukraine	0.07	0.11	***	Feel close to your country, Low to high 4-pt scale
Russophone	-0.15	-0.12	***	Russian language spoken at home, 0/1
SUPPORT FOR DEMOCRACY				
Approve of democracy	0.05	0.09	***	Approve of democracy as a way of governing this country, 4-pt scale
Approval of strong leader	-0.03	-0.06	**	Approve of strong leader who doesn't have to bother with parliament and elections, 4-pt scale
Confidence in government	0.00	0.08	***	Confidence in government, legislature, parties, civil service, 100-pt scale
CONTROLS				
Sex (male)	0.15	0.15	***	Male (1)/Female (0)
Interwar cohort	-0.36	-0.19	***	Born before 1945
Adjusted R^2	0.119			


Note: The dependent variable is willingness to fight for Ukraine (No 0 / Yes 1). Sig P **=.010 *** = .001 *Source:* World Values Survey / European Values Study, Ukrainian survey only (2020) 1,721 respondents.

جدول شماره ۱ : چە کسی مایل است برای اوکراین بجنگد؟

همانگونـــه کـــه انتظـــار میرفت نتایـــج جدول شـــماره ۱ تائیـــد میکند کـــه همەی شـــاخصهای انتخاب شـــده بەطور قابـــل توجهی با تمایـــل به جنگیدن مرتبـــط بودند. احســـاس غـــرور و تعلق خاطـــر زیـــاد اوکراینیها به کشورشـــان پیش بینـــی مثبتی از تمایـــل پیوســـتن به ارتش را نشـــان میـــداد درحالی که روســـوفونها از ایـــن امر اکراه داشـــتند. بەطور مشـــابه، درمیـــان اوکراینیها تائیـــد دموکراســـی در ادارات اصلی دولت با بســـیج مردمی درارتبـــاط بود، درحالـــی که تائیـــد حاکمیت خودکامـــه عدم رغبت برای مشـــارکت بیشـــتر در جنگ را نشـــان میداد. قابلیـــت و تواناییهای ناسیونالیســـم قوی هســـتند اما بەنظر میرســـد جذابیت رســـیدن بـــه آزادی هـــای دموکراتیک نیز در بســـیج مردمی ســـرباز شـــهروندان موثر اســـت. درنهایت همانگونه که انتظـــار میرفت شـــکاف جنســـیتی عمیقی وجود داشـــت. بویژه افرادی کـــه هـــر دو دورەی جنگهای اخیر (اشـــغال کریمـــه و جنگ کنونـــی) را تجربه کـــرده بودند. نمودار نمودار شـــماره ۲ ایـــن الگوها را نشـــان میدهد. شـــکاف جنســـیتی معمـــولا درهمـــەی گروەها دیده

میشـــود، مخصوصا آن دســـته از زنانی که در دهه‌ی ســـوم زندگیشـــان هســـتند جایی که ممکن اســـت مســـئولیت اصلیشـــان مراقبت از بچه‌ها وافراد مســـن خانواده باشـــد. بیشـــترین ریزش درگروه‌ها شـــامل آنهایی میشـــود که دهه‌ی هفتم وهشـــتم زندگیشان را پشـــت ســـر میگذارند و کمترین توانایی جســـمی برای انجام کارهـــای نظامی را دارند. بســـیاری دیگـــر از فاکتورهای موجـــود مانند تحصیـــلات، درآمد و مذهب نیز بررســـی شده‌اند ولی هیچکـــدام از آنهـــا بـــر میـــزان اطلاعات و آمـــار نیـــافزودند.

Figure 2: Willingness to fight by age and sex




Source: World Values Survey/ European Values Study, Ukrainian survey only (2020) 2,901 respondents.

نمودار شماره ۲: تمایل به جنگیدن بر اساس سن و جنسیت

در آخـر، کـدام یـک از شـکافهای قومی_زبانـی و گونـه ایـن الگـو از لحـاظ جغرافیایـی درسراسـر کشـور تغییـر پیـدا میکنـد؟ اطلاعـات ارائه‌شـده توسـط نظرسـنجی نشـان میدهـد کـه ایـن اختلافـات پیچیـده هسـتند ولـی بازتابـی از تقسـیمات جامعـه‌ی سـنتی شـرقی درمقابـل جامعـه‌ی غربـی انـد. مناطـق غربـی بیشـتر دیدگاه‌هـای میهنپرسـتانه و طرفـدار اوکرایـن را بازگـو میکنـد، بـرای مثـال درحدفاصـل بیـن سـالها ۲۰۱۱ تـا ۲۰۲۰ تمایـل جنگیـدن دراسـتانهای غربـی حـدود ۲۶ پلـه، درشـرق ومرکـز ۱۶، و در جنـوب تنهـا ۵ پلـه سـعود داشته‌اسـت (به‌خاطـر مشـکلات فنـی در نظـر سـنجی تـا حـدودی کریمـه درنظـر گرفتـه نشـده اسـت). در عیـن حـال تفـاوت هـای جغرافیایـی بیـن اسـتانها را نبایـد فقـط بـه شـکافهای قومی_زبانـی نسـبت داد، از میـان اوکراینیهـای روس زبـان ۵۱٪ و درمقابـل اوکراینـی زبانهـا ۶۱٪ مایـل بـه جنگیـدن بودنـد. بـا ایـن وجـود نه‌تنهـا انعـکاس هویتهـای قومی_زبانـی ریشـه‌دار بلکـه ناسیونالیسـم و تمایـل بـه جنگیـدن بـرای وطـن در شـرق و جنـوب علـی الخصـوص مناطـق همجـوار کریمـه‌ی الحاقـی و نواحـی دونبـاس اشـغالی افزایـش یافتـه اسـت. باتوجـه بـه اسـتقرار نیروهـای روسـیه چنـد کیلومتـر آنطـرف تـر، تهدیـد موجـود درمناطـق تحـت کنتـرل اوکرایـن در دونتسـک و لوهانسـک و خـرسـون، اودسـا ومیکـولایف کـه در مجـاورت کریمـه هسـتند بیشـتر اسـت.

نمودار شماره ۳: تمایل به جنگیدن بر اساس استان



Source: EVS-WVS dataset for Ukraine (autumn 2020), N=2,418.

نتیجه‌گیری

در نتیجه، همانگونه که انتظار می رود، تمایل به شرکت در دفاع از کشور پیش از شروع جنگ، بطور کلی باتوجه به احساسات ناسیونالیستی اوکراینیها قابل پیش بینی است. این ویژگی نه‌تنها با تائید ارزشهای دموکراتیک درمیان شهروندان درارتباط است، بلکه ویژگیهای جامعه‌شناختی جنسیتی و میزان سن و سال افراد را نیز کنترل میکند. حس ناسیونالیستی (سرزمین ما)، تمایل واقعی به حمایت از آزادیهای دموکراتیک (حق و حقوق ما)، وعملگرایی واقعی درمقاومت، هیچکدام تنها در حد حرف نیستند. به قول زلنسکی خطاب به پارلمان اروپا: " ملت ما بسیار پرانگیزه است، بله بسیارزیاد، ما برای حق و حقوق خودمان میجنگیم، برای آزادیهایمان، برای زندگیمان". نه تنها ارتش اوکراین بلکه مردم عادی با عرضه‌ی کمکهایی از قبیل حمل ونقل، مواد غذایی، امنیت، وکارهای پرشمار دیگر، همچنین جنگیدن میلیونها نفر درمیدان مبارزه در یک مقاومت جانانه دربرابر نیروی عظیم ارتش روسیه، نمونه‌ای بی نظیر از یک همبستگی ملی را به نمایش گذاشته است. پیامدها و افکار عمومی درحال انتشار است. هرگونه پیش بینی در این رابطه بی احتیاطی است. احساسات ما بیانگر سراسیمگی ما میان ترس وامید است. با این وجود بسیاری معتقدند که انقلاب ۲۰۱۴ جان تازه‌ای به جامعه‌ی مدنی اوکراین بخشیده است. شاید بهترین نتیجه، که احتمالا منعکس کننده‌ی شادی پس از فائق آمدن برمشکلات باشد، این باشد که این جنگ خونین و تکان دهنده سرانجام ممکن است جان تازه‌ای به ملت نیرومند اوکراین بدهد و باعث عدم پذیرش نیروهای سرکوبگر خودکامه از سوی جامعه‌ی جهانی شود. اما پیامدهای نهایی برای اوکراین، امنیت اروپا، ومسلما قوانین مبتنی بر نظم آزادیخواهانه‌ی جهانی در حال حاضر در زیر سایه‌ی سیاه جنگ گمشده است.

*https://blogs.lse.ac.uk/europpblog/۰۳/۰۳/۲۰۲۲/what-mobilises-the-ukrainian-resistance/

هەواڵنامەی کتێب

„ هەڵسەنگاندن “

هەوالنامەی کتێب

نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ

کوردێکی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر

زانایەکی بەناوبانگ لە ئاستی جیهان‌دا

کامران ئەمین‌ئاوە



نەمر نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ(۱۹۳۷-۲۰۲۱) کوردی دانیشتووی کازاخستان، زانای پایەبەرز لە بواری پەترۆکیمیا و بەرهەمە نەوتییەکان، کەسێکی ناسراو نەک لە ئاستی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بوو. لە کازاخستان وەکو باوکی زانستی نەوتی کازاخستان و لۆمۆنۆسۆفی کازاخستان" پێناسە کراوە کە بە پێی کار و چالاکییە زانستی و سیاسییەکانی دەوریکی بەرچاوی لە ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئاستی زانستیی، کۆمەڵایەتی گەلانی کازاخستاندا گێڕاوە. نادر نادیرۆڤ وەکو نوێنەری زاناییانی سۆڤیەتی پێشوو و کازاخستان بەشداری زۆربەی کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان لە ئەمریکا، کانادا، فەرەنسا، مێکزیک، بریتانیا، ئاڵمان، سوید و سویس، یۆنان، پۆلەند، ڕۆمانیا و زۆرێک وڵاتی دیکەی جیهان بووە. نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ لە ۶ی ژانویەی ساڵی ۱۹۳۲ لە بنەماڵەیەکی جووتیاری کورد لە گوندی کیکاچی سەر بە ناوچەی نەخچەوانی ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤیەت لە دایکبوو. باوکی نادر لە ساڵی ۱۹۳۶ بە هۆی بارودۆخی سەختی ژیان کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی ۱۹۳۷ بنەماڵەی نادیرۆڤ وەکو بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی ئەوپەڕی قەفقاز کە لەسەر سنووری تورکیا و ئێران نیشتەجێ بوون بە بیانووی ئەگەری هاوکاری لەگەڵ وڵاتە موسڵمانەکانی درواسێی یەکیەتی سۆڤیەت لە کاتی شەڕدا، بە زۆر بۆ کازاخستان دوور خرانەوە. بەم پێیە نادر لە تەمەنی ۵ ساڵیدا لە نێو ڕیزی کۆچەرە تایبەتەکانی 'ساری سوو' و پاشان ناوچەی تالاس سەر بە پارێزگای جامبولی کۆماری کازاخستان جێگیر کرا. پاش تێپەڕبوونی ۶ مانگ لە دوورخرانەوەیان بۆ کازاخستان، برا ۲۶ ساڵەکەی نادر، عەبدوڵڵا بە تاوانی 'دوژمنی گەل' گوللەباران کرا و دایکی ئەو، کارا سادو بە ۸ منداڵەوە تەنیا مایەوە. ئەوانەی لە زێدی خۆیان دوور خرابوونەوە خاوەنی هیچ مافێک نەبوون و بە تەواویی لە ژێرچاوەدێریی هێزی ئاسایشدا بوون. بەم چەشنە ڕووداوەکانی سەرەتای ژیانی نادر نادیرۆڤ بەڵێنی چارەنووسێکی خۆشی پێنەدەدا و کەس لەسەر ئەو باوەڕە نەبوو ڕۆژێک نادر ڕۆڵەیەکی بێ مافی کورد، دوور لە زێد و نیشتمانی مێژوویی خۆی ببێتە یەکێک لە پایەبەرزترین زاناییانی جیهان و سیاسەتوانانی یەکیەتی سۆڤیەت. نادر نادیرۆڤ دوای تەواوکردنی پۆلی ۷ ی خوێندنی زۆرەملیی لە یەکیەتی سۆڤیەت، وازی لە خوێندن نەهێنا و وێرای چەرمەسەری و لەمپەری جۆراوجۆر، ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ لە هەوارز و نشێوی بە سەرکەوتوویی بڕی و چارەنووسی خۆی خستە ئاسۆیەکی دیکەوە و بوو بە مایەی شانازیی گەلی کورد لە تەواوی جیهان و خەڵکی کۆماری کازاخستان، وەکو دووهەمین نیشتمانی خۆی. نادر لەساڵی ۱۹۴۸ قۆناخی ئامادەیی ۱۰ پولیی لە گوندی ئێرنازار بە سەرکەوتوویی تەواوکرد. هەوڵەکانی بۆ هەڵبژێردران بۆ زانکۆ بە هۆی نەبوونی 'مافی بە جێ هێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی' ئاکامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە، بەڵام حەزی فێربوون هێندە بە هێزبوو کە بە بوێرییەکی حاشاڵێنەکراو نامەی بۆ باوکی گەلان! "ستالین" نووسی و داوای لێکرد ئیزنی بدەن تا بۆ دەرس خوێندن "شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت" بە جێ بهێڵێ. لێرەدا شتێکی چاوەڕواننەکراو و سەیر ڕوویدا، پاش چەند مانگێک وڵامی نامەکەی هاتەوە: دەتوانی لە زانستگایەکی پەراوێزیدا دریژە بە خوێندنت بدەی، تەنیا لە شارەکانی سەربە پارێزگاکەت. ئەو و زۆر لە کوردانی دوورخراوە لە زێدەکەیان بەم ئاواتە و باوەڕە بوون ڕۆژێک دێ کە بتوانن لە پایتەخت و شارەگەورەکانی سۆڤیەتی دەرس بخوێنین، بۆ هەر کوێ پێیان خۆش بێ سەفەر بکەن و ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاواتەکانیان ببڕن. ڕاستییەکانی سەردەمی تێرۆر و سەرکوتی 'ستالینی' تەنیا دوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونی

کۆماری کازاخستان لە ساڵی ١٩٩١ ئاشکرابوون، کاتێک دوای ٦٠ ساڵ بۆ بنەماڵەی نادیرۆڤ دەرکەوت، کورەگەورەی بنەماڵەکەیان عەبدوڵڵا نادرئوغڵی، لە دایکبووی ساڵی ١٩١١ بە بریاری ترۆیکای ناوچەی باشووری کازاخستان لە ٣٠ی سێپتامبری ساڵی ١٩٣٨ بە تاوانی 'دوژمنی گەل' گوللەباران کراوە. تەنیا لە ساڵی ١٩٩٧ بوو کە داواکاری گشتیی کۆماری کازاخستان بە پێی مادەی ٢ی یاسای کۆماری کازاخستان 'سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئابرووی قوربانییە سەرکوتکراوە سیاسییەکانی بە کۆمەڵ' بەڵگەنامەی بێتاوانبوونی براکەیانی پێشکەشی بنەماڵەی نادیرۆڤ کرد. نەمر نادر نادیرۆڤ ساڵێک پاش تەواکردنی قۆناخی ئامادەیی، لە ساڵی ١٩٤٩ بە هۆی ئیرادە، پێداگریی و کۆڵنەدانەوە توانی زۆربەی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگا تێپەڕێنێ و بە سەرکەوتوویی لە تاقیکارییەکانی وەرگیران لە زانستگا دەرچێ. نادر یەکێک لە یەکەمین کوردەکانی کوچدراوی زۆرەملیی بۆ کازاخستان بوو کە توانی لە ٢٩ی ئاگوستی ئەو ساڵەدا ناوی لە زانکۆی فێرکاریی دەوڵەتیی بە ناوی ن. و. گۆگۆلی قیزیل ئوردا بنووسێ و ببێتە خوێندکاری بەشی زانستە سروشتییەکان. نادر هەر ئەو شەوە لە خۆشیان شیعرێکی بە ناوی 'هەوڵەکانی من – زانکۆ' نووسی و بەیانییەکەی ناردی بۆ ڕۆژنامەی 'ڕێگای لێنین'. ئەو شیعرە ڕۆژی دوایی لە ١ی سێپتامبری ١٩٤٩ بڵاوکراوە. نووسینی شیعر بە زمانی کازاخی لە لایەن لاوێکی کوردەوە زۆر زوو سەرنجی نەسرەدین سێرالیف خوێندکاری کورسی ٣ و نوێنەری شووڕای شاعیرانی لاو (پاشان نووسەری بە ناوبانگی سۆڤیەتی)، تۆکماگامبێت عەسکەر زانا و نووسەری وێژەی سۆڤیەتی کازاخستان، و پرۆفیسۆری زمانناس سمێت کێنیسبایۆڤی بەرەو خۆی ڕاکێشا. بێجگە لەوە نادر لە ساڵی سێی زانستگادا کۆتایی بە ژیانی شیعر و شاعیری خۆی هێنا و دەستی بە نووسینی بابەتەتی سەرنجڕاکێش لە بواری ناستی کیمیا کرد. لەسەردەمی ستالیندا دەبوو خوێندکار پاش تەواوکردنی زانستگا بە پێی یاسا، بە ناچار لە شوێنێکی دیاریکراودا دەست بەکار بکات. نادر لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەکو ماموستای کیمیا – بیولۆژی لە قوتابخانەی ئامادەیی گوندی 'چولاک تای' کاری کرد و هاوکات درێژەی بە نووسینی بابەتی زانستی دا. یەکەم بەرهەمەکانی لە مۆسکۆ (خێزان و قوتابخانە. ساڵی ١٩٥٥، ژمارەی ٢، لاپەرەکانی ١١ – ١٢؛ کیمیا لە قوتابخانە، ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی ١ و ٦) و لە ئاڵما ئاتا (ماموستای گەلیی. ١٩٥٨، ژمارەی ٨؛ بۆ یارمەتی ماموستا ١٩٥٨ ژمارەی ١١؛ ماموستای کازاخستان) چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەم کارە و بەرهەمە زانستییەکانی دیکەی نادیرۆڤ ڕێگا و ئاسۆی کاری زانستیی بۆکردەوە و لە داهاتوودا یارمەتیدەری بواری جۆراوجۆ بوون، وەکو تۆمارکردنی ناوی خۆی بۆ درێژەپێدانی خوێندنی بالا لە زانستگا. وێرای ئەوەش، پێوانی ئەم ڕێگایە بۆ کەسێکی دوورخراوە لە زێدی خۆی و دانیشتوویەکی نارەسەنی کازاخستان کارێکی ساکار و بێ لەمپەر نەبوو. لەسەرەتادا هەوڵەکانی ئەو بۆ درێژەپێدانی خوێندن بێئاکام مانەوە و بەڵگە و داواکارییەکانی لە شاری ئاڵمائاتا و فرۆنزە ڕەتکرانەوە. نادر بە ناچار ڕووی لە پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت کرد، بەڵام لەوێش بە هۆی نەبوونی 'مافی چوونەدەرەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت' ڕێگەی درێژەپێدانی خوێندنی بالای پێنەدرا. هەر لەو ساڵانەدا گۆڕانکارییەکی چارەنوسساز لە یەکیەتی سۆڤیەت ڕووی دا. نیکیتا خرۆشێف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە یەکێک لە وتارەکانیدا پێشنیاری کرد کۆتایی بە یاسای نێوزراوی 'نیشتەجێبوونی تایبەت' لە پلەی یەکەم

هەوڵدەری کتێب

بۆ ماموّستایان بهێندرێت و، ئەوە رێگای چالاکیی زانستی و کاری بۆ نادیرۆڤ و کورد و نەتەوە دوورخراوەکانی ئەوپەڕی قەفقاز بۆ کازاخستان و شوێنەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەتی، کردەوە. نادر نادیرۆڤ خێرا پاسپۆرتەکەی گۆڕی و لەو مۆڕە سووکایەتیهێنەرە رزگاری بوو، چووە مۆسکۆ و بە دوای دەرچوون لە پێشبرکێیەکی دژوار بۆ چوونە زانستگا، لە ساڵانی ١٩٥٦ تا ١٩٥٩ بوو بە خوێندکاری ماستەر لە دیپارتمانی کیمیای ئەنستیتووی فیزیکاریی دەوڵەتیی مۆسکۆ بەناوی و. ئی. لێنین. نادیرۆڤ یەکێک لە یەکەمین کیمیاناسەکان بوو کە لە ڕیزی زانایانی گەورەی سۆڤیەتی بەرگریی لە بڕوانامەی خۆی لە مۆسکۆ کرد و دەیان بابەت و کتێبی لەم بوارەدا چاپ و باڵاو کردنەوە. نادر لە ساڵی ١٩٥٩ بەرگریی لە بڕوانامەی بەربژاریی لە زانستی فیزیکاریی لە سەر بابەتی شێوازی لێکۆڵینەوەی کاردانەوە خێرای کیمیایی و هاوسەنگیی کیمیایی لە کورسی کیمیای قۆناخی ئامادەیی دەبیرستان لە شاری مۆسکۆ کرد. نادر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٨ سەرۆکی دیپارتمانی کیمیای ئەنستیتووی دەوڵەتیی فیزیکاریی خاباروڤسکی بوو. لە ساڵی ١٩٦٧ بەرگریی کرد لە بڕوانامەی دوکتوری زانستیی کیمیا لەسەر بابەتی 'تێوڕینەوەی کێشەی سروشتیی لە سیبیریی و ڕۆژهەڵاتی دوور و تێکەڵە کاتالیزۆرەکان (تاوەدەرەکان) بۆ پاڵاوتن و هایدۆژێناندنی ڕۆنی سۆیا'. لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٥ جێگیری سەرۆکی کاری زانستیی و سەرۆکی دیپارتمانی تێکنۆلۆژیی کیمیایی بۆ ڕەوتی پاڵاوتنی بەرهەمە نەوتی و گازییەکانی ئەنستیتووی تەکنۆلۆژیای کیمیایی کازاخستان بوو، کە بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەوەوە لەم کۆمارەدا ڕێکخرا. لە ساڵی ١٩٧٠ نازناوی زانستیی پرۆفیسۆری دیپارتمانی تەکنۆلۆژیای کیمیایی و بەرهەمە نەوت و گازییەکان بە نادر نادیرۆڤ بەخشرا. نادر نادیرۆڤ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ هەتا کاتی کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٠٢١، خاوەنی زۆرێک پلە و پایەی بەرزی زانستی و دەوڵەتی لە کۆماری کازاخستان بوو، وەک: بەڕێوەبەری ئەنستیتووی کیمیای نەوت و خوێی سروشتی ئاکادێمیای زانستی کۆماری کازاخستانی یەکیەتی سۆڤیەت، نوێنەری ئەنجومەنی شاریی نوێنەرانی خەڵک، ئەندامی ئەنجومەنی زانستیی پەترۆکیمیای ئاکادێمیای زانستیی یەکیەتی سۆڤیەت، بەڕێوەبەری باڵای زانستیی، ماموّستای زانستیی پلەبەرز و ئەندامی لێژنەی سەرۆکایەتی ئاکادێمیای زانستیی کۆماری کازاخستان لە ئاڵماتا، ئەندامی دەستەی نووسەران، جێگیری سەرنووسەری گۆڤاری 'هەواڵنامەی ئاکادێمیای زانستیی کازاخستانی یەکیەتی سۆڤیەت'، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەناوبانگی 'ئیزوێستیای ئاکادێمیایی زانستیی یەکیەتی سۆڤیەت، زنجیرەی کیمیایی'، بەرپرسی لقی کازاخستانی ئەنستیتووی زانستیی — تەوژینەوەی سەرتاسەریی سۆڤیەتی نەوت بە ناوی ئاکادێمیک ئا. پ. کریلۆف (لە شاری مۆسکۆ)، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاکادێمیای ئەندازیاریی کۆماری کازاخستان، سەرۆکی گرووپی بەڕێوبەریی کۆمیسیۆنی باڵای زانستی — تێکنیکی سەر بە حکومەتی کۆماری کازاخستان، ئەندامی ڕاستەقینەی ئاکادێمیای نێوّنەتەوەیی بنیاتنانەوەی ژینگە و ئاکادێمیای زانستە سروشتیەکانی ڕووسیە، ئەندامی ڕاستەقینەی ئاکادێمیای پزیشکیی پێشگیریی لە کۆماری کازاخستان، ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کازاخستان، سەرنووسەری گۆڤاری زانستیی و تێکنیکی 'نەوت و گاز'، سەرۆکی کۆمەڵەی 'بەربانگ'ی کوردەکانی کۆماری کازاخستان، ئەندامی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کۆماری کازاخستان بۆ پەرەپێدانی زمانەکان، ئەندامی وەزارەتی

پەروەردە و زانستی کۆماری کازاخستان بۆ پێدانی خەڵاتی کۆماری کازاخستان بە ناوی ئی. ئالتیسارینا، چ.والیخانۆف د.ئا. کۆنایڤا و ک. ئی. ساتپایف. ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری کازاخستان و دەیان نازناو و پلە و پایەی دیکە ...
نادر نادیرۆڤ خاوەنی دەیان میدالیا و خەڵاتی دەوڵەتی و زانستیی ناوخۆیی و جیهانی و نازناوی فەخریی بوو، لەوانە:
١٩٨١ نیشانی ئالای سووری کار
١٩٩٩ نیشانی شەرەف
٢٠٠٦ نیشانی دۆستیی
٢٠١١ نیشانی جوانمێریی
میدالیا نازناوی فەخری و خەڵاتەکان:
١٩٧٠ میدالیا 'بۆ کاری بوێرانە لە یادی ١٠٠مین ساڵەی لە دایکبوونی و. ئی. لێنین'
١٩٨٠ میدالیای '٦٠ ساڵەی کۆماری سۆسیالیستی کازاخستانی سۆڤیەت'
١٩٨٢ میدالیای 'بۆ سەرکەوتن لە پەرەپێدانی ئابووریی نەتەوەیی یەکیەتی سۆڤیەت' ١
١٩٩٩ میدالیای 'سەدە مین ساڵی پیشەسازیی نەوتی کازاخستان'
٢٠٠١ 'ئەندازیاری ناوداری سەدەی بیستەم' [نازناوی فەخریی لە لایەن ئاکادێمیای نێونەتەوەیی ئەندازیاریی شاری مۆسکۆی پێ درا]
٢٠٠١ میدالیای ١٠ ساڵ سەربەخۆیی کازاخستان
٢٠٠٣ نیشانی ڕێزلێنانی«AGA» 'بۆ سەرکەوتن لە پەرەپێدانی پیشەسازیی"، فەرەنسا
٢٠٠٣ 'میدالیای زێڕی SPI ' (کۆمەڵەی نێونەتەوەیی هاوکاریی پیشەسازیی) فەرەنسا
٢٠٠٤ نازناوی"مارشاڵی زانست" لەگەڵ میدالیای ناپلیۆن (SPI ، فەرەنسا)
و ...
نادر نادیرۆڤ نووسەری پتر لە ١٢٠٠ گوتاری زانستی، ٣١ مۆنۆگرافی، و ١٠ کتێبی وانە گوتنەوە، هەروەها خاوەنی ٨ دۆزینەوەی زانستیی و ٢٥٠ مافی داهێنراوی تۆمارکراو و بڕوانامەی خاون‌مافیی بۆ داهێنانەکان بوو.
بەشێک لە زنجیرە مۆنۆگرافییەکانی نادر نادتڕۆف بریتین لە:
هاوسەنگیی کیمیایی و بنەماکانی تێکەڵبوونیان — ١٩٩٦
تۆکۆفیرۆڵەکان و بەکارهێنانی لە پزیشکی و کشتوکاڵدا-١٩٩١
تێنگیز — دەریایەک لەنەوت و دەریایەک لە کێشە — ٢٠٠٣
نەوتی تازەی کازاخستان و بەکارهێنانیان (٨ کتێب، ١٩٧٩ تا ١٩٨٧)
تەختەبەردەکانی پتڕۆبیتۆمینۆس (٥ کتێب، ١٩٨٢ تا ١٩٨٨)، ئەو بەرهەمە لە کازاخستان و کانادا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە.
نەوت بە خەستیی بڵاوە و قیرە سروشتەکان (٥ کتێب، ٢٠٠١)
نەوت و گازی کازاخستان(مۆنۆگرافی لە ٢ بەرگدا، ١٩٦٦) بۆ یەکەمجار لەو مۆنۆگرافییەدا مێژوو و دۆخی پیشەسازیی نەوت و گاز بە تەواوەتی شیکراوەتەوە.
لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئاڵمائاتا مۆنۆگرافی سیاسی کۆمەڵایەتی ئاکادێمیک ن. ک. نادیرۆڤ 'ئێمە کوردانی کازاخستان'(ئاڵمائاتا ٢٠٠٣، ل ٥٥٦) بە بۆنەی٦٠ مەمین ساڵوەگەڕی ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردانی ئەوپەڕی قەفقاز بۆ کازاخستان لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٣٨ و ١٩٤٤؛ و لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کتێبی نادیرۆڤ بەناوی 'جیاوازیی کات یان وەرچەرخانی مێژوو: تاقیکاریی لێهاتوویی'



(لە ٦٩٢ لاپەردا) چاپ و بڵاوکراوەوە.

هەوڵادەی کتێب

نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ لە ساڵی ١٩٦٦ تا ٢٠٠٣ سەرۆکی کۆمەڵی کوردانی کازاخستان 'بەربانگ' بوو. هاوسەری ئاکادیمیک نادر نادیرۆڤ، گالینا ئامۆیونا پسپۆڕی زانستی کیمیا، یاریدەدەری پرۆفیسۆر و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی خاوەنی سێ کور بە ناوی باری، عارف و دیمیتری بوون کە هەر کامیان لە ئاستی بەرزی زانستی دان. باری: پزیشکی نەشتەگەریی دەماری منداڵان،
عارف: پسپۆڕی زانستی کیمیا، ئەندامی یاریدەدەری ئاکادیمی نەتەوەیی ئەندازیارانی کۆماری کازاخستان، کورە چکۆلەکەیان، دیمیتری: پسپۆڕی کۆمەڵناسیی. ڕێکخەری ناوداری بیمەی پزیشکی، لە ساڵی ٢٠٠٥ بەرگری لە بڕوانامەی ماستەری خۆی بە زمانی ئینگلیزی کرد. بە دەستپێشخەریی کۆمپانیای تەلەفزیۆنی 'خەبەر' چەندین فیلمی داکۆمێنتاریی (بەڵگەنامەیی) سەبارەت بە ژیانی ئاکادیمیکی نادر نادیرۆڤ بە ناوی 'هێڵی چارەنووس'، 'ئێل ئاغالاری' [Ел ағалары] و پێشتریش' کوردێکی خۆراگر' بڵاوبۆتەوە.
لە مانگی مای ٢٠١٣ بە بۆنەی یەکگرتوویی گەلی کازاخستان کۆمپانیای تەلەفزیۆنی ڕادیۆیی ' کازاخستان' فیلمێکی داکۆمێنتاریی سەبارەت بە 'نادر نادیرۆڤ' لە خولی 'کەسایەتی' سەبارەت بە ژیان و چالاکیی نادر نادیرۆڤ زانایەکی کوردی بە ناوبانگی کازاخستان بڵاو کردەوە.
نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ زانای بە ناوبانگی کوردی کازاخستان لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا و لە ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢١ لە نیشتمانی دووهەمی خۆی لە کازاخستان کۆچی دوایی کرد. ژیانی پڕ هەوارزونشیوی نادر نادیرۆڤ وانەی کۆڵنەدان و خۆراگریی و شانازیی بۆ گەلی کورد و کازاخە. کتێبی نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٣ بە سێ زمانی کازاخی، ڕووسی و ئینگلیزی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی کۆماری کازاخستان بڵاوبۆتەوە. یەکێک لە نووسەرانی کتێبەکە ژوماگولوف ب. ت وەزیری پەروەردە و زانستی کۆماری کازاخستان، ئاکادیمیکی ئاکادیمیای نیشتمانیی زانستەکانی کۆماری کازاخستانە.

سەرچاوەکان بە ڕووسی:

Надиров Надир Каримович, МИНИСТЕРСТВО ОБРАЗОВАНИЯ И НАУКИ РЕСПУБЛИКИ КАЗАХСТАН, Алматы, ٢٠١٣ г.. Биобиблиографический указатель / Сост.: Е.В. Солодова, А.В. Ширинских. Сост.-ред. А. Байгерим. Гл. ред. Б.Т. Жумагулов, академик НАН РК. Отв. ред. Р.О. Карибжанова, генеральный директор РГП «Ғылым ордасы». Библиогр. ред.: Т.В. Вдовухина, Г.И. Бельгибаева, Ш.Е. Кунанбаева. – Алматы: Научная библиотека РГП «Ғылым ордасы», ٣٩٢ – .٢٠١٣ с.: портр. [Серия «Биобиблиография ученых Казахстана»].


Скончался казахстанский ученый-химик, почетный нефтяник Надир Надиров, ٠١,٠٢,٢٠٢٢ https://ru.sputnik.kz/٢٠٢١٠٨٢٤/skonchalsya-pochetnyy-neftyanik-Nadir-Nadirov١٧٩٣٩٨٥٦-.html

Ученый, академик Надир Надиров скончался на -٩٠м году жизни ٢٦,٠٨,٢٠٢١ , https://kzvesti.kz/socium/٣٢٧٤٩-٣٢٧٤٩/

Учёный с большой буквы, ٢٧,٠٨,٢٠٢١, https://zhaikpress.kz/ru/news/uchenyj-s-bolshoj-bukvy/

میٚشک–زەین: لە دەمارەخانەکانەوە بۆ ئاگامەندی و داهێنەری

ئاران ئەمینی
تویژەری پۆست دوکتورای زانستی کۆمپیوتەر



هەوالنامەی کتێب

پرسیار لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ چۆن جیهانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی دەناسێت و میکانیزمەکانی ئەو ناسینە چین، بابەتێکی لەمێژینەی ڕامانی مرۆڤ بووە. تێگەیشتن لە تواناییەکانی ناسین لە چەندین ڕووەوە گرینگی هەیە و زۆر پرسیاران وەلاّم دەداتەوە؛ وەک ئەوەی کە دەتوانین چی بناسین؟ سنووردارییەکانی ناسینی ئێمە چین؟ چی ناتوانین بناسین؟ ناسینی ئێمە چەندە پشتی پێ دەبەستێت؟ ناسینی ئەوانەی پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا دەتوانین ماشینی ناسینیی هاوشێوەی خۆمان ساز بکەین؟ وەلاّمی ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکە دەتوانێت گۆڕانکاریی بناخەیی لە تێڕوانینی ئێمە بۆ خۆمان، بۆ جیهان و بۆ کەسانی تر و بۆ دەستکردەکانمان ساز بکات. هەم دەتوانین باشتر خۆ بەڕێوە ببەین و هەم باشتر لەگەڵ کەسانی تر خۆ ڕێک بخەین و هەم باشتر لە جیهان تێبگەین و بئافرێنین.

کتێبی مێشک-زەین: لە دەمارەخانەکانەوە بۆ ئاگامەندی و داهێنەری سەرەتایەکە بۆ زانستی ناسینی و هەوڵ دەدات زەینی مرۆڤ بەپێی ڕێبازی زانستی شی بکاتەوە. ئەم کتێبە لەلایەن پۆل تاگارد فەیلەسووف و پسپۆڕی پێشەنگی بواری زانستی ناسینی نووسراوە. زانستی ناسینی، زانستی شیکردنەوەی زەینە. زەین لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە بابەتێکی سەرەکیی فەلسەفەی زەین بووە، بەلاّم زانستی ناسینی واوەتر دەچێت و لایکەمی کەڵک لە شەش بواران وەردەگرێت: زانستی کۆمپیوتەر، زانستی دەماری، زمانناسی، مرۆڤناسی، دەروونناسی و فەلسەفە. ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەیە کە ئەم شەش بوارە لە تیۆرییەکی یەکانگیردا ئاوێتە بکات. بۆ ئەم کارەش زەین لە چوار ئاستی مولیکولی، دەماری، زەینی و جڤاکیدا لێک دەداتەوە. چەقی باسەکان ئاستی زەینییە. شێوازی یەکخستنەکە بەم شێوەیە کە سەرەتا تیۆرییە دەروونناسی، فەلسەفی، زمانناسی و مرۆڤناسییەکان لەسەر دیاردەیەکی زەینی باس دەکات. پاشان هەوڵ دەدات کە لە ئاستی زەینیدا دیاردەکان شی بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە کەڵک لە هاوشێوەسازییەکی کۆمپیوتەری وەردەگرێت. لەم قۆناغەدایە کە کەڵکی زانستی کۆمپیوتەر و بەتایبەت ژیریی دەستکرد لە لێکدانەوەی زەیندا دێتە ئاراوە. لەم کتێبەدا کەڵک لە هاوشێوەسازییەکی مێشک بە ناوی نژیاروانیی ئاماژەکەری واتایی وەردەگیرێت. ئەم هاوشێوەسازییە لەسەر چەشنێک نواندن بە ناوی ئاماژەکەری واتایی دامەزراوە و گرینگەی ئەوەیە کە زەینی ئێمە لە نواندنی لەو شێوە کەڵکە وەردەگرێت. جگە لەوە، کۆمەڵێک پێواژۆ هەن کە لەسەر ئەو نواندنانە کار دەکەن و بەم شێوەیە لە ڕێگەی نواندنەکان و پێواژۆکان هەوڵ دەدرێت کرداری مێشک هاوشێوەسازی بکرێن. سەرەنجام بە زانستی دەماری چۆنیەتیی کارکردنی بەشەکانی مێشک و دەمارەخانەکان لە جێبەجێکردنی کرداری زەینییەکاندا ڕوون دەکرێتەوە. ئەگەر لە جێیەکدا ئەم چوارچێوە گشتییە کورتی هێنا، پەنا دەبرێتە بەر دوو ئاستی زۆر بەرز و زۆر نزمی کاریگەر لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی زەین کە ئەوانیش ئاستەکانی مولیکولی و جڤاکین. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا تایبەتمەندییە گشتییەکانی زەین باس دەکرێن و پوختەیەک لەو تیۆرییانە پێشکەش دەکرێت کە بۆ لێکدانەوەی زەینی مرۆڤ کەڵکیان لێ وەرگیراوە کە ئەوانیش بریتین لەو تیۆرییانەی کە زەینیان وەک ڕۆح، کۆمپیوتەر، مێشک، پێکهاتەی جڤاکی و سیستەمی دینامیکی سەیر کردووە. هەر لەم بەشەدا مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتنی زانستی ناسینی وەک بواریکی نێوان-لقی باس دەکرێت و بە کورتی باس لە بەشداریی فەلسەفە، زمانناسی، زانستی کۆمپیوتەر، مرۆڤناسی، دەروونناسی و زانستی دەماری لە پێکهێنانی ئەو زانستەدا دەکرێت. زانستی ناسینی لەسەر دوو چەمکی بنەمایی دامەزراوە کە ئەوانەش نواندنی زەینی و پێواژۆیەکن کە لەسەر ئەو نواندنانە دەکرێن. ئەم دوو چەمکە لەنێوان زانستی دەماری و زانستی کۆمپیوتەردا هاوبەشن. بە زمانێکی سادە، مەبەست لە نواندن چۆنیەتیی پێشاندانی زانیارییە لەناو مێشکی مرۆڤدا. هەروەها پێواژۆ یان پرۆسێس ئاماژە بەو چالاکییانە دەکات کە لەسەر ئەو نواندنانە جێبەجێ دەکرێت. بۆ نموونە چەمکی "دار" دەکرێت چەندین نواندنی جیاجیای ببن وەک وشەی


دار، وێنەی دار، دەنگی شـــنینەوەی گەڵاکان و هتد. هەروەها چەندین کرداری جیاجیا لەســـەر ئەو نواندنانـــە جێبەجێ دەکرێـــن، بۆ نموونە دەکرێت دوو نواندن تێکەڵ بکرێن و بااڵندەیەک وێنا بکەن کە لەســـەر دارەکە دەنیشـــێتەوە. بەشـــی دووەمی کتێبەکە بۆ بـــواری تاقیگەیی و تیۆریکی زانســـتی دەمـــاری تەرخان کراوە و مێشـــک وەک پێکهێنەری تواناییە ناسینی و زەینییەکانی مرۆڤ شـــی دەکرێتەوە. ســـەرەتا سیســـتمی دەماری و چۆنیەتیـــی چاالکبوون و دامرکانـــی دەمارەخانەکانی مێشـــکی مرۆڤ باس دەکرێت. هەروەها لـــە ڕووی بیرکارییەوە باس لەوە دەکرێت کە چـــۆن دەمارەخانەکانی مێشـــک دەتوانن ژمارەیەکی ناکۆتـــا نواندنی جیاجیا بەرهەم بهێنن. زانســـتی دەماری جگە لە الیەنـــی تاقیگەیی و روانین لە مێشـــکی مرۆڤ الیەنی تیۆریکیشـــی هەیە. لە زانســـتی دەماریی تیۆریکدا هەوڵ دەدرێت مێشـــک بە ئامرازەکانی ژیریی دەســـتکرد هاوشێوەســـازی بکرێت. بە زمانێکی ســـادە هـــەوڵ دەدرێت مۆدێلێکی هاوشـــێوەی مێشک ساز بکرێت کە پێی دەگوترێت نژیاروانیی ناســـینی. لە بواری زانســـتی دەماریی تیۆریکدا دەیـــان نژیاروانی پێشـــکەش کـــراون و لـــە کتێبـــی زەین-مێشـــکدا لە یەکێکیان بە نـــاوی نژیاروانیی ئاماژەکـــەری واتایـــی کەڵـــک وەردەگیرێت. هەروەک ئاماژە کرا، زانســـتی دەماری لەســـەر بنەمای نواندنە زەینییـــەکان و پێواژۆکان زەین شی دەکاتەوە. لە بەشـــی سێیەمی کتێبەکەدا، سێ چەشـــنی ســـەرەکیی نواندنەکان باس دەکرێـــن کە ئەوانیـــش بریتین لـــە نواندنی پەیبردنیی دەرەوە، نواندنـــی پەیبردنیی ناوەوە و وێناکردن. مەبەســـت لە نواندنی پەیبردنیی دەرەوە پێنـــج هەســـتی ســـەرەکیی بینین، بیســـتن، تامکـــردن، بۆنکردن و ســـاوینە. چۆنیەتیـــی نواندنـــی هـــەرکام لـــەو پێنج هەســـتە لە مێشکدا شـــی دەکرێتەوە. نواندنی پەیبردنیی نـــاوەوە ئاماژە بە هەســـتەکانی ناو لەشـــی مرۆڤ دەکات وەک ئێـــش، دڵەکزە، هاوســـەنگی و هتد. وێناکـــردن وەرگرتنەوەی ئـــەو نواندنانەیـــە کە پێشـــتر لـــە ڕێگەی هەســـتەکانەوە لە بیرگەدا پاشـــەکەوت کراون. بە هـــۆی توانایی مـــرۆڤ لە ئەبستراکشـــن و دەرهەســـتکردنی نواندنـــە پەیبردنییەکان، لە بەشـــی چوارەمی کتێبەکەدا چەشـــنێکی تـــری نوانـــدن، واتـــا چەمکـــەکان گریمانە دەکرێـــت. تیۆرییە فەلســـەفییەکان لەســـەر چیەتیـــی چەمک لـــەو بەشـــەدا خراونە ڕوو. هەروەهـــا باس لـــەوە دەکرێت کـــە چۆن لە پەیوەندیی نێـــوان دەمارەخانەکاندا چەمکەکان پاشـــەکەوت دەبـــن و بـــۆ زۆر توانایی زەینی وەک چارەســـەری پـــرس، پۆلێنبەنـــدی و فێربـــوون کەڵکیـــان لـــێ وەردەگیرێـــت. نواندنە ســـادە پەیبردنییـــەکان و چەمکەکان لە نواندنـــی بنەڕەتیی دیکـــەدا تێکەڵ دەبن و هەلـــی ئەوەمان دەدەنێ کـــە کاری ئاڵۆزتری زەینـــی جیبەجێ بکەین. بەشـــی پێنجەمی کتێبـــی مێشـــک-زەین گریمانـــەی بوونی نواندنێکی دیکە بە ناوی ڕێســـاکان دەکات کە لە شـــێوەی ڕێســـای مەرجیی ئەگەر... ئەوا-دا ڕێـــک دەخرێن. لە ڕێگەی ئـــەم نواندنانەوە ئاکامگیریی ئاخاوتەیـــی یان بەڵگاندنی مەنتقی وەک تواناییەکی زەینی مرۆڤ شـــی دەکرێتەوە. لە بەشـــی شەشـــەمی کتێبەکەدا چەشنێکی تری نوانـــدن بە نـــاوی لێکچووانـــدن باس دەکرێـــت. مرۆڤـــەکان بـــۆ کاری زەینیـــی داهێنەرانـــە و بۆ پەیوەندیـــی جڤاکیی وەک بوونی هاوســـۆزی بۆ مرۆڤەکان یان وانەوتنەوە کەڵک لەم چەشـــنە لە نواندنەکان وەردەگرن. مەبەســـت لە لێکچووانـــدن ئەوەیە کە نواندنێکی زەینـــی وەردەگرین و بۆ شـــرۆڤەی دۆخێکی نـــوێ بە کاری دەهێنین. بە هـــۆی ئەوەی کە بەڵگەی تاقیگەیـــی لەبەر دەســـتدا نییە کە بوونی ڕێســـاکان و لێکچووانـــدن لەناو مێشکدا بســـەڵمێنێت کەڵک لە بنەمایەکی فەلسەفەی زانســـت بە نـــاوی ئەمئەوێتیـــی ڕوونکەرەوە وەرگیـــراوە. مەبەســـت لـــە ئەمئەوێتیـــی ڕوونکـــەرەوە وەرگرتـــن و پەســـەندکردنی چەمکێکـــی تیۆریکە کە دەتوانێت باشـــترین شـــرۆڤە بـــۆ دیاردەکانـــی جیهـــان بکات. جگە لەالیەنـــی ئاوەزمەندانە و ئەقاڵانیی مرۆڤ، الیەنی ســـۆزداریش بەشـــێکی دیکەی توانایی زەینی مرۆڤە. بەشـــی حەوتەمـــی کتێبەکە بۆ لێکدانەوەی ســـۆزەکانی مرۆڤ تەرخان کراوە. لەو بەشـــەدا نووســـەر هەوڵ دەدات سۆزەکان وەک چاالکییەکی مێشـــک شی بکاتەوە. جگە لەالیەنـــی تیۆریک، کەڵک لـــە لێکۆڵینەوەی تاقیگەییـــش بـــۆ لێکدانەوەی ســـۆزەکان لە مێشـــکی مرۆڤـــدا وەردەگیرێت. لـــە دواییـــن تیۆرییەکاندا سۆزەکان لە تواناییە ناسینییەکانی

دیکە وەک تواناییە ئەقڵانییەکان جیا ناکرێنەوە و لەگەڵ زۆربەی زۆری تواناییە ناسینییەکانی مرۆڤ لایەنی سۆزداریش لەبەرچاو دەگیرێت. نووسەر لەم بەشەدا ئەو خاڵە ڕەچاو دەکات. جگە لە شەش سۆزی سەرەکیی تووڕەیی، دڵخۆشی، خەمباری، بێزاهاتنەوە، ترس و سەرسوورمان، سۆزە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک شەرم و خەجاڵەتی باس دەکرێن. حەوت بەشی سەرەتایی کتێبەکە بۆ ناساندنەکان و پێواژۆکان لەسەر ئەو ناساندنانە تەرخان کراوە بەڵام لە بەشی هەشت بە دواوە کەڵک لەو بناخە تیۆریکە بۆ شیکردنەوەی ئاگامەندی، زمان، نیاز، داهێنەری و خود وەردەگیرێت. بەشێکی بەرچاو لە توانایی ئەرکی و فانکشناڵی زەینی مرۆڤ بە ناساندنی پەیبردنی، وێناکان، چەمکەکان و ڕێساکان شرۆڤە دەکرێت. هەروەها دەکرێت تا ڕادەیەک لایەنی سۆزداریی مرۆڤیش هاوشێوەسازی بکرێت. بەڵام زەینی مرۆڤ چەند توانایی گرینگی دیکەی هەن کە دەچنە ئاستێکی بەرزترەوە. لە درێژەدا ئەو تواناییانە باس دەکەین. بەشی هەشتەمی کتێبەکە بۆ شیکردنەوەی ئاگامەندیی مرۆڤ تەرخان کراوە و دیاردە پەیوەندیدارەکان بە ئاگامەندی باس کراون. لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی ئاگامەندی، باس لە ئەزموون، هۆشیاری، گۆڕانی سەرنج، دەستپێک و کۆتایی ئاگامەندی و یەکپارچەیی ئاگامەندی دەکرێت. کوالیا یان هەستێکی تایبەت کە لەگەڵ پەیبردن، سۆزەکان و وێناکان هەیە پرسێکی ئاستەمی ئاگامەندیی مرۆڤە. نووسەر کوالیا وەک تایبەتمەندییەک سەیر دەکات کە لە چالاکیی دەماری دەکەوێتەوە. ڕەخنەیەکی جیدی بۆچوونی دیاردەناسانە لە زانستی ناسینی ئەوەیە کە بە لێکدانەوەی لایەنە ئەرکییەکان ناتوانین نیاز یان نیەتی مرۆڤ شرۆڤە بکەین. بەشی نۆیەمی کتێبەکە بۆ بابەتی نیاز، ئیرداە و کردەوە تەرخان کراوە. لەم بەشەدا مۆدێلێکی میکانیستی بۆ نیازەکانی مرۆڤ دەخرێتە ڕوو و نیازەکان بەپێی چالاکیی بەشە پەیوەندیدارەکانی مێشک شی دەکاتەوە. هەروەها ئەو ڕەوتە پیشان دەدرێت کە چۆن نیازەکان دەبن بە کردەوە.

هەر شیکردنەوەیەک بۆ زەینی مرۆڤ پێویستە ڕوونی بکاتەوە کە چۆن زەین توانایی فێربوون، بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی لە زمان هەیە. بەشی دەیەمی کتێبی مێشک-زەین بۆ زمان تەرخان کراوە. ئەو بەشە بە ڕەخنەیەک لە تیۆرییەکانی چامسکی دەست پێدەکات کە پێشتر دەدەن بە ڕستەسازی و لایەنی واتاناسی نادیدە دەگرن. لە درێژەدا تیۆرییە هاوچەرخەکانی بواری زمانناسیی ناسینی دەخرێنە ڕوو کە چۆن مێشک وەک ماشینێک دەتوانێت هاوکات بەرهەمهێنەری ڕستە، واتا و مەبەست لە زماندا بێت. دەوری خوازەکان لە بیرکردنەوەدا لقێکی گرینگی زمانناسیی ناسینییە کە لەم بەشەدا بەرسەر کراوەتەوە. زەینی مرۆڤ تەنیا بۆ فێربوونی ئەو شتانە نییە کە پێشتر هەن بەڵکوو مرۆڤ بەردەوام داهێنان دەکات. لە بەشی یازدەیەمی ئەم کتێبەدا تایبەتمەندییەکانی کرداری داهێنەرانە و دەوری وێناکان، چەمکەکان و ڕێساکان لە داهێنەریدا باس دەکرێن. لە بەشی دوازدەیەم و دواییی ئەم کتێبەدا پرسیار لە چیەتیی «خود» دەکرێت. لە بەشەکانی پێشوودا زۆربەی شرۆڤەکان بەپێی میکانیزمەکان لە ئاستەکانی زەینی و دەماریدا بوون. لەم بەشەدا سنووردارییی ئەو دوو ئاستە بۆ لێکدانەوەی لایەنەکانی خود باس دەکرێت و چەمکەکان و چالاکییەکانی خود لە ئاستی مولیکولی و جڤاکیشدا تێکەڵ دەکرێن. ئەم کتێبە دەتوانێت وەک دەسپێکێک خوێنەری کورد بە زمانی کوردی ئاشنای زانستی ناسینی بکات بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بۆشایی کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا پڕ بکاتەوە. ئامانجێکی سەرەکیی ئەم هەوڵە خۆشەکردن و ئامادەکردنی زمانی کوردی بۆ بواری زانستی ناسینی بووە و بۆ یەکەمجار ژمارەیەکی بەرچاو لە زاراوەکانی ئەو بوارە کراونەتە کوردی و فەرهەنگۆکێکی کوردی-ئینگلیزی و ئینگلیزی-کوردی، لەخۆگری سەرووی شەشسەد زاراوەی زانستی، لە کۆتایی کتێبەکە زیاد کراوە.

ناساندنێک بۆ کتێبی:
وردەسەرنج
زمان، دەسەڵات، ناسنامە

مەسعوود بابایی



هەواڵنێدی کتێب

لـه مـاوەی بیسـت سـاڵی ڕابـردوودا بـه پرسـی فەرهەنگـی و زمانـی و سیاسـیی کوردەوارییـەوە خەریـک بـووم، لـه چەندیـن گۆشـەنیگاوە و بـه پشتبەسـتن بـەو بـواڕەی کـه تێیـدا خوێندووومـه و خوێندووومەتـەوە و ڕامـاوم گەلـێ وتار و سـەرەقەڵەم و سـەرنجم لەبـارەی دۆخێـک کـه وەک کـورد لەنێویـدا دەژیـن نووسـیوە. بەشـێک لـه وتـارەکان لـه چەنـد گۆڤارێکـدا بـڵاو کراونەتـەوە و هەندێکیـان بـه ناچڵـی دەسـتیان لـه هیـچ چڵێـک گیـر نەبـوو و بیرۆکەکانیـان هـەر وا بـه هەڵپەسـێراوی مانـەوە. ئەگـەر هەمـوو وتـارەکان بەسـەرێکەوە بـڵاو کرابانەوە دەبوو بـه تێکەڵەیەکـی فرەپاتـەی وەرەسـکەر. بۆیە ئـەو وتارانـەم هەڵبـژارد کـه بیرۆکەکەیـان بـه پوختـی گەیانـدووە. واتـه ئەگـەر لـه وتارێکـدا بیرۆکەیەکـم دارشـتبێ و لـه چەندیـن وتـاری هاوشـێوەدا سەرسـۆراخم کردبـێ، ئـەو وتـارەم هەڵبـژاردووە کـه بیرۆکەکـەی تەسـەل کـردووە و کرۆکـی مانـای گەیانـدووە. ئیـدی وازم لـەو وتارانـه هێنـاوە کە ڕەوتـی فراژووبوونـی بیرۆکەکەن؛ واتـه وتارێکـم لـه کتێبەکـەدا گونجانـدووە کـه پوختکـراوی هەمـوو وتارەکانـی پێشـووە. بـەم شـێوەیە توانیـم یانـزە وتـاری لـێ سـاخ بکەمـەوە کـه بتوانـن ڕەنگدانـەوەی کارێکـی بیسـت سـاڵە بـن. ناونیشـانی "وردە سـەرنج" ڕەنگـه وەک هاوڕێیـەک گوتـی "خاکەڕایـی نابەجـێ" بێـت؛ بـەڵام بەهەرحـاڵ بەڵەبەرچاوگرتنی دۆخـی ئاڵۆز و شـێواوی "کوردبوون" کاری تەمەنیشـمان لەبـارەی خۆناسـینمانەوە ڕەنگـه تەنیا وردە سـەرنجێکی لێبکەوێتەوە کە شـتێک لە شـتێکی دیکەی تاریکتر لە خۆی هەڵگرێنێت کـه بەرهەمی دواکەوتنی پرۆسـەی "بەنەتەوەبـوون"ی ئێمـه بێت. پێـم وایە "زمـان" پێدراوێکی سروشـتییە، بەڵام ناسـنامە پێدراوێکی سروشـتی نییە و بەرەنجامی پرۆسـەی "شوناسبەخشـین"ە و دەسەڵات پرۆسەی ناسنامەسازیی لە ئەستۆیە. بۆیـه ناونیشـانی دووەمی کتێبەکـه بوو بە "زمان، دەسەڵات، ناسنامە". ڕەنگە خوێنەری بیرتیژ هەر لە شێوەی دارشتنی سەردێڕەکەوە لە شـێوازی بیرکردنەوەی نووسـەر تێبگات. کەڵکەڵەی نووسـەری ئەم کتێبە گڵۆڵەیەکی شـێواوە لـه لێژاییی مێـژوودا کـه هەموو سـەرەداوەکانی وا بەنێویەکـدا چووگـن کە بووەتە گرێی کردنەوەی شلیلەی هەزار سەری مەتەڵێـک کە لە ڕوونسێی(سـایە روشـن/ shining sumac) مێـژوودا ئاوێنەیەکی دووڕووی دروست کردووە کە بووەتە کۆسپی "خۆناسـین"! ئەگـەر ناسـنامە دۆخێکـی ئاوێنەیی بێت کە "مـن"، "ئێمە"ی خۆمانی تێـدا ببینێتـەوە؛ "ئێمە"ی خۆمـان بە بێ ناسـینی "ئەوی دیکە"ی خۆمان ناخەملێت. هەر بۆیە پرسـیاری "ئـەوی دیکەی" کورد پرسیارێکی چەتوون و ئاستەمە، چونکە لەبەر "ئەوی دیکە"ی "قەڵەمـڕەوە نێوخۆییەکان" ڕەنگدانـەوە ئاوێنەییەکـەی بووەتـەوە دژی خۆمـان، کە وایە دەستنیشـانکردنی "ئەوی دیکەی" کورد بەکردەوە تووشـی کێشە بووە! مەترسـیدارترین خیانـەت بـه کـورد، بەزەییهاتنەوەیە بە دۆخێکی "سـیزیفی" کە خووگرتن بە تلۆربوونەوەی بەردێک، دەیکات بە مایەی بەزەییهاتنـەوە! "بەزەیی"یەک کە دەبێتە مایەی "ڕاهاتن" بە قامچیی زۆرداڕێک کـه وای لێدەکات تەنیا یەک "بەرد" و یەک "چیـا" ببینێت و لە لووتکە سـەرەکییەکانی بوونی خۆی بێبـەش ببێت! ئەم "بەزەیی"یە دەبێتە مایەی هێشـتنەوەی توک و نەفرەتی "قامچـی" وەک بزوێنـەری کۆیلایەتـی! بـه کارهێنانـی مێتـۆدی دیاردەناسـانە و دەروونناسـانە و بەسـتنەوەی بـه "کردەی سیاسـی" و هەوڵـدان بـۆ توێژەهڵدانەوەی کەسـایەتیی "ژێردەسـتە" لـەم کتێبـەدا بەزەقـی دیـارە. چێـژی ژێردەسـتەیی هـاوکات لەگەڵ هەسـتکردن بـه گوناە و هەوڵـدان بۆ "فەرامۆشـی" و "سـڕینەوەی یادگـه"، یەکێک لە هۆیەکانی "لە سـفرەوە دەسـتپێکردنەوە"یە کە هەروەک گوترا ئەمە تایبەتمەندیی سیزیفیی لە "سفردامانەوە"یە. مێتـۆدی دیاردەناسـانە لـه "زمـان"ەوە تا

"ژینگە" و "پێکهاتەی کۆمەڵایەتی" و مێتۆدی دەروونناسانە "ڕەفتارناسی" و دەرکەوتنی بیرکردنەوەی خێڵەکییانە دەگرێتەوە. نیگای گشتیی ئەم پەرتووکە "ڕوانین لەنێوەوە"یە؛ ئەم نیگایە مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەکەی لە دۆخێکی شێواودا وێنا دەکات. مێتۆدە ئامادەکان لەبەر ئەوەی کەڵکەڵەی پەیکاڵکردن (تطبیق، پراکتیس) لە لای نووسەر دروست دەکەن، ڕەنگە تەنیا بە دوای فاکتە گونجاوەکاندا بگەڕێن و فاکتە نەساز و ناڕێک و ناکۆکەکان بشارنەوە. هەر بۆیە "فاکتۆلۆژی"یەکەیان خزمەت بە وەڕاستگەرانی(تصدیق) پێوەرەکەیان دەکات و ئەم کەڵکەڵەیە وا دەکات نووسەر بە دوای فاکتی پڕاسکەرەوەدا بگەڕێت و بەم شێوەیە بەرەنجامێک کە وەدەستدێت داوەرییەکی پێشبینیکراوی لێدەکەوێتەوە کە دیارە ڕۆحی هەقیقەت ناپێکێت. ئەم جۆرە نووسینانە کە بە ناوی نووسینی ئاکادیمی و سەرچاوەڕێزکردن ڕەخنەیان لێ گیراوە—هەرچەند من گومان لە نرخی توێژینەوەی ئاکادیمیک ناکەم—بەناچار تەنیا ئەو شتانە دەتوانن ببینن کە مێتۆدی پێشوەختە یان تیۆریی ئامادەکراو دەتوانێت بیانبینێت. نووسەری ئەم کتێبە بە شێوازی تێڕامان لە دیاردە و ڕەفتارناسیی کورد بەتایبەتی لە گۆڕەپانی سیاسی و ژیانی جڤاکی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکدا کە بە "موزاییکی شێواو" یان ناڕێکی دەزانێت بیرۆکەکانی دادەڕێژێت. گەڕان بەدوای "وێژمان" (دیسکۆرس) و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جۆرێک لە "هەستی هاوبەش" یان ئاوەزی ڕاسڵ"(عقل سلیم) یان "ئاوەزی باو" (عقل عرفی) پەرۆشی و نیگەرانی و مشووری نووسەرە. ڕوانگەی زمانگەرایانە لەم پێوەندییەدا بەسەر فەزای ڕستە بە ڕستەی ئەم کتێبەدا زاڵە کە ڕەنگە کەسانێک کە زمانگەرایانە بیر ناکەنەوە ڕازی نەکات؛ بەڵام نووسەر بەگوێرەی پێویست لەبارەی زمانیبوونی ناسنامەی کورد بەڵگە و سۆنگەی هێناوەتەوە. هەر چۆنێک بێت هەڵبژاردنی ڕوانگەیەک یان باوەڕ بە ڕوانگەیەک ڕێچکەیەکی بەڵگەهێنانەوە و فاکت و نموونەی لێدەکەوێتەوە کە بۆچوونەکان سۆنگەدار دەکات. ئەم سۆنگەداریە لەگەڵ ئەوەی ناتوانێ تێکڕای ڕاستییەکە بپێکێت، بەڵام هەمیشە بەشێک لە ڕاستی نیشان دەدات کە ئەمە لە خۆیدا گرنگیی خۆی هەیە. شێوەی گونجێنرانی وتارەکان لەم کتێبەدا بە "بونیادی خێڵەکیبوون" دەست پێدەکات و بە "تەقەی خۆشی یان نەخۆشی" کۆتایی دێت. بەشێک لە بابەتەکان لە دۆخی "لاڵبوون" دەدوێن، گوێیەک کە دەبیستێت، بەڵام زمان ناتوانێت دۆخەکە شی بکاتەوە. ئازارێک بە موزیک دەردەبڕدرێ بەڵام "بێزمانی"—بە مانای نەبوونی زمانێک بۆ تێگەیشتنی هەمووان—تێگەیشتن لەو ئازارە لەنگ دەکات. هەستەکان بە تراژیدیاکان دەوروژێن، بەڵام "هەست" لە زماندا لەبەر نامۆییی کۆدەکان ناگات بە ئاوەز و لێرەوە "هەستی گشتی" یان "ئاوەزی هاوبەش" نارەخسێت. ڕۆحی تراژیدیا ناتوانێت پرسیارە هاوبەشەکە دروست بکات! پرسیاری هاوبەش تەنیا لە "وێژمانی گشتیدا" دەبێت بە "پرسیار بۆ هەمووان". کاتێک مۆسیقا دەتوانێت جوگرافیای نیشتمان ببڕێت و هەستێکی هاوبەشی هاوسۆزی بوروژێنێت، بەداخەوە زمان لەبەر پارچەپارچەبوون و قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکان "پەنگ دەخواتەوە" و ئەم پەنگخواردنەوەیە پچڕانی هێڵی پەیامەلە ڕایەڵی نێردەر—گەیەنەر—وەرگر. واتە "گەیەنەر" ناتوانێت پەیامەکان بگەیەنێت. بە بڕوای نووسەر قەیرانی وێژمانی لە کورددا لە "گەیەنەر" واتە "زمان"دا زەقوزۆپ دەبێت؛ هەستی گشتی نابێت بە ئاوەزی ڕاسڵ و تێگەیشتنی هاوبەش. وەک ئەوەیە بڵێین "شیعر" لەبەر سرکیی ماناکەی نابێت بە "فەلسەفە". دۆخی هەست بۆ دۆخی ئاوەز وەرناگێڕدرێت؛ تەنیا لەبەر قەیرانی تێگەیشتن کە هەمان قەیرانی وێژمان (دیسکۆرس)ە. دژایەتیی قوڵی "ئاوەزی خێڵەکی" لەگەڵ دروستبوونی زمانی ستاندارد، لە ئێستای کوردەواریدا ڕووناکبیرانە، بیرمەندانە، شارەزایانە و فێڵبازانە دەدوێت. ئەم ئاوەزە

هەوالنامەی کتێب


به چەکی تیـــۆری و مێتۆد دەدوێت، تیۆرییە دژبەیەکەکان دەهێنێتەوە، مێتۆدەکان ئاوێتە دەکات، فاکتـــەکان بە قازانجی خۆی ڕیزبەند دەکات تا "نەتەوەخوازانی ڕاستەقینە" دەمکوت بکات. "ئـــاوەزی خێڵەکی" فێر بووە کە چۆن "مافـــی ئیتنیکی" وەک کارتی فشـــار بەکار بهێنێت. فێر بووە کە دانوستانی نێوخۆیی ناکام بکات. فێر بووە بە چ شـــێوەیەک زاراوەکانی "فاشیزم" و "شـــۆڤێنیزم" بە سەفسەتەیەکی شـــارەزایانە بەکار بهێنێت. سەفســـەتەیەک کە ڕێگە لە دیسکۆرســـی "زمانی ستاندارد" بگرێت. لە ڕاستیدا خودی "ئاوەزی خێڵەکی" کـــە مانەوەکەی بـــە مانـــەوەی "قەڵەمڕەوە نێوخۆییـــەکان"ەوە بەنـــدە، بەرهەمهێنەری "لۆکاڵیتە"یەکە کە کوردســـتان بە ســـەدان ســـاڵ لە "میرنشـــینی"دا ئەزموونی کردووە. کەڵکەڵـــە و پەرۆشـــییەک کـــە نووســـەر هەیەتی نەخەملێویی "چەمکی نیشـــتمان"ە لە ســـایەی "نیشـــتمان لەنێو نیشـــتماندا". بەم شـــێوەیە لەبەر نیشـــتمانە وردیلانەکانی "خێـــڵ" کـــە هەمـــان "قەڵەمڕەوەکان"نن، نیشـــتمانی مـــەزن دەبێـــت بە "بـــەڵام"ی پاش ڕســـتە، بۆ لەباربردنی مانای ڕســـتەکە! بەشـــێک لەو وتارانەش کە تایبەتن بە "زمان و دەســـەڵات" و بابەتی وەرگێڕان و بەگشتی بابەتـــە فەلســـەفی و هزرییـــەکان، دۆخـــی چەمکســـازی و زاراوەســـازی کەڵکەڵەیەکی ســـەرەکییە. پۆلێنکردنـــی مانایـــی، چەقـــی ســـەرنج لـــە زمانـــدا، هاوڕێژەییـــی واتایی لەپێناو نیشـــاندانی ڕەهەنـــدی هزر لە زمانی کوردیدا بەشـــێک لە بیرکردنەوەی نووســـەر پێـــک دەهێنێـــت. بڕوا بە قســـەکەی هیگڵ کـــە دەڵێ: "مـــن دەمهەوێت فەلســـەفە فێر بکـــەم بە زمانی ئاڵمانـــی بدوێت" یەکێک لە هۆیەکانی وردەکاریی زمانییە لای نووســـەر. بـــە پوختی ئەم کتێبە بـــە زمانێکی ڕادیکاڵ نووســـراوە، خوڵکەخزمانێ (تعـــارف، مجاملە) لەگـــەڵ دۆخـــی هەنووکەییـــدا نەکـــراوە و نووســـەر لـــە ترســـی ڕەخنـــەی نەیاران وشـــەکانی بۆیاخ نەکـــردووە و بە زمانی ڕەمز و ئەلیگۆریـــا نـــەدواوە. ئەگەریش تەوســـێک هەبووە لـــە بارودۆخێـــک دراوە نەک کەس یان کەســـانێکی دیاریکراوە. بەگشتی لەگەڵ ئەوەی لە هەندێ شـــوێندا زمانی ڕەخنە زۆر تونده بەڵام بەگشـــتی لە سووکســـاریکردن بەدوورە و ســـنوورەکانی ئەدەب نەبەزێنراون.

ڕانانی کتێبی

«ئیسلام و ناسیۆنالیزمە ڕکەبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٨٧٦-١٩٢٦»

داود عوسمانزادە

هەوالنامەی کتێب



کتێبی "ئیسلام و ناسیۆنالیزمە رکەبەرەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٨٧٦-١٩٢٦" لەلایەن دکتور کەمال سولەیمانییەوە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن دەزگای پەلگرێیڤەوە چاپ کراوە. ئەم کتێبە بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسی وەرگێڕدراوە. کتێبێکە لەبارەی سەرهەڵدان و پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ئایین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. لەم کتێبەدا کەمال سولەیمانی هەوڵ دەدات تێگەیشتنێکی نوێ لەسەر ناسیۆنالیزم و بانگەشەی بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات. کتێبەکە لە ٣١٢ لاپەڕە پێک هاتووە، بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە، کە بریتین لە: ١. بیری ئایینی (ئیسلامی)، ناسیۆنالیزم و سیاسەتی خەلافەت؛ ٢. ناسیۆنالیزمی فەرمی و شوناسی ئیسلامی؛ و ٣. ناسیۆنالیزمی کوردی و ئیسلامە وەدەرنەرەکان (Exclusionary Islams). نووسەری کتێبەکە، کەمال سولەیمانی، پسپۆڕی مێژوو و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن و جیهانی ئیسلامییە. بوارەکانی توێژینەوەی نووسەر بریتین لە مێژووی سیاسیی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کوردی، فارسی و تورکی. کەمال سولەیمانی دکتۆرای لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیۆیۆرکی ئەمریکا وەرگرتووە. لە زانکۆکانی تورکیا، ئەمریکا و مەکزیک وانەبێژ بووە، هەروەها مامۆستای ململانێ ئێتنۆ-ئایینییەکان لە زانکۆی ئێل کۆلێهیۆ دێ مەهیکۆ، سێنترۆ دی ئیستۆدیۆس دی ئاسیا و ئەفریقایە (سەنتەری توێژینەوەی ئاسیا و ئەفریقا). سولەیمانی لە بەرهەمەکەیدا پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن تەتەڵە دەکات. ئەو شوێنپێی ئەوە دەگرێت کە چۆن ئایین لە قۆناغە چارەنووسسازەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە نزیکەوە لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا تێکەڵ بووە. نووسەر بە بەراوردکردنی ئەو ئەدەبیاتەی کە ناسیۆنالیستە تورکەکانی پێش کۆماری تورکی بەرهەمیان هێناوە لەگەڵ ناسیۆنالیستە کەمالیست/کۆمارییەکانی دواتر، دەیهەوێت ناتەباییەکانی خوێندنەوەی ناسیۆنالیستی تورکی بۆ ڕابردووی عوسمانی پێش ١٩١٢ نیشان بدات و دەری دەخات کە ئیسلامی عوسمانی لە چەند دەیە پێش ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆرییەڕا ئیسلامێکی بە تورکی کراو بووە. سولەیمانی بە پشتبەستن بە بەڵگە مێژوویییەکان دەڵێت، گوتاری دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بە ناسنامەی ئیسلامی، یەکێتیی موسڵمان و مژاری خەلافەت نە دەبێ بە بەهایەکی ڕووکەش وەربگیرێت، نە وەک گوتارێکی ئیسلامیی گشتگیر سەیر بکرێت. سولەیمانی جەخت لەوە دەکاتەوە بەتایبەت لە سەرەتای ڕژێمی عەبدولحەمیدەوە (١٨٧٦-١٩٠٩) گوتار و ستراتیژیی ئیسلامیخوازانەی دەوڵەت و نوخبەی عوسمانی بۆ پرسی یەکگرتوویی موسوڵمانان، ئەوەی ڕاستی بێ، هەوڵێکی کولتووری، دامەزراوەیی و سیاسیی ئاسمیلەکردن و نەهێشتنی غەیری-تورک بووە. ئەو پێی وایە کە چەمکە بە ڕواڵەت گشتگیرە دینییەکانی وەکوو خەلافەت، وەحدەت و ئوممەت، لە ڕووی مێژوویییەوە بە چەندین شێوە لێک دراونەتەوە. بۆیە ئەگەر لێرەوە وەک دیاردەگەلێکی سەروومێژوویی و بێ کۆدەق مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی-مێژوویی خۆیان دابڕێن، دەبنە خوێندنەوەیەکی هەڵە لە مێژوو. بۆیە سولەیمانی پێشنیاری ئەوە دەکات کە زۆر گرنگە مشتومڕەکانی سەردەمی کۆتایی‌یەکانی خەلافەتی عوسمانی بخرێنە ناو چوارچێوەی مێژوویی خۆیانەوە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ناسیونالیزمی تورکی و غەیری

تورک چـــۆن لـــه چوارچێـــوەی گوتاری دینیـــدا لە بەرانبـــەر یەک وەســـتاونەوە. دەرئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـەی سـولەیمانی نـەک هـەر ئالنگاریـی هەندێـک لـەو گریمانە بـاوەکان دەکات کـە لـە زانسـتی مێـژووی عوسـمانیدا هـەن؛ بەڵکـوو ڕێبازێکـی نـوێ بۆ پەیوەندیـی نێـوان بیری ئیسـلامیی مۆدێرن و ناسـیۆنالیزم و تەنانەت تێگەیشـتن لە گوتاری مێژوویـی مودێرنـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش پێشـکەش دەکات. بۆ ئەو کارەش، سولەیمانی بـە هێنانی چەمکـی دەربڕینی ناسیونالیسـتی (Nationalist Utterance)، نیشـانی داوە کـە بیرکردنـەوە لـە ناسـیۆنالیزم وەک گرێبەسـتێکی مۆدێرن، بە مانا ئاستینییەکەی (Austinan)، یارمەتیدەرمانە بۆ تێگەیشـتن لـە ناسـیۆنالیزمی دینـی یـان ئەگـەری تێکەڵبوونی ناسـیۆنالیزم لەگـەڵ بیری ئایینی. نووسـەر جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە ئەگـەر بتوانیـن بیرۆکـەی گرێبەسـت (بـەو مانایەی فەیلەسـووفی ئینگلیسـی جەی. ئێڵ. ئاسـتین بـەکاری دەهێنێت) فراوانتـر بکەین، دەتوانین مانایەکی باشـتر لە هەندێـک گوتەی ئایینی- ناسیۆنالیسـتی لـە مێـژووی مۆدێرنـی جیهان ئیسـلام و موسڵمان هەڵگرێنین. بەو مانایە کە ئەگـەر ناسـیۆنالیزم ڕێککەوتـن (contract) یێکـی کۆمەڵایەتـی بێـت کـە بەپێـی ئـەو 'کۆمەڵگەیەکـی خەیاڵـی' مافی ئەوەی هەبێت 'بابەتـی نەتەوەیی و بابەتی سیاسـی' بکات بە یـەک، ئـەوە هـەر گوتنێـک یـان دەربڕینێک بـەم مەبەسـتە ناسیۆنالیسـتییەیە. بـە پشتبەسـتن بـە ڕێککەوتنێکـی لـەو شـێوەیە، خۆئاماژەکاریـی (self-referentiality) کۆمەڵایەتـی لـە خۆیـدا (لانیکـەم لـە بـواری تیۆریکـەوە) زەمینەیەکـی ڕەوا بـۆ داواکارییـە سیاسـییە کۆمەڵایەتییـەکان سـاز دەکات و مەشـروعییەت بـە 'بانگەشـەکانی خۆسـەروەریی بەکۆمەڵی' نەتەوە دەبەخشێت. سـولەیمانی جەخـت لـەوە دەکاتەوە کە هەر گوتەیەکی (یـان دەربڕینێکی) ئایینی یان غەیری ئایینی کە مافـە کۆمەڵییەکان بـە خۆئاماژەکارییـە کۆمەڵایەتییەکانەوە (collective self-referentiality) ببەسـتێتەوە، مۆدێرن و ناسیۆنالیسـتییە و لە چوارچێوەی "پارادایمی ناسـیۆنالیزم"دا ڕوو دەدات. بۆیـە دەتوانیـن بانگەشـەی ئـەوە بکەین کـە مێژووی ناسـیۆنالیزمە ڕکەبەرەکانـی مسـوڵمانان، تەمەنی درێژە و بـۆ پێش جەنگـی یەکەمـی جیهانی دەگەڕێتەوە. لێـرەدا کەماڵ سـولەیمانی لە ڕێگـەی بـە ناوەندکردنی ئـەو ڕۆڵە سـەرەکی و بنەڕەتییـەی کـە ئایین لە سـەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوەدا بینیویەتی، ئـەو ئیپیسـتمۆلۆژییە بنەڕەتییانـەی کە بنەمـای دەوڵەت-نەتەوە بە شـێوەیەکی زاتی بە سـێکوالر دادەنێـن، دەخاتە ژێر پرسـیار. لێکۆڵینەوەکانی سـولەیمانی لە چوارچێـوەی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانیدا، جیاوازییەکانـی نێوان ڕاڤەی ئیسـلام لە ناوەند و تێگەیشـتنە جۆراوجۆرەکانی ئیسلام لە پەراوێزی ئیمپراتوریـدا دەخاتە ڕوو. ئەو دەیسـەلمێنێ کە ڕاڤە و تێگەیشـتنەکان لە ئیسـلام بـە شـێوەیەکی زۆر گونجاو لەگەڵ ناسـیۆنالیزم نـۆژەن دەکرێنەوە و گۆڕانکاریان بەسـەردا دێت. سـولەیمانی دەڵێ دەخـات کە ڕاڤەی دینی مسـوڵمانە عەرەب، کـورد و تورکەکان لە ئیسـلامی خۆیان و بە 'ڕەسـەن'زانینی ئیسلامەکەیان بەگرێدراویـی بـاوەڕ بـە ئەفزلییـەت و خۆگەورەبینیـی ئێتنیکـی (ethnic superiority)' هەرکام لەم گرووپانە بووە. سـولەیمانی کە شـارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی، تورکیی نوێ، تورکیی عوسـمانی، کـوردی (هەردوو شـێوەزاری سـۆرانی و کرمانجی)، فارسـی، و زمانـی ئینگلیزی هەیە لـە نزیکەوە لە تۆمارە ئەرشـیڤەکانی بەریتانیـا، تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسـمانی، گۆڤارەکانی عوسـمانی و سـەرچاوە دەستە یەکەمەکانـی دیکە بـە زمانەکانی عەرەبی و کوردی (هـەردوو شـێوەزاری کرمانجی و سـۆرانی)، فارسـی و تورکیی مۆدێرن، لەژێر ڕۆشـنایی تیۆرییەکانی ناسـیۆنالیزم و لێکۆڵینـەوەی مێژوویی و شـیکردنەوەی

هەوڵادەی نێت

ڕەخنەیی گوتاری کۆڵیوەتەوە. لە بنەڕەتدا کارەکەی سوڵەیمانی، کارێکی نێوان بواریی (interdisciplinary) کە ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی مێژوو، سیاسەت، ئیسلام و ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە گرێ دەدات. سوڵەیمانی لە بەرانبەر ئەو ئارگیومێنتانەدا کە پێی وایە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی تەواو عەلمانیی (سیکۆلارە) و ڕۆڵی ئایین لەبەرچاو ناگرن، دەڵێت ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای چەمکێکی جەوهەرگەرایی ئایین وەک شتێکی نەریتی و نەگۆڕ دامەزراوە. لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە مێژووی بەتورکیکردن (Turkification) لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، پەردە لەسەر ناسیۆنالیزمی دینیی عوسمانی وەکوو نموونەیەک لە ناسیۆنالیزمی فەرمی کە بەتایبەتی لە ڕێگەی بیرۆکراسی و دامەزراوە پەروەردەییەکان و بواری زمانیدا، هەڵدەداتەوە. نوسەر نیشانی دەدات کە سیاسەتی فەرمیی عوسمانی بریتی بووە لە پرۆپاگەندە و تەبلیغی ئیسلامێکی بەئتنیکی کراوی تورکی بۆ ئاسمیلەکردنی موسڵمانانی غەیرەتورک و بەکارهێنانی زمانی تورکیش بۆ ئاسمیلەکردنی موسڵمان و غەیرە موسڵمانان. هەروەها، سوڵەیمانی ئەوە نیشان دەدات کە پان ئیسلامیزم (ئیتحادی ئیسلام) کە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بڵاو بووەوە و دەوڵەتی عوسمانی پەرەی پێ دەدا، نەیتوانی ڕێگری لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمە جۆراجۆرەکانی غەیرەتورکی بکات و بەبێ ئەوەی ئەو ناسیۆنالیزمانەش زەرووڕەتەن سیکۆلار بن. بۆیە ئەو باس لە مشتومڕە مێژوویی‌یەکانی ناو موسڵمانان لەسەر چەمکی خەلافەت (حوکمڕانی 'ئیسلامی' و جێنشینیی سیاسی بەتایبەت دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی) دەکات و نیشانی دەدات کە ناتوانین لە چەمکە بنەمایی‌یە ئیسلامییەکانی وەک خەلافەت بە شێوەیەکی مانادار تێ بگەن، بەبێ ئەوەی پێوەندیی ئەو جۆرە چەمکانە لەگەڵ کات و شوێنی دیاریکراویاندا لێکیان بدەینەوە. بۆ ئەم باسە، سوڵەیمانی ئاور لە دەزگای خەلافەت دەداتەوە و دەڵێت دامەزراندنی دەزگای خەلافەت تەنانەت حوکمی دینی یوونیقێرسالّ نەبووە، بەڵکوو تەرکیزکردن لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڕکابەریی خێڵەکی و کۆمەڵایەتی بووە. خەلافەت- چ وەکوو چەمکێک و چ وەکوو دامەزراوەیەکی سیاسی-باوەڕی، گۆڕانکاریی مێژوویی جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە. لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسیی هاوچەرخ و بە هاتنەگۆڕی چەمکی خەلافەت زۆرجار پێویستی بە پێناسەکردنەوەی چەمکەکە هەبووە. سوڵەیمانی بە نیشاندانی ئەوەی کە چۆن زیندووکردنەوەی سیاسەتی خەلافەت پەیوەندییەکی نزیکی بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و بیستەمدا هەبووە، ئالنگاریی گریمانە باوەکان دەکات کە پێیان وایە لە کۆتایی‌یەکانی سەردەمی عوسمانیدا ئیسلام بەربەست بووە لەبەردەم خۆئاگاییی نەتەوەیی. نووسەر بۆ پشتگیریی باسە تیۆرییەکەی، لە نزیکەوە لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی و گۆڤار و تێزێنەوەکانی عوسمانی و ئەدەبیاتی هاوچەرخ لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەکۆڵێتەوە. ئەو بەوردی چوارچێوەی مێژوویی دانپێدانانی دەستووریی زمانی تورکی وەک زمانی فەرمیی عوسمانی لە بەستێنی مێژوویی خۆیدا لێک دەداتەوە. سوڵەیمانی نیشانی دەدات کە دەوڵەتی عوسمانی چۆن تورکایەتی، و ئەو بەهایەی کە دەوڵەت بە زمانی تورکی و گشتگیربوونی لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتدا دەیبەستێتەوە،


وەک چەمکێک ساز دەکات. بۆ ئەو کارە نووسەر نزیکەی سەدەیەک (١٨٤٠ تا ١٩٢٠) بەڵگەی دەوڵەتی عوسمان سەبارەت بە وشەی تورک، تورکی وعوسمانی شەنوکەو دەکات و هەوڵ دەدات کە دنیابینیی پشت بەڵگەکان بۆ خوێنەر روون بکاتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەڵگەنامانە بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی باس لەوە بکات کە ئیسلامی عوسمانی لە هەمان کاتدا هەم وەدەرنەر (Exclusionary) و هەم گشتگیر (Universalist) بووە. بەو مانایە ئیسلامی کە عوسمانی ئیسلامی غەیرە تورکی بە هەڕەشە و بە هێمای دواکەوتوویی زانیوە، لە هەمان کاتیشدا لە گوتاری هاوبەشی ئیسلامی بۆ ئاسیمیلەکردن و بەکارهێنانی موسڵمانانی غەیرە تورک دژ بە دەوڵەت ئوروپاییەکان کەڵکی وەرگرتووە. لەگەڵ چڕبوونەوەی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بەتورکیکردنی زمان و بیرۆکراسیی دەوڵەت، ئیسلامی عوسمانی تا دێت وەدرەنەرتر دەبێت. بۆیە سولەیمانی دەڵێت بیرۆکەی یەکێتیی ئیسلامی، یان پان-ئیسلامیزم، دەبێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی و لەم تێروانینە دووانەیەی نوخبەکان لە ئیسلامدا تێ بگەین. هەروەها نووسەر گرنگی بە هەندێک حاڵەتی مێژوویی مێژووی کورد دەدات و بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوە لەسەر نووسراوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (سەرکردەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ی کورد)، سەعید نورسی و شۆرشی شێخ سەعیدی پیران دەکات. نووسەر پێی وایە نووسینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردین. دیارە شێخ عوبەیدوڵڵا بە تامەزرۆییەوە بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا دەگەڕا. شێخ عوبەیدوڵڵا، دەوڵەتی وەک ئامراز و دەزگایەک بۆ گۆڕانکاری سەیر دەکرد کە ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت و پشتگوێ بخرێت. بۆیە، سولەیمانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت جێگەیەکی ناوەندی لە پڕۆژەی ئایینی-سیاسی شێخ عوبەیدوڵڵادا—وەکوو یەکەم شۆڕشی ناسیونالیستیی کورد— هەبووە و شێخ بەهایەکی زۆری بە ڕۆڵی دەوڵەت لە پەروەردەکردنی هاووڵاتییانیدا دەدا. کتێبەکەی کەماڵ سولەیمانی کتێبێکی گرینگە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناسیۆنالیزمی کوردی. ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم پەرتووکە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی کوردییەوە هەبێت. لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا، دوو ڕوانگەی سەرەکی سەبارەت بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە. یەکەمیان، بە جۆرێک لە جۆرەکان بە چاویلکەیەکی تیۆریی پرایمۆردیاڵ (ئەزلی) سەیری ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات. ئەم ڕوانگەیە پێی وایە ناسیۆنالیزمی کوردی ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ سەردەمی پێش مۆدێرن و تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمیش، دەگەڕێتەوە. ڕوانگەی دووهەمیش، پێی وایە ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکرداری ناسیۆنالیزمی ئەویدیکەی کوردە و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی سەرهەڵدەدات. سولەیمانی بە پێچەوانەی هەردوو ڕوانگەکە، بە دروستی پێشانی دەدات کە مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. سولەیمانی بەوردی بەڵگەنامەکان شی دەکاتەوە و، پێشنیاری ئەوە دەکات کە پڕۆژەی ئایینی-سیاسیی شێخ عوبەیدوڵڵا دەکرێ وەک خاڵی دەستپێکی ناسیۆنالیزمی کوردی بەتایبەت و، ناسیۆنالیزم لە جیهانی ئیسلامدا بەگشتی، سەیر بکرێت. وێرای خوێندنەوەیەکی نوێ لە

هەوڵادەی کتێب

مێـــژووی کـــورد و هێنانە ژێر پرســـیاری مێژوونووســـیی ڕۆژئاوایی و مێژووســـازیی دەوڵەتگەرایانـــەی ئەویتـــری کـــورد، بە هێنانەئارای خۆتێگەیشـــتنی کورد لە خۆی و لـــە مێژوویەکـــەی، ســـوڵەیمانی بکەری مێژوویـــی کورد بـــە ڕوونـــی دەنوێنێتەوە. بەم شێوەیە ســـووژە و ئۆبژەی لێکۆڵینەوەی کوردی هەم لەبـــاری مەعریفییەوە و، هەم لەباری میســـداقییەوە، دەبێتـــە کورد. جگە لەوەیش، ســـوڵەیمانی هەوڵ دەدات: ١. بە خســـتنەڕووی کاریگەریـــی ڕاڤـــەی دینی لەسەر ناســـیۆنالیزم، ئەوە بســـەلمێنێ کە ڕاڤەی دینی بەئاســـانی ئیمکانـــی دابڕانی لە ڕاڤـــە و ڕوانگەی ناسیۆنالیســـتی نییە. لـــە ســـەردەمی مۆدێرندا بە شـــێوەیەکی زۆر جیـــددی ســـنووڕە دینی و ســـنووڕە نەتەوەییـــەکان یـــەک دەگرنـــەوە. ئەوە بەتایبەت بـــۆ نەتەوە خـــاوەن دەوڵەتەکان ڕاستییەکی حاشـــاهەڵنەگرە. دەوڵەت-نەتەوە ڕێگە بـــە هیـــچ پەیوەندییەکـــی دینی و غەیرەدینـــی لـــە دەرەوەی یاســـای خۆی نـــادا و بە پێی تێگەیشـــتنی ســـوڵەیمانی هەمـــوو پەیوەندییەکی دینیـــی مودێرن لە یاسای دەوڵەت-نەتەوەدا ســـنووردار کراوە. بۆیە هاوســـۆزی لەگەڵ موسڵمانی دەرەوەی ســـنووری سیاســـیی دەوڵەت-نەتـــەوە، بەتایبـــەت ئەگـــەر لەگـــەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەییـــدا گونجـــاو نەبێـــت، خەیانەتی نیشـــتمانی ئەژمـــار دەکرێـــت. ئەگـــەر موســـڵمانێکی ســـوننەی ئێرانی پەیوەندی لەگـــەڵ دەوڵەتێکـــی ســـوننەی عەرەبی هەبێـــت، ئەگـــەری زۆری هەیـــە ئیعدام بکرێت. ٢. وێـــڕای ئەو لایەنـــە تیۆریکانە، ســـوڵەیمانی بە لێکۆڵینەوەیەکـــی زۆر لە ئەرشـــیڤەکاندا، نیشـــانی دەدات کە بەڵگە مێژوویی‌یەکانی نزیک ١٥٠ ســـاڵی ڕابردوو دەیســـەلمێنن کـــە هەوڵـــی بەئیتنیکی و بەنەتەوەیـــی کردنی بـــاوەڕ و ڕاڤەی دینی، بە پێـــی ڕەوتـــی دەوڵەت-نەتەوەســـازی، ڕۆژبەڕۆژ لە گەشە¬ســـەندنی زۆرتردا بووە. ٣. هەروەها، نووســـەر بە کەڵـــک وەرگرتن لە تیۆرییـــە زمانییـــەکان، پێرفۆرماتیویتی و کردە-زمـــان و بـــە داهێنانـــی چەمکی "دەربڕینـــی ناسیۆنالیســـتی"، یارمەتیـــی مێژووناســـەکان دەدات کـــە بەبـــێ لەبەر دەســـتدابوونی بەڵگـــەی زۆری مێژوویی، دەکـــرێ مێژوونووس "دەربڕیـــن" و بەیانی ناسیۆنالیســـتی لـــە مێـــژووی مودێرنـــدا ببینێتەوە. بەو شـــێوەیە و لە ڕێگەی چەند بەڵگە و نووســـینەوە، مێژوونـــووس دەتوانێ بڕیـــار بدات کـــە ئایا کەســـایەتییەک یان بزووتنەوەیـــەک لـــە دواییـــن دەیەکانی ســـەدەی نۆزدەوە تـــا ئێســـتا، "دەربڕینی ناسیۆنالیســـتی" لە وتە و نووســـینەکانیدا بـــەدی دەکرێـــت یـــان نـــا، هـــەر بەو پێـــوەرەش دەتوانـــێ بڕیـــار بـــدات کە ئایـــا ئەوانە ناسیۆنالیســـت بـــوون یان نا؟

ئەریک فرۆم
بیرمەند و دەروونشیکار

ئازاد بەرزنجی



هەوالنامەی کتێب

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوا، یەکێک لە کتێبەکانی «ئەریک فرۆم»م بۆ کوردی وەرگێڕا، واتە کتێبی «بە ناوی ژیانەوە»، کە دەکرێ بڵێین پوختەی بیروبۆچوونەکانی فرۆمە و وێنایەکی گشتی بەدەست خوێنەرەوە دەدات، بەڵام وێڕای ئەمەش، ئاشکرایە کە هیچ پوختەیەک لە توانایدا نییە تەواوی بیروبۆچوونەکانی بیرمەندێک یان فەیلەسوفێکمان بۆ بخاتەڕوو. بۆیە ئەمە وای لێ کردم جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ سەر نووسینەکانی فرۆم، کە بە ڕاستی خوێندنەوەی بۆ هەموو خوێنەرێکی کورد بە پێویست دەزانم، چونکە بیرمەند و دەروونشیکارێکە زۆر بە وردی دۆخ و حاڵەتەکانی مرۆڤی هاوچەرخمان بۆ شی دەکاتەوە و دید و ڕوانینێکی نوێمان بۆ ژیان و بوون پێ دەبەخشێت. ئەریک (یان ئێریک) فرۆم ساڵی ١٩٠٠ لە خێزانێکی جوولەکەدا هاتووەتە دنیاوە، تاقانەی دایک و باوکی بووە و حەزیان کردووە ببێت بە حاخام. بۆیە لە تەمەنی سێانزە ساڵییەوە دەستی بە خوێندنی تەلموود کرد و ئەم خوێندنەی چوارە ساڵێکی خایاند، بەڵام لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا دەستبەرداری بیرکردنەوەی دینی بوو و ڕەتی کردەوە، چونکە هەستی کرد پڕە لە ناودژێتی، گەرچی کاریگەریی هەر بەسەرەوە ما. دواتر فرۆم لە زانکۆی هایدڵبێرگ کۆمەڵناسیی خوێند و دیپلۆمی تێدا بەدەست هێنا، لە ساڵی ١٩٣٥دا لە پەیمانگەی دەروونشیکاریی بەرلین خوێندنی دەروونشیکاری تەواو کرد، ئینجا لە پەیمانگەی فرانکفۆرت بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەستی بە کار کرد. هەروەها دوکتۆرای لە فەلسەفەدا هێنا. لە ساڵی ١٩٣٩دا لە قوتابخانەی فرانکفۆرت جیا دەبێتەوە، دوای ئەوەی نازییەکان لە ئەڵمانیا دەسەڵاتیان گرتەدەست، فرۆم بەرەو جنێف ڕۆیشت، لەوێشەوە چوو بۆ زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیویۆرک. لە ساڵی ١٩٤٥دا لقی کۆلێجی دەروونپزشکی لە واشنتۆن کردەوە و پاشتریش پەیمانگەی ولیەم ئالانسۆن. لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٦١، لە زانکۆی ویلایەتی میشیگان ماموستای دەروونناسی بوو. ساڵی ١٩٧٤ چوو بۆ سویسرا و لەوێ مایەوە تا لە ساڵی ١٩٨٠دا کۆچی دوایی کرد. هەڵبەتە ئەریک فرۆم بە تەنها دەروونشیکارێک نەبووە کە لە نەخۆشییەکانی تاک و کۆمەڵگەی کۆڵیبێتەوە، بگرە ئەو بیرمەندێکی گەورەش بووە، بیرمەندێکی شارەزا لە ئەنترۆپۆلۆجیا، کۆمەڵناسی، ئابووری، سیاسەت، ئاییەن و هونەر و هتد...دا. هەروەها ئەو بیرمەندێکی مرۆگەرا، هیومانیست (Humanist) بووە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاقاری هیومانیزم لە سەدەی بیست و دواتریشدا هەبووە. بێگومان بۆ تێگەیشتی زیاتر لە جیهانبینیی ئەریک فرۆم و لە تێزەکانی، پێویستە خوێنەر بزانێت ئەو کاریگەرییە فەلسەفی و زانستییانە و ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانەی کێ بوون کە ڕۆڵیان لە فۆرمولەکردنی هەزر و جیهانبینیی فرۆمدا هەبووە و ئەو کاریگەرییەش لە چ ڕوویەکەوە بووە. بەر لە هەموو شتێک، وەک ئاماژەشمان بۆ کرد، فرۆم بە منداڵی لە ژینگەیەکی ئاییندا ژیاوە. بۆیە یەکێک لەو کتێبانەی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەری هەبووە، پەیمانی کۆن، یان با بڵێین تەورات بووە، هەر ئەمەش وای کردووە زۆر جار نموونە لە پەیمانی کۆن و پێغەمبەرانی ڕۆژگاری دێرین بهێنێتەوە. بەڵام لەو بیرمەندە و فەیلەسوفانەی زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ئەریک فرۆم هەبووە، فرۆید و مارکس بوون، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین فرۆم مارکسیستێکی فرۆیدی بووە، گەرچی ئەو ڕەخنەی لە هەردووکیان گرتووە،

بـــەڵام ئەوە ڕاســـتییەکی بەڵگەنەویســـتە کـــە تیۆرییە ڕەخنەییەکـــەی ئەریک فرۆم، ئاوێتەیەکـــە لە تیۆریی فرۆیـــدی و تیۆریی مارکســـی. با ســـەرەتا لە کاریگەرییەکانی مارکســـەوە دەســـت پـــێ بکەیـــن.

فرۆم و مارکس

فـــرۆم وا ســـەیری مارکـــس دەکات کە هـــەم هەڵگـــری میراتی ڕۆشـــنگەرییە و هـــەم داڕێـــژەری تیۆرییەکـــی نوێیە بۆ مـــرۆڤ و کۆمەڵگـــە. بـــە لای فرۆمەوە، لایەنـــە هیومانیســـتییەکەی مارکـــس کەمتر جێـــی بایەخـــی شـــرۆڤەکەرانی بووە، لـــە کاتێکدا بـــە لای ئـــەوەوە، ئەو لایەنە ســـیمای ڕاســـتەقینەی مارکســـە. بۆ ســـەلماندنی ئەم بۆچوونەشـــی، پشـــت بە کتێبـــی ‹›دەستنووســـە ئابـــووری و فەلســـەفییەکان‹‹ی مارکس دەبەســـتێت، واتە مارکســـی لاو. مارکس گەرچی جەخت لەسەر کاریگەریی بـــارودۆخی ئـــابووری و پەیوەندییـــە ئابووریەکان لەســـەر مرۆڤ دەکاتەوە، بـــەڵام باوەڕی وایـــە کە مرۆڤ کاتێـــک دەتوانێ خۆی و جیهـــان بگۆڕێت کە لـــە نەزانیـــن و وەهـــم ڕزگاری ببێت و هۆشـــیاریی بـــە خـــۆی و بـــە جیهان لا دروســـت ببێت. ئـــەم هۆشـــیارییەش لـــە ڕێـــی ئەقـــڵ، گومـــان، بیرکردنەوە و ئەزموونـــی ژیانـــەوە فەراهـــەم دەبێت. بۆیە ئـــەو هۆشـــیارییە، هۆشـــیارییەکی پەیوەســـتە بە ژیانـــەوە. ئـــەم تێڕوانینەی مارکـــس جێبایەخـــی فـــرۆم بـــووە و لە زۆربەی نووســـینەکانیدا ڕەنگـــی داوەتەوە. خاڵێکـــی تـــر ئەوەیە کە مارکـــس باوەڕی وابوو مرۆڤ بـــەردەوام لەژێـــر کاریگەریی بارودۆخـــە مێژوویـــی و کۆمەڵایەتـــی و کولتوورییەکاندایـــە، سروشـــتی مرۆڤ لە گۆڕاندایـــە و شـــتێک نییە پێـــی بوترێ سروشـــت یان جەوهەرێکـــی مرۆیی نەگۆڕ. هـــەر لەم ڕەوتە مێژووییەشـــدایە کە مرۆڤ پەرە بە توانـــا و کارامەیی خـــۆی دەدات؛ بـــە مانایەکـــی دی، مرۆڤ خـــۆی چەند لەژێـــر کاریگەریـــی ڕووداوە مێژوویییەکان و هەلومەرجـــە ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی و سیاســـییەکاندایە، بـــە هەمان شـــێوە، ئەمیش کاریگەریی لەســـەر ئـــەو ڕووداو و هەلومەرجانـــە هەیـــە و دەیانگۆڕێت، واتە مێژوو چەند ئەم دروســـت دەکات، ئەمیش بە هەمان شـــێوە، مێژوو دروســـت دەکات. ئەم بۆچوونـــەش جێباوەڕی فـــرۆم بوو، لە کاتێکدا لای هەندێ فەیلەســـووفی پێشین و لـــە هەنـــدێ تیۆریدا جەخت لەســـەر نەگۆڕیی «سروشـــتی مرۆیـــی» دەکرایەوە، بەڵام ئەریک فرۆم لە ڕێـــی کاریگەریبوونی بـــە مارکســـەوە، گومانـــی بەرانبـــەر بەو بۆچوونە فەلســـەفییانە و ئـــەو تیۆرییانە لا دروســـت بوو و باوەڕی وابوو کە شـــتێک نییە پێـــی بگوترێ «سروشـــتێکی مرۆیی نەگـــۆڕ»، بەم پێیە، مرۆڤ گەرچی ســـەرەتا بوونەوەرێـــک بـــووە وابەســـتە و گرێدراو بـــە سروشـــتەوە، بەڵام کاتێـــک وردەوردە هۆشـــیاریی لا دروســـت دەبێت، دەتوانێت بەســـەر سروشـــتدا زاڵ بێت و سەربەخۆیی خـــۆی لە سروشـــت بە دەســـت بهێنێت. فرۆم لـــە کتێبی «مـــرۆڤ لـــە ڕوانگەی مارکســـەوە»دا دەیەوێت جەخت لەســـەر وێنـــە هیومانیســـتییەکەی مارکس بکاتەوە و دژ بەوانـــە بوســـتێتەوە کـــە مارکس وەک ئایدۆلۆژیســـتێک پیشـــان دەدەن، گوایـــە فەلســـەفەکەی چ نییـــە جگە لە ئایدیۆلۆژیایەکـــی ماددی کـــە گرنگترین فاکتەر بـــە لایـــەوە، فاکتـــەری هەوڵ و تەقەللایە بۆ ســـوودی مـــاددی، یان ئەوەی کـــە مارکس دژ بـــە تـــاک و ئازادیی تاک و ئاقـــارە ڕۆحییەکانـــە، بۆیە لـــە وەڵامی ئەوانەدا فرۆم پێ لەســـەر ئـــەوە دادەگرێت کە ئامانجـــی مارکـــس ئازادکردنی مرۆڤ بووە لە کـــۆت و زنجیـــرە ئابووریەکان و گەرانـــەوەی ئازادیی و ســـەربەخۆیی بۆی و دروســـتکردنەوەی پەیوەندییەکی ساغڵەم لەگـــەڵ مرۆڤەکانی تر و لەگەڵ سروشـــتدا. تـــا ئێـــرە، فـــرۆم بەرگـــری لـــە تێز و بۆچوونەکانـــی مارکـــس دەکات، بـــەڵام

هـــەر بەوەوە ناوەســـتێت و دواتر دەســـت بـــە ڕەخنەکانـــی خـــۆی دەکات. بە لای فرۆمـــەوە، مارکـــس لـــەوەدا شکســـتی هێناوە کـــە نەیتوانـــی پێشـــبینیی ئەوە بـــکات ســـەرمایەداری تـــا چ ڕادەیـــەک دەتوانێت پـــەرە بە خۆی بـــدات، هەروەها پێشـــبینیی مەترســـییەکانی بیرۆکراسی و بەمەرکەزیکردنی دەوڵەت و ئابووریی نەکرد. پاشـــان فـــرۆم جەخـــت لەســـەر ئەوە دەکاتـــەوە کـــە مارکســـیزم کاریگەریی فاکتـــەرە نائابوورییەکانـــی لەســـەر مرۆڤ فەرامـــۆش کـــردووە، بـــە تایبەتییـــش فاکتـــەرە ســـایکۆلۆژییەکان و فاکتـــەری ئابووری کـــردووە بە تـــەوەری بایەخدانی. هەروەهـــا فـــرۆم ڕەخنە لە گەشـــبینییە ســـادەکەی مارکـــس دەگرێـــت کـــە پشتئەســـتوورە بـــە باوەڕی بە زانســـت و پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆژیا، لەم ڕووەشـــەوە وای دەبینێـــت کـــە مارکـــس و ئینگێڵس زۆر لەژێـــر کاریگەریـــی نەریتـــی چینی بوورژوادا بـــوون. هەروەها لـــەو ڕەخنانەی تر کـــە فـــرۆم لـــە مارکســـی دەگرتن، باوەڕی مارکســـە بـــەوەی کـــە هاتنەدیی سۆسیالیزم شـــتێکی حەتمییە و پەیوەستە بە کاتـــەوە. پاشـــان ئەوەی کـــە مارکس بایەخی بـــە ڕەهەندی ئەخلاقـــی نەداوە و ڕەهەنـــدی ئابووری چەقـــی تێزەکەی بووە.

فرۆم و تیۆرییەکەی فرۆید

کەس ناتوانێت نکۆڵی لە کەشفە گەورەکەی فرۆید بـــکات، واتە کەشـــفی بۆ نەســـت (لاشـــعور_unconsciousness)، تەنانـــەت نەیارەکانیشـــی. فـــرۆم ئەمـــە نـــاو دەنێـــت بـــە دۆزینـــەوەیـــەکی مـــەزن و فـــرۆیـــد بـــە میراتگـــری بزاڤـــی ڕۆشـــنگەری لـــە قەڵـــەم دەدات. «نەســـت» ئـــەو بەشـــە نەبینراوەیـــە لە کاراکتـــەری مرۆڤـــدا کـــە لـــە منداڵیدا ئارەزووە (سێکســـی)یەکان و ڕووداوە ناخۆشە چەپێنراوەکانـــی تێدا خەفـــە دەبن و دواتر لە کاتی تـــردا لە ڕەفتـــاری مرۆڤدا خۆیان دەخەنـــەوەڕوو. هەر ئـــەم چەپاندنە دەبێتە مایەی چەندین نەخۆشـــی و گرێی دەروونی. بـــە لای فرۆیـــدەوە، مرۆڤ تا بـــە تەواوی بە نەســـتی خۆی ئاشـــنا نەبێـــت و گرێ و نەخۆشـــییەکانی خـــۆی نەناســـێت و بەســـەریاندا زاڵ نەبێت، ڕەفتارێکی ســـاغی نابێـــت. بۆیە مـــرۆڤ تا خۆی لـــەو گرێ و نەخۆشـــییانە ڕزگار نەکات، ئـــازاد نابێت. دەبینیـــن فـــرۆم لـــە کاتێکـــدا ڕەهەندە هیومانیســـتییەکەی مارکـــس لـــەوەدا دەبینێتـــەوە کـــە هـــەوڵ دەدات مرۆڤ لـــە کۆتـــە ئابوورییەکان ئازاد بـــکات، وای دەبینێـــت فرۆیدیش هـــەوڵ دەدات مرۆڤ لـــە کۆتەکانـــی نەســـتی ئـــازاد بکات. تێزێکـــی تـــر لـــەو تێزانـــەی فرۆید کە کاریگەریـــی لەســـەر فـــرۆم هەبـــووە، تێـــزی لیبیـــدۆ Libido بوو، کـــە فرۆم بـــە غەریزەکانـــی ژیـــان نـــاوی دەبات. هەروەهـــا ئـــەوەی فرۆید نـــاوی دەنێت ئیـــرۆس و ســـاناتۆس، فـــرۆم نـــاوی دەنێـــت ژیاندۆســـتی و مەرگدۆســـتی. وەک وتمـــان، گەرچـــی فـــرۆم فرۆید بە زانـــا و بیرمەندێکـــی مـــەزن دەزانێـــت کـــە توانیویەتـــی گۆڕانکارییەکـــی گەورە لـــە بـــواری دەروونشـــیکارییدا بهێنێتـــە دی، بـــەڵام ئەویـــش وەک مارکـــس دەخاتـــە بـــەر نەشـــتەری ڕەخنەکانـــی. یەکێـــک لـــە ڕەخنەکانی فرۆم لـــە فرۆید ئەوەیـــە کـــە بەگوێـــرەی تیۆرییەکـــەی فرۆیـــد، مـــرۆڤ بـــە چارەنووســـێکی فیزیۆلـــۆژی و ســـایکۆلۆژی مەحکوومە و هەر لـــە منداڵییـــەوە ئەو چارەنووســـەی دیـــاری دەکرێـــت و بایەخ بـــە فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و فەرهەنگییەکان لەســـەر هۆشـــیاری و کاراکتـــەری مرۆڤ نـــادرێ، لـــە کاتێکـــدا ئـــەو فاکتەرانە لە دیاریکردنـــی کاراکتـــەر، هۆشـــیاری، ڕەفتـــاری مرۆڤـــەکان، کاردانـــەوەکان و هەڵبژاردنەکانیانـــدا ڕۆڵـــی خۆیـــان هەیە. پاشـــان تیۆرییەکـــەی فرۆیـــد نەیتوانیوە وەک تیۆرییەکـــی ڕەخنەیـــی بـــەردەوام

بێت و ڕۆڵی کاریگەر ببینێت و، گۆڕا بۆ تیۆرییەکی دۆگماتیکی داخراو و زۆربەی دەروونشیکارەکان لە بازنەیەکی داخراودا دەخولانەوە. بەمەش تیۆریی دەروونشیکاریی فرۆید ڕۆڵی گۆڕانکارانەی خۆی لە دەست دا. لە کاتێکدا فرۆم خەونی بە تیۆرییەکی دەروونشیکاریانەی ڕەخنەگرانەوە دەبینی کە ئامانجەکەی دیاریکردنی نەخۆشییەکانی تاک و کۆمەڵگە بێت و پاشانیش پێشنیازکردنی چارەسەری ڕیشەیی گونجاو بۆ ئەو نەخۆشییانە. بەڵام تیۆریی فرۆیدی، بە باوەڕی فرۆم، بەو شێوە دۆگماتیک و وەستاوەوە، کەوتە خزمەت تێزە پاشکەوتوو و دەسەڵاتە سیاسییە(کۆنەپارێزەکان) موحافەزەکارەکانەوە. لە کاتێکدا دەبێ تیۆریی دەروونشیکاری، ڕۆڵی لە گۆڕین و پەرەدان بە هۆشیاریی ڕەخنەییدا هەبێت. هەموو ئەمانە وایان لە تیۆریی دەروونشیکاریی فرۆیدی کرد تووشی قەیران بێت (فرۆم خۆی کتێبێکی لەو بارەیەوە بە ناوی «قەیرانی دەروونشیکاری» نووسیوە). بەو جۆرە، دەروونشیکاری بە دەوری تاکدا دەخولایەوە، کۆمەڵگە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەفەڕۆز دەکرد و لە شیکاریدا بۆ حاڵەتە سایکۆلۆژییەکان، بە تەنها جەختی لەسەر فاکتەری «چەپاندنی سێکسی» دەکردەوە.

مرۆڤ لە ڕوانگەی «فرۆم»ەوە

هەڵبەتە تەوەری بایەخپێدانی دەروونشیکاری، مرۆڤ و دەروون و دۆخە سایکۆلۆژییەکانییەتی، بەڵام لەم ڕووەشەوە ڕوانینی دەروونشیکارێک لە دەروونشیکارێکی تر جیاوازە. فرۆم لە گەڵێ شوێندا دەیەوێ لەسەر ماهییەتی مرۆڤ بدوێت و پێمان بڵێت کە مرۆڤ کێیە. لە دیدگای فرۆمەوە، هەرچەندە مرۆڤیش وەک هەر گیانەوەرێکی تر لە بوونەوەری زیندوو دێتە دنیاوە، دەخوات و گەشە دەکات، وەچەی چەشنی خۆی دەخاتەوە و پاشانیش دەمرێت، بەڵام لە کاتێکدا هەموو گیانەوەر و زیندەوەرەکان ملکەچی غەریزەکانیانن و ئەو گیانەوەرانەی پەرەسەندووترن، کەمتر ملکەچی ئەو غەریزانەن، ئەوا مرۆڤ لە توانایدایە جڵەوی غەریزەکانی خۆی بکات و ئاراستەیان بکات. لە کاتێکدا گیانەوەرەکان و زیندەوەرەکانی تر هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ خۆیان لەگەڵ سروشتدا بگونجێنن، ئەوا مرۆڤ توانیویەتی سروشت لەپێناوی خۆیدا بگۆڕێت و تەنانەت گۆڕانکاری بەسەر کرداری ئۆرگانییەکانی تریشدا، وەک خواردن و خەوتن و سێکسکردن، بهێنێت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤ «ئەقڵ»ی هەیە و ئەمە سەرەکیترین جیاکەرەوەیەتی لە گیانەوەرانی تر. ئەو لە ڕێی ئەقڵ و هۆشیارییەوە دەتوانێ ژیانی خۆی ڕێک بخات، سوود لە ئەزموونەکانی خۆی ببینێت، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی نوێ و پەیبردن بە نهێنییەکان بدات، دەسکەوتە ماددی ومەعریفییەکانی خۆی بۆ وەچەکانی دوای خۆی جێ بهێڵێت. هەروەها مرۆڤ تاقە بوونەوەرە کە لە بوونی خۆی ڕادەمێنێت و لێی دەکۆڵێتەوە و کار بۆ داهاتووی دەکات. تاقە بوونەوەریشە کە هۆشیاریی بە مەرگی خۆی هەیە، دەزانێ و لەوە دڵنیایە کە ڕۆژێک دێت دەمرێت. ئەو دەزانێ کە جەستە و غەریزەی هەیە و دەبێ ئەو پێداویستییانەیان بۆ دابین بکات کە دەیانخوازێت. هەروەها ئەو دەزانێ کە ناتوانێ بە تەواوی چارەنووسی خۆی بزانێ و وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری تری سەبارەت بە بوون و گەردوون چنگ بکەوێت، ئەمەش وای لێ دەکات ترس و ئازار و دڕدۆنگیی لا دروست ببێت. بێگومان پێناسەکردنی مرۆڤ لە چەند فۆرمەلەیەکدا کارێکی ئاسان نییە و فرۆمیش نایەوێت ئەو کارە بکات. بۆ ئەوەی لە تێڕوانینی فرۆم بۆ مرۆڤ بگەین،

پێویستمان بەوەیە تەواوی کارەکانی بخوێنینەوە، چونکە ئەو باوەڕی وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی هەمیشە بگۆڕە و بوونەوەرێک نییە وەستاو و لەقاڵبدراو بێت، بگرە ئەو ئەدگارەکانی هەموو مرۆڤایەتی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام دواجار مرۆڤ بە لای فرۆمەوە، بوونەوەرێکی سروشتییە کە هەم ملکەچی غەریزەکانی و سروشتە، هەم لە تواناشیدایە بچێتە سەروو غەریزەکانی و سروشتیشەوە.

پێداویستییەکانی مرۆڤ:

ئاخۆ ئەگەر پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ بریتی بن لە خواردن، خواردنەوە، خەوتن، سێکسکردن و... ئەی بۆچی لای بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان، بە تێربوونی ئەم پێداویستییانەش، داناساکێن؟ نەک هەر داناساکێن، بگرە ئەو پێداویستییانە دەگۆڕێن بۆ جۆرێک لە ئالودەبوون و، مرۆڤ تا بێت هەڵپەی زیاتریان بۆ دەکات و بە تێربوونیشیان هەست بە ڕەزامەندی ناکات، بەڵکو هێشتا هەست بە برسێتیی زیاتر بۆ ئەو پێداویستییانە دەکات و زۆرجاریش دەبنە ئەنگێزە بۆ شەڕ و وێرانکاری و چەوساندنەوەی مرۆڤەکانی تر؟ بە لای فرۆمەوە، کێشەکە لەوەدایە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی بەرخۆریی هاوچەرخدا، ئەم پێداویستییانە بە «چەندێتی» سەیر دەکرێن و دەپێورێن، واتە ئەو پێداویستییانە شەقڵی «کاڵا» وەردەگرن، ئەو سیستەم و کۆمپانیایانە بڕەو بەم جۆرە ڕوانینە دەدەن، هانی خەڵک دەدەن بۆ ئەو پێداویستییانە و پێگەی «مرۆڤبوون» بەگوێرەی بڕی خاوەندارێتییان بۆ ئەو «کاڵا»یانە دەپێون. تۆ «چەند»ت هەبێت، «چەند» بکڕیت، «چەند» مەسرەف بکەیت، ئەوەندە مرۆڤیت. سیستەمە هاوچەرخەکانیش زیاتر ئەم نموونەیە بەرز ڕادەگرن و بڕەوی پێ دەدەن، واتە نموونەی ئەو مرۆڤانەی کە باشترین کرێیار و باشترین خاوەن و باشترین بەکارهێنەر و بەرخۆرن. لە کاتێکدا ئەم پێداویستییانە لە پێکهاتە فیزیۆلۆژییەکەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و ئەگەر لە خزمەتی بوونیدا نەبن، ئەوا دەبنە مایەی نەخۆشیی و دڕدۆنگی. بە لای فرۆمەوە، دەبێ تێرکردنی ئەم پێداویستییانە لەپێناوی پەرەدان بە توانا و بەهرەکانی مرۆڤدا بێت، چونکە چیتر مرۆڤ نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاژەڵانە و دەیەوێ بچێتە سەروو ژیانێکی لەو چەشنەوە. بۆیە ناسینی ئەو پێداویستییانە و کارکردن لەسەریان، ڕێگەیەکە بۆ گەشەسەندن و فراژیبوونی مرۆڤ. بەڵام ئاخۆ ئەو پێداویستییانە کامانەن؟ بە لای فرۆمەوە پێنج پێداویستی هەن کە مرۆڤ لە ڕێیانەوە هەوڵ دەدات ژیانێکی هاوئاهەنگی هەبێت، ئەو پێداویستییانەش ئەمانەن:

یەکەم: پێداویستی بۆ ئینتیما

لە سەرەتادا مرۆڤ، بە حوکمی ئەوەی خۆیشی بەشێکە لە سروشت، لەگەڵ سروشتدا تەبا و ساز بوو، بەڵام کە هۆشیاریی بە خودی خۆی لا دروست بوو، تا لەو ڕێیەوە بچێتە سەروو ژیانی ئاژەڵانەوە، وەک ئینتیما بۆ خێزان، نەتەوەیەک، نیشتمانێک، کولتوورێک، ئایینێک، بزاوتێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی و... هتد، ئەو تەباییەی لەگەڵ سروشتدا لە دەست دا. ئەم ئینتیمایە لە مێژووی کۆندا، خۆی لە ئینتیما بۆ گرووپی کۆمەڵایەتی بینیوەتەوە، ئەو گرووپانەی کە باوەڕهێنان بە ئەفسانەیەک، یان دینێک یان کەش و ڕێورەسمی تایبەت پێکەوە کۆی کردوونەتەوە، لێ لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئەو ئینتیمایە خۆی لە مرۆڤ و دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە. بەڵام وەک چۆن هەستکردن بەم ئینتیمایە بۆ ئەو گرووپانە لای مرۆڤ، دەبێتە پێداویستی؛ گیرخواردن

و قەتیسبوونیشی لەو گرووپانەدا دەبێتە مایەی ئازار و هەندێ جار دەمارگیرییش، بۆیە دەبێ مرۆڤ هۆشیار و وریا بێت و ئەو ئینتیمایەی بۆ هەر گرووپێک لە ڕەهەندی مرۆڤدۆستیی نەخات.

دووەم: پێداویستی بۆ بالابوون و داهێنان

مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی لە گیانەوەران جیا بکاتەوە، پێویستی بەوەیە گەشە بە ژیانی خۆی بدات، واتە پەرە بە توانا و بەهرەکانی خۆی بدات و شتی نوێ دابهێنێت. هەڵبەتە بۆ ئەمەش مرۆڤ پێویستی بە خۆشەویستییە، واتە هەم خۆی، هەم مرۆڤەکانی تر و هەم مرۆڤایەتی خۆش بوێت، چونکە داهێنانی ڕاستەقینە بەبێ خۆشەویستی نایەتە دی و داهێنانی بێ خۆشەویستی، وەک سەنعەتێکی خاڵی لە جۆش و خرۆشی مرۆیی لێ دێت. لە ڕەوتی داهێنان و بالابوونیشدا، مرۆڤ هەستێکی خولقێنەرانەی لا دروست دەبێت، بەو مانایەی لە هەستکردن بەوەی کە مەخلووقە، دەچێتە هەستکردن بەوەی کە خالقە، ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشنوودی و بەختەوەری لە لای. مرۆڤی داهێنەر لە ناخیدا هەست بە بەختەوەری دەکات، داهێنانیش هەروا لە خۆڕا نایەتە دی. دەبێ مرۆڤ هەوڵ و تەقەللا و کۆشش بکات بۆ پەرەدان بە توانا و بەهرەکانی خۆی، تا بگات بەوەی ببێتە داهێنەر، بۆ ئەمەش دەبێ هەست بە ئازادی بکات. هێندەی پەیوەندیی بە داهێنانەوە هەبێت، مرۆڤ دوو ڕێگەی لە بەردەمدایە: یان ئەوەتا وەک ئاماژەمان بۆ کرد، بە عیشقەوە بۆ ئینسان و بۆ ژیان هەوڵی داهێنانی شتی جوان و سوودمەند بدات، یان گەر نەتوانێ و لەمەدا شکست بهێنێت، ئەوا پەنا دەباتە بەر وێرانکردن و ئازاردانی ئەوانی تر، بێگومان ئەمەش سفەتی ئەو مرۆڤە لاوازانەیە کە ناتوانن لە هیچ شتێکدا داهێنان بکەن، ئیدی لەبەر هەر هۆیەک بێت. لەمەیشدا و بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی داهێنەر، دامودەزگا فێرکاری و پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر دەبینن.

سێیەم: پێداویستی بە شوناس

مرۆڤ لە سەرەتای ژیانییەوە و دوای ئەوەی هۆشیاریی لا دروست دەبێت، هەوڵ دەدات چواردەوری خۆی، ژینگە، خێزان، زمان، دین و نەتەوەکەی و... هتد بناسێت، ئەم ناسینە بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە، تا بە ڕیشەکانی بوونی خۆی ئاشنا ببێت و پاشان لەم ڕێیەوە هەوڵ بۆ ناسینی خۆی بدات، لە هەمان کاتدا بچێتە سەر ڕەوتی خولقاندنی شوناسیش بۆ خۆی. واتە مرۆڤ نابێ ببێتە زیندانیی ئەو چوارچێوەیەی تێیدا هاتووەتە بوونەوە و تێیدا ژیاوە، بەڵکو دەبێ ئەوانە تێبەڕینێت و بەرەو شوناسێکی کراوەتری مرۆیی هەنگاو بنێت و نەبێتە کۆیلەی دەست خێزان یان خێڵ یان نەتەوە یان هەر ئاقارێکی سنووردار تر.

چوارەم: هاوپەیوەستی

یەکێکی تر لە پێداویستییەکانی مرۆڤ هاوپەیوەستییە، بەو مانایەی کە مرۆڤ بە جیابوونەوەی لە سروشت، تەنیا دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی تەنیاش نەمێنێتەوە، پێویستی بە پەیوەندیبەستن لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا هەیە، چونکە بەدەر لەم حاڵەتە، مرۆڤ بەرگەی ئەو تەنیاییە ناگرێت و نەخۆشی دەخات. ئەم هاوپەیوەستییەش، هەم بۆ ئەوەیە ئەوانی تر لێمان تێ بگەن و ڕێزمان لێ بگرن، ئێمەش لێیان تێ بگەین و ڕێزیان لێ بگرین. لەم ڕووەشەوە، خۆشەویستی و هاوەدەردی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو هاوپەیوەستییە. کەواتە، تێربوونی ئەم پێداویستییە سەرەکییانە بناغەن بۆ ساغڵەمیی تاک و کۆمەڵگە و هەر کەموکورتی و بۆشاییەکیش لە تێرکردنی ئەم پێداویستییانەدا،

هەوالنامەی کێبرکێ

ئەنجامەکەی بە نەخۆشی دەشکێتەوە.

پێنجەم: بوونی چوارچێوەیەک بۆ چالاکی

بە باوەڕی فرۆم، مرۆڤ لە بوونی ڕاستەقینەیدا، بوونێکی چالاک و ئەڕێنییە، نەک بوونێکی پاسیڤ، بۆ ئەوەی ئەو چالاکییانەشی ڕۆڵی کاریگەری خۆیان ببینن، پێویستیان بە چوارچێوەیەک، یان ئاقارێک هەیە کە بیانگرێتە خۆی. لێرەدا مەبەست لەو چوارچێوە یان ئاقارە، ئەوەیە کە بەبێ ئامانجێکی مرۆیی و ژیاندۆستانە کە ببێتە ئاقارێک بۆ چالاکی و بەرهەمەکانی، مرۆڤ دوچاری جۆرێک لە ونبوون و نامۆبوون دەبێت و ئەو چالاکییانەی بێبەر دەبن و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان ناگێڕن. بەڵام فرۆم مەبەستی لەم ئاقارە، ئاقارێکی ئایدیۆلۆژی و دۆگماتیک و داخراو نییە، بەڵکو ئاقارێکە کە لە خزمەتی ژیان و مرۆڤایەتی و بەهاکانی مرۆییەکاندا بێت، نەک لە خزمەتی بەبتکردن یان پەرستنی شتێک یان ئایدیایەک یان کەسێکدا. ئەم کتێبەش کە ئێستا لە بەردەستی خوێنەردایە، واتە «هەمانبێت یان هەبین»، دواین بەرهەمی فرۆمە بەر لە مەرگی، کە تێیدا باس لە دوو ڕاستەی سەرەکی دەکات لە بووندا یان لە ژیاندا؛ ڕاستەی «خاوەندارێتی»، کە خۆی لە بەخاوەنبوونی شتەکان و ئایدییاکان و بگرە تەنانەت مرۆڤەکانیشدا دەبینێتەوە و مرۆڤ لەم مۆدێلەی ژیان و بووندا، بە چاوی «شت»ەوە دەڕوانێتە هەموو بوون و ژیان و شتەکانی و دەیەوێ لە ڕێی ئەو بەخاوەنبوونەیانەوە بوونی خۆی بهێنێتە دی، کە بە بۆچوونی فرۆم ئەمە ئاقارێکی مەترسیدارە و جگە لە بەدبەختی و نامۆبوون و وێرانکردنی ژیان و سروشت و مرۆڤ، هیچی تری لێ ناکەوێتەوە. ڕاستەی دووەمیش بریتییە لە «هەبوون»، کە تێیدا مرۆڤ هێز و وزە مرۆییە ژیاندۆستەکانی ناو ناخی دەخاتە گەڕ بۆ داهێنان و خزمەتکردن بە ژیان و مرۆڤایەتی و بە چاوێکی عاشقانەوە دەڕوانێتە دونیا و ژیان و مرۆڤەکان و ژینگە و، خوازیاری هاوپەیوەستییە لەگەڵ مرۆڤەکاندا و دەیەوێ بالایی و جوانی بە ژیان ببەخشێت. لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی ئەریک فرۆم، کە تێیدا دۆخی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نوێ شی دەکاتەوە، نەخۆشییەکانی دەستنیشان دەکات و پێشنیازەکانی خۆیشی بۆ دەرچوون لەو دۆخە تراژیکە دەخاتەڕوو و هۆشداری دەدات بەوەی گەر هەموومان هەوڵ نەدەین دید و ڕوانین و شێوازی بەرخۆرانەی ئێستامان بگۆڕین و بە ڕۆحییەتی «هەبوون»ەوە مامەڵە لەگەڵ دونیا و ژیانماندا نەکەین، ئەوا کارەساتێکی گەورە چاوەڕێی هەموومان دەکات.

هەواڵنامەی کتێب



”ڕێنمایی نووسین“

ڕێنووسی کوردی

ئامادەکردن:
بەشی زمانەوانی

هەوارنامەی کتێب



به سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە هەڵە دەیاننووسن.



کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شـــێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە ســـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـــێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەســـتنەوەی دوو وشـــە پێکەوە دێتە ناو ڕســـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشـــە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـــە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
توندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەموومان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیرێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

(ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باســـمان کرد، ئەگەر لە شـــوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی ســـێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی

دووهەم و سێیەمدا ناینووسن بەڵام نووسینی پێویستە.

١.

پرسیاری کرد

وتاری نووسی

کتێبی خوێندەوە

٢ و ٣.

کورد ئازادیی دەوێ

شەریف چالاکیی ژینگەیی دەکرد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

خۆپێشاندانی ناڕەزاییی بەڕێوە برد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

نەتەوەی کورد سەربەخۆیی دەوێ

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێیەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێیەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.

نموونەی گەردانکردن

گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئەگــەر قەدی کردارەکە خۆی بە پێتی ...ـــــی کۆتاییی هاتبێــت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ـــی بقرتێنرێت:

نووسین: نووســی:

نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

نووســیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

پرســـیـــن:

پرســـی + م = پرســـیـــم

پرســـی + ت = پرســـیـــت

پرســـی + ی = پرســـیـــی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

پرسی + مان = پرسیمان

پرسی + تان = پرسیتان

پرسی + یان = پرسییان

دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووســین)، کە لە ســێیەم کەســی تاکدا دەبنە (ئەو دزیــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئــەو کاتە لە دۆخی ڕابــردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن،

هەوڵنامەی کتێب

...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـــــیـــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـــیـــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کاریـیە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە
ئەم جێیە
ئەم پێکهاتەیە
هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پیشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم هیوام بەم گۆڤارەیە
هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)
چاوم لەم حیزبەیە
چاوم لەو چیایەیە
کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە
کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە
بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.
هەر کاتێک (بە) بەو مانایەی سەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروست بکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت: بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار
هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.
ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو
بەڵام
بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.
یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئیستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،
لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..
لەنێو ئەم دارستانەدا،
کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.
لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ا: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی)
....، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی۲: لە ئەم لا —- لەم لا
لە ئەو کا—- لەو لا

کێشەی (دا)

(دا) له کوردیدا به سێ شێوه دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک له دووانەی (له...دا) و (به...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.
(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری داڕێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:
دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.
تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (له...ەوە) و (له...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دووڵاگری (له...ڕا) و (به...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری داڕێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.
لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئیستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیرا هاتووم.

ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشەگەلی وەکوو ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ بوون بە وشەی سەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.
ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.
تێبینی:
لە ئەو ـــ- لەو
لە ئەم ـــ- لەم
لە ئەوێ ـــ- لەوێ
لە ئەمێ ـــ- لەمێ
لە ئێرە ـــ- لێرە

کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێیکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.
پشتم پێ بەست
کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵدە
دەستی پێ بکە

هەندێک کار بە پێشبەندەکانیانەوە مانای تازە دروست دەکەن بۆیە دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهوودە کردن
چاو لێ داخستن
= گرنگی پێ نەدان

هەوالنامەی کتێب

ڕێنماییی نووسین
مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

۱ تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیەهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
۲ لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام تۆێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـــدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرســـی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
۳ گۆڤاری تیشـــک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ۸۰۰ تا ۱۵۰۰ وشە؛ تۆێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ۱۵۰۰ تا ۲۵۰۰ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەســـەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی تۆێژینەوەکە شـــی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ۲۵۰۰ تا ۴۰۰۰ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشـــەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەســـەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

۴ ئەو تۆێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
۵ دەســـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵســـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
۶ پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ۵۰ تا ۷۰ وشە ئامادە بکرێ.

شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشـــک کەڵک لە سیستەمی ســـەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووســـەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویســـتیان بە ئاماژە بە ســـەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووســـەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

۱. کتێب

عەبدوڵڵەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ۲۰۱۴)، ۳۲۰.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ۱۳۸۳) ۵-۶.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

۲. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

۳. گۆڤار و ژورنال

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ۴۸ (۲۰۱۸): ۱۳-۱۷.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

9 789198 641714



۶۷-۶۸

له بلاوکراوه‌کانی
ناوه‌ندی په‌روه‌رده‌ی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

پێوه‌ندی کردن:
https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk